گەلاوێژی نوێ

گۆڤارێکی ئەدەبی و رووناکبیریی

بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژە

ژمارە (26) ساڵی 2001 ئازادی .. داهێنان .. ئەقڵانیەت

خاوەنی ئیمتیاز:

بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ

سەرنووسەر:

عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی

بەڕێوەبەری نووسین:

لەتیف هەڵمەت

دەستەی نووسەران:

عەتا قەرەداغی - سەڵاح محەمەد

سەرپەرشتیاری هونەری: بەختیار سەعید

مۆتیف: تەلار نادر

پەیوەندی لەڕێگەی سەرنووسەرەوە دەبێت

ژمارە یەکی گەلاوێژی نوێ لە (مایسی ١٩٩٧)دا دەرچووە

کتێبخانەی گشتیی سلیمانی
زنجیرە: ١٣٩
ژمارە:
پـ ـل:

ناونیشان: سلێمانی — شەقامی سالم — بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ - ت: ٢٣٨٥٦

پەیوەندی کردن لەهەندەرانەوە: سەنتەری سلێمانی (تەلەفۆن ٠٠١٢١٢٨٩٦٣٣٠٤) (فاکس ٠٠١٢١٢٨٩٦٣٣٠٥)

تایپی کۆمپیوتەر: سوڵماز ناسر — مۆنتاژو فەرز: (جلیل حسین) - چاپخانەی داناز — چاپی بەرگ: ئۆفسێتی دلێر

نرخ بۆ ناو وڵات (١٠) دینار — بۆ هەندەران (٧) دۆلار

بابەتەکانی ئەم ژمارەیە	لاپەڕە

ئاوات ئەحمەد
گاڵتەو ڕۆمانی نووسراو لەژێر هێڵی پانی (٣٥)دا ٦
لەتیف هەڵمەت
ئەدۆنیس لە (النص القرانی)دا ٢٤
عومەر فاروقی
حەمە تاڵی بانە چەتە؟ یان شۆڕشگێڕێکی نەناسراوی کورد ٣٢
حەسەن عەبدولکەریم
هێماکانی ئاو ٣٨
د. حسێن محەمەد عەزیز
شەکرە شارەکەم سلێمانی ٤٣
و/ عەبدوڵڵا سیوەیلی
فەلسەفەی سەدەی بیستەم ٦٠
عەتا قەرەداخی
ئایا خانی فەیلەسوفو بیریار بووە ٦٦
قوبادی جەلی زادە
هەڵەبجە ٧٥
ڕۆژ هەڵەبجەیی
سەرگوزشتەکانی نوچ ٧٦
محەمەد کوردۆ
نازانم چاوەڕوانی کێ دەکەم ٨٢
ئیدریس عەلی
عاشقو شاعیرو موسافیر ٨٣
مەلەفی مارکیز
ئاوات محەمەد
سیحرو وشە یان دەستپێکی چارەنووسساز لەڕۆمانی (سەد سالّ لەگۆشەگیریدا) ٨٩
و/ جەلال مەحمود
پشووی قرچەی نیوەڕۆی سێ شەممە ٩٦
و/ قادر وریا
گارسیا مارکیز چۆن بوو بەئەبەدی ١٠٣
سازدانی/ کاوە حاجی عەزیز
چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شوێنەوار ناس کەمال نوری ١٠٨
دیار وەستا گوڕون
هەوای ئازادی ١١٨

محەمەد کەریم

مۆدێرنیزم‌و پۆست مۆدێرنیزم ١٢١

کوێستان حەمە ڕەسوڵ

ڕێنووسی کوردی‌و گێروگرفتی نوسین بەئەلف‌و بێی عەرەبی ١٣١

و/ ئەیوب ڕەزا

گەڕانەوەو ستران ١٤٠

شیرین لەتیف هەڵمەت

هەڵوەشاندنەوە: عەلاماتەکانی دریدا ١٤٦

شیرین . ك

یادگار کتێب کتێبخانە ١٥٠

سەلاح جەلال

ڕۆمانی (نەفخ‌و وێنەکانی با) ١٥٦

مەلەفی جەستە

و/ ئارام

ئافرەت لەشاری عوسمانیدا ١٧٢

شەوبۆ عەزیز

فەلسەفەی جەستە ١٨٢

و/ ناودار شێخ مەحمود

تەکنیکی جەستە ١٩١

عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی

فەنتازیای جەستە ١٩٥

د. فەرهاد پیربال

چیرۆکی رابردوو ٢٠٧

داموون عەبدوڵلا

سنعاتی کتێب لەکوردستاندا لەکوێوە بۆ کوێ؟ ٢١٠

لەتیف هەڵمەت

وێنەیەك بەپێنووس ٢٢٤

شکاك عەبدوڵلا

زاراوەی گەلاوێژی نوێ ٢٢٧

و/ سوڵماز

گفتوگۆیەك لەگەڵ کچە یاخی بووەکەی کاسترۆدا ٢٢٨


ئاوات عەبدوڵلا

فەرەیدونی موشیری ٢٣١

دانا فایەق

چالاکییەکان ٢٣٤

چاپکراوی نوێ ٢٤١



-١

نووسەران لەهەر کوێیەک بن دەبێت پێش هەموو کەس بیری رۆشنگەری‌و رەخنەگەری هەلگرن‌و بیانپارێزن‌و بۆ چەسپاندن‌و پێشخستنیان هەوڵی بەردەوام بدەن. ئەدیبان ئەگەر بەڕاستی باوەڕیان بە پرۆسەی رۆشنگەری هەبێت دەبێت دڵ‌و مێشک‌و سنگیان کراوە بێت بۆ گفتوگۆو گفتوگۆی رەخنەیی، بەتایبەتی لەناو میللەتێکی وەک کوردا کە لەئێستادا دەژی‌و هەندێک لەکێشەکانی کێشەی چەند سەدەیەک پێش ئێستان. واتا لە لایەکەوە لەسەدەی نوێدایە‌و لەلایەکی ترەوە لەسەدەکانی پێشودا دەژی‌و گیرۆدەی مۆرکیان بووە.

رۆشنبیر یا ئەدیبی میللەتێکی لەم جۆرە دەبێت بە بەردەوامی بەخۆی‌و کارو شێوازی پەیوەندیی لەگەڵ کەسانی تردا بچێتەوە دیارە کە دەڵێین رەخنەو رەخنەگرتن پێویستە زمانی رەخنە بزانین‌و لەبیرمان نەچێت کە رەخنە بەرهەمی شارستانی‌و پەرەسەندنی کۆمەڵە، هەوڵدانە بەرەو چەسپاندنی فرە دەنگی‌و فرەگەری‌و دژی بیرکردنەوەی گشتگەرییە کە لەهەموو سەردەمێکدا تاکدەنگی بەلاوە گرنگ بووەو کەسانی تری فەرامۆشکردووە.

ئەمڕۆ لە نێوەندی رۆشنبیریماندا کارە رەخنەییەکە بەپێچەوانەوە رەنگیداوەتەوە، خەریکە پرۆسەی رەخنەگرتن‌و گفتوگۆ لە نرخ‌و بنەمای خۆی بەتاڵدەکرێتەوە. کە دێینە سەر رەخنەگرتن ئەڵێی لەگەڵ دوژمنا رووبەڕوو دەبینەوە نەک لەگەڵ ئەدیب‌و رۆشنبیردا، وایش دائەنێین کە بەرامبەرەکەمان دەبێت کەسێکی فریشتە ئاسا بێت‌و هیچ هەڵەیەک نەکات‌و بەپێوەری فریشتە دەپێوین، بەڵام ئەگەر هەر لەو کاتانەدا بێینە سەر هەڵسەنگاندنی خودی خۆمان ئەوە پێوەرە فریشتەییەکە دەخەینە لاوەو هەڵەکانی خۆمان دائەپۆشین. بەداخەوە، دەبوایە لەجیاتی تووندو تیژی جۆرێک لە نەرمی‌و تەساموح لە لامان بچەسپایا، بەتایبەتی هەموومان باس لە کۆمەڵی مەدەنی‌و دیموکراتی دەکەین ئەمانەیش بۆ خۆیان چەخت لەسەر تەساموح‌و فرە دەنگی‌و نەرمی دەکەن.

من تا ئەوپەڕی فرەدەنگی‌و جیایی (اختلاف) بیروبۆچوون، لەگەڵ نووسەرو رۆشنبیردام بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ لەپەیوەندی کۆمەڵایەتی‌و مرۆڤایەتیشماندا دووربین لەیەک‌و پشت لەیەک بکەین‌و شتی بچووک بۆ یەکتری گەورە بکەینەوە. نە حەق پێشێلبکەین‌و ناحەقیش بەخۆڕایی سەربخەین، بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکەدا پێویستە ئاگارداری پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانمان بین ئەمەیش بەو مانایە نا کە بیرو رای راستەقینە لەبەر شتی لاوەکی دەرنەبڕین.

ئەگەر ئەدەب‌و نووسین ببێت بە وەسیلەیەک بۆ شکاندنەوە دەبێت بزانین چ مەترسییەک چاوەڕوانی رۆشنبیریمان دەکات.

عبدالله تاهیر

-٢

من لەوە زۆر زۆر دڵنیام کە ئەگەر ململانێ لە نێوانی نووسەراندا نەبوایە و نەبێ هەرگیز وێژە بە هەموو دەقەکانێوەو رۆشنبیریش بە هەموو لق و هۆیەکانیەوە پێشنەدەکەوت و پێشناکەوێ و هیچ رێبازێکی وێژەیی نوێ نەدەهاتە کایەو نایەتە کایە ... بەڵام ئەم ململانێیە نابێ بگاتە ئاستێکی لەم جۆرەی کە ئێستا وێژە و

وێژەوانانی کوردی تیایە... من دڵنیام کە ململانێ لە نێوانی شێخ رەزای تاڵەبانی و شاعیرانی هاوچەرخی دا هەبووە ئەگینا هۆنراوەی (هێندە شاعیر زۆربووە...)ی نەدەنووسی.... هەروەها ململانێ لە نێوان نالی و شاعیرانی هاوسەدەیدا هەبووە هەر ئەوەش وای لێکردووە هۆنراوەی (کەس بە ئەلغازم نەڵێ..... هتد) بنووسێ... یارەنگە نالی ناکۆکییەکی خێڵایەتێ لەگەڵ هەندێ بنەماڵەی ئەردەلانی دا بووبێ بۆیە لە چامەیەکی تایبەتیدا ژنە شاعیری ناودار مەستوورە خانمی ئەردەلانی دادەشۆڕێ. بەڵام هیچ یەکێك لەم شاعیرانە ململانێ کردنی ئەوانی دی نەبووە بەخەوو خۆراکی نەخشەو پلانی بۆ زەبر پێگەیاندیان نەکێشاوە..... حەیف، ململانێی نێوان هەندێ یا دەتوانم گەڵ لە شاعیران و نووسەرانی کوردی لەم چەرخەدا گەیشتۆتە رادەیەك کە ئەمیان خۆی بۆ بچووکترین هەڵەی ئەوی دییان مەڵاس دەدات و گیایەکی لێدەکات بە چیایەك و جاری وا هەیە ئەم رقەبەرایەتی و خۆلێکتر مەڵاس دانە دەگاتە ئاستێك دوو نووسەری سەرکەوتوو زۆر بە ئاسایی و بەناپاڕەوا داهێنانەکانی یەکدی بسڕنەوەو کەسیاندان بە سەرکەوتنە وێژەیی یەکانی ئەوی دیدانەنێ.... یاجاری واهەیە نووسەرێکی زۆربێ توانا دەیەوێ بە هەرجۆری بێ لە پلەو پایەی وێژەیی نووسەرێکی لێهاتوو کەم بکاتەوە.... قسەیەکی نەستەقی کوردی هەیە دەڵێ:(بابێ وباران بێ هەر لە بەفرە کەم دەبێتەوە....) منیش دەڵێم ئەم ململانێو شەڕەقسەو خۆلێکتر مەڵاس دان و وتی وتیە لەسەرهەق بێ و لەسەر ناهەق بێ هەر بەزیانی وێژەی کوردی ئەشکێتەوە....

سەیریش ئەوەیە گەڵ رۆژنامە و گۆڤار بەهەڵپەوە ئەم جۆرە شەڕە قسانە بلاودەکەنەوە و دەبنە ڕێگایەك بۆ هاندانی هەندێ کەس کە پەرەو گەشە بەم جۆرە ململانێیانە بدات. بەڕای من ئەوانەی کاتی خۆیان بەم بابەتانەوە خەریك دەکەن کاتی خۆیان بەفیڕۆ دەدەن باشتر وایە کاتی خۆیان بۆ داهێنان تەرخان بکەن نەك بۆ قسەی بێ سەروبن و قسەلۆکی بێ سەرەتاو کۆتایی .... ئەم قسانەشم مانای ئەوە نیە ئیتر ڕەوتی ڕەخنە ڕاوەستێو کەس ڕەخنە لە کەس نەگرێ....چونکە ڕەخنە هەربووە هەردەشبێو بەبێ کاریگەرێتی ... ڕەخنە بەڵام (ڕەخنەی زانستی) ڕەوتی وێژە ئەگەر نەشوەستێ ئەوا دەتوانم بڵێم بەرەو پێشەوە ناچێ .

لەتیف هەڵمەت

-٣-

ئیشکردن لەپانتایی ئەدەبدا، دۆخێکی شڵو نەگیراوە جۆرە سەربەستیەك کاری تێدا دەکات کە ڕەنگدانەوەی هزرە، هزریش لەتاکێکەوە بۆ تاکێکی تر پانتاییەکانی جودایە، لێرەوە دەچینە ناو ئەو دەقەوە کە بەرهەم دەهێنرێت، جا ئەگەر ئەو دەقە توانی بەرەنگاری ئەو شتانە ببێتەوە کە نووسەر دەیەوێت لەنێوەندیەوە دژایەتی باوو مااڵوچکە بێ پەنجەرەکان بکات ئەوا دەتوانین بڵێین ململانێی نێوان نووسەرو نووسەر، نووسەرو شتەکان دەستپێدەکات بەمەرجێ مەشروعیەتی خۆی لەدەستنەدات، دۆخی وەستاو نزیکترین خاڵە لە کپبوونەوەوە. کەواتە بمانەوێو نەمانەوێ دەچینە ناو خاڵێکەوە کە لەوێوە دەستپێدەکەینو کەسانی تریش دەستیانپێکردووەو دەستپێدەکەن، ئیتر گەیشتن بە داهێنانو هەنگاو نان بۆی دەبێتە ماراسۆنو کێ زۆرترین هێزی داهێنانی تێدا بێت ئەوا دەبێتە پێشەنگی کاروانەکە.

هەموو کارە لاوەکیەکان جەستەی داهێنان بریندار دەکەن. نووسەر کە بەشێك لەخۆی بۆ دژایەتی کردنی کەسانی تر تەرخان بکات ئەوا کەلێنێك دەخاتە پرۆژەو میتۆدی خۆیەوە، جا لەبری کەمبوونەوە، یان نووسەر ئەو بەشە زیندوەی خۆی بەونکردن بدات بۆ سودی لێوەرنەگرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خۆیو جوانترکردنی مەوداکانی روانینو فراوانکردنی پانتاییەکانی ڕۆشنبیریی.

سەلاح محەمەد

گاڵتەو ڕۆمانی نوسراو
لە ژێر هێڵی پانی ٣٥ دا

داهێنانی گاڵتە

خاتوو گراندۆسیری سکپڕ ئەوەندەی چەوریی خواردبوو ، کە ناچار بوون دەرمانی سکچوونی بدەنێ . دەرمانەکە ئەوەندە بەهێزبوو کە لەگەڵ خۆیدا وێڵداشەکەشی رامااڵی ، بەمەش گارگانتۆی کۆرپەلە خزایە ناو یەکێك لە بۆرییەکانی خوێنەوەو لەوێوە گەیشتە سەرەوەی جەستەی خاتوون و دواجار لەیەکێك لە گوێیەکانییەوە هاتە دەرەوە . هەر لە دێرێ یەکەمەوە ، کتێبەکەی رابیلێ[1] تایبەتمەندێتی خۆی دەردەخات ، ئەو چیرۆکەی لێرەدا گێڕراوەتەوە جیدیی نییە ، هیچ دەقێکی واقیعیی لە ئارادا نییە (نە زانستیی و نە ئەفسانەیی) ، هەروەها پەیمانێکیش لە گۆڕێ نییە تا شتەکان خۆیان چۆنن ، ئاواهی وەسف بکرێن .

سەردەمی رابیلێ جیابوو ، هێشتا رۆمان وەکو پەپوڵە وەهابوو ، لەوساتەدا کە لە قۆزاخە دێتە دەرەوەو دەست دەکات بە فڕین . هێشتاکە پانتاگرۆیل ، بەخۆی و جەستە زەبەللاحەکەیەوە سەر بەوە حیکایەتە دێرینانە بوو ، لە کاتێکدا دەبینین پانۆرگ لە ئایندەی نادیاری رۆمانەوە هاتووە . ئەوە ساتە نائاساییەکەیە کە لە توێیەوە لەدایکبوونی هونەرێکی تازە دەبینین ، کە لە کتێبە سەرسامکەرەکەی رابیلێدا رەنگ دەداتەوە ، ئەم کتێبە هەموو شتێکی تێدایە "مەحاڵ و شیاو " ، " حیکایەتی رەمزیی " ، " گاڵتەجاڕیی " و " پیاوانی زەبەلاح و ئاسایی "، نوکتە ، تێڕامان ، گەشتی راستەقینە و وەهمیی ، کێشمەکێشی فیکریی ، هەرەسهێنانی بەها ئاکارییە پوختەکان . هەموو ئەمانە وا لە رۆماننوسی ئەمڕۆ دەکات کە بە کەلتوری سەدەی نۆزدە پێوەند کراوە ، بکەوێتە ناو حاڵەتێکی سۆزو ئێرەییەوە بۆ جیهانە دڵگیرو هەمەچەشنەکەی رۆماننوسەکانی سەرەتا ، بۆ ئەو گیانە سەربەست و گوشادەی کە تێیدا کارەکانی خۆیان رسکاندووە .



وەك چۆن رابیلێ[٢] گارگانتۆی پاڵەوانی کتێبەکەی لە گوێچکەی دایکییەوە دەخاتە خوارەوە بۆ سەر شانۆی جیهان ، وەك چۆن سەلمان روشدی هەردوو پاڵەوانی رۆمانەکەی لە ئاسمانەوە دەخاتە خوارەوەو، ئەوانیش بە شێوەیەکی سەیر پێکەوە چەنەبازیی دەکەن ... ئەمە دوای تەقینەوەی تەیارەکەیان و ، لە سەروویانەوە ، لە پشتیانەوە ، لە ژێریانەوە ، لە بۆشاییدا ، کورسی نیوە داخراو ، کاسەو پەرداخی مقەبا ، دەمامکی ئۆکسجین ، چەند گەشتیارێکی تریش هەموویان بە ئاسمانەوەن ، کە یەکێکیان ـ گابرێل فارشتا وەك پەپولەی نەرمونۆڵ ، وەکو نەرمەی مەمك لەهەوادا مەلە دەکات و جەستەی وەکو تۆپێك بەرەو ناکۆتا گرمۆڵە کردووە ، ئەوەی تریشیان ـ سەلاحەدین شامشا ، وەکو سێبەرێکی دزەکردوو لە پێشا سەری دەکەوێتە خوارەوە ، قاتێکی خۆڵەمێشیی لەبەردایە ، چاکەتەکەی قۆپچاوییە ، شەپقەیەکی خڕیشی بەسەرەوەیە . رۆمانەکە بەم دیمەنە دەست پێدەکات ، چونکە سەلمان روشدی وەکو رابیلێ دەزانێت ، کە پێویستە هەر لەسەرەتاوە پەیمانی نێوانی نوسەرو خوێنەر ببەسترێت : پێویستە لەسەرەتاوە ئەوە ئاشکرا ببێت کە ئەو حیکایەتەی لێرەدا دەگێڕدرێتەوە جیدیی نییە ، گەرچی دەربارەی دزێوترین شتیشە .

موتوربەکردنی خۆشی و ناخۆشی لە کتێبی چوارەمی رابیلێدا دەردەکەوێت : بەلەمەکەی پانتگرۆیل دەگات بە پاپۆڕێك کە پڕێتی لە جامبازی مەڕو مالآت . یەکێکیان ئاوڕ دەداتەوە بۆ پانۆرج ،دەبینێت ئەو تورەکەیەی لەبەردا نیە کە سەرەوەی پانتۆڵەکەی دادەپۆشێت (ئەو سەردەمە واباو بوو) ، هەروەها چاویلکەکەشی بەشەپقەکەیدا هەڵواسیبوو بۆ ئەوەی لە قسەکردندا سەربەستی خۆی وەربگرێت ، بە پانۆرج دەڵێت بێشەرم ، بگرە پێشی دەاڵێت گەوواد . پانۆرج خێرا تۆڵە دەکاتەوە ، دێت مەڕێك لەو پیاوە دەکڕێت و پاشان فڕێی دەداتە ناو دەریاکەوە ، ئەمەش پاڵ بە مەڕەکانی ترەوە دەنێت هەموویان باز بدەنە ناو ئاوەکەوە . جامبازەکان دەتۆقن و دەکەونە گرتنی قۆچ و خوری مەڕەکانیان ، ئەمەش وایان لێدەکات بکەونە ناو ئاوەکەوە . پانۆرج سەوڵێك رادەکێشێت ، بۆ ئەوەنا کە بازرگانەکان رزگار بکات ، بەڵکو بۆ ئەوەی نەهێڵێت سەربکەونەوە بۆ سەر پاپۆڕەکە ، لەو میانەیەشدا ، بە زمانێکی پاراو هانی دەدان بۆ قبوواڵکردنی مەرگ و ، باسی نەهامەتییەمانی ئەم دونیایەو چاکییەکانی ئاخیرەتی بۆ دەکردن و جەختی لەوە دەکرد کە مردووەکان زۆر بەختیارترن لە زیندووەکان . بەاڵم

ئەوان لەبەر هەر هۆیەك بێت زیاتر حەزیان دەكرد بەردەوام بن لەسەر ژیان ، ئەویش هیوایان بۆ دەخوازێت كە بە رێكەوت بگەن بە نەهەنگێكی هاوشێوەی ئەو نەهەنگەی كە یونس پێغەمبەری قووت دا . دوای نوقومبوونی جامبازەكان ، هاوڕێ دڵسۆزەكەی (جان) پیرۆزبایی لەناوبردنیانی لێدەكات ، لە هەمانكاتیشدا گلەیی لێدەكات كە پارەی ئەو مەڕەی داوە كە لە پێشدا كڕیویەتی و ، ئەوەش وای لێكردووە كە پارەكەی لەكیس بچێت . بەڵام پانۆرج وەڵامی دەداتەوە : " بە خوا سوێند دەخۆم كە چێژو خۆشییەكم دەست كەوتووە زیاتر لە پەنجا هەزار فرەنك دەهێنێت ! " .

دیمەنەكە ناواقیعییە " مەحاڵە " ، بەڵام ئایا بەلایەنی كەمەوە دیمەنێكی ئاكارییە ؟ ئایا لەم نەسكەدا ، رابیلێ ناڕەزایی خۆی لە بەرچاوتەنگیی بازرگانەكان دەردەبڕێت ، ئەوانەی سزادرانیان دڵشادمان دەكات ؟ یاخود هەوڵی ئەوە دەدات وامان لێبكات لە دڵڕەقی پانۆرج تووڕە ببین ؟ یاخود لەوەی كە دژی دەزگای ئاینیی سەردەمی خۆیەتی ، كاتێك بە نەسكە ئاینییە حازربەدەست و باوەكانی ئەو سەردەمە رادەبوێرێت ، ئەوانەی كە پانۆرج لە وتارەكەیدا دووبارەیان دەكاتەوە ؟ هەڵی بێنن ، هەر وەڵامێك تەڵەیەكە بۆ خۆی .

ئۆكتافیۆ[٣] باز دەڵێت : " لای هۆمیرۆس[٤] یان ڤێرجیل[٥] گاڵتە بوونی نییە ، ئەرەستۆ[٦] لە هەندێك نوسینیدا پێشبینی دەركەوتنی كردووە ، وەلێ هەتا سێرڤانتس گاڵتە فۆرمێك وەرناگرێت .. گاڵتە گەورەترین ئەفراندنی گیانی مۆدرێنە ".ئەم بیرۆكەیە بەلای منەوە زۆر بنەڕەتییە ، خەڵكانی سەرەتا گاڵتەیان نەدەكرد ،ئەمە داهێنانێكە بەستراوە بە لەدایكبوونی رۆمانەوە . بۆیە گاڵتە بریتی نییە لە پێكەنین ، رابواردن ، هەجوو ، بەڵكو بریتییە لە تەرزێكی تایبەتی كۆمیدیا . باز دەڵێت : " ئەمەیە كلیلی تێگەیشتنی گاڵتە " ، بەوەی " گاڵتە دەست بداتە هەر شتێك وای لێدەكات زیاتر لە لێكدانەوەیەك هەڵبگرێت " . خەڵك ، ئەوانەی چێژ لە دیمەنی خنكاندنی جامبازەكان وەرناگرن ، كە پانۆرج دەیانخنكێنێت و لە هەمانكاتیشدا ستاییشی قیامەت دەكات ، ئەمانە هیچ لە هونەری رۆمان نازانن .

ئەو جیهانەی كە تێیدا حوكمە ئاكارییەكان لەكار دەكەون

گەر دەربارەی ئەو رەگەزە پرسیارم لێبكەن كە زیاترین بەدحاڵیبوون لە نێوانی من و خوێنەردا دروست دەكات ، ئەوا بێ دوودڵیی دەڵێم گاڵتەیە . ماوەیەكی كورت دوای گەیشتنم بۆ فەڕەنسا ، پرۆفیسۆرێكی ناسراو لە بواری پزیشكییدا ، حەزی كرد چاوی پێم بكەوێت ، چونكە رۆمانی " ئاهەنگی مالاوایی " منی زۆر بەدڵ بوو ، منیش ئەوەم زۆر پێخۆش بوو . بە بڕوای ئەو رۆمانەكەم پێشبینیكەرانە بووە ، هۆیەكەشی ئەوەبوو كە پاڵەوانەكە ، دكتۆر ئەسكارتا ، نەزۆكیی ژنانی بەوە چارەسەر دەكرد كە بە دزییەوە تۆوی خۆی تێكەڵی ئاوی كانزایی دەكردو بە سرنج لێی دەدان . جەنابی پرۆفیسۆر ئەمەی بە دەست بردن بۆ بابەتێكی ئایندەگەرا دانابوو ، بگرە داوەتیشی كردم بۆ كۆنگرەیەك دەربارەی پیتاندنی دەسكرد . كاغەزێكی لە گیرفانی دەرهێناو رەشنوسی پێشنیارەكانی خۆی بۆ خوێندمەوە : پێویستە تۆوی بەكارهێنراو لە كەسێكی نادیارەوە وەربگیرێت و هەر بەخۆڕایی پێشكەش بكرێت ، هەروەها پێویستە (لێرەدا پرۆفیسۆر چاوی بڕییە چاوم) خۆشەویستییەكی سێسەرە هەبێت ، خۆشەویستیی ئەو هێلكەیەی كە هەوڵ دەدات ئەركی خۆی جێبەجێ بكات ، خۆشەویستیی بەخشێنەر كە لەو بەخشینەدا بەردەوامیی دەدات بە بوونی خۆی ، دواجار خۆشەویستیی ئەو ژن و مێردەی كە بەدەستی بێسەمەریی پیتانەوە دەنالێنن . پاشان پرۆفیسۆر

جارێکی تریش روانییەوە ناوچـاوم ، بـۆ ئـەوەی پێـم بڵێت : لەگەڵ ئەوەدا کـە رۆمانەکـەمی زۆر بـە دڵـە ، بەڵام سەرنجێکی رەخنەییشی هەیە ، من نەمتوانیوە بە جوانـی گوزارشـت لـەو جوانییـە ئاکارییـە پەنهانـە بکەم کە لە پشتی ئەو پیاوەوەیە کە تۆوەکەی خۆی دەبەخشێت . منیش داکۆکییم لە خۆم کردو ووتم : " ئەمە رۆمانێکی کۆمیدییە ، دکتۆری پاڵەوان پیاوێکی سەرشـێتە ، نـەدەبوو ئـەوەندە بـە جیدیـی وەری بگریت ! " بە بەدگومانییەوە وتی : " رۆمانەکەت بۆ ئەوە نەنوسیوە تا بە جیدیی وەربگیرێت ! " منیـش تیامـام و هەستم بـە ناتوانـایی کـرد ، ئەوسـاتە بـۆم دەرکـەوت کـە هیـچ شـتێك بـە ئـەندازەی راڤـەکردنی گاڵتە دژوار نییە .

لە کتێبی چوارەمی رابیلێدا ، دەریـا هـەڵدەچێت و دەیکـات بـە گـەرداو . کـێ لەسـەر پاپۆڕەکـە بـوو ، هـەمویان دەکەونـە خۆیـان بـۆ رزگـار کردنـی پاپۆڕەکەیان ، هەر هەموویان جگە لـە پـانۆرج نـەبێت کە ترس ئەژنۆی شکاندبوو ، لە جێی خۆیەوە گریـان و فیغـانی بـوو ، نـوزە نـوزو هەنسکی پـانۆرج چـەند لاپەڕەیـەك داگـیر دەکـات . کـاتێك گەرداوەکـە دەنیشـێتەوە ، پـانۆرج ئازایـەتیی تێدەگەڕێتـەوەو هـەموان دەداتـە بـەر توانـج و گـازاندە لـەوەی چـەند تـەوەزەلن . کـەچی دڵمـان لـەم پیـاوە ترسـنۆك و ساختەچی و درۆزنە نـاڕەنجێت ، بـەڵکو لـە لوتکـەی خۆبـادان و شانازیکردنیشـیدا زیـاتر دەچێتـە نـاو دڵمانـەوە . ئـەم پەرەگرافانـەن کـە بـە تـەواویی کتێبەکەی رابیلێ وا لێدەکەن سەر بە هونەری رۆمـان بێت ، ئەمەیـە ئـەو جیهانـەی کـە تێیـدا حوکمـە ئاکارییەکان لەکار دەکەون .

لەکارکـەوتنی حوکمـە ئاکارییـەکان مانـای نـا ـ ئاکارێتی رۆمان نییە ، بەڵکو ئەوە ئاکارێتی رۆمانە . ئەو ئاکارێتییەی کە دژی ئەو خودە مرۆییەیـە کـە لـە دەرکردنی فەرمانە فەورییـەکاندا وێنـا دەبێـت ، جـا ئیتر بەسەر هەرکەسێکدا بێت ، بگـرە بـەبێ بوونـی تێگەیشـتنێکی هێمـن . لـە گۆشـەنیگای دانـایی رۆمانـەوە ، ئامادەکـاریی بـۆ حوکمدانـە خێراکـان ، مومارەسـەیەکی یـەکجار گێڵانەیـە ، کردەوەیـەکی خراپەکاری قێزەوونـە . ئەمـە مانـای ئـەوە نییـە کـە رۆمانکـار ـ رۆمـانووس ـ بەشـێوەیەکی گشـتی دژی حوکمی ئاکارییە . بەڵام ، لەلای خۆیەوە ، لە رۆماندا جێی ناکاتەوە . گەر دەتەوێت پانۆرج تاوانبار بکەیت ، ئەوە کـاری تایبـەتی خۆتـەو رۆمانکـار پـەیوەندیی بەمەوە نییە .

خوڵقـاندنی جیـهانێکی ئەندێشـەیی ، کـە تێیـدا حوکمە ئاکارییەکان لەکار خـراون ، مانـاو بایـەخێکی زۆری هەیـە ، تـەنیا لـەوێدا کەسـێتییە رۆمانییـەکان گەشـە دەکـەن ، واتـە تاکـەکان وەکـو وەزیفـەی حەقیقەتـە پێشینەکان تەسـەوریان ناکرێت ـ وەکـو نمونـەی وێناکـەری چاکـە یـان خراپـە ، یـاخود وەك نواندنـی یاسـا بابەتییـەکان ، ئەوانـەی پرەنسـیپی ململانـێ جڵـەو دەکـەن ، بـەڵکو وەکـو بونـەوەری خۆبـەخۆو سـەربەخۆ ئاکـارێتی تایبـەتی خۆیانیـان هەیەو پشت بە یاسای تایبـەتی خۆیـان دەبەسـتن . کۆمـەڵگا خۆراواییـەکان خۆیـان وەکـو نوێنـەری مافـەکانی مـرۆڤ دەخەنـە روو . بـەڵام مـرۆڤ پێـش ئـەوەی مـافی هبێـت پێویسـتە تاکسـارێتی خـۆی بینابکات ، خۆی بە شـێوەیەکی دیاریکراو ببینێت . ئەمەش شتێکی شـیاو نـەدەبوو ، ئەگـەر ئـەزمونێکی دوورو درێژی ئەوروپایی لەگۆڕێ نەبووایە ، بە تایبەتی هونەری رۆمان کـە خوێنـەری فێرکردووە بەرامبـەری ئەوانیتر کرێس (فزولیی) بێت ، بتوانێت دەرك بکات بەو حەقیقەتانەی جیاوازن لە حەقیقەتەکانی خـۆی . بـەم متنایـە گوزارشـتەکەی ئـی . ئێـم . سـیوران ، دروسـتە ، کـە کۆمـەڵگای ئـەوروپیی بـە کۆمـەڵگای رۆمان پێناسـە کـردووە ، ئـەوەش هـەر دروسـتە کـە ئەوروپییەکانیشی بە نەوەی رۆمان نێوزەد کردووە .

پاکیزەکاریی[7]

فرێدانی خواوەندەکان لە جیهان یەکێکە لە خەسڵەتە هەرە دیارەکانی سەردەمی نوێ . فرێدانی خوداوەندەکان مانای بێباوەڕیی نییە ، بەڵکو بریتییە لەوەی کە ناك ، واتە خودی بیریار جێگەی یەزدان دەگرێتەوەو دەبێتە بناغەی هەموو شتەکان ، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا مرۆڤ دەتوانێت پارێزگاریی باوەڕی خۆی بکات و هاتوچۆی کەنیسە بکات و لەسەر تەختی نوستنەکەی نوێژیش بکات ، وەڵێ دواجار پاکبوونەوەی ئەو لەمە ، بەتەنیا پێوەستە بە جیهانی زەینیی خۆیەوە . هایدگەر[8] بۆ رونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە دەگاتە ئەنجامێك : " بەمجۆرەو لە کۆتاییدا خوداکان رۆیشتن ، ئەو بۆشاییەی کە لە دیارنەمانی خوداکانەوە پەیدا بووە بە لێکۆڵینەوەی مێژوویی و دەروناسیی ئەفسانەکان پڕ دەکرێتەوە " .

لێکۆڵینەوەی مێژوویی و دەروناسیی ئەفسانەکان ، دەقە پیرۆزەکان ، بەم مانایە بریتییە لە بەدونیایی کردنیان ، داڕنینیان لە پیرۆزیی .

زاراوەی بەدونیاییکردن - پرۆفاناسیۆن - لەزاراوەی - پرۆفانیۆم - لاتینییەوە وەرگیراوە ، کە ماناکەی بریتییە لە شوێنێکی نزیکی پەرستگا ، لە دەرەوەی پەرستگا . سەرەنجام پاکیزەکاریی بریتییە لە دەرهێنانی بیرە پیرۆزەکانی ناو پەرستگا ، بۆ فەزای دەرەوەی ئایین . بۆ شوێنێکی وا کە تێیدا پێکەنین فەرمانڕەوای نادیاری ئاسمانەکان ، رۆمان بێت . بۆیە پاکیزەکاریی خراپترین و بەدترین دژی رۆمانە ، هەربۆیە ئایین و گاڵتە بەیەکەوە ناسازێن .

چوارینەکەی تۆماس مان[9] بە ناونیشانی یوسف و براکانی کە لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٢٦ - ١٩٤٢) دا نوسراوە ، بریتییە لە گەڕانێکی مێژووی و دەروناسیانەی بەرزو بڵند کە لەناو دەقە پیرۆزەکاندا هەیە ، دەقگەلێکی وەها کە لە کاتی وتنەوەیاندا بە ئاوازێکی بە خەندەی یەکجار بێزارکەری رۆمان ، یەکسەر پیرۆزیی خۆیان لەدەست دەدەن : یەهوە[10] کە لە تەوراتدا بە شێوەیەکی ئەبەدیی بوونی هەیە ، لە کتێبەکەی ماندا مرۆڤێکە دەسکردی ئیبراهیمە . ئەو کە بە ناونیشانی خوداوەندی بێهاوتا لە میانەی ئاشوبی فرەخوداییەوە دێتە دەرەوە ، دەزانێت کە لە بونەکەیدا قەرزاریی کێیە ، بۆیە هاوار دەکات : "مایەی باوەڕکردن نییە کە ئەم خاکەوەرە بێ دەست و پێیە ، چەندە بە جوانی دەمان ناسێت ! لەبەر خاتری ئەو دەمەوێت دەست و پێی بۆ دروست بکەم ! راستە کە بە رۆنی پیرۆز چەوری دەکەم " بەڵام پێش هەموو شتێك پێویستە جەخت لەوە بکەین کە رۆمان کارێکی گاڵتە ئامێزە . لەوحی پیرۆزی ئێمە بە پێکەنین پێوانە دەکرێت ! بۆ نمونە لە چیرۆکی یوسف وهاوسەرەکەی فیرعەوندا : ژنەکە لە خۆشەویستیدا دێوانە بووەو گاز لە زمانی خۆی دەگرێت ، پاشان وەکو منداڵ رستە فریودەرەکە دووبارە دەکاتەوە : " وەرە لەگەڵمدا بنوو ، لەگەڵما بنوو " . لەم حاڵەتەدا یوسف بۆ ماوەی سێ ساڵی تەواو ، بە ئارامگرتنەوە بۆی روون دەکاتەوە کە پێکەوە بوونی ئەو دوانە قەدەغەیە : لە رۆژی روداوەکەدا ، هەردوکیان بەتەنیا لە ماڵن ، ژنەکە سەرلەنوێ دەست دێدەکاتەوە " لەگەڵمدا بنوو ، لەگەڵما بنوو " ، یوسف دیسانەوە سەبر سەبر بۆی روون دەکاتەوە کە نابێت ئەم دووانە ئاوێزانی یەکتریی ببن . یوسف بەدەم قسەکردنەوە نزیك دەبێتەوە ، نزیکتر ، خودای من ، هێندە نزیك دەبێتەوە کە ژنەکەی فیرعەون بە بینینی شێت دەبێت و کراسەکەی یوسف لەبەریدا دادەڕێت . هەر کە یوسف دەیەوێت بکشێتەوە دواوە ، ژنی عەقڵ لەسەردا نەماو ، بیمارو خەفەتبار ، هاوار دەکات و دەڵێت فریام بکەون و یوسف تاوانبار دەکات بە داوێن پیسی .

رۆمانەکەی مان سودی لە گەورەیی جیهان وەرگرت ، شایەتیش ئەوەبوو کە چیتر پاکیزەگەرایی سوکایەتی پێناکرێت ، بەڵکو لەوێوە لە شێوەی

رەفتارێکی باودا پەیدا بوو . بە درێژڕایی سەردەمی نوێ بێباوەڕی سەرسەختیی و بزێویی خۆی لەدەست داوە ، جارێکی تریش باوەڕ دابڕانەکەی پێشووی لەگەڵ خوددا هەڵوەشاندەوە ، زەبرەکەی ستالینیزم بریتی بوو لە هێڵکاریی ئەو وەرچەرخانە : ستالینیزم زۆر دڕندانەو راشکاوانە هەوڵیدا تەواوی یادەوەریی مەسیحییەت بسڕێتەوە . ئێمە هەموومان ، باوڕدارو بێباوەڕ ئەوانەی کفر دەکەن و ئەوانەی پەرستش دەکەن ، ئاشنای کەلتورین و رەگوریشەی لەناو رابردووی مەسیحییانەماندایەو ، بێ ئەوە دەبین بە سێبەرێکی بێ جەستە و قسەکەرانێکی بێ وشەو بێ مایە لە رووی مینۆکییەوە - معنوی - .

من بووم بە بێباوەڕو لەمەش تێرم خواردووە ، تا ئەو رۆژەی لە رەشترین سااڵکانی کۆمۆنیزمدا بینیم مەسیحییەکان شکەنجە دەدرێن ، ئیتر لە ساتێکدا بێباوەڕیی و کەللە وشکییەکەی سەردەمی لاوییم وەکو کەرێتییەکی منداڵانە ، بەجارێ نەما . هەستم بە دۆستە باوەڕدارەکانم کرد ، لە ژێر کاریگەریی هاوسۆزییدا ، چەند جارێك لەگەڵیاندا چووم بۆ شێوی یەزدانیی[11] . بەاڵم هەرگیز دەسبەرداری ئەوە نەبووم کە یەزدان چەمکێکە لە تێگەیشتنی ئێمەدا ، ژمارە دەژمێرێت و کار دەکات . بەهەر سورەت دەتوانم چی بزانم ؟ ئایا دۆستانی باوەڕدارم دڵنیان کە لە یەقیندان ؟بەمك هەستە نامۆو گوشادەوە لەناو کەنیسەدا دانیشتبووم و بێباوەڕیی من و باوەڕەکەی ئەوان بەشێوەیەکی سەیر لێکەوە نزیك بوون .

چاڵی رابردوو

مرۆڤ چییە ؟ کوا ناسنامەکەی ، هەموو رۆمانەکان هەوڵ دەدەن وەاڵمی ئەم دوو پسیارە بدەنەوە . وردتر ، خود بەچی پێناسە دەکرێت ؟ کەسێتی بەچی دیاریی دەکرێت ؟ بە هۆی کارەکانییەوە ، بەڵێ ، کردەوە لە بکەرەکەی دەرباز دەبێت بۆ ئەوەی دواتر لێی هەڵبگەڕێتەوە . کەواتە بەهۆی ژیانی عەقڵییەوە ؟ بەهۆی ئەندێشەکانییەوەیە ؟ بە هۆی هەستە پەنهانەکانییەوەیە؟ بەاڵم ئایا مرۆڤ دەتوانێت لە خۆی تێبگات ؟ ئابا دەشێت ئەندێشە پەنهانەکانی کلیلێك بن بۆ کەسایەتی ئەو ؟ ئایا مرۆڤ بە پێی تێڕوانینی بۆ جیهان پێناسە دەکرێت ، بە پێی بیرو بۆچونەکانی یان بە پێی ئایدیۆلۆژیاکەی ؟ بە فەلسەفەی تایبەتی خۆی پێناسە دەکرێت ؟ ئەمە ئیستاتیکای دۆستۆیفسکییە[12]: کەسێتییەکانی ئەو ئایدیۆلۆژیای تایبەت بە خۆیانیان هەیە ، بەپێی ئەو ئایدیۆلۆژیایانە بە زێدەڕەویی رەفتار دەکەن . لە الیەکی تریشەوە دەبینین الی تۆلیستۆی[13] لەالی ئەو ئایدیۆلۆژیای پاڵەوانەکە بەکەڵکی ئەوە نایەت ببێت بە ناسنامە و لەبەر زۆریی گۆڕانی کەسێتییەکە . بۆ نمونە لە ئانا کارنینادا: ستیڤان ئاراکادۆییچ ، رەفتلەرکانی خۆی یان بیروبۆچوونەکانی هەڵنابژێرێت ، نەخێر ، بە ئارەزووی خۆیان دێن بۆ الی ، رێك وەکو مۆدێلی شەپقەکانی یان پاڵتۆکانی خۆی هەڵنابژێرێت ، بەڵکو ئەوانە لەبەردەکات کە خەڵکی تریش لەبەری دەکەن . بەاڵم ئەگەر ئەندێشەی تایبەتی نەبێت بە بناغەی کەسێتی تاك (ئەکەر بایەخیان لە شەپقەیەك زیاتر نەبێت) ، کەواتە بناغەی کەسێتی لەکوێ بدۆزینەوە.

تۆماس مان وەاڵمێکی زۆر گرنگ بەم تەرزە پرسیارە دەداتەوە : ئێمە کاردەکەین ، وادەزانین بیر دەکەینەوە ، بەاڵم چەندانی تر لەناوماندا هەن کە بیر دەکەنەوەو کاردەکەن : ئەمەش مانای خوونەریتە درێژخایەنەکانە ، تەرزەکانی رەفتاری بەرایی ، کەلەسەر شێوەی ئەفسانە ، نەوە دوای نەوە ماونەتەوە. ئەم رەگەزانە توانایەکی فریودەرانەی زۆریان هەیەبۆ ئەوەی لە چاڵی رابردووەوە هەڵمان بسوڕێنن .

تۆماس مان دەڵێت : " ئایا دەرونی مرۆڤ تەنیا لە ناو سنورە جەستەییە فەوتاوەکانیدا دیلە ؟ ئایا

زۆربەی وتە بنەڕەتییەکانی جیهانی دەرەوەپێش و پاش لەدایکبوونی نەهاتوون ؟ جیاکاریی نێوانی عەقڵ بەشێوەیەکی گشتی و عەقڵی تاك ، بەهەمان گوڕوتین خەڵکی جارانیشی سەرقاڵ نەکردبوو ، کە ئێمە سەرقاڵ دەکات .. رەنگە دیاردەیەك ببینین ، وامان لێبکات کە گومان بەرین لاساییکردنەوەیە ، یاخود بەردەوامبوونی ئەو پرەنسیپەی ژیانە کە وا گریمانە دەکات دەوری هەر مرۆڤێك بریتی بێت لە ژیاندنەوەی چەند تەرزێکی دیاریکراوی دێرین ، بە شێوازێکی تر ، چەند هێڵکارییەکی ئەفسانەیی کە پێشینان دایانمەزراندووە ، تا یاریدەیان بدات لە توێی ئێمەوە دۆنادۆن بکەن " .

کێشەی نێوان یەعقوب و عیسۆی بۆ ، جگە لە سەرلەنوێ وێناکردنەوەی ئەو کێبەرکێیەی لە نێوانی قابیل و هابیلی برایدا رووێدا ، شتێکی تر نییە .لە نێوانی خۆشەویستیی خوەداو پشتگوێ خراوی حەسود . ئەم کێشەیە " ئەم هێڵکارییەی کە پێشینان کێشاویانە " جارێکی تر لە چارەنوسی کوڕە هەڵبژاردەکەیدا ـ یوسف ـ دەردەکەوێتەوە . یەعقوبی باوك لەژێر قورسایی هەستکردن بە گوناهدا ، لەوەی یوسفی لە کوڕەکانی تری خۆشتر دەوێت ، بۆ رازیکردنی کوڕەکانی و بردنەوەی خۆشەویستیی ئەوان ، یوسفیان لەگەڵدا دەنێرێت ، بەڵام ئەم دەسپێشخەرییە کۆتاییەکی خراپی لێدەکەوێتەوەو براکانی یوسف فڕێ دەدەنە ناو بیرەکەوە .

تەنانەت ئازارو موعاناتیش کە وەك کردەوەیەکی خۆنەویست دەردەکەون ، لە راستیدا " لاساییکردنەوەی بەردەوامییە " : کاتێك رۆمانەکەی تۆماس مان ـ یوسف و براکانی ـ وەسفی ئەوە دەکات کە کاتێك باوك هەواڵی مردنی یوسفی پێدەگات ، چی دەڵێت و چی دەکات ، مان دەڵێت : " ئەوە شێوازی قسەکردنی ئەو نەبوو .. نوح لە کاتی رودانی تۆفانەکەدا ئەم شێوازەی بەکارهێناوەو یەعقوبیش لێی دەخوازێتەوە.. یەعقوب بە شێوازێك گوزارشتی لە نائومێدییەکەی خۆی کرد کە شێوازێکی کۆن بوو .. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ گومان لەوە نەکەین کە کاردانەوەکەی خۆبەخۆ بووە " منیش ئەم سەرنجە گرنگەی بۆ زیاد دەکەم : لاسایی مانای ناڕەسەنی نییە ، چونکە تاك ناتوانێت هیچ شتێك بکات جگە لەوەی کە پێشتر چەند جارێك رویداوە ، دەشێ مرۆڤ لە دەربڕیندا راستگۆ بێت ، بەڵام لە کۆتاییدا جگە لە دۆنادۆن شتێکی تر نییە ، رەنگە راستگۆ بێت بەڵام جگە لە کۆکردنەوەی هەموو ئەو پێشنیارو داواکارییانەی‌لە چاڵی رابردووەوە هاتونەتە دەرەوە ، شتێکی تر نییە .

بوونی زەمەنی میژوویی جیاجیا لە رۆماندا

بیرەوەریم دەچێتەوە بۆ ئەو کاتەی دەستم کرد بە نوسینی رۆمانی "سوعبەت " : لەخۆمەوە دەمزانی کە لە توێی پاڵەوانەکەوە " یارۆسلاڤ " رۆمان دەڕواتێتە رابردوو (رابردووی هونەری میللی) ، هەروەها "من "ی تایبەتی لە توێی ئەزمونی ئەو روانینەدا کەشف دەبێت . لە راستیدا ، هەرچوار کەسێتییەکەی رۆمانەکە بەم ڕێگایە خولقێنراون : چوار جیهانی کۆمۆنیستی جیاجیا پێوەند کراون بە چوار زەمەنی ئەوروپایی رابردووەوە : لۆدفیك ، ئەو کۆمۆنیزمە دەنوێنێت کە لە رۆحی گاڵتەجاڕی ڤۆڵتێرەوە[١٤] هەڵقوڵاوە ، یارۆسلاڤ : کۆمۆنیزم وەکو ئارەزووی بیناکردنەوەی رابردووی پاتریاریکی پارێزراو لەناو فۆلکلۆردا ، کۆستا : کۆمۆنیزمی گەشەکردوو لە ئینجیلەوە ، هیلینا : کۆمۆنیزم وەکو کانیلەی پەرۆشی ، لەلای ئەو مرۆڤەی کە لە سۆزداریدا نغرۆ بووە . ئەم چوار جیهانە تایبەتییە وەسفی ساتەکانی هەڵوەشانی کۆمۆنیزم دەکەن ، کە هەروەها مانای هەرەسهێنانی چوار سەرچاوەیە ئەوروپاییەکەشە .

لە رۆمانی سوعبەتدا ، رابردوو وەکو یەکێك لەو رەگەزانە دەردەکەوێت کە "خود" ی کەسێتییەکانی

لا دروست دەبێت ، دوای ئەوە لە درێژەی تێرامانەکانمدا هەوڵمداوە کە راستەوخۆ بگەڕێمەوە بۆسەر شانۆی روداوەکان . لە رۆمانی " ژیان لە جێگایەکی دیکەدا" ، ژیانی شاعیریکی لاوی ئەم سەردەمەمانم لەسەر زەمینەیەک هەڵبەستووە کە تەواوی مێژووی شیعری ئەوروپایی دەنوێنێت ، بە جۆرێکی وەها کە شوێنپێیەکانی لەگەڵ شوێنپێی رامبۆ[15] ، کیتس[16] ، یان لێرمەنتۆفدا[17] تێکەڵاو دەبێت ، لە رۆمانی "نەمریی" شدا لەوە دوورتریش رۆیشتووم و ماوەی مێژویی جیاجیام تێکەڵی یەکتریی کردووە.

وەکو هەر نوسەرێکی لاوی نیشتەجێی پراگ ، رقم لە زاراوەی " یەک نەوە - جیل " بوو ، لەبەر ئەو مۆرکە مێگەلییەی تێیدایەتی . تا نەگەیشتمە فەرەنسا هەستم بە پەیوەندیی خۆم نەکرد بەوانیترەوە ، ئەویش دوای خوێندنەوەی رۆمانی " خاکەکەمان " ی رۆمانتوسی مەکسیکی کارلۆس فۆنتیس بوو . چۆن کەسێکی ترو لە کیشوەرێکی ترەوە هەمان جیوەی ئیستاتیکیی تێدابێت و ، ئەویش چەند ماوەیەکی زەمەنیی جیاجیا بهێنێت بۆ ئەوەی هەموویان پێکەوە لەناو یەک رۆماندا گوزەران بکەن ؟ ئەو جیوەیەی کە من تا ئێستا بە کاتە بە شێوەیەکی زۆر ساویلکانە وامدەزانی کە تایبەتە بە خۆم .

بەبێ تێگەیشتن لە خاکی مەکسیک ، بە بێ روانینە چاڵی رابردوو ، ناتوانین لە رۆمانی خاکەکەمان تێبگەین . نەک وەک ئەوەی کە مێژوونووس دەیکات و بەلایەوە گرنگە رووداوەکان لەتوێی زنجیرەی کاتدا ببینێت ، بەڵکو بۆ بینینی : بەلای مرۆڤەوە جەوهەری خاکی مەکسیک چی دەگەیەنێت؟ فۆنتیس لە شێوەی خەونێکی رۆمانسییدا ، ئەو جەوهەرەی وەرگرتووە ، کە لەوێدا ماوە زەمەنییەکان تایابنی یەکتریی دەبن و دەگۆڕێن بۆ جیهانێکی شیعریی نیگایی ژوورمێژوویی ، بەمەش فۆنتیس جیهانێکی خوڵقاندووە کە قابیلی وەسفکردن نییەو ، لە ئەدەبیشدا نەناسراوە .

لەم ماوەیەی دواییدا هەستم بەو خزمایەتییە ئیستاتیکییە نهێنییە کرد کە لەتوێی رۆمانی " جەژن" ەوە ، دەمبەستێتەوە بە فیلیپ سۆلێرەوە . رووداوەکانی ئەم کارە نامۆیە لەسەردەمی ئێمەدا روودەدات ، بەڵام لەهەمان کاتیشدا شانۆی هونەرمەندانی مردووە ، لە وێنەی پیکاسۆ[18] ، تیتیان[19] ، سیزان[20] ، مۆنێ[21] و ستاندال[22] ، ئەمەش لە رێی پەخشانکردنەوەی سەرنج و کارەکانی ئەوان لەسەر لاپەڕەکانی رۆمانەکە .

دواجاریش رۆمانی " ئایەتە شەیتانییەکان " هات ، بەناسنامە ئاڵۆزەکەیەوە هیندییەکی خۆکردو بە ئەوروپایی . بۆ گرتنی ئەم ناسنامە لەتووپەتە ، رووداوەکانی رۆمانەکە لەناوچەی جیاجیای سەرزەوییدا روودەدات : لەندەن ، بۆمبای ، گوندێک لە پاکستان ، پاشان لە ئاسیای سەدەی حەوتەمدا .

هاوسێتیی سەردەمە جیاجیاکان لەیەک رۆماندا ، گرفتێکی تەکنیکیی دەخوڵقێنێت : چۆن دەتوانرێت پێکەوە ببەسترێن بەبێ ئەوەی رۆمانەکە یەکێتییەکەی لەدەست بدات ؟

فۆینتیس و روشدی چارەسەری سەمەرەیان دۆزیوەتەوە : بە نیسبەتی فۆینتسەوە ، پاڵەوانەکانی لە رێی دۆنادۆنەوە لە کاتێکەوە دەگوازنەوە بۆ کاتێکی تر . لەلای روشدی ، ئەو بە گۆڕانی کەسێتی گابرێل فارشتا بۆ فریشتە بەدیی دێت ، فریشتەیەک سنوری نێوان سەردەمە میژووییەکان دەبەزێنێت .

لە کتێبەکەی سۆلێرزو هەندێک رۆمانەکانی منداڵ ، هیچ شتێکی نائاسایی لە گۆڕێ نییە . لە جەژندا ، ئەو تابلۆو کتێبانەی کە پاڵوانەکان سەیریان دەکەن و دەیان خوێننەوە ، هەموویان وەکو چەند پەنجەرەیەک وەهان کەبەسەر رابردوودا کراونەتەوە

.به نیسبەتی منەوە رابردوو بەهۆی چەند بابەت و مۆتیڤێکی هاوبەشەوە بە ئێستاوە دەبەسترێتەوە .

ئایا دەتوانرێت ئەم پێوەستە ئیستاتیکییە راڤە بکرێت ، لەوەدا کە بریتییە لە ئەنجامی کارتێکرانی نوسەر لەلایەنی نوسەرانی ترەوە؟ بۆوا ناکەم بەڵکو بریتییە لە ئەنجامی کارتێکرانی هاوبەش . ناتوانم ماهییەتەکەی دیاریی بکەم . یاخود ئایا هەموومان هەوای یەک مێژوومان هەڵمژیوە؟ یان ئایا ئەوە خودی مێژووی رۆمانە کە هەمان تاقیکردنەوەی خستۆتە بەردەستمان ؟



تۆڵەکردنەوەی مێژووی رۆمان لە خودی مێژوو

مێژوو . ئایا هێشتاش دەتوانین پشت بەو سەرچاوەیە ببەستین ؟ ئەوەی کە حەز دەکەم بیڵێم ، دەربڕینێکە کە تایبەتە بە خودی خۆم .

, ەکو رۆماننووس هەمیشە هەست دەکەم لە تۆیی مێژوودام ، واتە لەسەر رێگاکە راوەستاوم و ئەو کەسانە دەدوێنم کە پێشم کەوتوون . رەنگە کەمتریش لەگەڵ ئەوانەدا بدوێم کە دێن .ئەڵبەتە من دەمەوێت لەسەر مێژووی رۆمان بدوێم ، نەک مێژووییەکی دیکە ، چۆنیش دەبینم ئاوا قسەی لەسەر دەکەم : ئەمەش پەیوەندیی بە لۆژیکی هیگڵییانەی ژوورمرۆییەوە نییە . پێشتر بڕیاری نەدراوەو لەگەڵ بیرۆکەی پێشکەوتنیشدا تەماهی نەکردووە . بەتەواویی شتێکی مرۆییە ، لە لایەنی هەندێك خەڵکەوە خوڵقێنراوە ، بۆیە دەتوانین بەراوردی بکەین بەو هونەرمەندەی کە جارجار بە شێوەیەکی بێزارکەر ئیش دەکات و لە ناکاویشدا بەرهەمێکی نایاب دەخاتە روو .هەندێجار زۆر بلیمەتانە ئیش دەکات و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی ئاسایی و ، زوربەی هەلەکان لەدەست دەدات . من ئەوەتا رادەگەیەنم کە بایەخێکی زۆر دەدەم بە مێژووی رۆمان ، لە کاتێکدا کە هەموو رۆمانەکانم لە هەناسەیاندا نەفرەت لە مێژوو دەکەن ، نەفرەت لەو هێزە دوژمنکارە نامرۆییە دەکەن کە لەدەرەوە بەبێ بانگهێشتکردن پەلاماری ژیانمان دەدات . لەگەڵ ئەوەشدا ، ئەم رەفتارە دووسەرەیەی من رێکوپێکی وون ناکات ، چونکە مێژووی مرۆیی و مێژووی رۆمان دوو شتی بەتەواوەتی لێك جیاوازن . یەکەمیان بە پێی ئیرادەی مرۆڤ دیاریی ناکرێت ، بەڵکو وەکو هێزێکی بیانی دەست دەگرێت بەسەر چارەنوسداو ، ناشتوانێت جڵەوی بگرێت . لەکاتێکدا دەبینین کە مێژووی رۆمان (یان مێژووی وێنە کێشان یان مۆسیقا) بەرهەمی سەربەستی خۆیەتی ، هی ئەفراندن و داهێنانە تایبەتییەکان .هۆی ئەمەش سروشتی تایبەتی مرۆڤە هونەر بریتیەلە تۆڵەسەندنەوەی مرۆڤ دژی سروشتی ناشەخسیی مێژووی مرۆی . خۆ ئەگەر مێژووی رۆمان لەتوێی ماوەی زەمەنیدا شکڵێکی یەکگرتوو وەربگرێت ئەوە نابرێتەوە بۆبوونی زەرورەتی بوونی مانایەکی هاوبەش و بەردەوام بۆی .من باوەڕم وایە کەمانای هاوبەش

بەدرێژای مێژووی هونەری ڕۆمان وەك شتێكی شەخسیی دەمێنێتەوە ، ئەمەلەڕوی نا واخنەوە(واتە مانای ڕۆمانەكە) ،هەروەها لەڕووی مانای پەرەسەندنەوە (ئەم هونەرە لە كۆیوە هاتووەو بەرەو كوێ دەڕوات) ، چونكە لەلایەنی هەرهونەر مەندێكەوە سەرلەنوێ داده ڕێژرێتەوەو پێناسەدەكرێت ،لەتو ێیهەموكارێكی نوێوە . مانای مێژووی ڕۆمان بریتیەلەگەڕانی بێپسانەوەبەدوای ئەومانایەدا .خولقاندنی و خولقاندنەوەی بەبەردەوامی،ئەمەش وا دەكات لەهەر ڕۆمانێكی تازەدا هەموو ڕابردووی ڕۆمان بگەڕێنرێتەوە بێشك رابیلێ كتێبەكەی خۆی ، گارگانتوا ـ پانتا گرۆیل .. ناونەناوە ڕۆمان ، بەڵام ئەو كتێبە وردە وردە بوو بە ڕۆمان ، دوای ئەوەی بوو بە سەرچاوەی ئیلهامی نوسەرانێكە زۆر لە وێنەی بەلزاك[٢٣]، ستیرن[٢٤]، دیدرۆ[٢٥]، فلۆبێر[٢٦]، كیتس ، گۆمبرۆفیتس و روشدی . ئەوان بە ئاشكرا ئەو كتێبەیان لە ڕۆمانەكانی خۆیاندا تەوزیف كردو ئەمەش وایكرد وردە وردە بلكێت بە مێژووی ڕۆمانەوەو وەكو یەكەمین بەردی بناغە دانی پێدا بنرێت .

لەم حاڵەتەدا دەستەواژەی (كۆتایی مێژوو) هیچ ئازارو ناخۆشنودییەك لە دەرونی منداد دروست ناكات . (چەند خۆشە ئەو درنجەمان بیربچێتەوە كە بەردەوام خەریكی پەرش و بڵاوكردنەوەی ژیانی ئێمەیە وەكو چیمەنتۆی پەیكەرە لوت بەرزەكان . لەبیرچوونەوەی مێژوو چەند خۆشە !) ـ ژیان لە شوێنێكی ترداید . ئەگەر مێژوو خەریكی كۆتایی پێهاتن بێت (ئەگەرچی من ناتوانم ئەندێشەی ئەو كۆتاییە بكەم كە فەیلەسوفەكان پێیان خۆشە دەربارەی بدوێن) با لێی بگەڕێن زوو كۆتایی پێببێت ! بەڵام پیاده كردنی كۆتایی مێژوو بەسەر هونەردا ، ئەمەیان دەمتۆقێنێت : من دەتوانم تەنیا ئەندێشەی ئەم كۆتاییە بكەم و ، بە شێوەیەكی ڕوونیش لە ڕۆمانەكانی ئەم ڕۆژانەدا بیبینمەوە كە دەكەونە دەرەوەی ڕۆمانەوە : ڕۆمانی دانپیانانە شەخسییەكان ، ڕۆمانی نوسینی ڕۆژنامەگەریی ، تەسفییەكردنی حیساب ، یاداشتانامەو یادەوەرییەكان ، مشتومڕی سیاسیی ، ڕۆمانی باوك یان دایك یاخود مێرد مردن ، ڕۆمانی دەربارەی لەدایكبوونی مندالآن ... هەموو ئەو نوسنانەی كە هیچی تازەیان نیە باسی لێوە بكەن ، هیچ هیوایەكی جوانكارییان لەلا نیە ، هیچ لە تێگەیشتنمان بۆ مرۆڤ ناگۆڕن و هیچی تازەش ناخەنە سەر بونیادی ڕۆمان .هەر ڕۆمانێكی لەم چەشنە لەوە دەچێت كە سەبەینێش دەكەوێتە بەردەست ، سەرلەبەیانی سەرف دەكرێت و لای نیوەڕۆ تووڕ دەدرێت .

به بڕوای من ، كاره مەزنەكان ، لە توێی مێژووی هونەرەكەیانەوە نەبێت لەدایك نابن ، تەنیا لە توێی ئەو مێژووەدان كە من دەتوانم بزانم چی تازەكارییەو چی تریش دووبارەكارییە ، داهێنان كاپەیەولاساییش كامەیە . بەگوزارشتێكی تر ، دەشێ بڵێین كە لەناو مێژووەوە ، تەنیا لەوێوە ، كارێك لێی دەوەشێتەوە وەكو ئەرزشێك خۆی پێشكەش بكات كە قابیلی دەرك پێكردن و هەڵسەنگان بێت . بەنیسبەتی منەوە هیچ شتێك بەقەدەر ئەوەی لە توێی هونەرەكەیەوە دەربكەوێت ، بۆ هونەر خراپ نییە . لەبەر ئەوەی ئەو دەركەوتنە لەناو ئاشوبەوە دەبێت و لەوێدا هەموو بەها ئیستاتیكییەكان چیتر بابەتێك نابن بۆ تێگەیشتن .

خۆشگوێیی و دانان

سێرڤانتس[٢٧] لەكاتی نوسینی دۆن كیخۆتەدا ، هیچ قۆرتێكی لەبەردەمدا نەبوو تا ڕێگای لێبگرێت لەوەی كە پاڵەوانەكەی ڕووی كردە هەر جێگایەك ، كەسێتییەكەی بگۆڕێت . ئەم سەربەستییەی كە یەكێكی وەك ئەوەی سێرڤانتس ، رابیلێ ، دیدرۆ، ستیرن ، ئێمەی پێ سەرسام دەكەن ، دەگەڕێتەوە بۆ خۆشگوێیی لە نوسیندا . هونەری نوسینی ڕۆمانی

ئالۆزو گران هەتا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم سەری هەڵنەدا. ئەو کاتە تەرزە رۆمانێك دەرکەوت کە تەرکیز دەکاتە سەر کردەوەی واقیعی لە ساتەوەختێکی کورتدا ، هەروەها جەخت دەکاتە سەر خاڵەکانی بەیەکگەیشتن ، چونکە تێیدا چەندەها چیرۆکی کەسایەتیە جیاجیاکان یەکتریی دەبڕن . ئەم کارە پێویستی بە نەخشەی ورد داڕێژراوو حیسابکراو هەیە ، حیسابکردن بۆ هێڵەکان و دیمەنەکان ، نوسەر پێش ئەوەی دەست بکات بە نوسین ، هێڵکاریی رۆمانەکەی داڕشتووەو ، دایڕشتۆتەوەو حیسابی وردی کردووە ، جیاواز لەوانەی پێش خۆی تەسمیمی دارشتووە .

هێندە بەسە مرۆڤ سەیرێکی خێرا سەرنجەکانی دۆستۆیڤسکی بکات کە بۆ رۆمانی شەیتانەکان ئامادەی کردووە ، رۆمانەکە خۆی حەوسەدو پەنجا لاپەڕەیە ، ئەو هەموو مۆتیفە ، یان ئەو شتانەی کە دەبێت لە کارێکی هونەریی یان ئەدەبییدا بخرێنە روو ، هەمویان بەدوای کەسایەتییدا دەگەڕێن ، کەسایەتییەکانیش بەدوای مۆتیفدا وێڵن ، چەند کەسێتییەك لەسەر دەوری پاڵوان بووە بەمشتومڕیان : ستافیرۆجین دەبێت ژن بهێنێت ، دۆستۆیڤسکی دەپرسێت : بەڵام کێ ؟ نوسەر هەوڵ دەدات یەك لەدوای یەك لەگەڵ سێ کەسدا زەماوەندی پێبکات ، شتی تریش ، ئەمە تەنها سازانێکی رووکەشییە . هەتا زیاتر حیساب بۆ هێڵکاریی کەسێتییەکە کرابێت ، دەرکەوتنەکەی زیاتر سروشتیی دەبێت ، بۆیە حوکمە پێشینەکان دژی ییرکردنەوە لە سازاندن نیە لەوەدا کە کردەیەکی ناهونەرییەو ئەوەی زیندوو بێت لە جەستەی کەسێتییەکە دایدەڕنێت ،ئەمە ساویلکەییەکی سۆزاوییە لە کەسانێکەوە کە هەرگیز لە هونەر تێنەگەیشتوون .

رۆماننوسی هاوچەرخ ، ئەوەی تامەزرۆی ئەو سەربەستییەیە کە دامەزرێنەرانی سەرەتا پێیان دەنوسی ، ناتوانێ بەسەر میراتی سەدەی نۆزدەدا باز بدات ، چونکە پێویستە سەربەستی و پێداویستییە ناڕەحەتەکانی دانان پێکەوە کۆ بکاتەوە . رابیلێ یان شتێرن بخوازێتەوە ، پێویستە بیانبەستێتەوە بە پێداویستییەکانی دانانەوە .

دێتەوە یادم ، کە یەکەمینجار کە کتێبی جاکی قەدەرگەرام خوێندەوە ، کەوتمە ناو سرودێکی ناسازەوە کە لەوێوە بیروباوەڕەکان دەچنە شێوازی گاڵتەو گەپەوە ، لەوێدا جێگای داستانێکی تر کراوەتەوە کە بەختەوەرانە لە ئازادیی داناندا یەك یەکێتی بەخۆیەوە گرتووە کە بە نیسبەتی یاسای یەکێتی بابەتەوە ، بێ سەرەو بەرەیە ، لە خۆمم پرسی : ئایا ئەم چنینە شکۆدارە ، ئەنجامی بونیادێکی وەسفییە کە زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە ، یاخود لە خۆشگوزەرانییەکی پەتییەوە کەوتۆتەوە؟ بێشك خۆشگوزەرانییە کە لەوێدا بالادەستە ، بەڵام ئەو پرسیارەی لەخۆمم کرد ، بۆی دەرخستم کە توانای سەرسامکردن لەو چنینەدا لە توێی ئەو خۆشگوزەرانییە سەرسوڕهێنەرەوە دێت ، توانای خوڵقاندنی بونیادێکی ئاوا پێچاوپێچ و دەوڵەمەند کە لە هەمان کاتدا بە وردیی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە ، هێندە تۆکمەو ئەندێشە نەکراوە کە تەنانەت زێدەڕۆترین ئەندێشەی تەلارسازانە لەکاتی بیناکردنی کەنیسەیەکدا هێندە دوور نەڕۆیشتووە ، ئایا ئەم تەرزە ئارەزووی تەلارسازییە کە بۆتە هۆی پەیدابوونی رۆمان ، دەشێت ئاوا بێ ئاسانی دەسبەرداری ببین ؟ ئەی لە راستیدا گەمە چیە ؟ هەر گەمەیەك یاساو ڕێسای خۆی هەیە ، هەتا ئەو یاساو ڕێسایانە سەختتر و گرانتر بن گەمەکە خۆشتر دەبێت . هونەرمەند بە پێچەوانەی ئەوکەسەوە کە یاری شەترنج دەکات ، خۆی یاساو ڕێساکانی خۆی دادەنێت ، لەبەر ئەمە کاتێك بەبێ یاسا خۆشگوزیی دەکات ، هیچ لەو زمانە ئازادتر نییە کە دەیەوێت یاسای تایبەت بە خۆی بهێنێتە ئاراوە . کۆکردنەوەی سەربەستیی رابیلێ و دیدرۆ لەو نوسین و هێڵکارییە

تۆکمەو ڕێکوپێکەدا کە دانان پێویستی پێیەتی ، ڕۆماننوسانی سەدەی بیستەم دەخاتە بەردەمی کۆمەڵێك کێشەی جیاواز لەوانەی کە بەلزاك یان دیستۆیفسکی بەرەوڕووی بونەتەوە . بۆ نمونە لەکتێبی سێیەمی ڕۆمانی نوستووە گەڕۆکەکانی هیرمان برۆك کە دوابەشی ئەو ڕۆمانەیە ، دەبینین کارەکە شەپۆلێکی فرەڕەنگەو لە پێنج دەنگ پێکهاتووە ، پێنج هێڵی بەتەواوەتی سەربەخۆ لەیەکتریی : نە کردەوەی هاوبەش و نە کەسێتییەکان ئەم هێڵانە بەیەکەوە نابەستنەوە . هەر هێڵێك بەتواویی لەوەی تر جیاوازە (A = ڕۆمان ، B = ڕاپۆرت ، C = کورتەچیرۆك ، D = شیعر ، E = وتار) ، ئەمانە هەر هەموویان لەو ڕۆمانەدان کە لە هەشتاو هەشت نەسك پێکهاتووە :

A-A-A-B-A-B-A-C-A-A-D-C-C-
A-B-D-C-A-E-A-A-B-E-C-A-D-B-
B-A-E-A-A-B-D-C-B-B-D-A-B-E-
A-A-B-A-D-A-C-B-D-A-E-B-A-D-
A-B-D-E-A-C-A-C-A-B-B-A-A-D-
A-A-D-D-D-B-A-A-A-C-D-E-B-A-
B-D-B-A-E.

چی وای لە برۆك کرد ئەم ڕێکخستنە هەڵبژێرێت نەك یەکێکی تر ؟ چی وای لێکرد نەسکی چوارم تایبەت بکات بە بە هێڵی (B) نەك (C) یان (D) ؟ ئەوە ئۆژیکی کەسێتییەکان یاخود کردەوەکان نەبوو ، چونکە هیچ کردەوەیەکی هاوبەش بۆ ئەم پێنج هێڵە لە ئارادا نیە . بەڵکو بە پێوانەیەکی تر خراوەتە ڕێ ، بەو قەشەنگییەی کە لە پێکەوەدانانی شکڵە نوسینییە جیاجیاکان پەیدا دەبێت (شیعر ، تەخشان ـ سەرد ، وتەی بەنرخ ، تێڕامانی فەلسەفی) : کە لەو ناکۆدییانەوە پەیدا بووە کە لەهەست و سۆزە جیاجیاکانەوە پەیدا بوو ، کە لەسەرووی نەسکە جیاجیاکانی ڕۆمانەوە هەڵقوڵاوە ، لە تۆیی دڕێژیی و کورتی نەسکەکانەوە کە لەبەشێکەوە بۆ بەشێکی تر دەگۆڕێت .

دواجار لەتوێی پەرەسەندنی پرسیارە بوونگەراکانەوە کە لەسەر پێنج ئاوێنە قەرچ دەبنەوە ، نەبوونی وەسفێکی دیاریکراو بۆ ئەم دیاردەیە ، با ناوی ینێین پێوانەی مۆسیقایی و ئەمەی خوارەوە دەرەنجام بکەین : لەسەدەی نۆزدەدا نوسینی ڕۆمان بوو بە دانانێکی ئاڵۆز ، کە لە پێشەوە بریتی بوو لە خۆشگوزیی ، بەڵام سەدەی بیستەم مۆسیقای بۆ ئەم هونەرە هێنا .

ڕۆمانی ئایەتە شەیتانییەکان ، سێ دانە هێڵی سەربەخۆ دەگرێت خۆی : A = ژیانی سەلاحەدین شامشا و جوبرائیل فارشتا ، ئەو دوو پیاوە هیندییە هاوچەرخەی کە کاتەکانیان لەنێوانی لەندەن و بۆمبایدا دابەش دەبێت .

B = ئەو حیکایەتە قورئانییەی کەباسی ڕەگ و ریشەی قورئان دەکات.

C = گەشتی لادێییەکان بە دەریاداو خنکانیان لەناویدا ، چونکە وایان دەزانی دەتوانن دەریا ببڕن و بەبێ ئەوەی پێیان تەڕ ببێت .

ئەم سێ هێڵە ئاوا لە ڕۆمانەکەدا ڕیز دەبن :

A-B-A-C-A-B-A-C-A

(هەر بە ڕێکەوت لەمۆسیقادا بەم جۆرە ڕیزبوونە دەوترێت ڕۆندۆ کە تێیدا بەشی سەرەکی بەنۆرەو بە ڕێکوپێکی لەگەڵ بەشەکانی تردا دووبارە دەبێەوە) .

ئەمەیە ڕەزمی مۆسیقایی وەکو گشت ، کە لە تۆیی ئەو لاپەڕانەوە ڕوون کراوەتەوە کە هەر بەشێ: داگیری کردووە :

(A = 90), (B = 40), (A = 80), (C = 40), (A = 120), (B = 40), (A = 80), (C = 40), (A = 40).

دەتوانین سەرج بدەین کە هەردوو بەشی (B) و (C) هەمان درێژییان هەیە ، کە ئەمەش رەزمێکی رێکوپێك دەدات بە کارەکە .

هێڵی (A) لە حەوت بەشی رۆمانەکە پێنج بەشیان داگیر دەکات ، لەکاتێکدا هەریەکە لە هێڵی (B) و (C) یەك بەش لەحەوت بەش دیاریی داگیر دەکەن ، ئەم رێژەیە وادەکات کە ئێستا بە لاپەڕەکانی (A) بنوێنرێت و ژیانی فارشتاو شامشا لە زەمەنی ئێستادا ببێتە چەقی رۆمانەکە .

ئەگەرچی هەردوو هێڵی (B) و (C) پەراوێزین ، بەڵام مەرجی جوانیی رۆمانەکە لەوانداید - چونکە روشدی بەهۆی ئەم دوو تەوەرەیەوە دەتوانێت مەسەلە جەوهەرییەکەی رۆمانەکە بخاتە روو (کە بریتییە لە ناسنامەی کەسێتی یان تاك) بە رێگایەکی وێ لە شێ،ازە سایکۆالۆژییەکان تێدەپەڕێت ، کەسێتی فارشتاو شامشا لە توێی وەسفکردنی دوورو درێژی ئەو حاڵەتە زەینییەوە کە تیا دەژین دەرکی پێناکرێت ، چونکە تەژمیی ئەوان لەناو حاڵەتی پێکەوە ژیانەکەیاندایە ، کە لەناو رۆحیاندا هەیە لەنێوان هەردوو شارستانێتی ئەوروپایی و هیندیی ، هەروەها لە رەگ و ریشەیاندایە کە سەرباری پچڕانیان لێی ، هێشتا هەر بە زیندووی ماوەتەوە . جێگای پچڕانی ئەم رەگانە کوێیە ؟ دەبێت چەند بە قوواڵییدا بچینە خوارەوە ، تا دەست بدەین لە بریندەکە ؟ وردبوونەوە لە چاڵی رابردوو لە ئامانجەکەمانەوە دوور نابێت ، بریتییە لەو درزە بوونگەرایەی لەناو هەردوو پاڵەوانی رۆمانەکەدا هەیە : شامشا و فارشتا .

لە ژێر سایەی پەرەنسیپە مەزنەکاندا

یەکەمین رۆمانی سەلمان روشدی " منداڵانی نیوەشەو " ، لەکاتی دەرچونیدا لەساڵی ١٩٨٠ ، سەرنجی هەموانی راکێشا ، نێوەندی ئەدەبی ئینگلیزیی و ئەوانەشی کی ئینگلیزیی بەکاردەهێنن . کەس نکولیی لەوە نەکرد کە روشدی یەکێکە لە بەهرەدارترین رۆماننوسی ئێستامان .رۆمانی ئایەتە شەیتانییەکان لەئەیلولی ١٩٨٨دا بە ئینگلیزیی دەرکەوت ، بەبایەخێکی زۆرەوە پێشوازیی لێکرا کە شایستەی خودی نوسەرەکەیە . پێشوازیی لە کتێبەکە کرا بەبێەوەی کەس پێشبینیی ئەوە بکات کە دوای چەند مانگێك چ گەردەلوڵێك بەرپا دەکات ، کە خومەینی فەتوایەك دەدات بە کوشتنی روشدی بە تۆمەتی کوفرکردن .

ئەمە پێش وەرگێڕانی رۆمانەکە رووبدا ، بەمجۆرە هەراو هەنگامەکە پێش کتێبەکە گەیشتە ئەو وڵاتانەی کە بە ئینگلیزیی نادوێن . لە فەڕەنسا ، رۆژنامەکان بۆ رووبکردنەوەی هۆیەکانی تاوانبارکردنەکە ، یەکسەر چەند پەرەگرافێکیان لە رۆمانەکە باڵاو کردەوە کە هێشتا باڵاو نەکرابۆوە . ئەم رەفتارە کاردانەوەیەکی سروستی بوو ، وەڵێ کاریگەرییەکی روخێنەرانەی لەسەر خودی رۆمانەکە هەبوو ، چونکە ئەو پەرەگرافانەی کە پێیان تاوانبارکراوە ، بوون بە بەدیلێك بۆ رۆمانەکە بەگشتی ، بەمەش هەر لەسەرتاوە کارە هونەرییەکە گۆڕا بۆ جەستەیەکی ساردو سڕ .

پێویستە دژی رەخنە نەبین ، بەڵام لەو خراپتر نیە کە لەکاتی بزریی نوسینی رەخنەییدا دەربارەی کارەکانی نوسەر ، خۆی دەوری رەخنەگر ببینێت . من وەکو تێڕمانێك دەربارەی رەخنەی ئەدەبیی دەدوێم ، وەکو شیکردنەوە ، مەبەستم لە رەخنەی ئەدەبیی پشتبەستووە بە چەند جارێك خوێندنەوەی کتێبەکەیە ، بریتییە لە خوڵقاندنی وتووێژ دەربارەی کتێبەکە (وەکو ئەو پارچە مۆسیقا مەزنانەی کە دەیان جار گوێیان لێدەگرین ، رێك وەکو ئەو رۆمانە مەزنانەی کە چەند جارێك دەیانخوێنینەوە) . رەخنەی ئەدەبی لە فشارەکانی ئێستا قوتاری بووەو ئامادەیە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو کارانەی کە تەمەنیان ساڵێکە یان سی ساڵە ، یاخود سێسەد

ساڵە ، رەخنەی ئەدەبیی هەوڵ دەدات کە لە تایبەتمەندێتی کارێکی ئەدەبیی تێبگات ، هەتا نەخشەکەی لەیادەوەرێتی مێژووییدا ، هەڵبکۆڵێت . ئەگەر بە درێژایی مێژووی رۆمان تێڕامانێکی لەم بابەتە نەهاتبێتە دیی ، ئەوا ئێمە هیچمان نەدەزانی دەربارەی دۆستۆیڤسکی یاخود جۆیس[28] یان پرۆست[29] . بەبێ ئەوە ئەم چەشنە کارانەدەبن بە قوربانیی حوکمی زۆر بێسەروبەرەو لەبیرچوونەوەیەکی خێرا . ئەمڕۆ مەسەلەکەی روشدی دەری خست کە لەژێر فشاری رووداوە یەک لەدوای یەکەکانا و ، لە توێی ئەو وەرچەرخانەی کەبەسەر کۆمەڵگاو رۆژنامەگەرییدا هاتووە ، چیتر مومارەسەی تێڕامانێکی لەم بابەتە لە ئارادا نەماوە . رەخنەی ئەدەبیی بووە بە نەشرەی هەواڵە ئەدەبییەکان (ئەگەرچی زیرەکانەشەو وەڵامدانەوەشی باشە) .

با بەم شێوەیە رووبەڕووی مەسەلەکە ببینەوە ، لە رۆمانەکەدا هیچ هێرشێك بۆ سەر ئیسلام لەگۆڕێ نیە ، بەڵکو تەومژێك هەیە . بەشی دووەمی ئایەتە شەیتانییەکان کە بووەتە جێی تاوانبارکردن بەوەی باسی ماوەی یەکەمی ئیسلام دەکات .. ئەم بەشە وەکو خەوێك دەخرێتە روو کە جوبرائیل فارشتا دەیبینێت ، پاشان دەیکات بە فلیمێکی سەرنەکەوتوو کە خۆی دەوری فریشتەکە دەبینێت تێیدا . لێرەدا حیکایەتەکە لە دوو ئاستدا بە شێوەیەکی رێژەیی دەبێت (یەکەم لە شێوەی خەونداو پاشان گۆڕانی بۆ فلیمێکی خراپ) ئەم پێش و پاش خستنە شێوەی تەسریحدان وەرناگرێت ، بەڵکو داهێنانێکی قۆشمەیە . ئایا دەتوانین ناتۆرەی رووقایمیی لەم نەسکە بنێین ؟ وەڵامی من نەخێرە : چونکە بۆ یەکەمین جار لە ژیانمدا ئەم نەسکە جوانکاریی شیعریی ناو ئیسلام و جیهانی ئیسلامی پیشان دام .

پێویستەجەخت لەم حەقیقەتە بکەین : لە جیهانی نیسبیی رۆماندا جێگایەك نیە بۆ رق و قین : ئەو رۆمانکارەی رۆمانێك دەنوسێت بۆ پاککردنەوەی حیسابێکی شەخسیی (چ شەخسیی بێ یان ئایدیۆلۆژیی) لە رووی جوانییەوە جگە لە جیهانێکی وێرانکراو شتێکی تر بەدەست ناهێنێت ، جیهانی خۆراوا بەگومانەوە تێی دەڕوانێت ، بە هیچ شێوەیەکیش وەکو کاری پێشکەوتوویەکی خۆرەڵاتی دێرین پێشکەش ناکرێت : رۆمانەکە لە گۆشەی مێژوویی و دەروونییەوە دەقە ئاینییە پیرۆزو دێرینەکان هەڵدەگرێتەوە ، بەڵام دەریشی دەخات کە بە هۆی تەلەفزیۆن و پڕوپاگەندەو پیشەسازیی و رابواردنەوە چەندە خراپەی دەرهەق دەکرێت ، تەنانەت کەسێتییە چەپڕەوەکان ، ئەوانەی نکولیی لە بێتامی جیهانی نوێ دەکەن ، لەلایەنی دانەرەکەوە گاڵتەیان پێدەکرێت ، چونکە پەتای بێتامیی جیهانی چواردەوەریان ، خۆشیان دەگرێتەوە . لەبەرئەوە لە جیهانی کەرنەڤالیی ئەم رۆمانەدا ، کەسێك نیە بە تەواویی راست بێت یاخود بە تەواویی هەڵە بێت .

رۆمانی ئەوروپایی

بۆ پێناسەکردنی ئەو هونەرەی کە بابەتی گفتوگۆکەمانە ، ناوێ لێدەنێم رۆمانی ئەورپایی .مەبەستم لەو رۆمانانە نیە کە لە ئەوروپاو لەلایەنی نوسەرتنی ئەوروپییەوە نوسراون ، بەڵکو مەبەستم لەو رۆمانانەیە کە سەر بەو مێژووەن ، کە لەسەرەتای سەردەمی تازەوە دەست پێدەکەن . ئەڵبەتە رۆمانی چینی و یابانی و گریکیی هەن ، بەڵام پێوەست نین بە هێڵی بەردەوام و گەشەکردووی ئەم پڕۆژەیەوە کە لەگەڵ رابیلێ و سێرڤانتسدا دەستی پێکردووە .

من دەربارەی رۆمانی ئەوروپیی دەدوێم ، بۆ ئەوەنا کە - بۆنمونە لە رۆمانی چینی جیای بکەمەوە

، بەڵکو بۆ جەختکردن لەسەر مۆرکی هاتووچۆی ئەو رۆمانەلەناو ئەوروپادا ، بە واتەیەکی تر ، رۆمانی ئینگلیزیی یان فەرەنسیی یاخود مەجەرپیی ، ناتوانێت میژووی تایبەتی خۆی بخوڵقێنێت ، بەڵکو هەریەکەیان بەشێکن لەیەک تاقە میژوو کە سنورە نەتەوەییەکانی بەزاندووەو ، دەتوانێت ئاڕاستەی پەرەسەندنی رۆمان و بەهای هونەریی چەند کارێکی دیاریکراو بخاتە روو .

چەند ولاتێك لە چەند قۆناغێکی جیاجیای ئەم پەرەسەندنەدا بەشداریان کردووە لە دەسپێشخەرییکردندا ، هەروەك چۆن لە پێشبڕکێی بەریددا روودەدات ، یەکەمجار ئیتالیا لەگەڵ بۆکاشیۆی پێشەنگی مەزندا ، پاشان فەرەنسا لە تۆپر رابیلێوە ، دواتر ئیسپانیا بە سیرڤانتس و رۆمانی سوارچاکیی ، رۆمانی ئینگلیزیی لەسەدەی هەژدەداو پاشان ئەڵمانیا بە گۆتە . بەڵام سەدەی نۆزدە هەرهەمووی هی فەرەنسایە لەپاڵ رۆمانی روسییدا لە دوایین سێیەکی سەدەکەدا . پاشان راستەوخۆ رۆمانی ئەسکەندەنافیی دێت ، دوای ئەوە سەرچڵیی رۆمانکاریی سەدەی بیستەم لە ناوەڕاستی ئەوروپاوە دێت ، لەتوێی کافکا[٣٠] مۆزیل و برۆك و گرۆمبرۆڤیسکەوە .

پێموانیە ئەگەر ئەوروپا یەك وڵات بووایە ، میژووی رۆمان بەم چالاکییەو بەم هێزو تینە فرەچەشنییەوە بۆ ماوەی چوار سەدە بەردەوام دەبوو ، چونکە بەردەوامبوونی نوێکردنەوە لە هونەری رۆماندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخە میژووییە نوێکارەی کە یەکەمجار لەفەرەنساو پاشان لە روسیاو دوایی لە وڵاتانی تر دەستی پێکرد . لەگەڵ ئەم نوێکردنەوەیەدا شێوازی تازەتری ئیلهام هێنرا ، چارەسەری جوانکاریی تازەتر پەیداکرا ، وەك بڵێی میژووی رۆمان لە توێی ئاڕاستەی گەشتەکەیدا ، بەردەوامبوو لەسەر بێدارکردنەوەی ناوچەی جیاجیای ئەوروپا ، یەك لەدوای یەك ، بەوەی وایان لێبکات هەست بە تایبەتمەندێتی خۆیان بکەن ، لەهەمانکاتیشدا ئاوێتەبوونی خۆیان لەناو هۆشی ئەوروپایی هاوبەشدا بەدیی بهێنن .

لەم سەدەیەی ئێمەدا ، بۆ یەکەمینجار لەدەرەوەی ئەوروپا ، لە میژووی رۆماندا دەسپێشخەریی کرا ، یەکمجار لە ئەمریکای باکور ، لەماوەی بیستەکان وسییەکاندا ، پاشان لەشەستەکاندا لە ئەمریکای لاتین . نوسینەکانی ئەنتێل باتریك و شاموواز و سەلمان روشدی چەند خۆشحاڵیان کردووم . لەم حاڵەتدا وام پێباشترە دەربارەی ئەو رۆمانە بدوێم کەدەکەوێتە ژێر هێڵی پانیی (٣٥) ەوە ، یان بە واتەیەکی تر رۆمانی باشور :

لێرە بەرهەمهێنانێکی کەلتوریی رۆمانکارانەی دیار هەیە لەگەڵ هەستێکی سەرسامکەرانەدا بە واقیع ، لەپاڵ ئەندێشەیەکی سەرکێشدا ، کە هیچ پەرەنسیپێکی ناماقوولّ بوون لەبەردەمییدا راناوەستێت . من زۆر بەم ئەندێشەیە دڵم دەکرێتەوە ، بەبێ ئەوەی بەتەواویی تێبگەم کە چاوگەکەی کامەیە . کافکایە ؟ بێشك ، چونکە بەنیسبەتی سەدەکەی ئێمەوە ، کافکا شەرعییەتی دابەوەی نامکاقوولّە بێت و جێگایەك لە رۆماندا داگیر بکات ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەندێشەی کافکاییانە جیاوازە لەوەی لای روشدی یان مارکیز هەیە ، ئەو ئەندێشە بەلێشاوە چەقیوەتە ناو تایبەتمەندێتییە ژیارییەکانی باشورەوە (شاموواز ئیلهامی نوسینی خۆی لە حیکایەتخوانە کرییۆلەکان وەردەگرێت) ، وەلێ بە نیسبەتی فۆرێنتسەوە ، ئەوا پێویستە هونەری بارۆك بۆ ئەمریکای لاتین بگەڕێنینەوە (هونەری زەخرەفەو ئارایشتی ئاڵ و والا کە لە ناوەڕاستی سەدەی شازدەوە تا کۆتایی سەدەی هەژدە لە ئەوروپادا باو بوو) . ئەم رۆمانە لە رۆمانی ئەوروپیی چالاکتر و شێتترە .

یان وەلامێکی تریش بۆ ئەم ئەندێشەیە هەیە : مۆرکێکی ئیستیوائییانە درا بە رۆمان . من لەم رایەدا پشت بە روشدی دەبەستم : فارشتا بەسەر لەندەندا دەفڕێت و لە دەرونیدا خۆزگەیەک هەیە ، خۆزگەی ئەوەی ئەو شارە بگۆڕێت بۆ خاکێکی ئیستیوایی . فارشتا لایلانە باشەکانی ئەم گۆڕانە دەژمێرێت : " چەسپاندنی خەوی نیوەڕوان وەکو نەریتێکی نیشتمانی ..بااڵندەی نوێ لەسەر درەختەکان (توتی و تاووس) ، درەختی نوێ لەژێر بااڵندەکاندا (درەختی گوێزهیندو تەمەر هیندو هەنجیری بەنگاڵ بە ریشاڵە هەڵواسراوەکانییەوە) ..جۆشی ئایینیی ، هەراو زەنای سیاسی .. هاوڕێیان بە بێ خەبەردان سەردانی یەکتریی دەکەن ، داخستنی خانەی پیران ، تەرکیزکردنە سەر خێزانی فراوان ..خراپەکانیش بریتین لە کۆلێراو تایفۆوید ، تۆز و سیسرک و غەڵبەغەڵب ، تەشەنەکردنی کەلتوری زێدەڕۆیی .

(کەلتوری زێدەڕۆیی گوزارشتێکی دڵگیرە ، ئاڕاستەی رۆمان لە قۆناغەکانی کۆتایی هاوچەرخییەکەیدا ، بریتییە لە شوێنکەوتنی ئاشنا تا ئەوپەڕی ، شیکردنەوەیەکی تۆکمەی رەنگی خۆڵمێشی لەسەر تابلۆیەکی خۆڵەمێشی ، دەیخولقێنێت ، دەرەوەی ئەوروپا ، بێوازی وێنە رەنگاورەنگەکان .

ئەگەرچی ئەوەی لەژێر هێڵی پانی (٣٥) دا نوسراوە ، تا رادەیەک بەلای زەوقی ئەوروپییەوە نامۆیە ، بەاڵم درێژبوونەوەی مێژووی رۆمانی ئەوروپییە ، لە بونیادیش و لو رۆحیشدا ، بەشێوەیەکی حەپەسێنەر لە سەرەتاکانییەوە نزیکە ، تەنای لەلای رۆماننوسە نائەوروپییەکان رابیلێ ئامادەییەکی پرشنگدارو بەتینی هەیە.

ئەو رۆژەی کە پانۆرج چیتر
خەڵکی پێ ناخرێتە پێکەنین

لێرەدا بۆ دواجار دەگەڕێمەوە سەر چانۆرج . لە کتێبی پانتاگرۆیلدا ، پانۆرج دەکەوێتە ئەوینی ژنێکەوە ، دەیەوێت بەهەر نرخێك بێت ئەو ژنەی دەست بکەوێت . لەکەنیسە بەقسەی نزم ژنەکە دادەگرێتەوە ، بەاڵم کە ژنەکە گوێی پێنادات ، پانۆرج دێت گەاڵ و گونی سەکێك لەتوپەت دەکات وبەسەروگوێاڵکی ژنەکەدا بێوی دەکاتەوە . کو ژنەکە لەکەنیسە دێتە دەرەوە ، هەرچی سەگی ناوچەکە هەیە دوای دەکەون و میزی پێدا دەکەن (شەست هەزارو چلو پێنج سەگ بە پێی وەسفەکەی رابیلێ) . دێتەوە بیرم بیست ساڵان بووم کە رابیلێم خوێندەوە ، هاوڕێکانم حەزیاندەکرد بزانن چی دەخوێنمەوە ، هەر ئەمەش وایلێکردم بۆیان بخوێنمەوە . چەندجارێك لەماوەی جیاجیاجا بۆم خوێندنەوە ، هەندێکیان بە تەواویی لەبەریان کردبوو . گەرچی هەموو هاوڕێکانم لە رەگوریشەی جوتیاریییەوە هاتبوون ، بااڵم پێکەنینەکانین هیچ جۆر تاوانبارکردنێکی پانۆرجی تیا نەبوو ، بڵکو لە خۆشەویستییدا بوو .ئێستاش دەتوانم پێکەنینە راستگۆکانیان بهێنمەوە یادی خۆم . وترە سوك و سەلیمەکەی پانۆرجیان زۆر بەاڵوە خۆش بوو ، بەاڵم هەموویان وەکو یەك شادمان بوون بەوئازارەی کە لە ژنە دڵڕەقەکەوە پێی گەیشت ، پاشان گوشادییش دایگرتن بەرامبەری سزاکەی پانۆرج بۆ ژنەکە . هاوڕێکانم بەلای کێدا دیان شکاندەوە ؟ میانڕەویی ؟ نامیانڕەویی ؟ ئافرەتەکە ؟ یان بەلای ئەو سەگانەدا کە بۆیان هەبوو میز بکەن بەجوانیدا ؟

گاڵتە ، ئەو بریسکە یەزدانییەی کە جیهان لەبارە شلۆێکەیدا ، لەگەڵ ناتوانایی مرۆڤی کاملڵ بۆ دادوەریی کردنی ئەوانیتر ، کەشف دەکات ، گاڵتە ژێەییە مەستەکەی شتە مرۆییەکان : خۆشحاڵییە غەریبەکەی کە لە دڵنیابوونەوە دێت لەوەی هیچ یەقینێك لە ئارادا نیە .

بەاڵم ئۆکتافیۆ باس گاڵتەکە بەکەزنترین داهێنانی گیانی هاوچەرخ دادەنێت ، لە ئەزەلەوە لەگەڵماندا نەبووەو هەتاهەتایە لەگەڵماندا نامێنێتەوە .

هەرچی جارێك بیر لەوە دەكەمەوە كە رۆژێك دێت كە ژیتر پانۆرج ناتوانێت خەڵكی بخاتە پێكەنین ، یەكسەر دڵم دەگوشرێت .

چاوگە :

١. الدعابة ، والرواية المكتوبة .
تحت خط العرض ٣٥ .
ترجمة لؤي عبداللاه مجلة المدى ، ص ١١٨ ـ ١٢٤ .
٢.ميلان كونديرا ، وصايای تحريف شده
ترجمه كاوه باسمندجی ، لاپەڕه ٩ ـ ٣٠ .

* ئەم نوسینە لە هەردوو زمانی فارسی و عەرەبییەوە وەرگێڕدراوە ، ئەمە ناونیشانی دەقە عەرەبییەكەیە ، بەڵام فارسییەكە ئاوایە (ئەو رۆژەی كە چیتر پانۆرج خەڵك ناخاتە پێكەنین)

- هەموو پەراوێزەكان هی وەرگێڕی كوردین.

(١) فرانسیۆس رابیلی(*Francious Rabelais*) راهیبێكی فرانسیسكانییە ، هەروەها فیزیاییەكی ناوداری سەردەمەكەی خۆیەتی . لە دەوروبەری سالّی ١٤٨٣دا لەدایك بووە ، كوڕی ئەنتۆنی رابیلێی گەورە زەویداری تۆرینا كە پارێزەرێكی ناوداریش بووە . رابیلێی كوڕ وەكو باوكی یاسا دەخوێنێت و ماوەیەكە بە پارێزەریی بەسەر دەبات و پاشان خوو دەداتە فەلسەفەو لۆژیك و ئەدەب ، رۆمانەكەی (گارگانتۆو پانتاگرویلّ) بە یەكێك لە كارە مەزنەكانی رێنیسانسی فەرەنسا دادەنرێت.

(٢) ئەم پەرەگرافە لە دەقە فارسییەكەدا نییە ، هۆكەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی باس لە سەلمان روشدی دەكات ، لە هەرشوێنێكدا باسی ئەم نوسەرە هیندیە كرابێت دەقە فارسییەكە پەڕاندوویەتی.

(٣) ئۆكتافیۆ باز شاعیرو رەخنەگری بەناوبانگی مەكسیك ، خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ .

(٤) هۆمیرۆس (*Homer*) مێژووی ژیان و مردنی بەتواویی نەزانراوە ، شاعیرو داستاننوسی بەناوبانگی یۆنان ، خاوەنی هەردوو داستانی ئەلیادەو ئۆدێسەیە.

(٥) ڤێرجیل یان ڤێرجیلۆس (*Vergilius*) شاعیری ناوداری رۆمانی ، ناوی نەواوی پابلیۆس ڤێرجیلۆس مارۆیە ، لە ١٥ی ئۆكتۆبەری سالّی ٧٠ی پێش زایندا لە دایك بووەو لە ٢١ی سێپتەمبەری سالّی ١٩ی پێش زایندا مردووە . بەناوبانگترین كاری بریتییە لە ئەنیادە كە لە سالّی ٣٠ی پێش زایینەوە دەستی پێكردووەو پێش ئەوەی تەواوی بكات دونیای جێهێشتووە.

(٦) ئەرەستۆ (*Aristotle* ٣٨٤ ـ ٣٢٣ پ . ز) قوتابی ئەفلاتونەو یەكێكە لە بلیمەتترین عەقڵەكانی مێژووی فەلسەفە ، لەگەڵ مامۆستاكەیدا هەتا ئەمڕۆش سێبەریان بەسەر شەپۆلە فەلسەفییەكانەوە هەیە . لەبەرامبەری ئەكادیمیاكەی ئەفلاتوندا قوتابخانەی لیقۆنی دامەزراند بۆ وتنەوەی وانە فەلسەفییەكان.

(٧) ئەم بەشە بە تەواویی لە وەرگێڕانە عەرەبییەكە لابراوە چونكە باسی بێباوەڕیی دەكات.

(٨) مارتن هایدگەر (*Martin Heidegger*)(١٨٨٩ ـ ١٩٧٨) یەكێكە لە مەزنترینی فەیلەسوفەكانی سەدەی بیستەم ، هایگەر بیریاری بوونە ، گەورەترین پرسیار لە فەلیسەفەكەی ئەودا بریتییە لە پرسیاری : بوون چییە ؟ وەلێ لە دواین هەوڵیدا بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەنتۆلۆژییە دەگاتە ئەوەی كە نیگەرانیی بریتییە لە ماهییەتی بوون ، ئەمەش دۆڕاندنی ململانێكەیە لە بەرژەوەندیی هەبوودا ، نەك لە بەرژەوەندیی بووندا.

(٩) تۆماس مان (١٨٧٥ ـ ١٩٥٥) یەكێكە لە رۆماننوسە نێوداركانی جیهان كە بە رەچەڵەك ئەڵمانییەو دوایی لەسەردەمی هیتلەردا وڵاتی بەجێهێشتووەو رەگەزنامەی ئەمریكایی وەرگرتووە . دیارترین رۆمانەكانی بریتین لە (مەرگێك لە ڤینیسیا ١٩١٢ ، جیای ئەفسوناوی ١٩٢٤ ، دكتۆر فاوست ١٩٤٧) گەلێك وتارو نوسینی سیاسییی و فەلسەفییشی نوسیوە.

(١٠) یەهوە ناوی خوداوەندی ئیسرائیلە ، ئەم خوداوەندەیە كە خۆی پیشانی موسا داوە ، بە یارمەتی ئەم ئایتی جووەكان دەبێتە ئاینێكی جیهانی ، جووەكان بە ئیلۆهیمیش ناوی دەبەن ، مانای ناوەكەی بریتییە لە ئەوەی كە هەموو ئەو شتانەی هێناوەتە بوون كە هەن.

(١١) شێوی یەزدانیی مەراسیمێكی ئاینیی مەسیحییەكانە ، بۆ یادكردنەوەی ئەو خوانەی كە مەسیح بۆ هاوەڵەكانی و ژمارەیەكی زۆری خەڵك سازی كرد ، یادەكە لەناو كەنیسەدا دەكرێتەوە.

(١٢) فیۆدۆر دۆستۆیفسكی (١٨٢١ ـ ١٨٨١) رۆماننوسێكی ناوداری روسییە ، رۆمانەكانی گوزارشت لە دەرون و نەستی مرۆڤ دەكەن و خۆیان دەكەن بە كونجە تاریكەكانی كەسێتی مرۆڤدا ، ژمارەیەكی زۆر رۆمانی نوسیوەو سەرجەمی ئەو لاپەڕانەی نوسیونی خۆی دەدات لە بیست هەزار لاپەڕە ، لە دیارترین رۆمانەكانی (تاوان و سزا ١٨٦٦ ، گەمژە ١٨٦٨ ، برایانی كارامازۆف ١٨٧٩).

(١٣) لیـــۆ تۆلیســـتۆی (١٨٢٨ ـ ١٩١٠) رۆمانـنوســـێکی بەناوبانگی تـری روسـیایە ، یەکێکـە لـە هـەرە رۆمانـنوسـە مەزنەکانی جیهان و یەکێکە لە بیریارە هەرە ریفۆرمیستەکان ، لە کارە مەزنەمانی (جەنگ و ئاشـتی ١٨٦٥ ـ ١٨٦٩ ، ئانـا کارنینا ١٨٧٥ ـ ٧٧).

(١٤) ڤۆڵتـێر (*Voltaire* ١٦٩٤ ـ ١٧٧٨) ، مێژوونـوس و فەیلەسوف و نامەسـازو شانۆنامەنوسـی گـەورەی فەرەنسـا ، یەکێکـە لـە بیریارەمەزنـەکانی رێنیسـانس و داکۆکیکـەرێکی سەرسەختی ئازادییە.

(١٥) ئارسەر رامبـۆ *Arthur Rimbaud* (١٨٥٤ ـ ١٨٩١) شـاعیرێك و سـەرچاڵێکی فەرەنسـییە کـە شـیعرە رەمزییـە بچووکەکانی لە نێوانی ١٥ ـ ٢٠ سـاڵیدا نوسـیوەو بـە نمونـەی نایابترین شیعری فەرەنسـایی دادەنرێن و کاریگـەریی زۆریـان لەسەر قوتابخانەی رەمزیی هەیە.

(١٦) . جـۆن کیتـس (*John Keats*) (١٧٩٥ ـ ١٨٢١) یەکێکە لە شاعیرە لیریکییە هـەرە مەزنـەکانی ئینگلیز لـە سەدەی نۆزدەدا.

(١٧) میخائیل لێرمەنتۆف Mikhail Lermontov (١٨١٤ ـ ١٨٤١) سەرتۆپی شـاعیرە رۆمانسییەکانی روسـەو نوسـەری رۆمـانی پاڵـەوانی ئـەم کاتەمانـە ، کـە کاریگەرییـەکی زۆری لەسەر نوسەرانی دوای خۆی بێحێشتووە.

(١٨) پـابلۆ پیکاسـۆ (Pablo Picasso ١٨٨١ ـ ١٩٧٣) وێنەکێشێکی ئیسپانییەو رەوی کـردووە بـۆ فـەڕ'نسـاو لـەوێ بووە بە هونەرمەندێکی جیهانی ، تابلۆی ژێرنیکـا یەکێکـە لـە تابلۆ ناوداڕەکانی.

(١٩) تیزیـانۆ تیتیـان (Tiziano Titian ١٤٩٠ ـ ١٥٧٦) وێنەکێشـێکی نێـوداری ڤینیسـیایە ، بـەناوبانگترین کـاری بریتییە لەدەرکەوتنی مەریەمی پاکیزە.

(٢٠) پۆڵ سیزان (Cezanne ١٨٣٩ ـ ١٩٠٦) وێنەکێشـێکی فەرەنسییە ، سـەر بـە قوتابخانـەی ئینتیباعییەتـە ، باوەڕی وابوو کە بیرکردنەوە کاردەکاتە سەر بینینی شتەکان .

١ مۆنێ یان مانی (٢١٥ ـ ٢٧٦) بیریارو نیگارکێشێکی ئێرانی کۆنە ، دامەزرێنەری پێڕەوی مانیزمە ، کە باوەڕی بە هەردوو پرەنسیپی چاکەو خراپە هەیە ،شـێوازی وێنەکێشانی چینیـی بـردە نـاو هونـەری ئێرانییـەوەو وێنـەی فریشـتەو شەیتانەکانی دەکێشا.

(٢١) مۆنـێ یـان مـانی (٢١٥ ـ ٢٧٦) بیریـارو نیگارکێشـێکی ئێرانی کۆنە ، دامەزرێنەری پێڕەوی مانیزمە ، کە باوەڕی بـە هەردوو پرەنسیپی چاکەو خراپە هەیە ،شـێوازی وێنەکێشانی چینیـی بـردە نـاو هونـەری ئێرانییـەوەو وێنـەی فریشـتەو شەیتانەکانی دەکێشا.

(٢٢) ستاندال (Stendhal ١٧٨٣ ـ ١٨٢٤) رۆمانـنوسـێکی فەرەنسییە ، کارەکـانی رۆمانسـین و لایـەنی سـایکۆلۆژیی کەسێتییەکانی زۆر ورد کردۆتـەوە کـە بـۆ ئـەو سـەردەمە شـتێکی نـامۆ بـوو ، دوای مردنـی بـە ماوەیـەکی زۆر ئینجـا ناوبانگی دەرکرد ؟.

(٢٣) بـەلزاك (*Balzac* ١٧٩٩ ـ ١٨٥٠) رۆمانـنوسـێکی نایۆداری فەرەنسایە ، زۆر بە وردیی لە ئاکاری سـەردەمەکەی خۆی کۆڵیوەتەوە ،دیارترینی کارەکانی بریتین لـە کۆمیدیـای مرۆیی و نۆڕینی گراندە.

(٢٤) لۆرانس شتیرن (*Laurence Sterne* ١٧١٣ ـ ١٧٦٦) رۆمانـنوسێکی ئینگلیزییە ، لایەنی سایکۆلۆژیی لە کارەکانیدا زۆر رەچـاو کـردووەو بـە یـەکێك لـە رۆمانـنوسـە پێشـینەکان دادەنرێت.

(٢٥) دیـــدرۆ (*Diderot* ١٧١٣ ـ ١٧٨٣) بیریـــارێکی فەرەنســـییە سەرپەرشـــتیاری نوســـینی یەکـــەمین ئینسایکلۆپیدیایە ، پیـاوێکی زۆر رۆشـنبیر بـووە ، بـە رۆحـی سەدەی هەژدەیەم لەقەڵەم دەدرێت.

(٢٦) گۆستاف فلۆبێر (*Gustave Flaubert* ١٨٢١ ـ ١٨٨٠) رۆمانـنوسێکی فەرەنسـییە ، کـارە ناوداڕەکـەی " مـەدام بۆڤاری " یەکێکە لەو رۆمانە رۆمانسییە جوانانـەی کە باسـی ژیانی بۆرژوازییەت دەکات.

(٢٧) سێرڤانتس *(Cervantes ١٥٤٧ ـ ١٦١٦)* ناسـراوترین نوسەری ئیسپانییە لەسەر ئاستی جیـهانی ، خـاوەنی رۆمـانی دۆن کیخۆتەیە(١٦٠٥) کە بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕانـە باسـی سەردەمی سوارچاکیی دەکات.

(٢٨) جەیمس جۆیـس (*James Joyce* ١٨٨٢ ـ ١٩٤١) رۆمانـنوسـی نێـوداری ئیرلـەندە ، کاریگـەریی زۆری لەسـەر ئەدەبی سەدەی بیستەم هەیە ، ناودارترین رۆمانی بریتییە لە یولیسێس.

(٢٩) مارسیل پرۆست (*Marcel Proust* ١٨٧١ ـ ١٩٢٢) یەکێکە لە رۆمانـنوسە ناسراوەکانی فەرەنسا ، سەراپای ژیانی بریتییـە لـە چـیرۆکی گـەڕان بـە دوای حەقیقـەتدا ، دیـارترین کاری بریتییە لە گەڕان بە دوای زەمەنی ونبووداا.

(٣٠) فرانـس کافکـا (*Franz Kafka* ١٨٨٣ ـ ١٩٢٤) گەورەترین رۆمانـنوسی چیکییە ، لە شاری پراگ لەدایك بووەو بە زمانی ئەڵمانە نوسیویەتی ، گرنگـترین کارەکـانی کۆشـك و دادگاییکردنە.

دەقی قورئانی و ئاسۆکانی نووسین: کتێبێکی دووسەد لاپەڕەییە لە نووسینی ئەدۆنیس و سالّی ١٩٩٣ لە ــ دار الاداب ــ لە بەیروت چاپ کراوەو بریتییە لە چواربەش و هەر بەشێك لەو بەشانەی کتێبەکە چەند بابەتێکی جیاجیای لەژێر ناونیشانی جیاجیادا گرتۆتە خۆی.

ئەدۆنیس لە بابەتی (سەرەتایەك لە نێوانی دوو ئەفرۆزگەدا) دۆزی ئاوارەبوون لە زماندا دەخاتەروو دەڵێ: بەزمانێك دەدوێم ئاوارەم دەکات... و لەم بۆچوونەوە ئەوە دەسەلمێنێ کە سەرەتا تاراوگەبووە...

ئەنجا باسی ئەوە دەکات کە خودی ئیسلام زمانی عەرەبی لە تاراوگەکەی سەر زەوی‌دا دەرکردووەو لە نیشتمانی سرووشدا جێنشینی کردووە واتا لە ئاسمان و سروش خۆی لەخۆی‌دا بووەتە سەرەتایەکی دی.. هەروەها ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ژیانی عەرەب بە شێوەیەکی شیعری تاراوگەی ئاخافتن و تاراوگەی رژێم بووەو داهێنەری عەرەب لە رابوردو و ئێستاشدا گەلێ جۆری ئەفرۆزکردنی بینیوە... لەوانە سانسۆر/ قەدەغەکردن/ دەرکردن/ بەندکردن/ کوشتن.

ئەدۆنیس لای وایە لەبەر چەند هۆیەکی ناوەکی و دەرەکی زمانی عەرەبی گەیشتۆتە قۆناغی ناگوتن یا ژاوەژاو کردن و ئەمڕۆ لە بواری داهێناندا شتێکی ئەوتۆی نیە بەو ئازادییە بیلّێ کە داهێنان گریمانەی بۆ دادەنێ و بۆتە زمانی بێدەنگی و بێدەنگ کردن و لاڵ بوون... نەك ئاخافتن داهێنەری عەرەب لە نێوانی دووتاراوگەدا دەژی تاراوگەی ناوەوەو تاراوگەی دەرەوە... یا سارتەر گوتەنی لە نێوان دوو دۆزەخدا دۆزەخی خودو دۆزەخی ئەوانی‌تر.

لێرەدا حەز دەکەم ئەوە بخەمەروو کە هەندێ لە شاعیرو نووسەرە لاوەکان بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەم بیروڕاو بۆچوونانەی ئەدۆنیسیان وەرگرتووەو دەیانەوێ بەهی خۆیانی لە قەڵەم بدەن و بە جۆرێك لە جۆرەکانی فۆتۆکۆپی کردن بەسەر زمانی کوردی‌دا بسەپێنن. چونکو بارودۆخی زمانی کوردی و عەرەبی جیاوازن و ئەگەرچی ئەدۆنیس یەکێکە لە شاعیرە گەورەکانی عەرەب و جیهان بەڵام سەرنج و راوبۆچوونەکانی یاسایەکی چەسپاونین و مشتومڕو لە سەردووانی زۆری دەوێ و ناکرێ بە سانایی بقۆزرێتەوەو بەسەر زمانی کوردی‌دا بچەسپێ...

لەتیف هەڵمەت

هەڵە زەقەکانی:

(النص القرآني و افاق الكتابة)ی


ئەدۆنیس و مشتومڕێکی یەک لایەنی

ئەدۆنیس بەرەهایی دەڵێ شاعیری عەرەب لەبەر ئەوەی لە خودی خۆیدا بوونی بۆ خۆی و بۆ کەسانی دی نیە لەبەر ئەوە ناتوانێ لە بارەی ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤەوە بدەوێ و... چۆن دەتوانێ بدوێ کە خودی بوونی تاراوگەیەو راونراوی ناو نادامەزراوو دامەزراوە ! ئەدۆنیس سوورە لەسەر ئەوەی زمانی دامەزراوکاری ئێستا خودو ئەوی دیش دادەپۆشێ و بنەماکانی ئازادی و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ دەهەژێنێ... بە کورتی رای وایە ئەو زمانە مردن و مراندنە... و مەرگ هەر مەرگ دەبینێ و خودی مردو ئەوی‌تر وەکو خۆی بە مردوێتی دەبینێ و مەرگ تەنها شیعری ئەمرۆمانە... واتا ئەمرۆی عەرەب.

لە بابەتی دەقی قورئانی و ئاسۆکانی نووسیندا سوورە لەسەر ئەوەی کە لە سەرەتادا عەرەبەکان بەهۆی سەرسامی‌یانەوە بەزمانی قورئانەوە ئاینی ئیسلام سورنجی اکێشان نەك لەبەر ئەوەی کە رازو نهێنییەکانی گەردوون و مرۆڤی بۆ روون کردنەوە یا سستەمێکی نوێ ژیانی بۆ پیادەکردن... بەڵکو لەبەر ئەوەی زمانی قورئان نووسینێك بوو بەلایانەوە تازەو سەرسوڕهێنەربوو... هەروەها دەڵێ عەرەبی ئەو سەردەمە بەزمان قەوارەو بوونیان لەناوەوە گۆڕاو بە زمان ژیانیان گۆڕا.

ئەنجا دەپرسێ ئایا دەتوانین سووڕەتەکانی قورئان بخەینە چ خانەیەکی نووسینەوە... مەبەستی لەوەیە ناوی شیعر یا پەخشانی لێ بنێین یا ناوێکی دی... لەو لایەنەوە بیروڕایەکی ئەلجرجانی دەخاتەروو کە گووتوویەتی نەشیعرەو نە پەخشانەو پێشنیاری ئەوەی کردووە ناوی هۆنینەوەی لێ بنێین... ئەنجا ئەدۆنیس دەڵێ تەنها ناوێك بتوانین لەدەقی قورئانی بنێین ئەوەیە کە پێی بڵێین — کتێب — ئەم ناوەش خوا خۆی لە قورئاندا لە دەقەکانی قورئانی ناوەو ئەم ناوەی قورئان ناوێکی خوایی‌یەو ئەمەش مانای ئەوەیە کە رەهایەو ماناکانی نازانرێ و نە دەست پێدەکاو نەکۆتایی دێ.

بەڵام وەکو ئەدۆنیس دەڵێ ئەم کتێبە زمانێکە هەمیشە زمان دروست دەکاتەوەو تەنها بریتی نیە لە ئاماژەگەلێك و ئامێرگەلێك... زمان لێرەدا گەردوون و


ئەدۆنیس

خـواو نـهێنی و نادیارەکانـه... شـت و ئەوانـەی ئـەودیوی شـتەو ناکۆتاییـیـه... بنـەماو زینـدو بوونەوەیە. ئەدۆنیس لەم بابەتەدا ئەوە دەخاتـە روو کە دەقی قورئانی ئـەو مەسـەلەیە ناوروژێنـێ شـیعر چیەو پەخشان چیە..! بـەڵکو ئەوپرسیارە ئاراستە دەکات کە نووسـین چیـەو نووسـراو چیـە! هـەروەها دەڵێ مەودای قوڵی قورئان مەودایـەکی تەراژیدییـە چونکە تیشک دەخاتـە سـەر نادیـارو لـەناوچوون و نـەمان و ئـەوە روون دەکاتـەوە کـە زەوی پردێکـە بەرەو نادیار و مانەوە لەسەر ئەم پردە کاتییـە نـەک هەمیشەیی.

هەروەها دەڵێ دەقـی قورئـانی هـەموو جۆرەکانی ماریفەتی گرتۆتە خـۆی لەوانـە فەلسـەفەو رەوشت و سیاسـەت و شـەریعەت و ئـابووری و کۆمەڵایـەتی و هەمـەجۆرەکانی نووسینیشـی تێکچڕژانـدوە لەوانـە گێڕانـەوەو دیـالۆگ و چـیرۆك و مێـژوو حیکمـەت و ئـەدەب و هـەروەها سروشـتی شـتەکانی پشـت سروشتیشی کۆکردۆتـەوە... و دەقێکـە بانگاشـەی نووسینێکی نوێ دەکات بە دیدێکـی نوێـوە... بـەڵام ئەدۆنیس لەکۆتاییدا دەپرسێ ئایا سـەدەی داهـاتوو (مەبەسـتی لەسـەدەی بیسـت و یەکـە چونکـە ئـەم نووسینە لەدوا ساڵەکانی سەدەی بیستدا نووسـراوە) جۆرە نووسـینێکی دی پێویستە..؟ منیـش دەڵێـم خۆزگـە ئـەدۆنیس ئـەم پرسـیارەی بـەبێ وەڵام جێنەهێشـتایەو ئەوەشـی روون بکردایەتـەوە کـە پرسیارەکە تەنها ئاراستەی نووسەری عەرەب کراوە چونکە قورئان بەزمانی عەرەبی هاتووەو نەتەوەکانی دی کە بەزمانی خۆیان دەنووسن کتێبێکی لە جۆری قورئانیان بەزمانی زگماگی خۆیان نیە تـاکو مشـتومڕ لەسـەر ئـەوە بکـەن شـێوازی زمانکاری ئـەو کتێبـە تێدەپـەڕێنرێ یـا خـود تێپـەڕاندن مەحاڵێکـە لـە مەحاڵەکان. لەو بەشەشدا کە بە ناونیشانی (پاشـکۆ: پرسـیارکاری و سـەرنج) نووسـیویەتی ئـەدۆنیس پـێ لەسـەر ئـەوە دادەگـرێ و دووپـاتی دەکاتـەوە کـە هـەندێ لـە موسـڵمانان لـە سـەرەتای پـەیدابوونی ئیسلامدا لە رێگای بیستنی قورئانەوە موسڵمان بوون و عومـەری کـوڕی خـەتاب لـەو بارەیـەوە بـە نموونـە دێنێتەوەو دەڵێ گوایـە دەگێڕنـەوە عمـر گوتوویـەتی کاتێ گوێم لە قورئان بوو دڵی نـەرم کـردم و ئیسلام بـووم... بـەرای مـن ئـەم بۆچوونـە هەڵوێسـتەیەکی دەوێ و ئەڵێم ئەگەر راست بێ عومەر وای گوتبـێ... دەبێ گومان لە بوونی شیعری عەرەبیی پێش ئیسلام بکەین بە تایبەتی ئەو ـ حەوت ـ یا ـ دە ـ چامـە شـیعرییەی کـە مێـژووی ئـەدەبی عـەرەبیی وای دەخاتـە روو کـە بـە ئـاوی زێـڕ نووسـراون و بـە دیوارەکانی کەعبەدا هەڵواسراون... چونکـە قورئـانی پـیرۆزیش بەهـەمان شـێوەی زمـانی ئـەو چامانـە نووسـراوەو سەرسـامبوون و ئیسـلام بوونـی عومـەر بەهۆی کاریگـەرێتی زمانـەوە لـە سەداسـەد ئـەوە دەسەلمێنێ کەبەر لە قورئان عەرەب هیچی نـەبووەو چامـە بـەزێڕ نووسـراوو هەڵواسـراوەکانی نـاو کەعبـە قسـەڵۆکەیەو دەستهەڵبەسـتەو ئەمـەش دیسـانەوە مشتومڕی زۆری دەوێ و من هـەر ئـەم هەڵوێسـتەیەم لەسەرە... بەڵام باشتر وابوو ئەدۆنیس ئـەم کێشـەیە بە بەڵگەی تەواو یەکالا بکاتەوە... نەك بەم شـێوەیە بە نیـوە ناچڵی بۆ خوێنـەری بەجێبێڵێ.. لەبەشی دووەمدا ـ رەوتەکان ـ چەند بابەتێك دەخاتەروو کـە ئەمانـەن: (شـیعرو رۆشـنبیری ناشـیعری) (ناوەکـان) (زمان و حەقیقەت) لە بابەتی یەکەمدا باسی شـیعری قـوڵ و شـیعری روون دەکـات و شـیعر بـە بڵندتریـن پلەی دەربڕین لە قەڵەم دەدات و باسی ئەوە دەکـات کە ئیسلام وەکو دەزگایەکی ئاینی و رامیاری شیعری قۆزتـەوەو کـردی بەکەرەسـەیەکی راگـەیاندنکاری لێرەشدا دەتوانم بەرەهایی بڵێم نە قورئانی پیرۆزو نە

پێغەمبەر ـ د.خ ـ هیچ بۆتەو پێودانگێکی رامیاری و کۆمەڵایەتی و ئیستاتیکییان بۆ شیعر دانەناوەو ئەگەر ئەو شیعرانە راست بن کە پێش ئیسلام بەئاوی زێرنووسراون و بە دیوارەکانی کەعبەدا هەڵواسراون ئەوا دەڵێم شیعری سەردەمی سەرەتای ئیسلام وەکو شێوە زمان هەر هەمان شێوەزمانەو وەکو ناوەرۆکیش جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێ جێگای مشتومڕی زۆربێ ئەوە نەبێ کە ئەگەر هەندێ شاعیر لە پێش ئیسلامدا بەهۆزو خێڵەکەیەوە شانازی کردبێ. لە سەردەمی ئیسلامدا بە ئیسلامەوە شانازی کردووە... ئەگینا ناوەرۆکی شیعری پێش و پاش ئیسلامی هەرەب هەتا سەردەمی ئەمەوی‌یەکانیش بریتی بوو لە وەسف و داشۆرین و پیاهەڵدان و خۆهەڵکێشان و لاوانەوەو گریان بەسەر هەواره کۆنەداو باسی ئازادیی بنەچەوخێڵ و مەیکاری و خۆشەویستی بەهەردو جۆرەکەیەوە واتا خۆشەویستی رۆحی و خۆشەویستی لەش. بەڵام لە سەردەمی ئەمەوی‌یەکان و دواتریش لە سەردەمی عەباسی‌یەکاندا کە عەرەب بەهۆی داگیرکاری ولاتانەوە بەناوی ئیسلامی پیرۆزەوە بە زەبری شمشێر تێکەڵاوییان لەگەڵ کەڵچرو رۆشنبیریی نەتەوە داگیرکراوەکاندا پەیداکردو شیعری عەرەبی لە شێوەو ناوەرۆکدا گۆڕانکاری گەورەی بە خۆیەوە بینی بە تایبەتی لەسەردەمی عەباسی‌یەکاندا لەسەر دەستی ئەبوو نەواس و ئەبووعەتاهیەو بوحتوری و ئەبوعەلائی مەعەڕی و هتد. زۆربەی شیعری ئەو شاعیرانە دەرچوون و یاخی بوونە لە بۆتەی راگەیاندکاری..، بە تایبەتی شیعری ئەبوونەواس و ئەبوعەلای مەعەڕی کەزۆر دەرچوونی تیایە لە بۆتەی ئیسلام. لە بابەتی دووەمدا باسی ئەوە دەکات کە لاسایی کردنەوە خامۆشکردنی شتەکان و خامۆشکردنی ژیان و بیروهەستەمووی‌یەتی.

ئەمەشی لەو بۆچوونەوە هەڵهێنجاوە کە زمان کارناکات... بەڵکو ناوەدەنێ و مۆرکی سەرەکیی نووسینی داهێنەرانەش لە بارەی هەر شتێکەوە چ مادی بێ و چ نامادی... یەکەم دەرچوونە لە (ناوەکان) ـ دەلالەتەکان... ماناکان... وێنەکان هتد ـ بەم پێودانگەش نووسینی داهێنەرانە نووسینی شتە شاراوەکانە... شتی نادیارو ئاڵۆز... کە پێشتر نەخراوەتە روو. لەم بۆچوونەیەوە ئەوە روون دەکاتەوە کە شیعری نوێی عەرەبی سەرچڵی‌یەکە لە ساتەوەختێکدا کە دەیگەیەنێ بەرابوردوویەکی شیعری واوەکە دەربڕینکاری‌یەکانی بەگوێرەی دیدو بۆچوونەکانی نیە... هەروەها پەیوەستی دەکات بە پاشەرۆژێکی نادیارەوە کە نازانێ چی دەبێ و چۆنەو بە پاشەرۆژێکیشەوەی گرێ دەدات کەشڵەقاوەو لە گۆڕانکاری بەردەوامدایە... بەڵام نهێنی رەگ داکوتان و توانای تاوتوێ کردنی لەم حاڵەتەدایە.

لە بابەتی سێیەمدا زۆر بە قوولی لە بارەی زمانەوە دەدوێ و باسی پەیوەندی زمان بە ژیان و شتەکانی ژیان و داهێنانەوە دەکات و باسی بیروڕای (مالارمیە) دەکات و دەڵێ مالارمیە زمان بۆ ئەوە بەکار ناهێنێ تاکو جیهان لە خۆی نزیك بکاتەوە... بەڵکو بۆ ئەوەی بەدووری بهێڵێتەوە... کەواتا وەکو خۆی دەڵێ زمان لێرەدا جیهانەو نوێکردنەوەشی تاڵانکردن و زەوتکردنی وشەکانی زمانە لەناو نوێنی زماندا.

دوای ئەوسا باسی زانایانی کۆنی عەرەبی بەسەرەو کوفە لەرووی زمان و زمانەوانی‌یەوە دەکات و دەڵێ زانایانی بەسرە وتوویانە زمان ئاوێنەیەکە بۆچوون و دیاردەو شتەکان بەوردی دەنوێنێ... لەبەر ئەوە دەبێ بخرێتە بۆتەی ئاوەزو لۆژیکەوە... بەڵام زانایانی کوفە لە بنەماو یاسای ئاوەزی و لۆژیکی دەرچوون و لەو بارەیەوە باوەڕیان بە پێواندن هەبوو نەك بە شێوازو بنەمایەکی گشتی... بەڵکو لایان

وابووه کەبۆچوونی تایبەتی تاکە کەس بایەخی گەورەی خۆی هەیەو لەم بۆچوونەوە شێوازو رەزمی زمانەوانی جیاجیا لەلای زانایانی کووفە هاتە کایەوە.. لە لایەکی تریشەوە ئەدۆنیس ئەوە دەخاتەروو کە جابری کوڕی حەیان دەڵێ: زمان لە ڕێککەوتنکاریەوە لە دایك نابێ و هیچ سستەمێك نیە ڕاڤەی زمان بکات و زمان لە دەروونەوە هەڵدەقوڵێ و بۆ دەروونە... ئەمەش ئەوە دەخاتەروو کە پەیوەندییەکی جەوهەری هەیە لە نێوان سروشتی زمان و سروشتی لەشدا و لە پەیوەندی نێوان ئاوازو ژێ دەچێ.

ئەنجا ئەوە دەخاتەروو کە ئەمڕۆ پەیوەندی زمان بە شتەکانەوە لە گۆڕانکاری زۆردایەو بە وشە دەرنابڕدرێ و هەتابێ کەلێنی نێوان زمان و جیهان پەرە دەستێنێ و وشەکان کەبەکاری دێنین لە ونبو دەچن و نە ئامادەگی ئێستامان دەخەنەروو نەخواست و کەڵکەڵەکانی بانەرۆژمان. بەڵکو ڕەخنەگری ئینگلیزی هاوچەرخ (جورج شتاینر) لە کتێبی - زمان و بێدەنگی — دا دەڵێ: حەقیقەت ئەمڕۆ لە ڕۆژئاوادا لە دەرەوەی زمانە ڕۆژئاواییەکاندایە. ئەنجا ئەدۆنیس ئەوە روون دەکاتەوە کە زمانانی ڕۆژئاوا بە گوێرەی زمانی عەرەبی کە هەژدە سەدەیە پێی دەنووسرێ ساوایە... و ئەگەر (جۆرج شتاینر) ڕای دەربارەی زمانانی ئەوروپا وەهابێ دەبێ ئێمە چی بڵێین دەربارەی زمانی عەرەبی و دوابەدوای ئەوە دەڵێ جموجوڵی دۆزینەوەی ماریفەتکاری و داهێنانی شارستانی و ژیاری بە تایبەتی لەبارەی زانستیەوە لە زمانانی ئەوروپادا لە زمانی عەرەبی فراوانتر و کۆنترە لەبەر ئەوە توانای بەرگری کردنی زیاتری پیربوونی هەیە... بە پێچەوانەی زمانی عەرەبیەوە کە نزیکەی هەزار ساڵە لە بواری داهێناندا بە بارودۆخێکی سەخت و وەستاودا تێدەپەڕێ. ئەنجا باسی ئەوە دەکات کە گەلانی ڕۆژئاوا دان بەوەدا دەنێن کە گەلێ لە بەرهەمە داهێنراوەکانی رابوردوویان دەوری تەواو بووەو لە کارکەوتووە... ئەمەش هۆیەکی کاریگەرە بۆ جموجوڵی نوێ و داهێنانی دی و تێپەڕاندنی ئەو رابوردووە.

بەڵام عەرەب هەمیشە لە کۆشی رابووردا کروشکە دەکات و تەنانەت یارای پەسەندکردنی هزرو بیرۆکەی نوێگەری نیە... دوابەدوای ئەوە باسی سەرکوتکردنی دەروونی و ئەندامی و هەزری هەمەجۆرو پەیوەندییانەوە دەکات بە دەسەڵاتە جیاجیاکانەوەو ئەوەروون دەکاتەوە کە مرۆڤی عەرەبی پەیکەرێکە و هیچی تر یاخود بەشێکە لە ئامێرێك و لەسەر ئاستی قوتابخانەو زانکۆو پەروەردە وەکو داهێنان بێ زمانەو هیچ نانووسێ بەڵکو وێنەی هەندێ بێژە دەکێشێ و قسەناکات بەڵکو هەندێ دەنگ دەردەبڕێ.

ئەنجا باسی ئەوە دەکات لە کۆمەڵگای عەرەبیدا نووسین وەکو چاندنی کێڵگەیەك وایە لە ئاسماندا و لەم کۆمەڵگایەدا تەنیا جێگای بۆشایی دەبێتەوەو لەگەڵ ئەوەشدا وەکو خۆی دەڵێ دەبێ هەر بنووسین و جوانترین و قوواڵترین نووسینیش لە شیعردا خۆی دەنوێنێ. لە کۆتایی ئەم بەشەدا لە بارەی زمانەوە ئەوە روون دەکاتەوە کە زمان تەنها جێگایەکی زیندووی ئازادی بێ کۆتاییە نە بەند نە تیرۆر دەکرێ و زمان سەر بە شمشێرو رم و خێڵ و سستەم و پۆلیس و دەمانچەو بۆمبانیە.. زمان سەر بە خاك و باو ئاوو ڕووناکی و مرۆڤ و ئازادی و خۆشەویستیە...

لەبەشی سێیەمدا کە بە ناونیشانی پرسیارکاریە باسی ئەوە دەکات کە پێویستە بونیادکاری بۆ قۆناغێکی نوێ بکەین و ئەوە دەخاتە ڕووکە بابەتی

نوێگەری کەوتۆتە چەواشەبوون و هەراوزەناوە و ئەوەی کە ناوی نراوە هۆنراوەی پەخشان خەریکە ببێتە کارێکی ئامێرکاری و چاولێکەری و مەسەلەی ئەوەی کە راکردن لەکێش و سەروا نوێگەری بێ خۆی لە خۆیدا چەواشەکاری و هەڵەشەییەو لە مەسەلەی نوێگەریدا پێویستە سێ خاڵ رەچاو بکرێ:

یەکەم: ئەو شاعیرو نووسەرەی کە ناوی نوێی لێ دەنێین دەبێ بەراستی نووسینی ئەدەبی — هونەری کردبێ بە پێشەو شێوازی تایبەتی خۆیی هەبێ...

دووەم: ئەوەی کە ناوی کۆنی لێ دەنێین مەرج نییە دژی ئەوە بێ کە ناوی دەنێین نوێ.

سێیەم: دەبێ ئەوە رەچاوکەین کە سیفەتی نوێگەری سەنگی محەکی ئەوەنیە کە نوێ لە کۆن باشترە... بەڵکو هەر تەنیا وەسفێکەو ئەم وەسفەش بەسەر دەقێکی شاکارو دەقێکی ئاساییشدا دەچەسپێ کە بە شێوازی نوێ نووسرابێ و دەتوانین بڵێین نوێگەری مۆرکی جیاکاری دەقە نەک مۆرکی بەهاو بایەخی دەق، ئەنجا باسی ئەوە دەکات کە سان جۆن پێرس لە هیراقلیتس نوێگەرتر نیە و ئەبونەواس و موتەنەبی لە گەلگامش و ئیمریئولقەیس نوێخوازتر نین و مەسەلەی نوێگەری لە لای نوێگەری هەموو سەدەکان پەیوەندی بە پاش و پێشی زەمەنەوە هەیەو ئێمە هەر لەسەرەتاوە نوێگەری رۆژئاوامان بە شێوەیەکی هەڵە قۆزتەوەو وامان تێ نەروانی کە پەیوەستە بە شارستانیەت و ژیارو بنەما ئاوەزییەکانی رۆژئاواوەو ئێمە تەنها وەک بونیاد و شێوەکاری زمان وەرمان گرت. ئەنجا دەڵێ هەموو چەرخێك نوێکاری خۆی هەیەو ئەگەرچی نوێگەری دەستنیشان ناکرێ بەڵام دەتوانین بڵێین نوێگەری وەکو ئاماژەو بەڵگەکاری و ئەفراندن هەمیشە لە مێژووی مرۆڤدا ئامادەگی هەبووە و دەبێ لاوانی نوێخواز ئەوە بزانن کە بونیادنەرانی نوێخوازی لەرۆژئاوادا: رامبۆو بۆدلێرو مالارمێ کلاسیکی بوون... و لە رێگای قوڵبوونەوەیانەوە لە کۆن و پەیوەندی پتەویانەوە پێوە نوێیان ئەفراندو دەبێ ئەوەش بزانین کە نوێگەری بەناوبژیکاری دانامەزرێ بەڵکو بە هێرش بردن واتا بە تێك و پێکدانێکی بنەڕەتی و گشتگیری رۆشنبیریی باوو ئاسایی.. کەواتا لە پشت نوێگەری و نوێخوازییەوە بەربینینیەکی فراوان هەیە.

ئەنجا ئەدۆنیس ئەوە دەخاتە روو کە نوێگەری ئەمڕۆی کۆمەڵگای عەرەبی جگە لە هەندێ دەگمەنکاری ئیتر سەرانسەر نوێگەرییەکی نامۆیە. دوای ئەوە شتێکی دی دەوروژێنێ ئەویش ئەوەیە بەڕای ئەو گوایە لەگەڵ پەیدابوون و هاتنەکایەی سروشتی ئاینە یەکتاکانەوە شیعر کۆتایی هات و مردو ئەم مردنەی شیعر ئەوەیەکە کۆمەڵگایەك باوەڕی بە سروشتی پەیامێکی ئاسمانی پەیدا کرد ئیتر پێویستی بەوە نەما لە رێگای شیعرەوە پەیوەندی لەگەڵ گەردوون و کەسی دیدا بکات...

بەرای من ئەدۆنیس لێرەدا کەوتۆتە هەڵەوەو هەموو ئاینە ئاسمانییەکان بایەخیان بە شیعر داوەو مەزموورەکانی دوو توێی کتێبی تەورات جوانترین دەقی شیعرن و من دڵنیام ئەدۆنیس خۆی دەیان ساڵە بەر لە من لە تەوراتدا چاوی بەو سروودانە کەوتووە هەروەها لە ئینجیلیشدا دیسانەوە کە دەقی پیرۆز هەن لە ئاستێکی بەرزی شیعریی‌دان هەر بۆ نموونە:

((كل واد يمتلیء
و كل جبل و تل ينخفض
و الطرق المستقيمة تستقيم
و الوعرة تصير سهلاً
فيرى كل بشر خلاص الله))

له ئاینی پیرۆزی ئیسلامیشدا بایەخی زۆر بە شیعر دراوەو سوورەتێکی قورئان بە ناوی ـ الشعراء ـ ەوە هاتۆتە خوارەوەو پێغەمبەر درووەی خوای لێ بێ لە بارەی شیعرەوە گەلێ فەرموودەی هەیە... لەوانە:

فەرموویەتی: شیعر حیکمەتی تیایە... هەروەها لە جەنگی ئوحودا کاتێ گومڕایان شالاویان هێنایە سەر موسڵمانان حەسانی کوڕی سابیت بە شیعر جوێنی دانێ و پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی ئەی حەسان دایك و باوکم بە قوربانت بن جوێنیان بدەرێ... تاها حوسەین دەڵێ جوێنەکانی حەسان لەو شیعرانەی ئەو رۆژەیدا ئەوەندە روون و ئاشکران شەرم دەکەم بیان خەمە سەر کاغەز... جا ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئاینی ئیسلام سەربەستی بە شیعرداوە نەك پێچەوانەکەی وەکو ئەدۆنیس بۆی چووە؟

هەروەها ئەدۆنیس لە بڕگەیەکی تری ئەم بەشەیدا ئەوە روون دەکاتەوە کە شیعر خۆی لە خۆیدا ململانێیە لە نێوان شاعیرو خودی خۆیدا... لە نێوان خۆی و زمانداو لە نێوان خۆی و شتەکاندا... بەڵام شیعر بە پێی دیدگا ئاینییەکەی دەبێ بە وەزیفەیەك و بەم پێیە بەرای ئەدۆنیس شیعری عەرەبی مردووە چونکە بریتییە لە وەزیفەکارییەکی ئاینی... بەڵام من لە ئەدۆنیس ئەپرسم ئایا شیعرەکانی (حطیئە) و (زهیر بن ابی سلمی) و (عنتره العبسی) و (أبو نواس) و (أبو العلاء المعري) و (حلاج) و (بدر شاکر السیاب) و (أبو القاسم الشابی) و (عبدالوهاب البیاتی) و (محمود درویش) و (سمیح القاسم) و (خلیل حاوی) و (المبتني) و (ابو تمام) و (حارس بن حمزه الیشکري) و تەنانەت شیعرەکانی ئەدۆنیس خۆی و دەیان شاعیری عەرەبی هاوچەرخی خۆی... وەزیفەکارییەکی ئاینییە؟ ئەگەر بڵێ: بەڵێ ئەوا خۆی دەخەڵەتێنێ و ئەگەر بشڵێ نە ئەوە بەربەرچی خۆی دەداتەوە... راستییەکەشی ئەوەیە ئاینی ئیسلام زیاد لە پێویست بایەخ و سەربەستی بە شاعیران داوەو تەنانەت لە سەردەمی ئەمەوییەکان و عەباسییەکاندا نێوەی یا بڕێکی زۆری پارەی دەوڵەت بە شاعیران دراوەو شاعیران لە دەرباری پادشای موسڵماناندا لەو دوو سەردەمەدا شیعری مێبازی و نێربازی و مەی بازی و گەپبازی و جوێن و جوێنکاری یان بۆ پاشاکانی ئەو سەردەمە خوێندۆتەوە (دەڵێم پاشاکانی ئیسلام چونکە بەرای من لە دوای عوسمان خەلافەتی ئیسلامی کۆتایی هات و پاشایەتی زۆرە ملێی ئەمەوییەکان و عەباسییەکان بەسەر موسڵماناندا سەپێندرا) جا ئایا بڕەوپێدانی ئەو جۆرە شیعرانەی باسمان کردن وەزیفەیەکی ئاینییە؟ یا ئایا دابینکردنی ئەو هەموو سەربەستییە لەو سەردەمانەدا کۆنترۆڵ کردنی شیعرە بۆ خزمەتکردنی ئاین؟ بێگومان نەك من ئەدۆنیس خۆیشی دەڵێ: نەء.

ئەنجا لە بارەی نوێگەریییەوە ئەوە روون دەکاتەوە کە نوێگەری جیابوونەوەو رووخاندنە... هەروەها بەرپەرچدانەوەو یاخی بوون و دەسبەردانە لە لاسایی کردنەوەو لە دەرەوەی ئەم تێکشکانە مەعریفییەدا نوێگەری لەدەقی داهێنراودا ئەنجام نادرێ و ئەوەی هەندێك ناوی بە نوێگەری دەبەن نەخۆشییەکی نوێیە لە دڵی میژۆکەماندا کە نەخۆشیگەل شەکەتی کردووەو شایانی باسە ئەدۆنیس لە بڕگەیەکی پێشتردا ئەوە دەخاتەڕوو کە عەرەب ئەمڕۆ نوێگەری نائەفرێنن بەڵکو هەندێك یاخود زۆرێك لەو یاساو رێسای نوێگەرییە دووپات دەکەنەوە کەباو باپیرانیان لەسەدەی نۆ و دەدا دروستیان کردووە.

من لێرەدا لە ئەدۆنیس دەپرسم ئەگەر نوێگەری عەرەبی زادەی رۆشنبیرانی داهێنەری سەدەی نۆ و

دەیە... ئیتر چی دەرووخێنێ و چی دروست دەکات؟ بەرای من ئـەدۆنیس نوقمـی نێرگزییەتـەو نایـەوێ لـە دەرەوەی بازنەی خۆیدا دان بەهیچ شاعیرێکی دیدا بنێ... جگە لـەوە ئـەدۆنیس هەڵبژاردنکاریـیەکی لـە شیعری عـەرەبیدا کردووەو لەسـێ بـەرگدا چـاپی کردووەو بە شیعرگەلێکی نـەمری عـەرەبی لـە قەڵـەم داون... جا ئایا ئـەدۆنیس دەیـەوێ ئـەو داهێنانـە بروخێنێ کە بنەمایەکی پتەون بـۆ داهێنانـەکانی لـە مەودواو پاشەڕۆژیش ئایا باشتر نەبوو ئـەدۆنیس بڵـێ نابـێ کـردەی داهێنـان راوەسـتێ و هـەموو داهێنانێکیش زادەی داهێنراوەکانی پێش خۆیەتی... و سـەرجەمی داهێنراوەکـان زنجـیرەی رۆشـنبیری زەمەنەکانی گەلان و مرۆڤایەتی پێکدەهێنن!

لە بابەتی پاشـەڕۆژی شـیعرو شـیعری پاشـەڕۆژ — دابەڕپـەرچی ئـەو قسـەیەی هیگـڵ دەداتـەوە کـە گوتوویـەتی: (هونـەر سـەربەرابوردووە) و ئـەدۆنیس دەڵێ هونەر سەر بە داهاتووە بەڵکو داهاتوو سەر بـە هونـەرە... هـەروەها ئـەوە دەخاتـەروو ئـەو دەمـەی شیعری تیا تەواو دەبێ... ئـەوە مـەرگێکی دیـیە... شیعر زەمەنی نیەو شیعر خـۆی زەمەنـە. بـەڕای مـن هەموو شـیعرێك هـەموو دەقێکـی ئـەدەبی و هونـەری زەمەنی تایبەتی خـۆی هەیە... و ئـەو دەقانـەی کـە زادەی نوێگەری و داهێنـانن تەمـەنیان لـە دەقـەکانی دی درێژترە هەر بۆ نموونە داستانی گەلگامش دەقی بارودۆخ و زەمەنی خۆیەتی... بـەڵام توانیویـەتی لـە دەرەوەی ئـەو زەمەنەشدا بـژی هـەروەها ئودیسـەو ئەلیازەو شـانامەو هتـد... دەبـێ ئـەوەش بڵێـین کـە تـەواوبوون و مردنـی دەقێکـی شـیعری یـا هونـەری مردنی خۆیەتی نەك مردنی شیعر... یا ئەو هونەرە.

بەرای من ئـەدەب و هونـەر هـەتا هەتایـە زیندوون بـەڵام هـەموو دەقێکـی ئـەدەبی و هونـەری زەمـەنی تایبەتی خۆی هەیەو دوایـی مێـژوو هـەموو دەقـەکان یەك لە دوای یەك مۆمیا دەکات... نەمرترین دەقیـش ئەوەیە کە دوای کردەی بە مۆمیا کردن بۆگەن ناکـاو هەڵناوەشێ.

ئێمـە دەتوانـین ئـەو قسـەیەی ئـەدۆنیس نـەختێ زاخاو بدەین و بڵێین: هەموو دەقێك زەمەنی تایبەتی خۆی هەیە... دەقە ئاینیـیەکان نـەبێ مەبەستم لـەو کتێبانەیە کـە بـە کتێبـی ئاسمـانی نـاودەبرێن... لەوەتی هەن و بە درێژایی هەموو زەمانـەکان و هـەتا ئێستاش سەدان ملیۆن خوێنەریان هەیە...

بەشـەکانی دی کتێبەکە بریتـین لـە چاوپێکـەوتن لەگـەڵ هـەندێ شـاعیرو نووسـەرو پـەیوەندییان بـە مەبەستی سـەرەکی منـەوە نیـە لەبـەر ئـەوە خـۆم لەقەرەیان نەدا...

له پێش هەموو شتێکا چونکی کوردم
چۆلەکەی ناو هــەزاران داوی وردم
باڵی فرین، دەنوکـــی هاوارکردن
زیاتر چەقۆم نزیك ئەخـا له گەردن
بلبلیش بم... مادەم قەفەسـم تەنگە
زمانم لاڵ نەغمەی شێـعرم بێدەنگە
(گۆرانی نەمر)

له مێژووی بەخۆێن شەلالی کوردستاندا سەدان و بگرە هەزاران رۆڵەی قارەمان و کەسایەتی لایەق و بە بڕشت و زانا هەڵکەوتوون کە لەبەر نەبوونی رێکخراو و سازمانێکی بەرپرس کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ جن جن کردنی نیشتمان و دیلی دەستی مـل هوڕانـی بێگانە، ناو و ژیانیان بەو چەشنەی سزاوارە تۆمـار و زەبت نەکراوە. راستە کە مێژووی رامیاری و ئـەدەبی کورد بە حەمدی خودا زۆر دەوڵەمـەند و زۆر شت بـە هـەوڵ و تەلاشی رۆڵـە لـەخۆ بوردوەکـانی رەسـەنی کـوردەوە پـارێزراوە و بـە شـێوەی مـەکتوب کەوتوونەتـە بەردەستی دۆست و دوژمـن و هـەموو کۆمەڵانی خەڵکی جیهان، بـەڵام راستیەکەی ئەوەیـە کـە سـامان و دارایـی میللـەتی کـورد یـەکجار پـتر و فراوانتر لەوانەیە کە تۆمار کـراون و سـەدان شـاعیر و نوسـەر و لێزانمـان بـووە کـە هـێزی دەسـەڵاتدار نەیهێشتووە دەنگیان بە کەس بگات و ئاوازەیـان لـە حەنجەرەدا خنکاون، یان دەستنوسیان کە لە ترسـی داگیرکەر شاردۆتەوە لـەژێر خـۆڵ و درزی دیـواران را داڕزاون.

سیاسـەتی رەژێمـە داگیرکـەرەکان ئـەوەبووە کـە هەرگیز نەهێڵن کورد ببێتە خاوەنی بەڵگە و سەندی مەکتوب و نەخشێنراو و لەم بوارەدا تاتوانیویانە قەڵا و کۆشـك و شـوێنەواری مێژوییـان لێ روخـاندوین و لەسـەر کەسایەتیەکان و رۆڵـە قارەمانـەکانی گـەلی کوردیـش بـە هەڵبەسـتنی درۆ و دەلەسـە، نـاوی خراپیـان بڵاوکردۆتـەوەو بـە وەسـیلەی دەزگاکـانی

حەمەتاڵی بانە... چەتە؟

یا شۆڕشگێرێکی نەناسراوی کورد

راگـــەیاندن و پڕوپاگـــەندەی هەمەلایانـــە ئـــەوەی سزاواری خۆیان بێنیساری رۆڵە بە ئەمەگ و چاك سواراني كوردیان كردوە.

دور نەڕۆین... هـەر لـە هـەڵكۆڵینی قـەڵای زێویـەی سەقزدا كە نزیكەی پەنجا ساڵ لەمەوپێش بە دەستی جولەكەیێكی ناسراو بە ئەیوب رەبنو، لەسـەر ئـیزنی حكومـەتی پادشـاهی ئـێران ئـەنجام درا بـە وتـەی كرێكارانی ئەوێ كە هێشتا ماون و شـاهیدن و نـەقڵی دەكەن، تەرمی مۆمیا كراوی پادشاهێكی كوردیان لە تابوتی زێڕنیشاندا دۆزیەوە كە تەرمەكە بە پارچـەی دیبای زەرد داپۆشرابوو و لەسـەر ئـەو پارچـە زەردە بە خـەتی رەش نوسیبویان و دەڵێن كاتـێ رەبنـو و كاربەدەستانی حكومـەت ئـەوەیان زانـی بـە گورجـی كەوتنـە كـار و ئـەو پارچـەیان تیكـە تیكـە كـردو سوتاندیان و تەرمەكەیشیان نابود كرد. بۆچی؟ لەبەر ئـەوە نوسـراوەكە دەیسـەلماند كـە ئـەوە تـەرمی پادشاهێكی كـوردەو هـەموو دونیـا دەیزانـی كـورد خـاوەنی مێـژووی مەدەنیـەت و حوكمڕانـی سـێهەزار ساڵەیە...

لـە بـاری عیلمـی تاریخـەوە دەبـوا ئـەو پارچـە نوسـراوەو ئـەو تەرمـەیان بدرایەتـە مۆزەخانـە، هەروەكو وڵاتی مصر بیانپاراستایە و زۆریش گرانبەها دەبوو، كەچی فەرمان بۆ كورد ئەوەیەكە نابێ.

مـەدرەكی مێژوویـی بمێنـێ... بـۆ چلۆنایـەتی و ئاگاداری لـەم كردەوانـە بڕوانـە دوو بـەرگی كتێبـی دەورانـی بـێ نوسـین و لێكۆڵینـەوەی خوالێخۆشـبوو رەشید كەیخوسرەوی.

ئێستا مەبەستی من لە هێنانەوەی ئـەم پێشـەكیە، ناساندنی یـەكێ لـە رۆڵـە قارەمانـەكانی كـوردە كـە بەداخەوە ئێستاكەیش بواری ناساندنی نادەن چونكە سەفەری رابردوو كە بۆ یەكەم جار هاتم بـۆ هـەولێر و چاوم كەوت بەرێزدار حەمـەی حەمـەتاڵ و گەڕامـەوە بۆ سەقز، وتارێكی درێژو پڕبایەخم لەسـەر حەمـەتاڵ نوسی و بەدەستی خـۆم دام بـە مامۆستا ئەحمـەدی



عومەر فاروقی ـ سەقز

قازی سەرنووسەری گۆڤاری سروە کە بەڵکو چاپی کەن بەڵام مامۆستای ناوبراو ئێستایش خۆی لێنەداو هەروەك وێنەیێکی بایەخداری مامۆستا قانع کە پێمدابوو ئەمیشی نایە فایلی فەرامۆشخانە بەڵام من ژیاننامەکەم کرد بە شێوازێك لە شانۆ یان سیناریۆ و داومەتە دەستی مامۆستا ئەحمەد سالار و دوکتۆر قوتبەدین سادقی و چەندکەس لە مامۆستایانی شانۆ و سینەما کە بەڵکو لە داهاتوودا جێگەی کەڵك بێ و بە شێوەی شانۆ و فیلم بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پیشانی بدەن، لەم قۆناخەیشدا کە شوکر خوداکردی و پام کەوتە هەرێمی کوردستان بە نوسینی وتارێکیتر لەسەر حەمەتاڵ تێدەکۆشم بە یارمەتی دڵسۆزانی گۆڤاری بەنرخی گەلاوێژی نوێ تا ئەو جێگایەی لە توانای بیرو هۆشی مندایە، ئەو قارەمانەتان پێ بناسێنم چونکە پڕوپاگەندەی حکومەتی پادشاهی لە ئێراندا حەمەتاڵی بەناوی چەتە و رێگر بەخەڵك ناساندوەو هەموویەرەی هاوتەمەنی من و ئەوانی دی ئەویان بە چەتە دەناسی، تاکو من لە کتێبی سەرنجێکی مێژووی سەقز بەرگی دوهەم چەند لاپەڕەم لەسەر ئازایەتی ئەونوسی و بە دوای ئەوەدالێمحاڵی بوو کە رۆستەم خانی بانە یەکێ لە موریدانی بنەماڵەی پیرۆزی حاجی کاك ئەحمەدی سولەیمانی بوو، کاتێ زانی شێخ مەحمودی حەفید هاورێ لەگەڵ سەرانی سوپای عوسمانی بۆ غەزا و جیهاد لەگەڵ روسە داگیرکەرەکان تەشریفی هێناوە بۆ بانەو سەقز بەخۆی و پیاوەکانیەوە چونە خزمەتی شێخ مەحمودی نەمرو حەمەتاڵی بانەیش کە لەو کاتەدا لاوێکی ئازاو نەترس بوو بەژن و بالای کەڵەگەت و چالاکیەکانی سەرنجی هەموانی بۆ لای خۆی راکێشابوو، لەگەڵ ئاغای خۆی واتە رۆستەم خانی بانە، چووە خزمەتی شێخ مەحمودی نەمر.

لەو کاتەدا سوپای عوسمانی بە شێخ مەحمودەوە چونە ناوچەی بۆکان و نزیکی شاری میاندواو بەڵام سوپای روس لەسەر پردی میاندواو تۆپی دابەستبوو لێیان هاتەکار و بە گوللەی تۆپ و سوپای عوسمانی پاشەکشەی پێ کرد، چونکە لەتی قومپارە لەو ناوەدا بڵاوبوو مەرحومی شێخ مەحمودی مەلیك بە پرشەی لەت و کوتی بۆمبای روس زەخمار بوو و هەواڵی زەخمداری شێخ لەناو کۆمەڵانی موسوڵماناندا زۆر بە گرنگی دەنگی دایەوە و هەمووانی خستە گریان حەمەتاڵ کە ئەمەی چاو پێکەوت حاڵی بوو هەتا ئەو تۆپەی روسیە لە سەر پردی میاندواو بێ، محاڵە سوپای کوردستان بتوانێ پێشرەوی بکات ئەوە بوو بە هەڵدانی پەرچەمی لاالەالاالله داوای کرد هەرکەس ئامادەی گیان فیدائییە، لەگەڵ ئەو بکەون تاکو هێرش بکەنە سەرتۆپی روسیە... بە بڵاوبونەوەی بانگەوازی حەمەتاڵ نزیکەی سەدکەس پیاوی ئازاو جەنگاوەر هاتن بە هاواریەوە، بەڵام کاتێ حەرەکەتیان کرد تەنها حەڤدە کەسیان مابوو ئەویش بۆ خۆی داوای لێکردن کە بگەڕێنەوەو دوودڵ نەبن.. ئەم حەڤدە کەسە کە بەڕاستی گیان فیدابوون لەگەڵ حەمەتاڵ کەوتن و لە شەوێکی تاریکدا بەرەو تۆپی روسیە لە سەر پردی میاندواو حەرەکەتیان کردو لەگەڵ مەلابانگاندا هاواری (لا الە الا الله)ی حەمەتاڵ و هاورێکانی سوپای دوو لایانی عوسمانی و روسی وەخەبەر هێناکە تۆپی روسیان لە چەمی میاندواو خستبوو لەگەڵ ئەویشدا دەستیان کرد بە تەقەو باقی هێزەکانی عوسمانیش هێرشیان دەست پێکرد و سوپای روس کە چاویان بەخەوەوە بوو بە زوترین کات تێکشکان و بەرەو ناوچەی تەورێز پاشەکشەیان کرد. ئێستایش لە ناوچەی موکریاندا ئەو کارەساتە بە ناوی کارەساتی پردی میاندواو و روسە شکاو مەشهورە.

حەمەتاڵ و هاورێکانی پاش ئەم سەرکەوتنە چوونە خزمەتی شێخ مەحموودو دەستیان ماچکردو ئەویش دۆعای خێری بۆکردن و ئەمجار رویکردە حەمەتاڵ و فەرمووی.. لەم کاتەوە ناوت دەگۆڕم بە حەمە

شیرین. چونکه به‌راستی ئه‌تۆ سزاواری و به‌ناوی موجاهیدێکی ئیسلام جێگای رێزی هه‌موانی..

خه‌به‌ری قاره‌مانی حه‌مه‌تاڵ له هه‌موو به‌شه‌کانی کوردستان ده‌نگی دایه‌وه و ئیتر ئه‌بو به هاوڕێ و پیاوی شێخ مه‌حمود و هه‌روه‌ك ئه‌ندامی ئه‌و بنه‌ماڵه جێگای رێز بوو، مه‌رحومی حه‌فسه‌خان تاکاتی مردنی وه‌کو رۆڵه‌ی خۆی چاوی لێبو.

پاش ئه‌و کاره‌ساته وه‌کو دیمان شۆڕشی ئۆکتۆبه‌ر سه‌رکه‌وت و سوپای روسیه ده‌ستی له شه‌ڕ هه‌ڵگرت و حکومه‌تی ئێرانیش که‌وته ده‌ستی وثوق الدوله که نۆکه‌ری بریتانیا بو و ئه‌ویش که‌سێکی به‌ناوی (شریف الدوله)ی کرد به والی کوردستان و فه‌رمانی پێدا تا ئه‌وانه‌ی یارمه‌تی شێخ مه‌حمودیان داوه به تونده‌ترین شێوه سزابدات چونکه له‌و کاته‌دا نێوانی شێخ مه‌حمودو بریتانیا ناکۆك بوو، مه‌لیك بۆهیندوستان دوورخرابۆوه، رۆسته‌م خانی بانه‌و چه‌ند که‌س له به‌گزاده‌کانی بانه‌و سه‌قز په‌نایان دابوو به بنه‌ماڵه‌ی شێخ مه‌حمود که له‌م باره‌وه ده‌توانن بیره‌وه‌ریه‌کانی مامۆستا زێوه‌ر له کتێبی گه‌نجینه‌ی مه‌رداندا موتاله‌عه بفه‌رمون تا لێتان حاڵی بێ.

شریف الدوله که هاته کوردستان ده‌ستوری‌دا رۆسته‌م خانی بانه و حبیب اله‌خانی تیله‌کۆیان گرت و له‌گه‌ڵ چه‌ند که‌سی‌تر له سه‌رانی مه‌نمی و گه‌ڵباغی ئیعدامی کردن و حه‌مه‌تاڵ به ئیعدام کردن یان باشتره بنوسین شه‌هیدکردنی رۆسته‌م خان زۆر دڵته‌نگ بوو، به‌تایبه‌ت که گیانی خۆیشی له مه‌ترسی‌دابوو له‌به‌ر ئه‌وه روویکرده شاری سوله‌یمانی و له‌وێ ئاگادار بوو که چه‌ندکه‌س له بنه‌ماڵه‌ی شێخ مه‌حمود به‌ند کراون ئیتر له‌وێش ئه‌م ئیهانه‌ته‌ی پێ قبوڵ نه‌کرا و له نه‌قشه‌یکدا هێرشی کرده سه‌ر به‌ندیخانه‌ی سوله‌یمانی و درگای زیندانی شکاند و بنه‌ماڵه‌ی شێخی رزگار کرد.

کاره‌ساتی هێرش بۆ سه‌ربه‌ندیخانه و پردی میاندواو حه‌مه‌تاڵیان کرد به قاره‌مانی میللی و حکومه‌ته‌کانی ئێران و عێراق به تایبه‌تی لێیده‌ترسان ئه‌ویش له‌و حاڵه‌دا بۆ خۆی گرفتی تایبه‌تی هه‌بوو چۆنکه ژن و منداڵی ئه‌و له شاری سه‌قز به‌دیل گیرابون ئه‌وه‌یشتان عه‌رزکه‌م که حه‌مه‌تاڵ هاوڕێ له‌گه‌ڵ ره‌فیقی شه‌هیدی خۆی به‌ناوی سه‌عیدی به‌رغه‌ش بۆ ماوه‌یك ببونه حاکم و ده‌سه‌ڵاتداری شارو ناوچه‌ی سه‌قز و ئه‌م حکومه‌ته به ترۆرکردنی سه‌عید به‌رغه‌ش کۆتایی پێهات و ئێستایش له جوامێری و پیاوچاکی ئه‌وان له کاتی ده‌سه‌ڵاتداریدا یاد ده‌که‌ن.

له هات و چۆی بانه و سه‌قزدا سه‌ره‌نجام حه‌مه‌تاڵ له‌گه‌ڵ سه‌عید به‌گ ناوێکی هاوڕێی به‌ده‌ستی پۆلیسی ئێران گیران و بردیانن بۆ تاران و له زیندانی ترسناکی قه‌سری قه‌جه‌ردا به‌ند کران. هه‌ر له‌وێ بۆ خۆیان ته‌ماشاچی شکه‌نجه و ئازارو کوشتنی ئازادیخوازان بون و له‌گه‌ڵ مه‌رحومی دوکتور محه‌مه‌د موسه‌دیق که پاشان بوو به سه‌رۆك وه‌زیرانی ئێران ئاشنابون، چونکه دوکتور موسه‌دیق ئه‌و کاته له زیندانی قه‌سردا به‌ند بوو و، هه‌روا ریجالی گه‌وره‌ی ئێران له‌وێ به‌ند کرابون و سه‌رپاس موختاری مه‌شهور بازخواستی لێده‌کردن.

حه‌مه‌تاڵ له زیندانی قه‌سردا فێری کایه‌ی شه‌ترەنج و ستاره‌شناسی بوو هه‌روا له عیلمی ته‌بابه‌ت یان پزشکی‌دا وارید بوو چونکه زۆرکام له ناودارانی ئێران و پزشکان ئه‌وکاته زیندان بون و هه‌ر له‌و کاتانه زیندان بوون، هه‌ر له‌و کاتانه‌دا لاوێکی خه‌ڵکی بانه که به راپۆرتی کۆلکه مه‌لایه‌کی بانه‌یی گیرابوو، له ژێر ئه‌شکه‌نجه‌دا شه‌هید کرا، ئیتر حه‌مه‌تاڵ و هاوڕێکه‌ی تاقه‌تیان نه‌ماو به‌ڵێنیان دا رابکه‌ن... ئه‌وه بوو له‌کاتی پێویستدا به کوشتنی دووکه‌س له پۆلیسه‌کانی زیندانی قه‌سرو رفاندنی چه‌که‌کانیان له زیندان و شاری تاران هه‌ڵاتن و ماوه‌ی نزیکه‌ی دومانگ له ده‌شت و ده‌ردا ده‌ژیان و شه‌وانه به

سەرنجی ئەستێرەی قوتبی حەرەکەتیان دەکـرد، تاکو سەریان لە ولاتی ئەفغانستان دەرهێنا.

کاتێ گەیشتنە ئەفغانستان منالی یەکێ لە سـەرۆک هۆزەکـان نـەخۆش بـوو خەڵکەکـەیش بـە دیتنـی حەمەتاڵ و سەعید بەگ کە ریشیان هاتبوو و قیافەی دەروێش و سۆفییان بـو، وایـان زانـی ئەمانـە شـێخن هەربۆیـە لیـان ئـاڵان و داوای شـفای نەخۆشـیەکەیان کرد.

حەمەتاڵ کە چاوی کەوت بە منالەکە بڕێ مـوداوای کـرد و بـە خۆشـیەوە نەخۆشـەکە چـاك بـۆوە ئیـتر خـەیاڵیان بـوو لـەوێ خانـەقا و تەکیـەیان بـۆ دابنێـن بەڵام حەمەتاڵ چیرۆکی خۆی بـۆ باوکی نەخۆشـەکە گێڕایـەوەو وتـی حەزدەکـەم بڕۆمـەوە بـۆ کوردسـتان ئەویش بردی بۆ هیندوستان و لەوێ سـواری پـاپۆڕی کردن بەرەو بەندەری بەسرە لەوێش دەوڵـەتی ئێران وێنەی حەمەتاڵی کێشابوو لە هەموو مەئمورانی هـات و چـۆ و هـەروا وڵاتـانی دراوسـێ داوای کردبـوو کـە بیانگرن چونکە هەم قاتڵن و هەم زیندانی فیراری.

کاتێ حەمـەتاڵ گەیشـتە بـەندەری بەسـرە کـوڵ و گـورج پۆلیـس گرتـی، و ئـەویش هـەرچۆن بـوو خەبەری‌دا بە حەفسەخانی نەقیب لە سولەیمانی. ئەو خاتونە بـەڕێزەیش بـە بیسـتنی هەواڵەکـە نـاردی بـۆ بەسرە و هەرچۆن بوو ئازادی کردن و لەناو پێشوازی خەڵکی سولەیمانیدا هاتنەوە ئەوێ.

پـاش مـاوەیێك حەسـانەوە هـەم دیسـان حەمـەتاڵ کەوتە بیری ژن و منداڵ و داوای کرد لـە حەفسـەخان کە چەك و تەقەمەنی پێبدات تا بچێتـە سنور و ژن و منداڵی بێنێ، بەڵام حەفسەخان کە دەیزانی حەمەتاڵ لەگـەڵ دەوڵـەتی ئێرانی پێناکرێ چـەکی پێنـەدا و ئـەویش بـە حـاڵی تۆرانـەوە رۆیـی و لای حەمـە رەشیدخانی بانە توانی چەك و تەقەمەنی پەیدا بکات و چـەند کەسیشـی لێکۆبوونـەوەو بـوو بـە خـاوەنی هێزێکی نزیکەی یازدەکەس چەکدار و سنوری بانـەی گرت.

کاتێ حەمەتاڵ لە سنور بوو خەبەریاندا مەئمورێکی حکومەت لە شاری بانەبێحورمەتی دەکـات بـە جـل و بەرگی کوردی و چەند کـەس پـاتۆل لـەپای بەرشـەق داوەو وتویەتی هەموان دەبێ جـل و بـەرگی کۆت و شـەڵوار لەبەربکـەن و کـڵاوی پالـەوی لەسـەرنێن. حەمەتاڵ بە بیستنی ئەم هەواڵە پەیغامی نارد بۆ ئەو کابرایـە کـە دەسـت لـەم کـردەوە خراپانـە هـەڵگرێت بەڵام سودی نەبوو، کابرا خرابـتری دەکـرد، ئـەوەبوو ناردی هێنایان و دەستوریدا بـە جورمـی بێحورمـەتی بەفەرهەنگی کوردی لـچ و لێویـان بـری هـەروا نـاردی ئەو کوڵکە مـەلا کـە راپۆرتـی دابـوو لـە لاوی خـەڵکی بانە لە زیندانی قەسردا کوژرابوو هێنایان و لە تۆڵەی ئەودا قاپوڵەی پای دەرهێنا.

حەمـەتاڵ کـە لـە گیـژاوی زەمـاندا توشـی کـەندو کۆسـپ و نالـەباری و تـاڵی و شـیرینی فـراوان ببـوو، چەند جارهاتە سەر ئەورایەی کە دەسـت لـە هـەرچی کارە هەڵگرێت و هەروەکو کەسـێکی عـادی خـەریکی سەوداو معامەلە و پیاگەیشتن بە خاو و خێزاندا بێ و چەند جـاریش مەشـایەخی گـەورەی زەمـان وەکـو حـەزرەتی شـێخ مـەحمودی مـەلیك و شـێخ عـەلی حیسـامەدین و مەشـایەخی بیـارەو تەوێڵـە بـەناوی موجاهیدی ئیسلام و سـەرداری سـوپای موسوڵمانان لـە غـەزای دژ بـە کوفـاردا فـەرمانیان بـۆ دەرکـرد و چاوەڕوان بـوون حکومـەتی مەرکـەزی ئێران وەکـو قارەمانێکی نەتەوایەتی سەودای لەگـەڵ بکـات بـەڵام هیچ کـام لەمانـە سـودی نـەبوو چـەند جـار بۆگرتنـی حەمـەتاڵ زینـدوو یـان مـردوو خـەڵاتیان دابین کـردو کومیتەی نیزامی لە سنوردا بـۆ بەربـەرەکانی لەگـەڵ ئەودا پێکهاتبوو لەولایش کەسێتر بەناوی سـید عـەتا مەشهور بە عەتا کەل بەخۆی و چەند چەکدارەوە لـە سـنوری مـەریوان و بانـەدا دەسـتی کردبـوو بـەتاڵانی مـاڵ و مـەڕو مـاڵاتی خـەڵکی و زۆرجـار گونـاهی ئەویشیان وە ئەستۆی حەمەتاڵ دەخست.

حەمەتاڵ و سیدعەتا چەندجار یەکیان چاو پێکەوت و دۆستایەتیان دامەزراند بەڵام سید عەتا لە دڵەوە رقی لە حەمەتاڵ بوو دەیەویست لە مەیدان دەریکات کەچی حەمەتاڵ بۆ ئەو وانەبوو لە دڵەوە خۆشی گەرەکبوو بە تەواوی متمانەی پێدەکرد.

سەرەئەنجام سید عەتا لە پیلانێکی ناجوامێرانەدا حەمەتاڵی دەعوەت کرد بۆ سەر خوانی خۆی و ئەویش بە دڵپاکی و بێچەکدار چووە میوانی سەید عەتاو پێی وت.. ئەوەندەم متمانەم بە تۆ هەیە کە بێچەك و بێیار و یارو یاوەر هاتووم.. سید عەتا بە گاڵتە وتی.. ئەوە لە خۆت دەترسی کە من ئەگەر هاتم پیاوەکانم نەهێنم و خەرجت کەم بێ.. ئێستاش فەرموو دانیشە تا کەبابی تایبەتیت بۆ بێنم.

سەید عەتا لە خیوەتی خۆی چوەدەرو پیاوێکی کە تەعین کردبوو بەناوی (بلەغەزاڵ) و پێی گوت.. هەرکات عەلامەتم پێدایت لە پشتی سەر بیدە بەر دەستڕێژی گوللە.. ئەمجار سەید هاتەوە بۆلای کاکە حەمە و بڕێ قسەیان کردو لە هەلێکی یەکجار نالەبار و دڵتەزێندا بە دەستوری سەید عەتا، قامکی بلە غەزاڵ کەوتە سەر پەلە پیتکەی تفەنگ و حەمەتاڵ زۆر ناباوەڕانە لەگەڵ مەرگ روبەرو بوو بە گوللەی دۆستانی خۆی پێکرا و هەستا کە دیفاع کات و دەستی سەید عەتا کەوتە بەردەستی و ئەوەندەی راژەند تاکو دەستی ئەوناجوامێرەی شکاند و تەقەی شکانی ئێسکی هاتە گوێی حەمەتاڵ و هاواری سەید عەتا بڵند بوو و ئەمجار فریادی حەمەتاڵیان بیست کە دەیگوت.. ئەمەیە پیاوەتی و کوردایەتی؟ ئەمەیە رەسمی میواندارێ؟

ئەمجار لە حیرس و قینیدا بە قامکەکانی هەموو پێستی لە رومەت و سەروچاوی خۆی رامااڵی بە چەشنێ کە گۆشتی سوری دەم و چاوی دەرکەوت و خوێن رژا و گیانی دەرچوو، سەید عەتا و هاوڕێکانی بە دەستی شکاوو سەری شۆڕ لەوێ ڕۆیشتن.

ڕۆژی دوایی خەبەری ئەم کارەساتە گەیشتە سولەیمانی و بە فەرمانی حەفسەخانی نەقیب چەندکەس چون و تەرمی زەخماری حەمەتاڵیان هێنا و بەداب و یاسای ئیسلامی و بە بەشداری خەڵکێکی زۆر بەخاکیان سپارد بەم چەشنە پەروەندەی ژیانی حەمەتاڵ بەسترا و ڕەژیمی پاشایەتی ئێران قاوی داخست کە ئەوە حەمەتاڵی چەتەی ناودار کوژراوە.

بە راستی بە بیرو رای ئێوە.. حەمەتاڵ شۆڕشگێڕێکی نەناسراوی کوردە یان چەتەو ڕێگر؟

قارەمانێکی وا کە سوپای قەیسەری روسی شکاند و لە زیندانی قەسری قەجەر دەربازی بوو، ئەفغانستان و هیندوستانی پێواو لە سولەیمانی هێرشی کردە سەر بەندیخانە و بنەماڵەی موحتەرەمی شێخ مەحمودی مەلیکی لە زیندان دەرهێناو... سزاوارە کە نەناسراو بێت و هیچ فیلمساز و شانۆگێڕێ نەبێ ئەو قارەمانە بە جیهان بناسێنێت؟ ولاّمەکەی بە خۆتانە.

حەمەتاڵ لە فۆلکلۆری ناوچەیشدا ناوی هەیە بەم چەشنە:

قەد و باڵات زۆرجوانە.. باریکەی نەشمیلانە
سەرحەدانت لێدەگرم وەك حەمەتاڵی بانە

کاڵێ هۆ کاڵێ.. تۆم حەمەتاڵی
ئامرمەفرەزەی لای چەمچەماڵی

هێماکانی ئاو

یا

ئاو و ژن لە روانگەی مرۆڤە سەرەتاییەکانەوە

((لە نێوان هەمووشتەکاندا، راستەوخۆ، ئاویان دەپەرست، جۆگاو سەرچاوەکان پیرۆز بوون لایان و، خەڵکی هەموو شوێنێك، ئەو رووبارەی کە بە شوێنەکەیاندا ڕەت دەبوو، گەیاندبوویانە پلەی خوایەتی. کانییەکانیشیان وەك خوا ئەپەرست، کانییاو و سەرچاوەکانیش وەك کۆمەڵە کچێکی ناسك و جوان دائەنران، ئەستێرەی (حەوتەوانە) بە لایانەوە لە سەرەتادا ئەو کچە جوانانەی کانییاوەکان بوون)).

- شانتیپی دولاسوسە -

فرۆید لە کتێبی (پێشەکییەك لەسەر شیکردنەوەی باری دەروونی)دا دەڵێ: ((لە خەوبینیندا منداڵبوون لە شێوەی ئاودا دێتە بەرچاوو، بە گوێرەی ئەمە لێکدانەوەی بینینی ئاو لە خەودا، ئەوەیە کە ئەو کەسە کوڕێکی دەبێت، هەروەها فرۆید ئەوە روون دەکاتەوە کە شیکردنەوەی (رانك) بۆ ئەو ئەفسانانەی پەیوەندییان هەیە بە پەیدابوونی قارەمانەکانەوە کە کۆنترینیان ئەفسانەی (سارگون)ە لە دووهەزارو پێنج سەد ساڵ پێش عیسا دەری خستووە کە نقوم بوون لە ئاوداو چوونە ناو ئاوو رزگارکردنی کەسێك لە خنکاندن لەو ئەفسانەدا رۆڵێکی سەرەکییان هەیە)).

تێبینی ئێمەش لە بەسەر کردنەوەی ئەو ئەفسانەو چیرۆکانەدا، تێکڕا لەگەڵ ئەو بۆچوونانەی (فرۆید)دا یەك ئەگرنەوە. هێمای ئاو، بەر لەوەی بە نووسین بنووسرێ و ناوێکی بۆ دابنرێ، لەو نەخش و نیگارانەی مرۆڤە سەرەتاییەکاندا، کە نرخ و بەهایەکی سیحرئامیز و جادووگەریی هەبوە، بوونی هەبوە. دەتوانین ئەو هێماو نیشانانەی دانراون بۆ ئاو

لـه جوانکـاری و نـهخش و نیگـاری شـوێن و شتەپیرۆزەکان و ناو مالّدا بەدی بکەین، ئـەم هێمـای ئـاوە کـە تایبـەت نـەبوە بـە تـەنیا شـوێنێکەوە، دوو جـۆر بـووە، بـەم شـێوەیەی خـوارەوە ( ) یا (٨٨٨٨)، کاتێکیش کە نووسین هاتە ئاراوە هەر لـەم هێمـای ئـاوە پیتـی پـیرۆزی ئـەلف و بێـی کـۆن کەبریتی (M) وەرگیراوە.

لە یەکەمین ئـەلف و بێـی یۆنـانی و لاتینیدا (M) چوار لاقی شێوە زیکزاکـی یـا چـەماوەی هـەبوەو لـە شـێوەی دوو (٨) بەیەکـەوە نووسـاودابووە وەك M دەنووسـرا. پیتـی V و Wی ئـەمرۆش هـەر ئـەو شێوەیەی پێشوون بەسەرەوژووری.

لە نووسینی فینیقی دەسەدەی پێش عیساشدا ئەو پیتـەی کـە باشـتربوو بـە پیتـی (S)ی لاتینـی لـە شـێوەی (W)ی ئێستادا بـووە کـە ئـەویش هێمـای شەپۆلی دەریاکان بوو. هەروەها پیتی (S)ی عیـبری کۆن، هەشت سەدە پێش پەیدابوونی عیسا لای ئاری و سامییەکانیش پیتـی (M) پیتـی یەکـەمی ئـەو وشانە بـووە کـە پـەیوەندییان بـە ئـاوو پـەیدابوونی مرۆڤ و جیهانەوە بووە.

لە زمانی (سەنسـەکریتی)شدا پیتـی (M) یەکـەم پیتی ئەم وشانەیە: (MNTRAS) مانترا، کـە بـە مانـا توانـای لـە رادەبـەدەری جادووگەرییـە. (MANOU)مـانو، بـە مانـا پـەروەردگارە (MAYA) مایـا، گومـان و بۆچـوون لەسـەر پـەیدابوون لـە جیـهانی وێنـەو شـێوەکاندا (مولاپراکریتـی) (Mula PRAKRITI) ئـەوە مادەیەی پێـش پـەیدابوونی جیـهان هـەبوەو لـەوەوە جیهان دروستکراوە هەروەها چەند وشەیەکی تریش.

لە ئەفسانەکانی ئاشوری و بـابلیدا خـواژن مـامی (MAMI) نەتەوەیـە لێ کەوتووەتـەوە. لای نەتـەوەی (ئـەنکا) دوو خـواژن ناویـان مامـا (MAMA) بـووە. یەکـەمیان (مامـاکیلا) کـە پشـتیوانی ژنـانی شـووکردوو و خـاوەن مێرد بـووە، دووهەمیان (ماماکۆشا) کە هێمای ئاوی بـاران بـووە. هیندییـەکان دایکـی (بـوزا)یـان بـە (مـادهوا) و عەقڵیەکەمیان بە (مـهات) ناوبردووە. روسـەکانیش سەردەمانێکی کۆن خواژنیکیان ئەپەرست کـە نـاوی (ماتی ـ سیرا ـ زمیلا)بووە کە لە هەمان کـاتدا، ئـەو خواژنە خـوای دایـك و زەوی بـە پیـت و شـێداربووە. میسرییەکانیش (ماریکا)یان ئەپەرست کە دایـك و لـە هەمان کاتدا کچ بوو.

دایکە خوا و کوڕە بچوکەکەی کە نیمچەخواو نیمچە مـرۆڤ بـووە لـە کۆنـترین سـەردەمەکاندا لەهـەر شـوێنێکدا کـە خـەڵکی جوتیـاری تێـدا ژیـاوە ئـەیان پەرستن. ئەم دایکە خوایە کە هێمای سروشت بـووەو کوڕەکـەی وەك نیشـانەی بەرهـەمی سروشـت کـە بەهۆی باران و ئاوی ئاسمانەوە (ئـاوس ــ دووگیـان) بـوون، وەك نیشـانەی نـەمریی و مانـەوەی بـەردەوام سەیرئەکران، کڵیسای مەسیحییەکان ئـەم خـەیاڵ و بۆچوونـە دێرینـەیان وەرگـرت و خسـتیانە قـاڵبێکی نـوێوە. ئـەم دایکـە خوایـە کـە هـەر بـە کچـی دەمێنێتـەوەو دووگیانیشـە لـە سـەردەمەکانی پێـش پـەیدابوونی ئـاینی مەسـیحیدا بـە نـاوی (مـا) و (ماتا)وە دەناسرا. مرۆڤەکان بە چـەند ناوێکی وەك، خـانمی سـەرچاوەی هـەموژیان، سـەرەتای هـەموو بوونێـك، خـانمی کشـتوکاڵ، خـانمی هـەموو گیـاو و دارەختێکـی سـەوزبوو، خـوای کێـڵ و کـووخ، خـوای چاکـە، دایکـی پیـت و بەرەکـەت و ئـاوەدانی و، هەروەها چەند ناوێکیتر.

خەڵکی کەرت و ئیجە ناوی (ئوما) و (ئەما)یان لـەم خواژنە نابوو، کە ئەم ناوانە لە ئەنجامی بەکارهێناندا سووك کرانەوە و بـوون بـە (مـا). دانیشـتوانی ولاتـی نێوان دوو رووبار بـەم کچـە دایکـەی خۆیـان دەگـوت (ماە)، هەروەها لە ناوچـەی بیـهار (هینـد) (مـایی) و لەسەر زەوی (تلوگو) پێـی دەوتـرێ (ماتـانگی) و لـە هیمـالای خـواروو (دوی مـای) یـا (دوی ماتـا) پـێ وتراوە.

له هەموو شوێنێکدا پیتی (M)ی نیشانەی ئاو، له ئاوی خوا ـ دایکدا هەیە.

له زمانی فەڕەنسی دا پیتی (M) پیتی یەکەمی ئەم وشانەیە، (Mer) دەریا، (Mare)، گەنکاو، (Maree) کشان و چوونەیەکی ئاو. (Marin) دەریا گەڕ، (Marecage) قوڕوڵیتە، هەروەها وشەگەلێکی وەک(Mere) دایک، (Maternite) ژنی دووگیان، (Marie) مەریەم، (Moise) موسی، بە واتا لە ئاو دەرهێنرا.

بەڵای (سەلت)ەکانەوە مامان یا ئەو ژنانەی منداڵ بەخێو ئەکەن (دایە)، دوو تایبەتمەندییان هەبوو، یەکەم پارێزگاری سەرچاوەکانییاوەکان، دووەم هێمای دووگیانی و سك پڕی، واتە بە نیشانەی هێزی لە رادەبەدەری سروشت دادەنران.

له زمانی ئەڵمانیشدا وشەی (Muteek) واتا دایك بە پیتی (M) دەست پێدەکات، هەروەها وشەی (Wasser) کە بە مانا ئاوە بە پیتی (W) دەست پێدەکات کە دووەمین نیشانەی شەپۆلە. لە زمانی ئینگلیزیشدا، هەر هەمان دوو پیت لە سەرەتای وشەی (MATHER) کە بە مانا دایکەو وشەی (Water) کە بە مانا ئاوە بەرچاو ئەکەون. پیتی (S)یش کە لە سەرەتادا نیشانەی ئاو بووە، لەم وشانەی خوارەوەدا دەبینرێن: (source) بە مانا (کانی)، (ruisseau) بە مانا (جۆگا)، (ruisseler) بە مانا (سەرەوخواربوونەوەی ئاو وەکو جۆگا)، (sourcier) واتا ئەو کەسانەی لافی ئەوە لێدەدەن کە بەهۆی چیلکەوە سەرچاوەی ئاو دەدۆزنەوە.

لە سەردەمە سەرەتاییەکاندا، ئاو بە دوو شێوە پەیوەندی هەبوە لەگەڵ مانای بەرهەمداری و دووگیانیدا، یەکەم لە شێوەی باراندا، دووەم لە شێوەی ژنێکی دووگیانیدا کە منداڵێکی ئەبوو لەپەنا شتێکدا کە هەموو دەیانپەرست، ئەو رستەیەی کە لە ئەفسانەکاندا بەکار دەهێنرێ و دەوترێت ((لە ئاو دەرهێنراوە)) یا ((رزگار کراوە لە ئاوی قووڵ)) باسکردنێکە بە هێماوە بۆ دووگیانی و سکپڕیی و وێنەکێشانێکی شاعیرانەیەو پەیوەندی هەیە بە باری دووگیانی و سکپڕبوونەوە. تێگەیشتن و پەی بردن بەوەی کە ئەو مرۆڤە سەرەتاییانە چۆن گەیشتوونەتە رادەیەکی وا ئاویان بەلاوە پیرۆز بێت و بیپەرستن، شتێکی گران نیە، چونکە بەبێ ئاو هیچ شتێك بەرهەم و بەروبومی نەبوە، لە نووسینەکۆنەکانی سەردەمی پێش بابلییەکاندا کە بە خەتی هیروگلیفی نووسراون باسکراوە لەبوونی جۆرە پەیوەندییەك لە نێوان (خوائانو) کە هاومانایە لەگەڵ ئاسماندا، و ئاوی حەیات، ئەو ئاوەی دەبێتە هۆی نەمری و پاکبوونەوەو زیندووبوونەوەی دوا رۆژ. پرژاندنی ئاو یا پیرۆز راگرتن و بە موبارەك زانینی، بەناوی (نام ـــ تار)ی خوای چارەنووس لەو سەردەمانەدا شتێکی باوبووە.

مرۆڤە سەرەتاییەکان ژمارەیەکی زۆر خواو خواژن و رۆحیانەتی سەرپەرشتیاری ئاویان بۆ خۆیان دروستکردووە کە بە پێچەوانەی خوای سامناکی بروسکەو هەورەوە، چەردە چەردەیەك لە روناکی و ئارامی و گەشبینی و فەڕوبەرەکەتیان بەخشیوە بە ئەفسانەکان، شەش سەدە پێش عیسا، خواژنی ئاوی کلدانییەکان سەروەرو گەورەی هەموو خواکانیان بوو. لە سەردەمی پاشاکانی (میرفونژی)دا خەڵکی ئینگەلتەرا و سکوتلەنداو یونان و ئەسکەندنافیاو نەتەوەی بالت و سلاف هێشتا گەلێك فەوارەو بیروسەر چاوەکانیان ئەپەرست، لەو کاتەدا لە هەموو شوێنێك رێو رەسمی لەئاو هەڵکێشانی کۆرپەکانیان پاش چەند رۆژێك لە پەیدابوونیان، شتێکی باو بووە، ئەوەش داب و نەریتێکی تەندروستی زۆرکۆن بووەو مەبەستیشیان هەڵسەنگاندنی رادەی بەرگری کردنی لەشی منداڵەکە بووە.

پەیڕەوی کردنی هەر ئایینێك، بەگشتی ئایینی پەرستی ئاوی کانی و سەرچاوەکان، یا ئاو ـــ دایك،

دەبوو جێ پەنجەیەکی دیارو قوڵ لە داب و نەریتی خەڵکدا بەجێبێڵێ و ئەم داب و نەریتە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکیتر وردە وردە بڵاوتر و فراوانتر دەبوویەوەو لە کۆتاییدا وەک هێڵێکی لێدەهات لەم لاو ئەولایەوە ئەوەندە گوڵ و گیای لێ سەوز دەبوو، کە ئەمڕۆ دەبێت گەلێك لەو گوڵ و گیایە بکەیتەوە بۆ ئەوەی بتوانی مانای سەرەکی ئەفسانەکان لێکبدەیتەوە لەگەڵ ئەو هەموو فراوانییەی خۆیدا. بەڵام لە جێی خۆیدایە چاوپۆشی بکەین لەو هەموو کانی و سەرچاوەو پلوسکانەی کە هەست و سۆزی شاعیرەکانی لە جیهانی ئەدەبدا دروستیان کردووە.

ئاو ـ دایك، ئەم وێنە میسالی و خەیاڵییە خاوەن توانایە، لە هەزاران جۆگای بچووکەوە تا ئەو پەڕی سنووری نەستی ئێمە گوزەری کردووە و چووەتە ناوبەوە بە شێوەیەك کە کەمترین بەرچاو رووناکی لای مرۆڤ بەس بووە بۆ دۆزینەوەی، لە ئەنجامدا بەشی زۆری ئەو ئاماژە بۆکردن و باسکردنەی کە لە شیعرو و رۆمان و تەنانەت لە چیرۆکەکانیشدا هاتووە، هیچ بەهایەکی هێماییان نیە، چونکە ئەم ئاماژە کردنە بە ئاو لە رێگای فێرکردن و لاسایی کردنەوەو خوو پێوەگرتنەوە هاتوونەتە ئاراوە.

هەر بەم شێوەیەیە کە دەبینین (مارسیاس) شمشاڵەکەی (مینروف) لە کەناری تافگەیەك یا کانییەکدا دەدۆزێتەوەو (مینروف)یش رووپۆشەکەی (پرۆزرپین) لە کەناری دەریاچەی (سیراکوز).

لە چیرۆکەکاندا زۆرجار کچە شازادەیەك لە کەناری سەرچاوە ئاوێکدا، تووشی ئەبێ بە پەرییەکی کردارچاك و خێرخواز، یا کوڕەپاشایەکی شۆخەوە، نمونەی ئەمە لە چیرۆکی پەرییەکانی پیرۆدا بەرچاو دەکەون.

داب و نەریتی و رێ و رەسمی لەئاو هەڵکێشان (تەعمید) لە چیرۆکەکاندا، هەروا لە ئەفسانەکاندا هەروا شتێکی لە خۆوە هاتوو و کەم بەها نیە، گەلێك لە چیرۆکەکان سەرەتاکەیان بەوە دەست پێدەکا. چیرۆکی (شۆخی نووستوی ناو دارستان) نموونەیە کە لەم چیرۆکانە لە ئاماژەکردن بە ئاو لە ناو چیرۆکەکاندا زیاتر جڵەو بۆ خەیاڵ شل دەکرێ. بۆ نموونە لە چیرۆکی (جانی وەفادار) ژنێکی کارەکەر بە دوو سەتڵی زێڕین ئاو دەکێشێ. لە رۆژگاری ئەمڕۆشدا ئاو بۆ هەندێك لە نووسەران کە وردەوپردەی بەرپێی نەستی خۆیان بە هەڵە لێدەبێتە هێزێکی ئیلهام و سرووش رۆڵێکی راکێشەری هەیە، ئەو نووسەرانە کە بەشی زۆریان لە رۆمانسییەکانن، زۆر باس لە تافگەو پلووسك و دڵۆپەی شەونمی مرواری شێوە ئەکەن و عیشق و شەیدایی خۆیان بە تینوویەتی و چارەنووسی خۆیان ئەچوێنن بە جووڵەی بەلەمێك و کە دێنەسەر باسی گیانی خۆیان دەنووسن: کە رۆحیان لەم شت یا ئەو شتەیتر تێر بووەو خەیاڵیان وەك (بەلەمێکی بێ چارۆکە سەرگەردانە)و ئاو راپێچی دەکا بۆ هەر شوێنێك کە خۆی مەبەستی بێ و...هتد. ئەم جۆرە ئیلهام و سرووشەی ئەم شاعیرو نووسەرانە خۆی لە خۆیدا سەرنج راکێشە. چونکە بەڵگەیەکە لەسەر کاریگەری ئەو وێنە خەیاڵییانەی کە لە ناخ و هەستماندا جێگیر بووەو هیچ شتێکمان فێر ناکات، ئەو داستانانەی کە باس لە چاکبوونەوەی نەخۆشەکان ئەکەن بەهۆی چوونە سەر هەندێ کانی و سەرچاوەی ئاوەوە شتێکن لەم بابەتە، چونکە تایبەتمەندی هەندێ ئاووسەرچاوە کە بۆ دەرمان و چارکردنی هەندێ نەخۆشی بەکار هێنراون هەر لە دێرزەمانەوە دۆزراوەتەوەو پەی پێ براوەو هیچ کەسێك ئەوەندە ساویلکە نەبوە لای وابووبێ ئەم ئاوانە توانایەکی موعجیزە ئاسا لە رادەبەردەیان هەبووبێ لە چارەسەرکردنی نەخۆشییەکاندا. بۆ نموونە لە ئەفسانەی ئەو شاو شاژنەدا کە کوڕێکیان نیە ببێتە جێنشین و لە ئەنجامدا شاژنەکە دەچێتە لای تافگەی ئاوێك، بینایە لەبەردی مەڕمەڕ

دروستکراوەو پاش سالێك سکی پڕ ئەبێ و (ئاسکی مێینەی دارستان)ی دەبێ. لەم داستانەدا هیچی وای تێدانیە کە چووبێتە ناخ و هەستی مرۆڤەوە.

لێکۆڵینەوە لەسەر ئاو، رەگ و ریشەو بنەمای جادووگەرانەی داب و نەریتی رێبازە ئایینییەکان کە بڵاوبووەتەوە لە هەموو ئایینەکانی جیهاندا رۆشن دەکاتەوە، تایبەتمەندی بنەڕەتی داستانەکانی خوا ئەفسانەییەکان و پاڵەوانەکان، بە زۆری قەرزداری ئەفسانەی تۆوچێن و جووتیارییەکە بە یەکەمین و گەورەترین ئەفسانە دادەنرێت و سروشتی لەلا وەك ژنێکی لەیەك کاتدا کچ و هەم دووگیان، دایکی حەوت کوڕ کە یەکێکیان توانایەکی لەرادەبەری هەیە، گەورەو رێزدارو خۆشەویست داناوە. یەکەمین خانەوادە لەم بنەماڵە پیرۆزانە، بنەماڵەی (کریشنا) بووە کە لە ئاخوڕێکدا هاتووەتە دنیاوەو شوانەکان بەخێویان کردووە.

مرۆڤەکانی سەردەمە کۆنەکان (رۆژ) کە بەخشندەی روونـاکی و گەرماو ژیانەو هەورو بروسکەی موژدە دەری بارانی بەرهەمدارو پاك کەرەوە، بەهۆی ئەو گرنگییەی کە هەیانە بۆ ژیانی گیاو ئاژەڵەکان، واتە خۆراکی مرۆڤەکان، دەیان پەرست. لەوکاتەوە شتێك دروست نەبوە کە بەجۆرێك قەرزاری ئەفسانەی تۆو چاندن و جوتیاری نەبێ، تەنانەت هەندێ رێ و رەسمی پیرۆزی ئایینی لە ئایینی مەسیحیدا بەرهەمێکی ئەو ئەفسانانەن کە دوای تێپەڕبوونی هەزاران ساڵ بە ئاستەم توانیویانە کەمێك گۆڕانی بەسەردا بێنن.

هەروەها ئەفسانەکانی هەموو سەردەم و کاتەکان کەباس لەدوو بـرای دوژمـن بەیەك ئەکەن و بـرا چاکەکەیان بەدەستی برا خراپەکەیان ئەکوژرێ، هەر لەو ئەفسانەیەی جوتیارو کشتکارەوە سەرچاوەیان گرتووە، ناوەڕۆکی ئەم ئەفسانە (کە لە ئەفسانەی هابیل و قابیلدا وەك نموونەیەکی دیار دەرکەوتووە) بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ دژایەتی و ناکۆکی و شەڕی نابەرابەرو سەرسوڕهێنەری سروشتی بەرهەم هێنەری لەگەڵ بیابانی زۆربێبەر ئەگێڕێتەوە، سروشتی بەرهەمدار کە بەدەستی مرۆڤ رێك ئەخرێ و ئامادە دەکرێ و ئەکێڵدرێ و ئاو ئەدرێ و چاودێری ئەکرێ و، گەلە ئاژەڵ و مەڕو ماڵاتی جـوان و گەنمی خۆراکی مرۆڤ دینێتە بەر، بەڵام بیابان بەهێزترەو ئەگەر لێی غـافڵ بی هێرش دەباتە سەر سروشتی سەوزو بە لمی گەرم و داخ و سووتێنەر دای ئەپۆشێ و لە ئەنجامدا و شك و وێرانی ئەکات.

دکتۆر حوسێن محەمەد عەزیز


شەکرە شارەکەم
"سولەیمانی"

ئەم نووسینە، بە بۆنەی ((٢١٦)) ساڵەی دامەزراندنی شاری ((سولەیمانیی))یەوە نووسراوە. پێشکەشبێ، بە گیانی پاکی هەر دوو میری بابان: ((برایم پاشا))، یەکەم فەرمانڕەوا و دامەزرێنەری شار، ((عەزیزبەگ))، دوامیری ئازاو نیشتمانپەروەر، کە لە شەڕێکی نابەرابەری سەختی خوێناویی بەرگریی شارەکەدا، دژی لەشکری داگیرکەری تورکە ((عوسمانیی))یەکان، ساڵی ((١٨٥١))، بڕوانامەی دڵسۆزیی لە دایکی نیشتمان وەرگرت و شەهیدکرا.

دڵۆپێ لە زەریای میژووی شار:

وەک چۆن، حەوزی پانوبەرینی زەریاکان، لە تنۆکە بارانی ئاسمان پێکهاتوون، خۆشەویستیی کوردستانی گەورەش، لە خۆشەویستیی ((مااڵ، بەردەرگە، کۆاڵن، گەڕەک، گوند و شار))ەکانەوە دەسپێدەکا. بێچووە مەلی خۆشەویستیی جیهانیش، لە گەرای خۆشەویستیی دایکی نیشتمانەوە، سەر دەجوقێنێ. چونکە، هەر کەسێ شارەکەی خۆی خۆش نەوێ، هەرگیز ناتوانێ، تۆوی خۆشەویستیی نیشتمانەکەی، لە ئینجانەی دڵ و دەروونیدا بڕوێنێ. هەر کەسێ نیشتمانەکەی خۆی خۆش نەوێ، هەرگیز ناتوانێ، پەری رازاوەی بووکی ئەندێشەی جیهان، لە جۆاڵنەی دڵە ساواکەی خۆیدا رازێنێ.

ناوچەی ((سولەیمانیی)) بە گشتیی، لە بەرەبەیانی مێژووەوە، لای کورد، گەاڵنی ناوچەکەو بێگانەش ناسراوە. سەرەتا ((ئاشووریی))، پاشان ((بیشدادیی)) و دوایی ((میدیی، هەخامەنشیی، ئەسکەندەر لە سەدەی چواری پ.ز.، ئینجا دەوڵەتی ئەشکانیی ئێرانیی، ساسانیی، تا پەیدابوونی ئیسالم))، یەک لە دوای یەک دەسیانبەسەردا گرتووە. دوای ئەوەش، لەشکری عەرەبە ئیسالمیەکان، لە (٦٤٣ز)دا داگیریانکردووە. لە سەدەی چواری کۆچیدا، بە دەس کورد خۆیەوە بووە. لە ساڵەکانی (٣٥٠-٣٤٨)ی کۆچییدا، لەژێر دەسەاڵتی دەوڵەتی



((حەسنەویی))یەی کوردییدا بووە. ماوەیەکیش بەدەس ((سالاری مەرزەبان))ی ((رووادیی))یەوە بووە. ئینجا ((سەلجوقیی، ئەتابەکیی، ئەیوبیی، مەغۆلیی، جەلائیریی، هەردوو دەوڵەتی تیرەی بەرخی رەش و سپی، پاشان تەیموری لەنگ لە ١٤٠٠ز))دا داگیریانکردووە. دواتریش ((ئەردەلانیی، سەفەویی، بابان، عوسمانیی و بریتانیای گەورە)) دەسیانبەسەرداگرتووە. پاشان، سالّی (١٩١٨-١٩٢٥)، (شێخ مەحمودی حەفید) فەرمانڕەوایی تێدا کردووە، تا دواجار ئینگلیزەکان بە ((عێراق))ی عەرەبییانەوە دادروو.

پێش ئەوەی، شاری ((سولەیمانیی)) دروسکرێ، ((بابان))ەکان لە گەلێ جێگەی وەک: ((مەرگە، دارشمانە، ماوەت، بەکراواو قەلاچوالان))، ناوەندی میرنشینەکەیان دامەزراندووە. شاری ((قەلاچوالان))، لەسەر چەمی ((قەلاچوالان))، لە دامێنێ شارۆچکەی ((چوارتا)) و لە ناوچەی ((شاربازێر)) هەلکەوتووە. ((بابان))ەکان، سالّی ((١٦٦٩ز))، ئەم ناوچەیەیان ئاوەدانکردۆتەوە. ((١٢٥)) سالّ، فەرمانڕەواییان تێدا کردووە. تا سالّی ((١٧٨٤ز))، شاری ((سولەیمانیی))یان دروسکردووەو گواستویانەتەوە بۆ ئەوێ.

گەلێ نووسەر و زانای گەورەی وەک: ((محەمەد ئەمین زەکی بەگ، تۆفیق وەهبیی، جەمال بابان، ئەکرەمی سالّحی رەشە، د.فەواد حەمە خورشید...))، دەربارەی ((ناو، دامەزراندن، هەلبژاردنی جێگە، باری رامیاریی، کۆمەلایەتیی، خوێندەواریی و بزووتنەوەی رۆشنبیریی)) ئەو سەردەمەی شارەکەیان نووسیوە.

هۆکانی دامەزراندنی شار:

سەرەتا با بزانین، ئەو هۆیانە چی بوون، پالّی بە ((بابان))ەکانەوە ناوە، واز لە ((قەلاچوالان)) بێنن و شاری ((سولەیمانیی)) دروسکەن؟

پوختەی بیروباوەڕی، هێندێ لەو نوسەرانە، سەبارەت بەدامەزراندنی شاری (سولەیمانی) خۆی لەم خالانەی خوارەوەدا دەبینێ:

١) جوگرافیا: ((قەڵاچوالان))، لە شوێنێکی لاڕێ و چەپەکدا هەڵکەوتووە. لە ڕێگەی سەرەکیی شارەکانی دیکەی کوردستانەوە دوورە. زۆر بە کەڵکی کاری ((فەرمانڕەوایی، رامیاریی و بەڕێوەبردن) نەهاتووە. بەڵام، ڕێگەکان لە هەموو لایەکەوە، لە شاری ((سولەیمانیی)) یەکدەگرنەوە. شارەکە، هەموو ڕێگەکان پێکەوە دەبەستێتەوە. هەردوو دەشتی ((شارەزوور و بازیان))یش، پێکەوە گرێدەدا. جگە لەوەی، ئاوێکی زۆر، خاکێکی بە پیت و جێگەیەکی باشی هەبووە، کە دەتوانرا، کشتوکاڵێکی زۆرو هەمەجۆرەی لێ بکرێ، بەرهەمیش زیادکرێ، لەو ڕێیەشەوە، تیرە و هۆزە کۆچەرییەکانی کورد جێگیرکرێ.

٢) تۆپۆگرافیا: ناوچەی ((قەڵاچوالان))، لە کۆمەڵێ بەرزایی و گردۆڵکەی بەرتەسک پێکهاتووە. چواردەوری بەشاخ گیراوە. ماوەی فراوانبوون و پەرەسەندنی نەبووە.

٣) ستراتیژ: لەبەر ئەوەی، میرنشینی، ((بابان))، سەر بە والی ((بەغدا)) بووە، هەموو ((عێراق))ی ئەو سەردەمەش، بە باشووری کوردستانیشەوە، لە بندەستی ئیمپراتۆریای ((عوسمانیی))دا بووە، لە سنوورەکانی ((ئێران))ەوە زۆرنزیکبووە. زۆربەی کات، ئەو ناوچەیە، لە لایەن لەشکری ((سەفەویی))یەوە، هەڕەشەی پەلاماردانی لێ کراوە. ناوچەی ((سولەیمانیی)) لەو ڕووەوە، لە ((قەڵاچوالان)) هێمنتر و ئاساییشتر بووە.

٤) حەزو ئارەزوو: ((برایم پاشا)) خۆی، ماوەیە لە ((بەغدا)) ژیاوە. ئارەزوویەکی تایبەتیی هەبووەو ویستویەتی، شارێکی ((جوان، ڕێکوپێکو گەورە)) دروسکا، وەک یادگارێ لە میژووی نەتەوەی کوردا، بۆ خۆی و بنەماڵەکەی بەجێبێڵێ و ئەو ڕاڕە گەورەیەیان پێ ببڕێ.

٥) ئاوەدانیی: لە دامێنی چیای ((گۆیژە))، گوندی ((مەڵکەندیی)) هەبووەو ئاوەدانبووە. لە ((کانیسکان))، ئاوێکی زۆرو پڕ کانیی لێ بووە، بە بێشەڵانێکی چڕوپڕی گەورە داپۆشراوە. جێگەی ((سەیران، غارغارێن، ڕاوی باڵندە و ئاژەڵی کێویی)) بووە. جگە لەمانەش، ((مەحموود پاشای مامی برایم پاشا))، ساڵی ((١٧٨١ز))، قەڵایەکی سەربازیی دروسکردووە، کە ئەو سەردەمە بە ((دەبۆ)) یا ((قشڵە)) ناوبراوە، شوێنی گەرماوی قشڵەی کۆن دەگرێتەوە، کە کاتی خۆی، پیاوێکی ناوداری وەک ((حەمەی ئەورەحمان ئاغا)) دروسیکردووە.

هەموو ئەو هۆیانە، پاڵی بە ((برایم پاشا))ی ((بابان))ەوە ناوە، بیر لە دروسکردنی شاری ((سولەیمانیی)) بکاتەوە. تا، لە سەرەتای ساڵی ((١٧٨٤ز))دا، لە نزیک گوندی ((مەڵکەندیی))، ڕەنگی ((خانوو، بازاڕ، مەڵبەندی کارگێڕیی میرنشین))ەکەیان ڕشتووە و بناغەیان هەڵکەندووە. پاشان ئاوەدانیانکردۆتەوە. ئینجا، لەڕۆژی هەینیی ڕێککەوتی ((١٤/نۆڤەمبەری/١٧٨٤ز))دا، بە ئاهەنگێکی گەورەو بە خۆشییەکی لە ئەندازە بەدەر، پێتەختی میرنشینەکەیان گواستۆتەوە. ئیدی لەو ڕۆژەوە ((سولەیمانیی)) چ وەک پێتەخت و چ وەک شار، ڕۆڵێکی گەورەی لە میژووی کوردا وازیکردووە.

سەبارەت بەو کارە مەزنەی ((برایم پاشا))، گەلێ ((هۆنەر، نووسەر و ڕووناکبیر))ی کوردی وەک: ((مەولانا خالیدی نەقشبەندیی، محەمەد ئەمین زەکی، قانیع و نەجمەدین مەلا...) بە شانوبازوویاندا هەڵداوە، دەس خۆشانەیان لێ کردووەو ستایشیانکردووە، لەو بارەیەوە، مامۆستا ((نەجمەدین مەلا)) گوتوویەتی: {ناتوانم بڵێم: ((برایم پاشا)) لە ((ئەسکەندەری مەقدونیی)) و ((ئەبو جەعفەری مەنسوور)) زیاترە، کە شاری

((ئەسکەندەریە)) و ((بەغدا))یان بنچینەناوە. بەڵام، خۆ لەوان کەمتر نییە}((٢)).

((برایم پاشا)) لەبەرکام هۆیان، شارەکەی بەو ناوەوە ناوناوە.

ناونانی شارەکە:

دەربارەی ناونانی شارەکە، چەن بۆچوونێکی جیاواز هەیە. لەوانە:

١) لە مێژووی فەرمانڕەوایی میرنشینی ((بابان))دا، چەن ((سولەیمان)) ناوێ هەبووە. وەك: ((سولەیمان بەبەی کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارشمانە، سولەیمان پاشای گەورەی قەڵاچوالان)). هەروەها کوڕەکەی ((برایم پاشا))ش، هەر ناوی ((سولەیمان)) بووە. والی ((بەغدا))ش هەر ناوی ((سولەیمان پاشا)) بووە. گوایە، شاری ((سولەیمانیی))، لە ناوی یەکێ لەو ((سولەیمان)) ناوانەوە هاتووە. بەڵام، لە راستییدا روون نەبۆتەوە، بە ناوی کامیانەوە ناونراوە.

٢) دەڵێن: لە کاتی دروسکردنی شارەکەدا، کرێکارەکان موستیلەیەکیان دۆزیوەتەوە، ناوی ((سولەیمان))ی لەسەر هەڵکەندراوە. گوایە، ئەموستیلەی ((سولەیمان)) پەیامبەر بووە. ((برایم پاشا))ش، لەبەر گەورەیی ئەو پەیامبەرەو پیرۆزیی ناوەکەی، شارەکەی بەو ناوەوە ناوناوە.

٣) ((ئەمین زەکی بەگ)) پێی وایە، شاری ((سولەیمانیی))، لە شوێنی شاری ((سێلوونا))ی کۆن دروسکراوە. گوایە، ئەو شارە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ((لۆلۆ)) و ((گۆتیی))یەکاندا دروسکراوە و بە باپیرە گەورەی دانیشتووانی ناوچەکە دادەنرێن.((١٠))

٤) بۆ چوونێکی دیکەش هەیە، گوایە، ((مەحموود پاشای مامی برایم پاشا))، ساڵی ((١٧٨١ز))، دەبۆیەکی گەورەی بە فەرمانی ((سولەیمان پاشای جەلیل))ی والی ((موسڵ)) دروسکردووە. کاتێ ((برایم پاشا))ش، شاری ((سولەیمانیی)) دروسکردووە، بەیادی ئەو پیاوەوە ناویناوە. هەرچی چۆنێ بێ، تا ئێستە، بە تەواویی زۆر روون نەبۆتەوە،

سنووری شار:

سنووری پارێزگەکە، لە باکوورەوە بە ناوچەکانی پارێزگەی ((هەولێر))، لە خواروەوە بەناوچەکانی شاری ((دیالە))، لە رۆژهەڵاتەوە بە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانی بەشەکەی ((ئێران)) و لە رۆژئاواشەوە، بە ناوچەی ((کەرکووك و تکریت)) دەورەدراوە. پارێزگەی ((سولەیمانیی))، بە پێی هەڵکەوتی جوگرافیایی، لە ژوورووی ((عێراق))دایە.

جوگرافیا و ئاووهەوا:

شاری ((سولەیمانیی))، لەسەر هێڵی پانی ((٣٥.٥)) پلەو هێڵی درێژی ((١٦)) پلە هەڵکەوتووە... پانتایی ناوچەی ((سولەیمانیی))، خۆی لە ((١٣,٣٣٨)) کیلۆمەتری چوارگۆشە دەدا. لە رووی تۆپۆگرافیاوە، بە بەشێ لە ناوچە شاخاوییەکان دادەنرێ. بۆیە، لە رووی بەرزیی و نزمییەوە، لە دوو بەش پێکهاتووە:

١) ناوچەی گرد، تەپۆڵکە و چیا نزمەکان: هەموو ئەو ((دەشت، شیو و دۆڵانە)) دەگرێتەوە، کە بەرزییان لە نێوان ((١٠٠٠ـ٢٠٠٠))م دایە.

٢) ناوچەی چیا سەرکەشەکان: بەرزاییەکانیان لە نێوان ((١٠٠٠ـ٣٦٠٠))م دەبێ. ئەمانیش دوو جۆرن:

ــ چیا بێ پێچوپەناکان: بەرزاییان لە نێوان ((١٠٠٠ـ٢١٠٠))م دەبێ. لە دوو زنجیرە چیا پێکهاتووە و نێوانیان بە ((گردۆڵکە، دەشتایی پان، چەم و ڕووبار)) پربۆتەوە. وەك: چیاکانی ((کانی مستەفا ــ ١٤٠٠م، کانی شینە حەسەن ــ ١٤٤٤م، سەگرمە ــ ١٧٣٥م، چیاکانی قەرەداخ ــ ١٧٨١م و گڵەزەردە ــ ١٨٢٥م.

ــ چیا پێچاوپێچەکان: بەرزاییەکانیان لە نێوان ((٢١٠٠ـ٣٦٠٠))م دەبێ. دۆڵی زۆر قوڵی تێدایە. وەك:

چیاکانی ((قەندیل ـ ٣٤٥١م، کونەکۆتر ـ ٢٧٦٥م، کاروخ ـ ٢٥٩٦ و پشدەر ـ ٢٢٣٩م)) هەروەها، چیاکانی ((هەورامان و پیرەمەگروون)). ((پیرەمەگروون)) بە بەرزترین چیای دەوروبەری ((سولەیمانیی)) دادەنرێ. ((٩٧٠٠)) پێ، لە رووی زەریاوە بەرزە.

ئاووهەوای ناوچەی ((سولەیمانیی))، لە ئاووهەوای ناوچەی زەریای ((سپی ناوەڕاست)) دەچێ. لە هاویندا گەرم و وشکە. لە مانگەکانی ((یون، یول، ئۆگەست و سێپتێمبەر))دا، باران نابارێ. زۆرترین باران، لە مانگی ((مارس)دا دەبارێ. لە زستاندا، سارد و بە بارانە. پلەی گەرما لە هاویندا، خۆی لە ((٣٩ـ٤٠)) پلە دەداو لە زستانیشدا، لە خوار هیچەوەیە. لە زەریاوە دوورە، لەبەر ئەوە، هەواکەی شێدار نییە. بەفر، بە زۆریی لە مانگی ((دێسەمبەر و ژەنیوەری))دا دەبارێ. رەشەبایەکی زۆر قایمی هەیە، هێندێ جار ((٢ـ٣)) رۆژ و هێندێ جاری دیکەش ((٢ـ٣)) هەفتە دەخایەنێ. لەو کاتانەدا رەشەبا هەڵدەکا، لە زستاندا هێندەی دیکە هەواکەی سارد دەبێ و لە هاوینیشدا گەرمتر دەبێ. جگە لەوەی، زیانێکی زۆریش، لە کشتوکاڵ دەدا، نێو شارەکەش پیسدەکا. هێندێ جاریش، خۆڵی لەگەڵ دەبارێ.

نەخشەی شار لە سەرەتای دامەزراندنیدا:

گەر ((برایم پاشا))، یەکەم بەردی بناغەی شارەکەی، لە گوندی ((مەڵکەندیی)) دانابێ، ئەوا گەڕەکی ((گۆیژە))، بە ((سابونکەران، قاوەخانەی سەرچیمەن و گاوران))یشەوە، بەیەکەم گەڕەکی شار و کۆنترینیان دادەنرێن، هەر لەوێشەوە، شاری ((سولەیمانیی)) دەسپێکردووە. پاشان، گەڕەکی ((دەرگەزێن)) دروسکراوە، کە ئەو سەردەمە، زۆر لەگەڵ گەڕەکی ((سەرشەقام)))دا لێک جیا نەکراونەتەوە. سێیەم گەڕەک ((کانیسکان)) بووە. دوا گەڕەکیش ((سەرشەقام و چواربـاخ)) ئاوەدانکراونەتەوە.

ئاوەدانبوونەوە و پەرەسەندنی شارەکە:

دیارە، دوای ئەوەی ((برایم پاشا))، ناوچەی ((قەڵاچوالان))ی جێهێشتووە، گەر هەموو دانیشتووانی شارەکە، لەگەڵیدا نەیانگوێزابێتەوە، ئەوا بە گوێرەی ئەوەی، پێتەختی تازە بووە، زۆربەی زۆری بنەماڵەی ((بابان، کاربەدەستانی میرنشینەکە، کەسایەتییە ناوارەکانی ئەو سەردەمە، بازرگان، دوکاندار و خاوەن پیشە))کانی دیکە، لەگەڵ ((پاشا))دا، بەرەو هەواری نوێ ملیاننـاوە. پاشان، لە ناوچەکانی دیکەی کوردستانەوە، وەک ((کەرکوک، هەولێر، رەواندوز، شارەزوور، سنە، هەمەدان، سەقز، بانەو مهاباد))، خەڵکێکی زۆرو بە لێشاو، رووبان لە ((سولەیمانیی)) کردووە. لە هەموو جۆرە ناوچەیەکەوە، لێی خڕبوونەتەوە، خاوەن بیروباوەڕی ئایینی جیاوازی وەک: ((موسڵمان، جوو و فەلە))ی تێدابووە. لەوانەیە، لە سەرەتادا هەر دەهەزار کەسێکی تێدابووبێ، پاشان وردە وردە زۆربووە. مستەر ((ریچ)) سالّی ((١٨٢٠ز)) و لە سەردەمی ((مەحموود پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشای بابان))دا، سەری لە ((سولەیمانیی))داوە. دەربارەی ژمارەی دانیشتووانی ئەو کاتەی شار نووسیوێتی: (ئەو سالّە دوو هەزار مالّی ئیسلام، ١٣٠ مالّە جوولەکە، نۆ مالّی کلدان، پێنج مالّی ئەرمەن، پێنج گەرماو، پێنج مزگەوت و پێنج خانی تێدا بووە))((٧)).

بەو شێوەیە دەبینین، لە لایەکەوە لە ئەنجامی زاووزێکردن و لە لایەکی دیکەشەوە، لەبەر کۆچکردنی خەڵک و جێگیربوونی خێڵە کۆچەرییەکان، رۆژبەرۆژ تا هاتووە، ژمارەی دانیشتووانی شارەکە زیادیکردووە. لە هەمان کاتیشدا، ژمارەی دانیشتووان و پەرەسەندنی شارەکە، هەمیشە لە

هەڵکشان و داکشاندا بووە. لەو بارەیەوە، ((جیمس فلکس جونز)) نووسیوێتی: (ژمارەی خانووەکان، لە ساڵی ((١٨٤٤))دا کەمبووەوە بۆ نیوەی ئەوەی کە ((ریچ)) لە ساڵی ((١٨٢٠))دا دیبووی).((٢))

دوای ئەوەی، دەسەڵاتی ((بابان)) نەما و ناوچەی ((سولەیمانیی))، دەس عوسمانییەکان کەوت، سنووری شارەکە فراوانتربوو. چونکە، سنووری بەڕێوەبردنی شاریان فراوانتر کرد، کردیان بە ((لیوا)) و هەر چوار ناوچەکەی ((بازیان، هەڵەبجە، شارەزوور و مەرگە))شیان پێوە بەستەوە. ئینجا، بارودۆخەکە هێمنبۆوە، شارەکە ئاوەدانی تێکەوتەوە، جموجۆڵی بازرگانیی و پیشەسازیی دەستیی و کاری کشتوکاڵیی گەرمبوو. ((لێك لاما))، ساڵی ((١٨٦٨))، ژمارەی دانیشتووانی شارەکەی، بە ((٦٠٤٥)) خێزان و سی هەزار کەس داناوە. ((مۆنسل)) ساڵی ((١٨٩٢)) نووسیوێتی: (ژمارەی خانووەکانی لە ((٢٥٠٠)) زیاتر دەبوو، ژمارەی دانیشتووانیشی پێش جەنگی یەکەمی جیهان، خۆی لە چل هەزار کەس دەدا).((٢)) دوای ئەوە، ((عوسمانیی))یەکان لە یەکەمین جەنگدا تێکشکاون، شارەکەیان چۆڵکردووەو ئینگلیزەکان دەسیانبەسەرداگرتووە. پاشان، زنجیرە شۆڕشەکانی ((شێخ مەحموود))ی نەمر دەسپێکردووە. ئەو کاتە ژمارەی دانیشتووانی شار، لە دەهەزار کەس تێپەڕی نەکردووە. واتە: ئەو ژمارەیە بۆ پێش سەد ساڵی سەردەمی ((بابان)) و هەڵسەنگاندنەکەی مستەر ((ریچ)) گەڕاوەتەوە، کەمی کردووەو زیادی نەکردووە. بەڵام، لە دوای ئەو ساڵانە و دوای ئەوەی دووەمین جەنگی جیهان تەواوبووە، ئیدی بەرەبەرە، شاری ((سولەیمانیی)) ئاوادانبۆتەوە، ژمارەی دانیشتووانیشی زیادیکردووە، تا ئەوڕۆ، بە یەکێ لە شارە گەورەکانی کوردستانی مەزن و ((عێراق)) دادەنرێ و ژمارەی دانیشتووانیشی پتر لە یەك ملیۆن دەبێ.

هۆی پەرەسەندنی شارەکە:

١) رامیاریی: بەو پێیەی، ((سولەیمانیی)) پێتەختی میرنشینی ((بابان)) بووە، مەڵبەندی دەسەڵاتی ((رامیاریی، سەربازیی و کارگێڕیی فەرمانڕەواکە)) بووە، رۆژبەرۆژ تا هاتووە، پتر پەرەیسەندووە، بۆ فراوانبوونی شارەکە، پڕۆژەی نوێ بە گەڕخراوە، دوکان و بازاڕ و خانووبەرەی پتری لێ دروسکراوە.

٢) ئایین: کاتێ شارەکە دامەزراوە، ((برایم پاشا)) مزگەوتی گەورەی دروسکردووە. ((شێخ مارفی نۆدێی))، کە پێشتر مامۆستای خوێندنگەی ((قەڵاچوالان)) بووە، هاتۆتە ((سولەیمانیی)) و سەرپەرشتیی خوێندنگە و مزگەوتەکەی کردووە. لەبەر ئەوە، بە یەکەمین پیاوی ئایینی شارەکە ناسراوە، وەك رێبەرێکی ناسراوی رێبازی ((قادریی))، ناوی لەهەموو کوردستاندا دەرکردووە. پاشان ساڵی ((١٨١٦ ـ ١٨١٧))، خانەقای ((مەولانا خالید))، لە گەڕەکی ((سەرشەقام))، لە لایەن، ((مەحموود پاشا))وە، دروسکراوە. ((مەولانا خالید))، خوێندنی لە ((سولەیمانیی)) تەواوکردووەو ڕووی لە ((هیندستان)) کردووە. لەوێ لەسەر دەسی ((سوڵتان عەبدوڵڵای دەهلەویی)دا، مۆڵەتی وەرگرتووەو گەڕاوەتەوە بۆ ((سولەیمانیی)). ئیدی لەو ڕۆژەوە خەریکبووە، بیروباوەڕەکەی خۆی بڵاوکردۆتەوە، خەڵکێکی زۆری لێ کۆبۆتەوە. نەك هەر لە کوردستان، بەڵکو، لە هێندێ وڵاتانی ئیسلامیشەوە، سەردانیانکردووە و بڕوای خۆیان داوەتێ. بەهۆی ئەم دوو پیاوە مەزن و ئەو دوو ڕێبازە ئایینییە بەناوبانگەوە، شارەکەش پتر ڕووی لە فراوانبوونکردووە.

٣) بازرگانیی: شاری ((سولەیمانیی))، شوێنێکی ستراتیژیی هەبووە. هەروەها، دانیشتوانی گەڵێ چالاکبوون، زۆربەشیان لە ((بازرگان، دوکاندار و خەڵکی دەسڕەنگین)) پێکهاتبوون، لە لایەکەوە،

جولانەوەیەکی بازرگانیی گەورە، لە نێوخۆدا گەشەیکردووە. لە لایەکی دیکەشەوە، پێوەندیی بازرگانیی لەگەڵ شارەکانی وەک: ((بەغدا، موسڵ، کەرکووک، هەمەدان، سنە، تەورێز، ئەرزڕۆم... تاد))دا دروستبووە. بەروبومی زۆرو زەبەندەی کوردستان، وەک ((توتن، رۆن، پەنیر، کەتیرە، ترش، پیو، ئاوریشم، مازوو، جەوت، هەنگوین، لۆکە، میوە، برنج، مەڕومالات))یان، بۆ ئەو شوێنانە بردووە. لەوێشەوە، ((خورما، قاوە، قوماش، پێڵاو، خام، جامانە، پۆڵا و ئاسنی خاو))یان لەگەڵ خۆیاندا هێناوەتەوە. بەرهەمی هەموو ناوچەکانیشیان، بۆ ناوچەیەکی دیکە گواستۆتەوە. بەو شێوەیە، خەڵکێکی زۆر، رووی لە شاری ((سولەیمانیی)) کردووە و وەک ناوەندی بزووتنەوەیەکی بازرگانیی چالاکی لێهاتووە.

٤) رێگەی هاتوچۆ: شاری ((سولەیمانیی))، وەک ((قەڵاچوالان)) دووەدەس نەبووە. بەڵکو، بە چەقی رێگەکانی هەموو ناوچە و شارەکانی دەوروبەری دانراوە و هەموو ئەو شوێنانەی پێشتر پەنجەمان بۆ راکێشان، بە یەکییەوە بەستوونەتەوە.

٥) کشتوکاڵ: لە ناوچەی ((سولەیمانیی))، ئاوێکی زۆر هەبووەو بارانێکی باشی لێ باریوە. دەشتێکی فراوان و خاکێکی بە پیت و بە بڕشتی هەبووە و هەیە. سالانە، بەروبوومی هەمە جۆرەی ((دەغڵودان، سەوزە و میوە))یەکی زۆری لێ بەرهەمهێناوە. ئەمە خۆی لە خۆیدا، خەڵکێکی زۆری بۆ ئەم ناوچەیە راکێشاوە، وای لێ کردوون، کۆچی بۆ بکەن و بە تەواویی لێی جێگیربن.

٦) پیشەسازیی ناوخۆ: لەنێو شاری ((سولەیمانیی))دا، تا ئەندازەیەک، پیشەسازییە دەستییەکان پەرەیسەندبوو. بەشی بەکارهێنانی ناوخۆی دانیشتووانی دەکرد و زیادەکەشیان بۆ دەرەوە دەنارد. ئەو پیشەسازییانەی لەو سەردەمەدا بڵاوبوون، وەک: ((پێڵاو دروسکردن، ئاسنگەریی، مزگەریی، خومچێتی، دروسکردنی کەلوپەلی ناوماڵ، چەخماخسازیی، وەک: دروسکردنی شیر، خەنجەر، رم، تفەنگی مارتینیی ــ گوللە، پێویستییەکانی کشتوکاڵ و دروسکردنی خواردەمەنی جیاواز... تاد.))

رووداو و کارەساتەکانی شارەکە:

لە سەردەمە جیاجیاکانی مێژوودا،شاری ((سولەیمانیی))، تووشی گەلێ کارەساتی ماڵوێرانکەرانەی سروشتیی بووە. هێندێ رووداوی گرنگی مێژوویی و نەتەوەییش، یەخەی خەڵکی شارەکەی گرتووە. گرنگەکانیان ئەمانەن:

١) ناکۆکیی نێوان میرەکانی ((بابان))، لەسەر دەسەڵات و فەرمانڕەوایی، خەڵکێکی زۆری تێدا کوژراوە.

٢) دەسدرێژییەکانی ((ئێران)) بە تایبەتیی هەر دوو هێرشە بەرفراوانەکانی سالی ((١٨٤١ و ١٨٤٤))، کوشتارێکی زۆریان، لە خەڵکی ناوچەکە کردووە و شارەکەشیان وێرانکردووە.

٣) نەخۆشیی: بە تایبەتی، نەخۆشیی رشاندنەوە گەورەکەی سالی ((١٨٣١))، خەڵکێکی زۆری کوشت و هێندێکیش لە تاوا دەربەدەر بوون.

٤) یەکەمین جەنگی جیهان: ((١٩١٤/٦/٢٨-١٩١٨/١١/١١)) لە نێو خەڵکی کوردستاندا، بە ((سەفەربەلك)) ناویدەرکردووەو ((١٩١٤/٨/٢))، تورکەکان جارێ ((سەفەربەلك))یان داوە. کاتێ شەڕ دەسپێکردووە، هەرچی پیاوو لاوەکان هەبووە، چەکیان دراوەتێ و بۆ بەرەکانی جەنگ رەوانەکراون. تەنیا ((منداڵ و ژن، پیرو پەککەوتە))کان ماونەتەوە. لەبەر ئەوە، باری ئابووریی زۆرخراپ تێکشکاوە، کشتوکاڵ کزبووە، پیشەسازیی نێوخۆ لاوازبووە، ((بێکاریی، گرانیی، برسێتیی، دزیی، جەردەیی و ڕاووڕووت))، بە شێوەیەکی بەربڵاو تەشەنەیکردووە. هیچ کارێ بێ

بەرتیل وەرگرتن جێبەجێ نەکراوە. جەندرمەی تورك، بە ئاشکرا جەردەیان کردووە، دەسیان بۆ ناموسی خەڵکی راکێشاوە. خەڵکێکی زۆر لە برساندا مردوون، بە ئەندازەیەك، فریای شاردنەوەی لاشەی مردووەکان نەکەوتوون. لەتاوا گۆشتی ولاخیان خواردووە. داوێنپیسیی و لەشفرۆشییەکی زۆر باڵاوبۆتەوە. لە ئەنجامدا، ژمارەی دانیشتووانی شارەکە، زۆر کەمبۆتەوە. ((ماسۆن کینین)) نووسیوێتی: (ژمارەی دانیشتووانی ((سولەیمانیی))، لە چل هەزار کەسەوە، هاتە سەر نۆهەزار کەس)((٦)) مەگەر هەر ((مەلا حەمدونە کوێرە))ی هۆنەر توانیبێتی، بە سیودوو دێڕ هۆنراوە، بە تەواویی باسی کارەساتی ماڵوێرانکەرانەی ئەو جەنگە بگێڕێتەوە، کاتێ گوتوویەتی:

ئەم رۆژە چ رۆژێکە کە عالەم شلەژاوە؟
هەرکەس بە جەخاری جگەری قیمەکراوە
دنیا پڕی ئاشووبە، خەلایق بە عموومیی
ئاسایشی لێ مەنعە، ئەڵێی هێرشی ئاوە

پاشان گوتوویەتی:

ئەم زاڵمی سەففاکی ((سەفەربەلگە)) ئەمڕۆ
فەرمانی بە خوێنڕشتنی ئەم عالەمەی داوە
ژاندرمە ئەسوڕێتەوە، وەك واشەی برسی
بۆ لاشەی میللەت، بە فڕوفێڵی غەزاوە((١))

٥) دوو دەوڵەتی کوردیی، لە شاری ((سولەیمانیی)) و بە سەرکردایەتی ((شێخ مەحموودی حەفید)) دامەزراوون. یەکەمیان لە ((١٩١٨/١١/١)) و دووەمیشیان لە نێوان ساڵانی ((١٩٢٢-١٩٢٤))دا بوون.

٦) بۆمباران: دوو جار ئینگلیزە دێمۆکراسیخوازەکان، شاری ((سولەیمانیی))یان بۆمبارانکردووە. جاری یەکەم لە رۆژی ((١٩٢٢/٢/٢٩)) و جاری دووەمیش لە رۆژی ((١٩٢٣/٣/٤))دا بووە. گەلێ کەس کوژراوە و شارەکەش کاولبووە.

٧) خەڵکی شار، لە راپەڕینەکەی بەر دەرکی سەرای ((سولەیمانیی)) و رۆژی رەشی ((٦ سێپتەمبەری ١٩٣٠))، پتر لە سەد کەس بریندار و کوژراویان داوە.

٨) لافاو: لە مێژووی شارەکەدا، چەن لافاوێ هەستاوە. بەڵام، گرنگترینیان ئەو دوو لافاوە گەورەیە بووە، کە شاری ((سولەیمانیی))یان پەرێشانکردووە. یەکەمیان لە ((١٩٣٠-١٩٣١)) و دووەمیشیان لە رۆژی ((١٩٥٧/١٠/١٨))دا بوون. زیانێکی مالّیی وگیانیی گەورەیان، بە خەڵکی شارەکە گەیاندووە. بە تایبەتیی، چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ و هەژارەکان، زۆر پەرێشانبوون. ئەوەتە، هۆنەرێکی وەك ((حەمدیی))، دەربارەی لافاوە گەورەکەی ساڵی ((١٩٣١)) بە بیستوشەش نێودێرە هۆنراوە گوتوویەتی:

ساڵی جارێ هەر دەبێ، ئەم شارە ببێتە مەزبەلە
یا بە بۆمبا، یا بە ئاگر، یا بە بارانی پەڵە
ئاگرت تێبەربێ گەردون، وا ئەبێ دەورو خولت
نایەڵێ قەت مەزرەعەی ئومێدی کورد بێ دووپەڵە

پاشان گوتوویەتی:

خەڵقی وەك تینووی بەراون بۆ نمێ باران، کەچیی
بەونمە بارانە، ئێمەت خستە ئەم مەرگەمەلە
لە کۆتاییشدا گوتوویەتی:
ئەم بریانە، زەمانە هەر دەبێ، ساڕێژکا
((حەمدیی)) ئەمما بۆ ئەمەش، پێویستە سەعیی و حەوسەڵە ((٣))

٩) لە ((١٩٣٢/٢/٢٥))دا، بەفرێکی زۆر گەورە باریوە، خەڵکێکی زۆر لە سەرمان و برساندا رەقبوونەتەوە.

١٠) دووەمین جەنگی جیهان: ((١٩٣٩/٩/٢-١٩٤٥/٥/٩))دیسانەوە، خەڵکی کوردستانیش، وەك هەموو شوێنەکانی دیکەی جیهان، لە زیانە ماڵوێرانکەرەکانی ئەو جەنگە بەدوور نەبوون.

١١) هەموو ئەو ((راونان گرتن، کوشتنوبڕین، دەربەدەرکردن و ناخۆشیی))یانەی، بەهۆی شۆڕشی ((١١ سێپتێمبەر))ەوە، تا ئەوڕۆ، خەڵکی شار دووچاریبوون. بە تایبەتیی ((مەنع ئەلتەجەول)) و کارەساتە جەرگبڕەکانی ((٩ یونی ١٩٦٣))، ئەنفالەکان و کیمیابارانی دەوروبەری شارەکە، زیانێکی زۆریان بە خەڵکی شار گەیاندووە.

١٢) جەنگی نێوان عێراق و ئێران: ((١٩٨٠-١٩٨٨))، هەشت دانە ساڵی رەبەق، خەڵکی تووشی ((مالوێرانیی، ترس، راکردن، کوشتنوبڕین)) کردووە.

١٣) جەنگی نێوخۆ: سێ جەنگ رووىداوە. جەنگی نێوان ((جەلالیی و مەلایی ١٩٦٦-١٩٧٠))، جەنگی نێوان ((یەکێتیی و لاکانی دیکە ((١٩٧٦-١٩٨٦))، پاشان جەنگی نێوان ((پارتیی و یەکێتیی ١٩٩٤-١٩٩٦)) و بەردەوام. بەهۆی ئەو جەنگە چەپەڵانەوە، بە هەزاران ماڵی کورد بە گشتیی و خەڵکی شارەکە بە تایبەتیی، تووشی ((برسێتیی، نەهامەتیی، ئاوارەبوون و ناخۆشیی)) بوون. بە سەدان کوڕی شارەکەی بەخۆڕایی تێداچووە. چۆڵکردن، داگیرکردن، دیسان چۆڵکردن و داگیرکردنەوەی یەک لە دوای یەک، لە لایەن هێزەکانی پارتیی و یەکێتییەوە، یەکێ لەو ناخۆشیی و گرفتە گەورانە بووە، بەربینی خەڵکی شارەکەی گرتووە.

١٤) هەر لە کۆنەوە تا ئەوڕۆ، گەلێ کەڵە پیاوی قارەمانی شارەکە، لە پێناوی کورد و کوردستاندا تێکۆشاون. لەبەر ئەوە، دەزگە داپڵۆسێنەرەکانی دەوڵەتی داگیرکەری ((عێراق))، لە سەردەمە جیاجیاکانی دەسەڵاتیاندا، لە قوژبنی گرتووخانەکان تونديانکردوون. ئەوانیش، بەهیچ جۆرێ سڵیان لە مردن نەکردۆتەوە، زۆر بێ باکانە، گیانی خۆیان بەخشیوە و لە سێدارەدراون. وەک: ((مەحموود جەودەت، محەمەد قودسیی، شەهابی شێخ نووریی...تاد)) یا دژی هێزەکانی داگیرکەر راپەڕیون و بە خوێنی خۆیان، شەقامەکانی شاریان سوورکردووە. وەک: ((هەڵۆبەگ، عەولەسیس، ئەختەر...تاد)) جگە لەمانەش، بە هەزاران لاوی کورد، لەنێو کۆڵانەکانی شار و سەر شەقامەکان، لە قوژبنی گرتووخانە تاریکەکان و لەسەر لووتکەی بڵندی چیاکانی کوردستان شەهیدکراون.

شوێنە خۆشەکانی شار:

لەنێو شاری ((سولەیمانیی)) و دەوروبەریدا، چ لە کۆن چ ئێستە، گەلێ شوێنی خۆش و پڕ لە ئاووهەوای سازگاری لێ بووە. لەوانە:

١) کانیبا: کانییەکی بچکۆلەیە و لە پشت گردی ((سەیوان))ەوەیە. جاران، خەڵک هەم بۆ سەیران و هەم بۆ سەردانی دەچوون، گوایە، نەخۆشیی باداریی چاک کردۆتەوە. تەنانەت لەو سەردەمانەدا، لاوەکان و دەنگخۆشەکان بە گۆرانیی، باسی یارو ئەو کانییەیان کردووەو گوتوویانە:

داویە بەسەریا سەرپۆش و عەبا
دەچێ بۆ زیارەت یارم بۆ سەرکانی با

٢) گردی سەیوان: گردێکی گەورەیە، لە رۆژهەڵاتی شاری ((سولەیمانیی)) هەڵکەوتووە. کاتی خۆی، باخی سێو و رەزو دارستان بووە، جێگەی سەیرانی میرەکانی بابان بووە. بەڵام، دوای ئەوەی شارەکە دروسکراوە، کراوە بە گۆڕستان. زۆربەی پیاوە ناسراوەکانی شار، لەم گردە نێژراون. زۆربەی زۆری هۆنەرانی کورد، لە هۆنراوەکانیاندا، ناوی ئەم گردەیان بردووە.

٣) کانیسکان: ئاو و سەوزاییەکی زۆری هەبووە، خەڵکی بۆ سەیران چوونەتە ئەوێ. بەڵام، ئێستە تەنیا کارێزەکەی ماوەو هەموو ئەو ناوە بووە بە خانوو.

٤) تانجەرۆ: چەمێکی گەورەیە و لە خواروی شارەکەوە هەڵکەوتووە، جێگەی سەیران و مەلەو راوەماسی بووە.

٥) سەرچنار: شوێنێکی بە ئاو و باخ و دارستان بووە، جێگەی سەیران و پاشتر لەشکرەکەی ((ئەحمەد پاشای بابان) بووە. ((تۆفیق قەزان)) دەسپێداهێناوە، چاکیکردووەو کردوویەتی بە سەیرانگە.

٦) بەکرەجۆ: ((بەکر بەگی بابان)) لە ((سەرچنار و قلیاسان))ەوە، بە جۆگە ئاوی بۆ راکێشاوە، کە بە ((بەکرە سوور)) ناوبانگیدەرکردووە.

٧) لە سنووری پارێزگەکەدا، گەلێ سەیرانگەو شوێنی دڵڕفێنی دیکەی وەک: ((سەرای سوبحان ئاغا، سیروان، زەڵم. ئەحماوا، بیارە، تەوێڵە لە ناوچەی شارەزوور. قۆپی، حەوت دەربەندەکەو زڕگوێز لەبەری قەراخ. ئەلیاسەفڕە، سەرچەم، بەرباخ، چواریاخ و بلیکان لە پێنجوێن. قوڵەرەش، سەرسیر، ئاوی قەڵاچوالان، کارێزە، کونەماسیی و چەمەکەی قەشان لە شاربازێڕ. کۆتەڵ، کانیسارد، دوکان و پیرەمەگروون لە ناوچەی سورداش. بێتواتە، دەربەندی رانیە، هێرۆ و هەڵشۆ لە ناوچەی پشدەر)) هەیە. بە خۆڕایی هونەرمەندێکی دەنگخۆشی وەک ((حەسەن زیرەک))، جوانیی ((جەمیلە))ی بە ((هەڵشۆ)) نەچواندووە نەیگوتووە:

جەمیلە! هێند جوانی، دەڵێی هەڵشۆی جەمیلە!
وەک قەندی کلۆکلۆی

لە سنوری پارێزگەی ((سولەیمانیی))دا، گەلێ شوێنی مێژوویی لێیە. بۆ نموونە: ((دەربەندی بازیان)، یەکێ لە دەربەندەکانی زنجیرە چیاکانی ((قەراخ)) پێکدێنێ، ٤٥کم لە رۆژئاوای شاری ((سولەیمانیی))یەوە دوورە. ئەم دەربەندە لە کۆنەوە تا ئەورۆ، بە دەرگەی سەرەکیی شارەکە دانراوە. لەم دەربەندەدا، گەلێ شەڕی قورس و خوێناویی، لە نێوان دانیشتووانی ئەو ناوچەیە و ((ئەکسەدیی و سۆمەریی))یەکاندا رووییداوە. ((ئەورەحمان پاشای بابان))، دووجار پەلاماری لەشکری تورکە ((عوسمانیی))یەکانی داوە. ((شێخ مەحموود))ی نەمر، هەر لەم دەربەندەدا، دەسەویەخە لەگەڵ ئینگلیزەکاندا شەڕیکردووە، بریندارکراوەو بەدیلگیراوە. یەکەم پێکدادانی هەرای سەرۆک تیرەو هۆزەکانی کوردیش، لە ((١١ سێپتێمبەری ١٩٦١))یشدا، هەر لەم دەربەندەدا بوو، کە دوایی ناوی شۆڕشی لێنرا.

هەورەها، چەن ئەشکەوتێکی بەناوبانگی لێیە، گرنگەکانیان ئەشکەوتی بەناوبانگی ((هەزار مێرد))، سیازدە کم لە شارەوە دوورە. ئەشکەوتی ((زەرزیی)) لە ناوچەی ((پێنجوێن))دایە. جگە لە شاخی ((ئاسناوا)) لە نێوان باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستاندا هەڵکەوتووە.

پیرو پیاوچاکەکانی شار:

١) پیرمیکایل: لە باکووری ((سولەیمانیی))دایە. وەک دەڵێن: پیاو چاک بووەو خەڵکی سەردانی مەزراکەیان کردووە.

٢) شێخ جافر: دوو ((شێخ جافر))هەیە. یەکەمیان لەسەر شەقامی ((نالیی)) و دووەمیشیان لە گەڕەکی ((شێخان))ە.

٣) وەیس: لە جێگەی ئوتێلی ((ئاشتیی)) ئێستە بووە. بە تایبەتی ژنان سەردانیانکردووە، راز و نیازەکانی خۆیان بۆ هەڵڕشتووە. وەک سونبلێکی خۆشەویستی سەیرکراوە، کاتێ دوو دڵدار لە یەکدی زویربوون، ((وەیس))یان بە دادگەر داناوە. بۆیە، ئەم بەیتە فۆلکلۆرییە لە نێو خەڵکی شاردا بڵاوبۆتەوە:

با بچینە سەر وەیس، وەیسی خۆمانە
لە وەیس دەپرسین، خەتای کاممانە

٤) شەخسە فەقیرە، دووان هەبوون، یەکێکیان لای کارێزی ((دارۆغا)) و ئەوی دیکەیان، لای قاوەخانەی ((سەرچیمەن)) بووە.

٥) شێخ ئەحمەدی هیندیی: لە گەڕەکی ((کارێزە وشک)) نێژراوە و ئێستە گۆڕستانێکی گەورەی شارە.

٦) ئەسحابەسپی: ئەم پیاوچاکە، لە نێو گەڕاجەکەی سەرشەقامی ((نالیی))دایە.

۷) هۆمەرمەندان: لە خواروی ((سولەیمانیی)) و لە گەڕەکی هۆمەرمەندانە.

۸) قازی بەنێ: لە گەرەکی، ((خەبات))ە. ژنان بۆ دوعاکردن سەردانیانکردووە، تا خوا کۆرپەیەکیان پێ ببەخشێ. بۆیە، پاڕاونەتەوە و گوتوویانە: قازی بەنێ، هاتینە سەرت، مندالّمان بەرێ.

۹) شێخ مستەفا: سێ ((شێخ مستەفا)) هەیە. یەکەمیان لە بازاڕە بچکۆلەی گەڕەکی ((کانیسکان))، دووەمیان خوار بەنزینخانەکەی گەڕەکی ((عەقاریی)) و سێیەمیشیان لە ((سەرشەقام))ن.

۱۰) شێخ محێدین: بەرامبەر مزگەوتەکەی حاجی ((جەمالی حاجی فەرەج))ە و نزیک گوندی ((ئابلاّخ))ە.

۱۱) شێخ ئەولاّ: لە گەڕەکی ((کانیسکان)) و لە پشت مزگەوتی ((قامیشان))دایە. لە پەنجاکاندا، لەوێ تۆپی بەربانگی رەمەزانیان تەقاندووە.

۱۲) گەلێ پیرو پیاوچاکی دیکەی وەک: ((شێخ مارفی نۆدێی لە گردی سەیوان و کاك ئەحمەدی شێخ... تاد))، لە گۆڕستان و مزگەوتەکاندا نێژراون.

ناکۆکیی نێوان میرەکانی بابان:

میرەکانی ((بابان))، لە شاری ((سولەیمانیی)) فەرمانڕەوایی میرنشینەکەیان کردووە. شێوەیە لە شێوەکانی سەربەخۆیی نێوخۆییان هەبووە. بە زاراوەی رامیاریی ئەورۆ، دەتوانین، بڵێین: ((ئۆتۆنۆمیی))یەکی تایبەتییان هەبووە. چونکە، هێندێ جار، لەسەربەخۆیی نزیکبوونەتەوە. میرەکانیش، بە پێی مێژووی فەرمانڕەواییان ئەمانە بوون:

۱/ برایم پاشای بابان ((۱۷۸۳ــ ۱۸۰۰)) کوڕی ((ئەحمەد پاشای خالید پاشای بابان)) بووە. میانەی لەگەڵ والی ((بەغدا))دا باش نەبووە. دووجار لە فەرمانڕەوایی لای بردووە. یەکەمین جار، ((عوسمان پاشای مەحموود پاشا))ی ئامۆزای لە شوێن داناوە. پاشان، والی ((بەغدا)) ژاری دەرخواردداوەو کوشتوویەتی. ئینجا، ((برایم پاشا))ی داناوەتەوە. دووەمین جار،لای بردۆتەوە و ساڵی ((۱۷۸۹))، ((ئەوڕەحمان بەگی مەحموود پاشا)) و برای ((عوسمان پاشا))ی داناوە، تا ساڵی ((۱۷۹۸)) فەرمانڕەواییکردووە. پاشتریش، ((برایم پاشا))ی لە شوێن داناوەتەوە. ((برایم پاشا))، کاتێ بەرەو ((سولەیمانیی)) گەڕاوەتەوە، لە رێگەو لە نزیك شاری ((موسڵ)) مردووە. هەر لەوێ، لە تەنیشت مەزارگەی ((یونس)) پەیامبەرەوە نێژراوە.

۲/ ئەوڕەحمان پاشای بابان ((۱۷۸۹ـ۱۸۱۳)) کوڕی ((مەحموود پاشای خالید پاشا)) بووەو دەچێتەوە سەر ((فەقێ ئەحمەدی دارشمانە)). ئەم میرە، ((بەهێزترین، ئازاترین، وریاترین و دووربینترین)) میری بابان بووە. تەنانەت، هێندە بەهێزبووە، لە سەردەمێکدا پەلاماری ((بەغدا))ی داوەو داگیریکردووە. والییەکانی ((بەغدا))، گێچەڵیان زۆر پێ کردووە. لەبەر ئەوە، گەلێ جار لابراوە و دانراوەتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە، لەسەر دەسەلاّت، لەگەڵ خزمەکانی خۆیدا ناکۆکبووە، خوێنێکی زۆر لە نێوانیاندا رژاوە، چەندین جار راونراوە، دیسانەوە گەڕاوەتەوەو هەستاوەتەوە. ساڵی ((۱۸۱۳)) مردووەو لە مزگەوتی گەورە نێژراوە.

(۱)ساڵی ((۱۸۰۵))، والی ((بەغدا))، یارمەتی ((خالیدبەگی برای برایم پاشا)) و ئامۆزای خۆی داوە. لە ((دەربەندی بازیان))، پەلاماری یەکیان داوە و شکاندوویەتی. دوایی، ((ئەوڕەحمان پاشا)) پەنای بۆ بەر ((ئێران)) بردووە.

(۲)ساڵی ((۱۸۰٦))، شای ((ئێران))، یارمەتیی ((ئەورەحمان پاشا))ی داوە، ((خالید پاشا))ی لابردووە و ئەوی داناوەتەوە.

(٣)ساڵی ((١٨٠٨)) بۆ دووەمین جار، لەگەڵ ((خالید پاشا)) لە ((دەربەندی بازیان))، بە یارمەتی والی ((بەغدا))، پەلاماری یەکدیان داوەتەوە. ((خالید پاشا)) شکاوەو هەڵاتووە.

(٤)ساڵی ((١٨١٢))، لە ((کفریی)) پەلاماری یەکیان داوەتەوە. والی ((بەغدا)) یارمەتی ((خالید پاشا))ی داوە. ((ئەوڕەحمان پاشا)) شکاوە و ئەو دانراوەتەوە.

(٥)جارێکی دیکە ((خالید پاشا))، بە فەرمانی ((ئێران)) لابراوە ((ئەوڕەحمان پاشا)) دانراوەتەوە. پاشان ((ئەوڕەحمان پاشا))، لەسەر قسەی والی ((بەغدا)) لابراوە و ((خالید پاشا)) دانراوەتەوە.

٣/ مەحموود پاشای بابان ((١٨١٣-١٨٣٤)) کوڕە گەورەی ((ئەوڕەحمان پاشا)) بووە. دە جار، لەگەڵ خزم و کەسوکارەکانیدا، پەلاماری یەکدیان داوە. پاشان دوورخراوەتەوەو گەڕاوەتەوە:

١) لە سەردەمی ((سەعید پاشا))ی والی ((بەغدا))دا، ((مەحموود پاشا)) لە کارخراوە، ((عەبدوڵڵا پاشا))ی مامی دانراوە. پاشان ((داود پاشا)) هاتووەو ((مەحموود پاشا))ی داناوەتەوە.

٢) ((داود پاشا))ی والی ((بەغدا))، ((مەحموود پاشا))ی لابردووەو ((حەسەن بەگ))ی بۆ جێگەی داناوە. ئەویش بێ سڵەمینەوە، پەنای بۆ ((ئێران)) بردووەو لەشکریان بۆ رێکخستووە. ((عەبدوڵڵا پاشا))ش، لەشکری ((بەغدا)) هێناوەو لە ((کەرکووک)) شەڕ لە نێوانیاندا گەرمبووە. ((مەحموود پاشا)) سەرکەوتووەو بەرەو ((سولەیمانیی)) گەڕاوەتەوە.

٣) ((ئێران)) هێزێکی بۆ ((عەبدوڵڵا پاشا)) کۆکردۆتەوە، والی ((بەغدا))ش لەشکرێکی بۆ یارمەتیی ((مەحموود پاشا)) ناردووە. هەر دوو لەشکر لە گوندی ((قەرەگۆل)) لە یەکیانداوە. ((مەحموودپاشا)) شکاوەو هەڵاتووە. ((عەبدوڵڵاپاشا)) لە شوێنی دانراوەتەوە. پاشان، ((مەحموود پاشا)) بە یارمەتیی والی ((دیاربەکر)) و ((داودپاشا))، لە ((سەگرمە)) ساڵی ((١٨٢٢))، بەسەر ((عەبدوڵڵا پاشا))دا سەرکەوتووەو گەڕاوەتەوە بۆ ((سولەیمانیی)).

٤) کاتێ نەخۆشی رشانەوە، لە شاری ((سولەیمانیی)) بڵاوبۆتەوە، ((عەبدوڵڵا پاشا)) بە هەڵی زانیوە، سوپای ((ئێران))ی هێناوە و شارەکەی داگیرکردۆتەوە. ((مەحموودپاشا)) هەڵاتووە بۆ ((کەرکووک)). ئەم جارە، داوای یارمەتیی لە ((ئێران)) کردووە. ئەوانیش، لەشکرێکی گەورەیان داوەتێ، لە ساڵی (١٨٢٣))دا ((عەبدوڵڵا پاشا))ی شکاندووە و دەسی بەسەرکاری فەرمانڕەوایی میرنشینەکەدا گرتۆتەوە.

٥) ((مەحمەد پاشای خالید پاشا)) بە یارمەتی ((داود پاشا))ی والی ((بەغدا))، ((مەحموود پاشا))ی مامی لە ((سولەیمانیی)) دەرپەڕاندووەو راویناوە بۆ ((پێنجوێن)). ((مەحموودپاشا)) لەوێ، داوای یارمەتیی لە ((ئێران)) کردووە. ئەویش، بەهۆی لەشکری ((ئێران))ەوە، جارێکی دیکە ((مەحمەدپاشا))ی برازای دەرکردووەو لە ((١٨٢٥))دا گەڕاوەتەوە بۆ ((سولەیمانیی)).

٦) ((سولەیمان بەگی برای مەحموودپاشا))، لە ژێرەوە لەگەڵ چەکدارەکانیدا رێککەوتووە، کۆدەتایەکی بەسەردا کردووەو لەسەر کورسییەکەی کاکی دانیشتووە.. ((مەحموودپاشا))ش، بە پشتیوانی ((ئێران))، پەلاماری ((سولەیمانیی)) داوەو تۆڵەی خۆی لێ سەندۆتەوە. ((سولەیمان))ی براشی، پەنای بۆ ((گڵەزەردە)) بردووە.

٧) ((سولەیمان بەگ))، وازی نەهێناوە. جارێکی دیکەش، بەهۆی سوپاکەی کاکییەوە، ((مەحموودپاشا))ی راوناوەتەوە بۆ ((ئێران)). پاشان ئەویش، بە یارمەتیی ((ئێران)) شاری ((سولەیمانیی)) داگیرکردۆتەوە.

٨) ((سولەیمان بەگ))، داوای یارمەتیی لەوالی ((بەغدا)) کردووە. هەر دوو لەشکر دیسانەوە، لە ((قەرەگۆل)) لووتیان بە لووتی یەکدیدا تەقیوەتەوە. ((مەحموودپاشا)) شکاوە و پەنای بۆبەر ((ئێران)) بردووە. پاشان، سوپای ((ئێران))ی هێناوەو لە ((١٨٣٠))دا، شاری ((سولەیمانیی)) گرتۆتەوە. ((سولەیمان بەگ))یش، تا لای والی ((بەغدا)) نەوەستاوە!

٩) ((سولەیمان بەگ))، بە یارمەتیی لەشکری ((بەغدا))، ((مەحموودپاشا))ی لە ((سولەیمانیی)) دەرپەڕاندووە. ئەویش ناچاربووە، روو لە ((ئێران)) بکا. ئەوانیش لەشکرێکیان بۆ رێکخستووەو لە ((ناوپارێز)) بەیەک گەیشتوون. ((مەحموودپاشا))سەرکەوتووە. پاشان، لە ((١٨٣١))دا بۆ ((سولەیمانیی)) گەڕاوەتەوە.

١٠) ((سولەیمان بەگ)) لە ((کفریی))یەوە، لەشکری هێناوەو ((مەحموود پاشا))ی لە ((سولەیمانیی)) دەرکردووە. ئیدی، ((مەحموودپاشا)) هیچی پێ نەکراوە. ناچاربووە، ساڵی ((١٨٣١)) سەری خۆی هەڵگرێ، رووی لە ((ئەستانە)) کردووە. ساڵی ((١٨٣٥)) گەیشتۆتە ئەوێ و لێی دانیشتووە.

٤/ سولەیمان پاشا ((١٨٢٩ـ١٨٣٨)) کوڕی ((ئەوڕەحمان پاشا)) و برای ((مەحموودپاشا)) بووە. لە سەردەمی ئەم پاشایەدا، ململانێی دەسەڵات کزتربووە. کەسێ نەبوو، دژایەتی بکا. ساڵی ((١٨٣٨)) مردووەو لە گردی ((سەیوان)) نێژراوە.

٥/ ئەحمەد پاشای بابان ((١٨٣٨ـ١٨٥٠)) کوڕە گەورەی ((سولەیمان پاشا)) بووە. زۆر پیاوێکی ((ئازا، زیرەک و دادپەروەر)) بووە. دوامیری ((بابان)) بووە. ((ئەحمەد پاشا))، لەگەڵ ((ئێران))دا بەشەڕهاتووە. هەردوو دەوڵەتی ((ئێران و عوسمانیی)) رێککەوتوون، بۆ ئەوەی لەنێوی بەرن. پاشان گرتوویانەو دووریانخستۆتەوە بۆ ((ئەستانە)).

ساڵی ((١٨٥١))، لەشکری ((عوسمانیی))، پەلاماری شاری ((سولەیمانیی))داوە. ((عەزیزبەگ))ی دوامیری ((بابان))، بە خۆی و لەشکرێکی کەمەوە، داکۆکییان لە شارەکە کردووە. بەڵام، هیچیان پێ نەکراوە، بێکەڵکبووەو کارلە کار ترازاوە. ((عەزیزبەگ))، شەهیدکراوەو لەشکری ((عوسمانیی))ش، شارەکەیان داگیر کردووە. پاشان، ((عەبدوڵڵا پاشای برای ئەحمەد پاشا)) بە قایمقامی ((سولەیمانیی)) دانراوە. پاش ماوەیەک، ئەویشیان لابردووەو ((سمایل پاشا))ی تورک بە قایمقام لە جێگەی دانراوەو هەموو پیاوە ناوارەکانی ((بابان))یشیان، بۆ ((تورکیا)) دوورخستۆتەوە. ئیدی، بەو شێوەیە، کۆتایی بە دەسەڵاتی میرنشینی ((بابان)) هاتووە. دوای ئەوەی ٦٧ ساڵ لە شاری ((سولەیمانیی)) فەرمانڕەواییانکردووە. مەگەر هەر هۆنەرێکی وەک ((سالم)) توانیبێتی لەو چامە درێژەی بۆ ((نالیی)) ناردووە، لە لایەکەوە، باسی ((ئازایەتیی، قارەمانێتیی، پاڵەوانیی و مەردایەتیی)) میرێکی وەک ((عەزیز بەگ)) و هاوەڵەکانی کردبێ. لە لایەکی دیکەشەوە، پەردەی لە رووی ((خۆفرۆشان، چڵکاوخۆران و نۆکەر))ەکانی تورکەی ((عوسمانیی))یەکان هەڵماڵیبێ.

لە راستیدا، گەر ئەمە، تراژیدیایەکی نەتەوەیی نەبووبێ، گەر ئەمە، مێژووی پڕ لە شەرمەزاریی و خۆخۆریی میرەکانی ((بابان)) نەبووبێ، گەر ئەمە، وەک یاریی ((مشک)) و ((پشیلە)) کە نەبووبێ، ئەدی دەبێ، چیدیکە بووبێ؟!! سەیر ئەوەیە، هەر میرێ لەو میرانە، میرە بەرامبەر دژەکەی خۆی، بەوە تاوانبار کردووە، گوایە، پیاوی ((ئێران)) یا ((بەغدا))یە! کەچیی، زۆری نەبردووە، هەر دوو لایان چەن جارێ، وەک یاری دوو گوڵیی، سەریان گۆڕیوەتەوە!



ئاستی زانستیی و رۆشنبیریی شار:

بـــه گـــەواهیی گـــەلێ لـــه بیانییـــەکان، کـــورد بەنەتەوەیەکی ((وریا، زیرەك و بەکار)) ناســراوە. لەبـەر ئـەوەی، میرەکـانی، ((بابـان))، هـــەر لـــه سەرەتاوە، چ لە ((مەرگەو داڕمانە))، چ لە ((مـاوەت و قەڵاچوالان))، چەندین خوێندنگـەی گـەورەیان، لـە ناوچەکانی ((ماوەت، مەرۆێ، کەناروێ، رەشـەکانی، شـابادین، بـاڵخ، مۆکەبـە، گەڵاڵـەی شـینکایەتی، سەرگەڵوو، قزڵەر، زێـوێ، تـەڕەمار، قـەراخ، تەکیـە، خـاوێ، بیـارە، تەوێڵـە، جێشـانە، خورمـاڵ، بەرزنجە...)) هەبووە. بە دەیـان ((مـەلا، مامۆستا و زانـا))ی ئـاییـنی گـەورەی وەك: ((مـەلا محەمـەدی غەزایی، مەلاجامی چۆڕیی، شـێخ محەمـەد وەسـیمی گـەورە، شـێخ حەسـەنی گڵـەزەردە، مەلامحەمـەدی ئیبنولحاج، مەلاجـەلالی خورمـاڵیی، مـــەلا حەســەنی قازیی سورداش، شێخ ئەحمەدی عەودالانیی...)) یان هـــەبووە. کاتـــێ شـــاری ((ســـولەیمانیی))شـــیان دروسکردووەو لـە ((قـەڵاچوالان)) گواسـتوویانەتەوە، هەموو خوێندنگەکانیان لەگەڵ خۆیاندا گواستۆتەوە.

لە سەردەمی دامەزراندنی شـاری ((سـولەیمانیی))دا، تەنیا ((حوجرەی فـەقێ، خوێندنگـە ئـاییـنیو ژووری مەلای مزگەوت))ەکان هەبوون. ئـەو خوێندنگەیانـەی لەو سەردەمەدا هەبوون، ئەمانە بوون:

١) خوێندنگەی مزگەوتی گەورەی قـەڵاچوالان: ئـەم خوێندنگەیە، هەر لە سەرەتاوە بۆ مزگەوتی گەورەی شـاری ((سـولەیمانیی)) گوازراوەتـەوە. پەرتووخانـە گەورە بە ناوبانگەکەی ((بابان))یش، هەر لەوێ جێی بۆ چـاککراوە. یەکـەم مامۆستای ئـەم خوێندنگەیـە، زانای بەناوبانگی کورد ((شێخ مارفی نۆدێیی)) بووە. لەهـــەمان کاتیشـــدا، ســـەرۆکی مامۆســـتاکان و بەڕێوەبەری پەرتووکخانەش بووە. ساڵی ((١٨٣٧))، ((شـێخ مـارف)) مـردووە. پاشـان ((کـاك ئەحمـەدی شـێخ)) هـــاتووە، وەك مامۆســـتا و لێپرســـراوی پەرتووکخانەکەش کاریکردووە. تـا سـاڵی ((١٨٨٨)) مـــردووە. پاشـــان ((مـــەلا ئـــەوڕەحمان))ی ((پێنجوێن))ی هاتووە.

٢) خوێندنگەی مزگەوتی ((ئەوڕەحمان پاشا)).

٣) خوێندنگەی مزگەوتی خانەقای ((مەولانا خالیدی نەقشبەندیی)).

٤) خوێندنگەی مزگەوتی ((سەید حەسەن)).

٥) خوێندنگـــەی مزگـــەوتی ((موفتیـــی)) لـــه ((سولەیمانیی)).

٦) خوێندنگەی مزگەوتی ((مەڵکەندیی)).

٧) خوێندنگەی مزگەوتی ((حاجی حان)).

٨) خوێندنگـەی مزگـەوتی ((حـاجی شـێخ ئـەمینی خاڵ)).

جگـه لـەو خوێندنگایانـه، گـەلێ حوجـرەش لـه ((سـولەیمانیی)) هـەبووه. وەك حوجـرەی ((مـەلای زەلزەلیی، خواجه فەندیی، مەلا فـاتم لـه دەرگـەزێن، تاجیه خان، مەلا ئامینه له سەرشەقام، مەلا رەعنا و مەلا حەبیب)). ئەوڕۆش، شاری ((سولەیمانیی))، بـه سـەدان خوێندنگـەی ((سـەرەتایی، نـاوەندیی، ئامادەیی و پەیمانگه))ی جیاجیای تێدا هەیه. لـه ((١٩٦٨/١٠/٢٣))ەوە زانكۆیەكیشی لێ كراوەتەوە.

به شێوەیەكی گشتیی، شاری ((سـولەیمانیی)) لـه باشووری كوردستان، هـەر لـەو رۆژەی دامـەزراوە تـا ئەوڕۆ، به مەڵبەندێكی گـەورەی ناسـراوی ((زانسـت، خوێندەواریـی و سـەرچاوەیەكی گـەورەی لـەبن نەهاتووی بزووتنەوەی رووناكبیریی)) كـورد دانـراوە. مەڵبـەندێكی گـەورەی ئـاییینیی و رێبازەكـانی ((قادریی، نەقشبەندیی و هەقە))بووه. جێگەی پـیرو پیاوچاكـان، میرەكـانی ((بابـان)) و شـێخانی ((بەرزنجه)) بـووه. هـەر لـه كۆنـەوە بـێ جیـاوازیی، كـوردی ((موسـڵمان، فەلـه، جـوو، كاكـەیی))، لـەو شـارەدا پێكـەوە وەك بـرا ژیـاون. ((كانگـەی كوردایەتی، بیری ئازادیی و سەربەخۆیی كوردستان)) بووه. بۆیه، زۆربەی رێكخراوە كۆمەڵایـەتیی و پارتـه رامیاریـیەكانی كـورد، وەك: ((كۆمەڵـەی كوردسـتانی رەفیق حیلمیی، كۆمەڵـەی سـەربەخۆیی كوردسـتانی مسـتەفا پاشـای یـامووڵكیی، برایـەتیی، پشـتیوانیی، كۆمەڵەی هیوا، پارتیی، كاژیك، پاسـۆك)) و گـەلێكی دیكەش، هەر له ناوچەی ((سولەیمانیی)) دامەزراون. ((سولەیمانیی))، شاری ((هەڵمـەتبردن، قوربـانیدان، راپەڕین و شۆڕش بەرپاكردن)) بووه. بۆیـه، زۆربـەی شۆڕشـەكانی وەك: ((هەرسـێ شۆڕشـەكەی شـێخ مەحموودی نەمر، راپەرینەكـەی بـەر دەركـی سـەرای رۆژی رەشی شەشی سێپتێمبەری ١٩٣٠، شۆڕشی ١١ سێپتێمبەری ١٩٦١ و شۆڕشـی نوێـی گەلەكـەمان لـه كۆتـایی سـاڵی ١٩٧٦))دا هـەر لـه ناوچـەی ((سـولەیمانیی)) هەڵگیرسـاون. لـه هـەموو بـارو سـەردەمێكدا، هـەر دانیشـتووانی ((سـولەیمانیی)) بوون، پەنجەی رەتكردنەوەیان، دژی پیلان و نەخشه گلاوەكـانی دوژمنـان و داگیركـەران بەرزكردۆتـەوە، داوای كوردسـتانێكی ئـازادو گـەلێكی بـەختیاریان كـردووه. بۆیـه، پـتر لـه هـەموو ناوچـەكانی دیكـەی كوردسـتان قوربانیـانداوە و خوێنیانڕشـتووه. بـه سەدان پیـاوی ئـاییینی و زانـای وەك: ((شـێخ مـارفی نۆدێیـی، كـاك ئەحمـەدی شـێخ، شـێخ سـەعیدی بـەرزنجی، مـەولانا خـالیدی نەقشـبەندیی، موفتـی زەهـاویی، شـێخ ڕەزای دێلێـژە، شـێخ حەسـەنی گڵـەزەردە و مەلاعـەبدولڕەحمانی خـەرپاتیی) تێـدا هەڵگەوتووه. هەروەها، به سەدان نووسەر و هۆنەری گەورەی وەك: ((نالیی، مـەحویی، حـەمدیی، زێـوەر، بێخود، سالم، كوردیی، ئەحمەد موختار جاف، تایـەر بـەگی جـاف، كـەمالیی، قـانیع، شـێخ نووریـی شـێخ سالح، پیرەمێرد، عەلادین سەجادیی، شـاكیر فـەتاح، برایـم ئەحمـەد، گـۆرانو بێكـەس))ی لـه دامێـن كەوتۆتەخوار. بـه دەیـان دەنگخۆش و هونەرمـەندی وەك: ((رەشۆل، رەفیق چالاك، سالح دیلان و ئەنوەر قەرەداخیی...)) له باوەشدا پەروەردەبوون. جێگەی بێچـووه شـێران‌و دەیـان پیـاوی شۆڕشـگێر و نیشتمانپەروەری وەك: ((ئەوڕەحمان پاشـای بابـان، مامه یاره، مەحموود پاشای جاف، شێخ مەحموودی قارەمـان، عەولەسـیس)) و هـەموو ئـەولاوە كـوردە نەبەردانه بـووه، كه لـه گرتووخانـەكانی داگیركـەری دەوڵـەتی ((عـێراق))دا، لەسـەر مـافی گەلەكـەیان و ئازادیی و سەربەخۆیی كوردسـتان لـه سـێدارەدراون. جگـه لـەوەی، بـه دەیـان پیـاوی نوكتـەباز و فۆلكلۆریستی وەك ((ئەحەی كڕنـوو، خالـه رەجـەب، فەریقه كوێـر..))، بـه قسـه و نوكتـه خۆشـەكانیان،

سەربەقوڕیان هێناوەتە پێکەنین. هەروەها، چەندین شێتی بێ وەیی قسەخۆشی وەک: ((خولەبوز، عەبەشەکەنە، نۆزدەی قەڵب، وەهابە کەچەڵ، قالە شێت، ئەحە دۆڕانیی...))، شەقامەکانی شاریان بە خۆیانەوە خەریککردووە.

دانیشتووانی ((سولەیمانیی))، هەمیشە شارەکەی خۆیان خۆشویستووە. لەهەموو کاتێکدا داکۆکییان لێ کردووە. کاتێ لێی دوورکەوتوونەتەوە، زۆر بە تاسە و پەرۆشەوە یادیانکردۆتەوە، بە ئاواتەوە بوون، بگەڕێنەوە. سەریان بۆ دوژمنی داگیرکەر شۆڕ نەکردووە. هەمیشە، سەربەرز و سەربەخۆ ژیاون، گەرچی لە ژێر دەسی داگیرکەرانیشدا بووبن. بۆیە، هۆنەرێکی وەک ((شێخ رەزا)) گوتوویەتی:

لە بیرم دێ، سولەیمانیی کە داری ئەلمولکی بابان بوو
نە مەحکوومی عەجەم، نە سوخرەکێشی، ئالی عوسمان بوو
لەبەر قاپی سەرا، سەفیان دەبەست، شێخ و مەلا و زاهید
مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت، گردی سەیوان بوو
لەبەر تابووری عەسکەر، ڕێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا
سەدای مۆزیقە و نەقارە، تا ئەیوانی کەیوان بوو
درێغ بۆ ئەو زەمانە، ئەو دەمە، ئەو عەسرە، ئەو ڕۆژە
کە مەیدانی جریدبازیی، لە دەوری کانیئاسکان بوو
بە زەیی حەملەی، بەغدای پێ تەسخیرکرد و تێیهەڵدا
سولەیمانیی زەمان، ڕاستت ئەوێ، باوکی سولەیمان بوو
عەرەب ئینکاری فەزڵی ئێوە ناکەم، ئەفزەڵن، ئەمما
(سەڵاحەددین))، کە دنیای گرت، لە زومرەی کوردی بابان بوو
((٥))

لەبەر ئەوە، هێندێ دەنخۆشی کورد، گۆرانییان بۆ شارەکەیان، شاری ((سولەیمانیی)) چڕیوە. هەروەها، هێندێ لە هۆنەرە ناسراو و نیشتمانپەروەرەکانی کوردی وەک: ((ناریی، حەمدیی، پیرەمێرد، زێوەر...تاد))یش هۆنراوەیان بە سەردا هەڵداوەو شانازییان پێوە کردووە بۆنموونە:

((ناریی)) هۆنراوەیەکی بۆ شاری ((سولەیمانیی)) نووسیوە، بە ((شاری بێ هەمتا))ی داناوە. بە هەژدە نیوەدێڕ گوتوویەتی:

کەجێ جیلوەی، ڕۆخی والایە ئیمڕۆ
((سولەیمانیی)) ئەڵێن: ئاوایە ئیمڕۆ
حیجاز ئاسا سەفحەی خاکی ((ڕۆما))
حەقیقەت شاری بێهەمتایە ئیمڕۆ
لە سایەی تۆپە، وا ڕەونەقشکێنی
شکۆهی ((بەسرە)) و ((بەغدا))یە ئیمڕۆ
لەنێو فنجانی دڵدا، خوێنی جەرگم
وەکوو قاوەی ((یەمەن)) ئاسایە ئیمڕۆ
ئەگەر جۆیای ئەحوالّی عەجەم بی
سەراپا شۆڕش و غەوغایە ئیمڕۆ
لەهەر جێگە و مەقام و داستانێ
لەتیفی عەکسی ((ئەحمەد)) شایە ئیمڕۆ
مشایەخ گەر ڕەواجی دا بە سالار
لەسەر ((شا))، ئەهلی دڵ بەڕپایە ئیمڕۆ
نەفەرمووی بێ هونەر ئاخر بەتۆ چی
((مەلا)) بۆ کۆمەکی ئازایە ئیمڕۆ
لە دنیادا، هەتا ((ناریی)) بمێنێ
بەدەست و دڵ، لە لایەن شایە ئیمڕۆ ((١١٧.١١٦/٩))

((زێوەر))ی هۆنەر، بە هەشت نیوە دێڕ هۆنراوە گوتوویەتی:

((شاری سولەیمانیی)) لە لام، وەک ((جەننەتە)) بۆخاس و عام
نایدەم بە ((مولکی میسر و شام))، ئاوابێ وەک: (دار ئەلسەلام)
(سەحرا))ی سەفابەخشی دڵە، داوێنی شاخی پڕ گوڵە
کەبکی لە شاخان ((بلبلە))، شارێکە ((ساحێب ئیحترام))
لای(غەربی): چەشمەی(سەرچنار)،لای(شەرقی):(گوێژە)ی نازدار
پشتی: بە ((ئەزمر)) و ((ئیستیوار))، پێشی: چیای ((عالی مەقام))
ئەم شارە خۆشەی من هەمە، هەرچەندە ((مەدحی)) کەم کەمە
بانگی ئەکەم پڕ ((زەمزەمە))، ئاوابێ وەک ـ دار ئەلسەلام
((٤))

(حەمدیی) هۆنەر، لە هۆنراوەیەکدا دەربارەی شاری (سولەیمانیی) گوتوویەتی:

له ئێوه کتله‌ی میسری، له پێشا بۆچی زیاتربوون
که ده‌ریانخست، زۆلماتا شوعاعی جامع ئه‌لئه‌زهه‌ر
له شاران بۆچی که‌متربێ، سوله‌یمانیی، سوله‌یمانیی
که به‌ڵقیسی نه‌بوو، نه‌یخا له عه‌کسی به‌رقی شێری نه‌پا
((٦٤.٣))

هه‌روه‌ها، ژنه کوردیکی هۆنه‌ری وه‌ك خاتوو ((خانم ره‌سوڵ ئه‌حمه‌د))، هۆنراوه‌ی بۆ ((سوله‌یمانیی)) هۆنیوه‌ته‌وه. هه‌رچه‌نده، هۆنراوه‌که‌ی له رووی هونه‌رییه‌وه، که‌مێ لاوازه، به‌ڵام، زۆر به کوڵو دڵه‌وه، هه‌ست و خۆشه‌ویستی بێگه‌ردی خۆی، به‌رانبه‌ر شاره‌که‌ی ده‌ربڕیوه و له ساڵی ((١٩٧٢))دا گوتوویه‌تی:

سلێمانیی، شاری شاران
نرخت له لام زۆر گرانه
سلێمانیی، شاره‌که‌ی خۆم
ناتگۆڕمه‌وه به به‌هه‌شت
سلێمانیی، من شه‌یدای تۆم
کێوت قه‌ڵایه و مه‌یدانه ده‌شت ((٤٢,٨))

((سوله‌یمانیی))، شه‌کره شاره‌که‌م:

ئه‌وڕۆ، دووسه‌دو شازده ساڵ، به‌سه‌ر دامه‌زراندنی تۆی ئازیزدا تێپه‌ڕده‌بێ. له‌م یاده پیرۆزه‌دا، یه‌کبه‌یه‌ك، هه‌موو خڕه‌به‌ردێکی نێو کۆڵانه‌کانت ماچده‌که‌م. هه‌موو گه‌ردیله‌یه‌کی خۆڵه پیرۆزه‌که‌ی، سه‌ر مه‌زارگه‌ی پیاوچاکه‌کانت ده‌لێسمه‌وه. سه‌ری ڕێزو نه‌وازش، بۆ هه‌موو شه‌هیده نیشتمانپه‌روه‌ره‌کانت داده‌نه‌وێنم. تاجه‌گوڵینه‌ی خۆشه‌ویستیی و ئه‌مه‌کداریی، له‌سه‌ر گۆڕی سه‌ربازی گومناوت داده‌نێم. چه‌پکێ گوڵی رازاوه‌ی ره‌نگاوره‌نگ، بۆنخۆشتر له ((هه‌ڵاڵه، به‌یبوون و ڕێحانه ره‌شه)) ده‌چنم و له دامێنی ئارامگه‌که‌ی ((شێخ))ی نه‌مری ده‌ده‌م، ئه‌و ((شێخ))ه‌ی، ره‌نگ و ڕووی بیری ئازادیی و سه‌ربه‌خۆیی، له باشووری کوردستاندا رشت و به‌ردی بناغه‌ی یه‌که‌م ده‌وڵه‌تی کوردیی دامه‌زران.

ستۆکهۆڵم
٢٠٠٠/١١/١٤

سه‌رچاوه‌کان:

١. ئه‌کره‌می ساڵحی ره‌شه، شاری سلێمانی، چاپی یه‌که‌م، به‌رگی دووه‌م، ١٩٨٩.
٢. جه‌مال بابان، سلێمانی شاره گه‌شاوه‌که‌م، به‌رگی یه‌که‌م، دار ئه‌لحوریه، به‌غدا، ١٩٩٣.
٣. حه‌مدی، دیوان، چاپی دووه‌م، چاپخانه‌ی ئۆفێست، به‌غدا، ١٩٨٤.
٤. زێوه‌ر، دیوان، سۆزی نیشتمان، چاپی یه‌که‌م، چاپخانه‌ی مه‌عاریف، به‌غدا، ١٩٥٨.
٥. شێخ ره‌زای تاڵه‌بانیی، دیوان، ئاماده‌کردنی ((ناسری ئیبراهیمی)) ستۆکهۆڵم، ١٩٩٢.
٦. د.فواد حه‌مه خورشید، گۆڤاری کاروان، ژماره ٥٤، ساڵی ١٩٨٧.
٧. ك.ج. ریچ، گه‌شتی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، محه‌مه‌د حه‌مه باقی له عه‌ره‌بییه‌وه کردوویه به کوردی، چاپی یه‌که‌م، ئێران ـ ته‌وڕێز، ١٩٩٢.
٨. د. کوردستانی گیوی موکریانی، هۆنراوه‌ی ئافره‌تی کورد، چاپی یه‌که‌م، چاپخانه‌ی کوردستان، ١٩٨٠.
٩. ناری، دیوان کاکه حه‌مه‌ی مه‌ریوانی، کتێبفرۆشی ((سیدیان)) مهاباد ـ ئێران ـ ئازربایجانی غه‌ربیی.
١٠. محمد امین زکی، تاریخ السلیمانیه و انحائها.
١١. محمد امین زکی، خلاصة تاریخ الکورد و کوردستان، الجزء الاول و الثاني، چاپخانه‌ی دار ئه‌لسه‌لام، به‌غدا، ١٩٣١.

ن/سماح رافع محمد
و/عبدالله سیوەیلی

فەلسەفەی سەدەی بیستەم
(ماهیەت و کارتێکردن)

لەناو مێژوو ناساندا وا باوە کە فەلسەفەی هاوچەرخ بریتییە لەو ئاڕاستەو ڕێبازە فەلسەفییانەی کە لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستدا دەرکەوتن و لە خاکەکەی دا گەشەیان کردو خۆیان چەسپاند. پێشەواکانی بەشێکی گەورەی ژیانی فکرییان تیا بەسەر برد، ئەمەش بۆ جیاکردنەوەی ئەم فەلسەفە هاوچەرخە لە فەلسەفەی سەدەکانی هەژدەو نۆزدە بە تایبەتی و، فەلسەفەی نوێ بەگشتی کە لەگەڵ سەردەمی ڕێنیسانسی ئەوروپی لەدەور و بەرەی سەدەی پازدەدا، دەستی پێکرد.

بەڵام دەبێ فەلسەفەی هاوچەرخ لەسەدەی بیستدا چ پەیوەندی یەکی هەبێت بەفەلسەفەکانی پێش خۆی جا فەلسەفەی تازەو ناوەند بێت یان فەلسەفەی یۆنان و ڕۆژهەلاتی کۆن بێت؟ ئایا بەتەواوەتی لێی جیایە یان پێکەوە بەستراون؟ لە ڕاستیدا زۆربەی ئاڕاستە و ڕێبازە فەلسەفییە هاوچەرخەکانی ڕۆژئاوا تەنها لە مەنهەج و شێوازی چارەسەرکردنی بابەتە جیاوازەکانیدا تازەو نوێن، لە کاتێکدا زۆربەی بابەتەکانی ئەو فەلسەفەیە کۆنن (بێجگە لە چەند بابەتێکی کەم کەپەیوەستن بە دۆزینەوە زانستی یە هاوچەرخە کانەوە) و لەلایەن فەیلەسوفەکانی سەدەکانی پێشوو خراونەتە ژێر لێکۆڵینەوەوە.

ئەگەر چاوێکی خێرا بخشێنین بە مێژووی فیکری فەلسەفیدا لەو کاتەوەی کە لە وێنە روحییە کۆنەکەی خۆیدا بوو لای ڕۆژهەلاتییەکان، پاشان چۆن گوێزرایەوە بۆ ڕۆژئاواو لای یۆنانییەکان چووە قاڵبی وێنەیەکی عەقڵییەوە و پاشان چۆن لە لێکۆڵینەوە ئایینییەکانی چاخەکانی ناوەڕاستی مەسیحیەت و ئیسلامدا گۆڕانی بەسەردا هات، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە زۆربەی زۆری بابەتە فەلسەفییەکان لەلایەن فەیلەسوفانی پێشینانەوە

مامەڵەیان لەگەڵ دا کراوە. لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە روح و نەمری و پەیوەندی مرۆڤ بە خواکان و هێزە نادیارەکانەوە، ویژدان و پەیوەندی مرۆڤ بە خودی مرۆڤەوە، ئاکارە..هتد، هەموو ئەمانە بابەتی بنەڕەتی و سەرەکی بوون لای بیریارانی رۆژهەڵاتی کۆن بەڵام لێکۆڵینەوە سروشتییەکانی تایبەت بە دەروونی مرۆڤ و پەیوەندی بە جەستەو عەقڵ و سروشتی دەرەکی یەوە. بەڵام لە سەدەکانی ناوەڕاستدا فەیلەسوفە ئیسلامی و مەسیحیەکان خۆیان لە قەرەی ئەو بابەتە دینیو روحی یانە دەدا کە فەیلەسوفە پێشینەکانی تر بەسنگ فراوانی یەوە وەریان نە دەگرت. ئەوە بوو ئەو فەیلەسوفە



فرۆید و یۆنگی کچی سائی ۱۹۱۹ ڤیینا

زانستی ماددی و ئەو بابەتانەی کەبە دەوری عەقڵ و دەروون دا دەخولێنەوە لەلایەن فەیلەسوفە یۆنانی و رۆمانییەکانەوە ایێان کۆڵدراوەتەوە و بەهۆیەوە هەوڵیان داوە دیاردە ماددییەکانی سروشتیان ڕاڤەبکەن ئەمە سەرەڕای شیکار کردنی عەقڵی مرۆڤ و پەرەنسیپە بنەڕەتییەکانی و چۆنێتی درك پێ کردنی شتەکان، هەروەها ڕوو بەڕووبونەوە لەگەڵ ئیسلامیو مەسیحی یانە دەستیان دایە لێکۆڵینەوە لە سروشتی خواو ڕاستی پێغەمبەرایەتی و ماهیەتی باوەڕو مەعریفەی تەسەوف.

لە چاخە نوێیەکان دا چەند دۆزینەوەیەکی تازە بە دەرکەوتن لەزانستی سروشتیدا کە لەمەوپێش لەبەر کەم و کوڕی ڕێبازە ئەزموونییەکان نەدەزانران، بەمەش فەلسەفەی نوێ توانی ڕووبەڕووی چەند

بابەتێکی نوێ ببێتەوە کە پەیوەستە بە دۆزینەوە زانستیەکان هەر لە سەدەی بیستەمەوە، کە لەو کاتەوە چەندین فەلسەفەی زانستی دەربارەی کات و شوێن و هۆکارێتی و جوواڵە.. هتد بە دەرکەوتن کە پەیوەستن بە دۆزینکاریەکانی زانستی سروشتیەوە. لە ڕاستیدا پێ دەچێ چەند فەیلەسوفێکی کۆن لە هەندێ لەم بابەتانەیان کۆڵیبێتەوە بەڵام لەم وێنە زانستیە ئەزموونیەی ئێستادا نەبووە. هەروەها پێویستە تێبینی ئەوە بکەین کە فەیلەسوفەکانی هەر چەرخێکی دادێت، هەمیشە لەو بابەتانە دەکۆڵنەوە کە فەیلەسوفەکانی پێش خۆیان لێیان کۆڵیونەتەوە، و پاشان چەند کۆمەڵە بابەتێکی تازەی بۆ زیادەکەن.

یۆنانیەکان لەو بابەتە ڕۆحی و ئاکارییانەیان دەکۆڵیەوە کە لە فیکری ڕۆژهەڵاتی کۆندا باو بوون، پاشان فەیلەسوفەکانی چاخەکانی ناوەڕاست ئەم میراتە کۆنەیان بۆ مایەوەو خستیانە ژێر لێکۆڵینەوە وە چەند شتێکی تریان خستە سەر دەربارەی دین و سروش (وحی)و پێغەمبەرایەتی. لە هەمان کاتدا بابەتە کۆنەکانیان بە شێوەیەکی وەها چارەسەرکرد کە بگونجێت لەگەڵ ڕۆحی دینی باو لە چەرخی ناوەنددا جا مەسیحی بێت یان ئیسلام. لە چەرخی تازەدا بەرووبوومی فیکری مرۆیی بە پیت و هەمەڕەنگتربوو بە تایبەت لە دوای دۆزینەوە زانستیە فراوانەکانەوە کە تیایدا فەیلە سوفە هاوچەرخەکان لە هەمان بابەتی چەرخەکانی ناوەند و کۆنیان دەکۆڵیەوە ئەمە پاش ئەوەی چەند بابەتێکی زانستی وەهایان بۆ زیاد کرد کە بەو زووانە لە هەموو بوارە سروشتی و مرۆڤی یەکاندا دۆزرابوونەوە. بەم شێوەیە فکری فەلسەفی هەموو بابەتەکانی خۆی هەتا ناوەڕاستی سەدەی بیست خەست کردەوە. بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا هیچ شتێکی تازە بوونی هەیە لە فەلسەفەی هاوچەرخدا؟

لەڕاستیدا هیچ شتێکی تازە لە فەلسەفەی هاوچەرخ دا نیە (ئەمە تەنها لەڕووی بابەتەوە)، چونکە کارێکی گرانە بۆ فەیلەسوفەکانی سەدەی بیست کە بابەتی تازە زیاد بکەن، مەگەر بە دەگمەن نەبێت، ئەمەش مانای ئەوەنیە کە فەیلەسوفە هاوچەرخەکان لە بواری داهێنانی فەلسەفیدا هەوڵ نادەن و تێناکۆشن. ئەمە پێچەوانەکەی ڕاستە، چونکە پرۆسەی فەلسەفاندن بە بەردەوامی کۆششێکی کراوەیە و قابیلی گۆڕان و گەشە سەندنە، لەبەرئەوە تەنها شتێکی تازە لای فەیلەسوفە هاوچەرخەکان بریتیە لە گرتنە بەری شێوازو میتۆدی تازەو ئاڕاستەی فەلسەفی جیاواز لە چارەسەرکردنی هەمان بابەتە کۆنەکان، بە واتایەکی تر توانستی داهێنان لای ئەو هاوچەرخانە بەتایبەت لە ڕێبازە تازەکانیاندا خۆی دەنوێنێ کە لە دووبارە داڕشتنەوەی هەموو بابەتە فەلسەفیە کۆنەکاندا بەکاریان دەهێنا بۆ وێنەی تازە.

مێژووناسان لەوە دڵنیامان دەکەنەوە کە زۆربەی فەیلەسوفە هاوچەرخەکان لەخودی ئەو بابەتانەی فەیلەسوفە کۆنەکان دەکۆڵنەوە تەنانەت ئەوانەشیان کەپێش سوکرات بوون، گرنگی و بایەخی و ئەو فەیلەسوفە کۆنانە دەزانن و هەوڵ و کۆششیان ڕێز لا دەنێن، بەڵام لە ڕووی مەنهەج و شێوازی چارەسەرو کۆششی عەقڵی پەیڕەو کراو دا لەو فەیلە سوفانە جیاوازن و بە شێوەیەك لەگەڵ ستەرەکتوری بابەتە کۆنەکاندا مامەڵە دەکەن کە لەگەڵ ڕۆحی چەرخی ئێستادا بگونجێت، هەر ئەم ڕاستیەش بەخەسڵەتی جیاکەرەوەی ئاڕاستە فەلسەفیەکانی سەدەی بیست دادەنرێت.

ڕەنگە خوێنەر پرسیاری ئەوە بکات کە ئایا ئەو ڕووداوە گرنگانە چین کە کاریگەریان لەسەر پەیدابوونی ئاڕاستەو ڕێبازی فەلسەفی هاوچەرخ هەبووە؟ یان ڕۆڵی ئەو ڕووداوانە چین لەوەی کە فەیلەسوفە هاوچەرخەکان پەیڕەوی مەنهەجی تازەو

شێوازی جیاواز لە پێشینەکان بکەن لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتە فەلسەفیيە هەنووکی یەکاندا بە شێوەیەك لەگەڵ رۆحی سەردەمدا بگونجێت؟ لە وەڵامدا دەتوانین بڵێین یەکەم ڕووداو گرنگترینیان بریتیيە لە شۆڕشی نیوتن بەسەر فیزیادا، ئەم ڕووداوە کۆنترۆڵی تەواوی هەبوو بەسەر فیکری ئەوروپیدا هەرلەسەرەتای سەدەی هەژدەهەمەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم کە تیۆرەکەی ئەنیشتاین لەسەر تیۆری نیسبی دەرکەوت.

فیزیای نیوتنی بە تایبەت لە ڕوانگەی فەیلەسوفەکانی سەدەی نۆزدەوە بە وێنەی ڕاستەقینەی جیهان و تاکە لێکدانەوەی هەموو دیاردە ماددیەکان دادەنرا. ئەم فیزیکە پەیوەستە بە بنەڕەتێکی ماتماتیکییەوە کە ئەویش ئەندازەی ئەقلیدسییە کە لەسەر بنەمایەکی سەرەکی وەستاوە کە بریتییە لە ئەستون بوون لە شوێن یان فەزادا. دواتر لە فیزیای نیوتنیدا بیرۆکەی شوێن و کاتی ڕەها دەرکەوت لەگەڵ جیاکردنەوەی نێوان هەردووکیاندا و هەردوو گوتاری میکانیزم و حەتمیەتی بەهەموو ئەمانەوە پەیوەست کرد، ئەم فیکرانە ڕەنگ دانەوەیان لەسەر هەموو ئەو ڕێبازە فەلسەفییانە هەبوو کە لە نێوان هەردوو سەدەی ١٨و١٩ دا بە دەرکەوتن. بەڵام لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستدا شۆڕشێکی گەورە بەسەر فیزیای نیوتنیدا ڕوویدا ئەویش بەهۆی دۆزینەوەکانی ئەنیشتاینەوە لەسەر تیۆری نیسبی، کە بارودۆخەکانی فیزیاو هەموو چەمکە تایبەتییەکانی گۆڕی. لەڕاستیدا تیۆرەکەی ئەنیشتاین یاساکانی نیوتنی بە تەواوەتی ڕەت نەکردەوە، بەڵکو خستیە چوارچێوەیەکی گشتگیر ترەوە کە نەك تەنها جوولەی زەوی بەڵکو تەفسیری هەموو کەون دەکات. دەرکەوتنی تیۆری نیسبی پەیوەست بوو بە دۆزینەوە ئەنوازەییيە نا تەقلیدییەکانەوە. چەمکی ستونی سڕدرایەوە و چەمکی چەمانەوە جێگەی گرتەوە کە لەگەڵ تێڕوانینی ڕێژەیی یانەی گشتگیری کەوندا دەگونجێت، ئەم مەسەلەیە ڕەدکردنەوەی ڕەهای لە شوێن و کاتدا بە دوای خۆیدا هێنا و گۆڕی بە پرەنسیپی نیسبەت. هەروەها دۆزینەوەکانی شرۆدنجەر و ماکس بلانك و زاناکانی تری فیزیای ئەتۆمی بووە هۆی ڕەت کردنەوەی پرەنسیبی میکانیزمی جوولەو پرەنسیبی حەتمیەت. وێنەی زانستی سروشتی لەناوەڕاستی سەدەی بیستدا بە تەواوەتی گۆڕاو جیاواز بوو لەو وێنەیەی لای نیوتن هەیبو لە سەدەی هەژدەو نۆزدەدا. ئەمەش بەش بە حاڵی خۆی کاری کردەسەر فەلسەفە هاوچەرخەکان و ئێستا زۆربەی زۆری ڕێبازە فەلسەفییەکان فیکرەی (ڕەها) ڕەت دەکەنەوەو لە دژی میکانیزم ڕادەپەڕن و لە حەتمیەت هەڵ دەگەڕێنەوە. بە واتایەکی تر شۆڕشی ئێستا لە فیزیادا پەیوەست کراوە بە شۆڕشێکی هاوتاوە لە فەلسەفەی هاوچەرخ دا.

دووەم ڕووداو لەو ڕووداوە گرنگانەی کە کاریگەریان لەسەر فەلسەفەی هاوچەرخ هەبوو بریتییە لەو پێشکەوتنە زانستیو ماددییە گەورەیەی کە زانستی سروشت بە خۆیەوە بینی کەبە هۆی ڕێبازی ئەزموونگەریيەوە بەدەستی هێنا کە ئێستا گەیشتۆتە بەرزترین قۆناغەکانی گەشەکردن. تەنانەت شارستانیەتی سەدەی بیست بووە شارستانیەتی زانستی ئەزموونیو بە گرنگترین مۆرکەکانی خۆی دایپۆشیوە.

ئاکامی ئەمەش ئەوە بوو کە ڕێبازی ئەزموونگەری گۆڕا بۆ ئەوشێوازەی کە هەوڵ دەدات هەموو زانستەکانی تر بخانە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. هەروەها پابەند بوون بە ڕێبازی ئەزموونگەری یەوەو پەیڕەوکردنی شێوازی زانستی ئەوە دەگەیەنێت کە زانستە هەنووکەیی یەکان بگۆڕێن بۆ دیراسەی دیاردە ماددییە بەرهەستەکان کە دەتوانرێت

لەرێگەیەوە هەموو پێشکەوتنێکی خێراو توانراو بهێنرێتە دی.

لە م پێناوەشدا دەبینین زۆربەی زانستە مرۆڤیەکان بەرەبەرە ئەگۆڕێن بۆ ئەوەی پابەندبن بەم ڕێبازەوە و واقیعی ماددی بریتییە لەو ڕاستی یەی کە ئێستا مرۆڤ هەوڵ دەدات کەشفی یاساکانی بکات لەڕێگەی ڕێبازی ئەزموونگەرییەوە. تەنانەت دیاردە گوزارەیی (معنوی)یە تایبەتییەکانی مرۆڤ خراوەتە ژێر تیشکی لێکدانەوەی زاناکانەوە، ئەویش بەوەی ئەیگەڕێننەوە بۆ چەند لایەنێکی ماددی لە جەستەی مرۆڤدا کە پێوەی پەیوەست کراوەو کاری کردووە بۆ دەرکەوتنی، ئەمەش لێکچووی ئەو کارەیە کە زانا دەروونناسەکانی سەر بە قوتابخانەی ڕەفتاری (سلوکی) کردیان. بۆیە هەموو ئەم پێشکەوتنە زانستیو ماددیانە لە زانستی سروشتی و مرۆڤیدا بوە هۆی دەرکەوتنی ئاراستەی فەلسەفی زانستی ماددی و بووە کارایەکی یارمەتیدەر لە زۆر بوونی ڕێبازە واقیعیەکان لە فەلسەفەی هاوچەرخ دا.

سێ هەم ڕووداوی گرنگی سەدەی بیست کە بەتەواوی پەیوەستە بە ڕووداوەکانی پێش خۆیەوە و خۆی لە باوەڕ بوون بە بەهاو نرخی ماتماتیک و گەڕانەوە بۆ شیکاری ماتماتیکیدا دەنوێنێ. لەڕاستیدا پێشینەکان ماتماتیکیان بە گرنگ زانیوە، بەڵام چڕێتی و بە پیتییەکەیان درک پێ نەکردووە و تەنها بەوەندەوە وەستاون کە لەکۆندا ئەقلیدس داینابوو، کە دواتر بووە سەرچاوە بۆ فیزیای کلاسیلی نیوتن. بەڵام لەم دواییانەدا چەند ئەندازەیەکی تری نا تەقلیدی بە دەرکەوتن وەک ئەندازەی ڕیمان و لۆباجفسکی و هیتریش، کە لەسەر بنەڕەتی ئەم ئەندازانەوە ئەنیشتاین توانی بنەماکانی فیزیای نوێ دابڕێژێت. هەروەها دەرکەوتنی ئەو ئەندازە نا تەقلیدیانە بووە هۆی وروژاندنی چەندین کێشەی وەک یەقینی ماتماتیکی و گەڕانەوە بۆ ڕێبازی شیکاری وشەیی و ناوەڕۆکی مەدلولە ماتماتیکیەکان و ڕاستێتی بەڵگە نەویستەکان و چۆنێتی گەیشتن بە یەقینی شارەوە و....هتد.

هەموو ئەم مەسەلانە وای لەزاناکانی لۆژیکی وێنەیی کرد کە بکەونە هەوڵ دان بۆ ئەوەی چڕێتی شیکاری ماتماتیکی و وردەکاری لۆژیکی کۆن لە چوار چێوەی زانستێکی نوێدا کۆبکەنەوە کە ئەویش بریتییە لە (لۆژیکی ماتماتیکی) یان (لۆژیکی هێمایی)، کاریگەری ئەم ڕووداوانە درێژ بووەوە بۆ سەر زۆرێك لەو ڕێبازە فەلسەفییە هاوچەرخانەی کە شێوازی شیکاری ماتماتیکی پەیڕەو دەکەن و بەرگێکی تازەی ماتماتیکی شیکارەکی دەپۆشن.

چوارەم ڕووداوی گرنگی هاوچەرخ وەك پەرچەکردارێك بە دەرکەوت لە بەرامبەر ئەوپێشکەوتنە زانستییە ماددیەی کە شارستانیەتی ڕۆژئاوای پێ سیواخ دراو تەنانەت خەریك بوو خودی مرۆڤ ببێتە تەنها (شت)ێکی ماددی وەك باقی دیاردە سروشتییەکانی تر. کە ئەمەش بەتەواوی ناکۆکە لەگەڵ سروشتی زیندووی مرۆڤ و بە شێوەیەکی جەوهەری جیاوازە لە سروشتی جیهانی بێ گیان. لەبەر ئەوە دەبینین زۆر بیریار شۆرشێکی تر دەکەن دژی شۆرشی زانستی پێشوو بەو هیوایەی کە مرۆڤ بتوانێ متمانە بگەڕێنێتەوە بۆ خودی خۆی. ئەو بیریارانە ئەوە یان ڕەت دەکردەوە کە مرۆڤ وەك دیاردەیەکی سروشتی ماددی تەماشا بکرێت، چونکە مرۆڤ لەناوەڕۆك دا وزەیەکی چالاکەو هەمیشە لە تازە بوونەوە دایە، تەنانەت لە دواجاردا خودی جەستە لەهەزاران ملیۆن خانەی زیندوو پێکدێت. هەروەها ئەو بیریارانە هەوڵی جەخت کردنەوەی بەهای نمونە روحییەکانیان دەدا کە مرۆڤی پێ جیا دەکرێتەوە. هەروەها دەبینین کە ئەو شۆرشە مرۆڤییە فۆرمێکی ڕێك و پێکی وەهای وەرنەگرت کە لەسەری بڕوات یان ڕووداوێکی دیاری کراوی نەبوو لێوەی دەست پێ بکات، بەڵکو بەشێوەیەکی خۆوەکی و بەرەبەرە وەك

پەرچەکردارێك لەبەرامبەر پێشکەوتنی ماددیدا بەدەرکەوت و ئەم ئاراستەیە کاریگەری گەورەی خۆی هەیە لەدەرکەوتنی چەندین فەلسەفەی تازەو ڕێبازی ڕۆحیی هاوچەرخی تردا.

هەروەها لەدواجاردا پێویستە ئاماژە بەوەبکەین کە لەناو ڕووداوەکانی سەدەی بیستدا کە زۆر بەقوولّی کاری کردە سەر فەلسەفەو دەروونناسی و بگرە هونەرو ئەدەب و فیکری مرۆڤ بەگشتی، بریتی بوو لەشیکاری (سیگمۆند فرۆید) بۆ عەقلّی مرۆیی‌و ئاشکرا کردنی لایەنی (نەسێت ـ لاشعور)و ڕوون کردنەوەی ڕۆلّەکەی لە ئاراستە کردنی ڕەفتاری تاکەکان و لێکدانەوەی هەموو ڕەفتاری خەلّك بەگشتی و هەموو بیریار و فەیلەسوفەکان، هەتاوەکو سەردەمی فرۆید لەو باوەڕەدا بوون کە مرۆڤ تەنها بە پێی بنەماکانی عەقلّ دەڕوات و مرۆڤ بوونەوەرێکی خاوەن پلەو پایەی بەرزەو لە بنەڕەتدا جیاوازە لە ئاژەلّ و مرۆڤی بەرایی کۆن. بەلّام کاتێك فرۆید هات، ئەم وێنەجوانەی مرۆڤی تێك شکاندو ئەو بەرگە ساختەیەشی لەبەردادڕی و ڕاستی دوژمنکارانەی مرۆڤی خستە ڕوو، پەرەی لەسەر جیهانێکی گەورەی نەزانراو لادا لە مرۆڤدا کە زۆر چڕترو بەرهەمدارترە لە جیهانی (هەست ـ شعور)، لە ڕوانگەی فرۆیدەوە نەست ئەو دەسەلاّتە ڕاستە قینەیەیە کە زاڵە بەسەر ڕەفتاری مرۆڤدا و ئەو تاکە ئاوێنەیە یە کە تاك دەتوانێت بە هۆیەوە خودی خۆی ئاشکرا بکات.

ئەم دۆزینەوەیەی فرۆید دەنگێکی گەورەی دایەوە لە فیکری هاوچەرخ دا، ئەوە بوو فەیلەسوفە کان بایاندایەوە سەر لێکۆڵینەوەی حەقیقەتی مرۆڤ و کاریان بۆ دەرخستنی ناوەڕۆکە ناوەکی یەکەی دەکرد، ئیتر لێرە بەدواوە چەندین ڕێبازی فەلسەفی بەدەرکەوتن کە گرنگیان دەدا بە مرۆڤ و هەوڵیان دەدا بوون و ڕەفتاری مرۆڤ بە نیگایەکی تازە و واقیعیانەو بەدەرلە هەر توندڕەویەکی ئایدیالی لێك بدەنەوە.

سەرچاوە/ سماح رافع حمد، المذاهب الفلسفية المعاصره الناشر مدبولی ـ الطبعة الاولی ۱۹۷۲ـ ص۷ـ۲۵

ئایا ئەحمەدی خانی فەیلەسوف و بیریار بووە؟

پێداچوونەوەی بۆچوونەکانی

دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ

لە نێوەندی ڕۆشنبیری ئێمەدا، لەبەر لاوازی عەقڵی ڕەخنەیی‌و نەبوونی ڕەخنەگری خاوەن ئامرازی ڕەخنەیی و ڕۆشنبیری ڕەخنەیی بەرفراوان‌و، لەهەمان کاتدا نەوێران بۆ قسەکردن لەسەر زۆر ڕاو بۆچوون، لەڕابردوودا چەندین بەرهەم و نووسینی ئێمە کە شایانی قسەلەسەرکردن بوون، بەبێ ئەوەی شتێکی ئەتۆیان لەسەر گوترابێت تێپەڕبوون، یان ئەگەر قسەشیان لەسەر کرابێت لە دوو بۆچوونی سادە زیاتر نەبووە، ئەویش یان پەسەند کردن و پیاهەڵدانێکی تەواو بووە یان ڕەتکردنەوەیەکی بێ بنەما، هەردوو هەڵوێستەکەش لەدەرەوەی بنەماکانی ڕەخنەبوون، بەڵکو یان لەسەر بنەمای هاو ئایدیۆلۆژیایی نووسەرو ڕەخنە گربووە، کە ئەمەیان پەسەندکردنی لێکەوتۆتەوە، یان لەسەر بنەمای جیاوازی ئایدیۆلۆژی نووسەرو ڕەخنەگرەکە بووە، کە ئەمەشیان ڕەتکردنەوەی لێکەوتۆتەوە.

هەندێ پایەی کۆمەڵایەتی و سیاسیش وایان کردووە، کە هەندێ نووسەر لەسەروی ڕەخنەوە دابنرێن و کەس بۆی نەبێت لێیان بدوێت. ئەمەش جۆرێک لە (تەوتەمیەتی) لە ڕۆشنبیری کوردیدا دروستکردووە، کە بێگومان ئەوەش یەکێکە لەڕووە لاوازەکانی ڕۆشنبیری کوردی و هاوشێوەی عەقڵی خێڵایەتیە، کە چۆن لە پێکهاتەی خێڵدا سەرخێڵ یان ئاغاو بەگ و شێخ پیرۆزن و کەس بۆی نیە ڕەخنەیان لێبگرێت، بەهەمان شێوە هەندێ لە نووسەرانی کوردیش لە ڕابردوودا ئەو پلەو پایەیان وەرگرتووەو قسەکردن لەبارەی بەرهەمەکانیانەوە بە قەدەغەو حەرام دانراوە. دیارە ئەم حاڵەتەش بەقازانجی ڕۆشنبیری کوردی نیە، چونکە لەلایەک کوشتنی عەقڵی ڕەخنەییە، لەلایەکی تر سەپاندنی چەندین ڕاو بۆچونە کە دەشێ بنەمای زانستیان لاوازبێت‌و، لەگەڵ ئەوەشدا وەکو تێکستی پیرۆز وەربگیرێن.

لێرەدا من دەگەڕێمەوە بۆ ئاخاوتن کردن لەسەر دووبۆچوون لە کتێبی (ئەحمەدی خانی.. شاعیرو بیریارو فەیلەسوف و متەسەوف) لە نووسینی بەڕێز دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ کە ساڵی ١٩٧٩ لە چاپخانەی الحوادث لە بەغدا چاپکراوە. دیارە هیچ کام لە ئێمە نکوڵی شوێنی دکتۆر عیزەدین ناکات لە ڕۆشنبیری کوردیدا، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نیە کە سەرجەم بۆچوونەکانی سەد دەرسەد دروستن و شایانی هیچ پێداچوونەوەیەک نین، بەتایبەتی ئەو بۆچوونانەی لەم کتێبە و لە کتێبی (ریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا خستونیەتە ڕوو. ئامانجی من لێرەدا دروستکردنی جۆرێك لە ئاخاوتنە، بەمەبەستی دروستکردنی ئەو پرسیارەی ئایا دەشێ کورد لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەدا خاوەنی فیکرو فەلسەفە بووبێت؟ ئایا نەك لەو مێژووەدا بەڵکو تاکو ئێستاش ئێمە بیریارو فەیلەسوفمان هەیە؟ ئەگەر هەمانە کوانێ فیکرو فەلسەفەکەمان؟ کوانێ بەرهەمی فیکرو فەلسەفەی ئەو بیریارو فەیلەسوفانە؟ ئایا کاتێ نووسەرێکی ئێمە کۆمەڵێ شتی پێشتر گوتراو لە شیعر یان چیرۆك یان وتارەکانیدا دووبارە بکاتەوە، دەبێت بە بیریار یان فەیلەسوف؟

ئەو دوو بۆچوونەی دەمەوێت لێرەدا لێی بدوێم ئەوەیە: ئایا ئەحمەدی خانی بیریار بووە؟ ئایا ئەحمەدی خانی فەیلەسوف بووە؟ لە پەراوێزی گەڕان بە دوای وەڵامی ئەم دووپرسیارەدا، هەوڵدەدەم قسەلەسەر شوێنی ئەحمەدی خانی لە مەسەلەی نەتەوایەتیشدا بکەم،بەڵام لەوتارێکی تردا.

بیریار بەکەسێك دەوترێت کە فیکری بەرهەم هێنابێت، یان بەشداریەکی ئاشکرای هەبێت لە بەرهەم هێنانی فیکردا. گرنگ نیە ئەو فیکرە چیەو تا چەندێ لەخزمەتی مرۆڤایەتیدایە. هەر یەکە لە ئەفلاتون و ئەرستۆ وەکو دوو بیریار و دوو فەیلەسوف شوێنی دیاریان هەیە لە بەرهەم هێنانی



خانی

فیکرو فەلسەفەی یۆنانی‌دا، کە ئەو فیکرەیە بە پایەیەکی بەهێزی فیکری رۆژئاوا دادەنرێت نەک تەنیا لە مێژووی کۆندا بەڵکو بۆ ئێستاش. هەریەکە لە بیریاران و فەیلەسوفانی دنیا روانینی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ گەردون و بوون و ژیان و پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت و پێداویستی‌یەکانی ژیانی مرۆڤ لەغەریزەو حەزو ئارەزوو، ویستە مادی و مەعنەوییەکان.. هەروەك روانین بۆ کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ و پێکهاتەی خێزان و بەرهەم هێنانی دەسەڵات و سەرجەم دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان و پێداویستی ئازادی و دیموکراتی‌و دیولیزمەکان لەگەردوندا و هێزە جوڵێنەرەکانی ژیانی تاك و کۆمەڵ و.. جێگای دیاریان گرتووە لە پانتایی فیکرو فەلسەفەدا. هەر فەیلەسوف و بیریارێکیش لەروانگەی تایبەت بەخۆیەوە سەرنجی ئەو لایەنانەی داوەو بەشداری کردووە لەبەرهەم هێنانی فیکردا سەبارەت بەبوار یان دیاردەیەکی تایبەتی و رستەی فیکری خۆیی ناساندووە کە بەناوی ئەوەوە جێگیربووە. گرفتی تۆێژەری کورد تائاستێکی دیار ئەوەیە کەپێش ئەوەی پێناسەی هەبێت بۆ دیاردەیەك یان تەنانەت بۆ زاراوەیەك قسەی لەبارەوە دەکات ئەوەش بەرەو کاری سەرپێیی و دەبات. دکتۆر عیزەدین لە ئەحمەدی خانی‌دا تووشی هەمان حاڵەت بووە. بەبێ ئەوەی پێناسەی زاراوەکانی کردبێت، خانی کردووە بە بیریارو فەیلەسوف. ئەمەش ئەو پرسیارەمان لادروست دەکات دەبێ دکتۆر چ پێناسەیەکی بۆ بیریار یان فەیلەسوف هەبێت؟ بێگومان دەشێ داڕشتنی جیاواز هەبێت لە ناساندنی ئەو دوو زاراوەیەدا، بەڵام دەبێ ئەو راستی‌یە بزانین کە بەبێ بوونی هەندێ بنەمای تایبەت ناکرێت کەسێ بە بیریار یان فەیلەسوف دابنرێت.

لەفەرهەنگی زاراوەکانی فەلسەفەو فەرهەنگی (Longman)دا وشەی فەیلەسوف بەم جۆرە پێناسە کراوە: فەیلەسوف ئەو کەسەیە کە تۆێژینەوەی بیرو باوەڕێك دەکات و پەرەی پێدەدات کە ئەو بیرو ڕایە دەربارەی سروشت و مانای بوون و حەقیقەتە بۆ نموونە باش و خراپ و... تاد. هەروەها فەیلەسوف کەسێکە بە قوڵی بیر لە دنیا و ژیان و شتەکانی تر دەکاتەوە[1]. لەهەمان شوێندا هاتووە: بیریار کەسێکە کە بەناوبانگە بۆ کاری گرنگی لەسەر بابەتی زانست یان فەلسەفە[2]. فەلسەفەی بریتی‌یە لە تۆێژینەوەی سروشت و مانای بوون و حەقیقەت و یەکێکە لە سیستەمەکانی فیکر. ئەفلاتونیش دەڵێت: فەلسەفە بریتییە لەزانینی حەقیقەت بە شێوەیەکی رەها[4]. فەلسەفە مەعریفەیەکی وردی تایبەتە لەبارەی شتێکی دیاری کراوەوە[5]. دەتوانین چەندین وتەی تربهێنینەوە کە بەجۆرێك لە جۆرەکان پێناسەی فیکرو فەلسەفە دەکەن. بە گوێرەی مرۆڤ بۆچوونی لەوجۆرەهەیە کە مرۆڤ بە خورپسکی ئەفریدەیەکی بیرکەرەوەیە. بەڵام سنووری ئەو بیرکردنەوەیە دیاری کراوەو تەنیا تاکە کەسە دەگمەنەکان لەو سنووره ئاساییەی بیرکردنەوە دەرچوون و توانیویانە بەشداریان هەبێت لەبەرهەم هێنانی فیکرو فەلسەفەدا.

لەمێژووی ئەدەبی جیهانیدا لەسەر بنەمای جیهانبینی فیکری‌و فەلسەفی لەدەقە ئەدەبیەکانیاندا هیچ کەس نەبووە بە بیریارو فەیلەسوف، بۆ نموونە هیچ کەس بە شکسپیر نالێت بیریار یان فەیلەسوف لەکاتێکدا دەیان روانینی فەلسەفی کردۆتە جیهانبینی دەقەکانی بۆ نموونە لە دەقی هاملێت دا رستەی ((ببیت یان نەبیت ئەوەیە پرسیارەکە[6])). ئەم رستەیە روانینێکی قوڵی فەلسەفی لە پشتیەوە وەستاوە، بەڵام نەبۆتە رستەیەکی فەلسەفی بۆ شکسپیر، یان لە پای ئەم رستەیە شکسپیر بە فەیلەسوف یان بیریار ناو نابرێت، هەرلێرەوە دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە دەشێ هەندێ رستەی ئەوتۆ لە مەم و زینی ئەحمەدی خانی‌دا بدۆزینەوە، کە جۆرێك لە فیکر یان تێڕامانی فیکری

یان فەلسەفی هەڵبگرن، بەڵام ئەو جۆرە رستانە هەرچۆن شکسپیرو دانتیو موتەنەبی..یان نەکردووە بە بیریارو فەیلەسوف.. بەهەمان شێوە ئەحمەدی خانیش ناکەن بە بیریارو فەیلەسوف.

بیریاران و فەیلەسوفان رستەی دیاری کراوی خۆیان هەیە، کە ئەو رستانەش لە شێوەیەکی سیستماتیکانەدا و لە ئەنجامی گەڕان بەدوای حەقیقەتی رەهاو ماناکانی بوون دا بەرجەستە کراون. کاتێ دەربڕینی (من بیردەکەمەوە کەواتە هەم) دەبیستین، تێدەگەین چ مانایەکی قوڵ سەبارەت بە کەینوونەی منی بیرکەرەوە پێویستە هەتا بیگەیەنێتە ئاستی بوون، فەلسەفەی نیتشە لەسەر چەمکی هێزو سوپەرمان بنیاد نراوە، کە ئەوەش چەمکێکی هێندە مەودا فراوان و قوڵە دەیان گفتوگۆی جدی لە فیکری هاوچەرخدا دروستکردووە، هەندێ پێیان وایە ئەم چەمکە فەلسەفیە بەرهەم هێنی فاشیزمی ئەڵمانی و سیستەمی پیاوی باڵا یان سەرکردەی تەنیایە. گەوهەری فیکری مارکس بریتییە لە رۆڵی ئابوری و ململانێی چینایەتی وەکو بزوێنەری مێژوو. ئەبیقۆر وەکو یەکەم بیریاری وجودیەت رستە سەرەکیەکەی ئەوەیە کە دەڵێت: باشتر وابوو هەرنەبووینایە. ئیبن روشدی بیریاری عەرەب دەڵێت: گەردون نەمرە و خواوەند پەیوەندی بە رێکخستنی یاساکانی گەردونەوە هەیە. دەتوانین بۆهەر بیریارو فەیلەسوفێکی ئەم دنیایە بە رستەیەک یان چەند رستەیەک فیکری ئەو یان بەشداری ئەو لەبەر هەمهێنانی فیکردا باس بکەین. بەڵام ئایا ئەو رستە فیکرییەی کە ئەحمەدی خانی بەرهەمی هێناوە چییەو کامەیە؟

مەبەستمان لەم پرسیارە کەمکردنەوەی ئاستی دیاری خانی نیە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، بەڵکو دەمانەوێت بڵێین کارێکی دروست نیە، بەبێ بنەمای زانستی و بەبێ بەڵگەو لێکدانەوەی وردو سەلمێنەر شاعیران و نووسەران و کەسانی دیاری نەتەوەکەمان باربکەین لە کۆمەڵە شتێکی ئەو تۆ کە ئەو کەسانە خۆیان پەیوەندییان بەو شتانەوە نەبووە و نیە. دکتۆر عیزەدین (خانی) دەکات بە فەیلەسوف و بیریار، یەکێکی تر دەیکات بەرابەری بزوتنەوەی کوردایەتی، یەکێکی تر دێت مەولەوی دەکات بە داهێنەری رۆمانسیەت و دەیخاتە پێش قۆناغی رۆمانسیەتی ئەدەبی ئینگلیزیەوە.. ئەم بەزۆرداتاشین و دروستکردنانە، نەك هیچ خزمەتێکی کەلتوری کوردی ناکات بەڵکو لە باربێکی تردا زیانێکی گەورەشی لێدەدات، چونکە چەندین نەوە ئەو راو بۆچوونە بێ بنەمایانە کوێرانە وەردەگرن و دەیڵێنەوە، کە لەراستیدا بوونیان نیە.

ئەگەر خانی فەیلەسوف و بیریار بووایە، دەبوا ئێستا دەقە فەلسەفیو فیکرییەکانی ئەومان لەبەر دەستدا بووایەو بەناوی فیکرو فەلسەفەی خانییەوە یان کوردیەوە ناو ببرایە، هەرچۆن دەگوترێت فەلسەفەی هیگڵ یان فەلسەفەی ئەڵمانی، یان فیکری فەرەنسی یان فیکرو فەلسەفەی فۆکۆ، دیریدا، هابرماس، گادامێرو.. تاد.

دکتۆر عزەدین جەخت لەسەر فەیلەسوفی و بیریاری ئەحمەدی خانی دەکات و بەرستەیەکیش لەوە نادوێت کە فیکری ئەحمەدی خانی یان فەلسەفەکەی چییە؟ لە توێژینەوەی زانستیدا ناکرێت بەبێ بەڵگەی سەلمێنەر ناو یان خاسێت بدرێتە پاڵ کەسێك یان دیاردەیەك. دکتۆر دەڵێت: خانی فەلسەفەیەکی تەواو پێشکەش دەکات کەدەشێ بەتەسەوری فەلسەفی لای خانی ناوببرێت[٧] با بپرسین ئەو فەلسەفە تەواوە چیە؟ ئەنجاناکۆکیەك هەیە لە نێوان تەسەوری فەلسەفی و فەلسەفەی تەواودا. تەسەوری فەلسەفی بەواتا هێشتا لە سنوری تەسەوردا ماوەتەوەو نەگەیشتۆتە حاڵەتی ئەبستراکت یان تەواو یان رەها، کەواتە ئەگەر خانی فەلسەفەیەکی تەواو پێشکەش بکات ئیتر تەسەوری فەلسەفی هیچ مانایەکی نیە، ئەگەر

خانی تەسەوری فەلسەفی هەبێت، مەرج نیە بتوانێت فەلسەفەیەکی تەواو پێشکەش بکات و بە فەیلەسوف ناوببرێت.

ئەگەر دکتۆر لەسەر بنەمای ئەو ململانێیەی کەلە گرێچنی مەم و زیندا هەیە پێی وابێت ئەوە ململانێی نێوان دژەکانەو، بزوێنەرو دروستکەری جوڵەیەو ئەوەش بەگەوهەری فیکرو فەلسەفەی خانی بزانێت، ئەوا ئەو بۆچوونە زۆر کۆنترە لەوەی کە لە داهێنانی خانی بێت. ئەفلاتون پێی وایە پەیوەندی و ناکۆکی نێوان دژەکان هۆکاری جوڵەن لە گەردون دا، ئەرستۆ کاردانەوە بە دژی کار دادەنێت و پەیوەندی و ناکۆکی نێوانیشیان ئەو جوڵەیە بەرهەم دێنێت کە بنەمای بنیادنانی گرێچنی ئەرستۆییەیە، کە هەمان روانین لای ئەرستۆ گواستراوەتەوە نێو جوڵەی کۆمەڵایەتیو دەرکەوتن و پەرەسەندنی شارستانێتەکان و گەیشتنیان بە لوتکەو لەئەنجامی ناکۆکی نێوان رەگەزە پێکهێنەرەکانی خودی ئەو شارستانێتانەدا، قۆناغی بەرەو پێربوون و دارمان دەست پێدەکات و لەئاکامدا ئەو شارستانێتەی لە قۆناغێکدا لە بەرزترین لوتکەی پەرەسەندندایە لە قۆناغێکی تردا دیار نامێنێت. ئەرستۆ ئەمە لەگەڵ سوڕی ژیانی زیندەوەران دا هاوشێوە دەکات و، سەرجەم هۆیەکانی پەرەسەندن و گەیشتن بەلوتکەو پاشان بەرەو پیری چوون و لەناوچوونیش دەگێڕێتەوە بۆ ناکۆکی و پەیوەندی ناوکۆیی توخمە پێکهێنەرەکانی ئەو پێکهاتانە خۆیان.

شانۆگەرییە تراژیدییەکانی شکسپیر لەسەر بنەمای جۆرێك لە گرێچن بنیاد نراون، کە دژایەتی و ناکۆکی نێوان کەسێتەکان دەیانبات بەرەو جوڵەیان پێدەدات. بەچەندین نموونەی تر دەتوانین باسی ململانێو دژایەتی و پەیوەندی نێوان رەگەزەپێکهێنەرەکانی هەرپێکهاتەیەك بکەین لەم گەردوونەدا، کە ئەو دژایەتی و پەیوەندیە دروستکەری جوڵەن و لەپێش ئەحمەدی خانیش دا



هیگل

باسکراون. هارمۆنیای گەردون لە بنەڕەتدا لەسەر ناکۆکی و پەیوەندی رەگەزە پێکهێنەرەکانی دروستبووە، دکتۆر دەڵێت: خانی وەکو بیریارێك گرنگترین شتێ کە دەیبینێ بوونی دژەکان و یەکێتی ئەم دژانەیە[8]. ئێمە لەوە دواین کە ئەم بۆچوونە لەداهێنانی خانی نیە.. دکتۆر راستەوخۆ ویستوویەتی ئەوەی لە مارکسیزم و لینینیزمەوە وەریگرتووە، بەسەر ئەحمەدی خانیدا بسەپێنێت و ئەمە زیاتر دووبارە کردنەوەی ئەو قسەیەی لینینە کە دەڵێت: گەشەکردن بریتییە لە ململانێی دژەکان. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دکتۆر پێوەرێکی ئامادەی هێناوە و دەیەوێت دەقێکی کوردی پێ بپێوێت، کە مەرج نیە ئەو بنەمایانەی لە پێوەرە ئامادەکەدا هەن لەناو دەقەکەدا بوونیان هەبێت، ئەم کارەش بەپێچەوانەی بنەماکانی رەخنەی

ئەدەبیەوەیە، چونکە کاری رەخنەگر ئیشکردنە لەناو دەقدا ، نەک هێنانی پێوانە ئامادەکانی دەرەوەی دەق بۆ ئەوەی دەقەکە بەوان بپێورێت. بێگومان ئەم بۆچوونەی دکتۆر عزەدین و زۆرێك لە ئەکادیمیەکانی کورد کە خەریکی ئەدەبن، دەبێ پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و ئەو راستیەیە جێگیربکرێت کە خوێندنەوەی دەق لەناو خودی دەقەکەوە دەست پێدەکات، نەک دەقێکی نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدە بە پێوەرێکی ئایدیۆلۆژی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەو نیوەی یەکەمی سەدەی بیست بخوێندرێتەوە. ئەو پێوەرەی دکتۆر بۆ خوێندنەوەی مەم و زینی خانی بەکاری هێناوە لە پشتیەوە ستراتیژی رازیکردنی هەڵگرانی ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم لینینیزم وەستاوە، کە بەداخەوە ئەو ئایدۆلۆژیانە هەرچۆن لە ئەنجامی بە هەڵە وەرگرتن و کارپێکردنی زمانی گەورەی لە بزوتنەوەیی لە نەتەوایەتی کوردی داوە، چەندین رای بێ بنەمای بەزۆر بەسەر ئەدەب و رۆشنبیری کوردی دا سەپاندووەو، زۆربەی کات رۆڵی پۆلیسی رۆشنبیری بینیووە بۆ رێگاگرتن لە بیرکردنەوەی ئازاد لای ئەدیب و رۆشنبیری کوردو، هەرکەس بەپێی ئەو پیوەرە نەینووسیبێت و بەو ئاراستەیە بیری نەکردبێتەوە، بە کۆنە پەرست و دژی پێشکەوتن دراوەتە قەڵەم. لە ئاکامی ئەوەشدا بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی ئەدەبی کوردی بوون بە گوتاری ئایدۆلۆژی و بەرهەمهێنی پاڵەوانی نەبەزیوو، بانگەشەکردن بۆ شۆڕشی پرۆلیتاریا و ..تاد بەواتایەکی تر دوورکەوتنەوە لە کێشە راستەقینەکانی مرۆڤی کورد چ وەکو تاك و چ وەکو کۆمەڵ. چ کێشە تایبەتیەکان بووبێت چ کێشە کۆمەڵایەتیو نەتەوەییەکان.... بەرپرسی یەکەمیش لەم شێواندنەی نەخشەی ئەدەب و رۆشنبیری کوردی ئەو کەسانەن کە بانگەشەی سەپاندنی میتۆدی لینینیزم ، ستالینیزمیان بەسەر ئەدەب و رۆشنبیری کوردی دا کردووەو پێیان وابووە هەموو رێگاکان دەچنەوە بۆ مۆسکۆ. بەهەر حاڵ ئەگەر ئێستاش خۆیان هەوڵی راستکردنەوەی ئەو کارانەیان بدەن، ئەوە کارێکی پەسەند دەکەن.

لە ئەنجامی سەپاندنی هەندێ لەو چەمکانەی لەمارکسیزمدا هاتوون بەتایبەتی دیالکتیك، دکتۆر عزەدین پێی وایە خانی فەیلەسوفی دیالکتیکە، کە دکتۆر ئەو چەمکانەی وەکو پێوانەیەکی ئامادە هێناوەو هەوڵیداوە لە لای خانی ئەگەر ئاماژەیەکی لەوجۆرە هەبێت ئەوا بیکات بە داهێنەری ئەوچەمکە. بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە دیالکتیك وەکو زاراوەیەکی پێناسەکراو لەسەردەمی هیرا قلتیس دا ئاخاوتنی لەسەر کراوەو وەکو چەمکێکی فەلسەفی بەکار براوەو لەسەردەمی هیگڵ دا چەمکەکانی دیالکتیکی سروشت و دیالکتیکی مێژوو ئاخاوتن کراون و مارکس و ئەنجا میش بە شێوەیەکی بەرفراوان لەوچەمکانە دووان و ماتریالیزمی دیالکتیك لەسەردەمی ئەواندا وەکو چەمکێکی فەلسەفی جێگای گرت.

دیالکتیك لەلای هیرا قلتیس گوزاشت لە بوونی شتەکان و لە هەمان کاتدا نەبوونیان دەکات، چونکە هەموو شتێ بە بەردەوامی دەجوڵێ و دەگۆڕێ. واتە لە حاڵەتی پەرەسەندن و لەناوچوونی هەمیشەیدایە[9]. ئەفلاتون رای وایە کە دیالکتیك جوڵەی فیکرە لەچەمکە سادەکانەوە بۆ چەمکە ئاڵۆزەکان[10]. لەسەدەکانی ناوەڕاستدا دیالکتیك هەندێ مانای جۆراو جۆری وەرگرت وەکو لۆژیك و هونەری جیاکاری نێوان راست و درۆ..[11] فەلسەفەی دیکارت و سپینۆزاو دیدرۆ پایەی خۆیان لە رەگەزەکانی چەمکی دیالکتیك بەهێزکردووە. کانت لە تیۆرەکەی خۆیداو لۆمانوسوف لەبارەی دۆزینەوەی یاسای پاراستنی وزەو جوڵەوە، پایەکانی دیالکتیکیان بەهێزکرد. هیگڵ تەسەوری گەردونی کرد بەوەی لە جوڵەیەکی بەردەوامدایە و لە حاڵەتی گۆڕان و پەرەسەندندایەو[12] سەرچاوەی ئەو گۆڕان و



ماركس

پەرەسەندنەش ناکۆکی ناوخۆییە. بەڵام ماركس و ئەنجلس دیالکتیکیان کرد بە زانستی یاساگشتییەکانی پەرەسەندنی سروشت و کۆمەڵگا و فیکر. ئەمان دیالکتیکیان لەسەر بنەمای دۆزینەوەی خانەی زیندوو یاسای پاراستن و گۆڕانی وزەو تیۆری پەرەسەندنی داریون بنیادنا.

جگە لە هیگڵ و ماركس و ئەنجلس ئەوانەی تر کە باسی دیالکتیکیان کردووە، لە پێش ئەحمەدی خانیدا ژیاون. کەواتە ئەگەر ئەحمەدی خانی لە مەم و زیندا بەرجەستەی حاڵەتی لەوجۆرەی کردبێت کە لێکدانەوەی دیالکتیکانەی بۆ بکرێت، ئەوا بەوە ئەحمەدی خانی نابێت بە فەیلەسوفی دیالکتیک، بێگومان ئەوەی ماركس و ئەنجلس سەبارەت بە دیالکتیک کردویانە گۆڕانکاری گەورەییە لەبەر ئەوە دەشێ ماركس و ئەنجلس وەکو دوو بیریاری ئەو بوارە دابنرێێن، چونکە دیالکتیکیان لە شێوەیەکی ترو لە فۆرمێکی فەلسەفی تردا بە بنەمای جیاوازەوە لە چاوپێشتردا داڕشتەوە، بەڵام بەگوێرەی خانی ئەگەر لە ناو شیعرەکانیشدا لە ئەنجامی شیکردنەوەی دەقەکاندا دەلالەتێکی لەوجۆرە بدۆزرێتەوە، ئەوا گومانی تێدانیە کە خانی هیچ روانین یان جیهانبینییەکی لەو جۆرەی نەبووە کە دیالکتیك چییە و مانای چییە؟ بەڵکو هەر قسەکردنێکی لەوجۆرە سەبارەت بەخانی بارکردنیەتی بە چەمکێك بەبێ ئەوەی ئەو ئاگای لەو چەمکە بووبێت.

دیارە خانی مەمی ئالانی هێناوەو بە شیعر دایڕشتۆتەوە، وەکو ئاشکرایە مەمی ئالان بەسەرهاتێکی فولکلۆری یان ئەفسانەیەکە، کە پێشتر لەناو کورددا رەنگە لەناو میللەتانی دراوسێی کوردیشدا دەماو دەم گێڕدرابێتەوەو کەسێتیو ململانێو ناکۆکی و پەیوەندیو یەکێتی و جوڵەی بەردەوام لە نێو بەسەرهاتەکەدا هەبووەو بەو پێیەش ئەحمەدی خانی گۆڕانکاری ئەوەندە گەورەی لە گەوهەری ئەفسانەکەدا نەکردووە. بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین لە دەقە فۆلکلۆرییەکەدا هەمان ئەو ململانێو ناکۆکیو پەیوەندیو یەکێتیەی نێوان کەسێتەکان هەبووە، ئەوەی خانی گۆڕانکاری بەسەردا هێنابێت شتی بچوکە، نەك هێڵی سەرەکی ئەفسانەکە. دیارە ئەفسانەو فۆلکلۆریش بەرهەمی ژیانی کۆمەڵایەتی قۆناغی دوورو درێژو هەندێ جار نەزانراوی میللەتن، هەر بەو پێیەش دەشێ بە جۆرێك شاهیدی ئەوسەردەمە بن کەتیایدا دەرکەوتوون. گرێچنی سەرجەم ئەفسانەو چیرۆك و بەسەرهاتە فۆلکلۆرییەکان بریتین لە ململانێو خۆشەویستیو دڵسۆزیو ناپاکی، واتە دابەشبوون لە نێوان هێزی ئیرۆس و تاناتۆس دا، بەمانایەکیتر وێنەیەکی ئاشکرای ژیانن، ژیانیش بە سروشتی بنەمایەکی دیالکتیکانەی هەیەو دووانە بەرامبەرەکان پێکیان هێناوە.

ئەوەی خانی کردویەتی لەمەم و زین دا، زیاتر نیە لەو بنەما دیالکتیکانەی کەلەخودی گەردووندا ئامادە بوونیان هەیە. دکتۆر دەڵێت: روانینەکانی خانی بۆ گەردون وەکو فەیلەسوف و بیریار دەست

پێده‌کات[١٣]. وشه‌ی وه‌کو ده‌مانخاته به‌رده‌م جۆرێك له گومانه‌وه له‌وه‌ی که دکتۆر له‌لایه‌ك خانی ده‌کات به فه‌یله‌سوف و بیریار، جارێکی‌تر لای وایه روانینه‌کانی خانی وه‌کو روانینی فه‌یله‌سوف و بیریار وایه بۆ گه‌ردوون ، ئێمه پێشتر له‌وه دواین که فه‌یله‌سوف و بیریار کێن و به‌وپێیه‌ش خانی نابێته هیچ کامیان، بۆیه لێره‌وه ئه‌و ناونیشانه‌ی دکتۆر بۆ خانی هه‌ڵیبژاردووه له‌ده‌ره‌وه‌ی که‌سێتی خانی‌یه‌و، خانی شاعیرێکی دیاری قۆناغێکی مێژووی گه‌لی کورده و ده‌شێ توێژینه‌وه‌ی جۆراو جۆر له‌سه‌ر به‌رهه‌مه‌کانی بکرێت و جیهانبینی شیعری و ئاستی هونه‌ری و شوێنی له جوگرافیای شیعری کوردی‌دا ده‌ستنیشان بکرێت، به‌ڵام ناشێت هه‌روا به ئاسانی بکرێت به فه‌یله‌سوف و بیریار.

دکتۆر عزه‌دین باسی دووانه‌ی هۆو ئه‌نجام ده‌کات لای خانی و پێی وایه ئه‌م دووانه‌یه یه‌کێکه له‌و بنه‌مایانه‌ی که خانی ده‌کاته بیریار و فه‌یله‌سوف، ئه‌وه‌تا ده‌ڵێت: خانی بڕوای وایه بۆ هه‌رئه‌نجامێ هۆیه‌ك هه‌یه[١٤]. دووانه‌ی هۆو ئه‌نجام له مێژووی فیکرو فه‌لسه‌فه‌دا شتێکی نوێ نیه. دیموقریت ده‌ڵێت، هه‌مووشتێك به شێوه‌یه‌کی سیستماتیکی ده‌رده‌که‌وێ و ئه‌نجامی کاری هۆیه‌کی دیاری کراودا له‌ناو ده‌چێت. ئه‌رستۆ دروستبوونی شارستانێت ده‌گێڕێته‌وه بۆ چه‌ند هۆیه‌ك و، له‌داڕمانیشی ده‌به‌ستێته‌وه به‌کاریگه‌ری و جوڵه‌ی چه‌ند هۆکارێکی ناوخۆییه‌وه. له ئه‌ده‌بیشدا به تایبه‌تی له تراژیدیادا و دواتریش له چیرۆکدا که گرێچن هه‌یه، جوڵه‌ی رووداوه‌کان له سه‌ربنه‌مای پەیوه‌ندی هۆو ئه‌نجام ڕێك ده‌خرێن و هه‌میشه هۆده‌که‌وێته پێش ئه‌نجامه‌وه له رووی کاتی رووداندنیه‌وه. ده‌شێ هۆکاری غیره کردن یان هۆیه‌کی نه‌زانراو له پشتی ئه‌و هه‌مووقسه ناشیرینانه‌وه بێت که نالی به مه‌ستوره‌ی‌ده‌ڵێت . له شانۆگه‌ری ئۆتێلۆدا هۆکاری غیره‌و دڵڕه‌قی ئیاگۆ ده‌بێته هۆی دڵ پیسکردنی ئۆتێلۆ له دێزده‌موناو له ئه‌نجامدا رووداوه تراژیدییه‌کان ده‌ست پێده‌کات. له شانۆگه‌ری هاملێت دا ناپاکی دایك و مام ده‌بن به‌هۆی کوشتنی باوکی هاملێت و هاملێتیش له ئه‌نجامی ئه‌وه‌دا دووچاری ئه‌وباره ده‌روونی‌و ئازاره ڕۆحیه ده‌بێت، که بگاته ئاستی تێڕامانی قوڵ و به‌رزکردنه‌وه‌ی پرسیاری (ببیت یان نه‌بیت ئه‌وه پرسیاره‌که‌یه)شکسپیر داهێنه‌ری ئه‌م رسته گرنگه‌یه که‌چی هیچ ره‌خنه‌گرو توێژه‌رێکی ئینگلیز به‌شکسپیر نالێت فه‌یله‌سوف یان بیریار. که‌واته ئه‌وه ئاشکرا له دووانه‌ی هۆو ئه‌نجام نابن به بنه‌ما بۆ سه‌لماندنی بیریاری‌و فه‌یله‌سوفی خانی چونکه ئه‌و دووانه‌یه زۆر له‌پێش خانیدا باسیان لێکراوه.

دکتۆر عزه‌دین ده‌ڵێت: خانی وای ده‌بینێ رووکه‌ش پەیوه‌سته به‌گه‌وهه‌ره‌وه، ئه‌گه‌ر گه‌وهه‌ر نه‌بێت رووکه‌ش پوچ ده‌بێته‌وه[١٥]. ئه‌م بۆچوونه‌ش گه‌لێك کۆنه، ئه‌فلاتون پێی وابوو له کۆماره خه‌یاڵیه‌که‌ی ئه‌ودا ده‌بێ هه‌موو شتێ گه‌وهه‌ری راسته‌قینه‌ی خۆیی هه‌بێت و گونجاندن له نێوان گه‌وهه‌ر و روکه‌شدا هه‌بێت، ئه‌و هه‌موو دروستکردنێکی به‌لاسایی کردنه‌وه ده‌دایه قه‌ڵه‌م، له‌لاسایی کردنه‌وه‌دا ده‌شێ رووکه‌ش وه‌کو خۆی بگوازرێته‌وه، به‌ڵام گه‌وهه‌ر هه‌رگیز وه‌کو بوونی راسته‌قینه‌ی خۆی ناگوازرێته‌وه، له‌م روانگه‌یه‌وه ئه‌فلاتون لاسایی کردنه‌وه‌ی پێ کارێکی نادروست و بێ به‌هابوو. دیسان جگه‌له شیعری ته‌علیمی، ئه‌فلاتون جۆره‌کانی تری شیعری پێ خراپ بوو، چونکه ده‌یگووت ئاودێری سۆزو هه‌ڵچوون ده‌کەن[١٦] سۆزو هه‌ڵچوونیش به‌شێك نین له گه‌وهه‌ری مرۆڤ به‌ڵای ئه‌فلاتونه‌وه، به‌ڵکو به‌شێکن له رووکه‌ش، که‌واته ئه‌فلاتون نه‌ك هه‌ر دووانه‌ی گه‌وهه‌رو روکه‌ش یان ماهیه‌ت و روخساری ناسیووه، به‌ڵکو لایه‌نگری گه‌وهه‌ر یان ماهیه‌تیشی کردووه.. ئیتر دۆزینه‌وه‌ی ده‌لاله‌تی گه‌وهه‌رو روکه‌ش لای خانی گرنگی‌یه‌کی ئه‌وتۆی نیه، که خانی بکات به فه‌یله‌سوف و بیریار،

ئەمە جگە لەوەی کەسانی تریش لە پێش خانیدا لەو باسە دوواون، ئایدیالیزم لێکدانەوەی لەوجۆرەی بۆ کەون هەیە، نەزانراو کە هێزی نادیاری خواوەندە گەوهەرە... هەموو جولّەو رووداوێکی گەردون کە بەرهەمی ئەوگەوهەرەن، روکەشن.

یەکێك لەچەمکەکانی دیالکتیك بریتییە لە گەوهەرو روکەش کە دواتر دووانەی ناوەرۆك و شێوەی لێکەوتۆتەوەو پاشان لە میتۆدی مارکسیزمدا بۆ لێکدانەوەی دیاردەکان کاری پێکراوەو لە ژێرناوی چۆنێتی و چەندێتیدا وەکو چەمکێکی فەلسەفی بەکارهاتووە. ئەو میتۆدە تەقلیدیەی رەخنەی ئەدەبی کە تاکو ئێستا دەیەوێت هاوسەنگی نێوان شێوەو ناوەرۆك بکات بە بنەمای سەرکەوتنی دەقە ئەدەبی و هونەرییەکان لەو چەمکەوە سەرچاوەی گرتووەکە ئەو میتۆدەش ناوەرۆك بە گەوهەر دەنانێت .


دکتۆر عیزەدین لەو کتێبەیدا هەوڵیداوە سەرجەم زانیاری خۆی لە بواره جۆراو جۆرەکاندا لە رێگای بە ئامرازکردنی خانییەوە بخاتە روو، هەرچۆن خانی مەم و زینی کردووە بە ئامراز بۆ دەربڕینی دەردی دڵی خۆی، بێگومان بۆ دەقێکی شیعری ئەوەی خانی کارێکی پەسەندو گونجاوە... بەڵام ئەوەی دکتۆر عیزەدین کە هەموو روانینەکانی خۆی بسەپێنێت بەسەر دەقێکی وەکو مەم و زین دا لە هیچ میتۆدێکی رەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا جێگای نابێتەوە، تەنانەت میتۆدی رەخنەی مارکسیزمیش.. بۆیە جێگای خۆیەتی ئاماژد بۆ ئەوە بکەین کە ئەم جۆرە کارکردنە لەسەردەقەکانی ئەدەبی کوردی ناتوانێت مافی دەقەکان و نووسەرەکانیشیان بدات، هەروەکو دەبێتە هۆی شێواندنی رووی راستەقینەی ئەدەب و رۆشنبیری ئێمە، چونکە ئێمە پێویستمان بەوەیە شتەکان وەکو ئەوەی هەن باس بکەین، نەك وەکو ئەوەی دەمانەوێت یان پێویست دەکات، یان بۆرازیکردنی ئەم ئایدیۆلۆژیاو ئەو حیزب .

کەس ناتوانێ نکوڵی ئەوە بکات کە ئەحمەدی خانی شاعیرێکی دیاری نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەی ئێمەیە، بەڵام ئەوەش شێواندنی نەخشەی جوگرافیای ئەدەب و رۆشنبیری کوردیە، تۆ بێیت ئەم شاعیرە بکەیت بە فەیلەسوف و بیریار و رابەری فیکری نەتەوەیی، کە لەراستیدا دەبێ بزانین ئێمەی کورد تاکو ئێستاش نەك بیریار و فەیلەسوف و رابەری فیکریمان نیە، بەڵکو تەنانەت خوێنەری باشی ئەو بوارانەشمان نیە.

هیوادارم دکتۆر عیزەدین لەم تێبینیانەی من زویر نەبێت، من پێمواییە دەبێ ئەو خۆی پێش ئێمە پێداچوونەوەی هەردوو تێبینی (خانی و ریالیزم لە ئەدەبی کوردی)دا بکاتەوەو بەو بۆ چوونانەی خۆیدا بچێتەوەو زۆرێك لەو راو بۆ چوونە نەسەلمێنراوانەی خۆی راست بکاتەوە.

سەرچاوەکان :

١- Longman Dictionary of Ccomtemporary English. 1995- P-1057
٢- هەمان سەرچاوە لـ ١٥٠٢
٣- هەمان سەرچاوە لـ ١٥٠٧
٤- صدام الزيادي ـ المدخل الى الفلسفه ـ ص٥
٥- نفس المصدر ص٦
٦- William Shakesperw-The Complete Worlks-Londan-1958
٧- الدكتور عزالدين مصطفى رسول ـ احمدي خاني: شاعراً و مفكراً، فيلسوفاً و متصوفاً، بغداد ـ ١٩٧٩ ص٢٥١
٨- نفس المصدر ص٣٣٢
٩- الدكتور عبدالرزاق مسلم ـ مذاهب و مفاهم في الفلسفة و الاجتماع ـ ص٤٩
١٠- هەمان سەرچاوە لـ ٤٩
١١- هەمان سەرچاوە لـ ٤٩
١٢- هيفل ـ مختارات ـ الجزء الاول ـ ترجمة الياس مرقص ـ دار الطليحه ١٩٧٨ ص٧
١٣- الدكتور عزالدين مصطفى رسول ـ احمدي خاني ـ ص٢٥٧
١٤- هەمان سەرچاوە لـ٣٤٩
١٥- هەمان سەرچاوە لـ٣٤٦
١٦- David Datches-Approach to Literary Criticism.P.17



ق و هەڵەبجە ا د ی ج ەلی زادە

* پەپوولەکانی هەڵەبجە ،
بەسەری سپی
بەچاوی شووشە
بەباڵی پلاستیکی و
بەسیپەلاکی کونکونەوە ،
لە هێلکە دەبن !!

* چۆلەکەکانی هەڵەبجە ،
بن باڵیان پڕ لە راوکەروو
هەناسەیان پڕ لە قەفەس .
ئەوان ناچنەوە سەر دارستان و
لەگەڵ کەرۆێشکەی گوڵە گەنمدا ،
هەڵنافڕن !

* کۆترە شینکەکانی هەڵەبجە ،
لەنێوان ،
مەمکە گومبەزییەکانی عەنبەر خاتوون و
لانە هەڵقرچاوەکەی عومەری خاوەردا ،
گۆڕستانێکن لە دەنووک.
ئەوان ، لەخانەی پەککەوتوان و
لەقاوشی خەستەخانەکاندا ،
مردار دەبنەوە !

* سمۆرەکانی هەڵەبجە ،
بەعەرەبانەی کەمئەندام
بەگۆچان
بەدار شەق ،
دەچنە بەر خوێندن !


* پشیلە چاوکزەکان..
توتکە تۆقیوەکانی هەڵەبجە ،
بەڤالیۆم دەخەون !!!

* کەرۆێشکەکانی هەڵەبجە ،
نەچوونەتەوە سەر بەرماڵ.
لەرۆژی ژەهرەوە ،
نەزیف !!

هێرۆشیما
دەڵێ؛
هەڵەبجە
زامارترین خوشکی منە !!
هەڵەبجە
بچووکترین و
جوانترین و
تەنیاترین ،
کچی ژەهرە!!




سەرگوزشتەکانی نوچ




لەودیوو هەناسە شکاوەکانی شەوی یەڵداوە هاتم و
هەرچی ڕۆندگی تاریکی بوو، کۆم کردەوەو
پێچام لەبرینی تریفەیەک.....
لەکاتێکدا، یەڵدا قیژەی شەوی ڕاخست بۆ نۆچ
لەودیو شەقامە مەحف بووەکانی مانگەوە هاتم و
هەرچی کەوڵی تارمایی بوو دام مالّیو
تەنیایی ئەستێرەیەکم تل کردەوە،
بەدەر لە قودرەتی نۆچ.. !
لەودیو بەندەرەکانی دووکەڵەوە هاتم و
خەیاڵی چۆلەکە گەمژەکانم، لە خنکان تەکاندو
دڵی شەفافیەتی قومێك لە ڕووناکیم دایەوە،
بەهەدەر چوو پەیڤە سەوڵەکانی نۆچ..
لەودیو کورسیەکانی شەڕستانەوە هاتم و
کورد سالاری
دەستەکانمی پڕکرد لە لۆژێکی
هەندەسەی گوللەو ماتماتیکی تفەنگ.....
پێ ڕانەگەشتم چەند فرسەخێ،
لە توڕەبوونی هەورە سوورەکان،
ئاوی.. ئاوی.. خاو کەمەوە....
پێ ڕانەگەشتم دوو قسەی حەسرەت
لەگەڵ حەزرەتی بارانا بکەم و
پێکەنینی چەترێك بەردەمەوە


ئەوساو ئێستاش ئەفەرۆزە نۆچ...
لەودیو قیامەتی قەڕنی فیردەوسەوە هاتم و
مەراسیمێك لەنوورو
تاجە گوڵێنەیەك لە تیرۆژو
ئینجانەیەك لە قیافەتی تاڤ و
شەکردانێك لەفرمێسکی بەفر....
هەر هەموو ئاوێزان بە کۆڵانە قەموورەکانی نۆچ
ئەفسوس فڕینی جورئەتێکم لێ نەڕژا،
قامەتێك لە حزوریانا ببەستم و
پەڕانەوەی پەراسووی پەروانەیەك
لە تاڵە دەزوویەکی ئاوێنەدا بشارمەوە...
هەتا دڵۆپە خەسێنراوەکانی گەڵای چرایەك ژیر کەمەوە....
لەسەر لێواری وێردی سۆفییەك،
نەبوومە ژنی خەڵۆەت و نەموێرا
هەتا ماچەکانی تاریکی بە عومڵەیەکی زیکر،
لە لێوەکانی شەو بکڕمەوە..!!
لەودیو شەرمە شەرابیەکانی حرمانەوە هاتم و
هەرچی لەفافی گریان بوو
بەستم لە ئازارەکانی کۆترێکی دڕاوو
بەکاژی نۆچێك فڕینی ئاسمانێکم بۆ کردەوەو
لاسکی ئەو گەنمە گێژانەشم پڕکرد لەئاگا...
هێشتا لە حونجەی پێکەنینێك نەگەڕابوونەوە
تەڕبوون بەڕێژنەی مەراقی چرچ و لۆچ..
هێشتا خوڕەی ستیانیان
لە هەڕاجی سپێدەیەکدا، نەفرۆشرابوو
بەسەبەتەیەك ماچی شینیانەوە
پێچران بەقیژەی ڕەنگاو ڕەنگ..!!
لەودیو مەزراکانی عەقڵەوە هاتم و
هەرچی هۆش بوو لێم کەوت و
بە ئایدۆلۆژیای قەیتانی پێڵاوەکانمەوە گرێم داو
لەناو فەقیانە فڕیوەکانی گەڵا لۆژیای لاولادا نووستووم و
چوومە چڵی دڕکاوی سمێڵی سلفادۆر دالیو،
لەمت بوونی ئەو شەخەڵەوە
تەدارەکی تەوتەمەکانی نۆچم تینوو کرد




به ئیمارەتی گژوگیاو هەرلەوێ ڕا
مارشەکانی شەڕم گسك داو
گوللەم کردە ملوانکەی لەیستۆك،
بۆ ماڵە باجێنەو لوولەی تفەنگ
بە گۆچانێ بۆ ئەو هۆرە پشت قەمووڕانەی
هەر هەنگاو دەچڕن و ناگەنە جێ..!
ڕووخسەت هاوڕێ، ڕووخسەت
ئەوە منم زەمەن ڕۆحی نۆچدانی پێ نەبەخشیم
لەفەرهەنگی هیچ شەریعەتێك...
کەچی زەردەی خۆرئاوابوونی کەلی لێوەکانت و
تەرزەی قوڵپی ئاگری فۆنەتیکت و
هاژەی تیشکی دڕکەزی چاوەکانت
بەرماڵی نۆچم پێ ڕائەخاو
شەوی عەقیدەم بەو موناجاتانەوە، شەتەك ئەدا
پێش ئەوەی سپێدە لەخەو هەڵسێو
پرچەکانی بەئاونگ ببەستێ..
پێش ئەوەی گزنگ باوێشك بداو
شەپۆڵەکانی بفڕێ...
پێش ئەوەی خەتای خۆر پەڕەنگی ئێوارەی
لە کۆشی دەریادا بکوتێ و
لەنجەی بایەکی سوور بپۆشێ....
پێش ئەوەی قریوەی تاریکی،
لە ئامێزی شەودا ڕاکشێو
مەستانە ڕەش، ڕەش وردو خاش کا
گێلانە سپی، سپی ڕووت و قووت هەڵکا
پێش بیسمیلای هەموو ئەو ساتانە
منی شپرزە خافڵانە نوێژ لە میحرابی ڕۆحتا دەکەم و
دەچمەوە پەرستگەی پەراسوەکانتەوەو
نۆچ ئاواو حەوا ئاسا
پۆستی پاڕانەوەی گوناهێك
دەدەمە دەستی خوا....!!
ئێی هاوڕێ زەمەن ڕۆحی نۆچدانی پێ نەبەخشیم
لەمافی چڵێ قەرارەوە، تا چەپکێ فەلسەفەی قانون
تۆ سەیری باڵەخانەی هزرم کە، فڕیوەتە ئاسمان و




پێشبڕکێی هەور ئەکا...
نۆچی نەداوە لەبەردەم قاچی گەردەلوولی،
مەحشەری تیرۆرو
سمێڵی گاشە بەردی سوورمەچنی هەرەس و
پرخەی باهۆزی کوێستانێکی کوێرو
پرچی گریاوی چوار کەژاوە
شەڵاڵ لە دابڕان و
زنەی خنکاوی سەرما بردووی چاوەکانی ئاو
بەبا ڕێزەی چاوەکانت قەسەم نۆچم بەرنەدا....
لەبەردەم شڵپ و هوڕی درۆی سێبەرە کەڕەواڵەکان و
ترپەی پێی پۆساڵەکانی جەبەرووتی ئەنفال و
ڕەنووی قوبەکانی منارەی بەفر، لەسنگی شاخ و
بە کیمیابوونی هەڵۆژەی گریان
لەبیلبیلە ڕووخاوەکانی هەڵەبجەو
ڕژانی گەنجی خۆر لەدوای عەسرێکی ترساو
بەسەهەندی چاوەکانت قەسەم نۆچم بەرنەدا...
هاتم بۆ ئەوەی چەند دڵۆپێك، لەدەنکە هەناری
ئەو خەیاڵە مێخۆشانەی، کەلەژێر
وتووێژی پەنجەکانمدا ڕووا بوون
تەژیان کەم لەتۆو، لە تۆ موتوربەیان کەم....
تۆ ئەو ڕەنگاڵە بێ ڕەنگە بووی
خەوت لەو درەختانە حەرام کرد،
کە خۆیان پۆلین کردبوو
بەهەمیشە سەوزو
نەچنە کۆنگرەی پایزو
پێکی ڕەشەبا نەخۆنەوەو
جزدانێ لە ئۆرجازمی هەتاوی بەهاریش
لەناو مەمك بەندی گەڵاکانیدا بشارنەوە...
کەچی تۆ بە دار لاسیکی شیعر
ئاوەدانی خۆرت لێ ڕاو کردن و
گەڵا، گەڵا سەوزیت لەناو دەستەکانی
تەورا کوژانەوە...!!
ئەوە تۆ بویت هەرچی خێڵی عاتیفە بوو
لەسەر ئێوارەی لێوەکانتەوە مەیی‌و



ئەوە من بووم نۆچم دا
لەبەردەم خنکانی خایلەم بە عورفی ئەو
ئەو باخچە شەکەتانەی
نەمەکی جۆگەیەک تنۆک تنۆک،
خۆی دەچێنێ لە سنگیاناو
نەڕاکشانی لەوەڕگایەک
نم، نم کەرۆیشکە دەڕژێنێ لەیادیانا
وا ئەزانن هەرچی پرژەی سێبەرە
لە هەل هەلەی شکۆفەیەکەوە زاوە
منافیقانە دەیکەنە کەپری بالآیان
کەچی ڕەهێڵەی گسکێک دەیان پێچێ،
بەسەر ئێشەیەکی باوە...
لە تەلانەکانی ڕۆحیانا نوێنەری دارگوێزن و
پێچێ لەقاقای سەوز بوون،
لەمێزەری داربەڕوویانا نەماوە....!
لە ئاستانەی ئەو عورف و عادەتە ڕزیوانەوە هاتم و
لەبەردەم تایفەی سکونە سەلەفیەکانی تۆ
سەخاوەتی دەرگایەک نەبوو،
جیرەکانی کۆکاتەوە فەرموو لەو،
بالّندە سالّ خوردانە بکا....
عیشق لەشا دارستانی بالّەکانیانا
(ئەلیف لام میمی)ی پێغەمبەرێکە،
شەهید کراوە...
لەژێر مەچەکی شیعرا....
قورمیشی پەنجەرەیەک نەبوو، لاهووتی
لەرەی عاتیفە لە لێوەکانیەوە عبور بکاو
فەرموو لەو کزە بایانە بکا،
کە ئیقاعەکانی شەو دەیان گەزێ و
ئۆقرە لەلەپی دەستیانا کفرێکی هەتیوەو
بۆ مالّەکانی خوا ناچنەوە...!
هەموو ئەمانە منیان ڕووخان و
نۆچم بەرنەدا
ئەی هەموو مەعشەرەکانی نۆچ
تاوێ سوورەتی فاتیحە لەتاقی خەیالّتانا هەلّگرن و



تەماشایەکم بەنێ بە ئیرۆسیەتی پەپوولەیەك و
قومێك لە ڕوانین بە عاریفانەی گوڵێك
تەماشایەکم بەنێ، تەماشا
ئەمن زاهیدێکم و هەردەم گیای ماندووبوونم
نسێ دەجووێو
لە کۆڵانی تەسکی تەڕایی خەوێکدا
هەرچی نەزیفی خەمە،
بە شەپۆلی شنەیەکەوە گرێی دەداو
نۆچ بەرنادا.....
هەرچەندە کاسێك لە ئەوینم بە ژەهر،
ئیمزا کردو.... ئیزافەم کرد بەلەهجەی زیکرو تەهلیلە
ئەمە سۆلینی خەتا نییە...
خەتای گوڵ ئەو کاتە موفەڕکە
بۆیەی پەنجەکانی نەزری درکە
بە شاهیدی خواو...
بە چاندنی ئەلفی یەقین و بە خورافەی
یایی چاوەکانت ئەشهەدوو
ئەمە لافاوی نۆچێك بوو....
لەتەك هەناسەکانی مردنا،
گۆرانی کولێرەیان دەناشت و
لەودیو ئاقارەکانی خەراباتێکی مەلوولەوە
هەر بەهۆشی ئاوەوە،
میزاجی گریانیان دەڕووشاند
وەلێ لێویان لەماچی تراویلکەیەکی
خەوتووا دەخرۆشاو
عومریان لەسەر لەپی،
گەمەکانی چاوەڕوانییا....



* تێبینی/
نوچ، نوچ سووجدە بردن، کرنۆش بردن

محەمەد کوردۆ



نازانم چاوەڕوانی کێ دەکەم؟!



ژیان وێستگەیەکی دڵتەنگە
هەموو ئێوارانێ من چاوەڕێ دەکەم..
دەڵێم دێت و
داوای دەستە میهرەبانەکانی لێدەکەم..
دەیان خەمە سەر دڵم
تا منداڵ دەبمەوە،
ئینجا وڕکی لێدەگرم و گێچەڵی پێدەکەم..
لەناو قژو
لەبەینی مەمکە بۆنخۆشەکانیا
تێر چاوشارکێ دەکەم..
ئای بەڵام هەموو جارێ
شەو دادێت و
کەس دیارنیە و
منیش نازانم چاوەڕوانی کێ دەکەم؟!!

ئیدریس عەلی



عاشق و شاعیر و موسافیر



رێگاکان بەفر گرتنی..
ئائومێدی باڵندەکان لەم بانێژەوە سەر دەکەون..
ئەم دەریچە بەگۆرانییەکانی غەریبی بەستراوە..
دوو دڵۆپ ئاوی ئارامی لەگیانی ئەم حەوزە شینەدا ماوە..
سەد حەیف،
ئیدی ماسییە خەیاڵیەکانی هەستم لەبێدەنگییا دەمرن
ئیتر خوایە دڵی موسافیرەکان بەچی خۆشکەین..؟
کە رۆژانێ بۆنی سەفەر لە ئەگریجەیانەوە دەهات
بەرەو دۆزەخ...
* * *
خۆکوشتن بەرووخساری شووشەی چاومەوە
سڵاو دەکات
دەزانم ئەوەی لەپاش من جێ دەمێنێ باران نییە
نزاو پاڕانەوەکانی دایکمە
من هەردوو دەستی دایکم بەسەر بەرماڵی میهرەبانییەوە دەناسمەوە
دایکم بەمناڵێکی لاسارم دەزانێ
کەهەمیشە وەک ئاسکێکی سرک
لەفرمانە دۆزەخیەکانی باوکم هەڵدێم
ئەم رۆژانە بۆمن پڕی دەفرێك ژەهراوە
دەهری دەبم و بمبەخشە دایە

دەبێ بینۆشم.

***

ئەم تەرمە خۆڵەمێشیەی بەردەستم
ساتانێ بکوژی گوڵەکانی ئەو بوو
من بەر لەوەی فو بەچراکانی دڵیا بکەم
دەچمە باخچەو شیعر دەنووسم
لەپەنجەرەوە سڵاو لەدۆستە شەرمنەکانی شەقام دەکەن
لەپەنجەرەوە ماچ و خۆشەویستی دەبەخشمەوە
تەماشای ئەو رێبوارە بێ چەترانە دەکەم
کە ئێوارە بەدەم لێزمەی بارانەوە.
بەسەبەتە میوەو پێکەنین بۆ منااڵن دەبەنەوە،
چاو لەپاڕانەوەی ئەو ریشۆڵانە دەبڕم
کە کاژی خۆشبەختییان ونکردووە،
دەچمەسەرەتایی رەگەکان
چونکە بەسانایی
ڕەنگی چڵە گیایەک و رێتمی سروودێ جوودا دەکەمەوە
سروودێک کەشارێ وێران دەکات،
دەتوانم هەست بەترپەی دڵی هەورە سەر قژنەکان و
هەناسەی بۆن بەخشی باخچە کەنار کەوتووەکانی خەیاڵ بکەم
دەتوانم لەرازی فڕینی کۆترێک بگەم بەرەو ئاسمان
دەتوانم لەدەرگای وشە بدەم و
لەئاژینی چۆمەکان هەڵبەست رێکخەم،
من لەپەنا قوڵپی گریانی ئەم زەمینە ئاوس بووە بەخەمەدا
بیر دەکەمەوە،
بیر لەنیشتنەوەی پەپولەیەک
لەسەر پەنجەی خوێناوی کات
بیر لەبازدانی سێبەری شەو
بەسەر بریتی جەستەی مانگدا،
من بیر لەئایندەی شەقامێک دەکەمەوە
کەپیرەژنە شاعیرەکان بێزارن لێی



بیر لەبالّندە غەمبارەکانی هەلّەبجە دەکەمەوە
کەغرمێسك بۆ مەرگی شار دەڕژێن،
من لەژێر هەنیسکی خوێناوی دەمارەکانی عیشقدا
بیر لەشەرمی کچێك دەکەمەوە لەکاتی بەلّێنداندا
بیر لەبزەی گەرمی هەتاو کاتێ دەڕژێ بەسەر ئەفسوونی گیادا
بیر لەکۆترێکی دلّنیا دەکەمەوە
کەلەشەوگاری پڕ نیازی گوندێکدا باڵەکانی ئومێدی لێك دەخشێنێ
بیر لەفرمێسکی ئەستێرەیەکی بریندار دەکەمەوە
کاتێ لەسەر گۆنای ڕەشی هەورێك دەتکێ
بیر لەمنالّێك دەکەمەوە لەکاتی گەڕانەوەیدا لەقوتابخانە
بەپیاوێکی خەوتوو دەلّێ:
(ئەمڕۆ دارا دوو داری دی) دوو داری دووردر دووردر،
بیر لە مێشولەیەکی وریا دەکەمەوە کەلەسەرماندا
خۆی دەکات بەژووری لۆژیکدا
بیر لەمالّێك دەکەمەوە لەکۆلّانی جاویدانی
درەختێکی سەوزی تێدا بێو
هێندەی خەیاڵ بالّابکا،
بیر دەکەمەوە
من بیر لەپیربوونی غەریزە دەکەمەوە
کاتێ بەگۆچان لەدەرگای ئارەزووم دەدات
وام لەپەنا پژانی ڕەنگی مانگدا
هەتا "با" بڕکات بیر دەکەمەوە
بیر لە بێوەفایی ڕۆژەکان بەسەر شانی هەفتەکانەوە
بیر لەسەربازێك دەکەمەوە کەلەبرساندا نامە بۆ دایکی دەنووسێ
بیر لەشتێك دەکەمەوە ڕەنگی هەبێ دەنگی هەبێ
شتێك جار جارە قسەی هەبێت،
بیر لەو مشتە هەورەی پشت سەرم دەکەمەوە
کەسالّێکیان بوویە هەتاوێك بەقولّایی ئاسمانەوە
ئێستاش لەدەرگایەکی داخراو دەچێت
بەرووی دەستە ئاگراویەکانی مندا



هاوڕێ تۆش وەك هورژمی تاریکیت بۆ دڵم،
بیرکردنەوە دەمباتە بەردەم هەیبەتی باوکم
هەڕەشەی سەفەرم لێدەکا کەچی خوشکەکەم لەبیابانێك دەچێ لەژێرتینی هەتاوێکا.
***
چی دەبوو گەر وەکو نەسیم خۆشت بوێم
چی دەبوو گەر لەو پێدەشتە سەوزم بکەی
هەر بۆ ئەوەی لە سیستەمی بااڵندەکان تێبگەم..؟
من لەژێر شەرمی شۆڕەبیەکانەوە
بێدەنگ... بێدەنگ... بیردەکەمەوە
بیر لەڕۆژێك دەکەمەوە
کەشنە بەیاسەمینەکان نااڵێ
ئەو رەنگاڵە شاعیرێکی چەند مولتەزیم بوو،
دەزانم منیش رۆژێك دەمرم و چەمێ باغێ نابنە گۆڕم
رۆژێك بێ ئاگا لەنێو رەنگە ناوازەکاندا دەتەقمەوە
بەشێکم بادەیبات،
لایەکم سەگ دەیخوات،
نیوەشم شاربەشار دەگەڕێ سواڵ دەکات
سواڵی نان،
سواڵی عیشق،
سواڵی باران و کچ و گواڵ و گۆرانی..!
بیر دەکەمەوە
بیر لەخوا دەکەمەوە چەند بەفەوتانم خۆشحاڵە....
زاهیدێك لەپەشیمانیدا شیعر دەنووسێ
کۆترێك لەشەرمان مان لەفڕین دەگرێ
ئەستێرەیەکی تەنیا داوەتی رێژنە دەکات،
دارستانێك لە بیرکردنەوەی منا وێرانە
شارێك لەخەیاڵی منا سەری لێ وێکدێ
کەچی تووڵەرێیەکی غەمگین
لەژێر پێیە دۆزەخیەکانی غەریبێکدا فلیقایەوە،
بایەکیش کەلەرەنگی باکانی ئێرە نەدەچوو



لەسارای خەیاڵما هەڵی کرد
بەرەو دەریا.. بەرەو هاڕەی ئاوێنەکانی بیرکردنەوە
بەرەو شکۆفەی گوڵە سوورەکان
بەرەو چنینەوەی میوە خۆشەکانی بەهار،
منی بردو ئێوارەیەکیان لەپەنا دڵی شکاوی خۆڕێکدا کوشتمی،
من مردوم.. ئایا مردوو بیردەکاتەوە..؟
ئەدی بۆچی بیر لەکەسێك دەکەمەوە لەگەڵ باراندا دەبارێ
کەسێك لەپشتی شەپۆلەکانەوە دێ
کەسێ تەلیسمی ئازاری بڕیوە بەرەولای منەوە دێ.
***
دڵی من ژوورێکی تاریکە.. دڵی من ژوورێکی بچووکە
من مردووم کەچی هێشتا بیردەکەمەوە
ئای خوایە ئەمە.. چ هەستێکە لەو شینایەی خەیاڵا هەڵدەقوڵێ.
دڵی من سیخناخە لەرازو کلیل و لەدوگمە
من مردووم کەچی هێشتا
بیرکردنەوەم بەسەر رێگاکانەوە یاری دەکا،
منی مردوو ئێوارەیەکیان بەدەم بادە نۆشینەوە
هێندە بەدیار بێدەنگی تاوێرەکانەوە هەڵنیشتم
هێندە دیقەتم لەم ئاوی بەختیاریەدا
هێندە بەبناری ئەم تەنیایەدا چومە خوارێ
هەتا بوومە سەرەڕۆترین موسافیرو
ناشیرنترین عاشق و
نامۆرین شاعیر.



مەلەفی مارکیز

* سیحرو وشە یان دەسپێکێکی چارەنووساز لەرۆمانی (سەد ساڵ لەگۆشەگیریدا) (ئاوات ئەحمەد)

* پشووی قرچەی نیوەڕۆی سێ شەممە (و/ جەلال مەحمود عەلی)

* گارسیا مارکیز چۆن بوو بەئەبەدی (و/ قادر وریا)

گابریل گارسیا ماركیز، ناوێكی دیاری جیهانی ئەدەبی ئەمڕۆیە، توانی مشت و مڕێكی گەورە لە ناو بواری رۆماندا بهێنێتە ئاراوە، یەكێك لەو رۆمانانەی كە سەرنجی هەموو دنیای بەلای خۆیدا راكێشا، رۆمانی ((سەد سالّ لە گۆشەگیریدا)) بوو، پێش ئەوەی بچینە نێو مەبەستی باسەكەمانەوە، بە پێویستی دەزانم، هەندێك ئاماژەی كورت بە ماركیز بدەم. دیارترین هێزی كاریگەر لەسەر ئەندێشەی ماركیز، یادەوەری نەنكەكانی بووە، ماركیز ئەواباس لە نەنكەكانی دەكات: هەردوو داپیرم لارس و دۆمیان خانوویەكی گەورەیان هەبووە و پڕ بووە لە تارمایی، زۆر باوەڕیان بە ئەفسانە هەبوو، شوێنێك نییە لەو ماڵەدا یادەوەری و پەیكەرە ئێسكی لێنەبێت، پاش كاتژمێر شەشی ئێوارە ناوێریت لە ژوورەكەت دووبكەویتەوە، جیهانێك بوو لە ئەندێشەی ترسناك و تۆقێنەر.

كاتێك سالّی ١٩٨٣ خەڵاتی نۆبل بە گابریل گارسیا ماركیز بەخشرا، زۆرێك لە پسپۆرانی بوارەكە وتیان بۆر خیس شایستەتر بووە، چونكە خاوەنی رۆشنبیریەكی فراوان و بالاّیە و بە باشترین نووسەری ئەمەریكای لاتین دەژمێردرێت، بەڵام بەهەرحالّ ماركیز هیچی لە خۆرخی لویس بۆرخیس كەمتر نەبوو، خەڵاتی نۆبلیش بەو بەخشرا.

ماركیز خاوەنی خەیاڵێكی زۆر فراوانە، لە هەمان كاتدا لە ژێر كاریگەری ئەدەبی جیهانیدا بووە، بە تایبەتی ئەدەبی فۆكنەر و كافكا، زۆر سەرسامی خەیاڵی فراوانی ئەم دوو نووسەرە بووە، بە تایبەتی لەو چیرۆكانەی ئەندێشە گەورەترین پانتایی داگیر كردووە ماركیز دەڵێت: ((ئەندێشە هۆكارێكە بۆ ئامادەكردنی واقع تاكو ببێتە هونەر)) هەروەها دەڵێت: ((سەرسوڕهێنەری دەمبات، تەنها پێگەی چیرۆك وەك واقع لام دەمێنێتەوە))، ئەم نووسەرە لە شاری ئاراكاتاكای شارۆچكەی كەنار دەریا لە دایك بووە، ئەو شارەی بەداری مۆز بەناو بانگە، كە

نووسینی: ئاوات محەمەد

سیحری وشە یان دەسپێكێكی چارەنووسساز لە رۆمانی ((سەد سالّ لە گۆشەگیریدا))

دواجار بووبه باشترین وێسگه‌ی رۆمانی (سه‌د ساڵ له گۆشه‌گیریدا).

له‌م باسه‌مدا ته‌نها پشت به چه‌ند رسته‌یه‌کی مارکیز ده‌به‌ستم و باسه‌که‌می له‌سه‌ر بوونیاد ده‌نێم، قسه له‌سه‌ر دێڕه‌کانی سه‌ره‌تای رۆمانی ((سه‌د ساڵ له گۆشه‌گیریدا)) دا ده‌که‌م، له‌وێوه لێهاتوویی و فراوانی ئه‌ندێشه‌ی مارکیز دیاری ده‌که‌م، ئه‌و چه‌ند دێڕه‌ی دنیایه‌ك ئاسته‌نگی له ناو رۆمانه‌که‌دا دروست کردووه:

{دوای ساڵانێکی درێژ، له‌به‌رده‌م تیمی گوللە باراندا، کۆلونێل ئوریلیانو بویندیا، ئێواره وه‌ختی ئه‌و رۆژه‌ی بیرکه‌وته‌وه که باوکی له‌گه‌ڵ خۆی بردی، تاکو سه‌هۆڵی پێنیشان بدات}

ئه‌و چه‌ند دێڕه کورته‌ی سه‌ره‌وه پرسیاره‌گرافی یه‌که‌می رۆمانه‌که‌یه، به‌ڵام ئه‌م چه‌ند دێڕه‌م بۆ چی هه‌ڵبژارد و ده‌مه‌وێت قسه‌ی له‌سه‌ر بکه‌ین؟

کاتێك ساکارانه رۆمانی (سه‌د ساڵ له گۆشه‌گیریدا) ده‌گرین به ده‌ستمانه‌وه، تووشی سه‌رسوڕمانێکی کاتی ده‌بین و پاشان له بیزاریدا واز له رۆمانه‌که دێنین، چونکه ئه‌وه‌ی ده‌یخوێنیته‌وه له‌گه‌مه‌یه‌کی زمانه‌وانی ده‌چێت و له‌گه‌ڵ تێڕوانین و بۆچونه‌کانی ناگونجێت، یان چاکتره بڵێین له‌گه‌ڵ ئاسۆکانی چاوه‌ڕوانیدا ناگونجێت، چونکه سه‌ره‌تا له‌گه‌ڵ گێڕانه‌وه‌یه‌کی ئاسایی به‌ره‌و روو ده‌بینه‌وه، هه‌روه‌ها چیرۆکه‌که‌ش خاوه‌نی ریتمێکی مالوفه، به‌ڵام که به وردی سه‌رنج له بوونیادی ده‌قه‌که ده‌ده‌ین هه‌ست ده‌که‌ین گێڕانه‌وه خاوه‌نی لۆژیکێکه رام کردنی ئاسان نییه، ئه‌م ده‌قه خاوه‌نی پانتاییه‌کی فراوانی گێڕانه‌وه‌یه، ده‌گه‌ینه ئه‌و ده‌رئه‌نجامه‌ی کرده‌ی نووسین و خوێندنه‌وه، دووکرده‌ی قورسی پڕ گرێ و گۆڵن، نووسه‌رێکی به‌سه‌لیقه‌ی وه‌ك مارکیز توانایه‌کی گه‌وره‌ی بۆ درکاندنی نادیاره‌کان هه‌یه، چونکه دێڕه‌کانی سه‌ره‌تای رۆمانه‌کانی له سه‌راپای هه‌موو رۆمانه‌که





قورستره، چونکه هەڵبژاردن و پاڵاوتنی ئەو چەند ئاماژە ووشەیە. بوون بە پێگەیەکی بە پیت و یەکەمی بۆشاییە قوڵەکانی دەق، بە تایبەتی دەقی رۆمان، هۆکاری ئەم قورسی و فرە دەلالەتیەی رستەکانی سەرەتا دەگەڕێتەوە بۆ بە زەحمەت لە دایك بوونی وشەکانی سەرەتا، بەڵام لەو کاتەی لە دایك دەبن یان ئەمەتا دەبن بە ئاماژەیەکی قوڵ بۆ دەقەکە، یان هەموو بوونیادی دەقەکە لەکەدار دەکەن، هەڵبژاردنی ئەو چەند رستەیەی سەرەتا وەك ماڵیکردنی پشیلە کێویەك وایە، یان ئەوەتا بە دڕندەیی و سەرکێشی رام دەبێت یان ئەوەتا هێندە دەستەمۆ دەبێت تا ئەو پەڕی، دیارە ئەم چەند دێڕەمان تەنها بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ئەو ئامانجانەیە کە لەم باسەدا دەخوازم کاری لەسەر بکەم، هەروەها بۆ دیار خستنی گرنگی ئەو چەند دێڕەی سەرەتای ڕۆمانێکی درێژەی وەك ((سەد ساڵ لە گۆشەگیریدا))یە، وەك ئەوەی مارکیز وەك خواوەندێکی ئەفرێنەر لە بەرزاییەکانی نووسینەوە بمانبات بۆ نێو جیهانی ئەندێشەو وەهمەکانی ژیان، ئەو ژیانەی سەراپای لەناو ئەشکەنجەو دژواریدا نوقم بووبێت، وشەکانی سەرەتا ئاماژەن بۆ دوو حاڵەتی زۆرجیاواز، یەکەمیان سەرهەڵدانی دڵڕەقی و تووندو تیژییە لە نێو ناخی مرۆڤێکدا کە سەراپای ژیانی لە نێو ڕۆمانسیەتی سروشتدا بەسەر بردبێت، ئەو مرۆڤەی پێش چەند ساتێك مرۆڤێکی ئافریدەی دێوەر بووە، گەشتی گۆشەگیری و دووبارە بوونەوەی جەنگەکان هەموو ژیانی داگیر کردووە، دووەمیان تەواو بوونی ئاستی کیمیاگەری، لەگەڵ ڕەق بوونی مادەکان هەموو موعجیزەکانی تر لە بەردەم ئەمدا دەبن بە سفر.. کیمیاگەری حاڵەتێکی ئاسایی نێو ئەم ڕۆمانە نییە. چەند نەوەیەك سەرقاڵی ونکردنی ڕۆژەکانی تەمەنیان بوون، تاکو دۆزینەوەی نوێ بەدەست بهێنن، ئەندێشەی دۆزینەوەکان وای لێدەکات ئاڵتون لەگەڵ چەند مادەیەکی ژەنگاوی تر تێکەڵ بکات، بەڵام کارەسات لەوەدایە دواجار زۆر بە زەحمەت بۆی جیادەکرێتەوە.

لەو چرکەساتەی لە بەردەم تیمی گوللەباراندا وەستاوە، یادەوەری ساتێکی زۆر ڕۆمانسی هەموو هەزر و ئەندێشەی داگیردەکات، ئەوساتەی توانی هەموو بوونیاد و پێکهاتەکانی ژیانی بگۆڕێت، لەو چرکەیەی خەریکی گوللەباران کردنی چەند گیانێکی ئازادە، لێرەوە بۆ لای ئەو ساتانە دەگەڕێتەوە کە هەموو شتەکانی وەك سەهۆڵ سارد دەبن، هەست و جوانی و عەشق و ئالودەبوونی ژیان، هەموویان دەبن بە سەهۆڵبەندان، دەرکەوتنی سەهۆڵ بۆ یەکەمجار دەبێت بە هۆی سڕینەوەی هەموو ساتە جوانەکانی، ئەو ساتانەی پڕن لە سیحری ژیان و بەرائەتی منداڵی، زۆر هەوڵ دەدات وچەندەها ماسی ئاڵتونی دروست دەکات، بەڵام تازە دۆخی ئاوی لەدەست داوە، نازانێت بۆ ئەوێ بگەڕێتەوە، نەمانی ئاو دەبن بە هۆی ئەوەی ماسیەکانی بە ئاڵتونی بۆگەن بکەن و لە جەنگدا ببن بە قێزەونترین یادگاری.

ئەم چەند دێڕەی سەرەتا دەبن بە ئاماژەیەکی گەورەو بەرچاو بۆ سەرتاپای ڕۆمانەکە، بیرکردنەوەی سەهۆڵین و ساردو سڕی هەستە شەڕانگێزەکان و گۆشەگیری سەرجەم پاڵەوانەکان لەو چەند دێڕەدا گوزارشتیان لێکراوە، جوانترین خاڵی ئەم ڕۆمانە لەوەدایە پاڵەوانێك نادۆزیتەوە تەنها نەبێت، بە تایبەتی هەموو نەوەکانی کۆلونێل، خاوەنی دنیایەك منداڵە و هەست بە تەنهایی دەکات.. مرۆڤەکان لەنێو خەونە ڕۆمانسیەکانیانەوە دێنە نێو واقعێك پڕە لە جەور و ستەم، گواستنەوەی ئەو ژیانە ساکارە پڕ ئەفسوناویەیە بۆ نێو ژاوەژاوی سەدەیەك کە لە مەملەکەتێکی وەهمی وەك ماکۆندا ڕوودەدات، ماکۆندۆش بۆ خۆی ئاماژەیە بە تەنهاییەکی کوشندە، چونکە ماکۆندۆ تەنها لە ئەندێشەی مارکیزدابوونی هەیە، تەمەنی هێندەی



تەمەنی رۆمانەکەیە، وەك چۆن رووداوی کۆمپانیای مۆز لەشارەکە کەس پێینازانێت و دوایش کەس هیچی لەو بارەیەوە لەیاد نامێنێت ئەم شارەش هەمان ئایندەی دەبێت.

لێرەدا کەمێك دەوەستین و بیر دەکەینەوە و دەپرسین: لە بەرچ هۆیەك و بۆچی لەو ساتە دژوارەدا بیری ئەو سەفەرە ئەفسوناویەی کەوتووەتەوە کە ئەو رۆژە باوکی بردوویەتی تاکو سەهۆڵی پێبناسێنێت؟ ئەو سەهۆڵەی ئەم دەستی لێداوە: زۆر گەرم بووە، خەریك بوە دەستی بسوتێنێت ؟!..

ئەمە یەکێکە لەو پرسیارانەی تاکو کۆتایی رۆمانەکە دەمانوروژێنێت و لەگەڵ خۆی خەریکمان دەکات... بۆ ئەوەی حاڵەتەکانمان لا رۆشنتر بێت، پێویستە ئاماژە بە مەسەلەیەکی تر بدەین کە زۆر لە گرێکانمان بۆ دەکاتەوە، وەك لەم دەقەدا ئاماژەی پێکراوە، مارکیز بە شێوەیەکی کیمیاگەرانە مامەڵەی لەگەڵ دەقدا کردووە، کیمیاگەری سەراپای ئەم دەقەی لە خۆ گرتووە مارکیز وەك کیمیاگەرێکی بە گومان، بە دوای ئەو خولیا گەورەیەوەیە کە چۆن بتوانێت کۆمەڵگای ئاسنین یان چەرخی ئاسنینی رزیو و ژەنگ گرتوو بە چەرخێکی ئاڵتونی بگۆڕێت و لەوێدا خەونەکان ژەنگ هەڵئەهێنن و بریقەو جوانی خۆیان ون ئەکەن، ئاڵتونیش نەبێت بەو مادە دەگمەن و گرانبەهایەی هەموو خەون و جەنگ و کێشەو خۆشەویستیەکان لە پێناو تەوتەمیەتی ئەودا بکرێن و هەموو بەهان لە بەرخاتری ئەو تووشی نووشستی و داڕمان بێت، بەڵام ئەم حاڵەتە بۆ کابرایەکی جەنگاوەر زۆر ئاڵۆز و قورسە، ئەو لە نێو تاقیگەکەیدا، وەك لایەنی تیۆری هەموو مادەکانی لێتێکەڵ دەبێت و جوانی و بریقەی ئاڵتونەکە لە نێو قێزەونی و دزێوی مادەکانی تردا ون دەبێت. دواجار بە زەحمەتێکی زۆر مادەکانی بۆ جیا دەکرێتەوە، خەونی ئەو کیمیاگەرە تەنها دروست کردنی ماسیەکی ئاڵتونیە، تا بیر لە گەورەیی دەریا بکەینەوە کەچ مەودایەکی فراوانی بۆ روانین و ئازادی تێدایە بەڵام کیمیاگەر دەگاتە ئەو باوەڕەی کە مرۆڤایەتی تەنها بە پێی ماناکان و ئاماژەو جوڵانەوەکانی خۆی دەتوانێت بگاتە ئەو هەقیقەتەی کە چەرخێکی ئاڵتونی کە خەونەکانی تێدا بریقەدا بێت، بەرهەمهێنانی ئیرادەگەریانە نییە، هەروەها هەمان هاوکێشەی کیمیایی رستەکانی سەرەتا پێك دەهێنن بۆ نمونە، ئەگەر وەك کارێکی کیمیایی تەماشای بکەین و دۆخەکانی بوون بە سەهۆڵ وەربگرین. دۆخی یەکەم بریقەیە لە دۆخی هەڵمین، ئەگەر بە وردی سەرنج لە ئەفسون و ئەفسانەی سەمای هەڵم بدەین، ئەوا تێدەگەین ئەم دۆخە دنیایەکی هەمیشە گۆڕاو و جوڵەدار دەخوازێت، سەمای هەڵم ئەو جیهانە جوانەیە کە سنورێك بۆ

ئازادیەکانی خۆی دروست ناکات و لە مەودایەکی ئێجگار فراواندا مەلە دەکات، هەروەها سیمای گۆڕاوی هەڵم بیری یادەوەریە جوانییە ئەبەدیەکانی ژیانمان دەخاتەوە، کە مرۆڤ بە خۆی دەخوازێت وەک بوونەوەرێکی ئەفریدەی ئازاد مامەڵە لەگەڵ ژیاندا بکات و ڕێگە لە سنورە یاساییەکان پێکهاتە سەهۆڵیەکان بگرێت، واتە هەڵم ئەو دۆخەیە کە هیچ دەفرێك ناتوانێت لە بۆتەی خۆیدا جێگەی بکاتەوە و قەتیسی بدات، دۆخی دووەم، دۆخی ئاویە، ئەمیش ئەو دۆخە گۆڕاوەیە کە سیماو قەبارەی ئەو پێگەیە وەردەگرێت کە تێی دەگرێت، ئەم دۆخەش بنەمای هەندێك کەسانی هەڵپەرستی نێو ڕۆمانەکە دەست نیشان دەکەن، مرۆڤێك هەیە لە منداڵ بوون دەترسێت، لەوە دەترسێت لە بری کۆرپەڵەیەکی جوان بەچکە تیمساحێکیان ببێت، دوو مرۆڤی تەواو ئازادی هەڵمین هەن، هەموو سنوورە تاپۆکراوەکان دەبەزێنن بە تەنها مانا بۆ خۆشەویستی دەهێڵنەوە، لاوێکی تازە پێگەیشتوو، بەڵام پڕ هۆگری، خولیای پوری خۆی دەکەوێتە نێو ئەندێشەکانی و هەموو مەوداکانی خۆشەویستی و چێژە جەستەییەکانی داگیر دەکات... ئەم دووانە بۆ وێست و ئارەزووەکانی خۆیان دەست بەردارى هەموو ناوچەتاپۆکراوەکان دەبن. تەنها بە پێی ئەو یاسایانەی خۆیان باوەڕیان پێیەتی مومارەسەی ژیان دەکەن... ئۆریلیانۆ بویندیا لە هەموو چرکەیەکدا بە دوای بوونی بەئاو بوونی خۆیەوەیەتی، حەزدەکات بە دەستی خۆی دەفرەکای ژیانی خۆی دیاری بکات، باشترە بڵێین دەخوازێت ببێت بە گۆمێکی مەنگ و ماسیە ئاڵتونیەکانی دەستکردی خۆی مەلەی تێدا بکەن، هەموو ئەو حاڵەتانە، دیاری کەری ئەو دوو دۆخە جیاوازەن، ئەم ڕۆمانە زۆرێك لەو نمونانەی تێدایە، هەردوو پارێزەرەکە، سیفەتی ئاویان هەیە، وەك مشەخۆرێك بەسەر شۆرشی کۆلۆنێڵەوە دەژین، چی بۆ گەناوی ژەنگی ئاسنە لە نێو ئەم دووانەدا کۆ بووەتەوە، هەروەها دۆخی ئاوی دەبن بە هۆی دیاری کردنی چەند سیفەتێکی تر، ئەوانیش: پیسی و پاکی، لێڵی و ڕوونی ئاوە، حاڵەتی هەڵچونی شەپۆلە سەرشێتەکان و پەنگ خواردنەوەی ئاوە مەنگەکانە، ئەمانە هەموویان سیفەتی جیاجیای مرۆڤەکانی ماکواندۆن، بەڵام دۆخی سەهۆڵین، ئەو دۆخە ڕەقەیە کە ئامازەی بە چەق بەستن و دووبارە بوونەوەی کارەساتەکان دا، ناهێڵێت لەو قاڵبە جێگیرە ڕزگاری بێت. چونکە لە هەموو کشان و گرژبوونێك دووری دەخاتەوە، بەم شێوەیە هەموو شتەکان تووشی وەستانێکی ئەبەدی سەرسوڕهێنەر دەبن. کە دەبێتە تەوەرێکی خواوەندی و ڕزگار بوون لەو بارە چەسپیووە مەحاڵ بێت، هەروەها گۆڕینی شێوازی بە قاڵب بوون مانای مەرگی دڵڕەقیە، گرفتەکە لەوەدایە ناکرێت کەسێك هەبێت لە نێو ئەو هەموو مرۆڤە دڵڕەقەدا میهرەبان ببێت... ئەم دۆخە ڕەقە هەموو ماناکانی جوانی لە قاڵب دەدات و دەبێت بە بوونیادێکی وەستاو بۆ تێڕوانین و بۆ ژیان، ئاوای کرد ماکواندۆ سەدسااڵ لە گۆشەگیریدا بژی، گۆشەگیریەك ماناکانی پەرەسەندنی لێزەوت دەکات و چەرخە جیاوازەکانی لا دەکات بەیەك، کۆلۆنێڵ لە مرۆڤێکی کیمیاگەری بگۆڕەوە دەبێت بە مرۆڤێکی دۆگمای بیرتەسك، تەنها و تەنها یەك مانای بۆ ژیان لادەست دەکەوێت، ئەویش مانای جەنگە، ئەو جەنگە قەدەریانەی کە چارەنووس و ئیرادەی خۆی تێدا وون کردووە، واتە کۆلۆنێڵ خۆی گێڕۆدەی قەدەرێکی مێژوویی دەکات ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی مێژوو دروست دەکات، بەڵام لە سەرو هەموو ئیرادەیەکی خۆی.. کۆلۆنێڵ دەبێت بەو مرۆڤەی کە قەدەرێکی سەهۆڵین جەنگەکانی پێدەدۆڕێنێت و بەردەوامیش لە نێو ئەفسانەی ئازایەتی خۆیدا سەرقاڵە و دڵی بە ئاوازی سەرکەوتنە وەهمیەکانی خۆی خۆشە، کە وەك زرنگەی ئاسن وایە، تەنها گوێکانی گپ دەکات، وەك وتمان سەهۆڵ دەبێت بەو حاڵەتە سەیرەی وای لێدەکات لە منداڵیەتیدا، لەو کاتەی بۆ یەکەمجار سەهۆڵ دەناسێت، هەست بە قولپی کوڵان و گەرمای سەهۆڵ بکات. لەوێوەڕا هەست بە سووتانی ساتە جوانەکانی دەکات، لەو

چرپەکەیەی باوکی سەهۆڵی پێدەناسێنێت، حاڵەتە کیمیاییەکان لە لای دەگۆڕێن و ئەفسانەی دۆخە جوانەکان کۆتاییان پێهات، بۆ خۆ دەرباز کردن لەو خەونە ترسناکە بە ناچاری لە ناو شارێکی وەهمیدا خۆی سەرقاڵ دەکات، ئەو شارەی بە کۆتایی هاتنی ڕۆمانەکە تەمەنی تەواو دەبێت، بە ناچاری و تاکو بە تەنها بمێنێتەوە ناچارە یادگارەکانی لە بیربکات، و بە پێی ئەم ئاماژانەی سەرەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی کە گابریل گارسیا مارکیز کیمیاگەرە، کیمیاگەرێکی گەورەی نووسینە، دەزانێت بە چ شێوەیەک حاڵەتە جیاوازەکانمان بۆ ڕوون بکاتەوە.. مارکیز لە ڕۆمانەکانیدا زۆر گرنگی بە دێڕەکانی سەرەتا دەدات. کەم ڕۆمانی هەیە سەرەتا پێشنهادی کارەساتێکی ناخۆشی تێدا نەبێت.. ئەم حاڵەتی مەرگە بە ئاشکرا لە هەردوو ڕۆمانی ((چیرۆکی مەرگێکی ئاشکرا کراو)) و ((خۆشەویستی لە زەمەنی کۆلێرادا)) بەرچاو دەکەوێ ، بە هەر دوو رستەکانی سەرەتای هەردوو ڕۆمانی ((سەد ساڵ لە گۆشەگیریدا)) و ((چیرۆکی مەرگێکی ئاشکراکراو)) بەراورد بکەین، هەردووکیان ئاماژە بەکوشتنێکی تووندو تیژ و بێڕەحمانە دەکەن کە لە ئایندەدا ڕوودەدەن، پاشان دەگەڕێتەوە سەر ڕووداوێکی پێشتر کە زۆر لەوان سەیرترە، چیرۆکی مەرگێکی ئاشکراکراو، قسەکردنێکی پاش بێدەنگیەکی زۆر دوور و درێژ، چونکە هەردووبرا بە ئاشکرا دەڵێن: ((ئێمە سانتیاگۆ دەکوژین))، هەروا لە خۆڕاییە ئەم دوو برایە بە ئاشکرا هاوار دەکەن کە گوایە دەچن بۆ کوشتنی ئەو، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج و سەرسوڕمانە لەو ئەفسانە بچوکەدا هەردوو برا خواستەکەی خۆیان ناشارنەوە، بەردەوام و لای هەموو کەس دەڵێن دەچین بۆ کوشتنی سانتیاگۆی نەساری. تەنها سانتیاگۆ ئاگای لەم کارە نییە، بێدەنگی خەڵکی شارەکە ئەو دووبرایە ناچار دەکات ئەو تاوانە درندەیە بکەن. هەروەها ئەگەر تەماشای ڕۆمانی ((خۆشەویستی لە زەمەنی کولێرا))دا بکەین و دێڕەکانی سەرەتای وەربگرین هەمان ئاماژە بۆ کارەساتێك بەرچاو دەکەوێت لەو ڕۆمانەدا، مارکیز لە یەکەم دێڕدا دەڵێت: دەرباز بوون نیە: بۆنی گوێزی (لوز) تاڵ بەردەوام چارەنووسی دڵداریە ناوەختیەکانی بیردەهێنایەوە، دکتۆر خوفینال ئاوربینۆ هەر کە هاتە ماڵەکەوە هەستی بەمە کرد، ئەو ماڵەی لەناو تاریکیدا نووقم ببوو)) ئەم چەند دێڕەش ئاماژەن بەمردنی کابرای وێنەگر، ئەو کەسەی دوای تەمەنێکی درێژ لە خۆشەویستی تووشی بێئومێدی هات و خۆی کوشت... لێرەوە تێدەگەین مارکیز لە ڕۆمانەکانیدا چەندە گرنگی بە رستەکانی سەرەتای داوە، ئەو رستانەی کە هەموو ڕۆمانەکەی لەسەر بوونیاد دەنێت، واتە لە سەرەتاوە تووشی گومانێکمان دەکات و بە هەمان گومانەوە تاکو کۆتایی دەمانبات. هەر ئەم سەلیقەی نووسینەی مارکیزە وامان لێدەکات چەندەها خوێندنەوەی جیاجیا بۆ کارەکانی بکەین و هەر کەسە بە پێی تێگەیشتنی خۆی



شیکاری بۆ بکات، وەك لە سەرەتاوە ئامـاژەم پێدا، نامەوێت سەرجەم دەقەکەی مارکیز خوێندنەوەی بـۆ بکـەم یان شیکاری بـۆ واقعیـەتی سـیحری مـارکیز بکەم، چونکە لە ئەڤێستادا ئەوکارە لـە توانـای منـدا نییە، چونکە رۆمانی ((سـەد سـاڵ لـە گۆشـەگیریدا)) رۆمانێکە ئاسان نییە لە لێکۆڵینەوەیەکی وادا جێگەی بکەیتـەوە، بـەڵام پـاش خوێندنەوەیـەکی وورد، گەیشتمە ئەو دەرئەنجامـەی کە ئەو چـەند دێـڕەی سەرەتا، تواناو هێزێکی لە رادەبەردەری وویسـتووە، تاکو ئەو چەند وشـە کەمـە دابڕێژێت واتـە هـەروا لـە خۆڕاو بـە رەمـەکی ئەو چـەند وشـەیەی دوای یـەك نەخسـتووە، بـەڵکو لـە دەرئـەنجامی خولیـا و تێگەیشتنی زۆرەوە ئەو چـەند دێـڕەی داڕشـتووە، واتە مارکیز پاش هەڵسەنگاندنی وشەکان توانیویەتی هەموو مانای رۆمانەکە لەو چـەند دێـڕەدا بەرجەستە بکات، بـەڵام کاتێك ئەو چـەند دێـڕە دەخوێنیتـەوە ناچاریت بپرسـیت: چۆن؟.. ئـەویش وورد وورد وەك کامێرایـەکی ئەفسـوناوی هەسـتیار وورەکاریـەکانی ژیانمان بۆ وێنا دەکات.

هـەموو رۆمانەکـە دەکرێـت بـە قوربـانی دۆخـی سـەهۆڵین، ئـەو چـەند رسـتەیەی سـەرەتالای خوێنەرێکی بەئاگا دەبێتە جێگەی سەرنج و تێڕامان، پێدەچێت تادوا وشەی رۆمانەکـە لێـی جیانەبێتـەوە، ناسینی سەهۆڵ، وا لە کیمیاگـەرێکی ناسك دەکات، کە لە بەردەم مەرگدا زۆر بە ساردیەوە مامەڵە لەسەر ژیـانی چـەند مرۆڤێـك بکـات، چونکـە ئەگـەر لـەو چرکەیەدا سەهۆڵی بـیر نەکەوتایەتـەوە، نـەیدەتوانی بڕیاری لـە سێدارەدان دەر بکات، بـەڵام پـاش ئـەو چرکەیە دنیایەك یادەوەری جوان و ئەفسـوناوی دێـن بـە مێشـکدا، بـۆ نمونـە بـیری ئـەو قەرەجانـەی دەکەوێتەوە کە سنووریکیان نەبوو لە قاڵبیان بـدات، ملکایدسـی کیمیاگـەر و جادوگـەر و چـەندەها یـادەوەری و نـاوی تـر، شـەڕە کەڵەشـێر و کوشـتنی مرۆڤێك، بەڵام هەر هەموو ئەمانە نـاتوانن لـەو چرکە سـەهۆڵیە سـاردە رزگاری بکـەن، مرۆڤێـك لـە نێـو گـەرمای جەهەنـەمی پێگەیـەکدا بـۆ یەکـەمجار ئاشنایەتی لەگەڵ ساردیەکی لـە رادەبـەدەر پـەیدا دەکات، دەبێت چی لێدروست بێت؟.. دیـارە مـارکیز لە دوا خولیادا هـەوڵدەدات دۆخـی هـەڵمیی بکـات بـە سیمای ژیان، تاکو سەمای ئـازادی هـەڵمین بـۆ پێگـە جیاجیاکانی ژیان بگەڕێنێتەوە و جوانی بە سـەرجەم مرۆڤایـەتی ببەخشـێت، چیـدی لـەناو ئـەو مانـا قەدەریانەی ژیان بەرەو روو نەبن.. رۆمانی سەد ساڵ لـە گۆشـەگیریدا تراژیدیـای ئـەو مرۆڤانـەن کـە قەدەرێکی سەهۆڵین تەحەکومیان پێوە دەکات، ئـەم چەند رستە کورتەی من تەنها هەوڵدانێکە بـۆ ئـەوەی تیشکێك بخەمە سەر ئـەو چرکـە کورتـەی رۆمانەکـە، چونکە لەو کاتەی باوکی دەیبات بۆ ناسینی سـەهۆڵ هەموو شتێك کۆتایی دێت. هـەموو ساتەکانی پـاش ئەم دەبن بەوەهم، وەهمی شادی و بەخشینی ژیان و جوانـی، وە نـاکرێت لـە گۆشـەگیریدا جوانـی پێـك بـهێنین، ناونیشانی رۆمانەکـەش هاوتـای ئـەو چـەند دێڕەی سەرەتایە، چونکە سەد ساڵ لـە گۆشـەگیریدا دەرئـەنجامی ناسـینی قـەدەری سـەهۆڵینە، واتـە سەهۆڵ لە بەرگی کتێبەوە تـا دوا لاپـەڕەی کتێبەکـە درێـژە دەکێشـێت، بـەڵام ئـەو چـەند پەڕەیـەی کـە رەشەبا دەیبات نازانین چی تێدانووسراوە.. بەڵام خۆ لەوە دەگەین کە مارکیز دەخوازێت پێمـان بڵێـت کـە وەهم تەنـها لـە هـزری سـەهۆڵینی ئێمـەدا هەیـە، بـۆ رزگار بوون لـەو وەهمـە پێویسـتە بـە گـژ ئـەو ساتە بچینـەوە و هـەموو سـەهۆڵەکان بکـەین بـە هـەڵم و لەگەڵ سەمای هەڵمدا خۆمان لە تاپۆکانی ژیان رزگار بکـەین، کـە ئەمـەیان مانـای رزگـار بونـە لـە گۆشەگیریدا....

١٩٩٨/٣/٢٧

پەراوێزەکان:

بۆ نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە تەنها بۆ رۆمانەکانی مـارکیز گەڕاومەتەوە.

١.مائة عام من العزلة: گابریل گارسیا مارکیز: ترجمة:

٢.الحب في زمن الكوليرا: گابریل گارسیا مارکیز: ترجمة عن الأسبانية صالح علمانی، دار منارات ١٩٨٦م.

٣.وقائع موت المعلن: مارکیز: ترجمة:

شـەمەنەفەرەکە لـەقو مووشـە (تونێـل) بـەردە زیخینـە لەریوەکـە وە دەرکـەوت ، بـەناو کێڵگـە رێخراوە مۆزەکەدا کەوتـە تێپـەڕبوون . هەواشـێی پـەیداکرد. ئیـتر ئـەوانیش هەستیان بەشنەی دەریـا نـەدەکرد . لـەپڕ تۆپەڵـە دووکـەڵێکی هەناسـە بـڕ ، لەپەنجەرەی فارگۆنەکـەوە خـۆی کوتایـە نـاوەوە .بەسـەر ریگـا تەسـکەکەی ئەوبـەر هێڵـی شـەمەنەفەرەکەوە چـەند گالیسـکەیەکیش کـە گـا رایاندەکێشـان و پـڕ لـە گـورزە مـۆزی سـەوزبوون بـەڕێوەبوون . لەرێگەکـەدا، لـەو پانتاییانـەی کـە نەکێڵرابوون و بڕگە بڕگەی جیاجیـا کرابـوون ، چـەند فەرمانگەیـەکی مـیری ، کـە پانکـەی کارەبـای تێـدا دامـەزرابوو ، چـەند خانەیـەکی بەخشـتی سـوور دروستکراو، چەند خانوویەکی پڕ لەکورسی دەبینرا ، مـێزی سـپی بچـووک بچـووک ، لـەنێوان دارخورمـا تۆزگرتووەکان و دەوەنە چوورییەکاندا دامەزرابوون . کاتژمێر یازدەی سـەرلە بـەیانی بـوو، هێشـتا گـەرمی

نـەکردبوو . ئافرەتەکـە وتـی : پـەنجەرەکـە دابخـەیت باشترە، قژت یەکپارچە دەبێتە پیسیی و خۆڵ.

کچەکە چەند کۆششی کرد پـەنجەرە ژەنگاویەکـەی بۆ دانەخرا. لەفارگۆنەکەدا کەتاکە فارگۆنی پلـە سـێ بـوو ، تەنـها هـەردووکیان بـوون . لەبـەر ئـەوەی دووکەڵی شەمەنەفەرەکە ، بەردەوام دەهاتە ژوورێ ، ناچار کچەکە کورسییەکەی گۆڕی ، شتەکانی لە جێی خـۆی جێهێشت کـە جانتایـەکی نـایلۆن و هـەندێك خـواردن و چەپکـە گوڵێکـی لـە رۆژنامـەوە پێچـراو بوون. چووەسەر کورسییەکەی ئەو بـەرەوەی ، دوور لەپەنجەرەکەوەو بەرامبەر دایکی . هـەردوو کیشـیان بەرگێکی سادەو شڕەی پرسە یان پۆشیبوو.


کچۆڵەکـە دوازدە سـاڵانێك دەبـوو، یەکەمجاریشـی بوو کە سواری شەمەنەفەر ببێت . ئافرەتەکە پیرتری دەنواند لەوەی کە دایکی کچەبێت ، بـەوەدا دەمـارە شـینەکانی پێڵـووی چـاوی هەسـتابوون، لەشـێکی بچکۆلەی نەرمی بێنموود، کراسەکەی بەری لەهی

گابریل گارسیا مارکیز
و: جەلال مەحمود عەلی

پشووی قرچەی نیوەڕۆی سێشەممە

قەشەکانی دەکرد، بە جۆرێك دانیشتبوو پشتی توند لەپشتی کورسییەکە گیر کردبوو، بەهەردوو دەستیش جانتایەکی دەستیی رەنگ پەپوی بەدەستەوە گرتبوو کەلە پێستێکی بریقەدار دروستکرابوو. کڕو بێدەنگ وەك یەکێك راهاتووی باری هەژاریی بووبێت . گەرما نزیکەی کاتژمێری دوازدە تاوی سەند، شەمەنەفەرەکە بۆ دە چرکەیەك و بۆئاو وەرگرتن ، لەوێستگەیەکدا وەستا ، شار هێشتا دیار نەبوو . لەدەرەوە و لەکپ وکڕیی نا دیاری کێڵگەکاندا، سێبەرەکان رێك و پێك دەهاتنە بەرچاو بەڵام هەوا وەستاوەکەی ناو فارگۆنەکە بۆنی پێستەیەکی خۆشنەکراوی دەدا .شەمەنەفەرەکە خێرا بیەکەی خۆی نەگۆڕی ، لەدوو شاردا وەستا، کە خانوەکانیان لەیەك دەچوون ، لەدار و تەختەی بە بۆیەی بریقەدار بۆیەکرابوون . ئافرەتەکە ملی لاربووەوەو خەوبردیەوە . کچەکەش پێڵاوەکانی داکەندو چوو بۆ گەرماوەکە ، گوڵەکانی بخاتە تۆزێك ئاوەوە .

کە کچۆڵەکە گەڕایەوە، دایکی چاوەڕێی بوو، پێکەوە خواردن بخۆن . پارچە پەنیرێکی دایەو لەتە کولێرەیەکی چەورکراوی گەنمە شامی و پارچە پسکیتێك ، ئەوەندەیشی بۆ خۆی لەجانتا نایلۆنەکە دەرهێنا . ئەوان لەنانخواردندا بوون ، کە شەمەنەفەرەکە زۆر لەسەرخۆ بەسەر پردێکی ئاسنیندا تێدەپەڕی و بەلای شارێکی تردا ، کەوەك شارەکانی تر وابوو، تەنها ئەوە نەبێت ، کە خەڵکێکی زۆر لە مەیدانەکەدا گرد بوو بوونەوە، دەستەیەك ئاوازێکی بەرزیان لێدەداو لەوبەر هەتاوە پیاو برژێنەدا . ئەوپەڕی شارەکەش کۆتایی کێڵگە کان بوو، کەدەشتێکی شەقار شەقاری بێئاوی بەدەمەوە بوو. ئافرەتەکە دەستی لەخواردن هەڵگرت و وتی:(پێڵاوەکانت لەپێ بکە). کچۆڵەکە تەماشایەکی دەرەوەی کرد ، دەشتێکی چۆڵ ، زیاتر هیچی تری نەهاتەبەرچاو ، شەمەنەفەرەکەش



دیسانەوە گـوڕی دایـەوە خـۆی . بـەڵام دوا پارچـەی پسکیتەکەی خستەوە جانتاکەو گورج پێڵاوەکەی لـە پێکـرد. ئافرەتەکـە شـانەیەکی دایـە، وتـی:(قـژت دابهێنە).

کچەکـە دەسـتی بـە شـانەکردنی قـژی کـرد، شەمەنەفەرەکەش کەوتە شـووت لێدان . ئافرەتەکـە ئـارەقی لاملـی وشـککردەوەو بەپەنجـە چـەوریی دەموچـاوی سـڕی . کـە کچەکـە لـەداهێنانی قژیبووەوە، شەمەنەفەرەکە بەلای ریزە خانوویـەکی دووری شارێکی تردا تێدەپەڕی، کەلە شارەکانی تـر گەورەتر بـوو، بـەڵام پەستتر بـوو. ئافرەتەکـە رووی کردە کچەکە: هـەرچیت دەوێت ئێستە بیکـە ، ئیـتر خواردنەوەت لەهیچ شوێنێکی تـر دەست ناکـەوێت ، ئەگـەر لـە تینـوا نیشـدا بخنکێیـت ..... لەهەموویشی گرنگتر ئەوەیە گریانم لێت ناوێت .

کچەکە سـەری راوەشاند . بایـەکی وشـکی گـڕاوی لەگەڵ شووتی شـەمەنەفەرەکەو ژاوەژاوی ئوتومبیلـە کۆنـەکاندا خـۆی بەپەنجەرەکـەدا کـرد . ئافرەتەکـە جانتانایلۆنەکەو پاشماوەی خواردنەکەی کۆکـردەوە، خستیە جانتـا دەسـتیەکەیەوە. بـۆ سـاتەوەختێك شارەکە لەپەنجەرەکەوە وێنە یەکی تەواوی نواند لەو رۆژی سێشـەممە رۆشـنەخۆرەتاوەی مـانگی گـەلاوێژەدا. کچۆڵەکـە گوڵـەکانی لـە رۆژنامـە تەڕەکانـەوە پێچایـەوەو کـەمێکیش لەپەنجەرەکـە دوورکەوتـەوە ، پاشـان کەوتـە سـەرنجدانی دایکـی ، ئـەویش رووبـەکی گەشـی تێکـرد. شـەمەنەفەرەکە کەوتـە شـووتلێدان و هێواشـکردنەوە ، پـاش سـاتێك وەستا . ئێستگەکە چۆڵ و هۆڵ ، کەسێکی لێ نـەبوو . لەوبـەری شـەقامەکەدا و لەسـەر شۆسـتەکە، کـە دارمۆزەکـان سـێبەریان لێکردبـوو، تەنـها هۆڵـی بلیاردەکە کرابووەوە، شارەکە لەگـەرماندا کوڵابـوو . ئافرەتەکە وکچۆڵەکە دابەزین و وێستگە چۆڵەکە یـان بـڕی ، گیـا لـە نێـوان ریـزی خشـتەکانەوە هـاتبوە دەرێ، خشـتە کانیـان لێـك جـوودا کردبـووەوە.

کـەرووبان کـردە ئەوبـەری شەقامەسـێبەر دارەکـە ، دەمە دەمی دووی پاشنیوەڕۆ بوو . شارەکە وەنـەوز سەری گرانکردبوو ، خەوی نیوەڕۆی دەکرد . جێکارو فەرمانگـەو فێرگـە گشـتیەکان ، هـەر لـەکاتژمێر یازدەوە دەرگایـان خڕ دا خستبوو، تاکـەمێك پێـش چواری پاشنیوەڕۆش نەیاندە کـردەوە، ئـەو دەمـەی کە شەمەنەفەرەکە دەگەیشت ، تەنها ئـەو ئوتێلـەی بەرامبـەر وێسـتگەکە کـراوە بـوو، لەگـەڵ شـوێنی شـەربەتخواردنەوەو هۆڵـی بلیـاردو فەرمانگـەی برۆسکەکە کـە لـەلای مەیدانەکـەوە بـوون. دەرگـای خانووە کانیش کەلە سەرشێوەی بینـای کۆمپانیـای مۆزەکە بوون ، لەناوەوە داخرابوون، پەردەکانیان دا درابووەوە . هەوا بەشێوەیەك لەهـەندێك مـاڵدا گـەرم بـوو ، لـەتاوا دانیشـتووەکانی لـە دالآ نەکـەدا نانیـان دەخـوارد، هـەندێکی تـر کورسـییان دەدایـە پـاڵ دیوارەکـان و ژێـر سـێبەری درەختـە بادامـەکان ، نیوەڕۆ خەوەکەیان تەواو لەسەر شەقامەکان دەکرد، ئافرەت و کچۆڵەکە بە ژێر سـێبەری دار بادامـە کـاندا هەنگاویان ناو کشانە شارەکەوە، بـێ ئـەوەی خـەوی نیوەڕۆی کەسێك بزڕێنن. یەکسـەر رووبـانکردە مـاڵی سەرپەرشـتیاری کلێسـەکە. ئافرەتەکـە بەسـەری نینۆکی لە دەرگا کانزاییەکەیدا و کەمێك چاوەڕێیکرد ، پاشـان لێیدایـەوە. پانکەیـەك لـەژوورەوە وژەی دەهات. نەئافرەتەکەو نەکچۆڵەکە گوێیـان لەترپـەی پـێ نـەبوو، بـە ئاستەم جیرەی هێواشـی دەرگاکـەو دەنگە بەپارێزەکەی کە، لەناکاو لەدەرگاکـەوە هاتـە بەر گوێیان .

(کێیە لەدەرگا دەدات).


ئافرەتەکە وێستی لە پەرژینە کانزاکەوە بڕوانێـت ، وتی : منم پێویستم بە قەشە هەیە.

ـ ئێستە راکشاوە

ژنەکە بە هەتەرییەکـەوە وتـی: کـارێکی بەپەلەیـە، دەنگەکـەی دەریخست کـە هێمنانـە سـوورە لەسـەر داواکـەی. دەرگاکـە بێدەنـگ کـەمێك کرایـەوە.

ئافرەتێکی قەڵەویچکە و بەتەمەن بوو، پێستی زەرد هەڵگەڕابوو، قژی ڕەنگ ئاسنی، چاوەکانی لە چاویلکە ئەستوورەکەیەوە زۆر ورد دیار بوون. پاش ئەوەی دەرگاکەی تەواو والاکرد ، وتی فەرموو بێنە ژوورەوە . چوونە ژوورێکەوە، بۆنی گوڵی کۆنی لێدەهات. خانمی ماڵەکە بردینە لای قەنەفەیەکی دارینەوە و ئاماژەی بۆکردن کە دانیشن . کچەکە دانیشت بەڵام ئافرەتەکە مێشکی لای خۆی نەبوو، هەر بە پێوە وەستاو بەهەردوو دەستیشی جانتا دەستیەکەی گرتبوو . شوێنەکە کپ تەنها دەنگی پانکەکە دەهاتەگوێ . خانمی ماڵەکە، دیسانەوە لەوسەری ژوورەکەوەو لە دەرگاکەوە دەرکەوتەوە . ژنەکە بە دەنگێکی زۆر هێواش و نزم وتی: دەڵێن دەبێ پێش کاتژمێری سێ بێنەوە . چونکە هەر پێنج چرکە دەبێ کەراکشاوە بنوێت. ئافرەتەکە وتی: ئاخر شەمەنەفەرەکە سێ و نیو دەڕوات، وەڵامەکەی کورت و بەبڕواوەبوو، لەگەڵ ئەوەدا کە بەدەنگێکی دۆستانەو نەرم و پڕلە هەستێکی زۆری گینگڵدراوی دەروونەوە بوو. خانمەکەی ماڵێ، یەکەمجاربوو، زەردەخەنەیەك گرتی، وتی : باشە. کاتێك کەدەرگا دووەکەی دیسانەوە پێوەدایەوە ئافرەتەکە لەتەنیشت کچەکەیەوە دانیشت .....ژووری میوانە تەسکەکە سادەو پاك و ڕێکوپێك بوو. لەوبەری نێوان تەختەکەوە کە ژوورەکەی بەدوو کەرتەوە کردبوو. مێزێکی کارکردن دانرابوو کە هیچ جوانییەکی نەبوو. مشەمایەکی بەسەرەوەبوو. چاپێکی زۆرکۆنی لە پاڵ گوڵدانێکدا خرابووە سەر ، تۆماری پەرستگاکەیش لە پشتیەوە بوو . دەتوانی بزانیت کە نووسینگەکە ئافرەتێکی قەیرە ڕێکی خستبوو . دەرگا دووەکە کرایەوە، ئەمجارە قەشەکە خۆی بوو، خەریکی چاویلکەکەی بوو، بە دەستەسڕێك پاکی دەکردەوە ، هەر ئەوەندە چاویلکەکەی لەچاوکرد دەتزانی کەبرای خانمەکەی ماڵێ یە، کە پێش تۆزێك دەرگاکەی کردەوە . قەشەکە پرسی: چۆن چۆنی یاریدەت بدەم؟

ئافرەتەکە وتی : کلیلی گۆڕستانەکە. کچەکە دانیشتبوو، گوڵەکان لەکۆشیدا، هەردوو قاچی لەژێر قەنەفەکەوە خستبووە سەریەك




قەشەکە سەرنجێکی لە کچەکەدا ، پاشان روانیە ئافرەتەکە ، دوایی لە تەلبەندی پەنجەرەکەوە روانیە ئاسمانە رۆشنە پاکەکە ..... قەشە وتی : ئابەم قرچەی گەرمایە ! ! .... دەتتوانی تا رۆژئاوا چاوەرێ بکەیت . ئافرەتەکە بێدەنگ سەرێکی راوەشاند . قەشەکە چووە بەری ئەوبەرەوە لە دۆلابەکەدا ، تۆمارێکی دەرهێنا کە بەقوماشێکی مێوکراو بەرگ تێگیرابوو. قەڵەمدانێکی قەڵەمی دارومەرەکەبدانێکی دەرهێنا و چووە سەرمێزەکە. دەستی تووکێکی زۆری پێوەبوو، بەپێچەوانەی سەریەوەکە کەم دەبینرا. قەشەکە پرسی :(چ گۆڕێکت دەوێ بچیتەسەری). ژنەکە وتی : گۆڕی کارلۆس سەنتینۆ.

ـ کێ؟

ئافرەتەکە دووبارەی کردەوە: کارلۆس سەنتیۆ

قەشەکە هەر تێنەگەیشت. ئافرەتەکە هەر بەو دەنگ و ئاوازە : ئەو دزەی حەفتەی پێشوو لێرە کوژرا..... من دایکیم. قەشەکە وردچاوی تێبڕی و ئەویش بە دڵقایمییەکەوە چاوی لەو بڕییەوە . کابرا شەرم گرتی و سەری دانەواندوکەوتە نووسین . قەشەکە بەدەم رەشکردنەوەی لاپەڕەکەوە، داوای لەئافرەتەکە کرد کە خۆی پێ بناسێنێت، ئافرەتەکە بێسێو دوو، بەکورتیی وەڵامێکی پێویستی دایەوە رەوان وەک بیخوێنێتەوە .. قەشەکە کەوتە ئاوڕشتن . کچەکەش ئاوزەنگیی پێڵاوی چەپی کردەوە و پاژنەی لێوە دەرهێنا لەسەر خۆ، خستیە سەر تووڵی رایەڵی ژێرەوەی قەنەفە دارینەکە ، پێڵاوی راستیشی هەروا لێکرد.

ـ شتەکە هەمووی رۆژی دووشەموی حەفتەی پێشوو رووبدا . کاتژمێری سێی سەر لەبەیانی دوو سێ کەرت (شُقَة) لێرەوە دوور. ربیکای بێوەژن تەنیا لە ماڵێکدا دەژیا کە پڕلەپاشماوەی کەل و پەلی کۆن بوو . جگە لەدەنگی بارانەکە ، گوێی لەدەنگێک بوو، یەکێک دەیویست لەدەرگای دەرەوەی ماڵەکەوە بێتە ژوورێ . لەخەو راپەڕی، کەوتە پشکنینی کەنتۆری جلەکانی، بۆ دەمانچەیەکی کۆن کەریزی دەکرد، کەلە رۆژانی عەقید (ئۆرلیانو بیوند)ەوە کەسێک بەکاری نەهێنابوو، دەگەڕا خۆی بۆ ژووری میوانەکە کێشا ، بێئەوەی چرا هەڵکات . ئەو



دەنگەی کە لەلای قفڵە کەوە بوو، نەیهەژاند بەڵکو ئەو ترسەی کەلە ناخیدا چەکەرەی کردبوو، هی ئەو بیست و شەش ساڵە ، تەنیایەی هەژاندی. بەخەیاڵ نەک هەر شوێنی دەرگاکەی دیاری کرد بەڵکو وردتا

ئەندازەی بەرزیی قفڵەکەیشی نیشانەکرد . چەکەکەی بەهەردوو دەست گرت و چاوی نووقاند، پاشان پەنجەی بەپەلە پیتکەکەیەوەنا . ئەوە یەکەمین جاریشی بوو کە دەمانچەیەك بتەقێنێ ، یەکسەر دوای تەقەکە نەیتوانی شتێك ببیسێت جگەلە نمەنمی بارانەکە نەبێت ، کە بەسەربانەکەیدا دەدا . زۆری پێنەچوو گوێی لە دەنگێکی نزم بوو، پارچە تەنەکەیەك ، کەوتە سەر راڕەوە چیمەنتۆکراوەکە .....؛ دەنگێکی ناسکی زۆر پەرێشان ، ((ئای..... دایە)). ئەو پیاوەی کە بەیانی لەبەردەمی ماڵەکەدا دۆزیانەوە مردبوو . لووتی هەڵتەکابوو ، کراسێکی شینی لۆکەی لەبەردابوو ، تاڵتاڵی رەنگاورەنگی تێدابوو ، پانتۆڵێکی ئاسایی ، کەبە پەتێك وەك پشتێن قایمی کردبوو ، پێخاوس . لەشارەکەدا کەس نەبوو بیناسێتەوە.

باوە، کەلە نووسینەکە بووەوە (ئایش) ێکیکرد.

ـ کەواتە (کارلۆس سنتینۆ) ی ناو بوو.

ژنەکە وتی: سنتینۆ ئیالا .....تاکە کوڕم بوو. قەشەکە گەڕایەوە لای دۆڵابەکە، دوو کلیلی ژەنگاویی گەورە ، بە دیوی ناوەوەی دەرگاکەوە، هەڵواسرابوو واهات بەخەیاڵی کچەکەدا، هەروەها بەهی دایکیدا کە کاتێك کچۆڵەبوو، هەروەها لە دەمێکدا بە خەیاڵی قەشەیشدا ، کە کلیلەکان کلیلی پیر (قدیس) پیتەر بوو بێت. قەشەکە دوو کلیلەکەی داگرت و خستیە سەر قوماشەکەو بە پەنجەی شایەتمان ئاماژەی بۆ شوێنێکی لاپەڕەکە کرد، کەتازە لەنووسینی بوو بووەوە، تەماشایەکی ئافرەتەکەی کردو وتی: ئائێرە مۆر بکە . ئافرەتەکە جانتاکەی لە بنهەنگڵیدا بوو، شەقڵی پەقڵی، ناوی خۆی نووسی. کچەکە دەستی دایە گوڵەکان و لەپشتی مێزەکە نزیك بووەوە، بەلەشگرانییەکەوە کەوتە پێ بزاوتن و ورد کەوتە چاودێریی دایکی. قەشەکە هەناسەیەکی هەڵکێشا.

ـ ئەی نەدەبوو هەوڵێك بدەیت بیخەیتە سەر رێگەی راست و رانومای بکەیت !؟

ئافرەتەکە لە ئیمزاکە بووەوە.

ـ تابڵێی پیاوێکی باش بوو. قەشەکە لەپێشدا تەماشایەکی ژنەکەی کردو پاشان هی کچەکە، دڵساف و پاکانە بەسەرسامییەکەوە بەلایەوە سەیربوو کە خەریك نین بدەنە گریان. ئافرەتەکە هەر بەو لەرە دەنگەوە، لەسەر قسەکەی رۆیشت : تێمگەیاندبوو کە هەرگیز نابێت بۆ ئەوەی بخۆیت دزی بکەیت ..... کەچی ئەو بەرەنگارم دەوەستایەوە . لەلایەکی ترەوە پێش ئەوە، کە کەوتە بۆکسێنکردن، هەموو جارێك دەبوو سێرۆژ لەجێگەدا بکەوێ ، شەکەت و پەرێشانی ئەو مستانە دەبوو کە بەریدەکەوت . کچەکە قسەکەی پێبڕی : دانەکانیشی وای لێهاتبوو، دەبوو هەموی هەڵکێشێت.

ئافرەتەکە هەڵیدایەوە : راست دەکات . راستیی هەموو پارووییەکی ئەو رۆژانەم کەدەخوارد ، چێژو تامی ئەومستە قورسانەی دەدا کە لەشەوانی شەممەدا بەرکوڕەکەم دەکەوت . باوەکە (الأب) وتی: تێگەیشتنی خواستی خودا زەحمەتە. ئەوەی وت، بەڵام بێ ئەوەی تەواو بڕوای بە بەشێکی قسەکەی خۆی هەبێت ، چونکە ئەزموون وایلێکردبوو کە تا رادەیەك بەگومان بێت ، بەشەکەی تریشی ئەنجامی گەرما کەبوو. قەشەکە ئامۆژگارییکردن کە سەریان داپۆشن، تا هەتاو نەیانبات . بەدەم باوێشکدان و خەواڵووییەوە، فێریکردن، چۆن گۆڕی کارلۆس سنتینۆ بدۆزنەوە . لەگەڕانەوەشدا، بالەدەرگا نەدەن و کلیلەکە بخەنە ژێر دەرگاکەوە ، هەر لەوشوێنەی خۆیدا. خۆئەگەر لەتواناشیاندا بوو با خێرێك بۆ

کلّیسه دابنێن. ئافره‌ته‌که ته‌واو گوێی بۆ قسه‌کان شل کرد، بێئه‌وه‌ی زه‌رده‌خه‌نه به‌سه‌ر لێوێدابێت سوپاسی کرد، باوه تێبینی کرد که هه‌ندێك که‌س ته‌ماشای ناوه‌وه ده‌که‌ن . تاپێش ئه‌وه‌ی باوه ده‌رگای سه‌رشه‌قامه‌که بکاته‌وه هه‌ندێك منداڵ له‌ده‌ره‌وه بوون . کاتێك که‌ده‌رگاکه‌ی کرده‌وه ، منداڵه‌کان له‌سه‌ر نه‌ریتی خۆیان بڵاوه‌یان لێکرد. جاران ، له‌و کاتانه‌دا که‌سێك به‌شه‌قامه‌که‌وه نه ده‌بوو، به‌ڵام ئێستا نه‌ك هه‌ر ته‌نها منداڵی لێبوو به‌ڵکو کۆمه‌ڵه خه‌ڵکێکیش له‌بن دار مۆزه‌کاندا بوون. باوه به‌چاو شه‌قامه داخبووه‌که‌ی پشکنی، پاشان تێگه‌یشت و به هێواشی دیسانه‌وه ده‌رگاکه‌ی داخسته‌وه. قه‌شه‌که بێ ئه‌وه‌ی رووبکاته ئافره‌ته‌که، پێی وت که‌میك چاوه‌ڕێکه. خوشکی قه‌شه‌که له‌ده‌رگا دووره‌که‌وه ده‌رکه‌وت، رۆبێکی ره‌شی به‌سه‌ر جلی نوستندا له‌به‌رکردبوو، قژی به‌سه‌ر شانیدا به‌ردابووه‌وه، بێده‌نگ ته‌ماشایه‌کی باوه‌ی کرد..... قه‌شه‌که پرسی

– ئه‌وه‌چی بوو.؟

خوشکه‌که‌ی منجه منجێکی کرد:

–به‌راستی خه‌ڵك پێیانزانی .

باوه وتی :باشتر وایه له‌ده‌رگاکه‌وه بچیته حه‌وشه‌که.

خوشکه‌که وتی: هه‌روه‌کو یه‌ك وایه..... هه‌موو له‌به‌ر په‌نجه‌ره‌کاندان.

وادیاربوو تا ئه‌وکاته ژنه‌که له هیچ نه‌گه‌یشتبوو . ویستی له به‌سته‌کانزاییه‌که‌وه بڕوانێته شه‌قامه‌که ..... پاش ئه‌وه چه‌پکه گوڵه‌که‌ی له کچه‌که وه‌رگرت و رووی له‌ده‌رگاکه کرد ، کچۆڵه‌که‌ش دوای که‌وت .

باوه وتی: چاوه‌ڕێکه تا خۆر ئاوا ده‌بێت . خوشکه‌که‌یشی که بێده‌نگ له‌وسه‌ری ژووره‌که‌وه وه‌ستابوو .

– ده‌توێیته‌وه .....ده‌چاوه‌ڕێکه با چه‌ترێکت بۆ بهێنم .

ئافره‌ته‌که وه‌ڵامی دایه‌وه:

–سوپاست ده‌که‌م .....ئێمه ئاوا باشین.

ئافره‌ته‌که ده‌ستی کچه‌که‌ی راکێشاو رووی کرده شه‌قامه‌که.

* * *

ترجمة حيدر حميد جاسم ـ الثقافة الأجنبية (العدد الثالث) لسنة ١٩٩٨.

ڕۆژ لە نووسەرانی جیهان، لە سەرەتادا کاری ڕۆژنامەنووسییان کردووە. ئەمەش وەک شتێکی مەنتیقی دێتە بەرچاو. چونکە ڕۆژنامەنووسێک لە گەرمەی ئەنجامدانی کارەکەیدا تواناو لێهاتوویی زاتیی خۆی بۆ دەردەکەوێ و دەتوانێ لەو هەلەی بۆی ڕەخساوە کەڵک وەربگرێ و خۆی بە هەنگاوە سەرەتاییەکانی نووسینەوە خەریک بکاو، لەگەڵ ئەوەشدا نە کارەکەی ڕێی پێدەدا شەرمن بێ و نە ڕواڵەتە کۆمەڵایەتییەکەی، بە جۆرێک شەرمکردن و کەمڕوویی وە، ئەو یەکەم نووسینانەی لە کەشەو (چەکمەجە)ی مێزەکەی، یان لە بنی چەمەدانەکەیدا بشارێتەوە. دیارە بەشی دووهەمی ئەم ڕستەیە لە جێی خۆیدا نیە. چونکە تەنیا هێندێک نووسەر بەم جۆرەن. مەبەستم ئەوەیە تەنیا ژمارەیەکیان یەکەم نووسینەکانیان دەشارنەوە.

سەرەتای کاری نووسەریی یەکێک لە بەناوبانگترین نووسەرانی سەدەی بیستیش هەر بەم جۆرە بووە. ئەو لەوپەڕی سادەیی و بە دوور لە هەر چەشنە "موجامەلە"یەک لە کاتی خۆناساندندا، خۆی وەک هەواڵنێرو ڕۆژنامەنووسێکی "کەللە ڕەق" کە خولیای زانین و سەردەرکردن لە هەموو شتێک ــ ئەو شتەی لە دنیای ڕۆژنامەنووسیدا "تامەزرۆیی ئامادەکردنی ڕاپۆرت"ی پێ دەڵێن ــ و هەروەها ئەوین و هۆگرییەکی لە ڕادەبەدەر بە جیهانگەڕی، وایان لێکرد هەتا تەمەنی سیو حەوت (یا سی و هەشت) ساڵی لە باشووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە تا خواروترین ناوچەکانی ئەمریکای لاتین، بست بە بست بپێوێ و وەک بەری دەستی خۆی لێی شارەزابێ.

نووسینی: ئەمیر حوسێن ڕەنجبەر
وەرگێڕانی: قادر وریا


گارسیا مارکیز


چۆن بوو بە ئەبەدی؟

لـــه پـــاییزی ســـالّی ١٩٦٧دا، ئـــه‌م هه‌واڵنووســـه کۆڵۆمبیایی‌یه که دۆستانی، "گابۆ"یان پـێ ده‌گوت، ده‌ستنوسی پێنجه‌مین کتێبی خۆی دا به بڵاوکه‌ره‌وه (ناشر)یه‌ك لـه "بۆئنـۆس ئـایرێس". دۆسـتانی، ئـه‌م کاره‌یان زۆر پـێ خۆش و سه‌یر بوو. چونکه هه‌تا ئه‌و کات، دۆسته‌کانی ئـه‌م کاره‌یـان بۆکردبـوو. ته‌نانـه‌ت بـێ ئـه‌وه‌ی بـۆ خـۆی ئاگـای لێبووبـێ، لـه یه‌کـه‌م کتێبـه‌وه "تۆفـانی گـه‌وره" تـا چواره‌مـین کتێـب (رۆژگاری به‌دبـه‌ختی) که بـه ره‌زامه‌ندیی خـۆی بـۆ به‌شداری له پێشبڕکێیه‌کی چیرۆکنووسـیدا ناردیان و وابـوو خـه‌ڵاتی یه‌کـه‌می پێشـبڕکێی ئـه‌ده‌بیی کۆڵۆمبیـای بـرده‌وه. بـه‌ڵام ئـه‌و کتێبـه‌ی درا بـه بڵاوکه‌ره‌وه‌ی ئارژانتینی، چه‌ند مانگ دواتر هـه‌ر لـه‌و ساڵه‌دا چاپ و بڵاوبـۆوه. "مـاریۆ وارگـاس یوسـا" نووسـه‌رو سیاسـه‌تمه‌داری خـه‌ڵکی پـیرۆ، تـه‌نیا به نووسـینی ئـه‌و چه‌ند دێڕه لـه بـاره‌ی کتێبه‌کـه وازیـهێنا: "ده‌ڵێـی بوومه‌له‌رزه‌یـه‌کی ئـه‌ده‌بی سه‌رانسـه‌ری ئـه‌مریکای لاتینـی هـه‌ژاند. ئـه‌م کتێبـه شاکاری هونه‌ری رۆمانـنووسـییه. گارسـیا مـارکیز بـه شه‌وێك رێگای سه‌د ساڵی بڕیوه".


ساڵێك دواتریـش کـه فه‌رهه‌نگسـتانی فه‌رانسـه، وه‌رگێڕدراوی ئـه‌م کتێبـه‌ی وه‌ك باشـترین کتێبـی خـاریجیی سـاڵ هـه‌ڵبژارد، ده‌رکـه‌وت ئـه‌و بوومه‌له‌رزه‌یه‌ی وارگـاس یوسـا باسـی کـردووه، نـه‌ك هه‌ر ئه‌مریکای لاتین، به‌ڵکو ئۆروپاشی هه‌ژاند.

"سه‌د ساڵ ته‌نیایی"، لـه فه‌زایـه‌کدا بڵاوبـۆوه کـه چـوار نووسـه‌ر بـه چـوار رۆمـانی پـڕ لـه ره‌مـزوراز (اسرارآمیز) و شاراوه له تـه‌م و مـژدا، مـه‌یداندارییان تێدا ده‌کرد. "خولیوکورتا سار" به رۆمـانی "لی لی"، "لسم لیمـا" بـه رۆمـانی "به‌هه‌شـت"، "کـارلۆس






فۆئنتس" بە رۆمانی "تۆیخ دەردان" و "گیبەر موکابررا ئینفانتە" بە رۆمانی "سێ بەوری گرفتار". ئەگەرچی ئەم چوار رۆمانە تەنیا خۆتاقیکردنەوەیەکی ڕووت بوون، بەڵام بە هۆی زاڵبوونی شیعرو بیرکردنەوەی شاعیرانە بەسەر فەزای ئەدەبیی ئەمریکای لاتیندا، لەگەڵ پێشوازییەکی هەموو لایەنەی ڕووناکبیران بەرەوڕوو بوون. دەبێ بگوترێ "سەد ساڵ تەنیایی" نە کۆتایی بە مەیداندارییی ئەم چوار بەرهەمە هێناو نە توانی چوارچێوەی فکریی ڕووناکبیرانی ئەمریکای لاتین بگۆڕێ. بەڵکو بە شێوەیەکی جیاوازو بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر جێگای‌تایبەتیی خۆی کردەوە. بۆیە بە شێوەیەکی جیاواز، چونکە سەردەمەکە جیاواز بوو. لە فەزای ئەدەبیی ئەمریکای لاتیندا ئەوە یەکەم جار بوو کە نووسەرێك بە سووکە ئاوڕێك بێ ئەوەی لە دوای ڕووداوەکان و شەخسییەتەکاندا خۆی ببەستێتەوە بە ڕاشکاوی و خێراییەکی تا ڕادەیەك بەرچاو، جۆرە بەسەرهاتێکی مێژوویی بگێڕێتەوە کە وەك هەر بەسەرهاتێکی دیکە، سەرەتاو نێوبەندو کۆتایی هەیە. "سەد ساڵ تەنیایی" داستانی شارێك و بنەماڵەیەکە، ئەویش لە جیهانێکی نوێدا. ئەوەندە نوێ کە هێشتا هیچ بوونەوەرێك ناوی نیەو دەبێ بە ئیشارە بە یەکتریان نیشان بدەین. "سەد ساڵ تەنیایی" مێژوویە، مێژووی سەد ساڵەی شارێك، بنەماڵەیەك و جیهانێك. شارێك کە بنەماڵەی "بوئندیا" بەردی بناغەیان دانا، بنەماڵەیەك کە "خۆزە ئارکایووس"ی باوك وێرای "ئورسولا"ی هاوسەری بنیاتیان ناو نەسل دوای نەسل هەر دەمێنێ و قەت لە نێو ناچێ. جیهانێك کە زەوی و ئاسمانەکەی، دارەکانی، دەریاو سەرزەوییە گەرمەکانی، هەموویان ریوایەتێکن کەهەبوونی خاریجییان لەگرەوی باس کردنیان لە لایەن ئێمەوە دایە. ئەو جیهانەی لە سەد ساڵ تەنیایدا لەگەڵی ئاشنا دەبین جیهانێکە کە لەودا مافووڕەکان دەفڕن، مردووەکان سەر لە نوێ زیندوو دەبنەوە. ڕاست چوار ساڵ و یازدەمانگ و دوو ڕۆژ دەبارێ، کچێك بە مەلافەیەکی تازە شۆراوو خاوێنەوە دەچێتە تەشقی ئاسمانەکان و هەرگیز ناگەڕێتەوە. ئەم جیهانە جیهانێکە کە مرۆڤی وەك "خۆزە ئارکادیو بوئندیای باوك)ی تێدا دەژی کە لە کۆتایی تەمەنیدا توانای وەبیرهێنانەوە (ذاکرە)ی لە دەست داوەو لە دارێکی دەبەستنەوە کە خۆی لە سەردەمی لاوەتیدا لە حەساری ماڵەکەیان ناشتوویەتی. ئیتر قسە ناکا، ئەگەر جاروبار قسەیەکیشی لە زار بێتەدەر، وشەیەك یان ڕستەیەکە بە زمانی لاتین، ئیدی پاش مردن هیچ شوێنەوارێکی لێ بەجێ نامێنێ، چونکە لەگەڵ دارەکە بووە بە یەك شت لەم جیهانەدا، مردن و باڵغ بوون و خۆشەویستی لەیەك کاتدا دەگەنە جێ و ئاسمان لە سوێیان لە خۆشییان و لە حەزمەتی تەنیایی، لە هەوڵی شەوێڕا تا بەری بەیانی، گڵۆوکی زەرد دەبارێنێ. منداڵەکان گەورە دەبن، کوڕەکە لە تەمەنی مێرمنداڵیدا دەگەڵ قەرەجان دەکەوێ و چەندین ساڵ دوایە، وەك نامۆیەك دەگەڕێتەوەو تەنیا دایکی بە یەکەم نیگای دەیناسێتەوە. دایکی هەمیشە چاوەڕوانیەتی. ئەو ڕۆژەش کە گوللەیەك کەللە سەری کوناودیو دەکا، خوێنەکەی تا



بەردەرکی مالّێ دەڕواو خۆ دەگەیەنێتە دایک. کوڕی دووهەم لەگەڵ نیزامییەکان دەکەوێ و لە شەڕاندا بەشدار دەبێ و هەزار هەزار دەکوژێ. بەڵام رۆژێک لە رۆژان، ماندوو و هیلاک و تۆزاوی دەگەڕێتەوە و لە قوژبنی تەنیایی خۆیدا خەریکی دروستکردنی ماسییان دەبێ، ماسیی بچووکی زێڕین. کچی بنەماڵەکە قورسایی خۆشەویستیی باوکی لە سەر شانی لاوازی ژنانەی خۆی هەست پێ دەکاو ئاگای لە تێپەڕینی زەمان نیە. ئێستا ئەو کوڕەی دەزگیرانیەتی، لە تەنیشتی ڕۆنیشتووەو بێدەنگ لێی دەڕوانێ کە چۆن جلکە سپیو بەرزەکەی گوڵدۆزی دەکا. جلکێک کە کفنی ئەوە. سەرئەنجام غەیبزانە پیرەکە بە ئەندامی ڕەق و تەقیەوەو بە مووی ڕەش و چەور کراویەوە، ڕۆژێک لەگەڵ قەرەجەکان هات و بوو بە دۆستی ئەو بنەماڵەیەو دۆستایەتییەکەی سالانێکی زۆر دوای مردنیشی هەر درێژەی هەبوو. بە جۆرێک کە بە ئاسپایی دەهات و هەر بەو ئەندامە لەڕو لاوازەو موو ڕەش و چەورکراوانەیەوە وەک مۆتەکەو تارماییەک لەبەر دەرکی چێشتخانەی ئەو ماڵە دەوەستاو لەگەڵ دایک دەدوا. بەڵێ ئورسولا دایکی بە سادّاچوو یەکجار پیری بنەماڵە، هێشتا لەگەڵ "ملکیادس" هەروا دۆست بوو و دەردەدڵی دەکرد. چەند بەرگ کتێبی دەستنووس و مۆرکە لێدراوی "ملکیادس" هێشتا لە ماڵەکەی مابوون. ئەو کتێبانەی کە ملکیادس بۆ خۆی نووسیبوونی، بەڵام تا ئەو کات کەس نەیتوانیبوو بیانخوێنێتەوە. "خۆزە ئالبانو" کوڕی دووهەمی خۆزە ئارکادیوی باوک کە گۆشەی تەنیایی هەڵبژاردبوو و خەریکی دروستکردنی ماسی بوو، بەرە بەرە توانای بیرکردنەوەی لەدەست دەدا. دەتگوت ناوی بوونەوەرەکانی لە بیر دەچێتەوە هەر بۆیە بڕیاری دابوو ناوی خۆیان لەسەر بنوسێ: مێز، چوارپایە، پەرداخ، کتێب، دەرگاو... هەر ئەم کوڕی دووهەمە، واتە ژێنڕاڵی بەسادّاچووبوو کە بەر لە مردنی ئەم ڕاستییەی دۆزییەوە کە: ((ئەدەبیات باشترین سەرگەرمییەکە تا ئێستا بۆ سەرگەرم کردنی خەڵک داهێنراوە"، سەرئەنجام تۆماری ئەم بنەماڵەیەو ئەم شارەو ئەم جیهانە دوای سەد ساڵ کۆتایی دێ. ئەم مێژووە سەیرو سەرسوڕهێنەرە کە ڕیوایەتێکی بە ڕەمز نووسراوی یادگاری پیرە ملکیادسە، بە هۆی یەکێک لە نەوەکان دەخوێندرێتەوە. بەڵام ئیدی نە دەرفەت و چارەیەک ماوە نە ڕێگایەکی دەربازبوون. دەنگی گریانی منداڵێک دەبیسترێ: کوڕێکی حەڕامزادەی کلکدار، کوڕێک کە کلکی بەرازی لێ ڕواوە. دایک لە جێوبانی خوێناویی زەیستانیدا، مردووەو کۆرپەکەی بووە بە خۆراکی لەشکری مێڕوولان. هەموو دەسنووسە مۆرکە لێدراوەکانی ملکیادس بەم ڕستەیە کۆتایی دێ: یەکەمینی ئەوانیان لە دارێک شەتەک داو دواکەسیشیان بوو بە خۆراکی مێڕوولان".

"سەد ساڵ تەنیایی" ڕۆمانێکی ئالۆزو تێکتەنراوە، بەڵام ڕوون و بێگرێ و گۆڵ. هەرلەجێدا دوو بەشە:



بەشێکیان گێڕانەوەی چیرۆك و رووداوەکانی جیهان و شارو بنەماڵەی گۆرین. بەشەکەی دیکە سەردەرکردن لە نهێنیو ڕەمزەکان و تێگەیشتنیان، کە ئەویش هەر بەشە یەکەمەکەیە. بەڵام ئاکام و ماناو واتای یەکجاریی ئەو هەمووە خەیاڵ و خەونە پەروەردەکراوەی لەگەڵ دایە. ئایا ئەم تایبەتمەندییەی سەد ساڵ تەنیایی، واتە پێکهاتن لە دوو بەش و چۆنیەتی هەر بەشێك "دۆن کیشۆت"ی سێرواانتسمان وەبیر ناهێنێتەوە؟

"تخیل" و زیندەخەونی سەد ساڵ تەنیایی کەهەر بە ئاشکرا شەپۆلان دەدەن و دەبنە هۆی سەرسوڕمانی خوێنەر، خەیاڵ و خەونێکن کە لە بنج و بناوانی چیرۆکەکەوە هەڵقوڵاون. دروستکردنی شارێك و بنەماڵەیەك و جیهانێك خەیاڵێکی ئەوتۆیە کە پەروەردەکردنی پێویستی بە هێزی "تخیّل" هەیە، نەك تەخەییولێکی هەوسار پچڕاوو ناشارەزایانە دروستکراو. چونکە ئەم جۆرە تەخەییولە زیاتر بەرهەمی خۆنواندنە نەك هونەر. تەخەییولی "سەد ساڵ تەنیایی" بناغەیەکی مەنتیقیی هەیەو مێشکێکی پڕو بیرێکی دەوڵەمەند لە پشتیەتی. "گارسیا مارکیز" بە هیچ جۆر خۆی بە رووناکبیر نازانێ و لەوپەڕی سادەییەشەدا خۆی وەك نووسەرێك دەناسێنێ کەوەك گایەك دێتە ناوەندی مەیدان و هێرش دەکا. بەڵام هەر بەو سادەییەشەوە دەڵێ نووسەر بۆی هەیە هەرچی پێی خۆشبێ بینووسێ و بیهۆنێتەوە. تەنیا بەو مەرجەی بتوانێ ئەوەی نووسیویەتی وای لێبکا، لێیوەربگرن. ئەوانەی لە سەد ساڵ تەنیاییدا رووبان داوە، بە حەق وەردەگیرێن.

سەد ساڵ تەنیایی ئەو ڕۆمانەیە کە لە بارەیەوە نووسیبیان: "ئەوانەی دەڵێن ڕۆمان مردووە یان لە سەرە مەرگ دایە، با بێن سڵاوێك لەم ڕۆمانە بکەن". سەد ساڵ تەنیایی دەرگایەکی تازەی بۆ ڕۆمانناووسی کردەوە کە پێش ئەوەی شێوازێکی نووسین بێ، شێوازێکە بۆ بیر کردنەوەو روانین لە گیان، واتە ریئالیزمی جادوویی. ئەم دەرگایە بووە هۆی بە هەڵە چوون و تەنانەت کەوتن و بەربوونەوەی زۆر لە نووسەرە تازە پێگەیشتووەکانی هاوچەرخ. چونکە ریئالیزمی جادوویی ئەوەندەی بۆ بیر کردنەوە دەست دەدا، بۆ نووسین دەست نادا.

گابریل گارسیا مارکیز ساڵی ۱۹۸۲ خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیاتی وەرگرت. قسەیەکی "ئاستۆریاس" نووسەرێکی دیکەی ئەمریکای لاتینم هاتۆتەوە بیر کە چەندین ساڵ لەمەوبەر بە دۆستانی فەرانسەیی خۆی گوتبوو: "ئێوە ئێستا ئیدی دەبێ پاڵی لێبدەنەوە. نۆبەی ئێمەیە کە هێندێك چیرۆکتان بۆ بگێڕینەوە".

سەرچاوە:

ڕۆژنامەی "خرداد"، چاپی تاران، ۲۳ی ژانویەی ۱۹۹۹.

سازدانی: کاوه حاجی عەزیز

چاوپێکەوتنێک لەگەڵ

(کەمال نوری مەعروف)ی شۆینەوار ناسدا

کەمال نـوری مـەعروف یەکێکـە لـە پسپۆرەکانی دنیـای ئاسەوارناسـی و لـە بـواری توێژینـەوەی ئاسـەواری کوردیدا جێپەنجـەی دیـارەو بـەردەوام خەریکی توێژینەوە و نوسینە لـەو بـوارەدا ، ئـەوەی شیاوی وتنە کاك کەمال هەمیشە هەوڵی ئـەوەی داوە کەلـە نێـوان دەستنیشـان کردنـی ئاسـەوارەکانەوە تیشکی گەش بخاتە سەر ئەڵقە نادیارەکانی مێـژووی کورد ، هەربۆیە ئێمەش ئەم چاوپێکەوتنەمان لەگـەڵ سازکرد.

□ راتـان بەرامبـەر ئـەو بیانیانـەی لەسـەر شوێنەوارەکانی کوردستانیان نووسیوە؟

ـ زۆرن ئـەو بیانیانـەی لەسـەر شـوێنەوارەکانی کوردسـتانیان نووسـیوە، بـەڵام هـەرە دیارەکانیـان دەتوانین لەم ناوانەدا کۆیان بکەینەوە:

١ـ خاتو دوروثی گارود: دەزگایەکی هاوبەش لـە دامەزراوی قوتابخانەکانی ئەمریکا بۆ لێکۆڵینەوەکانی پێش مێـژوو لەگـەڵ کۆمەڵـەی بێرسـی سـلادن لـە تشرینی یەکـەمی ١٩٢٨(خـاتو دوروثـی گـارود) یـان نارد بۆ ئەنجامدانی کـاری کنـەو پشـکنین لـە جووتـە ئەشکەوتی زەرزی و هەزارمێرد لە ناوچەی سلێمانی، کە توانی لەچەند خالێکدا لەو دوو کـاری دۆزینـەوەی ئاسـەوار ئـەنجامبدات هەرئـەوەش نـاوەندە زانستییەکانی بـەئاگا هێنایـەوە کـە ئـەو پاشمـاوە شـوێنەواریانە بکەنـە کەرەسـەی توێژینـەوەکانیان لەسەرچاخە بەردینەکانی کوردستانی باشوورو بڵاوی بکەنـەوە کەوڵاتەکـەمان لەکۆنـەوە لانکـەی شارستانیەت بووەو لێرەوە پیشەسازی بەردین بەرەو شـوێنە دورەکـانی تـری ناوچـە جیاجیاکـان لـە خۆرهەلاتی ناوەڕاست رۆیشتووە.

٢ـ رۆبەرت .ح. برەیدوود: ی ئەمریکی لەکۆتایی چلەکاندا هاتۆتـە ناوچـەی چەمچەماڵ لـە پارێزگـای کەرکوك بۆ ئەنجامدانی کاری کنەو پشکنین لـە (قـەڵا چـەرمو) دا ، سـەر ئـەنجام توانـی شـانزە چینـی نیشـتەجێبوونی مرۆڤـی تێـدا بدۆزێتـەوە وبـەڵاوی کـردەوە کـە شـوێنەواری نـاوبراو بـۆ گوندێکـی کشـتوکاڵی سـەرەتایی دەگەڕێتـەوە لـە هـەزارەی هەشتەمی بەر لەزایینداء



هەروەها ئەوەشی بڵاوکردەوە کە بۆ یەکەمین جار گۆڕانی گەورە بەسەر ژیانی مرۆڤی کۆن لە کوردستاندا هاتووەو ژیانی ئەشکەوت نشینی و قۆناغی کۆکردنەوەی خۆراک و راوی ئاژەڵی کێوی بەجێ هێشتووە و مرۆڤ بەدەستی خۆی دانەوێڵەی ژاندووە لە قەڵاچەرموداو ئاژەڵی هێشتووەو مرۆڤ بەدەستی خۆی دانەوێڵەی چاندووە لەقەڵا چەرموداو ئاژەڵی ماڵیکردووە. ئەمەش بۆئەو رۆژگارە زووەی کوردستان کودەتایەکی گەورەبووە لە شارستانیەتداو لە شێوەی شۆڕشی پیشەسازی ئەوروپا بووبەوە کە ژیانی مرۆڤی بە ئامێری بەرهەمهێنانەوە بەند کردوە.


٣- ڕاڵف سۆلکی: یەکێکە لەناودارترین پسپۆڕەکانی ئەمریکا بۆ لێکۆڵینەوەکانی پێش مێژوو بەتایبەتی چاخەبەردینەکانی کۆن.. لە پەنجاکانەوە هاتۆتە کوردستان و هەتاکو ساڵی ١٩٦١ کاری کنەو پشکنینی لەئەشکەوتی شانەدەری شاخی برادۆست لە پارێزگای هەولێر ئەنجامداوەو توانیویەتی چوارچینی نیشتەجێبوونی مرۆڤی کۆن بدۆزێتەوە،کەهەرە کۆنەکانی بۆ سەردەمی مستێری دەگەڕێتەوە واتە ٤٥ ـ ٦٠ هەزار ساڵ بەرلەزایین، جگەلەوەش لەناو چینە شارستانیەکانا کۆمەڵێك ئێسك بەندی مرۆڤی دۆزیوەتەوە، کۆنەکەیانی بۆ (٦٠) هەزارساڵ بەرلەزایین بردۆتەوە.. ئەوەشی لە توێژینەوەکەیدا ئاماژە پێداوە کە مرۆڤەکانی ئەشکەوتی شانەدەر یارمەتی یەکتریان داوە و لە مردنیشیانا گوڵیان لەسەر گۆڕەکانیان بۆداناون هەموو ئەوشتانەش کەلێیان دوام بەلگە شوێنەواریيە دۆزراوەکانی کنەو پشکنین دەریخستوون.

٤- لەسۆی دانیمارکی: نووسینەکانی ئەم زانایە کەلەسەرتابلێتە مێخی یە دەرکەوتووەکانی گردی شمشارەی ناوچەی رانیەی نووسیوە، بووەتە سەرچاوەیەك بۆ ناسینی مێژووی ناوچەی رانیە لەهەزارەی سێیەمی بەرلە زایین.. لەم نووسینەیدا باسی کواری حاکمی شمشارە دەکات کە چۆن توانیویەتی مامەڵە لەگەڵ زلهێزەکانی ئەو رۆژگارە زووەدا بکات کە زیاتر لە هێزو دەسەڵاتی ئاشوریەکاندا دیویەتی، بەتایبەتی سەردەمی

پادشاشەمشـــی ئـــەدەردی یەکـــەم. بـــەو جـــۆرە نووسینەکان بوونەتە ئاوینەیەك بۆ ناسینی مێژووی ناوچەکـــە لەهـــەموو رووپەکـــەوە. جگەلەوانـــەش نووسـینەکان لـە پـەیوەندی زلهێزەکـان و شـــەڕو ئاژاوەکانیان دەدوێ هـەروەها باسـی ئـەو گەلانـەش دەکات کەلـــەناو چـوون و نووســینەکان ئامـاژەی پێـداون لەوانـە کـاکمی و توروککـی.. لـە ســەرو ئەمانەشەوە نووسینەکان قسـەلە سـەرباری ئـابوری ناوچەی رانیـەش دەکـەن کـە دانیشتوانەکەی ژیـانی ڕۆژانـە یـان لەسـەری بـە ڕێـوە چـووەو پێـوەی خەریکبوون.

□ ئایـا دەتوانـین لەسـەر شـــوێنەوارەکانمان مێژووی سەردەمە کۆنەکانمان بنووسینەوە؟

ـ ئەمە ناونیشانی باسێکم بـوو کـە بـەڕێز بنکـەی ئەدەبی‌و ڕووناکبیریی گەلاوێژ لە ٢٠٠١/٦/٢٣ لە هۆڵی دیالۆگی رێکخراوە دیموکراتیەکان بـۆی سـازدام، کـە توانیم بەدوورودرێژی لەسـەری بدوێم. لێرەدا جـارێکی تـر ئـەوە دەڵێمـەوە کـە کوردسـتان دەوڵەمـەندە بـە شوێنەواری دێرین، جا ئەو شوێنەوارانە بۆ چاخەکانی پێـش مێـژوو بگەڕێنـــەوە یـــا وەکـــو ســـەر بەچاخـــە مێژوویـــیەکان بـــن. لای هـــەموانیش ئاشـــکرایە لـــە ســـەرەتای چـــاخی بیســـتەوە بـــەردەوام دەزگـــا شوێنەوارناسـە بیانیـیەکان هاتوونەتـە کوردسـتان بۆئـەنجامدانی کـاری کنەوپشـکنین لەئەشـکەوت و پەنابەردینەکان و شـوێنەوارەکانی تـری ناوچەکـە لـە پێدەشـتەکان، کـــە بـــۆ ســـەردەمە دورەکـــان دەگەڕێنـــەوە. ئەوکنـــەو پشـــکنینانەی کەلـــە شوێنەوارەکانی بەردەبەلکەو هەزار مێردو شـانەدەرو پالـــە گـــەورەو زەرزیو بێخـــاڵ و کێوانیـــان و شوێنەوارەکانی وەکو کـەریم شـایەرو مولەففـەعات و گردەچـــای و (قەڵاچـــەرمو)دا کـــران پاشمـــاوە دەرکەوتووەکانیان بوونە کەرەسەیەکی گـەورە، کـە دەتوانـین مێـژووی دێرینـی گـەلی کـوردی لەسـەر بنووسینەوە. واتە ئێمەی کورد ئەوەی پێویست بێـت بۆ نووسینەوەی مێژووەکۆنەکەمان لەکەرەسە هەمانە



زستانی ١٩٧٥

بەڵام پێویستی بە پشتگیری حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە کە ئەرکی پێداویستیەکانی ئەوکارە لە ئەستۆ بگرێت وەکو دانانی لیژنەو تەرخانکردنی بودجە بۆی . بۆ ئەم ئەرکە پیرۆزەش وەزارەتە بەرپرسەکان ئاگادار بکات بۆ ئەوەی هەرلایەو لای خۆیەوە ئیشە پێسپێردراوەکەی بەباشی ئەنجامبدات. هەر بەوەش دەتوانین مێژوومان لەوشێواندنەی ناحەزانمان رزگار بکەین. لەلایەکی ترەوە ئەمرۆژگارەی ئەمڕۆمان کە چاوی رەقیبی تێدا نەماوە لەبارە بۆ تەواوکردنی ئەوکارە پیرۆزە. بۆیە پەلەکردن بۆ تەواوکردنی ئەو ئەرکە نیشتمانیەیە خزمەتە بە گەلی کوردی ستەمدیدە. هەروەها رزگاربونیشە لەو تەمو مژەی کەبەسەر مێژوومانەوە هەیەو ناحەزان دروستیان کردووە، پێویستی بە ڕەوانەوە هەیە.


□ ئایا دەتوانین لە نێوان ئاسەوارەکانەوە هەندێ باری کۆمەلایەتیو ئابوری و ئاینی دیاری بکەین؟

ـ سالانی پەنجاکان کاتێك کاری کنەو پشکنین بەردەوامی هەبوو لە شوێنەواری قەڵا چەرمووی چەمچەماڵ کە تیایدا پاشماوەی ئاسەواری زۆر دۆزرانەوە کە بەڵگەن بۆشارستانێتی دێرینی ناوچەکە. (فریدریك بارث)ی دانیمارکی هەندێك لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەو پاشماوانە ئەنجامدا و لەبەرتیشکیان قسەی لەسەر باری کۆمەلایەتی و ئاینی کوردستان بۆ ئەو رۆژگارە زووەکردووە... هەروەها ئاماژەی بەوەداوە کە ئایین و باوەڕ بە شێوە سەرەتاییەکەی لە قەڵاچەرمودا سەری هەڵداوە کەلەخوا دایکەدا بینراوەتەوەو توێژەرەوەکان بەخوا عەشتاری‌لە قەڵەم دەدەن .. ئەمە لەلایەك ، گەڕانەوەیەکی تر بۆ کنەو پشکنینەکانی سۆلکی لە ئەشکەوتی شانەدەر ئەوەی دەرخست کە مرۆڤی کۆنی کوردستان هەردەم بۆای یەکتربوون و ژیانیان بەخۆشی بردۆتە سەر.. جارێکی‌تر(بارث) ئەوەی لە نووسینەکەیدا نیشانداوە کەخانوو و بەرەی دەرکەوتووی قەڵا چەرمو هەر لە خانوو و بەرەی گوندنشینەکانی ئێستای کوردستان چووە هەروەها ئەوەشی دووبارەکردۆتەوە، کە چینەکانی گوندنشینی ئێستای کوردستان نزیك بووە لەشێوە کۆنەکەی دانیشتوانی گوندی قەڵا چەرمو.

□ ئایا ئەوتوێژەرەوانەی کەلە سەرشارستانێتی کوردیان نووسیوە، سنووری مەلەفەکانی تەهاباقرو فوئاد سەفەرییان تێپەڕاندووە ؟

ـ من نامەوێ لە وەڵامەکەمدا لە نووسینەکانی مامۆستایان تەهاباقرو فوئاد سەفەر کەمبکەمەوە، کەلەسەر شارستانێتی کۆنی کوردیان نووسیوە. ئەوانە خزمەتیان بەرامبەر ئاسەوارو شوێنەوارەکانمان دیارەو سەرچاوەکانیش لەو رووەوە ئاماژە بەوکارە باشانەیان دەدەن. نووسینەکانی بەڕێز تەها باقر کەلە سەرچاخەکانی پێش مێژوو و چاخە مێژوویەکانی کوردستانی نووسیوە، توانیویەتی تەومژ لەسەر هەندێك ڕووی مێرووەمان لابەرێت و نیشانیداوە کەهەرێمەکەمان مێژووی دێرینی خۆی هەیە... بەڕێز فوئاد سەفەریش کەلەسەر لەتەگۆزەو گڵێنەکانی ئەشکەوتەکانی ناوچەی برادۆستی نووسیوە، نیشانیداوە کە ئەشکەوتەکانمان لە کۆنەوە ئاوەدان بووە بە دانیشتوان، بەتایبەتی ئەو راوچیانەی پەنایان بۆ بردوون بەمەرامی راوکردنی ئاژەڵ لەسەردەمە جیاجیاکانی مێژووییدا.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەوانەی ئەو تۆژیارە عەرەبانە ئەنجامیان داوە، وەکو کارمەندێکی میری زۆرتر هاتوونەتە کوردستان و نەیانتوانیوە لەو سنووری کە بۆیان دیاریکراوە تێپەڕبکەن. واتە زۆرشتیان بەتەمو مژ هێشتۆتەوە یان کەلەسەر هەندێك نەخش و نیگاری سەربەردیان نووسیوەو بۆ سەردەمی ئەکەدی یان چاخێکی سامیان گێڕاوەتەوە، بەوە لە ڕاستی دورکەوتونەتەوە.



ئێستاش که لـه سـەر ئـەو شـوێنەوارانە لێکۆڵینـەوە دەکرێ راستیەکە بە جۆرێکـی تـرەو، مـافی مێـژووی دێرینـی کـوردی تیـادا خـوراوە. وادیـارە ئـەو جـۆرە دیاردانە لای تۆژیارە بیانیـیەکان بەوشێوەیە نەبووەو بەدڵ و مێشکێکی فراوانتـرەوە هاتوونەتـە کوردسـتان بۆ ئەوەی لەسەر مێژوو و شوێنەوارەکانمان بنووسن، دوورلـە دەمـارگرژی نەتەوایـەتی. بۆیـە هـەتاکو کوردماوە تۆێژینەوەکانی(گـارود)و (بیدەرمورتسـن)و (برەیدوود)و (سۆلکی)و (هانس هێلبـك)و (لەسـوی)ی دانیمـارکی)و (سـتیوارت)و خـاتو(دوروثیـا بلـەیك)و (رایت)و (بروس هاو)و (هێرزفیلد) لە یادناکات، ئەوانە بە باس و لێکۆڵینەوەکانیان توانیـان ئێمـە بـەدنیای دەرەوە ناساند، ئەوەیان دەرخست کە کورد خاوەنی خـاکی خۆیـەتی و گـەلێکی رەسـەنەو بـەزمانی خـۆی ئاخاوتن دەکات و هاوبەشی کردووە لە پـەرە پێدانـی شارسـتانیەتی مرۆڤایـەتیدا. هـەروەها ئەوەشـیان رووندەکردۆتەوە کە ئـەم نەتەوەیـە پاشماوەی گـەلانی زاگرۆس و ئەقوامی هیندو ئەوروپییە. بۆیە لـەو رووە مـن جیاوازیـەکی زۆر لـە نێـوان نووسـینەکانی زانابیانیەکان وشارەزا عەرەبەکاندا دەبینمەوە.

□ رات چییە ئەگەر هەوڵێکی باش(جدی) بدرێت بۆ نووسینەوەی کەلـەپوری زاری؟ ئایـا تـاکو ئێستا لەو هەوڵانە دراوە؟

ـــ ئـەو هەوڵانـەی هەتـاکو ئێسـتا لـەو رووەوە دراون بـۆ نووسـینەوەی کەلـەپوری زاری کـەمنین، بەڵام هەمو شتێکیش نین. هەوڵەکان زیـاتر شێوەی فەردی یان پێوە دیارە واتە زیاتر فـەردێك بەکارەکە هەستاوە کەتوانیویە شـتێکی کـەم لـەو خەرمانـە گەورەیەی کە هەمانـە بدورێتـەوە. بۆئـەو هەوڵانـەش دەبێت نـاوی محەمـەد تۆفیـق وردی و ئیسـماعیل حەقی شاوەیس و مامۆسـتای خاڵ و عومـەری عـەلی ئـەمین و گـەلێکیتر بـهێنین، کـە بەراستی سـەربازی ونبوون لـەو بـوارەداو بـۆ ئـەو خزمەتـە کەتوانیویانـە زۆرشت لە فەوتان رزگار بکەن . ماوەتەوە بڵێین لـە بیانی یەکانیش هەیە بۆ نووسینەوەی بەیت و مـەقام و داستانی خۆشەویسـتی کـە شـوێن پەنجەی دیـارە لەوانە ئۆسکارمانی ئاڵمانی، کە کۆمەڵێك لەوبەیتانەی بـۆ ئیمـپراتۆری ئاڵمـان کۆکردۆتـەوە، بـەوەش خزمەتێکی گەورەی بەکورد کردووە کە ئەو بەیتانەی ناوچـەی سـابڵاخی لەفـەوتان رزگـار کـردووە کـە لێدەکەم بەتایبەتی ئەو هەوڵانەی ئێسـتای کۆمەڵـەی کەلەپوری کورد سـلێمانی کـە بەڕاستی لـەو ڕووەوە شوێن دەستیان دیارە و بەبەردەوامیش ئەو خزمەتـە پێشکەش دەکەن لەگەڵ ئەو بـێ دەرامەتیەشیاندا.. هیوادارم لایەك لەوکۆمەڵەیە بکرێتەوەو زیاتر یارمەتی بدرێن بۆ ئـەوەی خزمـەتی زیـاتر پێشـکەش بکـەن.. هەروەها ڕوی دەمیشم دەکەمە مامۆستای گەورەمان

عەبدولڕەقیب یوسف کە بەڕاستی شوێن پەنجەی دیارە و خزمەتی گەورەی لەو رووەوە پێشکەش کردووەو زۆر شتی لەفەوتان رزگار کردووە، ئەوەی ماوەتەوە لەلای لەوبەیتانە بەباسو لێکۆڵینەوەکانی لەسەرن بڵاویان بکاتەوە بۆ ئەوەی خوێنەری کورد ئاشنا بێت پێیان وچاوی گەنجەکانیشمان لە نووسەران زیاتر بکرێتەوەو خۆشەویستی زیاتر لەدڵ و دەروونیاندا بەرامبەر فۆلکلۆر دروست ببێت، چونکە لە فۆلکلۆردا مێژوو و داب و نەریتی کوردەواری و خۆشەویستی مرۆڤ بۆ خاکەکەی دەبینێتەوە.

□ رات چیە ئەگەر هەندێ شوێنی مێژوویی و ئاسەواری بکریتە جێی گەشت و گوزار؟


ـ دەمێکە لەسەر ئەو رایەم ئێمەی کورد پێویستە چاو لە ولاتانی دراوسێمان بکەین و ئەوەی هەمانە لە شوێنەوار کە دەتوانرێ سودیان لێ ببینرێ بۆ کاری گەشت و گوزار، کارو هەوڵەکانمان بخەینە گەڕ بۆ ئەو خزمەتە. چونکە هەندێك لەو شوێنەوارانە کە لە چەند ناوچەیەکدان ئاوو هەوایان خۆشە و سروشتی ناوچەکانیشیان دڵڕفێنە و پڕ دارو درەخت و کەژ و چیان و ئاوی زۆر. ئەگەر بێت و پێداویستی ئەو شوێنانە لە ڕێگاو چێشتخانە و بابەتی خۆشی ژیان بە ئەنجام بگەیەنێت . ئەوە لە دوولاوە ئێمەی کورد سوود دەبینین:

یەکەم: سالانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیارانی ولاتانی دەرەوە دێنە دیدەنی ولاتەکەمان و پارەیەکی زۆر خەرج دەکەن کەخزمەتی گەورە بە ژیانی مرۆڤی کورد دەکات بەتایبەتی لە لادێ بۆ فروشتنی کەل و پەلەکەی.

دووەم: چاوی بیانیەکان بە مێژوو شوێنەوارو کەلەپورمان زیاتر ئاشنا دەبێتەو، دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر پێمان ئاشنا ببن . لەلایەکی تر قیرتاو کردنی‌پێگاو و گەیشتن بەو شوێنە دورانەی کەئەو پرۆژانەی تێدا جێ بەجێ دەکرێ دانیشتوانەکانی سوودی گەورە دەبینن بۆ هێنانی ئەوشتانەی کە سالانە بەرهەمیان دەهێنن ،دەیانگەیەننە شارەکان و بە پارەیەکی باشتر دەیانفرۆشن بەوەش رادەی ژیانیان خۆشتر دەبێ و لە هەژاری و برسێتی رزگاریان دەبێ. ئەوەی کەمن ئێستا باسی لێوە دەکەم ولاتانی پێشکەوتوی دنیای خاوەن شارستانیەت لەزووەوە بیریان لە گەشت و گوزار کردۆتەوەو ئیشیان بۆ کردووە، بەڵام ئێمەی کورد لە نێوان شۆڤێنێتی نیزامی بەغداو کەمتەرخەمی لێپرسراوانی حکومەتی هەرێم لەو رووەوە تێداماوین.

□ خۆشەویستی تۆ بۆ شوێنەوارەکانی کوردستان کەی و چۆن دەستی پێکرد؟

ـ خۆشەویستی من بۆ شوێنەوارەکان لەوکاتەوە دەستی پێکرد کەلە بەشی ئاسەوار وەرگیرام لە کۆلیژی ئادابی زانکۆی بەغدا سالی ١٩٦٥-١٩٦٦. لە یادمە مامۆستای دکتۆرم فازل عەبدولواحید، کە هەڵیدەستاندمە سەرتەختە رەش بۆ شیکردنەوەی رستەیەکی ئینگلیزی و گۆڕینی بۆ سۆمەری.. کاتێك کارەکەم بەباشی بۆ ئەنجامدەدا پێیدەوتم: عافەرم کاکە.. زیرەکیم لەوانەکانمدا زیاتر هانیدام شوێنەوارم خۆشبوێت و سالانی خوێندنەکەشم بەپلەی زۆر باش بڕی. کاتێکیش بوومە کارمەندی بەڕێوەبەرێتی شوێنەواری سلێمانی سالی ١٩٧١ بەردەوام خەریکی خوێندنەوەی سەرچاوە شوێنەواریەکان و مێژووی دێرین بووم هەروەها بەردەوامیش سەردانی ناوچە جیاجیاکانی پارێزگای سلێمانیم دەکرد بۆ بەسەرکردنەوەی شوێنەوارەکان و سوود وەرگرتن لەلەتەگۆزە و گلێنەکانیان و بۆ ڕۆشنبیرکردنی خۆم.. کاتێکیش لەحەفتاکاندا دەستم دایە نووسین لەسەر شوێنەوارەکانی کوردستان توانیم سەرکەوتوانە ئەو ئەرکە بە ئەنجام بگەیەنم بەڵگەش بۆ ئەمە هەمو ئەو باسو لێکۆڵینەوانەیە کە بەزمانی کوردی و عەرەبی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوم کردونەتەوە. زۆر شتی هەڵەی نووسەرانی ترم راست کردۆتەوە کەپێش من لەسەر شوێنەوارێکی



گۆڤەرەکەی ئیسماعیل حەقی شەمدین لەشەڕی جیهانی یەکەمدا بەدەستی پیکەرەکان کوژراوە

کوردستانیان نووسیوە و ئامانجیان نەپێکاوە، من هاتووم لە نووسینەکەمدا راستیەکەم بۆ نووسیون، لەوانە نەخشە هەڵکۆڵراوەکەی گوندۆك لەناوچەی ئاکرێ کەبەر پەرچ دانەوەی راکانی دکتۆر مەحمود ئەمین و تۆفیق وەهبی یەلەو رووەوە. هەروەها چاوی برایانی عەرەبیشم لە وڵاتانی عەرەبی بەشوێنەوارەکانی کوردستان ئاشنا کردووە و لەگۆڤارەکانیاندا نووسینم بڵاوکردۆتەوە، لەوانە گۆڤاری فەیسەڵ کەلە سعودیە دەردەچێ و جارێك لەسەر نەخشە هەڵکۆڵراوەکەی (دەربەندی گاور)م نووسیوە. ئێستاش لەم تەمەنەدا بەردەوام بە نووسین و بەگەڕان و ئاگادارکردنەوەی لێپرسراوان بۆ نەهێشتنی دەستدرێژی لەسەر شوێنەوارەکانمان بەردەوامم و بەهەڵس و کەوتی گەنجانە کاری بۆ دەکەم یان بە نووسین خزمەتیان دەکەم بۆ نیشاندانی ڕووەگەشەکەی شوێنەوار.

□ ڕاتان بەرامبەر نووسینەکانی شوێنەوار ناسە گەنجەکانمان؟

ــ هێشتا بەلای منەوە زووە ئەوڕایە دەربڕم، بەڵام ئەوەی هەیەو لە بەرچاوە شوێنەوار ناسە گەنجەکانمان زیاتر حەزیان بەپلەو پایەو کورسیی و مێزە و کەمتربەخزمەت.. ئەوەی پەیوەندی بەشوێنەوار ناسییەکانیانەوە هەیە فەرامۆشیان کردووە، چونکە ئەوانە وەکو دەرئەکەوێت لەم قۆناغەی ئێستایاندا لەبەر ئەوەی لەبەهرەی نووسین و شارەزایی بێبەشن، دەیانەوێ لەسەرشانی ئەمو ئەوپێ بگەن، بەلایانەوە عەیب نییە پەنابەرنە بەرهەر ڕێگایەك بۆجێبەجێکردنی ئەو ئاواتەی کەدەیانەوێ.

خۆ ئەگەر ئەو شوێنەوارناسە گەنجانە ئەو خۆشەویستیەی هەیانە بۆ پلەو پایە و دەسگیرکردنی نیوەی ئەوەیان بەکاربهێنایە بۆ خزمەتی شوێنەوارەکانی کوردستان و پارێزگاریکردنیان و بەرزکردنەوەی ڕادەی هۆشیاری یان لەسەرئەو خەرمانە گەورەی کەهەمانە لەشارستانیەت، ئەوە چاکترو باشتر دەبو بۆ خۆیان کە دەیانتوانی بەو ڕۆشنبیرییەی وردە وردە بۆیان دروست دەبو زیاتر خزمەت بەکارەکەیان و خۆشیان بکەن.

کە سەیری کارە کالۆکرچەکانی ئەو شوێنەوار ناسە گەنجانە دەکەی، پێیانەوە دیارە نامۆن بە پیشەکەیان و نەیانتوانیوە ئەو خزمەتە بەباشی بگەیەنن، نمونەش بۆ ئەمە دانانی ئاسەوارەکانی ناو خەزانی مۆزەخانەی سلێمانی یە کەلە گەلێك سەرەوە کەموکوڕی تێدایە یەکێك لەوانە کەدەچێتە ناو مۆزەخانەکەو بە پاشماوەکانیا دەگەڕێی بۆت دەرناکەوێ ئەم مۆزەخانەیە لە شارێکی کوردستانایە، بەڵگودانانی ئاسەوارەکانی چەشنی دانانی ئاسەوارەکانی ناو مۆزەخانەکانی تری شارەکانی عیراقە. بەوەش هەمو ئەو ئاسەوارانەی لامانەو لە شوێنەوارەکانی تری ناوچە جیاجیاکانی

کوردستان دۆزراونەتەوە، لەناو ئاسەوارەکانی حەلەف و عوبێدو وەرکاو ئەکەدی و بابلی و ئاشوریدا ونبوون کە پێویست بو شوێنی شیاوی خۆیان لە بااڵێکی مۆزەخانەکەدا بەجیا بگرن، ئەمە نمونەیەکە و هەڵەی تریش زۆرن ئەگەر لە سەریان بدوێم.

من لەزووەوە گەلێك تێبینیم لەسەر مۆزەخانەکە خستە بەرچاوی بەڕێز وەزیری رۆشنبیری پێشو شێخ محەمەد شاکەلی، بەاڵم کەس گوێی بەقسەکانم نەداو بایەخی بۆ دانەنا. ئەم قسانە تەنیا رای من نین بەڵکو رای بەڕێز موعتەسەم رەشیدیشوێنەوار ناسیەو پشکنینیان لە شوێنەوارەکانماندا کردووە، ئایا توانیویانە راستی مێژووەکەمان دەربخەن لەسەردەمە کۆنەکاندا یان راستییەکەیان شێواندوە؟

ـ زۆرن شوێنەوارناسانی عەرەب کە هاتوونەتە کوردستان و کنەو پشکنینیان ئەنجامداوە، ئەوانە لەناوچە جیاجیاکانی پارێزگای سلێمانی لە دەشتی شارەزوور دەشتی بتوێن و ناحیەی تانجەڕۆو دەشتی چەمچەماڵ و ناو مەرکەزی هەولێرو ناوچە جیاجیاکانی پارێزگای دهۆك و گەلێك شوێنی تر لە هەرێمەکەدا کاری کنەو پشکنینیان لە پەنجاکانەوە



ئەشکەوتی هەزارمێرد ١٩٩٧

تێبینیەکانمی بەالوە پەسەندە و ئەویش لەوباوەڕەدایە کەدانانی ئاسەوارەکان بەو شێوەیەی ئێستای لە نرخی مۆزەخانەکە کەمدەکاتەوە.

جارێکی تر ئەوە دەڵێمەوە نووسینەکانی شوێنەوارناسە گەنجەکان چەشنی ئەو میوەیە وایەکە هێشتا پێنەگەیشتووەو لەدارەکەی کراوەتەوە یان گوڵە بە ڕۆژەیەکە تۆپکڵی هەیەو ناوکی نییە.

□ شوێنەوارناسانی عەرەب لە زووەوە لە بەغداوە هاتووەنەتە کوردستان و کاری کنەو تاکو هەشتاکان ئەنجامداوە.. کەراپۆرتی ئەوبەڕێزانە دەخوێنیتەوە گەربەشێوەگشتییەکەی سەیریان بکەی، سوودی خۆیان بە مێژوومان دەگەیەنن. بەاڵم بەشێوتاییەتییەکەی گەر سەرنجیان لێ بدەی وەکو هەموویان بەقەڵەمێك نووسرابن ئاوان و گرێدراون بە شارستانێتی شیوی نێوان دووڕوبارەوە، واتە خراونەتە خزمەتی شارستانێتی عیراقی کۆن. ئەمەش سیاسەتێکە حکومەتەکانی عیراق کەلەدوای یەکترەوە هاتوون لەسەری ڕۆشتوون، واتە سیاسەتێکی مەرکەزی هەبوە بۆ باسکردنی ئەو

شتانەی کە پەیوەستە بە شۆڕشەوارو ئاسەوارەوە لایان و هەرگیز هێڵی سوریان تێدا نەبەزاندووە. بۆیە لەناو ئەو بیرە تەسکەدا خزمەت کردنی کورد لەو ڕاپۆرتانەیاندا نابینمەوە، کە ئاماژەیەکی تێدا بێت بۆ شۆڕشەوارو مێژووی دێرینمان. نمونەش بۆ ئەمە لە هەمو شۆڕشەوارەکانی ناوچەی ڕانیەدا ئەوانەی لەوەو پێش لە پەنجاکاندا سەیرکراون کە پاشماوەی سواڵەتی میدی یان تێدا بینراوەلە کاتی کنەو پشکنیندا، کە شۆڕشەوارناسە عەرەبەکان لە شۆڕشەوارناسە عەرەبەکان شێواندوویانە لە سەرمانە چاکی بکەینەوە.. بەڵام شۆڕشەوارناسە گەنجەکانمان لە جیاتی ئەوەی بیر لە پێگەیاندانی خۆیان بکەنەوە، ململانێ لەگەڵ شۆڕشەوارناسە خاوەن ئەزمونەکان دەکەن و قسەو ڕاپۆرتە شێواوەکانی ئەو عەرەبانە وەکو خۆی وەردەگرن و بەناوی خۆیانەوە بڵاوی دەکەنەوە.

□ کورتەیەک لە ژیانی خۆت و بەرهەمەکانت؟

— کەخۆم ناسییەوە لەناوچواردیواری مااڵێکی



کوفە - ١٩٦٨ کاتێ فوتابی بووە

گردەکانی وەکو شمشارە و بازمۆسیان و دێم و خوێرێس و گەلێکیتر ئەنجامیان داوە. ناوی سواڵەتی مادو شارستانێتییەکە یان لە ڕاپۆرتەکانیاندا کوژاندوێتەوە. ئاسەوارە دەرکەوتووەکانی ئەوگردانەش بەناوی ئاشوری‌و وەرکاو عوبیدو بابلی کۆن و لەژێر گەلێك ناوی تردا ناو نووس کراون، بێ ئەوەی گەلانی کۆنی کوردستان لە ڕاپۆرتەکانیاندا شوێنێکی بەرکەوتبێت ئەگەر بەکەمیش بێت.

بۆیە ئێمەی شۆڕشەوارناسانی کورد ئەرکێکی نیشتمانی گەورەمان لەسەر شانە، ئەوەی قوڕینەداو لەناوخێزانێکی هەژارداو لەگەڵ دایك و باوکێکی نەخوێندەوار لەگەڕەکی گۆیژە ژیانم بەسەر دەبرد. سەردەمی منداڵیم زەحمەت بو چونکە خێزانەکەمان هەژار بوو. باوکێکی پۆلیس کە هەرجارەی بۆ مەخفەرێك دەیانگواستەوە، ریدەکەوت جاری وا هەبو بەشەش مانگیش نەمان ئەدییەوە. ئالەو هەژاریەدا قوتابخانەی سەرەتایی‌و ناوەندیم تەواوکرد، کاتێکیش قۆناغی ئامادەییم بڕی پانتۆلێك نەبو لەبەری هەڵگێشم بۆ ئەوەی بڕۆم بۆ بەغدا و ئەوراقی وەرگرتنم لە کۆلیژی ئادابی بەغدا پێشکەش

بکەم.. چوومەلای ناسیاوێکم پانتۆڵێکم لێوەرگرت و لەئابی ١٩٦٥ ئەوراقەکانم پێشکەش بە ئادابی بەغدا کردو لە بەشی ئاسەوار وەرگیرام. تەواوکردنی بەشی ئاسەوار لە ساڵی ١٩٦٩ ئەوەی بۆرەخساندم کە بە عەمەلی بکەومە ناو کاری شوێنەواریيەوە، بەتایبەتی دوای دامەزراندنم بە کارمەندی بەڕێوەبەرێتی شوێنەواری سلێمانی.. مامەوە لە شوێنەوار هەتاکو ساڵی ١٩٨١ لەو ساڵەدا لە سەریان نووسیم کەدژی بەعسم، ئەوە بوو بەسەریارۆشتم بۆ هەولێر لەوێ ماوەیەک لە قەڵای هەولێر خەریکی چاکردنەوەی خانووە کەلەپوریەکانی ناوقەڵا بووم، لەگەڵ ژمارەیەکیتر لە شوێنەوارناسانی کوردو عەرەب. دواتر هەر لەوساڵەدا گوێزرامەوە بۆ شاری حەزەر لە ناوچەی موسڵ کە هەتاکو کۆتایی ئابی١٩٨١ لەوێ مامەوە.. رۆژێک لەبەڕێوەبەرێتی گشتی شوێنەواری موسڵ هاتن بەدواماو وتیان: فڵان رۆژ برۆ بۆ لای دکتۆر(بەهنام)ی بەڕێوەبەری گشتی، تۆی دەوێ..فڵانە رۆژ سەردانی دکتۆرم کردو دوای سڵاو و چاك و خۆشی پێیوتم: تۆ زۆریان لەسەر نووسیویت لە سلێمانیو لە موسڵ کە دژی بەعس و نیزامیت، ئەگەر هاوکاریمان نەکەیت ئەزیەت زۆر دەخۆیت و ئەوگوێزینەوە بۆ شوێنێکی دوورو ناخۆش لە شارێکی تر، ئەگەر هاوکاریشمان بکەی چیت دەوێ بۆت جێبەجێ دەکەم.. وتم: بەڕێز دکتۆر هاوکاری کردن مەبەستت لەچییە؟ وەڵامی دامەوە وتی: دەبێ ببیتە بەعسی، تۆزیرەکیت دەمەوێ لەکیسمان نەچیت دەنا کارمەندێکیتر بوایە زوو دەمانگواستەوە، بێ ئەوەی قسەشی لەگەڵدا بکەین.. لەبەر ئەوەی رازی نەبووم داواکەی جێبەجێ بکەم ساڵی ١٩٨٣ گوێزرامەوە بۆ (کارگێڕی خوجەیەتی لە موسڵ) لێرەدا نەڕۆشتم پەیوەندی بکەم بە وەزیفەکەمەوە، دوای چەند مانگێك بەهۆی برادەرێکمەوە گوێزرامەوە بۆ بەڕێوەبەرێتی ئاوی سلێمانی.. لەوێ مامەوە هەتاکو ساڵی ١٩٩٦ ئەوە بوو جارێکیتر گەڕامەوە بۆ بەڕێوەبەرێتی شوێنەواری سلێمانی ئێستاش بەپلەی (شارەزا) لەدیوانی وەزارەتی رۆشنبیری خزمەت بە شوێنەوارەکانی کوردستان دەکەم. بەرهەمەکانم لە رۆژنامەو گۆڤارەکان بەزمانی کوردی و عەرەبی زۆرن و شایەتن کەچەند باسو لێکۆڵینەوەم لەسەر شوێنەوارو مێژووی دێرینی کورد نووسیوە. هەروەها یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفیدیش من ساغم کردۆتەوە، جگە لەوەش کتێبێکی ترم هەیە لە ژێر چاپدایە بەناوی بزوتنەوەی سمکۆی شکاك و سەدەیەك لەتێکۆشانی کوردی ئێران کە وزارەتی رۆشنبیری سوپاسی دەکەم بۆم چاپ دەکات.

□ ئەم ناوانەی خوارەوە چۆن ریز دەکەیت؟

١. عەبدولڕەقیب یوسف، موعتەسەم رەشید، فوئاد حمە خورشید.

٢. مەلا جەمیل رۆژ بەیانی، زبێر بلال، ئەمین زەکی بەگ، د.کەمال مەزهەر.

٣. تەها باقر، فوئاد سەفەر، ئیسماعیل حجارە.

٤. هاملتۆن، تۆفیق وەهبی، ئەدمۆندس.

— بەڵای منەوە ئەم پرسیارە وەڵامەکەی هەرچەندە گرانە بەڵام بەو جۆرەی خوارەوەناوەکان دادەنێمەوە:

١- د.کەمال مەزهەر ئەحمەد

٢- ئەمین زەکی بەگ، مەلا جەمیل رۆژ بەیانی، عەبدولڕەقیب یوسف، زبێر بلال.

٣- فوئاد حمە خورشید.

٤- تەها باقر، فوئاد سەفەر، ئیسماعیل حجارە، موعتەسەم رەشید.

٥- ئەدمۆندس، هاملتۆن.

نووسینی: کیوان باژن

وەرگێڕانی: دیار وەستاگورون



هەوای ئازادی

ماسیەکی بچکۆلە لە حەوزێکی بچوکی خاوێندا دەژیا. هەموو رۆژێك خاوەنەکەی خواردنی دەدایەو رۆژانە سەری لێ دەدا،... ماسیە بچکۆلەکە لەو کاتەوەی خۆی ناسی بوو لەو حەوزەدا بوو، ژیانێکی سادەو ئارامی هەبوو، هەر کاتێك بەیانیان لە خەو هەڵدەستاو بەدەوری خۆیدا دەسوڕایەوە و سەیری گوڵی ئەو فەرشەی دەکرد کە لە زەوی ژوورەکەدا راخرابوو تا دەبوو شەو ئینجا دەخەوت... ماسیە بچکۆلەکە بەم جۆرە ژیانە راهاتبوو، رۆژگارێکی بەسەر بردبوو، بەڵام رۆژ لە دوای رۆژ گەورەو گەورەتر دەبوو. وەی هێندە بەرز بوو کە هیچ کەم و کوڕیەکی نەبوو، بەیادیدا نەدەهات کە رۆژێك برسێتی چێشتبێت. یان ئاوی حەوزەکە هەفتەی جارێك نەگۆڕابێت. خاوەنەکەی بە (خوا)ی خۆی دەزانی وا هەستی دەکرد ئەگەر ئەو نەبێت لە برسانا دەمرێت. هەمیشە پێویستی بە خاوەنەکەی بوو! خاوەنەکەی بووکە شووشەیەکی جوانی بۆ کڕیبوو تاکو یاری پێ بکات و بێ تاقەت نەبێت، بووکە شووشەکە بە جۆرێك دروستکرابوو کە هەمیشە پێدەکەنی... ماسیەکە ئەو بووکەشووشەیەی زۆر خۆش دەویست، هەموو کاتێك لە باوەشی دەگرت و قسەی لەگەڵ دەکرد...! بەڵام ماوەیەك بوو هەستی دەکرد گەورەبووەو ناتوانێت بە مەیلی خۆی لە حەوزەکەدا بە دەوری خۆیدا بخولێتەوە، ناچار بوو بەوەی کە بێ جوولە بمێنێتەوە بە کەل و پەلی ناومااڵەکەوە سەرقاڵی سەیرکردن بێت. لە سەرەتادا بەلایەوە گرنگ نەبوو کە حەوزەکە تەنگە، بەرگەی دەگرت. ئەوەی دەزانی لەسەرەتادا زۆرکات دەتوانێت بە هەرچیەك بێت بەرگە بگرێت و بیگوزەرێنی...! ماسیەکە بێ ئەوەی خواستی خۆی بێت گەورە دەبوو بۆ باری گوزەرانی، خاوەنەکەی ئەم تەنگتر دەبوو بۆ باری گوزەرانی، خاوەنەکەی ئەم حاڵەی بینی زۆر ناڕەحەت بوو کاتێ دەیبینی ماسیەکە ئارام و لەسەرخۆیەو هیچ ڕەخنەیەکی نییە، خەیاڵی ئاسوودە بوو ئەو تەنها دەیویست ئەو ماسیەی هەبێت. بەڵام ئەمە زۆری نەخایاند کاتێ

خاوەنەکەی زانی ماسیەکە سەری لە ئاوەکەدایەو کلکی لە دەرەوەیە دەتوانێت کەم جار سەری بجوڵێنێ و بە گوڵی فەرشەکە نیگا بکات و بیری لێ بکاتەوە.

ماسیەکە وای لێهاتبوو دەتگوت پارچە دارێکەو، نەیدەتوانی لەگەڵ بووکە شووشەکەیدا یاری بکات و لە باوەشی بگرێت. خاوەنەکەی ناچاربوو بە پێچەوانەی مەیلی خۆی جێگاکەی بۆ بگۆڕێت...! رۆژێک ماسیەکەی هەڵگرتو بردی بۆحەوزە گەورەکەی کە لەناو باخی ماڵەکەیاندابوو کە چواردەوری گوڵ و گوڵزاربوو! ئەو گۆڕانکاریە بەلای ماسیەکەوە شتێکی سەیر بوو چونکە هیچ کاتێک ئەوەندە ئاوی نەدیبوو تاکو چەند ساتێک نیگای بە دەوروبەری خۆیدا دەکردو جموجوڵێکی زۆری کرد چونکە بیری لەوە نەدەکردەوە کە دوای چەند ساڵێک ژیانی لەو حەوزە بچوکەدا باوەڕی نەدەکرد کە جێگایەکی گەورەتر هەبێت. تاکو چەند رۆژێک نەیدەزانی چیبکات خۆی لێ گۆڕابوو؟ هەستێکی نامۆ لەلای دروست بووبوو چونکە هیچ پێوانەیەک نەبوو بەرامبەر ئەو جێگا تەنگەی کە تێدابوو، لێرەدا دەیتوانی بە ئارەزووی خۆی مەلە بکاو تەقلە لێ بدات و بێتە هەواوەو دووبارە بچێتەوە ناو ئاوەکە. زۆر خۆشحاڵ بوو بەم جێگا تازەیە و گوێی لەو باڵندانە دەگرت کە لە باخچەکەدا دەیان خوێندو تێدەپەڕین...! ماسیەکە ماوەیەک بوو لەو ئاوە زۆرە چێژی وەردەگرت، خۆشیەک کە هەرگیز باوەڕی نەدەکرد؟ وای دەزانی خاوەنەکەی گەورەترین و باشترین کەسە کە کۆمەک بە ژیانی ئەو دەکات...! جارجارێک سەری لە ئاوەکەوە دەردەهێناو سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد کە هەمووی گوڵ و درەخت و سروشتی جوان بوو وای لێهات هەڵپە بیخاتە جووڵە، حەزی دەکرد لە نزیکەوە ئەو جوانییانە ببینێت و لە باوەشیان بکات و بەسەر سنگی چیمەنەکەدا بڕوات و لە بۆنی گوڵەکان تێربێت بەڵام لە دڵەوە دەترسا چونکە ئەو ژیانێکی ئارام و بێ دەردەسەری هەبوو جورئەتی نەدەکرد کارێک بکات کە خاوەنەکەی ئاگاداری نەبێت هەتا دەترسا بیریشی لێ بکاتەوە. ئەوەشی دەزانی کە هەڵپەکردن زۆر سامناکە و جاری واهەیە دەبێتە هۆی لەدەستدانی هەموو شتێک هەندێ جار دەیویست خۆی لەو هەڵپەو نیگەرانیە رزگار بکات، دەچووەکۆتایی حەوزەکەوەو لە گۆشەیەکدا کزدەبوو چاوەکانی دادەخست تا نەتوانێت هیچ ببینێت، بەڵام دوای بینینی ئەو هەموو جوانیەو گوێ گرتن لە نەغمەی ئەو باڵندانە کە چەندێک دڵنشین بوو، ئەو مەیلە لە دەرەوونیا قوڵپی دەدا، ئارامی ژیانی پێشووی تێک ئەداو دەیخستە سەر دوڕاهی (دوودڵی)، ماوەیەک بوو رۆژگار دەهات و دەچوو ماسیەکە هەڵپە وای لێکردبوو کە خاوەنەکەی هەستی دەکرد دەیەوێت رابکات. خاوەنەکەی هەستا بە دروستکردنی تۆڕێک و دای بەسەر حەوزەکەداو پاشان خەندەیەکی کردو دڵنیابوو رۆیشت...!

پێش ئەوەی کار لە کار بترازێت و ماسیەکە فیرار بکات رێگری لێکرد زۆرخۆشحاڵ بوو! ماسیەکە سەرەتا نەیدەزانی چی رووداوە، بەڵام پاشان کەزانی وەک جاران ناتوانێت بە دڵی خۆی مەلە بکات و تەقلە لێبدات یان سەر بەرز بکاتەوەو سەیری دەوروبەر بکات ئێجگار غەمگین بوو، ئەو زیندانی کرابوو جارجارێک لە بەینی تۆڕەکەوە ئاسمانی شینی دەبینی و هەندێ جار ئەو باڵندە دەنگ خۆشانەی دەبینی لە ئاسمانی فراواندا شەقەی باڵیان دەهات و بە ئازادی دەیانخوێندو لە باخچەکەدا تێدەپەڕین، پاشان هەستی بەوە کرد کە خاوەنەکەی زۆڵمی لێکردوە زیاتر ئەو مۆمەی لە دڵیا داگیرسابوو پەرەی دەسەند بەوەی هەرچیەک لە دەوریەتی بیان بینێ ئیتر نەیدەتوانی وەکو سەرەتا بە ژیانێکی سادە درێژە بدات و بە ئارامی بیگوزەرێنێت دەتگوت ئەو ژیانە ئارامەیان لێسەندۆتەوە، هەندێ جار بە خۆی

دەگوت دەبێت لە دەرەوە ژیان چۆن بێت؟ کاشکێ ئەگەر بۆیەك جاریش بێت ئەو جێگایەم دەبینی تەنها یەکجار... ماسیەکە وای لێهاتبوو باوەڕی بە خاوەنەکەی نەدەکرد دەیزانی کە شتێکی ترسناکە. پاش ماوەیەك کارێك رووبدا کە گوزەرانی ماسیەکە خراپتر بێت.


یەك رۆژ ماسیەکە خۆی دەکێشا بە تۆڕەکەدا تاکو بتوانێت کەمێك لە تۆڕەکە بەرێت بەولاوە ناگەهان خاوەنەکەی چاوی پێکەوت و تووڕەبوو کە بۆچی هێشتا ئەو ماسییە بیر لەو شتانە دەکاتەوە کە ترسناکن.، ئەمجارەیان جۆرێکی تر بیری کردەوەو تۆڕەکەی لابردو قوماشێکی ڕەشی بەسەر حەوزەکەدا دا!

ماسی تووشی ئەو کێشەیە بوو کە لێی دەترسا بەسەری بێت و، نەیدەزانی ئەم جۆرە ژیانە چۆن کۆتایی پێدێت هەمیشە بە خۆی دەگوت ((هەموو کات هەر ئەوەندەی زیاتر تێبگەیت زیاتر ڕەنج دەکێشیت)) بینی لە تاریکیدایە و توانای هیچ کارێکی نییە ناچاربوو کە گۆشەگیر بێت و هیچ نەڵێت. لەو کاتە بە دواوە هەموو شتێك وەك خەون دەهاتە بەرچاوی...! تەنها دڵخۆشی ئەوەبوو کە سواری هەوری خەیاڵ بێت و خۆی لەو تاریکیە ڕزگار بکات. هەر چەندێك تێپەڕی ئیتر نەیدەتوانی بەم جۆرە بژی توانای تەواو بوو. خاوەنەکەی بەم کارە زۆرشتی لێسەندبووەوە...! بڕیاریدا هەر چۆنێکە قوماشەکە بدڕێ. خۆی هەڵداو بە دانەکانی قوماشەڕەشەکەی گرت و ڕای کێشا کارێکی سەخت بوو بەڵام ماسی وازی نەهێناو چەندین سەعات خەریك بووبێ ئەوەی هەست بە ماندوویەتی بکات، بەردەوام زۆری دەکردو هەوڵی زیاتری دەدا تاکو ئەو قوماشە ڕەشە ناقۆلایە بدرینێت لە ناکاو دەمی پڕبوو لە خوێن ئازارێکی زۆر لەسەروملیدا پەیدا بوو تا لە کۆتاییدا توانی کەمێك تیشکی بێ ڕەنگ بێتە ناو حەوزەکەوە، تیشکێك کە لە سەرەتادا سەرسامی کرد دوای چەند ساتێك توانی گەڵاو لقی درەختەکانی باڵای سەری ببینێت. خۆشحاڵ بوو ئاسمان ساف و خاوێن بوو، ماسی بێ ئارام بوو لە خۆشیدا هەموو لەشی پێدەکەنی ئەوەندە لە تاریکیدا بوو کە ڕۆشنایی ڕۆژی بیرچوو بووەوە...!

کەم کەم خۆی لە کونی قوماشەکەوە سەر خست تاکو لە حەوزەکەوە هاتە دەرێ یەك سات سەیری دەوروبەری خۆی کرد هەموو شتێك جوان و دڵ ڕفێن بوو ماسیەکە سەرەنجام گەیشتە ئارەزووی خۆی گەیشتە ئەوەی کە چەند وەختە بیرو هۆشی پێوەی جەنجاڵە. بڕیاریدا کە زیاتر بچێتە پێشەوەو، بێدەسەڵاتی خۆی سپارد بە ڕۆشنایی...!

کاتێ خاوەنەکەی هات بەسەرسامی بینی قوماشەکە دڕاوە ماسیەکەش دیار نییە بێقەرار بوو تووڕە بوو کەوتە گەڕان بەدوای ماسیەکەدا لە داخاندا دانەکانی سەریەك نابوو فشاری دەدا! تاکو نزیکی باخچەکە بووەوە لاشەی نیوەگیانی ماسی بینی کە هەناسەی کۆتایی هەڵێکێشا، خەندەیەکی کەم ڕەنگ لەسەر لێویدا دیاربوو چاوەکانی خاڵی کۆتایی ئاسمانی دەپێکا ((ئایا هەوای ئازادی ماسیەکەی خنکان))؟.

سەرچاوە: گۆڤاری آدینە ژمارە ۳.



نووسینی/ جیرمی هاوثورن
و/ بۆ فارسی/ حسینعلی نوذری
و/ بۆ کوردی/ محەمەد کەریم

مۆدێرنیزم و پۆستمۆدێرنیزم:

ڕۆمان و تیۆری ئەدەبیی*

ئاماژە:

((لەم سالانەی دواییدا چەندین جار لێرەو لەوێ واژەی (پۆستمۆ دێرن) لە قسە و نووسینەکانی ڕۆشنبیرەکانی ئێمەدا سەری هەڵداوە. ڕوون کردنەوەی ئەم واژەیە لەرێی ئاشکراکردنی جیاوازی و لێکچوونەکانییەوە لەگەل (مۆدێرنیزم)دا ئامانجی سەرەکی ئەم نووسینەی خوارەوەیە. نووسەر بۆ گەیشتن بەم ئامانجە خوێنەر بە بەکار هێنانە جۆراوجۆرەکانی هەردوو واژەی (مۆدێرنیزم) و (پۆستمۆدێرنیزم) لە باسە هونەری و کۆمەلایەتی و بە تایبەتی لە باسە ئەدەبییەکاندا ئاشنا دەکات)).

مۆدێرنیزم و پۆستمۆدێزنیزم سنووورەکانی فەرهەنگی نەتەوەیی و ناوچەییان بەزاندووەو چەند ڕەهەندێکی جیهانییان بە خۆیانەوە گرتووە. مەیدانی بەکار هێنان و دامێنی ئامادە بوونی ئەم دوو ڕەوتەوە، چیتر لە بوارەکانی هونەرو تەلارسازیدا قەتیس نییە، بەڵکو زۆربەی بەش و بوارەکانی بیری مرۆڤ لە بەشەکانی زانستە کۆمەلایەتیەکان و مرۆییەکان و بەگشتی فەلسەفە، سیاسەت، ئەدەبیات، ڕەخنەی ئەدەبی، تیۆری ئەدەبی، ڕۆمان و چیرۆك نووسین، کۆمەڵناسی، دەروون شیکاری، مێژوو، ئابووری و...یشی خستۆتە ژێر ڕۆشنایی خۆیەوە. پێناسەکردن و وە سف کردنی مودێرنیزم و پۆستمۆدێرنیزم بە شێوەیەکی سەربەخۆ و لەیەك جیاکارێکی هێندە ئاسان نیە، چونکە سنووورەکانی نێوان ئەم دوو زاراوەیەش بەحساب کردن بۆ بەکارهێنانە جیاوازەکانیان لەگەڵ یەکتری دا جیاواز دەبێ. لەم وتارەدا باس لە مۆدێرنیزم و پۆستمۆدێرنیزم دەکەین لەبواری ڕۆمان، چیرۆك نووسین، ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبیدا.

هەروەکو گوترا خستنە ڕووی پێناسەی ئەم دوو واژەیە بە حسابکردن بۆ بەکار هێنانە جیاوازەکانیان هەروەکو دیاری کردنی سنوورو هێڵەکانی نێوان ئەم دوو واژەیە یان سنوور دانان لەنێوانیان دا کارێکی دژوارەو تارادەیەك کاری کردەنییە.

هەمان مەسەلە بۆتە هۆی ئەوەی زۆر لە تیۆر سینان خۆیان لە بەدەستەوە دانی پێناسەیەکی دیاری کراو بۆ ئەم دوو زاراوەیە بدزنەوەو بەخستنە ڕووی شتەگشتیەکان یان بەگشتی قسەکردن واز بێنن. بۆ نموونە هەروەکو (ئاندر ئاسن هویسن) لەم بوارەدا دوپاتی دەکاتەوە:((ماهیەتی بێ فۆرمی، شێواو و ناڕێك و لێڵ و لەڕووی سیاسیەوە ناپایە دارو سرك و ڕەوان و گۆڕاوی پۆستمۆدێرن نیزم، خودی ئەم دیاردەیەی بێ ئەندازە گومڕا کەرو تەم و مژاوی کردووە و پێناسەو دەست نیشان کردنی سنوور و چوارچێوەکانی، ئەگەر نەڵێین مەحاڵ، بێ ئەندازە دژوار دەبێ. سەرە ڕای ئەمە شتێك کە بەلای ڕەخنەگرێکی پۆستمودێرنیزمەوە حسابی بۆ دەکرێ بەلای ڕەخنە گرێکی دیکەی مۆدێرنیزمەوە حسابی بۆ دەکرێ (یان بەپێچەوانەوە) لە کاتێکدا کەچەند شێوەیەکی تەواو نوێ لە ڕۆشنبیری هاو چەرخ ((وەکو دەرکەوتنی ڕۆشنبیری سەربەخۆو تایبەتی گروپە کەمایەتیەکان و دەرکەوتنی ژمارەیەکی زۆر و هەمە جۆر لەبەرهەمی فیمینیستی لە ئەدەب و هونەردا)) تا ئێستابە دەگمەن لەژێر ناونیشانی شێوەکانی پۆستمودێرن دا. خرابوونە ژێر باس و لێکۆڵینەوە[1].))

لەڕاستی دا هەروەکو (ئیهاب حەسەن) ڕایدەگەیەنێ دەتوانرێ ئەم گوێ پێ نەدان و دەست نیشان نەکردنە لە قاڵبی شێوەو دەربڕین و زاراوەی دیکەی وەکو ((ئاڤانگارد))یش دا نیشان بدرێ:


((پۆستمۆ دێر نیزمیش وەکو تەواوی زاراوەو دەربرینەکان. بۆ نموونە پۆست بونیاد گەریی، یان مۆدێرنیزم، یان ڕۆمانتیزم. دوچاری نا جێگیریی و مۆلەقی مەعنایەکی دیاری کراو بووەو لە ڕاستی دا ئەم ناجێگیریی مەعنایە وەکو کۆسپێك بەشێوەیەکی هەمیشەیی و لەهەموو جێگایەك دازیان بە پۆستمو دێر نیزم دەگەیەنێ و ئەمەش ئەوەیە کە هیچ جۆرە هاودەنگیەکی ڕوون و هاو بۆچوونییەکی ئاشکرا سەبارەت بە مەعنای پۆستمو دێر نیزم لە نێو توێژەران و لێکۆڵەران دا نییە... بەم پێیە مەبەستی هەندێ لە ڕەخنەگرانی پۆستمودێر نیزم شتێکە کە ژمارەیەکی تر بە ئاڤانگار دیزم یان هەتا بە ئاڤانگارد یزمی نوێ لەقەڵەمی دەدەن[2].

بەهەمان شێواز (دەیڤید هارڤی)یش باوەڕی وایە کەلە ڕەوتی مۆدێر نیزم دا بەرەو پۆستمۆ دێر نیزم، بەردەوامی و لێکچوون و بەدوای یەکداهاتن لە جیاوازی و لێك هەڵوەشاوی زیاتر بەرچاو دەکەوێ. بەقسەی هارڤی پۆستمو دێرنیزم نیشاندەری قەیرانیکە لە مۆدێرنیزم کەتیایدا پەرت بوون و پەراگەندەیی و فرە لایەنی و ڕەوانی و سەرپێی بوون سەقامگیربووە و مشت و مڕ هەڵناگرێ؛ لە کاتێکدا کە ئەگەری هەرجۆرە سەقامگیری و بەردەوامی و یەکێتیو کۆیی ((نەبوونی پەراگەندەیی)) و یەکپارچەیی و پایەداریی و جاویدانیەك گومان و دودڵی و ڕەش بینی لەڕادەبە دەری لەگەڵ خۆیدا هەڵگر تووە[3].

ئەلێکس کالینکۆس - یش باوە ڕی وایە کە جیاوازییەکی ئاشکراو ڕۆشن لە نێوان مۆدێرنیزم و پۆستمۆدێرنیزم دانییە و دەتوانرێ سەبارەت بە ناشادی و ناکامیە سیاسی و فەرهەنگیەکانی تایبەت بە نەوەی ١٩٦٨ لە ئەوروپای خۆرئاواو ئەمریکا ڕاڤە بکرێ[4].

لەنێو ئەو دەربڕین و زاراوانەدا کە تائێستا ئاماژەیان بۆکرا، وادێتەبەرچاوکە ڕۆشنترین و بێ تەم و مژ ترینیان واژەی (ئاڤا نگارد)بێ. ئەم زاراوەیە لە واژەو زاراوە سەربازییەکان.

وەرگیراوەو بەگروپێکی بچووکی گاردی (پاسەوان) پێشڕەویان سەرجە لە (Avanceguard)


کارلۆس فونتس

لـەم ڕووەوە کوبـیزم، فۆتـۆ ریـزم، دادادییزم، سوریالیزم و هـەموویان لـە رووی ماهیەتەوە بە رەوتی ئاڤانگارد وەسف کـراون و ناسێنراون. ئـەوەی مایـەی سـەرنجە ئەوەیـە کـە بـە شـێوەیەکی ئاسـایی لـە شـێوەی جولّانـەوە و ڕێنسـانس دا باسـی ئاڤانگارد دەکرێ. لـەکاتێکدا کـە بـە شـێوەیەکی ئاسـایی لـەقاڵبی هونەرمـەندان و بەرهەمـەکانیان دا قسـە لەسـەر مۆدێرنـیزم دەکـرێ. ڕەنگە هۆی ئەم کارە بەلای کەمـەوە ئەو مەسەلەیەبێ کە جولّانـەوە کـانی ئاڤانگـارد لـە بنچینـەدا پـەیامی فەرهەنگی خۆی وەکو بەشـێك لەبـەر بەرەکانێیـەکی ڕۆشـنبیری ـ سیاسـی بـەفراوانتر دەزانـن کـە خۆیـان بـۆ بەربەرەکانی و لـە ناوبردنی پێـوەرە بورجوازییـەکان تـەرخان کـردووە و سـوود لـە بوونـی ئـەم ڕەگـەزە وەردەگـیرێ کـە بەراشـکاوی سیاسـییەو بـەکردەوە لـە زۆربـەی جولّانـەوەکانی ئاڤانگارد دا هـەردەم وەکـو پێوەرێـك بۆجیاکردنـەوەی ئاڤانگـاردیزم و مۆدێرنـیزم بـەکار دەهێـنرێ. خـودی ناونیشـانی ئاڤانگـارد نیشانەی جۆرێك لـە تـرس و نیگەرانییـە سـەبارەت بـە کاریگەرییـەکانی داهـاتو یـان ئـەوەی کـەبڕیارە ڕووبـدات، لـە کـاتێکدا کـە زۆربـەی هونەرمەندە مودێر نیسـتەکان زۆرجار سـەبارەت بـە ئەگـەری ئـەوەی بەرهەمـەکانیان ڕەنگـە ببێتـە سـەرچاوەی گۆڕانـی بـەرفراوانی کۆمەڵایـەتی یـان ڕوشـنبیریی، بـە قووڵـی ڕەشـبین بـوون. باشـترین ئەوکارانـەی کـە دەربـارەی ئاڤانگـارد ئـەنجام دراون بریتـین لـە: تیـۆری ئاڤانگـارد نووسـینی (ڕینـا تـۆ

دەگوتـرێ کـە ڕێـرەوی پێشـرەوی بـۆ سـوپاو ئـەو عەسکەرییانەی کەلە دوایانـەوە دێـن خـۆش دەکـەن، واتە ئەوەی کـە پاشـان بـەگروپی دەستوەشـێن یـان گروپـی هێرشـبەر (Shock troops) ناوبرا. ئـەم واژەیـە لـەدەق و بەرهەمـە سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و فەرهـەنگیو ئـەدەبی و هونەرییـەکانی سـەرەتای سـەدەی بیسـت دا بـەو جولّانەوانـە دەوتـرا کـە ئامانجیـان هێرشکردنەسـەر پێـوەرو بۆچوونـە سەپێنراوەکان بوو بە تایبـەتی لـەبواری فەرهـەنگ و هونەردا.

پۆگیولۆ)و تیوری ئاڤانگارد نووسینی (پیتەربورگەر). زاراوەی مۆدێرنیزم لەماوەی دەیەکانی رابردوودا مەعنایەکی جێگیرو دیاری کراوی بۆ خۆی بەدەست هێناوە، ئەگەرچی هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕەگ و ڕیشەی پۆستمۆدێرنیزم لە ڕابردوودا و بەهۆی ناولێنانی واژەی ناوبراوەوە لەو کۆمەڵە بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەی کە پێشان بە مۆدێرنیست وەسف کرابوون، تاڕادەیەك ئەم جێگیریی مەعنایەی دوچاری لە قبوون کردووە. لەم بارەیەوە شایانی باسە کە هەندێ بەرهەم وەکو (شەپۆلەکان)ی ڤێرجینیا ۆلف و رۆمانی (هەستانی دوای مەرگی فینگینەکان)ی جیمس جۆیس کە تا ماوەیەکی دوور درێژ بەکەڵبەی بڕەری بەرهەمە مۆدێرنستیەکان وەسف کرابوون، لەهەشتاکان دا لەلایەن زۆربەی ڕەخنەگرەکانەوە زاراوەی پۆستمۆدێر نیست یان بۆ بەکار هێنراو وەکو بەشێك لەبەرهەمە پۆستمۆدێر نیستەکان لەقەڵەم دران. بەڵام لەبەکارهێنانی گشتیدا مۆدێرنیزم دەربڕی هونەرە ((نەك تەنها ئەدەبیات)) کەتوانی بریارە زاڵەکانی سەرهونەرو ڕۆشنبیریی هەڵبوەشێنێتەوە، کەرەنگە گرنترینی ئەو بریارانە ریالیزم یان واقعییەت بێ:

ئیستا چیتر هونەرمەندی مۆدێرنیست گرنگترین یان بەرزترین ئەزموونی هونەری خۆی بە ئەزموونی راست نیشاندان (دروست نواندن، وەك خۆی نیشاندان Verisimilitude) نازانێت. ئەمە بەو مەعنایەنییە کە سەراپای هونەرە مودێرنیستیەکانی سەدەی نۆزدەیان ڕەت کردەوە کەلە قاڵبی بڕیارە بێ چەندو چوونەکان دا سەقامگیر ببوون. بە پێچەوانەوە بەرهەمی هونەریی مۆدێرنیستی بەدیاری کراوی جۆرێك لە ڕەگەزی بیرکردنەوەی خودو ڕەنگدانەوەی خودی تێدایە . بۆ نموونە لە کاتێکدا کە ڕۆمانی (جین ئۆستن) دەخوێنینەوە، ڕەنگە لە(دنیای) ئەفسانەیی لە خۆبایی بوون و دەمارگیرییدا خۆمان ون بکەین. بەڵام لەکاتێکدا ڕۆمانی (ئولیس)ی جۆیس یان (شەپۆلەکان)ی ۆلف بخوێنینەوە، ڕەنگە تەواو ئاگاداربین لەوەی کە ڕۆمان دەخوێنینەوە. ڕاست بەهەمان شێوە کە ڕەنگە ئەگەر تەماشای تابلۆیەکی (تێرنەر) بکەین خۆمان لە دیمەنە دروستکراو ڕەسم کراوەکانی تابلۆکەدا ون بکەین بەڵام لەکاتێکدا تەماشای تابلۆیەکی پێکاسۆ دەکەین، ڕەسمی تابلۆکە بە ئاسانی خۆیمان نیشان دەدات.

دەتوانین هێرش بۆ سەر پرسپکتیڤ (ڕوانگە) لەهونەری وێنەکێشان و هێرش بۆسەر تۆنالیتە (ریتم و تەم و دەنگ) لە میوزیك دا بەهەوڵی نووسەرە مۆدێرنیستە جیاوازەکان بۆ هەڵاتن لە کۆت و بەندە ڕێگرەکانی دیدگا کۆنەکان دەربارەی کارەکتەر و تەرحی گشتی (Plot) بەراورد بکەین. لەم ڕووەوە مۆدێرنیزم خۆی بە جۆرێك لە دابڕان و جیابوونەوە لە ڕابردوویەك دەزانێ کە لەهەندێ لایەنەوە لەهێرش بۆسەر ئەو بەها کۆنانە دەچێت کە ئاوێتەیە لەگەڵ ڕۆمانتیزم دا. بەڵام یەکێك لەو تایبەتمەندیانەی کەمۆ دێرنیزم لە ڕۆمانتیزم جیادەکاتەوە، بەگشتی تێڕوانینی ڕەشبینانە تەرو هەتاتراجیدی مۆدێرنیزمە سەبارەت بەجیهان. لێرەدا تەعمیم کردنی بەشێك ترسناکە و وادیارە کە مۆدێرنیزمی ئەدەبی ئینگلیزی (کە زۆر لەنووسەرە نائینگلیزەکان لە فۆرمەڵە بوون و تۆمارکردنی دا بەشداریيەکی پڕ بەهاو بەرچاویان هەبووە) ڕەنگە لە مۆدێرنیزمی ئەوروپایی ڕەشبینانەتربێ. تایبەتمەندیی دیاری بەرهەمەکانی (ت.ئیس. ئیلیوت، عەزرا پاوەند، فرانتس کافکا، کنوت همسان (تەنها ناوی نوێنەرە سەرەکیەکانمان هێنا)تێڕوانینی ڕەشبینانەیە بۆ دنیای مۆدێرن دنیایەکی لەت و پەت کراو، پەراگەندەو ڕووله نابووتی و گەندەڵی کەتیایدا پەیوەندی نێوان ئینسانەکان زۆر دژوارە یان کاری کردەنییە؛ دنیایەك کەتیایدا پارەو بەها بازاڕییەکان

لەبـــەردەم بـــەختیاریی مـــرۆڤ و پێشـــکەوتنی رۆشنبیریدا بە کۆسپ لەقەڵەم دەدرێن.

بەگشتی مۆدێرنیستەکان سەبارەت بـەو ڕەوت و پێشکەوتنانەی بەرهـەمی زانسـت و تەکنـەلوجیای هاوچـەرخن هەڵوێستێکی دوژمنانـە یـان بـەلای کەمـەوە ڕەشـبینانەیان هەیـەو بـە بـەدگومانیی و دودڵیەوە تەماشایان دەکەن. هەڵبەتە نابێ سەبارەت بەهـەموو مۆدێرنیستەکان ئـەم مەسـەلەیە تـەعمیم بکرێ. بۆنموونە سەبارەت بە فلادمـیر مـایکۆ فسـکی یـان فۆتۆریسـتە ئیتالیـەکان بـە هیـچ جۆرێ ڕاسـت نیـیە. بـەڵام دەگوتـرێ کەئـەم ڕەوتانە بەرلەوەی مۆدیرنیست بن، بـە ئاڤانگـارد دەژمـێر رێـن. ئـەم بەدگومانیو ڕەشبینییە سەبارەت بە زانسـت و تەکنـەلۆجیا کەلـە زۆر لایەنـەوە ڕاسـتەوخۆ لـە گۆڕینـی تەکنەلۆجیاوە بـە ئـامرازی کوشـتاری دەسـتە جـەمعی میلونـەها مـرۆڤ لـەکاتی جـەنگی جیـهانی یەکـەم دا سەرچاوەی گرتووە و زۆر جار جۆرێك نەفرەتیشـی تێدایـە سـەبارەت بـە بـەبازاڕی بوونـی پەیوەندییـەکان، یەکێکـە لەڕاشـکاوترین و ڕۆشـنترین ریگەکانی جیاکردنەوەی مۆدێرنیزم لە پۆستمۆدێرنیزم.

لێرەدا شـایانی باسـە کـە تەنـها دەرگیربوون لە شۆڕشێکی ڕۆشـنبیری و هونـە ری دا وەك پێویسـت بـە مـەعنای پێشکەوتنی سیاسـی نیـیە؛ بەرهەمـەکانی (کنـوت همسـان، ت. ئیس. ئیلیۆت، عەزرا پـاوەند، لویجـی پـیراندلو، دی. ئێچ. لورانس ویلیـام باتلەریتیس)بـە بەرهـەمی سـەرەکی مۆدێرنیزم لەقەڵەم دەدرێن. بەڵام ئەو تێڕوانینە سیاسی و کۆمەڵایەتیەی کە دەتوانـرێ لـەم بەرهەمانە دەربهێنرێ، بەشێویەکی سەرەکی ڕابـردوو بینـن تـا ئـایندە بـین و بـە دەربڕینـی سیاسـی زیـاتر موحافیزکارانەن تا پێشکەوتن خواز و پێشـرەو. ئـەم خاڵـە دەربـڕی ئەوەیـە کـە ئەزموونـە هونـەری و ڕۆشـنبیرییەکان، داهێنـان، تازەگـەریی و دژایـەتی کۆنخوازیـی بـە باشـی دەتوانێـت لەگـەڵ کۆنخوازیـی سیاسی و موحافیزەکاری هەتا لەگەڵ فاشـیزمیش دا هـاودەنگ بـێ و لەگـەڵیاندا بـڕوات. سـەر سـپاردنی


جیمس جویس

(پاوەندو همسان) بە فاشیزم زۆر درێژخایەن بوو، (بەلای کەمەوە بەپێی هەندێ لیکۆڵینەوەو تۆژینەوەی ئەنجام دراو) هەتا بە ئاشکرا بوونی درندەیی نازییەکان لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمیش دا نەهاتنەوە هۆش خۆیان. لەبەرامبەر ئەمەدا، نووسەرێکی مۆدێرنیستی گرنگی وەکو ڤێرجینیا وۆلف باوەڕی بەجۆرێك لیبرالیزمی بنیاتنەرو بێ ناکۆکی هەبوو کەلە سالانی سیەکان دا بوو بەلایەنگیری حزبی کرێکاران و وەکو زۆر لە نووسەرە مۆدێرنیستە گرنگەکانی دیکە هیچ جارێك و لەهیچ کاتێك دا دەستی لەخەبات لە دژی فاشیزم هەڵنەگرت.

ئاماژەکردن بۆ وۆلف ڕەنگە بە یادهێنەرەوەی ئەو خاڵەبێ کە ڕەوتی کاملّ بوونی مۆدێرنیزم بەرووکەش پێویستی بە جۆرێك لە (بەنێرینە کردنی) هونەرە: بە بەراورد لەگەڵ پایەی زاڵی ژنانی نووسەر لەسەدەی نۆزدەدا، ژنان دەبوو مادەیەکی زۆر تێپەڕێنن بۆ ئەوەی بتوانن سەرلەنوێ لە دوای شۆڕشی مۆدێرنیستی ئەو پایە زاڵ و بالاّیەی خۆیان بەدەست بێننەوە و پارێزگاری لێبکەن. بەهەمان شێوە کە وۆلف (لەڕەوتی باسێکی جیاواز)دا لە مەقالەی (ژوورێك لەکاتی خۆی‌دا) باسی کردووە ڕەنگە بەشێك لە ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە بۆ پەیوەندی مۆدێرنیزم بە جوڵانەوەی کۆمەڵایەتی و جوگرافیایی و گرتنەبەری شێوەی ژیانی قەرەجی و کۆڵ بەکۆڵی بگەڕێتەوە کە بۆژنان لەپیاوان دژوارترە.

لەپشت ڕەشبینی مۆدێرنیستییەوە تەنها ئەو دەسکەوتە ئەزموونییە خۆی حەشار نەداوە کە بەرقەراری پەیوەندی تەواو لە نێوان مرۆڤەکانی دوو سەردەمی مۆدێرن دا مەسەلەیەکی دژوارە، بەڵکو باوەڕێکی فەلسەفی‌تر خۆی حەشارداوە کەلەسەر ئەوە بنیات نراوە کە ئەگەرچی دەشێ جیهان یەکپارچە بێت و قابیلی ناسین بێ، بەڵام تەنها لەبەش و پارچەی بچوکتردا قابیلی ناسینە. دەیڤید هارڤی باوەڕی وایە مۆدێرنیزم، (پرسپکتیڤیزم)و نیسبی گەرایی چەند جارەی وەکو بنەمای زانین ناسی خۆی هەڵبژاردووە تا ماهیەتی ڕاستەقینەی یەك واقیعیەتی بنچینەیی و گونجاوو یەکپارچەو لەهەمان کاتدا ئالۆز ئاشکرا بکات و بیخاتە ڕوو (هارڤی، ۱۹۸۹، ل۳۰) بە پێچەوانەی ئەمەوە پۆستمۆدێرنیزم شانبە شانی ئارەزووی پاراستنی نیسبیەت گەرایی، باوەڕی بە یەك واقیعیەتی بنچینەیی خستوتە کەنارەوە و قبوڵی نییە. لەم بارەیەوە هارڤی پشت بە پیناسەکەی لیوتار بۆ پۆستمودێرنێتە دەبەستێ، واتە (باوەڕ نەکردن و بێ باوەڕی بەهەرجۆرە میتا گێرانەوەیەك) (هارڤی،۱۹۸۹، ل٤٥) واتە ئەو پێناسەیەی کە خۆی بە شێوەیەکی پارا دۆکسی (دژنواندن) بە جۆرێك لە میتاگێرانەوە (ئەویوگیرانەوە) دەژمێردرێ. لێکچوون لە نێوان پۆستمۆدێرنیزم و بنەما شکێنی لێرەدا تەواو لەبەرچاوە.

بەم پێیە لەروانگەی تاکی مۆدێرنیستەوە، ئینسانەکان مەحکومن بە ژیان لە بارێکی لەت کراوو پەڕاگەندەی کۆمەڵایەتی و هەتا وجودیشن، لە کاتێکدا کە (بەپێچەوانەی ئەمەوە پۆستمۆدێرنیستەکان) بەبێ ئارامیەوە ئارەزوومەندی هەڵاتنن لەو بارودۆخە، لێرەدا ڕەنگە کاریگەریی فرۆید زیاتر بێ، چونکە فرۆید سەرنجی زۆربەی نووسەرانی بەرەو ناخ، واتە بۆ ئەزموونە زیهینەکان ڕاکێشانەك بەرەو دنیای دەرەوە و بابەتی. ئەم مەسەلەیە لەلایەکەوە بوو بەهۆی فراوانکردن و پالاوتنی تەکنیك و سەرهەڵدانی چەند شێوەیەکی گرنگ و نوێ: فراوانکردن و پەرەپێدانی تەکنیکی مۆنۆلۆگی ناوەوە و شەپۆلی هۆش لەلایەن وۆلف و جۆیس - هەوە، و پالاوتنی مونولوگی دراماتیکی لەلایەن ئیلیۆتەوەو لەلایەکی دیکەوە بەجۆرێك باوەڕی ڕەش بینانەش ئالۆزکا بوو. کەلەسەر ئەمە بنیات نرابوو درزی نێوان ئەزموونی زیهنی و دنیای

بابەتی قابیلی رەسم کردن نییەو پڕناکرێتەوە، واتە ئەو باوەڕی کە (کاری کردەنییە ڕێك و ڕاست بتوانم بڵێم مەبەستی من چییە!) ئەوکاتە ئەو کاریگەرییەی کەئەم نامۆییە لەگەڵ خوددا لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێ بریتییەلە: ئاڵۆزکردن و دژواریی لەبارەی ناسنامەو تاکێتی ئینسانەکانەوە. برنارد کەیەکێکە لەکارەکتەرەکانی ڕۆمانی (شەپۆلەکان)ی وڵف پرسیارەدەکات (من کێم؟) ئەم پرسیارەی


مایکۆفسکی

برنارد لەڕاستیدا بە نیشانەی سەرهەڵدانی کێشەیەکی نوێ بۆ هونەرمەندانی مۆدیرنیست لەقەڵەم دەدرێ. لەم ڕووەوە یەکێك لەو بڕیارانەی کە کەوتە بەرهێرشی نووسەرە مۆدێرنیستەکان بریاری کارەکتەر یان کەسێتی یە لەچیرۆك دا، کەتیایدا کارەکتەر دەبێ دەربڕی یان نوێنەری یەك کەسی جێگیرو پایەدارو بنیاتنەر بێ و لەهەرناکۆکیەك دامالڕابێ، کەهەم بەلای خۆیەوە و هەم بەلای کەسانی تریشەوە ناسراوبێ و قابیلی ناسینەوە بێ.

هەروەکو برنارد (پاڵەوانی چیرۆکەکەی وڵف) نازانێت چ کەسێکە یان دڵنیانییە کەکێیە. بەهەمان شێوە (ك) پاڵەوانی ڕۆمانی (قەڵا)ی کافکا ـ ش هەست دەکات کەناتوانێت وەسفێکی ڕیك و ڕەوان و بەردەوام دەربارەی کەسێتی کلام (Klamm) بخاتەڕوو، واتە دەربارەی کارەکتەرێك کە کەسانی جیاواز بەشێوەی جیاواز دەیبینن و بە شێوە ی جیا جیا وەسفی دەکەن، یان هەتا کەسانی دیاری کراوو یەك کەسیش لەکاتی جیاوازدا بە شێوەیەکی جیاواز وەسفی دەکەن. ئەم وابەستەییە یان پشت بەستنی ناسنامە بە دیدەوان ڕەنگە لە ئەدەبیاتی مۆدێرنیستیدا لەهەندێ لەنمایشنامەکانی لوییجی پیراندلو دا تاڕادەی زیادە ڕەوی پیادەبکرێ، و بەڕاشکاوی لە چەند جۆرێکی جیاواز لەفەلسەفەی (بەتەنها وێناکردنی خود) یان (خود بەمیحوەر زانین) (Solipsism)دا کۆتایی دێت. دەبێ ئەوەش بگوترێ کەلەم ڕوانگەیەوە چەند بەرهەمێکی وەکو (ئۆلیس)ی جۆیس تاڕادەیەك بڕیار لەسەر دراو دێنە بەرچاو.

ئیهاب حەسەن یەکەم جار شوێن پێ یان ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی واژەی پۆستمۆدێرنیزم لەبەکارهێنانیدا بە شێوەی (پۆستمۆدێرنیسمو) (Postmodemismo) دەبینێ لەلایەن (فردریکو دیۆنیس)ەوە لە کتێبی (هەڵبژاردەی شیعری ئیسپانیایی و ئەمریکای باشوور (١٩٣٤))[٧] بەڵام ئەم واژەیە تەنها لەپەنجاکان و بەشێوەی بەرچاو تەنها لەشەستەکاندا هاتە مەیدانی گوتاری ڕەخنەی ئینگلیزی ئەمریکاییەوە. لەهەنگاوی یەکەم دا ئەم واژەیە بەڕووکەش دەربڕی سەردەم و بەشێکی مێژوویی یان قۆناغێکی مێژوویی تایبەتە: هونەریان فەرهەنگی پۆستمۆدێرن، بریتییە لەهونەر یان فەرهەنگێك کەلە ماوەی سالانی دوای جەنگی دووەمی جیهان بە یارمەتی تەکنیك و بڕیارە مۆدێرنیستیەکان بڵاوەبێتەوە یان هەتا لەو تەکنیك

و بڕیارانه دور دەکەوێتەوە و لێیان جیا دەبێتەوە، بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ پلەو پایە ریالیستی یەکان یان ئەوانەی پێش مۆدێرنیستی. بەڵام لەم چەند دەیەی دوایی دا کەڵکیان لەم واژەیە وەرگرتووە بۆ ئاماژە یان گەڕانەوە بۆ سیفەتە تایبەتیە فەرهەنگیو هونەری و کۆمەڵایەتیەکان. بەکار هێنانی واژەی (کۆمەڵایەتی) لەم مەیدانەدا گرنگیەکی تایبەتی هەیە. پۆستمۆدێرنیزم بە دیاری کراوی لە مەعنایەکی فراوانترو گشتیتردا لە مۆدێرنیزم بەکار دەهێنرێ. و ئاماژە بۆ بارو دۆخی گشتی مرۆیی یان کۆمەڵ لەسەر ئاستە گشتی و فراوانەکەی دەکات و بەهەمان شێوە ئاماژە بۆ شێوەی هونەر یان فەرهەنگ دەکات. ((واتە ئەو بەکارهێنانەی کەلیوتار لە کتێبی (بارودۆخی پۆستمۆدێرن: راپۆرتێك دەربارەی زانست) بڵاوی کردۆتەوە) بەم پێیە ئەمرۆ پۆستمۆدێرنیزم دەتوانرێ بەشێوەی جیاواز بەکار بهێنرێ:

١- لە ئاماژەکردن دا بۆ هونەرو ئەدەبیاتی نا ریالیستی و نا تەقلیدی سەردەمی دوای جەنگی دووەمی جیهان.

٢- لە ئاماژەکردن دا بۆ ئەو هونەرو ئەدەبیاتەی کە هەندێ لە تایبەتمەندییە دیاری کراوەکانی مۆدێرنیستی دەگەیەنێتە قۆناغە زیادە ڕەوییەکەی.

٣- لە ئاماژەکردن دا بۆ چەند لایەنیك لە بارودۆخی گشتی مرۆیی لە دنیای (سەرمایە داریی دواکەوتووی) سالانی دوای پەنجاکان؛ چەند لایەنێك کە کاریگەریی هەمە لایەنەو سەرتاپاگیر یان هەیە بۆ سەر ژیان، فەرهەنگ، ئایدیولۆجیا و هونەر.

٤- لە ئاماژەکردن دا بۆ جۆرێك ڕوانینی بەگشتی ئیجابی و پەسەند سەبارەت بەو لایەنانەی باسکران (هەڵبەتە لە بەشێك لەبەکارهێنانەکانی ئەم واژەیەدا نەك لەهەمووی دا) بەم پێیە ئەو سیفەتە مۆدێرنیستیانەی کەلە زیادە ڕەوی ترین شێوەی بەکارهێنانیاندا دەتوانن ببنە هۆی لەدایك بوونی مۆدێرنیزم بریتین لە:

١- ڕەت کردنەوەی نواندنەوە بەقازانجی گەڕانەوە بۆ خود، بەتایبەتی لە شێوەی تەنز ئامێزو ناجدی و ناسازی ئەو شێوەیەدا.

٢- ڕەت کردنەوەی کەش و هەوا یان بۆن و بەرامەی هونەری و ڕەت کردنەوەی بەرهەمی هونەری وەکو گشتێکی ئۆرگانیکی (ئەگەرچی دەیقید هارڤی باوەڕی وایە کە هونەری مۆدێرنیستی بەپێچەوانەی هونەری پۆستمۆدێرنیستییەوە لەبنچینەدا هونەرێکی بۆن و بەرامەیی و کەش و هەوایییە (هارڤی،١٩٨٩، ل٢٢).

٣- ڕەت کردنەوەی کارەکتەرو بنەما یان تەرحی سەرەکی (Plot) لە چیرۆك دا، وەکو چەند مەفهومێك یان چەند بریارێکی مەعنادار یان لەلایەنی هونەریەوە شایانی بەرگری لێکردن بێ.

٤- ڕەت کردنەوەی هاوڕێیەتیو هاوکاری یان سازان لەگەڵ خوێنەردا بەپێچەوانەوە ڕووبە ڕوو بوونەوەو دژایەتی کردنی خوێنەرو ئازاردان و ئەشکەنجەدانی.

٥- هەتا ڕەت کردنەوەی خودی مەعنا وەکو جۆرێك وەهمی نا ئومێدانەو وڕێنەی پووچ، واتە ئەو باوەڕەی کە هەرجۆرە هەوڵدانێك بۆ تێگەیشتن و ناسینی جیهان کارێکی پووچ و بێ بەهاو بێ کەڵکە. یان باوەڕ بەکۆمەڵێ شتی پووچی لەم بابەتەی کە ((دیاردەیەك بەناوی جیهانەوە هەیە کە دەبێ دەرکی پێ بکەین وڵێ تێبگەین))

پۆستمۆدێرنیزم، ئایدیالیزمی زیهنی مۆدێرنیزم دەگەیەنێتە ڕادەی ((تەنها گەرایی خود)) یان خود بەمیحوەر زانین، بەڵام ڕەگەزی تراجیدی و ڕەش بینانەی مۆدێرنیزم ڕەت دەکاتەوە، بەو تێگەیشتنەوە کە ئەگەر نەتوانین ڕێ لە سووتانی ڕۆما بگرین، بەڵای کەمەوە دەتوانین بەبێ بایەخیەوە سەرنجی ڕوو داوە ناخۆشەکان بدەین و سوودی لێ وەربگرین. ئەم جۆرە پێناسەیەو پیناسەگشتیو فراوانەکانی دیکەی پۆستمۆدێرنیزم بە ئاسانی ئەو

توانایه فەراهەم دەکەن تا زۆر لەبەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکانی سالانی سەرەتای سەدەی بیست یان هەتا سەدەی نۆزدە کەم و زۆر وەکو بەرهەمی پۆستمۆدێرن لەجیگای خۆیان دا دابنرێن: وەکو چیرۆکە خەیاڵییەکانی کافکا، (برسێتی (بەرچاوتەنگی))ی کنوت همسان، (سروودەکان)ی عەزرا پاوەند و هەتا (تریستدام شیندی) لورانس ستیدن. ئەو پێناسانەی باسکران ئەو توانایەش فەراهەم دەکەن کە رەگەزەکانی پۆستمۆدێرنیستی لەبەرهەمی ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران و تیورسینان و رەخنەگرانی پۆست بونیادگەراو بنەماشکێنی وەکو ژاك دریداو میشیل فۆکۆ و ژاك لاکانیش دا بەدی بکەین.

لەزۆر لایەنەوە سیفەتی دیاری پۆستمۆدێرنیزم روانینی ئافەرین ئامێزی بۆ دنیای مۆدێرن لەگەڵدایەو لەو پوانگەیەوە کەدنیای ناوبراو بەمەیدانی پەرت کردن و پەراگەندەیی زۆر و رووڵە زیاد بوون و بە دنیای دەسەڵاتی فشارە ئابووریەکان و بە دنیای بێ دەسەڵاتی ئینسانەکان دەزانێت لەروبەروبوونەوەی تەکنەلوجیای کوێردا، مشت ومڕو ناکۆکی لەگەڵ مۆدێرنیزم دا نابینێ. بەڵام لەوێوە کە مۆدێرنیستە سەرەکیەکان لە قبولکردن و وەرگرتنی ئەم واقیعانەدا بەترس و نائومێدییەوە رەفتاریان کرد، لەروانگەیەکی تایبەتیەوە دەتوانرێ بگوترێ کە تەنها پۆستمۆدێرنیزمە کە بەشێوەی کراوەو ئاسان ئەم واقیعانەی قبوڵ کردووەو بەراستیان دەزانێت. بەم پێیە خودی پەسەندکردنی ئەم مەسەلەیە بووە بەیەکێك لە سیفەتە دیارەکانی پۆستمۆدێرنیزم و بە جۆرێك لە مۆدێرنیزم جیای دەکاتەوە. دەیڤید هارڤی باوەڕی وایە پۆستمۆدێرنیزم کردەوەو لاسایی کردنەوەیەکی کارکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیەکانی ئەو کۆمەڵگایانەیە کە پۆستمۆدێرنیزم تیایاندا دەردەکەوێ. هارڤی زۆر بوونی ژمارەی فاکتەرەکان یان دنیا جیاوازەکان و ناپەیوەستیی یان سەپاندنی ئەمانە لە زۆربەی رۆمانە پۆستمۆدێرنیستەکاندا لەگەڵ (رەوتی رووڵە زیاد بوونی شوێنی نیشتەجێی کەمایەتی (گتوسازی)و لاوازکردنی دەسەڵات و دوورخستنەوەی هەژاری و جەماوەری کەمینە لەشارە مەرکەزیەکانی بەریتانیاو ئەمریکا) بەراورد دەکات. (هارڤی، ۱۹۸۹،ل۱۱۳). هەروەها هارڤی چەند بەراورد کارییەکی راشکاوانە لە نێوان بینا ریکخراوەییە تازەکان لە سیستمی سەرمایە داری پۆست فۆردی (دابەشکردن و پەراگەندەیی بەرهەم هێنان لەپاڵ کەڵەکەکردنی سەرمایەدا) و ئایدیولۆژیای پۆستمۆدێرنیستیدا دەکات.

لەسێیەمین بەکارهێنانی شیاوی واژەی پۆستمۆدێرنیزمیش دا ئەو مەعنایە خۆی حەشارداوە کە جیهان لە یەکەمین ساڵەکانی سەدەی بستەمەوە گۆرانکاری زۆری بەسەردا هاتووە. لەوڵاتە گەشە سەندووەکان دا (سەرمایەداریی پاشکەوتوو) گەشەکردن و فراوانکردنی پەیوەندییەکان و پیشەسازییە ئەلەکترۆنیەکان، شۆرشێکی مەزنیان لەژیانی ئینسانەکان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بەرپا کردووە. پۆستمۆدێرنیستەکان لەجیاتی کاردانەوە لەبەرامبەر ئەم گۆرانکاریانەدا بەشێوەیەك چەشنی کرێکارانی کاولکاری سەدەی نۆزدە کە بە خەیاڵی ئەوەی ئامێر دەبێتە هۆی بێکارییان، دەستیان دەکرد بە شکاندنی ئامێرەکان - رێنمایی بەرز راگرتن و ئافەرین کردنی حاڵەتەکەو پێشوازیی لیکردنی دەکەن: واتە بەزر راگرتن و ئافەرینی لە دەستدانی بۆن و بەرامە یان کەش و هەوای ئەوهونەرەی لە شتێکەوە سەرچاوەی گرتووە کەواڵتەر بنیامین (کەزۆربەی نووسەران بە پەیامبەری پۆستمۆدێرنیزمی دەزانن) ناوی دەنێ بەرهەم هێنانەوەی ئامێر). بەم پێیە تابلۆکانی (ئەندی ڤارهۆل یان رووی لیختن شتاین) (کە زۆرجار لە دەستەی پێشرەوانی هونەری (پۆپ)و هونەری

مۆدێرنیستی لەقەڵەم دەدرێن و لەهەمانکاتدا ژمارەیەکیش ئەمانە بەهونەرمەندانی پۆستمۆدێردن دەزانن) هانمان دەدەن بۆ ئەوەی بەوردی و هوشیاری زیاترەوە لەروخسارو رەهەندە جیاوازەکانی فەرهەنگی بازرگانی سەردەمەکەی خۆمان بروانین: لەڕاستی دا ئەم بەرهەمانە بەجۆرێك دەربڕی کەش و هەوای کارە هونەرییەکانی (مارسیل دوشامپ)ن کەلە ساڵی ١٩١٩دا پیشانگەیەکی لەبەرهەمە زۆرەکانی خۆی رێکخستبوو، وەکو زۆر لەرەوتەکانی ئاڤانگاردی پێشوو، پۆستمۆدێرنیستەکانیش بەرلەوەی لەتەکنەلۆژیا بێزار بن، زیاتر ڕایاندەکێشێ و سەرسامی تەکنەلۆژیان، و هونەری (گشتی) وەکو هونەرێك کەلای خوارەوەی بەرهەمەکانی ئەوانەوەیە رەت ناکەنەوەو لەڕادەبەدەر لە خەیاڵی کاریگەرییە هەنووکەیی و ئەنجامە خێراکانی بەرهەمەکانی خۆیاندان. چاپ و باڵاوکردنەوە، زیاتر هەنگاوێکی ستراتیجییە تاهەوڵێك بۆ نەمری. ئەلیکس کالینکۆس سەرنجمان ڕادەکێشێ کە ئەم جۆرە بۆچوون و هەڵسەنگاندنانە هەوڵ دەدەن پەیوەندی نێوان زۆربەی (مۆدێرنیستەکان پیشکەوتوو و باڵاکان)و (فەرهەنگی توێژە گشتیەکان) بە ناچیزنیشان بدەن، بۆ نموونە ئاماژە بۆ ئارەزووی لەرادەبەدەری ت.ئیس.ئیلوت بۆ تەلارە مۆسیقیە جەماوەرییەکان و قەرزاریی ستراڤینسکی بەڕەگتایم[٨] دەکات. (کالینیکۆس، ١٩٨٩، ل١٥)

هەڵبەتە لەمەیدانی ئەدەبیات دا ڕەنگە بە دەرگیرییەکی کەمتەرەوە بتوانرێ ئەم نووسەرانەی خوارەوە و بەرهەمەکانیان لە گروپی نووسەران و بەرهەمی پۆستمۆدێرن دا لێك بدرێنەوە: ساموێل بیکیت، ئۆژین یونسکۆ، جۆن بارت، جۆن شبری، توماس پینکەن، دونالد بارتلمی، ویلیام باروز، والتەر ئابیش، ئالان روب گرێ، پیتەر هاندکە، کارلوس فویتس و خورخێ لویس بۆرخیس. لەکۆتاییدا پێویستە ئاماژە بۆ دوو زاراوە بکرێ کەوەکو جۆر بە دەربڕی چیرۆکی پۆستمۆدێرنیستی لەقەڵەم دەدرێن. ئەفسانە سازی یان ئەفسانەکاری (Fabulation) و ئەودیوی خەیاڵ(Surtiction) ئەم دوو دەربرینە دەربڕی باس و ڕوونکردنەوە یان زیادکردن و فراوانی هێرش بەرو سەربزێون لە مەیدانی کاروباری غەیری نواندنەوەدا کەتیایدا نووسەر لەزەت لە هونەری نووسین یان نووسەری دەبینێ و ڕایەکێشێ و سەراسیمەی دەکات، لەجیاتی ئەوەی بۆ وەسفی واقیعیەت یان ئەودیوی خەیاڵ یان دروست کردنی پەیوەندی لە تەکیدا بەکاری بێنێ.

پەڕاوێزەکان

* Jeremy Hawthorn, A Concise Glossary of Contemporay literary Theory (London: Edward Arnold, 1992) PP. 106-111.

1- Andreas Huyssen, After the Great Divide: Modernism, Mass Culture & Postmodernism (London: Macmillan, 1988) PP.58-9.

2- Ihab Hassan, The Culture of postmodernism, in Theory, Culture & Socitety, 2(3), 119-131, 1985, p121.

3- David Harvey, The Condition of postmodernity, (Oxford: Blackwell, 1989) p.116.

4- Alex Callinicos, Againtst postmodernism (London: Polity Press, 1989).

5- Renato Poggiolo, the Theory of the Avant – Garde trans. By Gerald Fitzgerald (New York: Harper & Row, 1971).

6- Peter Burger, Theory of Michael Show (Minneapo;is: University of Minnesota Press, 1984).

7- Fredrico de Onis, Antologia de la Poesia Expanolac Hispanoamericana.

٨- لەدەقەئەسلێیەکەدایە جۆرێك مۆسیقای شەعبی ئەمریکایە.

ڕێنووسی کوردی گیروگرفتی نووسینی بەئەلف و بێی عەرەبی

سەبارەت بە ڕێنووسی کوردی بە ئەلف وبێی عەرەبی زۆر نوسین و کتێب لەم بارەیەوە بڵاوکراونەتەوە، تاڕادەیەکی زۆر ئەو نووسینانە جێی خۆیان کردۆتەوەو ڕۆڵی خۆیان بینیوە لەبەرەوپێش خستنی ڕێنووسەکە، لەم بارەیەوە هەرنووسەرێك یان هەر دەزگایەك چ شتێکی نوێی دەربارەی ڕێنووس هێنابێتە بەرهەم دەربڕاوە تاکو بەم هەوڵدان و ئەرکە خۆێنەری بەڕێز لە رەگ و ریشەوە لەڕێنووسی کوردی ئاگادارییەکی باش پەیدا بکات و ئەرك و ئەمەکی هەموو کەسێکی بۆ ڕوونبێتەوە، هەروەها لەوکونج و کەلەبەرانەش بگات کەتاوەکو ئێستاش چارەسەری تەواویان بۆ نەدۆزراوەتەوە.

شایانی باسە ڕێنووسی هەموو میللەتێك لەسەرەتاوە شتێکی نامۆبووە، کەم و کوڕییەکی زۆریی تێدا بووە، وردە وردە هەوڵدراوە تابیگونجێنن لەگەڵ زمانەکەیان، جالەبەرئەوەی ڕێنووس بایەخێکی زۆری هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە هەموو دیاردەکانی ژیانی ئادەمیزاد کەنووسەران ناتوانن خۆیانی لێ دوور بخەنەوە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەئەگەر ڕێنووس نەبێت ئیتر میللەت پەکیدەکەوێت.

نەخێر! بەڵام گەلێ شتی بەنرخی زانیاریمان لەکیس دەچێ وەك ئەوەی بتوانێت هەندێك زانیاری بگەیەنین بەنەوەیەکی داهاتووکە پێویستیان بەنووسین هەیە، چونکە مەرج نیە هەموشتێك دەماو دەم بگێڕرێتەوە، چونکە کۆمەڵێ شتی لێدەفەوتێت و کۆمەڵێکی تری بۆ زیاد دەبێت تاوای لێدێت گومان لەوە پەیدا دەبێت کەبناغەی ئەوشتە چییە؟ بۆنموونە پەندی پێشینانی کوردی هەرناوچەیەك و تەنانەت هەرکەسێکیش لەناوچەیەکدا بەشێوەیەکی جیاواز دەیگێڕێتەوە، کەواتە ڕێنووس ڕۆڵێکی گرنگی هەیە چ لە کورتکردنەوەی دووری کات و چ لە مانەوەی هەندێ زانیاری گرنگ کە دەبێتە هۆی پێشخستنی شارستانیەت لەهەموو نەتەوەیەك دا، مەرجیش نیە هەموو نەتەوەیەك ئەلف وبێیەکی

دروستکراوی خۆی هەبێت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئەلف و بێیەك بۆ زمانەکەی خۆی بگونجێنێت باداهێنراوی خۆشی نەبێت هەروەکو زۆر لەمیللەتانی سەرزەوی ولای کوردیش ئەمە پەیڕەو کراوە.

وەك دەزانین نووسین هۆیەکە بۆلەیەکتر گەیشتن و تەواوکەری ئاخاوتنە، لە هەمانکاتدا رێنووسی هەر زمانێکیش یاساو دەستووری تایبەتی خۆی هەیە کەلەسەر بناغەیەکی دیاریکراو دامەزراوە. بۆوێنە رێنووسی زمانی کوردی لەسەر رێبازی فۆنەتیکی سازکراوە لە رێنووسی زمانی رووسیدا رێبازی فۆنەتیکی مۆرفۆلۆژی کاریگەرن.

رێنووسی ئینگلیزی و فەرەنسی پەیڕەوی رێبازی چاولێکەری دەکەن، کە بەهۆی نووسینی گەلێك وشەوە بەوشێوەیەی ئیستا رووندەکەنەوە، گوایا باووباپیرانیان بەوجۆرە نووسیویانە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەسەرەتادا زانست سێ جۆری سەرەکی نووسینی ئاشکرا کردووە، کە بە پێی پلەی مێژوو بە دوای یەکدا هاتوون کەبریتین لە:

یەکەم: نووسینی وێنەیی:

نموونەی نووسینی پێکتۆگرافی، چ لەلایەن زانایانی ئاسەوار، چ لەلایەن ئەنتۆگرافەکانەوە دۆزراوەتەوە.

لەنووسینی وێنەییدا وێنەی مرۆڤ (بەلەم، گیانلەبەر...هتد) بەخەت کێشراوە، بێگومان چ ئەوانەی هونەرو چ ئەوانەی بەئەنتۆگرافیاوە خەریکن، لەلێکۆڵینەوەی ئەو جۆرە وێنانەیان بەلاوە گرنگە، چونکە هونەرو نووسین بەیەکەوە بەستراون.

دووەم: نووسینی بیر:

لەگەڵ پێشکەوتنی ئادەمیزادو گەشەکردنی بیرو هەستیدا، پێویستی واهاتە ناوەوە، کە ئیتر نووسینی وێنەیی نەیتوانی ئەوئەرکە بەجێبهێنێ - ئەو دەمە نووسینی ئیدیۆگرافی - واتە(نووسینی بیر)، هاتە مەیدان. لەم جۆرە نووسینەدا، نیشانەکان واتای ڕاستەوخۆی دیاردەکان نادەن، بەڵکو ئەوبیرە رادەگەیەنن کەلەمێشکی ئادەمیزاددا پەیدا دەبێت.

سێیەم: نووسینی هێرۆگلیفی:

لەمبارەیەوە وێنە لەشێوەی مەجازدا واتا دەگەیەنێ، ئەم واتا مەجازییانەی وێنە زۆر لەخواستی هەندێ وشە دەچن. بۆنموونە (زمان - لسان)، لەم قۆناغەی پێشکەوتنی نووسیندا، یەك وێنە وەك چۆن واتای راستەوخۆ دەگەیەنێ، هەروەها واتای مەجازیش نیشان دەدا، جابۆیە خوێندنەوەی ئەوجۆرە نووسینانە ئاسان نییە.

جگە لەمە پێویستی خێرایی نووسین وپێویستی ئەوەی رێگەی دەربڕینی مەبەست بەهۆی وێنەوە بگۆڕین بۆنیشانەی مەرجی - هێرۆگلیفی و ئەمەش ئاسانکردنی پێشکەوتنی تەکنیکی نووسین بووە، هۆی ئەوەی لەبریتی بەردو پارچە دارو تۆپکڵەدار، ئامرازی تایبەتی بەکاربهێنرێ.

ئاشکرایە بۆ ئەوەی شت بنووسرێ و بخوێندرێتەوە، پێویستی بەکۆمەڵێك نیشانەی دیاریکراو هەیە و ئەمە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی مەسەلەی ئەلف و بێ، بەڵام نیشانەکانی هێرۆگلیفی ناتوانن بە باشی ئەم ئەرکە بەجێبهێنن، چونکە هێندە زۆرن لەبەرکردنیان زەحمەتە، لەبریتی ئامرازی نەقش و نەقاڕی ئامرازی نووسین پەیدا بووەو توانرابە مەرەکەبی چینی بەفڵچە زۆر خێراتر نیگاری نیشانەکان بکێشرێن.

کورتەیەك لەمێژووی رێنووسی عەرەبی

دەربارەی پەیدا بوون و داهێنانی (ئەلف وبێی عەرەبی) گەلێك بیروڕای جیاواز هەیە، هەندێك لەسەرچاوەکان ئەم داهێنانە ئەبەنەوە سەر(ئادەم)، یان(اسماعیل) پێغەمبەر(د.خ)، هەندێکی تریش ئەیبەنەوە سەر خەت و نووسینی (موسەندی حیمیەر) هەندێ سەرچاوەش ئەڵێن لە (ئەنبار)ەوە یان لەخەتی (میخی)یەوە، یاخود لەهێرۆگلیفیەوە پەیدا بووە. بەڵام سەرچاوەیەکی نوێ ئەیباتەوە سەرخەتی ئەو(نبلی) یانەی کەلە سەرخاکی (حوران)

دا ژیاون و پایتەختیان شاری(بەطرا) بووە پێنج سەدەش فەرمانڕەواییان کردووە و زاڵ بوون بەسەر ئارامی یەکان و پەیوەندی بازرگانیان لەگەڵ (ڕۆم و میسر)دا هەبووە، بۆکاروباری بازرگانی خۆیان جۆرە پیتێکیان داهێناوە، ئەگێڕنەوە کە (حەرب کوڕی ئومەییەی کوڕی عەبدولشەمس) یەکەم کەسبووە کەلە وڵاتی حیجاز خەتی نووسیوەتەوە. لەدێر زەمانەوە هۆزی قوڕەیش بەسەرگەورەی هۆزەکانی نێو عەرەب ناسراوە، بەتایبەتی کە قورئانی پیرۆز بەم زاراوەیە بۆ پێغەمبەرمان (د.خ) هاتەخوارەوە.

ئیتر بایەخێکی یەکجار فرەی پێدراوە، بوو بەزمانی پاراوی عەرەب و قورئانی پیرۆزیش، لەکاتی فەرمانڕەوایی (عوسمانی کوڕی عەففان) ئەم زاراوەیە بە خەتی حیجازی نووسرایەوە. تائەو سەردەمەش نوختەو سەرو بزوێن بەپیتەکانەوە نەبووە. بۆیە، لەکاتی خوێندنەوەی قورئان دا هەڵەیان تێدا دەکرد، لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئەمەوییەکان (ئەبولئەسوەدی دووئەلی) بزوێنی لەچەشنی نوختە خستە سەر هەندێك لەپیتەکان هەموو قورئانی پێ نووسیەوە، هەرلەم سەردەمەشدا (نصر کوڕی عاصم) نوختەی بۆ یازدە پیت داناوە، بەم جۆرە پیتی عەرەبی لەسەرچاوەی هێڕۆغلیفییەو میخییەوە بۆتە حیجازی و کوفی ئەم پێتەی ئەمڕۆمانی لێ هاتەکایەوە کە لەخوێندن و نووسیندا بەکاری دەهێنین. لەسەردەمی عەباسییەکان (خەلیل کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی) سەرو بۆری بۆپیتەکانی داهێناو لەم هەوڵ و مەرجەشدا خەت و نووسینی (نەسخ) پەیدا بوو، کەهەندێ پیت لەچەشنی بازنەدا ئەنووسرێت، جالەوکاتەوە تا ئەمڕۆ ئەو نووسینە عەرەبییە پشتاو پشت هاتۆتە خوارەوە.

سەرەتای نووسینی پیتەکانی عەرەبی

پیتەکانی عەرەبی ژمارەیان(٢٨)پیتە (أ،ب،ت،ث،ج،ح،خ،د،ذ،ر،ز،س،ش،ص،ض،ط،ظ،ع، غ،ف،ق،ك،ل،م،ن،ھ،و،ی).

لەم(٢٨) پیتە تەنها(٢١) پیت بۆزمانی کوردی گونجاوە و دەستی داوە:

(أ، ب، ت، ج، ح، خ، د، ر، ز، س، ش، غ، ف، ق، ك، ل، م، ن، ھ، و، ی). بەڵام ئەو(حەوت) پیتەی خوارەوە لەگەڵ زمانی کوردی ناگونجێ: (ث ـ ذ ـ ص ـ ض ـ ط ـ ظ ـ ع).

پاش ئەوەی کە(٢١) پیتی باسکراو وەرگیراو، زۆر کەم و کورتی هەیە لەنووسینی کوردی بۆ رزگار بوون لەوتەگەرە یە(پێنج) پیتی تریان پێکهێنا، بەلاسایی کردنەوەی پێنج پیتی عەرەبییەوە کە ئەمانەن:

پیتی {پ}بەلاسایی پیتی {ب}، پیتی {چ}بەلاسایی پیتی{ج}پیتی {ژ}بەلاسایی پیتی{ز}، پیتی {ڤ}بەلاسایی پیتی{ف}، پیتی {گ}بەلاسایی پیتی{ك}.

وشەی عەرەبی کەلەزمانی کوردیدا بەکارهاتووە لەرووی نوسینەوە نووسەری کورد بەرەنگاری دووکێشە دەبێتەوە:-

١-لەقەوارەی وشەی عەرەبیدا، چەند دەنگێك دێت، کەلەزمانی کوردیدا بەگوێناکەون و گۆکردنیان بەگوێرەی دەنگسازی کوردی پێویستی بە گۆڕینە وەکو دەنگی (ث ـ ذ ـ ص ـ ض ـ ط ـ ظ) کە دەبنە(س، ر، ز، ت، ز) بەوێنە (ثابت، ذلیل، صابر، طیارة، ظالم)

(سابت، زەلیل، سابر، تەیارە، زاڵم).

٢-دەنگی کورت، بزوێنی فەتحە (ـَ) وضەمە (ـُ) و کەسرە(ـِ) کەلە بنیاتنانی وشەی عەرەبیدا، هەرچەندە ئەرکی پیت دەگێڕن، بەڵام بەزۆری لە ڕێنووسی عەرەبیدا وێنەیان ناکێشرێت، کەچی لەڕێنووسی کوردی لەبەر تیشکی دانانی(پیت)بۆ هەموو دەنگێك، ئەو کورتە بزوێنە عەرەبییانە وێنە دەکێشرێو نووسەری کورد، لەمێژەوە تێکۆشاوە: بۆئەوەی پیتیان بۆ سازبکات. لەسەردەمی دەرچوونی ((تێگەیشتنی ڕاستی))دا، نەبوونی پیت بۆ بەشێك لەو دەنگە کوردییانە لەئەلف و بێی

عەرەبیدا نەبوون، هەرچی گیرو گرفتی چۆنیەتی نووسینی وشەکانە، گەلێ دواتریش هێشتا بەتەواوی نەهاتبووە ئاراوە. لەدوای سەدەی (١٩)شەوە، تائەم سالانەی دوایی لەم لاو لاوە بۆچارەسەر کردنی هەندێك لەوگیرو گرفتانە هەوڵدراوە، وەك ئەوەی (ناظم ماکۆم خان)ی، باڵێوزی قاچارییەکان لەلەندەن لەسالی(١٨٨٦)دا، داوای ئەوەی کردووە پیتە عەرەبییەکانی لەنووسیندا پێکەوە بلکێنرێت لەوشەیەکدا واتە جیاواز نەنووسرێت، بەمە ژمارەی شێوەی پیتەکان دێتەسەر (٢٦) شێوەپیت، (ناظم ماکۆم) هات بەم داهێنانەی خۆی کتێبی(گوڵستانی) چاپ کرد.

مامۆستا (عەلائەدین سجادی)، لەدوای هاتنی ئیسلام دەڵێ: ((داهاتی ئەم پیتانە بەرامبەر بەزمانی کوردی مێژوویان ئەگەڕێتەوە بۆ (١٢٠٠ ـ ١٢٥٠) سالٌ پێش ئەم رۆژە، بەڵێ کەئیسلام لەناوچەی کوردنشیندا بنجی خۆی داکوتا، دەبێ هەوڵی بڵاوبوونەوەی ئەلف و بێیەکەی خۆشی دا بێ).

ـ دکتۆر نەبەزیش لەم بارەیەوە دەڵێت ! ((ئاشکرایە پاش ئەوەی ئاینی ئیسلام لەکوردستاندا بنجی خۆی داکوتا، کوردەکانیش وەکو فارسەکان دەستیان کرد بە بەکارهێنانی ئەلف و بێی عەرەبی بۆ نوسینی زمانەکەیان.

ـ لەسالی (١٨٩٨) دا، رۆژنامەی کوردستان لەلایەن (میقداد مەدحەت و عەبدولرەحمانی کوڕانی) بەدرخان پاشاوە لەقاهیرە وگەلێ شوێنی تر دەرچوو لەو حەلەدا دەرچوونی ڕۆژنامەیەك بەزمانی کوردی زۆربەنرخ بووە. چ لە ڕووی زمانەوە چ لەڕووی سیاسەتەوە زۆرگرنگ بووە.

کۆنترین نووسراوی کوردی
بە ئەلف و بێی عەربی

کۆنترین سەرچاوە، دەستنووسی ژمارە (٤٤٨) ی کتێبخانەی کۆڕی زانیاری کوردە، ئەم دەستنووسە سالی (١٧٨٥) ی زایینی، لەلایەن (سەعید عەبدوڵڵا موکری) یەوە نووسراوەتەوە . دوای تەماشاکردنی ئەو دەستنووسە، ئەوەم بۆ دەرکەوت کەوتەکانی مامۆستا (محەمەد عەلی قەرەداغی) کە دەڵێ:—

(ئەوەی لەم نوسخەیەدا جێگەی سەرنجە رێنووسی دەست و خەتەکەیە و نووسەری ئەم دەست و خەتە، هەندێ جار نیشانە تایبەتیەکانی رێنووسی ئیستەی کوردی، وەك: (ه ـ ی ـ و) سەرو ژێرو بۆر بەکار هێنراوە.

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، (کۆمەڵەی گشتی کردنی خوێندەواری و چاکردنی رێنووس)و (کۆمەڵەی هێڤی)، بایەخێکی تایبەتیان بەچارەسەرکردنی کێشەکانی رێنووسیکوردی دابوو، ئەوبەرهەمەی لەم بارەیەوە هێنابویانە ئەنجام، ئەلف و بێیەك بوو، کەلەسەربناغەی پیتەکانی عەرەبی و هەشت پیتی نوێیان بۆ زیاد کردبوو، پیتەکانی ئەم رێنووسە بەیەکەوە نەدەلکان.

سالی(١٨٧٩ ـ ١٩٢٠)، رێنووسی کوردی، لەدەست و خەتەوە هاتە سەر چاپەمەنی، لەم ماوەیەدا هەندێ رۆژنامەو گۆڤار لەچاپ درا، سەرو بۆردانان نەماو وتەی بێگانە لەنووسینەکاندا کەم بووە.

مامۆستای بەڕێز (سعید صدقی کابان) نووسراوی (مختصر صرف و نحوی کوردی)، لە سالی (١٩٢٨) دا بڵاو کردەوە، لەم نووسراوەدا مامۆستای بەڕێز پیتەکانی کوردی بەتەواوی دەرخستووە، لەبریتی سەروبۆر هەندێ نیشانە و حروفی تایبەتی بۆ داناوە، کەئەمانەن.

ئە = أ	ژ = ژێ	لْ=لام	ێ = یای کراوە
پ = پێ	ڤ = ڤێ	ۆ = واوی کراوە	یێ = یای درێژ
چ = چیم	گ = کاف	وو = واوی درێژ	

سالی دواتر (١٧٨٥) ی زایینی، لەلایەن (سەعید عەبدوڵڵا موکری) یەوە نووسراوەتەوە . دوای تەماشاکردنی ئەو دەستنووسە، ئەوەم بۆ دەرکەوت کەوتەکانی مامۆستا (محەمەد عەلی قەرەداغی) کە دەڵێ:—

(ئەوەی لەم نوسخەیەدا جێگەی سەرنجە رێنووسی دەست و خەتەکەیە و نووسەری ئەم دەست و خەتە، هەندێ جار نیشانە تایبەتیەکانی رێنووسی ئیستەی کوردی، وەك: (ه ـ ی ـ و) سەرو ژێرو بۆر بەکار هێنراوە.

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، (کۆمەڵەی گشتی کردنی خوێندەواری و چاکردنی رێنووس)و (کۆمەڵەی هێڤی)، بایەخێکی تایبەتیان بەچارەسەرکردنی کێشەکانی رێنووسیکوردی دابوو، ئەوبەرهەمەی لەم بارەیەوە هێنابویانە ئەنجام، ئەلف و بێیەك بوو، کەلەسەربناغەی پیتەکانی عەرەبی و هەشت پیتی نوێیان بۆ زیاد کردبوو، پیتەکانی ئەم رێنووسە بەیەکەوە نەدەلکان.

سالی(١٨٧٩ ـ ١٩٢٠)، رێنووسی کوردی، لەدەست و خەتەوە هاتە سەر چاپەمەنی، لەم ماوەیەدا هەندێ رۆژنامەو گۆڤار لەچاپ درا، سەرو بۆردانان نەماو وتەی بێگانە لەنووسینەکاندا کەم بووە.

مامۆستای بەڕێز (سعید صدقی کابان) نووسراوی (مختصر صرف و نحوی کوردی)، لە سالی (١٩٢٨) دا بڵاو کردەوە، لەم نووسراوەدا مامۆستای بەڕێز پیتەکانی کوردی بەتەواوی دەرخستووە، لەبریتی سەروبۆر هەندێ نیشانە و حروفی تایبەتی بۆ داناوە، کەئەمانەن.

ئە = أ	ژ = ژێ	لْ=لام	ێ = یای کراوە
پ = پێ	ڤ = ڤێ	ۆ = واوی کراوە	یێ = یای درێژ
چ = چیم	گ = کاف	وو = واوی درێژ	

دانانی ئەم نیشانەو پیتانە کەلێنکی گەورەی پڕکردەوە، تا ئەم وەختە بەسەرو بۆرەوە دەنووسرا، ئەگەر کەسێك کوردی باش نەزانیایە، بەزەحمەت نووسراوی کوردی بۆ دەخوێنرایەوە.

ساڵی (١٩٢٠ ـ ١٩٢٩)، کوردی پەتی نووسین بووە باو، لەچاپخانەکانی رۆژنامەو گۆڤارو نووسراوی کوردی کرا، سەرو بۆردانان کۆتایی هات، پیتی (ه) هێی خڕ جێگەی (فتحه)ی عەرەبی گرت.

هەروەها لەساڵی (١٩٥٥) دا، (ابراهیم بالدار) کتێبێکی ئەلف وبێی دانا بۆ گەورە، بە تایبەتی بۆئەوە دانرابوو گەورە فێری خوێندنەوە و نووسینی کوردی بکات، دوایی ئەم کتێبە لەلایەن وەزارەتی مەعاریفی ئەوکاتەوە پەسەندکرا، لەهەمان ساڵدا لە بەغداد، لەچاپخانەی (هاوبەش) بەناوی (ئەلف وبێ بۆگەورە)ەوە چاپ کرا.

لەساڵی (١٩٥٦) نووسەر کتێبەکەی دووەمی (ئەلف وبێی نوێ بۆمندالان)، جارێکی تر گۆڕی، و کتێبەکەی بەپوختەکراوەی و بە گەلێك وێنەی جوانی کوردەواریيەوە کەژنە هونەرمەندێکی ئەڵمانی (ترودی ڤیلمان) رەنگاو رەنگی پەسمی کردبوون، لەبەغدا لە چاپخانەی (رابطە) لەساڵی (١٩٥٦) بە ئۆفسێت چاپ کرایەوە.

ـ زانای بەناو بانگی ناسراوی کورد (شێخ محەمەدی مەردۆخی) لەپێشەکی ئەو فەرهەنگە (کوردی ـ فارسی ـ عەرەبی) دا، کە لەساڵی (١٩٥٦) دا لە تاران چاپیکردوە، ئەلف وبێیەکی تایبەتی بۆ نووسینی کوردی سازکردووە. ـ مامۆستا (محەمەد عەلی کوردستانی)، کەیەکێکە لەکوردەکانی ئازربایجانی سۆڤێت، ئەلف وبێیەکی جیهانی داناوە، ئەو ئەلف وبێیە، لەگرەوی نێو دەوڵەتاندا بەیەکەم دەرچووە بەناوی (ئەلف وبێ هاوڕێ یەتی گەلانەوە) دانراوە.

گیرو گرفتی نووسینی کوردی بەئەلف وبێی عەرەبی

کتێبی دەستوری زمانی کوردی، مامۆستا تۆفیق وەهبی کەلە ساڵی (١٩٢٩) دا چاپ کراوە، لەسەرانسەریدا نیگاری (ه ـ ی ـ و) لە جێی سەرو ژێرو بۆر دانراوە، ئەگەرچی نووسینی پیتی(و) لەبریتی بۆرو نووسینی (ی) لەجیاتی ژێر، هەنگاوێکی باش بوو، بەڵام گیرو گرفتی پەیداکرد، ئەوگیرو گرفتەش ئەوەبوو کە شێوەیان لەگەڵ شێوەی پیتی بزوێنی(Ú)و (Î)ی درێژ، کەئەو سەردەمە بەیەك (و) وبەیەك (ی) دەنووسران، وەك یەکیان لێهات.

لەڕێنووسی کوردیدا، چەندین گیرو گرفت هەیە، پێویستیان بەچارەسەرکردنە بەتەنها هەندێکیان دەستنیشان دەکەم:

أ- نووسینی (وو)، یان (وَ) بەرامبەر (Û)ی لاتینی:

ئەورەحمانی حاجی مارف سەبارەت بەم کێشەیە دەڵێ: ((وەك ئاشکرایە بۆ هەر دەنگێك، لە دەنگەکانی زمانی کوردی پیتێك کراوەتە وێنە، بەڵام بۆ نیشاندانی دەنگی (و) ی درێژ دووپیت دانراوە، بێگومان هیچ لێکدانەوەیەك رێگە بەوە نادات کە دووپیت بکرێنەنیگاری یەك دەنگ)).

ئەگەر بە پێی ئەو بۆچونە هەڵەیە نیگار بۆ دەنگەکانی زمانی کوردی دابنێن، ئەوەدەبێ لەبریتی (١)یش، دوو (ه) بەکاربهێنن و لەجیاتی بنووسین (ڕان) بنووسین (ڕەەن).

نووسینی دوو(واو) لەسەرێکی تریشەوە، نووشی کێشەیەکمان دەکات، ئەویش ئەوەیە، ئێمە لە کوردیدا بۆ نووسینی دەنگێ کەهێزی لەسەربێ دووجار پیتەکە دەنووسین، وەك (میللەت ـ کەللە) جائێمە کە دەستوورمان بۆ دەربڕینی هێز ئەوە بووپیتەکە دووبارە بکەینەوە لەنووسینی (واو) دا دەستورەکەمان لێهەڵدەوەشێتەوە. چونکە مەبەستمان هێزنییە.

ئەوانەی ئەوەبەکارێکی ناشیاو دادەنێن، کە کۆڕ (و) کەشیدە لەسەری لەجیاتی (و)ی درێژ دەنووسێ، ئەوە لەوسەرەتا ئاشکرایەی زمانەوانی بێ ئاگان، کەدانانی دووپیت بۆ نیشاندانی یەك فۆنێم باش نیە، سەرەڕای ئەوە دانانی چوکلّە ئاسانترە و خێراترە جا

کۆڕ هەستی بەوەکردووە، بۆیە پیتێکی هێشتۆتەوە وەك وێنەیەکی درێژ کەشیدەیەکی لەسەر داناوە. هەرچەندە ئێمە کەشیدە بەڕاست نازانین، چونکە تێکەڵکردنە لەگەڵ سەری عەرەبیدا، باشتر ئەوەیە هەوڵبدرێت، لەبری ئەو کەشیدەیە نیشانەیەکی تر، لەسەر یان لە ژێر پیتەکە دابنرێت.

دانانی ئەوکەشیدەیە جوان نییە، بەڵام لەڕووی زمانەوانیشەوە ڕاستە. ((مەسعود محەمەد))یش هەمان ڕای ((ئەورەحمانی حاجی مارف))ی هەیە، دەربارەی (و)ی درێژ بەڕای ئەو دەبێت بەیەك (و) بەکاربهێنرێت واتا دانانی دووپیت بۆیەك دەنگ هەڵەیە، دەڵێت ئەم لێکدانەوەیە ڕاستی گەورە ترو گرنگتری لەبیر چووە.

١- دەبوو، لەڕێی قیاسەوە، ئەلفیش بە دوو نیشانەی سەر (فەتحەی عەرەبی) بنووسرێ، چونکە دەڵێت دەنگی ئەلف دوو هێندەی دەنگی فەتحەی درێژە .

٢- واوی درێژ چ کراوەبێت(ۆ) چ درێژبێت، یەك دەنگە نەك دوو دەنگ بەو پێیە، یادەبێ واوی کراوەش بە دووپیت بنووسرێت، یاواوی تیژ نیشانەی بۆ دابنرێ.

ڕاستیەکەی تێکڕایی دەنگە تەواوەکان، بە کۆنسۆنانت وبزوێنەوە مافی ئەوەی دەبێت بە دووپێت بنووسرێت.

بەڕای توێژەریش، ئەگەر چاوێك بەزمانی ئینگلیزیشدا بخشێنین هەمان دیاردەمان بەرچاو دەکەوێت، بۆنموونە(ch) لەبری (چ)و (sh) لە بری (ش) و (ph) لەبری (ف) بەکاردێت، کە ئەمەش هەڵەیەکی ڕێنووسییە.

- (ئیبراهیم ئەمین باڵدار) و (شاکر فتاح) و (عومەر عەبدولرەحیم) هەموویان یەك بیرو بۆچونیان هەیەکە دەڵێن، بۆ ئاسان کردنی خوێندنەوەو نووسین، باشتر وایە(واو)ی درێژ، وەك ئێستالای گشت خوێندەواران پەیڕەو دەکرێت بەدوو (و) بنووسرێت، نەك (و)ی سەردار (فەتحە)، ئەمەش بە باش نازانرێ، (و)ی درێژ ئەگەر لەپێشەوەی وشەشەوە هات، بۆ ئاسانی خوێندنەوە هەربە(و) بنووسرێت وەك: ((وو - شە)) ((وو- تن)) کەبەم جۆرەیە (vcv) (wişe) و (witin) ئەگەر بەیەك (و) بنووسرێت، ئەوا کۆنسۆناتەکان و بزرۆکەیەك دێتەکایەوە (وشە) (wişe)هەردوو بڕگەیە. مامۆستا (مەسعود محمد) لەوشەیەکی وەکو (کاووس - تاووس) سێ(و)ی بەدوای یەکدا هێناو، بەم شێوەیە (کاووس - تاووس)، بەڵام ((ئەورەحمانی حاجی مارف))یش سەبارەت بەم کێشەیە دەڵێ: ئەم سێ (و) لەڕاستیدا (کاوس) (تاوس) لەدوو بڕگە پێك هاتووە .بەڵام - (نوری عەلی ئەمین)، دەربارەی (و)ی درێژ دەڵێ: ((دەبێت بەدوو (و) بنووسرێت، چونکە یەکەمیان نەبزوێنە، دووەمیان بزوێنە، بیروڕای من بەرامبەر بەپیتە بزوینی (و) ئەمەیە

١- شێوەی دەنگی بزوێنی (و) لە شێوەی نەبزوێنی (و). لەنووسیندا جیا بکرێتەوە، چونکە بەکارهێنانی شێوەیەك بۆ دوو دەنگ یان پتر لەنگیە .

٢- بزوێنی (و) بەپێی پلەکان، یان شێوەیان بۆساز بدرێت، یان هەموویان بەیەك (و) بنووسرێت باشترە.

ب- نووسینی دوو(ی) یان (یَ) بەرامبەر (Î)ی لاتینی لەکوردیدا، دوو بزوێنی (ی) هەیە، کە یەکێکیان کورتەو ئەوەی تریان درێژە، بۆ جیاکردنەوەشیان دووەمیان بەدوو (ی) نووسیوە. لەڕێنووسی کۆڕیشدا، لەبریتی دوو (ی) کەشیدەیەك لەسەر(ی) بەکارهێناوە .هەرچی بزوێنی (ی - Î)یە لەزمانی کوردیدا یەك فۆنێمە، بەڵام ئەمە دەوری واتا گۆڕی نابینێ، جا کە دەوری واتا گۆڕی نەبینێ ئەوە فۆنێمی تر ناهێنێتە کایەوە، کە فۆنێمی تریش نەبوو ئیتر پێویست بەنیگاری تر ناکات بۆ وێنە (شیر - بیر) بەیەك (ی) بێت یادوو هەرهەمان واتا دەبەخشێت .

هەموو (ی)یەکی ناوەڕاستی وشەی کوردی بەدرێژی گۆ دەکرێ و هیچ کاتێك کورت نایەتەبەر گوێ، تەنیا مەگەر وشەیەك دوو (ی) تێدابێ و هێز بکەوێتە سەر یەکێکیان ئەو دەمە ئەوی تریان کەمێك کورتتر گۆ دەکرێت . ئەمەش دیاردەیەکی فۆنۆتیکی ئاشکرایە. هەر بزوێنێ هێزی لە سەربێ پتر دەردەکەوێ (ی) کۆتایی وشەش کەهەندێ جار کورت دەردەبڕێت، هۆی ئەوەیەکە هێزی لەسەرنیە.

- ئیبراهیم ئەمین بالدار، هەر هەمان بۆچوونی (ئەورەحمانی حاجی مارفی) هەیەکە دەڵێ: ((ی)) درێژ دەبێ هەروەك خۆی بنووسرێت، بێ ئەوەی هیچ نیشانەیەکی سەری عەرەبی یان بە(ژێر) بخوێنرێتەوە، کەدەنگ ئەو (سەرە) لەعەرەبیدا، دەنگی ژێرە.

هەروەها دەتوانین بڵێین، کە (ی) کەشیدە، لەسەر نووسینەکەی بە ئەرکیشەو ناشرینیشە و سەریشت لێتێك دەدات، لەبەر ئەوە گەلێك جوانترو ئاسانترە بۆ نووسینی، کە (ی) خالدار بەکاربهێنین .(عومەر عەبدولرەحیم)، ڕای وایە، هیچ پێویست ناکات، بە وەی کە(ی) درێژبە نیشانەیەك، لە(ی) کورت جیا بکرێتەوە چونکە:

أ- پیتی (ی) هەرکاتێك کەوتە نێوان دوو پیتی بێدەنگەوە، دەنگی (ی) یەکە درێژ دەکرێتەوە وەك (بیر - شیر)، هەروەها لە کۆتایی وشەشدا ئەگەر لە پێش (ی)هکەوە، پیتی دەنگداربوو، دیسان دەنگی(ی) یەکە درێژ دەکرێتەوە وەك(بردی - کردی - - هتد).

ب- بەڵام، ئەگەر (ی) لەدوای پیتی بزوێنەوە هات، هیچ گومانی تێدانیە دەنگی (ی) کەبەکورتی لەدەم دێتە دەرەوە وەکو: (رایکرد - داینا - پەی پێ دەبا - - هتد).

ج- لەبەر ئەوەی ئەم (ی) یانە، لەدوای (ا - ۆ - ە)وەهاتوون دەنگەکانیان بەکورتی دەوترێن .چونکە (ی) هەندێ حاڵەتی بزوێنەو هەندێ حاڵەت کۆنسۆناتە.

(مەسعود محمد) دەڵێ: ((نیشانەی سەرپیتەکان، بریتیە لە حەوتی بچووك و، هەشتی بچووك، بەڵام واپەسەند ئەکرا، لەجیاتی نیشانەی (۸)ی‌بچووك کەشێدە بچێتە سەر (ی) درێژ.

- هەروەها (نوری عەلی ئەمین) دەڵێ: ((ئەم پیتە مەبەستمان شێوەکەیەتی، نەك دەنگەکەی لە کوردی‌دا، دوو دەوری پێ سپێررراوە.

۱- دەوری پیتە نەبزوێن : واتە شێوەکەی لەبری دەنگ بەکاردەهێنرێت لە نووسینی وشەدا، دەنگی کۆنسۆناتە، وەك لەم وشانەدا دیارە (یاسا، یەك - - هتد).

۲- دەوری پیتە بزوێن: واتە هەمان شێوە لەبری دەنگێ بەکاردەهێنرێت لەنووسینی وشەدا، دەنگەکە بزوێنە وەك (ئازادی، میوان - - هتد).

ج- کێشەی کورتە بزوێنی (i)بزرۆکە.

د.ئەورەحمانی حاجی مارف، سەبارەت بەم کێشەیە دەڵێ: (یەکێك لەگیرو گرفتەکانی ڕێنووسی کوردی بە ئەلف وبێی عەرەبی ئەوەیە کە بۆکورتە بزوێنی (i)، هیچ پیتێك دانەنراوە، ئەمەش بوەتەهۆی بەهەڵەبردنی گەلێ لەروناکبیرانی کورد، جابە داخەوە ئەو بزوێنە یەجگار کورتە، لەرینووسی کۆڕپشدا، نەك هەرنیگاری بۆ دانەنراوە، بەڵکو باسیش نەکراوە.

لەم سالانەی پێشوودا، مامۆستا (مەسعود محەمەد) لەچەند نووسینێکدا دەربارەی (i) بزرۆکە دواوە، کە نووسەر ئەوکورتە بزوێنەی بەهێزی داناوە.

مامۆستا، لەوتارێك کە لەبارەی (فۆنەتێك)ەوە کاتێ لەتایبەتی و سروشتی دەنگەکانی زمانی کوردیدا، گونجاندن و گونجاندنیان لەگەڵ یەکتر دەدوێ، نووسیویەتی ئەم دەنگە (i) کەبە سکون دەکەوێتە پێش دەنگی (ر) یشەوە، بەتەواوی

دەوەستێنرێ و هیچ قورس کردن و ددان لێگیر کردنێك قبوولێ ناکات.

وشەکانی (مەڕ ـ سارد ـ ـ ـ هتد)ئەوانیش هەرلەبەر ئەم هۆیە یەك بڕگەن

١ـ دەوری پیتە نەبزوێن: واتە شێوەکەی لەبری دەنگ بەکاردەهێنرێت لە نووسینی وشەدا، دەنگی کۆسۆناتە، وەك لەم وشانەدا دیارە ((یاسا، یەك) ئەوانیش . هەر لەبەر ئەم هۆیە یەك بڕگەن . وشەی (هەڵگورد) کەبووەتە دووبڕگە، واتە (هەڵ ـ گورد)، بەڵام ئەم بیرو بۆچونە هەڵەیە بە پێی ڕای (د.ئەورەحمانی حاجی مارف) کەدەڵێ: وشەی (هەڵگورد) دەبێت بە دووبرگە (هەڵ ـ گورد) بنووسرێت.

چونکە خۆی لە دووبڕگە پێکهاتووە، ئەگەر بەسێ برگە بنووسرێ، ئەوا بزرۆکە دەکەوێتە نێوان (ر) و (د)، (Hel – gord)

جائەگەر بەتەواوی بچەسپێنرێ، کەئەوە قورسکردن بێ، ئەوسا دەردەکەوێ کە قورسکردنیش دەتوانرێ دەوری جیاکردنەوەی بڕگە ببینێ، بەڵام ئەوەی لەزانستی زماندا، ئاشکرابێ، ئەوەیە کەلەبڕگە دا دەبێ دەنگێکی بزوێن هەبێ. جاهەر لەبەر ئەوەشە کە ژمارەی بڕگەکانی هەروشەیەك هێندەی ژمارەی بزوێنەکانی ئەو وشەیە دەبێت.

لەزانستی زماندا ئەوە ڕوونکراوەتەوە، کەهەموو وشەیەکی تەواو چۆن دەنگی کۆنسۆناتی هەیە، هەروەها دەنگی بزوێنیشی هەیە.

گۆڕین وتیا چوونی هەندێ دەنگ لەڕینووسی کوردیدا بەئەلف و بێ‌ی عەرەبی

وەکو دەزانین لەشێوەی سلێمانیدا، دیاردەی گۆڕینی دەنگێك بۆ دەنگێکی تر، یان کلۆرکردنی دەنگێك، یان قووتدانی یان سوانی یان قرتان ـ ـ هتد زۆرپەسەندە، ئەگەر چی ئەم جۆرە بابەتە پتر کێشەی زمانی دەبینێت، بەڵام تاڕادەیەك پەیوەندیان بە ڕێنووسیشەوە هەیە.

ئاشکرایە لەشێوەی سلێمانی دا،نیشانەی (دە) بۆ ئێستاو داهاتوو ئەبێ بە (ئە) وەك:ـ (دەڕۆم ـ ـ ـ ئەڕۆم).

ئەگەر بۆ دەست نیشانکردن و پەتکردنەوەی پلەکانی شێوەی (دە) بە (ئە)، زۆربەی نووسەرانی ئەوسەردەمە واتا ساڵەکانی (٣٠)بە زۆری هێشتا (دە)یان بەکار دەهێناو بەشێکی پتر یان (ئە) یان دەنووسی .

بۆزمانی ئەدەبی و نووسین شێوەی (دە) زیاترە، ئەگەرچی لە ئاخاوتنی ئێستای سلێمانیدا، تەنیا (ئە) بەکاردەهێنرێ (دە) بەتەواوی لەبیرچوێتەوە. لەشێوەی ئاخاوتنی سلێمانیدا، زۆرجار ئەوەبەرگوێ دەکەوێ، کەدەنگی (د) کلۆر دەکرێ، وەك (منالّ)، لەبریتی (منداڵ)ە، (مەحمود)لەجیاتی (مەحموو).

مامۆستا (تۆفیق وەهبی) .کەلەم بارەیەوە نووسیویەتی (د)ی کلۆر دەبێ بەجارێ بکرێتە دەرەوە، لەزمانی ئەدەبیەکەماندا، لەوجێ یانەشدا کە(د) کلۆرەکان گۆڕاون، بەڕاستی بۆسوان و تێچوونی (د) ڕوونکردنەوەو لێکۆڵینەوەی تەواومان دەوێ، چونکە لەزۆر شوێنی وشەدا دەقرتێ بەتایبەتی لەناوچەی سلێمانیدا، دەنگی (د)ی ژمارەکانی : (یازدە ـ دوازدە ـ سیازدە ـ حەڤدە).

ئەم (د) بووە بەهۆی قورس دەربڕینی ئەو وشانە بۆ سووککردنی ئەو نالەباریە، ناچار دەبوو، دەنگی (ن) بێتە ناوەوە، واتەببێتە (یانزدە، دوانزدە حەڤدە).

لەهەمانکاتدا لە ئاخاوتن و نووسینی ئەمڕۆی سلێمانیدا (ت)ە کە، لەدوای (س)ەوە دێت، زۆرجار قوتدەدرێ، بۆ وێنە زۆرجار (دەست) دەبێتە (دەس). لەبەرئەوەی دەنگی (س) کپە، دەنگی (ت)ش کپە، بۆیە هەردوو دەنگە کەکار لەیەکتری دەکەن، لەگۆکردندا، دەنگی (ت) قووت دەدرێ.

ئەمڕۆ کەدەوترێ (لەو ـ لەوان)، ئەوە ئەسڵەکەیان (لەئەو ـ لەئەوان) بووە، (ئە/ە)کەی، سەرەتایان تێچووە، لەئاخاوتن و نووسینی ئەمڕۆی کوردیدا، لەوانەیە بڵێن. خەڵك هەموو وشەکان بەیەکەوە دەنووسن، واتە مەودا ناخەنە نێوان پرێپۆزە شینەکەو وشەی دوایەوە. پێکهاتنی کرداری، داخوازی و ئیلزامیدا، نیشانەی (ب) هەندێ جار ئەو (ب)ە قووت دەدرێ، زۆری نووسەرانیش، لەسەربناغەی بەدەمدا هاتن دەنووسن (ڕاکە ـ هەڵگرە).

لەزمانی کوردیدا، دەنگی کۆسۆناتی ئاوازدارو، کپ هەن، جالە زۆر زماندا، ئەگەر دەنگێکی ئاوازدار، دەنگێکی (کپ) بێت، ئەوسا دەنگە کپەکە کاردەکاتە سەر دەنگە ئاوازدارەکەی بەردەمی، وەکو خۆی دەیکاتە دەنگێکی کپ، بۆنموونە ئەگەر لەپاش دەنگی (ز) و(ژ)ەوە دەنگی (ت) هەبێت. وەك

گەزین گەستن پارێز پاراستن
ڕژان ڕشتن کوژرا کوشتن

لەزمانی کوردیدا، ئەگەر لەدوای دەنگێکی کپەوە دەنگێکی ئاوازدار بێت، ئەوسا ڕەنگە ئاوازەکە کاربکاتە سەر دەنگە کپەکەی بەردەمی، وەکو خۆی دەیکاتە دەنگێکی ئاواز دار، جابەشێوەیەکی کەمویست، ئەم ڕووداوە لەفۆنەتێکی کوردیدا دەبینرێ بە تایبەتی ئەگەر لەپاش دەنگی (س)ەوە دەنگی (ك)، (ب) هەبێت، هەندێجار (ز) دەکەوێتە پێش دەنگی ئاوازدار وەك (ز) تەلەفوز دەکرێ وەك (دەزگا).

وشەی (دەزگا)، لە (دەست+گا) پێکهاتووە، کەلەرێکەوە دەنگی (ت) قوت دراوە، بەریاسای کورت کردنەوە کەوتووە، لە سەرێکی دیکەوە، وەك (گ) ئاوازدارە پتر دەگونجێ، وەك لەگەڵ (س) داکە، کۆنسۆناتی کپە یاسای توا نەوە کاریکردووە.

لەکۆتاییدا هەموو گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد کۆکن لەسەرئەوەی کەڕێنووسی بە ئەلف وبێی لاتینی باشترە و فێر بوونی ئاسانە، لایەنە باشەکەشی بریتییە لەوەی بۆهەر دەنگێك پیتێکی جیاوازی هەیە وهەرپیتێکیش لە هەرچی شوێنێکی وشەدا بێت، شێوە نووسینەکەی ناگۆڕێت و خاڵ و سەرو بۆریشی نییە. سەریش لەوانە تێك نادات کە ئەیانەوێت فێری ئەو جۆرە ڕێنووسەبێن .

ـ سەرچاوەکان ـ

١.ئەورەحمانی حاجی مارف ((نوسینی کوردی بە ئەلف وبێی عەرەبی)) چاپخانە عەلاء، بەغداد ـ١٩٨٥

٢.ئەورەحمانی حاجی مارف ((کورتەیەکی مێژوویی نوسینی کوردی بەئەلف وبێی عەرەبی))، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد، بەرگی هەشتەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد ـ ١٩٨١

٣. ئەورەحمانی حاجی مارف ((ڕێنووسی کوردی لەڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی)) دا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد، بەرگی دەهەم.

٤.ئوربێللی، ئەنگاروفیچ ((چەند وتارێکی کوردناسی)) سوێد ١٩٨٩

٥. حامید فەرەج ((ڕێنووسی کوردی لەسەدەیەکدا))چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ـ بەغداد ـ ١٩٧٦

٦. طاهر صادق ((ڕێنووس و چۆنیەتی نووسینی کوردی))، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد ـ١٩٦٣

٧. کامیل بصیر ((ڕێنووسی کوردی بەپێی بڕیاری کۆڕ))، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد ـ ١٩٨٧

٨. گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد ـ چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەرگی نۆهەم ـ بەغداد ـ ١٩٨٢

٩. مصطفی نەریمان ((ڕێنووسی کوردی لەڕەگ و ڕیشەوە)) چاپخانەی شەفیق، بەغداد ـ ١٩٨١.

نوسینی: ئوکتاڤیۆ پاز
وەرگێڕانی: ئەیوب رەزا

گێڕانەوەو ستران

هۆنراوەی گشتی چییە؟ لە فەرهەنگدا ووشەی (یشمل) (دەگرێتەوە) بە مانای زیادکردنی شتێك دێت بۆ ئەوی پانتاییەکی فراوانتر داگیر بکات. کەواتە (الأشتمال) (گرتنەوە) لە مانای (فراوان بوون و گەشەکردن و هەڵئاوسان و کەوتنە روو داگیر کردن) دەگرێتەوە وشەی (گشتی) بە مانا بنەچەیی و سەرەتاییەکەی مانای (بەتاڵی، بۆشایی) لە خۆدەگرێ، هەرلێرەشەوە هۆنراوەی گشتی هۆنراوەیەکی درێژە. وەبە پێی ئەوەی کە وشە لە زماندا یەك لە دوای یەك ریز دەبێت، کەواتە هۆنراوەی گشتی هۆنراوەیەکە کە لە ژمارەیەکی زۆر بەیتی شیعری پێك دێت و خوێندنەوەشی ماوەیەکی زۆر دەخایەنێ. چونکە بۆشایی یا خود (فەزا) زەمەنە، بەڵام ئایا دەبێت هۆنراوە لە چەند بەیت پێك بێت بۆ ئەوەی ببێتە هۆنراوەیەکی گشتی؟

داستانی (ماها بهارتا)ی هێندی لە (٢٠٠٠٠٠)هەزار بەیتی شیعری زیاتر پێك دێت کەچی ژاپۆنیەکان هۆنراوەی (ئۆتا) کە (٣٠ـ ٤٠) هەزار بەیتە بە هۆنراوەیەکی درێژی دادەنێن، (سۆلیدادیس)ی (غۆنغۆرا)ش (٢٠٠٠) بەیتی شیعرییە و (خەونی یەکەمی)ی ژنە شاعیر (سۆرجوانا ئینیس دولاکروز) نزیکەی (٢٠٠٠) بەیتەو (کۆمیدیای ئیلاهی) (دانتی) (١٥٠٠٠) بەبتی شیعرییە لە لایەکی تریشەوە (وێرانە خاك) (٤٣٤)بەیتە زیاتر نییە و هۆنراوە بەناوبانگەکەی (مالارامێ) (زارهەڵدان) (٣٠٠) بەیت زیاتر نییە.

درێژی و کورتی هۆنراوە دوو دەربرینی رێژەیی و گۆڕاوون و ژمارەی بەیتە شیعریەکان پێوەر نییە. چونکە هۆنراوەیەکی درێژ لای ژاپۆنییەك هۆنراوەیەکی کورتە لای هێندییەك، هەروەها هۆنراوەیەکی درێژ لای خوێنەرێکی سەدەی بیست هۆنراوەیەکی کورتە لای خوێنەرێکی سەردەمی (بارۆك)ی. چەند فاکتەرێکی تر هەن کە دەبێت ئاگامان لێیان بێت.

(پۆل ڤالێری) وتوویەتی هۆنراوە پەرەپێدانی سەرسورمانە، شێوەیەکی روون و ئاشکرای جیهانی سەرسورمانە. بەڵام ئەم شێوەیە بە هۆی روونیەوە پێویستی بەوەیە پێش بخرێت و گەشە بسەنێت.


تۆکتافیۆباس

له هۆنراوەی کورتدا دەست پێ کردن (سەرەتا) و کۆتایی تێکەڵ بە یەک دەبن و بە دەگمەن تێبینی گەشە سەندن و نەش و نماکردنی دەکرێت، بەڵام لە هۆنراوەی مامناوەندا بە ئاسانی تێبینی دەست پێکردن و کۆتایی دەکەین، ئەوان جیاوازن و هەریەکەیان خاوەنی روخسارێکی تایبەتن بە خۆیان، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بە زەحمەت دەتوانیت لە یەک جیایان کەیتەوە چونکە بەیەکەوە نووساون و جیاناکرێنەوە.س

ئێمە بەیتی یەکەم تاکۆتا بەیتی شیعر دەخوێنینەوە بە بێ ئەوەی پارچەکانی لەیەک جیاکەینەوە.

بەڵام لە هۆنراوەی درێژدا هەرچەندە بەشەکانی وەک خود سەربە خۆنین بەڵام وەک بەشەکان ئامادەییان هەیە، ئێمە ناتوانین بەشە پێکهێنەرەکانی هۆنراوەیەکی مامناوەند لەیەک جیاکەینەوە چونکە بە تەنهایی مانا نادەن بە دەستەوە کەچی بەشەکانی هۆنراوەی گشتی ژیانێکی سەربەخۆو تایبەتیان هەیە نمونەی ئەمەش روداوی (باولۆ) و (فرانسیسکا) لە دۆزەخی دانتیدا (جحیم دانتی) هەروەها رووداوی (دانتی و ماتێلدا) لە کۆتایی گەشتەکەی لە (شوێنی پاکبونەوە) یاخود لە (فصل المرابات) (وەرزی سوخواردن) لە هۆنراوەی، (پاوەن)دا.

هۆنراوە مەحکومکراوە بە بنەمای جووت (دوانی)فرەگەری لە یەکێتیدا، لە هۆنراوەی کورتدا قوربانی بەجۆراوجۆری دەدرێت بۆ بەرژەوەندی یەکێتی. بەڵام لە هۆنراوەی درێژدا یەکێتی بونیاتی

خۆی وەدەست دەهێنێت بێ ئەوەی یەکێتیەکە بڕمێت. بۆیە لە هۆنراوەی درێژدا تەنها رەچاوی مۆرکی گشتی ناکەین کە رەهەندێکی رێژەییە بەڵکە تێبینی دواپلەی جۆراوجۆری دەکەین.

هۆنراوەی گشتی داواکارییەکی تردەهێنێتە دی کە ئەویش دوورەهەندییە ئەویش ئەو پەیوەندیکەرەیە کە پەیوەندییەکی بە تینی بە دەسەڵاتی هەمە چەشنەییەوە هەیە لەناو یەکێتیدا: (سەرسوڕمان و دووبارە بونەوە)! چونکە دووبارە کردنەوە بنەمایەکی بنچینەییە لە بنەماکانی شیعر.

بەحری شیعری و برگەکان و قافیە وەسف لای (هۆمیرۆس) و شاعیرانی تر و ئەودەربڕین و رووداوانەی کەیەک لە دوای یەک وەک مۆنتیۆێکی مۆسیقی دەردەکەون، هەمویان مەبەستەکانیان بەجێ دەگەیەنن بە خاسیەتی ئەوەی نیشانەی جەخت کەرەوەن لەسەر بەردەوامبوون، بەڵام کۆتایی سنوورەکەی تر بریتییە لە (وەستان و هەڵوێست و گۆڕان کاری و داهێنان)، بە کورتی ئەوەیە کە چاوەڕوان نەکراوە). و ئەوەی کە بە گەشەکردن و نەشونمایکردن ناوی دەنێن هیچ نییە تەنها کاملبۆنی نێوان (دووبارە بونەوە و سەرسوڕمان) نەبێت (گەڕانەوەو و داهێنان و بەردەوامبون و دابڕان).

هۆنراوەش بە گێڕانەوەی بۆ سادەترین و ریشەی دارترین شێوەکانی بریتییە لە ستران (گۆرانی). هۆنراوە نەراڤەکردنەو نەگفتوگۆیە.

لە هۆنراوە کورتەکانی وەک (جارکا *Garcha*) و (هایکۆو *Haiku*) و هۆنراوەی (*Eagrm*) و (تشۆ تشۆ *Chue Chue*) و (کۆبلا *Copla*)دا سەرجەم باگراوندەکان و زۆرینەی بارەکان وەلا دەخرێن کە فاکتەری یان مەبەستی هۆنراوەکان بوون. بەڵام (هۆمیرۆس) بۆ ئەوەی بتوانێ ستڕانی (تورەیی ئاخێل) بڵێ، دەبێت باسی پاڵەوانیی (ئاخیل) و قارەمانی گریکەکان بکات. ستڕانە کە دەگۆڕێت بۆ چیرۆک، چیرۆکەکەش دیسانەوە بۆ ستڕان. چیرۆکیش لە سادەترین شێوەکانیدا بریتییە لە چەسپاندن و کۆکردنەوەی (رووداو یان مێژوو) لە کاتێکدا هۆنراوە چیرۆکی پاڵەوانێکمان بۆ دەگێڕێتەوە هۆنراوەی گشتی درێژ لە بنەچەدا هۆنراوەیەکی داستانیە بەڵام چیرۆکی پاڵەوانەکان هەمان چیرۆکی خواوەندەو مێژووی پەیوەندی نێوان هەردوو جیهانەکەیە، جیهانی خواوەندو جیهانی مرۆڤی لەناوچوو. چیرۆکەکانی (ئاجاکس و گلگامش و ئینداس) بریتین لە چیرۆکی (خۆشەویستی و رووبەڕووبونەوەو زۆرانبازی) لەگەڵ خواوەندو خواوەندەکاندالە هەردوو رەگەزەکە فتیلی قارەمانێتی و ئەفسانەیی، بابەتی داستان کرداری قارەمانێتی پاڵەوانە جەربەزەکانە، قارەمانەکانیش بوونەوەری نیمچە خوایین. ئایا داستان هەیە کە داستانی سەرزەوی (دنیایی) پوخت بێ، واتە داستانێك بێت دوور لە دەسەڵات و دەستێوەردانی هێزی بالا یا خود دووربێ لە هەر رەگەزێکی تری خودایی؟

ووتراوە کە (*Cantardemioclu*) هۆنراوەیەکی واقیعەیە، نەخێر چونکە واقیعیەت (ریالیزم)ی زاراوەیەکی نوێیە لە کاتێکدا کە ئەم هۆنراوەیە لەدایك بووی سەدەکانی ناوەڕاستە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتانەی کە تێکهەڵکێشان لە نێوان راستی و سەرووی) (سەروو دەسەڵاتی مەرۆڤ) و (سەرسوڕمان) بەردەوامی هەبووە واتە درێژەی هەبووە، سنورەکانی داستان لە نێوان (مێژوو) لە لایەك و ئەفسانە (مثولوجیا) لە لایەکی تردەوە درێژ دەبێتەوە (ئەفسانە و داستان و دروستبونی گەردوون) (کوسمۆ غۆنی) لە کارلێك و چالاکی بەردەوامدان. هۆنراوەی داستانئامیز زۆر لە هۆنراوەی ئایینییەوە نزیکەو پێیەوە لکاوە. وەها کاهۆنراوەیەکی ئایینیزوو دەگۆڕن بۆ هۆنراوەیەکی

فەلسەفی. نمونەش زۆرن هەر لە (پار مبندس)[1] ەوە تا (لۆکریتۆس)[2] رۆژئاوای مەسیحی تازەگەرییەکی نوێ و دولایەنەی پێشکەش کرد هۆنراوە گشتیی‌یە دێرینەکان کە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی (رۆمانی وگریکەکان) و ـ ئیتر ئایا ئەو هۆنراوانە (داستان بن یان ئایینی و فەلسەفی) ـ هەموو کات بابەتین. واتە شاعیر تیاندا دەرناکەوێ.

(فیرجیل) کردارو و پەیوەندییە سۆزداری و خۆشەویستیەکانی (ئینیاس)مان بۆ دەگێڕێتەوە، (پارمینديس)ش ئەوەمان پێ دەڵێ کەچ شتی (بوونەوەرە یان بونەوەرنییە).

(هیزوید) باسی هەرچوار چاخەکانی زەوییمان بۆ دەکات. لەسەرجەمی ئەم هۆنراوانەدا پێشێلکردنی بابەتیی چیرۆکەکان. بابەتی هۆنراوەکانیشی، هەرگیز شاعیرەکانیان نین بەڵام لە هۆنراوە مەسیحیەکاندا کار ئەکتەرێکی نوێ دەردەکەوێ: خودی شاعیر دەبێتە پاڵەوان.

(کۆمیدیای ئیلاهی) دانتی، هۆنراوەیە کە سەرجەم رەگەزەکانی پێشوی تێدا کۆبووەتەوە. (ئەفسانەیی و داستان و فەلسەفی) کە لە رێیانەوە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە کاملّ دەبێت. ناوەرۆکی هۆنراوەکە، گەڕانەوەی (ئۆلیس بۆ لای ئیساکا)نییە هەروەها (سەرکێشی‌یەکانی (ئینیاس)یش نییە بەڵکە گەشتی پیاوێك (مرۆڤێك)ێکمان بۆ دەگێڕێتەوە بۆ جیهانەکەی تر. پیاوەکە (مرۆڤ)ەکە وەك گلگامش رۆڵی پاڵەوان نابینێ بەڵکو گوناهیارە. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە گوناهیارەکە خودی شاعیرە، کە ئەویش (دانتی فلۆرەنسی)یە، هۆنراوەی کۆن شتێکی کەسایەتی نەبووە بەڵام لای (دانتی) (من) دەرکەوت.

ئەمەش گۆڕانکارییەکی مەزنە چونکە راناوی قسەکەری تاك دەبێتە کەسێتی بنەڕەتی لە هۆنراوەی گشتیدا، ئەمەش دەشیا چونکە (کۆمیدیای ئیلاهی) (هۆنراوەی ـــ چیرۆکێکی هێماگەریە (*allegary*)، ئەمەش تازەگەری دووەم و مەزنە لە هۆنراوەی مەسیحیدا.

چیرۆکی گەشتەکەی (گلگامش) بۆ جیهانەکەی تر یەکێکە لە جوانترین و سیحراوی ترین تێکستە وێژەییە جیهانی‌یەکان ـ سترانی (گۆرانی) هۆشیارییە بە مەرگ (مردن)،

بەڵام رووداو (حدث) لە هیچ قوناغێك لە قوناغەکانیدا وەك هۆنراوەو چیرۆکی رەمز دەرناکەوێت گەشتی پاڵەوان (گلگامش) بۆ جیهانی نەمران، هەرچەند بە شێوەیەکی خەیاڵیانە دەردەکەوێت لامان، بەڵام چیرۆکێکە بە شێوەیەك پێش کەش کراوە وەك ئەوەی کە راستی بێت، راستی بە هەموو ئەو مانایانەی کە ووشەی راستی لە خۆی دەگرێ.

ئەو بڕگانەی کە (هۆمیروس یان فیرجیل) گێڕاوییانەتەوە سەبارەت بە بە یەکگەیشتنی ـــ (ئۆلیس و ئیناس) لەگەڵ مردواندا، بڕگەی هێماگەری نەیون بەڵام گەشتەکانی (دانتی) بۆ هەرسێ جیهانەکان بریتین لە سێ (هۆنراوەی چیرۆکی هێماگەری) لە ئامێزی یەك چیرۆکدا: چیرۆکی ئیسرائیل کلیکی بەسەرهاتی یان چیرۆکی رەگەزی مرۆڤایەتی‌یە و چیرۆکی ئینجیلەکان (الأناجیل) چیرۆکی گوناهبارانە رزگاربوونی کۆمەڵگای بەشەرییەتە. چیرۆکی (دانتی چیرۆکی رزگاربونە لەرێی خۆشەویستی‌یەوە کە ئەویش (مەسیحیەتە).

(دانتی) لە چەند پارچەیەکی (*Vitanuva*) چەند گوزارشتێك یان کۆمەڵە پەیڤێك لە جۆری (خۆشەویستی پێی وتم) و (خۆشەویستیم بینی نزیك دەبوییەوە)، بە مانایەکی تر (دانتی) خۆشەویستی دەبینی و دەبیستێ، بە شێوەیەك لەسەر خۆشەویستی دەدوێ وەك ئەوەی کەسێك بێت نەك وەك ئەوەی (سۆز)بێت. لەگەڵ ئەمەشدا لە هەمان پەڕتوکدا روون روونکردنەوە لەسەر یەکێك لە هۆنراوەکانی پێشکەش دەکات و دەنوسێ.((کەسانێك هەن سەریان لەوە دەسورمێت کە خۆشەویستی دەدوێ نەك تەنها بە سیفەتی ئەوەی

که شتێکی سەربەخۆ بێت یان گەوهەرێکی زیرەك، بەڵکە بە خاسییەتی ئەوەی کە گەوهەرێکی بەرجەستە بێت. ئەمەش راست نییە چونکە خۆشەویستی وەك گەوهەر ئامادە نییەبەلکو دیاردەیەتی))

بۆ ئەوەی خوێنەر لەم برگەیەی پێشوو بگات ئەبێ ئەوە بزانێت کە لە سەدەکانی ناوەراستدا چەند گەوهەرێك وەك (با وەر) هەبوون (گەوهەری زیرەك و هۆشیاری نابەرجەستە وەك (فریشتەکان). هەروەها گەوهەری دەبەنگ یان نا هۆشیار وەك رەگەزە مادییەکان لەگەڵ ئەو گەوهەرانەی خاوەنی ژیانی وەرگیراون لە رۆحی رووەك و گیانەوەران بەڵام خاوەنی عەقڵ نین. دواییین کۆمەڵەش لە جەوهەر ئەوانەن کە خاوەنی زیرەکی و هۆشیارین و بەرجەستەن ئەوانیش (مرۆڤن).ئەمە و سەرەڕای ئەوەی کە (خۆشەویستی) رۆحێکی فریشتەیی یا خود ئەهریمەنانە یان مادەیەکی ئاژەڵی نییە. هەروەها کەس)یش نییە. کەواتە خۆشەویستی چییە؟

خۆشەویستی بەشە دیارەکەی گەوهەری هۆشیارو بەرجەستە بووی (سۆزو هەستە).

بەڵام دانتی وەسفی ئەم (العارض) دەکات کە لە رووی روخسارەوە کەم و کوڕی هەیە هەر چەندە کە لە ئەنجامی بینینی روخسارێکەوە دروست بووە، وەك ئەوەی کە بە فیعلی بوبێ بە کەسێك واتە خۆشەویستی بەرجەستە دەکات، دواتر ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە ئەو هەندێ سیفاتی مرۆڤایەتی بە خۆشەویستی بەخشیوە کە ئەوەش کارێکی تایبەتە بە شاعیرەکان.

(دانتی) دەڵێت کە شاعیرەکان هەر لە دێرزەمانەوە مەجازو فاکتەرە کارتێکەرە رەوانبێژی و جوانکارییەکانیان بەکار هێناوە بە مەبەستی دوان لەسەر ئەوشتانەی کە زیندوو نین، وەك ئەوەی کە بە فیعلی خاوەن هەست و عەقڵ بن، خۆشەویستیش مەجازە.

شاعیر لەرێی بەرجەستە کردنەوە پردێك لە نێوان (بینراو نەبینراو) و لە نێوان ئەندێشەو شتدا لە نێوان (بابەت و ئەبستراکت)دا دروست دەکات. چونکە (خۆشەویستی و ئیرەیی و تورەیی) سۆزن بەهۆی زمانەوە دەگۆڕێن بۆ (کەسان) بەڵام ئەوان کەسانێکن خەیاڵین کەسانێك نین لە (گۆشت و خوێن)، دیاری کردن و بەرجەستە کردن ــ ساتێکن لە رێرەوی (هۆنراوەی ــــ چیرۆکی هێماگەری). بەرجەستەبوەکانیش جۆراوجۆرن ــ خۆشەویستی و ئێرەیی و پاکی و دادپەروەری و توڕەیی و راگرتن یان کۆنترۆڵ کردنی (نەفس) لەگەڵ یەکدا دەپەیقێن وەك چۆن (ژن و پیاو) ئەو کارە ئەنجام دەدەن. هەروەك ژن و پیاو یەکدەگرن و بڵاوەی لێ دەکەن، یەك جەنگ لەدژی ئەوی تر رادەگەیەنێت یا خود بەرپا دەکات، پەیمانی ئاشتی دەبەستن، بەڵام جیاوازییەك هەیە ئەویش ئەوەیە ئەو روخسارانەی کە کەسایەتی ناو هۆنراوە هێماگەرییەکان وەری دەگرن هەر چۆنێ بن نابن بە روخسار! بەڵکە تەنها وەك نیشانە دەمێننەوە. بۆ نمونە گەوهەری سێگۆشە شێوەکەیەتی کە دەتوانرێت بخرێتە حاڵەتێکی گونجاوی ژمارەیی یان بیرکارییانە، بەڵام ئەو سێگۆشانەی کە لە کڵێساکانی سەدەی ناوەراستدا کێشراون وەك شێوە نەماون بەڵکە بوونەتە نیشانەی خودایی.

لە (هۆنراوەی ــ چیرۆکی هێماگەردا) ماوەی نێوان (بوون و مانا) ون دەبێ، نیشانەن (بوونەکان)، قوت دەدات یان دەخوات. هەموو رەگەزێك لە رەگەزەکانی (هۆنراوەی ــ چیرۆکی هێماگەری) ــ (روخسار، شکڵ) و (بەرگ و بزوتن) خەسڵەتە و هەموو خەسڵەتێکیش نیشانەیە). بەڵام هۆنراوەی ــ چیرۆکی هێماگەری) هەمان شتمان لێ دەشارێتەوە کە پێمان دەڵێ یان دەبەخشێ. ئەو ئامادەگی نییە سەرەڕای ئەوەی کە شێوەیەکی بەرجەستەکار وەردەگرێت. ئەو شتێکە کە درکی پێ دەکرێت بەڵام نە لە رێگەی چاوەوە وە

نه به خێرایی. بەڵکە بە هێواشی و بە عەقڵ، و ئەگەر چیرۆکێکی هێماگەریت بەرچاو بکەوێت مانای ئەوەیە کە دەبێ ڕاڤەی بکەیت. ئێمە لە ژیانماندا لە شێوازو شێوەکان ڕادەمێنین بەڵام ئێمە جفرەی چیرۆکە هێماگەرییەکان هەڵدەوەشێنین.

سروشتی هزری (هۆنراوەی ـ چیرۆکی هێماگەری) (ئەلیغوری) بە هەڵوێستی شاعیردا بەرامبەر بە کارەکەی دەردەکەوێت. شاعیری هێماگەر بە تەواوەتی درك بەوە دەکات کە دەیڵێت کە ئەمەش تەواو پێچەوانەی شاعیری ڕۆمانسیە (خەیاڵاویە). دانتی بە سادەیی و ڕاشکاوانە ئەمەی ئاشکرا کردووە. هەر ئەمەشە کە دەبێتە مایەی شەرمەزار کردنی ئەو خۆبە شاعیرزانانەی کە ئەندێشەکانیان بە مەجازیات دەپێچنەوە یان بە وشەکاری ڕەنگداری دەکەن. چونکە شاعیری ڕۆمانسی ناتوانێت پەردەکان لابەرێت کاتێ کە داوای لێدەکرێت، بۆ ئەوەی مرۆڤ بە مانا ڕاستیەکان بگات. چیرۆکە هێماگەرییەکان، پەرتوکی پیرۆزن هەرچەندە کە وەك وێنە پێشکەش دەکرێن، کوت و مت وەك پەرتوکی پیرۆزن. سەرجەم پەرتوکە پیرۆزەکان کۆمەڵی مانامان لێ دەشارنەوە، لە (خوان) دا (*Ilconvivio*) دا (دانتی) ناوی *Scvture*) لە هۆنراوەکانی دەنێت و چوارجۆر ماناپۆلێن دەکات کە دەتوانین لەو هۆنراوانەدا دەریان بهێنین یان چنگمان بکەون! (حەرفی و هێماگەری. ((ڕاستی شاراوە لە پشت درۆ قەشەنگ و ڕازاوەکان)) و ئەخلاقی و ڕاڤەیی و (سەرسروشتی).

جەستەی هۆنراوە هێماگەرییەکەی چوارگۆشەیە و ناچێتە ژێر باری دەست بەسەرا گرتن، هەمو مانایەك دەگا بە مانایەکی باڵاتر دواهەمین مانا کە ڕووبەڕومان دەبێتەوە بەوەی ناتوانرێت دەربڕیت هەروەها بەوەی لە پشت سنوری هەستەکانەوەیە.

(سی ئێس لویس) لە پەرتوکی (زیرەك و ژیردا)، کە تایبەتی کردووە بەم بابەتە (ڕەمزیەتی خۆشەویستی) (هێماگەرایەتی خۆشەویستی *The Auegory love*. سەرنجمان بۆ ئەو لێکحاڵی نەبونە باوە ڕادەکێشێت، کە ئەویش خوێندنەوەی (هۆنراوەی ـ چیرۆکی هێماگەری) سەدەکانی ناوەڕاستە وەك ئەوەی کە هێمابن (*Symbol*).

(هۆنراوەی ـ چیرۆکی هێماگەری و (هێما) بران هەردوو دەرکەوتنی تیۆرێکی فیکرێکی هاوچوونن، وە هەریەکەیان گریمانێکن بۆ بوونی پەیوەندی نهێنی لە نێوان (جیهانی فیکرو جیهانی شتەکان).

بەڵام (لویس) جیاکارییەکی بنچینەیی لە نێوانیاندا ئاشکرادەکات (عەقڵ) دەتوانێت هاوئاهەنگی بنچینەی لە نێوان (مادی و نامادیدا) (بەرجەستە و نابەرجەستە) بە دوو جۆر بەکار بهێنێت. دەتوانین سەرەتا بە ڕاستییەکی ماددییانە دەست پێ بکەین وەك (سۆز) کە بە فیعلی هەستی پێ دەکەین. دواتر وەك بینراو گوزارشتی لێ دەکەین. ئێمە هەست بە تورەیی دەکەین و دەتوانین خەیاڵ بە بەرجەستەیەکەوە بکەین ناوی تووڕەیە و مەشخەڵێکی هەڵئەگرێ دیاری بکەین. ئەمەشە هۆنراوەی ـ چیرۆکی هێماگەری)، لە لایەکی تریشەوە دەتوانین (سۆز) وەك کۆپییەکی جیهانی میسالی، یان وەك ڕەنگدانەوەیەکی ئەو ببینین ئەمەش بیری ئیفلاتون بوو، هەمووشی لە ڕەمزیەتدا هەیە. وە بە دەگمەن بە ئەنقەستێش دەبێ. بینینی وێنە بنەچەییە ئەصلییەکە لەرێ کۆپییەکەیەوە بینینی ئەو جیهانەی کە لە پشت جیهانەکەی خۆمانەوەیە لە ڕێی جیهانەکەی خۆمانەوە، ئەمەش ئەو شتەیە کە (لویس) بە هێماگەرێتی یان بە نهێنی ناوی دەنێ.

❖ ئەمە چەند لاپەڕەیەکە لە نووسینێکی ئۆکتافیۆ بازە لاپەڕەکانی تری لە ژمارەی ئایندەدا بڵاو دەکەینەوە.

شیرین لەتیف هەڵمەت

هەڵوەشاندنەوە: عەلاماتەکانی دریدا بڕینی نادیار خوێندنەوەیەکی شاراوەکانی دەق

➢ سەرەتا، هەڵوەشاندنەوە بە ئامێرێك لە ئامێرەکانی دۆزینەوە، یاخود بە ئامرازێك لە ئامرازە رەخنەییەکانی پێڕەوێکی گشتی، یاخود بە پانتاییەکی هزریی نوێ و جیاکار دادەنرێ لە شێوازو مامەڵەکردن و روانیندا، و ناکرێ تەنها هەر بەتەکنیك لەقەڵەم بدرێ، بەڵکو رەوتێکی هزرییەو مەبەستی ئەوەیە درزبخاتە بونیادی گوتارەوە، ئەوەش بەقەستی دامالێنی ئامێرو جومگەکانی و خستنە رووی سستەمە ئاوێزەکانی و رەوتە دەلالییەکانی، کەواتا هەڵوەشاندنەوە تایبەتمەندێتی هەڵگۆڵینی هەیە، و هەڵگۆڵینیش بریتییە لە سەفەرێکی پڕلەماندوێتی و دژوار بەناو ئەو هۆبانەی دال و مەدلوولەکانەوە، کە پەیوەستن بە جۆرەکانی خوێندنەوەو وزە خودییەکان و دۆزینەوەکانیدا، سەفەرەکەش بەردەوام دەبێ بە مەبەستی دامالێنی ناوەڕۆکە بێ کۆتاییەکان، چونکە لەوێدا ئارەزووکردن بۆ جیاکاری و هەمە جۆری و ناکۆتایی و هیچاندنی سنوور هەیە، ئەمەش پێویستیبە ئەرك و ماندو بوون و ئوقرەی زۆر هەیە لەلایەن خوێنەری - رەخنەگرەوە .دیارترین فەیلەسووفەکانی هەڵوەشاندنەوەش - جاك دریدا - یەو هەوڵی ئەوەیداوە عەلاماتی نادیار لەدەقدا دەستنیشان بکات لەرێگای خوێندنەوەی کەلەپووری رۆشنبیریو زانستگەرییەوە، و چەمکی هەژموونی ئامادەگی و ئیمپریالیستکاری مانا پووچ بکاتەوە.. و پیرۆزمەندی بدات بە باوەڕی(فرەچەشنی)و باوەڕی (وردو خاش بوون): زاراوەی هەڵوەشاندنەوە، بەگوێرەی مانا فەرهەنگییەکەی، وێرانکاری و رووخاندن و

شیتەڵکاری دەگەیەنێ، بەڵام لەبارەی ئاستی دەلالی قوولّەوە دۆزینەوەی نەسەقە هزرییەکان دەگەیەنێ، بەبێ هیچ بایەخدانێك بە نووسەری دەق.

➢ دەق ـ جیاکاری: لەو دەستەواژانە یالەو سستەمانەی کە هەڵوەشاندنەوەی لەسەر بونیاد دەنرێ: (جیاکاری)یە، کە دژکاری دەلالاتەکان دەکات و پرش و بڵاویان دەکاتەوە، و بەپێی چەمکە نوێکان ـ دیالیکتیکی تەعمیم کراو ـ دەگەیەنێ، دریدا وای دەبینێ کە ئەمە وشەیەك نیە هەر وەها چەمکێکیش نیە، و ئەگەر زمان زنجیرەیەك بێ لە تاکە وشەو عەلاماتی زمان، ئەوە سەختە بتوانین لە ئاستی مانای کۆتاییدا راوەستین، چونکە مومارەسەکردنی جیاکاری لە بنەڕەتدا پشت بە دەستنیشانکردنی موفرەدات و عەلاماتەکانی زمان دەبەستێ، بە مەبەستی شوێن کەوتنی هەتەرەکانی بۆ دۆزینەوەی مانا جیا جیاکانی، بۆ تێپەڕاندنی یەکدەلالەتی دەق، و لەبەر ئەوەی کە شتێك هەیە هەر دەگۆڕێ و، جیاکاری دەنوێنێ و بەردەوام جیاوازە. دریدا ئەوە دووپات دەکاتەوە کە دەقە کەلەپووریەکان دەبێ لەبەر رۆشنایی لۆژیکی جیاکاری‌دا راڤە بکرێ، هەروەها دەبێ پەیڤینێکی بەردەوام لەگەڵی‌دا بەرپا بکات، بە مەبەستی پەرە پێدانی، مانا بەلای ـ بارت ـ ەوە ئەگەر تەواو بوو.. دەمرێ.

➢ بەردەوامکاری:ـ جیاکاری: بنەڕەت لە کردەی بەردەوامکاری‌دا پەیڤینە، و وپەیڤینیش، خۆی لەخۆی‌دا لە جیاکاری‌یەوە هەڵدەقوڵێ بۆ ئەوەی بەردەوامکاری ئەنجام بدرێ، و بەردەوامکاریش پێویستی بە ئازادیی بیرو ڕاو ئازادیی دەربڕین و ئازادی بڵاوکردنەوەی زانستگەری و کار پێکردنی هەیە، و لە چوارچێوەی ئەم بۆچوونەوە، هەق لە ئینسافدا وەکو هەقێکی مرۆیی وایە، دەبێ وەکو مەبدەئێکی جیهانی و مرۆیی لە قەڵەم بدرێ کە نابێ پێشێل بکرێ، هەر وەکو مومارەسەیەکی راستەقینە


دریدا

کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەندی بەژیانی تاکە کەس و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە هەیە بە شێوەیەکی گشتی بەجۆرێك کەلە ئەنجامدا ببیتە مایەی پێشکەوتن و پەرەسەندنی شارستانیەتی هاوچەرخی مرۆڤایەتی.

هەرچەند سستەمەکانی رۆژئاوا بایەخی دیاریان داوە بە مەسەلەی بیروڕای گشتی، بەڵام هەر زۆر سوورن لەسەر ئاراستەکردنی بیروڕای گشتی‌و دەستەمۆکردنی بۆ خزمەتی بەرژەوەندییە ئابووریەکانی خۆیان، ئەوەش لەو هەژموونە بەردەوامەدا دەردەکەوێ کە بەسەر سستەمەکانی پەیوەندی و سەرچاوەکانی مەعلوماتدا

سەپاندوویەتی، جاك دریداش لە کۆششی بەردەوامی دا، بەرەنگاری ئەوانە دەبێتەوە کە هزر دەکوژن، بەڕای ئەو گیانلەبەر هیچیی دی نیە جگە لە جیاکاری و دەقاو دەق نیە لەگەڵ ئەوی تردا، چونکە ئەوە کەوی کردنی خودو هەڕەشە کردنە لە هزر، چونکە هزر کە دەوڵەمەندی خۆی لەدەس دەدات، سیفەتی بەردەوامکاری لەدەس دەچێ.

➢ خوێندنەوە ـ جیاکاری: دریدا بە پێی چەمکە تایبەتییەکانی خۆی پێڕەوەکەی لە خوێندنەوەدا بتەو دەکات، و بەرای ئەو بنەمایەك کە خوێندنەوە پشتی پێ دەبەستێ خوێندنەوەی وردبین و تایبەتمەنی ئەو گوتارانەیە کە دەستەواژەکانی گوتاری دەقاو دەق لەگەڵ خودو پێویستییەکانیدا پووچ دەکاتەوە، و رەفزی گەڕانەوەیە بۆ خواستی هەڵگەڕانەوە.

دەستەواژەی خوێندنەوە جەمسەری پێڕەوی هەڵوەشانەوە پێك دێنێ و بە نزیکبوونەوەی دەق بەردەوام دەبێو دەمێنێ، و بەگوێرەی روانینێکی رەخنەییەوە هەوڵی سەرلەنوێ دروستکردنەوەی دەدات، کلیلی کردەی خوێندنەوە لە دەورویەری دەقدا مۆڵ دەخوات.. بەڵام چۆن خوێندنەوەیەك؟ دریدا پێ لەسەر خوێندنەوەی بەرهەمدارو تایبەتمەند دادەگرێ و خوێندنەوەی تەقلیدی پووچ دەکاتەوە، هەروەها دووپاتی سەربەستی جمو جوڵ دەکاتەوە لە سەرانسەری دەقدا، لەناوەوەیدا و لەدەرەوەی دا، لەبەر ئەوە ئەو ئاسۆی خوێندنەوەی خۆی دیاری دەکات و دەڵێ: ((لەو باوەڕە دام کە لەتوانادا نیە لەناو دەقی ئەدەبیدا گیر بخۆین، چۆنیەتی یاخود ناوەکیی ئەدەبی لە بۆچوونی منـدا بەوە دیتە کایە پەنا بۆ ناو سنووری مێژوویی بەرین، کە گریمانەی کۆمەڵێکی تەواو لە گرێ مێژوویییەکان دەکات کە بەستراون بە چوارچێوەکاری دەق و دیاریکردنی یەکێتییەکەیەوە.

کاریگەری خوێندنەوە تارادەیەکی زۆر پشت بە توانای دەروونی تێگەیشتوو زانستگەری ئەو جیهانە دەبەستێ کەدەوری داوە.. ئەم زانستگەری یەش بە بواریك دەژمێردرێ لە بوارەکانی ئەبستمۆلۆجیا کە دەیەوێ دەرکی شتە سروشتییەکان یا شارستانیەکان بکات، لە هۆبەکانی ئەمانە: سیمۆتیقیاو هرمینۆتیقیا. زانستی سیمۆتیقیا زانستی عەلاماتی گشتییە، واتا ئەو عەلاماتانەی کە مرۆڤ دایهێناون، ئەو عەلاماتانەی کە هزر هەڵدەگرن، بەڵام هیرمینۆتیقیا کۆششی خۆی لە پەرەپێدانی کردەی خوێندنەوەدا دەخاتەکار، و ماهییەتی بنەماکاری عەلامەتەکان روون دەکاتەوەو لە سستەمە دەلالییەکاندا بۆ جفرەو عەلاماتەکان دەگەڕێ بۆ گەیشتن بە سنووری مانا، بە بیرڕای دی سۆسۆر: ((لێکۆڵینەوەی سرووت و مەرتاڵ و داب و نەریت و شتی دی دەگەیەنێ بەو پێیەی عەلامەتگەل و هیما گەلێکن یارمەتیمان دەدەن بۆ ئەوەی تیشکێکی نوێ بخەنە سەر ئەم راستییانە، و خستنەرووی پێویستی بۆ ئەوەی ئەم کاروبارانە بخرێنە پاڵ زانستی ئاڵۆز، و پێ بەپێی رێساکانیان لێکبدرێنەوە)) کەواتە خوێندنەوە کردەیەکی هەڵکۆڵینکاریی یە لە ناواخنی گوتارەکانداو هەوڵی تێگەیشتنی پێکهاتەی جیهانی دەرەوە، و وەزیفەی جیهان و ماناکەی، جیهانێکی ئامێتەو فرە لق و چڵە لە هەموو چرکەیەکدا لە چرکەکانی درك کردنی تێگەیشتوانە دەستکەوتگەلێکی زانیاری زۆر بەدەروون دەبەخشێ، و پێویستە لەسەر خوێنەر ئاڵوگۆڕ لەگەڵ هەمو

ئەوانەدا وەکو راستییەك بکات و لە جێگا تاریکەکانی ئەو پەڕی دەقدا قووت بخوات، بۆ ڕاڤەکردنی و گۆڕاندنی بۆ ژیانکاریەکی راستەقینە.

بەم جۆرە هەموو شتێك دەبێ بە دەق. هەر بۆنمووونە: دەتوانرێ واسەیری شاربکرێت کە دەقێکەو لە توانادا هەیە بخوێنرێتەوە، لەهەموو ڕۆشنگەرییەك و سەردەمێکدا هەندێ شار لە پێشی پێشەوەن و چڕییەکی سیمۆتیقی بڵند دەگرنە خۆیان وەکو ڕۆما و بابل و نەینەوا و پاریس و هتد.. دەشێ هەندێکیان بپووکێنەوە بەڵام لەهەستی مرۆیی‌دا هەمیشە دەژێ. هەرشارێك لەم شارانەش بەجۆرێکی جیاواز لەوی دی دەخوێندرێتەوە ئەوەش بەپێی شوێن و جێی خوێنەر، کاتێ کە بابل وەکو دەقێك دەخوێنینەوە دەرەنجامی دیاردە ڕۆشنبیرییە دالەکان دێنینەوەیاد: داستانی ئەفراندنکاری بابلی و شەریعەتی حەمورابی.. هتد.

➢ کۆتایی: ئایا هەڵوەشاندنەوە کێشەی گوتار چارەسەر دەکات؟

ئەگەرچی ئەم پێڕەوە هەمیشە هەوڵی ئامادەگی نادیارکراو و بڕشت پێدانی مەدلولەکان دەدات بەپێی هەمەجۆری خوێندنەوەی دال و تێپەڕاندنی سنوور، بەڵام دەبێتە بالآگەردانی - خاووخلیسکی - و- بێکاری کوشندە - چونکە زریزەیەکی بێ کۆتایی ماناو کێڵگەیەکی بەربڵاو و بێ سنوورو مۆڵگەیەکی دەلالی هەیە، بەم جۆرە ناتوانرێ تاوتوێی هەق و حسابمان بە شێوەیەکی کۆتایی پێهاتوو بکەین، لەبەر ئەوە پێڕەوێك نیە کلیلی حەقیقەتی پێبێ، لە ئەنجامیشدا حەقیقەت ئەوەیەکە دەیهێنینە بەرو تەواوی دەکەین، ئەمڕۆش گەلێ پێڕەو دەبینین، هەرهەمووی کامڵ و خەملێوەو ئامانجی تێپەڕاندنی سنوورو وێرانکردنیەتی.

عزيز تۆما/ قاميشلي/ سوريا

پەراوێز:

١. عبدالعزيز بن عرفة/ الدال والاستبدال/ المركز الثقافي العربي/ ل٩

٢. عبدالله ابراهيم/ معرفة الاخر/ المركز الثقافي العربي/ ل١٢٣

٣. فردينا دو سوسور، علم اللغة العام/ ترجمة: يۆئيل عەزيز/ دار الافاق/ بغداد/ل٣٤


شیرین. ك

یادگار، كتێب، كتێبخانه،

كتێب بەشێكە لە قەدەری من..

دوورترین یادگاری منالێم، دوورتر لەخەونێك، لەگەڵ كتێبكدابوو كەنازانم ناوی چیبوو! چی تیا نووسرابوو.. شەوێكی زستانی بوو لەدەنگەدەنگو زرم هورِ خەبەرم بووەوە، شەوقی زەردی گلۆپەكەش بەتەواوی بەئاگای هێنام، بینیم دایكم كتێبێكی خستە ژێر كراسەكەیەوەو بەپەلە رۆبەكەی بەسەرداكردو تووند بەستی، دێتە بەرچاوم كتێبەكە ئەستوورو بەرگ سووربوو، كەگەورە بووم زانیم ئەو كتێبە لەكتێبە قەدەغەكراوەكان بووەو هەر ئەو شەوەش باوكم راپێچی زیندان كراوە. بەڵام بیرم نایە كەیو چۆن ئازادكرا، ئەوەندە دەزانم هۆی گرتنەكەشی هەر نووسینو كتێب بووە.

من لەماڵێكدا چاوم كردەوە پڕی كتێبی جۆراو جۆرو گۆڤارو رۆژنامەبوو، بەردەوام سەر دیواری ژوورەكانی تابلۆی جوانی پیاهەڵواسرابوو هەموو ساڵێكیش رۆژمێرێكی دوازدە لاپەڕەیی پڕ لەوێنە بەدیوارێكدا هەڵدەواسراو منو خۆشكو براكانم پەڕە پەڕەی مانگەكانمان لەنێوان خۆمان دابەشدەكرد، هەمیشەش دوو كتێبخانە لەماڵەكەماندا بوو، یەكێكیان لەژووری دانیشتن یان ژووری میوان دەبوو كەكتێبی جۆراو جۆری تیابوو كەزۆربەی بەعەرەبی نووسرابوو كەمێكشی كتێبی كوردیو ئینگلیزیو فارسی بوون، دووەمیشیان لەژووری نووستنەكەی باوكم بوو كەهەمووی كتێبی ئەستور ئەستوری یاسابوو كە دیارە هەمووی بە عەرەبی نووسرابوون، دایكیشم هەمیشە گۆڤاری جوانو رەنگاو رەنگی پڕ لەژنی جوانی لەدەوربوو لەبابەتی (حواء)و (كواكب)، جگە لە گۆڤاری (المجلة)و جاروبار كتێبی منالانیش لەبابەتی (تان تان)و (لولو)و (سوپەرمان)و (رجل الوطواط)یشمان دەستدەكەوت.. كەمن ئەو سەردەمە لەقۆناغی سەرەتایدا بووم عەرەبیم نەدەزانیو هەر سەیری رەسمەكانیانم دەكرد، یان مێشكی دایكم دەبرد كە بۆم بكاتە كوردی، دواتر كەگەیشتمە قۆناغی ناوەندی گۆڤاری (مجلتي)منالانیش پەیدابوو،براكەم كە لەخۆم منداڵ تربوو دەیكڕی من ئەو كاتە من فێڕی عەرەبی ببووموو بۆم دەكردە



کوردی تا خۆشی فێر بوو .. هەر ئەوەندەی قۆناغی سەرەتاییم تەواوکردو فێری زمانی عەرەبی بووم دەستم کرد بەخوێندنەوەی کتێبی دەرەوەی قوتابخانە، لەپۆلی یەکەمی ناوەندی بووم هەمووی دوومانگی خوێندن تێپەڕیبوو هەستم دەکرد فێری عەرەبی بووم رۆژێك کەلەگەڵ دایکم لەبازاڕبووم بردم بۆ یەکێك لەکتێبخانەکانی بەردەرگای سەراو لەوێ بۆ یەکەمجار سێ کتێبم کڕی کەهەرسێکیان چیرۆك بوون کتێبەکان بەرەنگاو رەنگو چاپێکی زۆر جوان کرابوون، دوانیانم لەبیرماوە (السحر العجیب)و (الامیر الصغیر)ی ئورسکار وایلدبوو، ئەو سێ کتێبە بوونە بناغەی یەکەم کتێبخانەی تایبەتی خۆم چونکە من هەر لەوتەمەنەوە ژووری نووستنی تایبەت بەخۆم هەبوو بەو حیسابەی من کچە گەورەی مامۆ بووم‌و مامۆکەشمان گەورەو ژووری زۆری تیابوو.. هەر چەندە لەماڵەکەدا کتێبخانە هەبوو بەڵام حەزم دەکرد کتێبخانەی تایبەت بەخۆم هەبێ، بەڵام من لەو تەمەنەدا زیاتر حەزم لەگۆڤارە هونەریەکان بوو وەکو گۆڤاری (الموعد)و (الشبکه)و ئیشتراکم تیایاندا هەبوو، هەروەها لەقوتابخانە گۆڤاری (رابەر– المرشد)یان پێدەفرۆشتین حەزم بەخوێندنەوەو کۆکردنەوەی دەکرد، هەر لەو تەمەنەوە ئاشنای خوێندنەوەبووم‌و کەوتمە گەڕان‌و پشکنینی کتێبخانەکەی مامۆمان ئەوسا زانیم کتێبخانەکە زیاتر کتێبی مێژوویی‌و زانستی‌و سیاسی تێدابوو، لەگەڵ دیوانی شاعیرە عەرەبەکان و هەندێ لەکوردەکانیش.. بیرمە یەکەم کتێب لەو کتێبخانەیە دەرم هێناو خوێندمەوە کتێبی (ژان دارك)بوو دوای ئەو کتێبی (المعارك الفاصله فی التاریخ)،ئینجا (سپارتاکۆس) ئینجا کتێبی زانستی بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندی بە فیزیك‌و (طب)ەوە هەبوو، بیرمە کتێبکم خوێندەوە بەناوی (الجوو ظواهره)لەبەشێکیدا باسی (دەفرە فڕیوەکان– الاطباق الطائرة)ی دەکرد، خوێندنەوەی ئەو کتێبە سەرسامی دەکردم‌وهێندەی تر تووشی خەیاڵپڵاوی‌ودالغەی دەکردم، شەوانەی هاوین لەسەربان بە دووربینەکەی باوکم لە مانگ‌و ئەستێرەو ئاسمانم دەڕوانی بەو هیوایەی دەفرێکی فڕیو ببینم‌و ئامادە بووم لەگەڵیا بڕۆم، دووربینەکە هەر کەمێ قەوارەی مانگی گەورە تر

نیشاندەداوئەدگاری مانگی رووونتر دەکرد، ئەمە بۆ خۆی سحیرو سامێکی سەیری هەبوو، چونکە ئەو سەردەمە تی.ڤی رەش‌وسپی بوو تاقە فیلمێک کەباسی گەردوونی دەکرد زنجیرەی(ستار تریک)بوو، هەروەها کتێبێک بەناوی (الشمس)ەوە باسی لەتیۆرەکانی لەدایك بووونو مەرگی خۆری دەکرد، ئەوەی لێم عاستی دەبووو تێنەدەگەیشتم لە باوکم دەپرسی کە بۆی شەرح دەکردم دەتۆقیم شەوانە خەونم بە تەقینەوە سامناکەکەی رۆژەوە دەدیت یان خەونم بەکوژانەوەی رۆژەوە دەدی کە چۆن زەوی سارد دەبێتەوە، کەئەمەشیان لەرزی دەخستە دڵمەوە کەواتە خوێندنەوەکانی من بێ سەرو بەر بوو چیم بەردەست کەوتایە دەمخوێندەوە، لە راستیشدا نە باوکم نە دایکم لەو بارەیەوە رێنماییان نەبوو بۆم، لەقوتابخانەش زۆرم حەز لەوانەی زمانی عەرەبی بوو لەبەر گەلێ هۆ یەکێك لەو هۆیانە مامۆستای عەرەبی هەفتەی جارێك دەیبردینە کتێبخانەکەی قوتابخانەو داوای لێدەکردین هەر یەکەمان کتێبێك بخوێنێتەوەو دواتر راپۆرتێکی لەسەر بنووسێ.. زۆر بەلامەوە خۆش بوو کەدواتر باسی کتێبەکەم دەنووسی زۆر باش لەبیرمە ئەو کچە قوتابیانەی کە کتێبیان دەخوێندەوە زۆر کەم بوون، زۆریان هەر خەریکی قسەکردنو خۆمەشغوڵکردن بوون گاڵتەیان بەئێمەومانان دەهات کەبەپەرۆشەوە کتێبەکانمان وەردەگرتو دەمانخوێندنەوە، دیارە ئێستاش زۆرن ئەو ژنوکچانەی ناخوێنەوە بەڵام لەوە خراپتر ئەو ژنو کچانەن کەبەدرۆ خۆیان وانیشان دەدەن کەزۆر خوێنەرو خوێنەوارن.

سەیر لەوەدابوو کتێبخانەکەی ماڵمان نەڕۆمان نە کۆمەڵە چیرۆکی تیانەبوو کەمن لەهەموو شت زیاتر حەزم بەخوێندنەوەیان دەکرد واتە کتێبی ئەدەبی زۆر کەم تێدابوو ئەویش بەتەنیا دیوانی چەند شاعرێکی کورد کەدەمخوێندنەوە وەکو (گۆران، دیلان، ئەخۆل)هەروەها دیوانی چەند شاعرێکی کلاسیکی وەکو شێخ رەزای‌تالەبانی، نالی، کوردی، وەفایی‌و هتد) کەدەمخوێندنەوە باش تێنەدەگەیشتم‌و زمانەکەیانم بەلاوە قورسبوو.. هەروەها دیوانی شاعیرە عەرەبەکانی وەکو(جواهری، نزار قبانی، محمود درویش) باوکم زۆر موعجەبی نزار قبانی بوو بەتایبەتی شیعرە سیاسییەکانی، لەبەر ئەوەی تیایاندا حەشری بە دەسەڵاتدارانی عەرەب دەکرد، منیش لەلای خۆمەوە زۆر موعجەبی (محمود درویش)بووم بە تایبەتی کە چاوپێکەوتن‌و هەواڵەکانیم لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا دەخوێندەوە یان کەلەسەر شاشەی تی. ڤی دەمدی قسەی دەکرد یان شیعری دەخوێندەوە، لەوبارەیەوە یادگارێکی خۆشم هەیە، جارێکیان باوکم لەیەکێ لەسەفەرەکانیدا بۆ بەغداکەهاتەوە بانگی‌کردمە ژوورەکەی خۆی‌و سێ دیوانی (مەحمود درویش)ی بۆ هێنابووم زۆر دڵم پێی خۆش بوو بەپەلە بردمە ژوورەکەی خۆم‌و دەستمکرد بە خوێندنەوەیان‌وئەوە یەکەم دیوانی شیعری بوو کە تایبەت بێ بەخۆم، ئیتر من لەو تەمەنە هەرزەکارەدا (مەحمود دەرویش) (فتی أحلام)م بوو، کەئەو گۆڤارو رۆژنامانەم دەخوێندەوە زیندە خەونم دەدی کەمن بوومەتە رۆژنامە نووس‌و چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەڵە نووسەرو هونەرمەندە گەورانە دەکەم، خەونم دەدی کەگۆڤارو رۆژنامەی کوردی لەو جۆرانەمان هەبێ.. کاتێکیش کەچیرۆکەکانم دەخوێندنەوە خەونم بەوە دەدی کەمنیش چیرۆکی وا دەنووسم بەڵام ئەو سەردەمە دابڕانێك لەنێوان مەن‌و زمانی کوردیدا دروست ببوو، عەرەبیش بەو ڕادەیە فێر نەبوو بووم تا چیرۆکی پێ بنووسم، بۆیە بە تەنیا بەدزیەوە شیعرم پێ دەنووسی بەبێ ئەوەی بیەڵم کەس بیبینێ.. من لەپلەکانی خوێندندا

بـــەچاکی ســـەردەکەوتم، خوێندنـــی قوتابخانـــە لەلایەکەوخولیاکەی ترم کەرەسمکردن بوو زۆرجار لـە خوێندنەوەیان دائەبڕیم تاگەیشتمە قۆناغی زانکۆو هەر لەپۆلی یەکەمەوە بەحەماسەوە بەڵکو شـێلگیرانە دەستم بەخوێندنەوەکرد، تائەو قۆناغە هیچ رۆمانێکم نـەخوێندبووەوە جگـە لەکۆمەڵـە چـیرۆك نـەبێ، بۆنموونە کۆمەڵە چیرۆکی (مۆباسـان)نم خوێندبـووەو هـەروەها کۆمەڵـە چیرۆکـەکانی (محـــرم محەمـــەد ئـەمین)و (محەمـەد مەولـەود مـەم)و(حسـێن عـاف)و (محمد خضـیر)و هتـد دوایـی، وادێتـە خـەیالمْ یەکـەم رۆمـــان کەخوێندبێتمـــەوە (زۆربـــا)ی یونـــانیبوو، زیـاتر ئـــەدەبی ســۆڤێتیمان دەخوێنـــدەوە.. وەکـــو رۆنامەکان (گۆرکیو گۆگۆڵو دیستۆ فسـکیو جنگیز ئیتماتۆف).. جگە لەخوێندنەوە کلتووری مارکسیزم، کە خوێندنەوەی ئەو جـۆرە کتێبانـە بەشـێك بـوو لـە خـەبات‌و کوردایـەتیو وەکـو ئـــەرکێکی سەرشـانمان دەبـوو بیخوێنینـــەوەو کـاری پێبکـەین، مـن هـەر بـەردەوام کتێبـم دەکـڕیو دڵشـادیش کتێبخانەیـەکی گەورەی هەبوو بۆیە کـەزەواجمان کـردو مالّمـان دانـا کتێبەکانمان هێند زۆر بوون خزمو کەس‌و کار دەیـان ووت ئێوە مالّ دانـانێن بـەڵکو کتێبخانەیـەکی گـەورە دائـەنێن‌و خۆتـــان لـــەناویا دەژیـــن، لەراشتیشـــدا



بەڕاستی کتێب بەشـێکە لەقـەدەری من، زۆربـەی رووداوەکانی ژیـانم بەشێوەیەك لەشێوەکان پـەیوەندییان بەکتێبـــەوە هەیـــە یـان کتێبێـــك پاڵەوانی ئەو رووداوانەیە، یان لەهـەر رووداوێکدا کتێبێك دەورێکی تیـادا دەگێڕێ، ئیـتر ئـــەو دەورە بچـوك بێت یان گەورە.

مامۆستای خۆشەویستم دکتـۆر کـاوس قفطـان کـە لـەقۆناغی زانکـۆداو لـــەپۆلی یـــەکدا وانـــەی مێـژووی پێدەوتینـەوە ئـەو بـەڕێزە کـازانزاکی پـێ ناسـاندمو (زۆربا)و (المسیح یصلب من جدید)ی بۆ هێنام.. ئیتر هـــەر لـــەڕێی مامۆسـتام (دڵشـاد مـــەریوانی)یـــەوە (سـارتەر)م ناسـیو دەسـتم کـردە خوێندنـــەوەی کتێبەکانی، یەکەم بەرهەمی سارتەر کـە خوێندمـەوە سیانەی (دروب الحریـە)بـوو، بـەڵام لـەو سـەردەمەدا مالّەکـەمان شـتێبوو لـەو بابەتـە خـۆی دوو ژوورێـــوو کەچی ژوورێکیان سێ لای کتێبخانەبوو..

رەنگە سەیرترین‌و پێکەنیناوی ترین یادگارم لەگەڵ کتێبدا ئەوەبێت کەچووین بۆ مانگی هەنگوینی، پاش گەشتێکمان بـۆ هاوینـە هـەوارەکان چووینـە بـەغدا، ئەوسـا لەسـەر شـەقامی سـەعدون ئوتێلـی تـایگرێس پـالاّس هـەبوو لـەوێ دابـەزین، دەوری نیـــوەڕۆ بـــوو کەگەیشـتین ، هـەر کەگەیشـتین جانتاکانمـــان دانـــاو

چووینه دەرێو کەوتینە گەڕان بەکتێبخانەکانی سەر سەعدوندا زۆرمان کتێب کڕی یەکێ لەو کتێبانەکە تازە گەیشتبوو، کتێبەکەی (زکریا تامر) بوو (النمور فی الیوم العاشر)، کەگەڕاینەوە ئوتێلەکە دڵشاد داوای نانی نیوەڕۆی کرد بۆ ژوورەکە، نانەکەیان هێنا من هەر خەریکی خوێندنەوەی کتێبەکەی زکریا ئامر بووم، دوو سێ جار دڵشاد بەئاگای هێنامەوە هەر کتێبەکەم دانەنا تالێم توڕەبوو بوو، شەڕمان بوو گەیشتە گریانو عاجزی هەر چەندە دوایی ئاشت بووینەوە بەڵام هەر کتێبەکەم نەدایەو دەمووت باتەواوی بکەم، بیرمە بەو قرچەی نیوەڕۆیە خۆی گۆڕیو دابەزیە خوارەوە چوو نوسخەیەکی تری کڕیو هاتەوە ئەوساهەر یەکەمان لەسەر جێگەکەی خۆی دانیشتبوو لەبری موغازەلەو غەرامیات کتێبەکەی زەکریا تامرمان دەخوێندەوە.. بەڕاستی کتێب بەشێکە لەقەدەری من، زۆربەی رووداوەکانی ژیانم بەشێوەیەك لە شێوەکان پەیوەندیان بەکتێبەوە هەیە یان کتێبێك پاڵەوانی ئەو رووداوانەیە یان لەهەر رووداوێکدا کتێبێك دەورێکی تیادەگێڕی ئیتر ئەو دەورە بچووك بێ یان گەورە، ئەوەتا یەکەم کوڕ کەموعجەب دەبێ پێم کتێبێکم بەدیاری دەداتێ کەباسی خۆشەویستی دەکاو دەیەوێ لەڕێی ئەو کتێبەوە لەهەستەکانی تێبگەم، بەڵام لەبەر ئەوەی من هەمان هەستی ئەوم نەبوو خۆم لێی کەڕکردو ئەویش ئیتر لەبری خۆشەویستی رقی لێهەڵگرتمو تائێستاش چەندی بۆی بکرێ دژم دەوەستێتەوە.. یەکەم پیاویش کەخۆشمویستو نەمدەزانی ئەو منی خۆشدەوێ یان نا، ئەو کاتە زانیم کەسێ کتێبی خۆی پێشکەش کردمو جوانترین پێشکەشکردنی بۆ لەسەر نووسیبوومو لەڕێی ئەو کتێبانەوە تێی گەیاندمو دڵنیابووم لەخۆشەویستیەکەی، بەسااڵێك پێش ئەوەی موسارحەم بکاو ببمە دەزگیرانی دواترو تائێستاش بۆنی کتێب لەهەموو یادگارێکی تر زیاتر دەتوانێ ئەو پیاوە مەزنەم بیر بخاتەوە کەقەت یادی ئاوا نابێو گەورەترین حزووری هەیە لە ژیانمدا.. دوای ئەوەشو پێش ئەوەش هەر پیاوێك ویستبێتی خۆشەویستی یان هاوڕێتی خۆیم بۆ بەیان بکات کتێبی کردۆتە وەسیلەیەك بۆ نزیك بوونەوە لێم ئیتر بەهەر مەبەستێ بووبێ کەپێم وایە هەموو جار مەبەستەکەیان هەر خۆشەویستیو تەقدیرو سۆزبووە، چونکە قەت هیچ پیاوێکی خراپ نەیوێراوە لێم نزیك بێتەوە.. بەڵام دیارە هەموو یادگارێکانم سەبارەت بەکتێب خۆش نینو منیش وەکو هەر کوردێ چەندین جار کتێبخانەکەم تووشی فەوتانو دزینو لەناوچوون بووە.. جارێك زۆربەی کێبەکانمان فرۆشتو چوویەن بۆ هەندەران، جارێك لەلایەن پیاوانی رژێمەوە تاڵان کرا، جارێکی تر لافاو نیوەی کتێبەکانی سەقەت کرد، دواجاریش کەلەهەووی سەخت تر بوو کەپیاوەکانی رژێم دوای دەستگیرکردنی دڵشاد هاتنوبێئەدەبانەو درندانە هەموو کتێبەکانیان لەخانەی کتێبخانەکەوە فرێ دایە خوارێو کتێبەکانیان دابەسەریەکدا ئیتر تادوای راپەڕین ئەو کتێبانە بەتێکەڵو پێکەڵی خستبوومنەوە ناو کتێبخانەکەو تاقەتو زەوقی چاکردنیانم نەبوو، دوای راپەڕین ژمارەیەکی زۆر کتێبم بەخشیە کتێبخانەی زانکۆو کتێبخانەی ی. ژ. ك کەبەداخەوە لە ٣١ی ئابدا ئەوانەی کتێبخانەی ی. ژ. ك تیاچوون..

ماوەتەوە بڵێم لای من خوێندنەوە باڵاترین چێژە، هیچ شتێ، نە تیۆری نەسینەما نەڤیدیۆ نە سەتەلایت نەهیچ هیچ هیچ شتێ ناتوانێ ئەو چێژەم بداتێ کەخوێندنەوە پێم دەبەخشێ بۆیە هەمیشەو هەمیشە کتێب خۆشەویسترینو نزیکترین هاوڕێمە، قەت لەهەفتەیەك زیاتر بێ هاوڕێیەتی کتێب نەژیاومو

بەردەوام کتێبخانەش بەشێکی گرنگی ماڵەکەمە، گۆڤارە جوان‌و رەنگاو رەنگەکانیش وەکو هۆکارێکی کات بەسەربردن لەدەوروپشتمن‌و هەمیشە بەشێك لەموچەکەم تەرخان کردووە بۆ کڕینی کتێب‌و گۆڤارەکان هەر چەندە من کەمتر بواری گۆڤار خوێندنەوەم هەیە، بەڵام لەلایەك لەبەر منداڵەکانم‌و لەلایەکی تریش بەکڕینی ئەو گۆڤارانە شاددەبم بۆیە هەر دەیانکڕم.

لەسااڵنی ئابڵوقەشدا بێ کتێب نەبووم بەردەوام بەدوای کتێبدا کتێبخانە نەماوە لەم شارە کتێبی لێ وەرنەگرم هەر لە کتێبخانەی گشتی‌یەوە تا کتێبخانەی سەنتەری لێکۆڵینەوەو کتێبخانەی هیواو کتێبخانەی حزبی شیوعی‌و کتێبخانەی بنکەی گەاڵوێژو سەردەم‌و هتد.. گەڕاوم هەر کەدەمبیست فلانێك فلان کتێبی بۆ هاتەوە خۆم دەگەیانێ، هەوڵم دەدا کەلە ماوەیەکی مەعقوولدا کتێبەکە بخوێنمەوەو لەکاتی خۆیدا بەئەمانەتەوە بیگەڕێنمەوە تائەو کەسە باوەڕم پێبکات‌و کتێبی ترم بداتێ، جێی خۆیەتی لێرەدا ناوی برادەران (کاك رەوف بێگەرد)و کاك (شێرزاد حەسەن)بهێنم کە هەر کاتێ کتێبی تازەیان بۆ هاتبێ دەیاندامێ تابخوێنمەوە.. دیارە برادەری تریش هەبوون، بەڵکو گەڵێ کەس هەبوون‌و هەن کە دەزانم خولیای خوێندنەوەیان هەیە، بەردەوام کتێبیان لێ وەردەگرم‌و منیش کتێبیان دەدەمێ واتە کەسانێك هەن کەلە دەرەوەی نێوەندەکانی ئەدەب‌و رۆژنامە نووسیشدان بەڵام کتێب کردووینی بە هاوڕێی یەکتروکتێب دیالۆگێکی دۆستانەی لە نێوانماندا درووست کردووە. ئێستا کەبارە ئابووریەکە چاکترە زیاتر دەتوانم کتێب بکڕم یان فۆتۆی بکەم.. رەنگە لێرەش رۆژێ دابێ ئەنتەرنێت بچێتە هەموو ماڵێك‌و بتوانین چ کتێبێکمان بوێ لەئەنتەرنێت وەربیگرین، بەڵام من حەزم لەو شێوازە مودێرنە نییە، حەزدەکەم کتێبەکە خۆیم هەبێ‌و ماڵەکەم پڕبێت لەکتێب، کتێب کڕین‌و کتێب هەڵگرتن‌و کتێب خوێندنەوە هەموو ئەمانە سرووتێکی تایبەت بەخۆیان هەیە، سرووتێکی زیندو زۆر جیاوازە لەوەی لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکە دەیبینیت‌و دەیخوێنیتەوە.. جا دنیا پڕبێت لەئیمێڵ‌و لەفاکس هیچی ناتوانێ جێی نامەیەك بگرێتەوە کە هاوڕێکەت یان خۆشەویستەکەت بەدەست‌و خەتی خۆی نووسیوێتی، باخەتەکەی ناخۆش‌و شەڕەپشیلەش بێ.. ئینجا رەنگ‌وجۆری ئەو کاغەزەی لەسەری نووسیوە، جۆری ئەو قەڵەمەی بەکاری هێناوە.. هەست دەکەی نامەکە بەشێکە لەخودی ئەو مرۆڤە خۆی، کتێبیش بەهەمان شێوە، کتێبەکە خۆی لەئامێز بگری‌و پەڕە پەڕە هەڵیدەیتەوە، لەگەڵ خۆتا بیگێڕی.. هەموو ئەم سرووتانە تام‌و چێژی خۆی هەیەو هەموو تەکنەلۆژیای دنیا ناتوانن ببنە بەدیلی.

لەسەر چی ئاستێکی رۆمانەوە دەست پێبکەین؛ پرسیاری ئالۆز لێرەوەیە چەمک و بونیادە تێیبەتییەکانی جیهانی رۆمان چییە ؟ کە هەڵگری دەیەها خوێندنەوەی جۆراوجۆرە ، چونکە بە پێچەوانەی توخمە ئەدەبیەکانی تری وەکو شانۆو شیعر، بە روالەتە شێوازییەکانی دیاری ناکرێت . بەو پێیەی لە رێگەی مەدلولەکانیەوە دیاری دەکرێت، ئەمەش پێچەوانەی زۆربەی رەخنەی کوردی کە بە مۆری تەندروستی رۆمانە کوردیەکان (نەژی و نەمر) دەکەن و توانای دۆزینەوەی ئەو بۆشێییانەیان نییە کە لە روانیندا تاریکن. نە شارەزێیی زۆربەی رەخنەگرەکانمان ئەوەیە کە بە شێوازێکی رۆژنامەگەریانە رەخنەکانیان دەنوسن، لێرەشدا بابەتی رەخنەکانیان دەبێتە بێیەخی مێژووی ئەدەبی، چونکە رەخنەگر بە پێچەوانەوە دەبێت هەڵگری روانینی نوێ بێت لەسەر دەق و پێویستە دەمارگرژی نەیگرێت و ئەو شتانە زیاد بکات لە دەقدا و تێشک بخاتە سەر ئەوانەی لە روانیندا تاریکن و پانتێییەک بدۆزێتەوە بە پێچەوانەی ئەوەی ئێمە لە کاری ئەدەبیدا دۆزیومانەتەوە. چونکە روانینی رەخنەگر پەیوەندییە لەگەڵ پانتێییەکی تردا، نەکو ئەو شتانەی کە لە جیهانی زانراودا دەیانزانین. لەبەرئەوەی رۆمان ئەدەبی فیکرە، پێکهاتەی سەرکێشیە وەهمیەکان و کەسێیەتیە ناحەقیقیەکانەو وێنەیان دەکێشێت یان چنینی رووداوو چیرۆکی ئەندێشەکەر دەکات. بەم پێیەش گوتارەکەی لە ناوچەرگەی ناواقیعیدا دەردەچێت و بەشدەکرێت بە فەزای رەمزی لەگەڵ داستان و ئەفسانەدا، چونکە توخمێکی هەستی نوسراوە بە مێژووی بەهاوگواستنەوەکان لە چەرخی نوێدا واتادارببووە، بەو کرداره تێڕماناوییانە کە بابەتی نوسینی رەوانبێژی ئەندێشەکەرە و هەمیشە بابەتی پرسیاری نوێ بووە، بەم پێیەش بە میتۆدەکانی بونییەویەت و سیمیێیی شیدەکرێتەوەو

سەلاح جەلال

رۆمانی (نەفڕ و وێنەکانی "با") و گوتاری رۆمان و پراکتیکی رەخنە

ئـەوەندەی دەلالەتـەکانی بەچاوگـەی ئەدەبیـــەوە پابەستە ئەوەندە پـەیوەندی بـە جیهانـــەوە نییـە. چونکـە دەبێـت وشـەو هێمـاو ئاماژەکـان لەســەر رەوتێکـی رۆشـنبیری بێـت نـەک لـە راسـتەوخۆیی سروشـتیەوە. چونکـە لەگـەڵ جیـــهانی دالـــەکاندا پەیوەسـتەیە، لـە نـــاوەڕۆکی مێژوویـــەکی قوڵـــی بۆشەکاندا ریز بووە ئەمـەش بـە پێچەوانـەی زۆربـەی بابەتە رەخنەییەکانی ئێمە، کـە زۆر بازاڕیانـەو بـەبێ خوێندنـــەوەی جۆراوجـۆرو رەچـاوکردنی میتـــۆدی رەخنـە لـە چـــەند لاپەڕەیـــەکدا لەســـەر هـــەموو لێیەنـەکانی رۆمـان سـەرپێی قسـەدەکەن، لـەکاتێکدا رۆمـــان هـــەڵگری خوێندنـــەوەی جۆراوجـــۆرە. تێیبەتمەندی ڕەخنەش لەسەر لێیەنێك یان ئاستێکە، نەکو ترخێنەیی لە مەقالێکدا تێکەڵاو دەکرێن. لێرەدا تـەنیا ڕێیـەك دەهێنینـەوە (ئێمـە دەڵێـین داروێـن و ماركس و فرۆیـد سیمای ژیـاری خۆرئاوێیـان گـۆڕی، بەڵام کاریگەری رۆمان زۆر گەورەتر بوو لە کاریگەری ئەم سێ کەسە[1] لا٩) بەم پێیە رۆمان چی بەهێیەکی لەسەر ئاستی لێکۆڵینەوە هەیە؟. ئاشکرێیە رەخنەی ئێمە جگە لـە چـەند هـەوڵێکی سـەرەتێییانەی چـەند دڵسـۆزێك، ئیـتر زۆربـەی نابنـە بابـەتی لێکۆڵینـــەوەو رەخنەی رۆمان. چونکە پێکهاتـەی ئـەو شتانەن کـە هەموو کـەس دەیانزانن و لەسـەر ئاستی پراکتیك و بونیادەکانی رەخنە توانای دواندنی دەقیان نییە، کە دیارە ئەمڕۆ پـرۆژەی رەخنـە هـەڵگری خوێندنـەوەی جیـــاوازە لەســـەر دەق و تێیبەتمـــەندێتی هێڵـــە جیاجیاکانـــە (زەمـــەن، گوتـــار، زمـــان، رووداو، گێڕانـەوە، چیرۆك، بونیـاد، کاراکتـەر.. هتـد). بـــەم پێیـەش رەخنـەی ئێمـە کـەمتر توانـای دۆزینـــەوەی شاراوەی هـــەبووە و بـە ئاشـکرا لـە تـوێژینـــەوەی عـــەرەبی و جیهانییـــەوە گوتـــەی رەخنـــە لەســـەر رۆمانێکی تـــر دەهێننـــە ســـەر رۆمـانێکی کـوردی. لێرەشـدا مانـای ونبوونـــی بەشـێکی زۆر گرنگـــی رۆشـــنبیری ئێمەیـــە، چونکـــە رۆمـــان و بنـــەمای



لێکۆڵینەوەی رۆمان رۆڵێکی کاریگەری لەسەر ئاستی رۆشنبیریدا هەیە. هەر لەو گۆشەیەوە بابەتێك بەناوی (تێك شکاندنی مێژوو لە رۆمانی نەفخ و وێنەکانی "با")[٢]دا لە نوسینی کاك (خالید غەریب) بڵاوبۆتەوە، کە بە پێی ناونیشانانەکەی دەبوو باسی مێژوو رەمزەکانی بوێیەو چەمکی تێك شکاندنی مێژووی بدۆزیێیەتەوە، کە هەڵگری دەیەها پرسیاری مەعریفییە. بەڵام بەداخەوە ناونیشان تەنها بۆ رازاندنەوەیەو، بەبێ هیچ میتۆدێکی رەخنەیی و بەبێ سەرچاوە بێگومان جێگەی سەرسوڕمانە ! ! . کەسێك هیچ پاشخانێکی تری رۆشنبیری لە بواری توێژینەوەدا، بەتێیبەتی رۆماندا نەبێ و تا وشەیەکی تری نەنوسیبێ، سەرپێی بەو جۆرە بنوسێت و بڵاوبێتەوە ! ! ئەمە غەدرێکە تەنیا لە بواری رۆژنامەگەری کوردیدا و بەتەنیا لە من کراوە. چونکە هیچ رۆشنبیریەك ئەوە قبوڵ ناکات، بەبێ مێتۆدو سەرچاوەو ئاماژە ئەو هەموو رێیەسەقەتە بڵاوبێتەوە. هەر بۆیەش بابەتەکە زۆر گشتگیرییەو قسەیە لەسەر هەموو لێیەنێك ،وەکو (مەتەڵ) !چونکە شیکاری نییە ،تەنیا (من دەڵێم و لای من و کەواتە ویەعنی)یە !ئەمەش ئەنجامی مراجعەو کورتکردنەوەی لەلێیەن کەسانی ترەوە و پاڵەوانی سەرەکی چەند جارێك مۆنتاژی کردونەتەوە، زۆربەی راکان هی کەسانێکە کە رۆمانەکەیان نەدیوە !چونکە ئاشکرا ئەو نوسینە لە ئەنجامی پەڕە هەڵدانەوە دروست بووە ،نەکو خوێندنەوە ! بۆیەش زۆر هۆکار هەیە هەڵیان دەگرم بۆ کاتێکی تر ، لەبەر زۆر هۆکار لەم بوارەدا ناچار بووم ئەو هەڵە نابابەتیانە دەربخەم ،کە پەیوەندییان بە رۆمانەکەوە نییە. (لەم رۆمانەدا دوو پاڵەوان دەبینرێت یەکەمیان کفن پۆشەو دووەمیان ئەوەیە کە کفن پۆش لەهەر رووداوێکدا لێی دەدوێت) ئەمە لە باسێکەوە وەرگیراوە کە لەسەر رۆمانێك نوسراوە، کە بە راناوی کەسی یەکەمە بە پێچەوانەی ئەم رۆمانەوە، کە کەسی سێیەمە. کارەساتی رۆشنبیری ئێمە لێرەوەیە ،کەسێیەتی لە گێڕانەوە جیانەکرێتەوە. جیاوازی چیرۆك و ئاستەکانی زەمەن و گوتار نەزانرێت. بەپێی تیۆری نوێی رۆمان (چیرۆك و چنین) بەمجۆرەن: چیرۆك چەمکێکی گشتییە، کە کەسێیەتی و رووداو دەگرێتەوە لە شێوەی حەکێیەتیدا (الحکائی) ،بەڵام چنین چەمکێکی تێیبەتە تەنیا بە رووداو دەگات بەبێ کەسێیەتی یان بە پلەیەکی کەم. ئەگەر مەبەستی کاراکتەری سەرەکییە ئەوا تەنیا (کفن پۆش)ەو جگە لەو بە دەیان کەسێیەتی ناوەندی و لاوەکی هەیە، رۆمانەکەش راناوی کەسی سێیە. ئیتر (یەکەمیان کفن پۆش و دووەمیان ئەوەیە کە لە هەر رووداوێکدا لێی دەدوێت). لێرەدا گێڕانەوەی رۆماننوس و دێیەلۆژو مەنەلۆگ و چیرۆك هەیە، بۆیەش لێرەدا تێنەگەیشتن لە سیستەمی گێڕانەوە دەردەکەوێت و تێکەڵاوبوونی زەمەنیش لەلێیەکی تەرەوە. ئەمەش پابەندی سیستەمی گوتاری رۆماننوس تەنیا رۆمان نییە، بەڵکو گوتارەکە تەنیا لەو رێگەیەی کە مادە حەکێیەتیەکەی (الحکائی) تیادا پێشکەش دەکرێت لە رۆماندا، ئەمەش لەلای تۆردۆرۆف تێیبەتمەندێتییەکی تێیبەتی هەیەو، بەو مانێیەی گوتار دەگاتە رێگای پێشکەشکردنی چیرۆك و بویطیقاوە، بە تێیبەتمەندێتی دەزانێت تێیبەت بەگوتار. ئەمەش سەرەتا لەلای شکلانیەتی رووسی دەرکەوت و بانگەشەی یەکەمیان بۆ لە دایکبوونی زانینێکی نوێ بوو بۆ ئەدەب، ئەویش (بویطیقا) کە بەرامبەری بویطیقاکەی ئەرستۆیە ئەمەش بۆ ئەدەبیەتی ئەدەب بوو، هەروەکو (جاکوسون) دەڵێ (بابەتی زانستی ئەدەبی ئەدەب نییە، بەڵکو ئەدەبییەتە، واتە ئەو شتەی وا لەکارێك دەکات

ئەدەبی بێت[٣] لا٣٥) ئەمەش بۆ تێپەڕاندن بوو لە هەموو شێوازەکانی کۆن، بۆ ئەوەی ئەدەب بە واتێیەکی قوڵ بۆ ئەدەبیەت بگوێزنەوە، کە تێیبەتمەندی جۆری ئەدەبی بێت .دوای ئەوانیش (جیرارجنیت) بویطیقا بە تیۆرێکی گشتی دادەنێت بۆ شێوەکانی ئەدەبی ،ئەم تێیبەتمەندیەش لە رێگەی گوتارەوە شیکردنەوەی قوڵی لەسەر دەکرێت ،هەر بۆیەش گوتار بە بێژراوێکی درێژ دادەنێن ،پێکهاتەی کۆمەڵێك رستەو کۆمەڵێکی داخراو کە لە رێگێیەوە واتای بونیەو زنجیرەیەك لە توخمەکانی دەردەکەوێت .هەر بۆیە لە شیکردنەوەیاندا نواندنێك لە نێوان ئاماژەو ئاماژەی حکێیەتی (حکائی)دا دەبینن ،چونکە یەکەیەکی شێوەیی دەبینرێت ،کە پێکهاتەی چەمك و ناوەڕۆکەو شێوەی تەعبیرکردنە لە وێنەی بیستراو ،بەم پێیەش پوختەیەك لە نێوان گوتارو گێڕانەوە دا دەکەن. بەم پێیە شکلانیەکان ئەو شۆڕشەیان بەسەر ئەدەبی کۆندا کرد، بەڵام تازە لای ئێمە دەگەڕێنەوە بۆ بەر لەوان و بێیەخی رۆمانی تەقلیدی دەردەخەن ،لەسەر مادەی حیکێیەتییەوە بەو ناونانەی ناوەڕۆك پێشەنگی هەموو ئەو شێوە دەرەکیانە بووە ،کە ماونەتەوە. هەروەها گێڕانەوەش لە رێگەی کەسێتییە نزیکەکان و نیشانەکان و شتەکان و بکەرەکانەوە. جیرار جنیت باس لە دووانی (پنائیە)ی زەمەن دەکات لە رێگەی زەمەنی چیرۆك و زەمەنی گێڕانەوە ،ئەویش سێ ئاستە (پەیوەندی نێوان سیستەمی زەمەنی بۆ بەدواداچوونی رووداو لە چیرۆکدا ئەوەش زەمەنی چیرۆکەو سیستەمی زەمەنی گێڕانەوە و لە زەمەنی گوتار یان گێڕانەوە ،لێرەشدا ئەو رەخنەیە شێواندنی زەمەن و نەزانینی ئاستی گێڕانەوەو پەیوەندی کەسێیەتی و گوتارەو، لە لێیەکی دیکەوە ، وەرگرتنە لە باسێکی زۆر کۆن، چونکە زەمەنی کردارو زەمەنی پەتی و زەمەنی چیرۆك و زەمەنی گوتارو بەدواداچوو، لە رێگەی تێڕوانینەوە.) ئیشکردنی ئەو بەپێی ناونیشان دەبوو لەسەر ئەم ئاستانە بوێیە، بەڵام تەنیا مادەی حیکێیەتی دیوەو زەمەنی چیرۆك و گێڕانەوەی نەزانیوە ،کە زەمەنی چیرۆك مادەیەکی حیکێیەتییەو گوتار لە رێگەی گێڕانەوەوە بەرجەستە دەبێت، ئەوەش بابەتە چونکە گێڕانەوەی گوتاری رۆمانە .بەم پێیەش چیرۆك شیاوی هەڵگرتنی کۆمەڵێك گوتارە لە کەسێیەتیەکان و رووداو و زمان و جێگە. مادەکانی چیرۆك لە رۆمانی نوێدا لە بنەڕەتدا بێیەخدانە لەسەر توخمی زەمەن، هەر لە سەرەتای شکلانیەکانەوە ئەو رەوتە سەری هەڵداوە .بۆیەش لە بواری رۆشنبیری ئێمەدا دەبنە بابەتی رەخنە، ئەمەش لە ئەنجامی بێئاگێیی رەخنەگرە کە توانای شیتەڵکردنی ئاستەکانی زەمەنی نەبوو. مانا شاردراوەکانی نەدیوە ،چونکە هیچ گێڕانەوەیەك بەبێ زەمەن بوونی نییە، توانای رۆمانیش لەو جوڵەیەدا دەردەکەوێت لەسەر ئاستی زەمەنە جۆراوجۆرەکان. هەر لێرەشدا بەهۆی ئەو تێکەڵ بوونەوە فتوای دوو پاڵەوان دەدات لەسەر رۆمانەکە ،لێرەشدا پەرەگرافێکی دەهێنمەوە کە یەکەم ئەو رێیەی بەتاڵ دەکاتەوە، دووەم ئەوە راستەوخۆ لەسەر رۆمانێکی تری جیهانی بەبێ ئاماژە پێکردنی وەرگیراوە (ئەو)ەی رۆماننوس زۆر تەمومژاوییە، تەنانەت (ئەو)یش بەرجەستەکردنی نەك قورسە، بەڵکو زیاد لە پێویست ئاڵۆزە) ئەمە ئیتر دەلالەتی ئەوەی ،کە بەبێ هیچ تێگەیشتنێك رستە بەدوای رستەدا لکاوە (لە سەرەتاوە زەمەن دەوری کاریگەر دەبینێت لە خولقاندنیدا، چونکە ناکۆکی کۆمەڵێیەتی و دروست بوونی شەڕی ناوخۆو ململانێی شارستانیەکانی شەڕی تەکنەلۆجیا، خەیاڵی پەیوەندی دەسەلاتی لەگەڵ جەماوەر و تێك

ئالآنی‌عاشقان ومەرگەساتی ناپەحەتی وهۆنینەوەی لەمەزیاتری سەرەتا کۆتێیی رۆمانەکەی تیا دەبینرێتەوە) ئەم قسانە بەڵگەنامەی سڕینەوەی هەموو باسەکەیەتی !زەمەن بتوانێت بەم جۆرە کاربکات، مانای رۆمانەکە سەرکەوتنی گەورەی هەیە. بەڵام جێی داخە سەرلێشێواوی رەخنە هەمووی تێکداوە و نەیتوانیوە تەنیا وشەیەك لەسەر میتامێژوو لە نهێنی و شاراوە ،لە رەمزو ئاماژەو نەگوتراو بڵێ، بەڵکو لە دال و مەدلولی رۆمانەکەوە هاتووە بۆ (یەعنی و کەواتەو لای من و من دەڵێم.. هتد) کە دیارە ئەمانە مانای کێشانەو پێوانەی دەق و لێدانیەتی بە خاکەناز، ئەمانە زەلیلیی رەخنەی کوردین، ئەوەتا دەڵێ (دەتوانم بڵێم ئەم دەقە پێی بڵێم رۆمانەو هەروەها بشڵێم رۆمان نییە. رۆمانە لەبەرئەوەی زنجیرەیەك باسی یەك بەدوێیەکدێیە رۆمانیش نییە لەبەرئەوەی هەر ئەڵقەیەك و رووداوێك دەخولقێنێت و تەنانەت بەشداربوانی رووداوەکانیش نەك لێکچوونی تێدا نییە بەڵکو بەهیچ پێودانگێك پەیوەستی پێکەوەبونیان نییە). ئەم دوو رێیە زۆر جیاوازو پێکەوەنەگونجاوە ،دوو فتوێیە لە بواری رۆشنبیریدا بوونیان نییە بێ سنوورو لێپرسینەوە،ئەگەر رۆمانە ئەوا هەرگیز ناتوانی بڵێی رۆمان نییە ،ئەگەر رۆمانیش نییە ناتوانی بڵێی رۆمانە. جگە لەوەش ئەوانە قسەی گیرفانن، فتوای وا پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر گەورە دێت ،کە بتوانێت هەموو بونیادی رۆمانەکە بەپێی میتۆدی رەخنە شیبکەینەوە ،بەمەش تەنیا ئەو قسانەی بەرلەمە هێنامەوە ئەم فتوێیە سفر دەکات .لەلێیەکی تریش ئەو (منە) کێیە وا جورئەتی فتواەرکردن لە رۆماندا دەکات ؟چەند کتێب و لێکۆڵینەوەی لەسەر رۆمان هەیە؟ کارەساتی رۆشنبیری کوردی لێرەوە دەست پێدەکات ،بەو پێیە دەبێت بەشداربوانی رۆمان هەموویان خزم وبرای یەکتری بن. بۆیە لێرەوە کە خۆی لە باسەکەیدا ئاماژە بە (رووداو، زەمەن، کەسێیەتی، ناکۆکی و فەزاو. شتی تر دەکات،) کە دەقێك پێکهاتەی ئەوانە بێ، چۆن دەتوانی بڵێی رۆمان نییە؟ لە کاتێکدا کۆی دەقی ئەدەبی لە سێ گۆشەنیگای ناوەندییەوە دیاری دەکرێت، ئەویش (دەلالی و هەڵچنراو و کردار)یە، کە لای شکلانیەکان گۆڕدرا بە (هەڵچنراو و ئامانج و زاراوەی هاوچەرخ) ،کە فونولوجیا لە هەڵچنراو و دەلالی دادەبڕێت. گۆشەی دەلالی چۆن دەق دەلالەت لەسەر شتێك دەکات و، لەسەرچی دەلالەت دەکات ؟بەڵام بێژەیی لە نێوان رێگای داڕشتەو زەمەن و روانین و دەنگدێیە، هەڵچنراویش لە بونیاتەکانی دەق و سیستەمی فەزێیی و هەڵچنراو و گێڕانەوەدێیە، ئەو باسەی ئەو خۆبەخۆ باسی هەموو ئەوانە دەکات. رەخنەکانی بە رۆمانی نەبوونیش ،بەپێی رەخنەی دووسەد ساڵ لەمەوبەر،سەیر بکەن ،ئەوانەی ئەو دەیڵی نەك ئێستا بەڵکو لە رۆمانی نوێوە هەوڵی پیادەکردنی دراوە بۆ تێکشاندنی تەوقی رۆمانی تەقلیدی ،جیاوازیەکانی رۆمانی نوێ و تەقلیدی لەوەدێیە کە رۆمانی نوێ تەوقی تەقلیدیان تێك شکاند، بە زنجیرەی زەمەنی لە وێنەیەکی کۆنی بنەڕەتیدا کە پێوەی دەبەستێتەوە .ئەوان فیکری زەمان و چوغزی رۆمانیان تەقاندەوە و، بینای رۆماننوسیان بەهۆی(فلاشباك) هوە ئاوێتە کرد، کە هەندێکیان لەسەرو هەندێکیانەوە بەهۆی ئەو وێنە هاتوانەی لە گۆشە جیاوازە جۆراوجۆرەکانی زەمەنەوە دەردێن ،ئەمەش تەقنییەی رۆمانی نوێیە ،ئەویش دەڵێ (هەر ئەڵقەیەك و رووداوێك دەخولقێنێ) هەوڵدانی رۆمانی نوێ بۆ خەستکردنەوەی حەقیقەتی گشتی بوو لە چوغزی نوسینی کڕنۆلۆژیادا ،کە دابەشکردنی زەمەنە بۆ

چەرخ و دیاریکردنی مێژووی چەسپاو بۆ رووداوەکان و ،رێکخستنیان لەسەر ئەو بارە ریزکراوە ،ئەویش دەڵێ (خاڵی هاوبەش لە نێوان رووداوێك و رووداوێکی تردا) زەمەن لای پرۆست و فۆکنەرو ئەوانی تر گوتەی زەمەن، بوعدو (دەلالەتی نوێی) لە رۆماندا هەڵگرتووە (گەڕان بەدوای کاتی ون بوو)ی پرۆست و چیای ئەفسانە (جبل السحری) نۆماس مان ولای میشال بۆتۆرو ئەوانی تر کە بە رۆمانی زەمەن ناسروان، ئەگەر تەنیا سەیری ئەلیازە بکەین، سەرەتای لە ناوەڕاستەو، گێڕانەوەیە بەو جۆرە دەگەڕێتەوە بۆ دواوە یان رۆمانەکەی پرۆست جیاوازی پەیوەندییە زەمەنییەکان، کە گێڕانەوەی بەشێکە بەر لە رووداوی یان گەڕانەوە .ئەمەش گەڕانەوەی رووداوی پێشوو لەو رووداوەی گێڕدراوە (المحکی) ،بەم پێیەش پانتێیی زەمەنی لە ماوەی چیرۆکەکەدا دادەبڕێت ،گێڕانەوە تێیدا دەوەستێت ئەو ماوەیەی لە چیرۆکەکەدا گێڕەرەوەی جیا دەست پێدەکاتەوە. (ئالان رۆب غرێیە) دەیەوێت کەسێیەتی لە دەرکەوتەی فیزیقی رزگار بکات و لای ئەو زەمەن دەبێت دابڕاوبێت لەگەڵ زەمەنیەتی ،لەبەر ئەوەی فەزا لێرە زەمەنێك تێك دەشکێنێت. چونکە ئەو روانینێکی نوێی بۆ زەمەن هەیە، کە رەنگدانەوەی زەمەنی واقیعی نییە، بەڵکو زەمەن تەنیا ئامادەیە (حاضر)، زەمەنی ئەوەی ئامادە نییە (اللاحاضر) بەم پێیەش دەتوانین سەدەها نمونە بهێنینەوە، چونکە بەو کێشانەی ئەو بێت (مارکیز و ئەستۆریاس و رۆلۆفۆو فۆکنەرو کاربنتیەو جویس و کۆندێراو.. هتد) بە دەیانی تر لە رۆمانی جیهانی بە رۆمان دانانرێن،چونکە ئەو خاڵانەی ئەو دیاری کردووە رۆمانی نوێ تێکی دەشکێنێت. ئەو رووداوانەی بەدوای یەکدا بێن، بە زنجیرەی زەمەنی کڕنۆلۆژیا نمونەی (رۆستەم و زۆراب و لەیل و مەجنون و شیرین و فەرهاد) و چەند رۆمانێکی کوردی. ئەو جۆرە نوسینە زۆر سانێیە، کۆشش و هەوڵی رۆمانnوس لەوەدێیە، ئەو رەخنە ئێکسپێیەریانە تێکبشکێنێ و هەوڵی تەقینەوەی چیرۆك و گێڕانەوە بدات لە رۆماندا ،لە بەکارهێنانی مەنەلۆج بۆ تەعبیرکردن بە روانین و دێیەلۆگ و دووبارەبوونەوەی پارچە پارچەکردنی یەکەی زەمەنی و جێگە. تێکەلاوکردنی واقیعی بە ئەندێشەکەرەوە و هەوڵدان بە کرداره تەعبیریەکان بۆ ئەفسانەو داستان و فراوانکردنی روانین و قوڵبوونەوەی لە بە رەمزکردندا ،ئەمانەش لەو تەوقە ستۆکە دورمان دەخاتەوە .(خاڵێ هاوبەش) یا (رووداوێك و رووداوێکی تر) کە ئەمانە بەناوی رەخنەوە نوسراوە ،بەڵام بڕوانە سیمای رۆمانی نوێ هەوڵدانیان بۆ پیادەکردنی ئەوانەیە. هەموو چیرۆکێك لە رۆماندا تا سنووردێکی دیاریکراوە ،هەتا دووبارە کردنەوەی چیرۆکێکی تر ،ئەمەش دالەکانی گێڕانەوەیە (دوال السرد) کە تەنیا بێژەییە ،هەواڵمان دەداتێ لەسەر جیهان. بەڵام گێڕدراوە (المحکی) ئەو جیهانەیە کەلە چوارچێوەی فەزاو کەسێیەتی و رووداودێیە ،پێویستە رەخنەگر ئاگای لەوە بێت چۆن رۆمانnوس دەیگێڕێتەوەو چۆن وەسفی دەکات و چۆن گوتار بەرهەم دەهێنێت. چۆن کەسێیەتیەکان دەدوێنێت، هەرکەسێك نەتوانێت ئەو جیاوازیانە بکات ،خوێنەری ئاسێییش نییە. ئەوەتا لەلێیەك گێڕانەوەی رۆمانnوس وەك پاڵەوان ناودەبات ،لەلێیەکی تریش بێئاگێیی لە تێکشکاندنی کڕنۆلۆژیاو یەکەی زەمەنی، لە کاتێکدا هەموو کارێکی گێڕانەوە حیکێیەتی نوسراو یەکەم بە ئاماژەی گێڕانەوە تێکەڵ دەبێت ،یان گێڕانەوە خۆی. لێرەشەوە ئاستە نزمەکانی پێك دێت ،کە گێڕەرەوەو گێڕدراوە (راوی مروی)یە، گێڕانەوە

بکەرەو ئاستی دووەمیش تەخشان کراوە (المسرود) یان گێڕدراوەیە (المحکی) ،هەروەها کەسێیەتی و زەمەن کە لێوەی دەردەچێت و کرداری کەسێیەتی و فەزای رۆمانی تێدێیە، بەم پێیەش چیرۆک و گێڕدراوە تەنیا لە پەیوەندی لەگەڵ گێڕانەوە (المحکی)دا بوونیان هەیە، یان گوتاری گێڕانەوە بەهۆی پەیوەندییان بە چیرۆکەوە ،کە دەگێڕدرێتەوە (یحکی) ، بە هۆی پەیوەندییان بە گێڕانەوەوە کە دەبینرێت ،چونکە گێڕانەوە پابەندی رووداوە ئەندێشەییەکانە ،چونکە بە یەک گەیشتنێکی بەردەوام کە لە رێگێیەوە دەبێتە گێڕانەوە لە نێرەرەوە تەواودەبێت بۆ وەرگر و،گێڕانەوە سروشتێکی بێژەیی هەیە بۆ گواستنەوەی نێرەر. لێرەوە کرداری بەرهەم هێنانی گێڕانەوە لە رێگەی دەق و چیرۆک دەزانێن ،بەو واتێیەی بابەتی گێڕانەوە بە کرداری بەرهەم هێنانەوە .رووداویش ئەو شتەیە کە رووەدات، لێرەوە بەراوردی ئەو قسانە بکەین ،وشەیەک لە مەعریفەی رۆمان نابینینەوە .دەبوو رۆمانەکە بخوێنرێیەتەوە ،چونکە سروشتی رۆمانەکە بەدواداهاتن (تداعی)یە ،لەناو بەدواداهاتندای زمان و هۆش بەو شێوەیەی کە زمان شێوەیەکی پەتی نییە و،هۆشیش ناوەڕۆکێکی پەتی نییە ،بۆیەش زمان بۆ ئاستی دەلالی ناڕاستەوخۆ بۆتە زمان لەناو زماندا. دیارە کە رۆمان لەو رەوتە بێژەییەدا بیناکراو ،پەیوەندییەکان و واتاکانی رۆمانی نوێ پەیوەندییە فەلسەفیەکانی لەنێوان رۆمانnوس و مادە خامەکەیدا ،کە دروستی دەکات زیاترە لەو ئامانجە ئەخلاقییەی نێوان پەیوەندی خوێنەرو دەق. ئەم رۆمانەش لە رێگەی پەیوەندییەکانی گوتاری گێڕانەوەو چیرۆک و رووداو و ئاستە جیاجیاکانی زەمەن، لەو تەوقە تەقلیدیە لێیداوە کە پەیڕەوی کڕنۆلۆژیاو دیاری کردنی شوێنکات بێت، بەوپێیەش ناونان نییەو لە بەردەم هەموو دەلالەت و لێکدانەوەیەکدا کراوەیەو هەمووی گێڕانەوەیە لەناو گێڕانەوەدا و یەکێکی تر لەدێیک دەبێت و هەموو گێڕانەوەیەک لەناو گێڕانەوەیەکی تردا ئەمەش لەگەڵ جیهانی دەرەوە دەست پێدەکات و لەگەڵ رۆماندا کۆتێیی دێت ،بەڵام لە رۆمانی گێڕانەوەی تەقلیدیدا رۆمانnوس لەگەڵ جیهانی وێنابوو گەشەدەکات کە بە جیهانی دەرەکی و بە زنجیرەی لێکچوو دەگات ،وەک ئەوەی کە رۆمانی جیهانی لێی دەرباز بوو، لێرەش لە منی داوا دەکەنەوە (خاڵێ لێک چوو لە نێوانیاندا نییە) ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ میلان کۆندێرا یاخود سەیری (خۆشەویستی لە زەمەنی کولێرا) لای مارکیز بکەین، هەموو گێڕانەوەیەک دەگۆڕدرێتە سەرگێڕانەوەیەکی تر (کارلۆمیلید مارا) هەموو رووداوێك لە دیاریکردنی شتەکانەوە کۆدەکاتەوە ،وەکو ئەندازیارێکی رۆشنبیری زانستیش ناسراوە، یاخود (روبرت موسل) لە رۆمانی (مرۆڤی بێ سیما)دا یان (وەرزی کۆچ بۆ باکور) و (تریستام شاندی) کە رۆمانی (لورنس ستیرنر) کە لای کالفینۆ سەرکێشییە لە نوسینی رۆماندا، نەکو ئەو رۆمانانەی کە سەرکێشی دەگێڕنەوە. ئەوەتا کالفینۆ دەڵێ (جۆرێکە لە وتارێکی خەیاڵئامێز و نوسراوە، ئەو رۆمانە چیرۆکێکە کە جۆرێکە لە دەستەمۆکردن و ماڵێ کردنی درۆکان. هەر بۆیە دەبینین زیاد لە ئاستێك پێك هاتووە و ا لە کۆمەڵی چیرۆکی نیوە تەواوبوو پێك هاتووە، کە هەریەکێکیان پێویستی بەوی دییە تاوەکو تەواو بێت، وەک چۆن بوکەشوشەی رووسی بوکی بچوکتر و بچوکتری لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە[٤] لا١٢). ئەگەر رۆمانی کۆن گێڕانەوەی سەرکێشی بووبێت ،ئەوا رۆمانی نوێ سەرکێشییە. رۆمانەکانی (طیب صالح) ئاماژەی دێیەکە بەبێ دیاریکردن ،تێیبەتمەندی و وەسفی تێیدا هاوکێشەی

گشتگیری ناونانه. بەو پێیەش لە (وەرزی کۆچ بەرەو باکور) تێپەڕی دیاریکردنی واقیعی کردووە بۆ ڕەمزێکی گشتی ،ئەم ڕەمزانە لەم ڕۆمانەدا کاری زۆر گەورەیان هەیە، بەڵام جێی داخەکەم تا زۆر تیشک نەخراوەتە سەریان، تەنانەت هۆشیاری ڕۆمانەکانی تریشم نییە کە ڕەخنەگری ڕۆشنبیر (سیامەند هادی) ئاماژەی پێکردووە، لە تێکشکاندنی کرنۆلۆژیا تییێدا (هەر بۆیە جێکات لەم ڕۆمانەدا بەشێوەیەکی وا ئاوێتە کراوە ،کە خوێنەری ئاسێیی وەکو هەڵەی هونەری تێدەگات و ناتوانێت بە سانێیی کرنۆلۆژیای دەقەکە مۆنتاژ بکات[٥]) دوای ئەویش کاك (سابیر ڕەشید) لە (فەلسەفەی مەرگ لە ڕۆمانی مۆسیقای مەرگی ناوەختە)دا ئاماژەی پێکردووە،و بەڵام ئەم برادەرە تەنانەت بوختانێکیش بە دەمی منەوە دەکات ،چونکە هوشیاری بواری ڕۆمانی من نییە ئەوەتا هەر لە سەرەتاوە دەڵێ (وەکو خۆی دەڵێ چوارەم ڕۆمانی چاپکراویەتی) من هەرگیز شتی وام نەگوتووە، چونکە تەنیا سێ ڕۆمانی چاپکراوم هەیە. ئەم هەڵانە لە ناونیشانی باسەکەیەوەیەتی (تێك شکاندنی مێژوو) تەنیا ڕەمزێك چییە یا تاریکییەك نەدۆزراوەتەوە بزانین بۆچی لە مێژوو لێیداوەو بە ئەندێشەکەر دەگات و ڕووداوە مێژوویەکانی پێدەگۆڕێت ؟ کە ئەوە سیفەتی ڕۆمانەکەیە، گۆڕینی ڕووداوەکان لە ڕێگەی زمانی داهێنانەوەیە نەکو لە قاڵبدانی ڕێزمانی،چونکە بۆ مەجالی مێژووی دەگوێزرێتەوە کە پاش پێکدادان و دێیەلۆژو دوێیی بەرزبوونەوەی زمانی ئەندێشەکەر بە مێژووەوە ،تا ئەو ئاستە هونەرییەی دەگوێزرێتەوە لە ناوچەو شارو دێو جیهان و دەسەلات. بەم پێیەش ڕەمزێکی گەردوونی هەیە، چونکە میتامێژوو کار بۆ پشتی زەمەنی ڕووداوەکان دەکات و ناوەندێك بۆ ئامادەکردنی مانا بەرجەستە دەکات ،ئەو مانێیەش لەگەڵ خەیاڵی مرۆڤدێیەو ڕەمزەکان پەرەپێدەدات. هێیدگەر بەم جۆرە ئەو ئامادەگییە باس دەکات (با ئێمە ئەم ئامادەگییە بخەینە سەر ئەستۆی مێژوو، ئەوا پێویستە لەسەرمان لەو بۆچوونە مێژووییە جیابینەوە، واتە ئەو مێژووەی کە تاکو ئێستاش باوەو بڵاوە، چونکە بۆچوونی مێژوویی وا لە مێژوو دەکات بەوەی کە بابەتێکە و ڕووداوێك تییێدا ڕوودەدات و لەهەمان کاتدا بەشێك لە نیشانەزەدە گۆڕاوەکەی بەسەردەچێت، دەگوزەرێت[٦] لا٩٨). بەم پێیەش ڕۆمانەکە دەرگێیە لەسەر شێوازەکانی پرسیارە جۆراوجۆرەکانی وجودی و سیاسی و شارستانی، مرۆڤێیەتی کە چۆن سەیری جیهان بکەین و تییێدا بژین و چۆن ڕۆحمان لە تێکشکاندن بپارێزین تییێدا، بەم پێیەش لە بەردەم لێکدانەوەو هەموو دەڵالەتێکدا کراوەیەو،لە ڕێی ئەو ئاڵۆگۆڕەی لە سیستەمی گێڕانەوەدا هەیەو لە داهێنانی ئەو چیرۆکانەی لەناو چیرۆکدا هەیە، بەوپێیەش تێپەڕی ڕوانینی واقیعی کردووەو واقیعێکی نوێی دامەزراندووە، کە ئەویش واقیعی ڕۆماننوسە. نە ئەو واقیعەیە کە وەکو ڕێگای هاتووچۆ بن و پێچەوانەی ئەویش بێ. هەر لەو ڕوانگەیەشەوە ڕەوتێکی گەردوونی هەیەو لە سەر ئەوان و جیهان دەکرێتەوە. حەقیقەت لێرەدا تەنیا وەهمێك، ئەوەش ئاماژەو خوازراوی کۆنی هەڵتەکاندووە بۆ وەهم ،نەکو ئەو قسە بازاڕیانەی لە خۆوە لەو باسەدا ڕیزبووە، ئەمەش (بە تەنها مانای هۆشیارییەکی هەڵە ناگەیەنێت وەك ئێیدۆلۆژیا لای مارکس هەیەتی، چونکە یۆتۆپیاشی هەڵگرتووە[٧] لا٧٩) بەم جۆرەش لەو باسەدا ئاماژەی هەڵەو ناکۆك بە ڕووداوی واقیعی کراوە، بەبێ تێگەیشتن لە چەمکی واقیعی. ئەوەتا لە دووڕادا تووشی حاڵەتێکی وا هاتووە، کە لە ڕۆشنبیریدا ئاڵۆزو بەرپرسیاری هەیە (ڕۆمانێکە

ئەوەندەی باسی واقیعی راستەقینە دەکات کەمتر لەوە باسی ئەو خەیاڵە زاڵ بووەی کفن پۆش دەوری تێدا دەبینێت دەکات) سەیربکەن لە هەڵەی یەکەمیشدا دەڵێ (یەکەمیان کفن پۆش و دووەمیان ئەوەیە کە کفن پۆش لە هەر رووداوێکدا لێی دەدوێت) سەیری ئەو دوو رێیە بکەن، تەنیا ئەوە بابەتێکی تێیبەتی دەوێت. با لێرەشدا بگەڕێینەوە سەر واقیعیەتەکەی. دوای ئەوە دەڵێ (خەیاڵی میتافیزیکی، تێک شکاندنی مێژوو، گێڕانەوەی روداووی خەیاڵی لە واقیعی کفن پۆشدا، بێ سەروبەرەیی شۆڕش دژی دەسەڵات، هەڵاتنی مرۆڤەکان رووەو مەرگی نەبوو، نائومێدی، گومان، داهێنان، خەونی تەکنەلۆجیا.. هتد) پێکهاتەی ناوەرۆکی رۆمانەکەیە..) دوای ئەوەش دەڵێ (هەموو بیرێکی پیتراو و ئاوێنەی راستیەکان نییە، بەو مانێیەی وێنەی واقیع فۆتۆبکاتەوە بەڵکو تۆڕی وەرچەرخاندنە) سەیری ئەو ناکۆکی و جیاوازیانە بکەن، ئەم هەر رستەیەو لە شرێنێکەوە وەرگیراوە و لێرەدا پێکەوە لکاندون کە ئەم رێیەیان فتواکەی دواتر بەتاڵ دەکاتەوە. ئەگەر باسی واقیعیەتی رۆمانێك دەکەیت، چۆن ئاستەکانی واقیعی دیاری ناکرێت ئێیا واقعی مێژوویی یان نوێ یان سۆشیالیزمی یان واقیعیەتێکی بێ سنوور یان رۆمانی نوێ.. هتد ئەدەبی واقیعی نوسینی وێنەگرتنێکی راست و دروستە بۆ واقیع، ئەم رۆمانەش تێپەڕی واقیعی کردووە، چونکە وێنەی دوێنێ لێرەدا نوقمی خراپەیە، ئەمڕۆش دیسان هەڵگری خراپەکانی تری. هەندێکیان توندترن لە خراپەکانی دوێنێ، دەبوو بەراوردی ئاماژە نهێنییەکانی مێژووی گێڕانەوەی بکردێیە. زەمەنی چیرۆك لە یەکەمدا لە زەمەنی مادەی حیکێییەوە دەردەکەوێت، هەموو مادەیەکی حیکێییش سەرەتاو کۆتێیی هەیە، ئەمەش لە زەمەنەوە دەردێت. ئیتر ئەم زەمەنە لە رووی کرۆنۆلۆژی و مێژووییەوە تۆمارکراوە یان ناو مەبەست لە زەمەنی گوتارو بەرزبوونەوەی زەمەنی چیرۆك و دابڕانەکانیەتی. مێژووش لای من هەمان ناونانە کە لای هێیدگەر هەیە لای ئەو مرۆڤێیەتی گەیشتۆتە ئەو رووداوانەی کە لە مێژووی بەشەریدا وێنەیان نەبووە، مرۆڤێیەتی پێێ ناوەتە چەرخێك کە بە چەرخی نەوەوی ناوی دەرچووە. بەو جۆرەش سەیری کۆلارەکانی کفن پۆشی بکردێیە و لەو مەتەڵ و مەتەڵ کارییەی رەخنە دەربچونێیە. بەڵام خاکەنازی رەخنە گەیشتۆتە ئەوەی مەرگەکانیش ناودەنێ بە مەرگی سەرشۆڕی! دەبوو لێرەشدا ئاماژەو نهێنییەکانی مەرگی بزانیێیە. کەسێیەتی پالۆمار لە رۆمانی (السید پالومار)دا کە سروشتی خواردنی گۆشتی مرۆڤێیەتییە، کە ئەمەیش لای کالفینۆ هەڵسوکەوتێکی گەردوونییە لە پەیوەندییە مرۆڤێیەتیەکان و، بە حاڵەتێکی رۆحی نامۆو هەوڵێکی جوانی دەزانێت. لێرەش بەو مەرگەساتەی کە رەمزە بۆ هەموو ژان و ئازارێکی جیهان بە مەرگی سەرشۆڕی دەزانێت. سەیرە بە راستی ئەمانە کارەساتی هەرە گەورەی رۆشنبیری کوردین، ئەوەتا تەنانەت مەتەڵێك لەسەر کۆچ دادەهێنێ کە بە پێچەوانەی بەهاکانی سیستەمی ئاماژەیە (بۆچی گەلێك ئەگەر مافی سەربەخۆیی بەدەست نەهێنابێت لە تێکۆشان کۆڵ بدات) ئەم مەتەڵانە زۆر سەیرن، دیارە دەیەوێت رووداوێکی سیاسی پاش گرتنی ئەمنە سوتاوەکە تەپڵی سەرکەوتن لێبدرێت، چونکە ئەو نازانێ رەمزو هێما چییە، کاری من بۆتە وەڵامدانەوەی (لای من و کەواتەو یەعنی و بەمجۆرە) کە ئیتر سیستەمی ئاماژە هیچ بونێکی بۆ دەق و رەخنە نییە. ئەو قسەیەش لە کۆچەوە دەکات وا دەزانێت کۆچ رەمزی هەرەسهێنانە، من تەنیا لێرەدا

ڕەمزی وەڵامەکانیان نیشـان دەدەم، کـە بـە ڕەمـزی تیژڕەوی، دەژمێردرێن. تەنانەت تیژڕەویش بۆ فیکر، ئەمەش تەقنییەی چەرخی تیژڕەوییـە کـە زانیـاری و بەیـەک گەیشـتن و کردنەوەیـەتی. جگـە لـەوە دەیـان هێمای ئاسۆیی هەیە لێرەدا کە ئەو هیچیانی نەدیوە، جگـە لـەوەش دوای کـۆچ هەمیشـە گەڕانـەوە هەیـە. گوندەکەش ڕەمزی هەیـە.. خۆشەویستی و مـەرگ.. هەواڵەکانی ناوخۆ ڕادیۆکە، تەونەکەی میمکە، بـەفر، بـاران، کـۆلارە وەهمییـەکان، ئەشـکەوت، کوشـتنی سەرۆکەکانی جیهان، گواسـتنەوەی جیـهان، نـەفخ و کاردانەوەی، جگە لەوانەش بەدەیەها شتی تـر هەیـە ،کە دەبوو بیزانیێیـە ئەوسـا دەردەکـەوت (میللـەتێك کۆڵـی لـە شـۆڕش داوە یـا نـا) یـان سیسـتەم و بونیادەکانی دەسەڵات و کۆمەڵی دەزانی. خاکـەنازی ڕەخنـە بەوەشـەوە نەوەسـتاوە ،هـاتووە باسـی فەلسـەفەی مـەرگ دەکـات. (فەلسـەفەی مـەرگ و تۆقـاندن نـەك تـەنیا لـە مرۆڤـەکان و گیاندارەکـاندا زاڵێتـی خـۆی سـەپاندووە، تەنانـەت زەویـش، هەسارەکانیش لـەو نەفخـە ترساوە کـە کفـن پـۆش گوێـی پێـی دەزرنگێتـەوە) بـەڵێ ئـەوە خاڵـێ سـەرکەوتنی ڕۆمانەکەیـە کـە ئەمـەش لـە بـواری ڕۆشـنبیری جیـهانیدا قورسـێیەکی گـەورەی هەیـە. بـەڵام لای ئێمـە دەبنـە ڕەخنـە بـا ئـەو دەرگێیـە لـە هێیدگـەڕەوە بکەینـەوە (بـەڵی هیـچ گومانمـان نییـە لەوەی کە هەموو شتێك بۆمان دەگەڕێتەوە، بۆ ئێمـە بـە تێیبـەتی، هـەروەها شـتەکانی دیکـەش، لەوانـە بەتێیبـەتی توانێیمـان لـە تێڕامـان، واتـا ئەگـەر تواناداربین یان بەوەی کە دەمانەوێت لەپاش هـەموو ئـەو شـتانەی کـەوا ڕووی داوە بتوانـین تێڕامـان بکەین[8] لا ١٣٢). هـەر ڕاڕێییـە کـە مـرۆڤ دەخاتـە چاوگەی ڕووبەڕوو، لە بەردەم بونێکی سەربەستدا لە پێناوی بونێکی بنەڕەتدا .ڕاڕێیی لای هێیدگەر واتـای ترسە لە بوون بەوێنەیەکی گشتی ، مرۆڤ لە حاڵەتی ڕاڕێیـدا هۆشمـەندە بـەوەی لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی کۆتێییدا دەژی و ترسی لەو مەترسییانە هەیە کـە لـە چرکەیەکدا لە نەبووندا خەفەی دەکات. هەر بۆیەش ڕەخنەی لەسەر ڕاڕێیی بـە جۆرێکـە کـە لـە مـەنتیقی ڕۆشـنبیری لێیـداوە (ئەگـەر بـە تێکـڕای ڕۆمانەکـەدا گـوزەر بکـەی ژمـارەی گومانـەکانی لـە ژمـارەی ئـەو گومانانەی لە فەلسەفەکەی نیتشەو هێیدگەرو فۆکۆدا دەبینێرێتـەوە زیـاترە) ئەمـەش بـەجێدەهێڵێ بـۆ فەیلەسوفەکان. ئیتر خوێندنەوەی ئەو مەتەڵـە لـەناو مەتەڵدا مەتەڵێك دادەهێنـێ و بـەبێ شـیکار دەچێتـە سەر یەکێکی تر. بەبێ ئـەوەی بزانێت گومـان چییـە یاخود ئیشـکردنی لـە دەقـدا. کـە لێرەدا لـە ڕێگـەی گومانەوە دیسان تێپـەڕی ڕۆمـانی تـەقلیدی کـردووە ،چونکە ڕۆمانی کـۆن توانـای خوڵقاندنی پرسـیاریان نییە. لێرەشـدا لـە ڕێگـەی گومـان و موعاناتـەکانی و باسکردنی چرکـەی بوونـی حـەقیقی بـۆ دەرکەوتـەی پانتێییـەکانی ژیـان لـە دووبـارە کردنـەوەی هەڵوەشـاندن (تفکیـك) و بینـای یاسـاکان ،ئـەم هەڵوەشاندنەوەش لەگەڵ بەکارهێنانی ئەندێشەکەردا کـە تـەنیا ئـەرکی گواسـتنەوەی دەرکەوتـەی واقیعییـەتی ڕۆژانـە نییـە، بـەڵکو خـەیاڵی نوسـەر دەیکاتە دەورێکی تەقینـەوە. یەکـەم لـە دەسکەوتە واقیعییەکـە دەردەچێـت و ،لـە زمـانی چـیرۆکدا بەرجەستە دەبێتـەوە بـە پەرەسـەندن و زیـادکردنی واتاکە. ئاوازی توخمەکان بەو مانێیەی کـە ڕۆمانەکـە چـۆن دەیـەوێت گـۆڕان بکات.. ئامـاژەی گێڕانـەوە لێرەدا لەسـەر ئاسـتی زەمەنـە.. گوتـەی زەمـەن کۆمـەڵێك بـواری هەیـە کـە هـەر لێیەنـەی دەلالـەتی تێیبـەتی هەیـە لـە پانتێییـە فیکـری و تیۆریـەکاندا، هـەروەکو لای سوسـێر لـە شـیکردنەوەی تـەقلیدی زەمـەن لـە زمـاندا سروشـتی سـودوەرگرتنی لـە

شیکردنەوەی گوتارە بەتێیبەتی لەگەڵ بویطیقا لەو گۆشەیەوە چارەسەری شێوازە گێڕانەوەییەکان دەکات بە سیفەتێکی تێیبەتی ،ئەمەش لە زەمەنی زارەوانیدا بەهۆی زمانەوە ئەزموونی مرۆڤێیەتی دەکرێت بۆ زەمەنی ئامادە لە سەرچاوەی زەمەنەوە، زەمەنی ئامادەش لە رێگەی بەیەک گەیشتنی نێوان رووداوو گوتاردا تۆمار دەبێت و، دوو زەمەنەکەی تریش پەیوەندییان بە ئامادەییەوە هەیە ،کە پەیوەندی زەمەن بە کردارو بەدەستورە فەلسەفیەکانەوە. لێرەشدا بەهۆی جیانەکردنەوەی ئاستەکانی زەمەن و جگە لەوەش لە زەمەنی تەقلیدی، بەو جۆرەش زوڵمێك لەم رۆمانە کراوە کە تا ئێستا لە هیچ دەقێك نەکراوە.. ئەوەتا جارێکیتر لە پەلامارێکدا دەڵێ (کفن پۆش وەکو پاڵەوان خۆی دەردەخات ئەوەندەش رۆژانە وەکو پەیامنێرێك رووداوەکان دەخولقێنێت و ئێوارە بەرەو گۆڕستانەکە دەگەڕێتەوەو سبەینێ بەرەو شار مل دەنێ و هەمان کار دوبارە دەکاتەوە) ئەمە ئیتر یان ئەوەیە پەڕە پەڕە چاوی بەو رۆمانەدا گێڕاوە، یان مانای و تێنەگەیشتنی تەنیا خوێنەرێکە نەك رەخنەگر. ئەمەش لەسەر ئاستی نوسەرو گێڕەوەوە پەیوەندی گێڕانەوە بە چیرۆك و دوێیی لەسەر ئاستی داڕشتنەوەی گێڕانەوەیە، ئەوسا سەرلەنوێ دەگەڕێینەوە بۆ دەق، لێرەشدا زەمەنی گوتار لە زەمەنی چیرۆك دەستنیشان کردنی ئاستەکانی زەمەن. کفن پۆش لە زەمەنی رۆماندا بۆ هیچ شوێنێك نەچووە ،بەڵکو لە چەقی گوندەکەوە رووداوەکان دەگەڕێتەوە لەوێوە بۆ شار، نەکو بە گوتەی(ئەو) گێڕانەوەی شار لە زەمەنی چیرۆکدا دەگێڕدرێتەوە ئەو چونانەیە بۆ شار؟! نەدەبوو چونێك دەستنیشان بکات بزانێت چییە؟ ئەو چوونانەی شار بە هەڵە تێگەیشتنەلەو رۆمانەو لە سیستەمی گێڕانەوەو لە دیاری کردن و جیاکردنەوەی زەمەن .سەرسوڕمان لێرەوەیە ناونیشانێکی قەبەو شارەزا نەبوون لە خوێندنەوە. لێرەدا لە زەمەنی گێڕانەوەدا لە رابوردوو دەگاتە زەمەنی ئامادە. ئەم هەڵانە ئەوەندە گەورەن جێگەی قبوڵ نین. ئەوەتا جارێکی تر فتوا. دەدات (کەواتە شۆڕشگێڕیەکەی هاوار تەنیا بۆ خۆدەرخستنە و هیچی تر) ئێمە تەنیا وەڵامی (کەواتەو یەعنی ولای من) و ئەو شتانە دەدەینەوە، چونکە سیستەمی ئاماژە پشیلەی جەنگ خواردویەتی دەبوو بمانزانییە بەکام هێمێیە کەواتەیە، کە لەلای بارت سێ ئاستی هەیە (هێمای رەمزی، هێمای گۆشەیی، هێمای ئاسۆیی) لای ئەو تەنیا لەبەرئەوەی هاوار ئەو رۆژە بۆینباخێکی سووری ئەمەریکی دەبەستێت، بۆیە کەواتە شۆڕشگێڕیەکەی بۆ خۆدەرخستنە، نمونە لێرەدا زۆرە زۆر ئەمە رەوێیە شۆشگێڕ هیچ کاڵاو پێداویستییەکی ئەمەریکی بەکارنەهێنێت. کە جگە لەو بۆینباخەش هیچ هۆکارێکی تر نییە بۆ دڵسۆزی هاوار، کە بەرپرسی خەتی نهێنی ناوشارە. تەنیا ئەوە نەبێ ئەو رۆژە بە جۆرێك ئامادەیە بۆ مەرگ.. لە سەداسەد بۆ کارێك چووە کە تێێیدا دەکوژرێت.. هەر بەم پێوەرەش ،کۆچ دەبەستێتەوە بە کوردو کوردستانەوە من لە ساڵی ١٩٩٢دا بە لێکۆڵینەوەی (ئارۆکیۆڵۆژیای شانۆی کوردی) ئەوانەم نوسیوەو بڵاوم کردونەتەوە، بەڵام ئەو هەر حەزی بە پەڕە رەشکردنەوە بووە، هەتا لاپەڕەیەکی رۆژنامەی بۆ دیاری بکرێت ،چونکە ئەوانە هەرگیز بابەتی رەخنە نین. زۆر بە هەڵە لە کۆچ گەیشتووە، کۆچکەرەکە دەڵێ (ئێمە نیشتمانمان نییە) ئەویش دەڵێ (ئێمە کوردستانمان هەیە) سەیری کار گەیشتۆتە چی؟ من ناحەقی ئەو ناگرم لێرەدا ،بەڵکوباری رۆژنامەوانی کوردی ئەو بەرپرسییەی دەکەوێتە ئەستۆ.. زۆر لەو

شیکارییه ناکەم ،تەنیا ئـەوەندە هەیـە کـۆچ رەمـزی دەروونـی مرۆڤێیەتییـە، بڕیـارو لـە ناوچوونیـەتی. لەگەڵ ئەوەشدا دوای کۆچ گەڕانەوە هەیە، بۆ کۆچ لە رۆمـانی عـەرەبیدا کـە ئـەوان نیشـتمانی خۆشـیان ئـازادەو لـەژێر دەسـەلاتی خۆشـیاندێیە،و چـەندەها رەخنەگریان لەسـەر کۆچیـان نوسـیوەو بـە خـاڵێکی سـەرکەوتنی رۆمانـەکانیان دانـاون؟ لای سـەلمان روشدی (چونکە کۆچکردووەکـانیش دەگوێزنـەوە بـە جەستە لە شـوێنێك بـۆ شـوێنێکی دی دەگوێزنـەوە، لەبەرئەوە ئەو بیرۆکەیە لەلام پێکهات کە کۆچکـردن مانای مرۆڤ گۆڕین بۆ شت، بۆ کەسانی جیـاواز یـان وەرگێڕدراو دەگەیەنێت، دەبنە کەسـانێك بـۆ بـارێکی (مەجان)ی گۆڕاون. شێوازی جیهانبینی رەسەنیان بۆ بینینێکی مەجازی وێنەی گۆڕاو.. ۹)

بەڵام رۆمانەکـەی مـن بـە خاکـەناز کوتراوەتـەوە، ئـەوەتا جوانـترین وێنـەی دەسـتپێکی رۆمانەکـەی دەرهێنـاوە (ئێستا جیهان وێنـەی بێشکەیەکی بـەر (بـا) یـە، پێدەچێت ساتەوەختی تەقینـەوە بێـت و گەردوون بە (با)ی نەفخی سورەوە کۆتێیی پێ بێت، وێنەکانی با شـێوەی هەناسـەی دوا چرکـەی ژیانیـان تێدێیە. پێدەچێت ئەم ساتە کۆتێیی بوون بێـت ل۳) لـەو مەتەڵـە رەخنەیـەدا دەڵـێ (نیـوەی یەکـەمی پەرەگرافەکـەو نیـوەی کۆتێیـی هـەمان مانـای دەبەخشێت) ئەمە ئەگەر وەربگێڕدرێتە سـەر هـەموو زمانـەکانی جیـهان ،ئـەوا زەلیلـی رۆشـنبیری ئێمـە دەردەکـەوێت لـەچی ئاسـتێکدێیە. بـا بزانـین تـا ئێستاش تێگەیشتنی رەخنـەی کوردی لـە ئاسـتی دووبارەبوونەوە (تکرار) یـان هـاوواتێیی دێیـە، ئـەوە (فـرج یاسـین) ئـەو لێکچـوون و دووبارەبونەوانـە لـە چیرۆکی عێراقیدا لە حاڵەتی دووبارە بوونەوەدا لەزۆر بوونی وێنەدا دەبینێتەوە، کە زۆر لەوانـە پـەیوەندی نەحوی یان دووبارەبوونەوە لە بێژەدا (لفظ) یـان لـە دووبارەبوونەوەی رستەی ناو یان کـردا .لێرەشـدا تەنیا نمونەیەك لەو نمونانەی دەهێنینـەوە (بـابل کـە داگیر کرا خۆر بوو، نەوەك عەرشێك بێت لـە ئـاڵتون، گزنگێکـی خوێنـاوی نـەوەك عەرشـێك بێـت لـە مـس، بەیانی بوو نەك عەرشـێك بێـت لـە زیـوو(۱۰) لا ۱۰۸) هەر بەم پێیەش لەلای جاك دیریـدا چـەند چـەمکێکی هەیە ،وەکو (الشبه) پێشوبهێنراو ئەمـەش لـە زمـانی ئـەدەبیدا پێشکەشـکردنی وێنەیەکـە لـە شـتێك ،کـە خـودی ئـەو شـتە نییـە، بـەڵکو وەهمەکەیـەتی، خەیاڵیـەتی، سـێبەرەکەیەتی، هاوشـێوەکەیەتی، ۱- (اعـاده الوسـم) دووبارەکردنـەوەی نیشـانە هـەموو دەقێك لە روانینی دیریداوە نیشانە، یان ئامـاژەی لـە زنجیرەیەك جێگر، کە ئەوە وەهمی دەکـات ، هـەموو چارەسـەرێك یـان خوێندنەوەیـەك بـە نیشـانەکردنی دەقەکـە دێت ،بـە فرمێسـکێکی نـوێ نیشـانەکەی دووبارە دەکاتەوە چنینی حەشاردراوە تیادا دەنوێت بەڵام بە مانێیەکی تر. (۳) (الفارماکون) ئـەمیش لـە یەك کاتدا دەڵاڵەت لەسەر دەرمان و ژەهر یان ئـازارو چارەسـەر.. هتد چونکە وشـە لـە خـودی خۆیـدا ئاماژەیە لەسەر تێبینییەك یان تێڕوانینێك بـۆ شـتێك یـان ئامادەیـە (٤) (الزیـادە) ئەمـەش لـەو راڕێییـە (توتر)ەدا دەیبینێتەوە، کە لە نوسینی رۆسۆدا هەیە .ئەمەش زیادە بۆ شتێك مانای تـەواوکردنی و کـەماڵ کردنـی. هـەر بـەم جۆرەش دیریدا دەگەڕێتـەوە بـۆ ئیفلاتـون و لـەوەوە رێچکـەی دووبـارە بوونـەوەمان نیشان دەدات ،ئەگەر زیادەڕەویمان کرد لە ئاخافتندا بـەهۆی پاڵنـەری هـێزی یاریـەوە واتـە ئەگـەر چەمکێکمان لەبارەی ئیفلاتونەوە زانی (ئیفلاتـون لـە (فیـدرۆس)دا وتویـەتی :نوسـین هیچـی دیکـەی لەبـەردەمدا نییـە، جگـە لـەوەی دووبارەبێتـەوە و (دووبارەش دەبێتەوە) هەمیشە نوسین مانای شتەکە خۆی دەگەیەنێت، نوسـین کێنێیەیـە بـۆ گەمـە[11] لا

١٥) هەر بۆیەش دیریدا قوڵتر بۆی دەڕوات، لای وێیە نوسەر پێویستی بە کوشتنی باوك نییە، چونکە لە بنەڕەتدا لە نوسیندا بێ باوکە (هەمیشە ئامادەبوونی باوك ئامادەبوونێکە وەك تارمێیی (شبح)، ئەو واتە باوك بەبێ غائب بوون ئامادەگی هەیە، وەك چۆن بێ دووبارەبوونەوەو کۆپی بوون بنچینەیەکی نییە، بەبێ (دەق) سەرەتاو دەستپێکردنی نییە..[١٢] لا٧) دوای ئەمەش هاتووە چەند رستەیەکی دەرهێناوە ،کە لە زۆریاندا بە هەڵە زۆر لە وشەکانی نوسیوەتەوە هەتا خەڵکی بە چاوی کەم و کورتی لە رۆمانەکە بڕوانن، کە ئەوە زۆر دوورە لە ڕەوتی رەخنەگرەوە . زۆر رستەی قرتاندووەو پاشەوپێشی کردووە، وەکو لەم پانۆرامێیەی دەشتەکەدا کردوویەتی (لەگەڵ دووکەڵی ئاگرەکەدا بە قوڵی لە تونێلە قوڵەکانی گەردوونی دەڕوانی، بەو روانینە شەوە دواپاروی خستە دەمیەوەو بەبێ ئارامی بۆ دەشتەکە کەوتەڕێ، دەشتەکە پانتێییەکی بەرینی لە خەیاڵی کفن پۆشدا هەبوو. ڕێگا باریك و جادە گشتییەکەی کە بەرەو رووبەری شارەکە دەیڕوانی.. لەو ساتەشدا بەو شاڵاوەوە لە مادەو گیاندارو. پاش ئەوەی لە زەریای گومان و ڕاڕێییەکەیدا نەگەیشتە هیچ ئەنجامێك ئەژنۆی کەوتە لەرزین و لەناو زرنگەی دەیەها دەنگی بەهێزدا بۆ ناو دێ گەڕێیەوە ل١٠) بەراورد بکەن لەگەڵ ڕۆمانەکەدا (دەشتەکە پانتێییەکی بەرینی لە خەیاڵی کفن پۆشدا هەبوو، هەمیشە وێنەکانی ناو بای تیادا دەدیەوە. هەرکاتێك بە پێڵاوە قورسەکانی پووش و پەڵاشی دەکوتیەوە، وێیدەزانی جەستە کەوتوەکانی (با) سەرلەنوێ زیندوو دەبنەوە.. ڕێگا باریك و جادە گشتییەکەی کە بەرەو رووبەری شارەکە دەیڕوانی ،لەلای ببووە جۆلانەی پەیوەندییەکانی مەرگ، وێیدەزانی لەوێوە بانگەوازی مەرگی جیهان دەکرێت و هەمیشە بۆ بای نەفخ لەدەشتەکەدا گوێی هەڵدەخست. لەو ساتەشدا بەو شاڵاوەوە لە مادەو گیاندارو بێ گیان و مەل و باڵندە وردە بووەوە پاش ئەوەی لە زەریای گومان و ڕاڕێییەکەیدا نەگەیشتە هیچ ئەنجامێك، ئەژنۆی کەوتە لەرزین لەناو زرنگەی دەیەها دەنگی بەهێزدا بۆ ناو دێ گەڕێیەوە.. ل ١٠) بەراورد بکەن بزانن چی لەو دیمەنە کردووە و چۆن بە ئارەزووی خۆی رستەکانی قرتاندووە. ئەوەش کە ئەو کردوێتییە رەخنە ،پەیوەندی بە خەیاڵی ئەندێشەکەرو وێنەو یادگاریەکانییەوە هەیە تێێیدا و بە جوگرافیای ناوچەکەش کە دەشتەکە ڕەمزێکی گەورەی هەیە. ڕۆمان پێکهاتەکانی بریتییە لەو شتانە، ئەی بۆ لە چیرۆکێکی سێ پەڕەیی جیادەکرێتەوە؟ لێرەدا ئەوەشی کردۆتە بیانوی گومان و ڕاڕێیی، کە ئەگەر نەگبەتی ڕۆشنبیری کورد نەبێ ئەو خاڵانەی کە ئەو کردونیەتە رەخنە، هەمووی مێیەی ئیشکردنی جدی و نوێی ڕۆمانە و ئەم ڕۆمانەش تێپەڕی ڕۆمانی تەقلیدی کردووە، بەوەی لە ڕێی ڕاڕێیی (قلق) واتێیەکی مەجازی لەسەر خەون و ئامانجەکانمان بەرجەستە دەکات. کاراکتەری ڕۆمانەکە لەو جیهانەوە دەردێت و لێرەدا یۆتۆبیا ناواقیعی دەگرێت شێوازێك بۆ خەون و ئامادەبوونەوەی بەهاکان لەدوای شتەکانەوە نهێنییان لە نامۆبووندا دەردەکەوێت. لێرەشەوە واتای نهێنی ژیان دەردەکەوێت، هەموو ئەو مردن و ژیانەوەیە بە تەریب بونی واقیع و ئەفسانەیە نیشتمانی گەردوونی و ژیانەکەی هەڵگری کۆمەڵێك مەدلول یان گۆڕینی دەقە نەك بۆ واقیعیەتی مێژوویی بەڵکو بۆ واقیعێکی ئەنتروبولۆژی . مردن نەخشەی کۆتێییەکی ئەبەدییەت یان زەمەنێکی کۆتێیی یان (لازمن)ە لەدەرەوەی زەمەنی فیزیێیی، لێرەدا بەیەك گەیشتن لە نێوان (ڕابوود و ئێستا و داهاتوو)دا هەمیشەیی

دیاری دەدات . تێڕامان هەمیشە ماهییەتی زەمەنی هاوچەرخە، کە فیکر و پراکتیك کردنی دەخاتە مەجالێکی زیندووەوە ،بۆ هێزی ناوەڕۆکی تێیبەت لەم چەرخەدا . لای هێیدگەر تێڕامان لە بۆشێییدا نابارێت، لەبەرئەوەی پرسیاری بوونی پێیە، بەڵام ئەمە لای ئێمە دەبێتە مێیەی ڕەخنە ! هەر بۆیەش لەو مەتەڵانەدا هاتۆتە سەر ڕێزمانی کوردی (لەڕووی زمانەوانییەوە،هیچ دیاردەیەکی خاڵبەندی تیا نابینرێت و شیکاری گوزەر کردنی ڕستەکان بەڕێزمانی کوردیدا تێپەڕ ناکات)...

بە ڕاستی کێشەی من ئەوەیە بەڕەنجی خۆم بوومەتە نووسەرو نوسینەکانم لەسەر ئەرکی خۆم چاپ دەکەم، چاپی ئەم ڕۆمانەش زۆر بارێکی سەختی گرت ،بەڕاستی دەمزانی هەڵەی چاپی زۆر تێدێیە و شتێتر، بەڵام ویستمان ئەو ژمارەیە بڵاوبکەیتەوە، دوێیی لە ژمارەکانی تردا هەڵەکان چاك بکەم و خاڵبەندیشی بکەم، چونکە کۆمپیوتەر خاڵبەندی ناکات. پێویستە دوێیی ئەو کەسە خۆی بیکات، بەهۆی سیحری بچوکی فۆنتەکانەوەو چڕی ڕستەکان لە لاپەڕەکانداو چڕی ڕۆمانەکەش ،بەڕاستی هەڵەیەکی زۆری تێکەوتبوو، زۆریانم بەقەڵەم چاك کردبوو، لەسەر نسخە چاپکراوەکان ،دوێیش لەسەر نسخە ئەصلەکە هەڵەکانم ڕاست کردەوە ،کە دوای ئەم ژمارانە پەنجا دانەی تەرم لێڕاکێشاوە . لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانە گرنگ نین خۆزگە کاك خالید دوو ڕۆمانیسەرکەوتووی دەبوو، نەخاڵبەندی ببوێیە وەیەکی دوو سەد هەڵەشی تیدا بوێیە ،بۆمان چاك دەکرد . دوای ئەوەش ئەو ڕستانەی کە ئەو بەباری سەرنج وەریگرتوون بۆ شێواندن ،زۆر لە وشەکانی بەهەڵە نوسیوە، هەربۆ ئەوەی چاویلکە بخاتە چاوی خوێنەر . ئەو وشانەی کە هەڵەی ئەون دەیخەمە نێوان کەوانەوە ،وەکو لەیەکەم نمونەدا (لەسەر) کە (بەسەر) (ئەمشەو بەخەوبینیم، ئاسمان وزەوی لول بوون وجێگۆڕکێیان کرد. ئەمگەردوونە تەنیا مافورێکی مێیەوە، ئیتر پورکە بۆ کوێ دەڕوات ؟ دەچێتە ناو میلەتێکەوە کەخوا مۆری سەلبی لە دڵیان داوە با هەموو لێرەوە (لەسەر) مەرگی جیهاندا بمرین ل١٦) ڕستەی دووەمیش (لەئاسمانی شارەکە) کەلە پێڕستی هەڵەکانیشدا ئاماژەی پێکراوە (لەشارەکەی) ئەو هەر بەشارەکە دێیناوەتەوە ،جگە لەوەش (دابکات) کە (ڕادەکات)ەو (گوندەی) کە(گوندەکەی) بڕوانن (دەنگێك لە شاخەکەوە هات، کتو پڕ ڕووی وەرگێڕاو لە ئاسمانی (شارەکە) تۆراند بەحەشمەتێکی زۆرەوە هەنگاوی هەڵهێنێیەوە وەکو بیەویت لەسەر زەوی (دابکات) و نیشتمانێکی تربدۆزێتەوە ،بەو وێنەیەوە ڕۆیشت هەتا لەدۆڵێکدا شوانی (گوندەی) دیەوە، لەکاتێکدا لەناوچەوانی دەڕوانی ،ئارەزویەکی تیادا دەخوێندەوە بەوبیرەوە چووە بەردەمی ل٢٠)دێیەلۆژێکی تری دەرهێناوە (سۆمامن کارەکانی ترم هەیە بڕۆم کارێکت نیە) ئەمە پەیوەندی هەیەبەدێیەلۆژەکانی ترو ڕووداوی پێش ترەوە، سۆما لە خۆپیشاندانی زانکۆ بریندار بووە، هاوار دەری کردووەو دەگەڕێتەوە بۆلای کارە نیهێنیەکانی،کە سۆماش دەزانێ بۆیە دەڵێ (کارەکانی ترم هەیە) دوای ئەوەش شێواندنێکی تری کردووە (بەر لەبوون گوندەکەش کشو ماتیەك گرتبووی .....) وشەکانی پێشوی قرتاندووە، هەتا بەناڕێکی نیشانی بدات سەیربکەن (جوگرافیای گوندەکە لەبەر چاوی ببوو بەجەستەیەکی خوێناوی بەر لەبوون گوندەکەش کشو ماتیەك گرتبووی ... ل٣٧) بزانن چۆن بەئەنقەست ڕستەکانی قرتاندووە .دوای ئەوەش دوو جار (حەمکۆڵ)ی کردووە بە (حەمەکۆڵ) دوای ئەوەش دێیالۆژێکی تری هێناوە (ئەوەنیە مانای هەردووکمان هیچمان بێیەکتر ناژین

ل٥٢) ئەمە پەیوەندی بەپێشتر هەیە ،ئەوان پرسیاری ئەو عەشقەی لێدەکەن کە هەیەتی، ئەویش دەڵێ (ئەوەنیە) کەلەوەبەر پرسیویانە (ئەگەر یەکێکتان بمرن) دوای ئەمانەش (ئەوە چەند سااڵێك پتر بوو تازە ئەو بۆن و بەرامەیەی هەڵدەمژیەوە و لەناو تەوژم و بۆنی ئەو ساتەدا دەژیێیەوە ل٥٩) ئەمە دوای ئەو گەڕانەوەیە بۆ جووت بوونی خۆی وژنەکەی لەو ژوورەدا ولەو ساتەدا بۆن وبەرامەی ئەو ساتە بەسەر چووە هەڵدەمژێتەوە . پێویستە لەگەڵ ئەم برادەرە بچینە لای کەسێك فێری ئەم شتانەمان بکات کەبەناحەق و بەبێ بنەمای ڕۆشنبیری نوسراوە ،حەزیش دەکەم خوێنەر بچێتەوە سەر ڕۆمانەکە و خاڵ بەخاڵی ئەووتارەی کەتەنیا پەڕەیەکەو بەگوناح لەسەر ڕۆمانێك پڕکراوەتەوە و ،بۆتە فتواو مەتەڵە ڕەخنەیەکی سەرپێی و بازاڕیانە. ئەو خاڵانەی کەئەو دەیزانێ من بەدەیەها کتێب و لێکۆڵینەوەی جیهانیم لەسەر خوێندۆتەوە، بەپێی باری ڕۆشنبیری پیادەم کردووە لە ڕۆماندا نەکو بیبیستم ئەوەتا خۆی تێبینی ڕێزمانی کوردیمان دەداتێ لە وتارێکداکە لێوان لێوە لە هەڵەی ڕێزمانی، من لە یەکەم نووسینمەوە یاخی بووم لە هەموو قاڵبوو یاسێیەك ،ئەو خاڵەچەق بەستوەی ڕێزمانی کوردی پەیڕەو ناکەم ،دەمەوێت داهێنان لە زمانێکی نوێدا بکەم، کەوەزیفەی سەرەکیم لەم ڕۆمانەدا تەقینەوەیە لە زماندا .هەربۆیەش (بەیەعنی وکەواتە ولای‌من و بەوپێیەو من من) شیکاری ناکرێت ،ئەویش نەپشتی بەمێتۆد بەستوە ونەسەرچاوەیەکی هەیە چونکە ڕۆرباش هەموو شتێکی زانیوە ،مەتەڵ لەسەر مەتەڵیان بەنیوە ناچڵی داهێناوە ،هەتا ڕۆمانەکە لای خەڵکی بشێوێنێ کەبەزوڵمێکی زۆرەوە بەخاکەناز ڕۆمانێکی کوتاوە، کەبەری ڕەنجی شەست جار نووسینەوەی منە ولەسەر ئەرکی خۆیشم چاپم کردووە، بۆیە لێرەوە هێڵەکانی تر بەجێدەهێڵم بۆ بواری ڕۆشنبیری کوردی ئەگەر ئیتر جوڵەیەکی هەبێت ،بەڕوحیەتێکی ڕۆشنبیریەوە وردببنەوە وبەرەو پرسیار هەقمانە ئیتر بپرسین .

٢٠٠٠/١٢/١٠

سەرچاوەکان:

١)فن الرؤية/كولن ولسن/ ت محمد درويش/ دار المأمون للترجمه والنشر سنه ١٩٨٦/ كلمه المترجم ص ٩.

٢) پاشکۆی ئەدەبو هونەری ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ژمارە (٢٢٩٩) پێنجشەممە ٢٠٠٠/١١/٩

٣) الشكلانيون الروس، نظرية المنهج الشكلى/ ت أ. الخطيب/ مؤسسة الابحاث العربيه (بيروت) الشركه المغربيه للناشرين المتحرين (الرباط) ط ١٩٨٢ ص٣٥.

٤) ست وصايا للألفية القادمه (محاضرات فى الابداع) تأليف: ايتالو كالفينو.ت وتقديم محمد الاسعد. مراجعه: د. زبيده اشكنانى (ديسمبر ١٩٩٩ دوله الكويت ص ١٧.

٥) مۆسیقای مەرگی ناوەختە، فۆرمەلەبوونی پانتێیی کراوە لەنێو پانتێیی داخراودا/ ڕۆژنامەی دەنگی میللەت ژمارە (٥٠) یەك شەممە ١٩٩٩/٥/١٦ هەولێر نوسینی سیامەند هادی.

٦) الفلسفه فى مؤاجهة العلم والتقنيه مارتان هيدجر.ت ـــ د. فاطمة الجيوشى/ منشورات وزاره الثقافة فى الجمهوريه العربيه السوريه/ دمشق/ ١٩٨٨ص٩٨.

٧) هابرماس عن محمد نورالدين آفيَية (الحداثة والتواصل فى الفلسفه النقديه المعاصره) نموذج هابرماس آفريقيا الشرق البيضاء/ ١٩٩٧ ص ٧٩.

٨) مبدأ العله/ مارتن هيدغر. ت: د. خضير جاهل/ المؤسسة الجامعيه للدراسات والنشر والتوزيع/ الطبعة الاولى لسنه ١٩٩١ص١٣٢.

٩) گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ژمارە ٢٥ - ٢٠٠١ گفتوگۆی سەلمان ڕوشدی لەگەڵ گونترگراسدا.

١٠) توظيف الاسطورة فى القصه العراقيه الحديثة/ فرج ياسين/ دار الشؤون الثقافة العامه/ بغداد/ ٢٠٠٠ص١٠٨.

١١) صيدليه آفلاطون/ جاك ديريدا كاظم جهاد/ سلسله يديرها يوسف الصديق دار الجونبة للنشر ١٩٩٨/٧٩ نهج فلسطين ١٠٠٢ تونس ص١٥.

١٢) هەمان سەرچاوە.

مەلەفی جەستە

* جەستە لەشارەکانی عوسمانیدا شاری عوسمانی و نواندنی جەستەی ژن

وەرگێڕانی: ئارام

* فەلسەفەو جەستە

شەوبۆ عەزیز

* تەکنیکەکانی جەستە

وەرگێڕانی: ناودار شێخ مەحمود کەرکوکی

* فەنتازیای جەستەی دژە پاڵەوان لەچیرۆکی راکردوودا

عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی

* چیرۆکی راکردوو

فەرهاد پیرباڵ

نووسینی: نورا سینی
و: ئارام

جەستە لە شارەکانی عوسمانیدا
شاری عوسمانی و نواندنی جەستەی ژن

دەوڵەتی عوسمانی و پاکڕاگرتنی شارەکان:


١ـ شاری عوسمانی شانۆیەکە بۆ دەرهێنانی جەستەی ژن:

لەو بڵاوکراوەیەی کە ((لیفانت هیرالد)) لە ئابی/١٨٨١دا وەریگێڕاوە، کە هەڵس و کەوتی ژنان لە ناوچەی ئەستەمبوڵی شاری ڕێکدەخات هاتووەکە:

((قەدەغەیە لێیان لە شوێنە گشتییەکان دەربکەون یا سەردانی شوێنی گشتی بکەن و ئەفسەرانی پۆلیس ڕاسپێرراون کە زۆر وریابن و دەبێ هەرکاتێك بینییان ژنێك جورئەتی لەبەر کردنی سەرپۆشی تەنکی کردووە کە بە پێچەوانەی یاساوە بوو، ڕاپۆرتی خۆیان ئامادە بکەن.))

هەروا نابێت بە سواری عەرەبانە یان بە پێ لە گەڕەکەکانی: (بایەزید، شەهزادیباشی، ئیکسارای) بسووڕێنەوە، نابێت بچنە ناو بازاڕی گەورەوە و لە دوکانەکان دابنیشن.هەروا بە هیچ شێوەیەك نابێت بە ئاشکرا بە کۆمەڵ لە شوێنە گشتیەکاندا بوەستن، ئەگەر پۆلیس شتێکی وای بەدی کرد ئەوا داوا لە بەتەمەنترینیان، یان کارەکەرەکانی هاوڕێیان دەکات بڵاوەی لێ بکەن.

ئەم مەرسوومە شاهانە ـ ئیمپراتۆرییانە ـ کە لە شێوەی یاسایەکدا داڕێژراون، بۆ بنەماکانی هەڵس و کەوت لە ڕێگاداو ،کە دەبێت ژنان پابەند بن پێی، یەکەم مەرسووم و دوامەرسوومیش نەبووە. دەسەلاتدارانی "بابیعالی" چەندان مەرسوومی تریان دەربارەی درێژەیو پانۆپۆڕی جلی ژنان دەرکردووە، هەروا دەربارەی شێوەو ڕەنگی ئەو جلانەی لەبەری دەکەن و دەستنیشانکردنی چەند گەڕەگێك و چەند ڕۆژێك و چەند شەقامێك و هۆیەکانی سواری ،کە نابێت ژنان ڕووی تێبکەن یان سواریان بن.



بەم شێوەیە دەسەڵاتداران، چەندان ڕێ و شوێنیان بۆ دەرکەوتنی جەستەی ژنان لەسەر گۆڕەپانی شار ڕێکخستووە و بڕیارو مەرسومەکانی داوایان لە دەسەڵاتدارە شارییەکان کردووە کە (چاودێری ئەو ژنانە بکەن کە لە جلەکانیاندا پابەندی بنەماکان نابن وەک: ئەستووری قوماشەکەو درێژی جلەکە،کە — بابیعالی — زۆر بە وردی دەستنیشانی کردوون و ،چاودێری هەموو سەرپێچییەک بکەن، کە لە شێوە و

رازاندنەوەی سەرپۆشەکانیان بەدی دەکەن کە لەگەڵ عورفدا ناگونجێت).

مەرسوومێك لە ساڵی/ ١٧٥١دا دەرچووە ،دەڵێت: (نابێت (عەبا) لە قوماشی تەنك دروستبكرێت ، هەروەستایەك ئەوە بكات هەر لەبەردەم دوكانەكەی خۆیدا لە سێدارە دەدرێت) مەرسومێكی تر ساڵی/ ١٧٥٣ دەرچووە ،ئاماژە بەوە دەكات: ((چەند كافرێك لە گەڕەكی مزگەوتی گەورەو دوكان و نانەواخانەو باخچەكانی نزیك قوتابخانەی نوێ ،هەڵس و كەوتی ناشیرین دەنوێنن. سەمادەكەن و گۆرانی دەڵێن و هێمنی گەڕەكەیان شێواندووەو ناهێڵن خەڵكی گوێیان لە بانگ بێت. هەروا چەند ژنێك بە بیانووی خواردنی ((كاییماكە))وە دەچنە ناو دوكانەكانەوە و دادەنیشن و لەگەڵ پیاواندا تێكەڵاو دەبن و ،،هەڵس و كەوتی دژ بە شەرع و ئایین دەكەن... لێرە بە دواوە دەبێت هەموو ئەوانە قەدەغە بكرێن كە پێچەوانەی یاسان.))

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بكرێت ،كە ئەم جیاكردنەوەیە هەموو ژنانی نەگرتۆتەوە، تەنها بۆ گەنجەكان بووە واتە ژنە بە تەمەنەكان توانیویانە لەگەڵ پیاوان تێكەڵ بن.

تا سەدەی بیستیش "بابیعالی" نەیهێشتووە ژنان لەگەڵ پیاوان لەناو هۆیەكانی گواستنەوەدا تێكەڵاو بن ،ئەو ژنانەی كە بە كەشتی بەناو "بسفۆر"دا هاتوچۆیان كردووە كابینەی تایبەتییان هەبووە. لە چەند سەردەمێكدا بە هیچ جۆرێك ژن نەیتوانیوە سواری عەرەبانەی ئەسپدار بێت ،تەنانەت ئەگەر پیاویشی لەگەڵ نەبووبێت، بۆ بڕینی ماوەی دوور لەناو شاردا بە تایبەت ئەگەر بۆ سەیران بێت. ئەم فەرمانەی خوارەوە ئاراستەی سەرپەرشتیاری باخچەی شاهانە كراوە:

((لەم كاتەدا كە خەریكە بەهار دەست پێبكات ،چەند ژنێك بە بیانووی سەیران و هەڵمژینی هەوای پاك ،لە ئۆسكۆدارەوە بە عەرەبانەی ئەسپدارەوە

بەرەودەچن و سەیری ئەو کە شتیانە دەکەن کە بەوێدا تێئەپەڕن دەم و چاوو برۆیان بە شێوەیەکی ناشایستە رازاندۆتەوە، کە تەنها ژنە خراپەکان ئەوە دەکەن و جورئەتی کردەوەی وادەکەن کە لەگەڵ... ناوەشێتەوە... لەبەر ئەوە لەمەودوا بە هیچ جۆرێک رێگا بەو ژنانە نادرێت ،کە بەو رێگایەدا بە نیازی سەیران و بە سواری عەرەبانە تێببەڕن)).

لێرەدا حەقە بپرسین: ئەو هۆیانە چین کەوای لە دەوڵەت کردووە لە بواری گرنگیدانی بە زاڵبوون بەسەر ژناندا ـ یان ژیانی سێکسی یان ـــ تەنها بەو داب و نەریتانە ئیکتیفا نەکات ،کە باو بوون لە ناو کۆمەڵدا یان بەو چاودێرییەی کە خێزانەکان یان دانیشتوانی گەڕەکەکان کردوویانە؟ و بە چ مەبەستێک مەراسیم و یاسای خۆی دەرکردوە؟ وا دیارە گرنگی ئەوتۆی بەوانە نەداوە، هەرچەند جارجار متمانەی بە دانیشتوان کردووە ،وەک: دانیشتوانی گەڕەک، ئیمامی مزگەوت، بانگدەری گەڕەک بەڵام دیسان هەر خۆی ویستوویەتی لە رێگای یاساکانیەوە ئەو کارانە بکات، تەنانەت جۆری ئەو قوماشە دەستنیشانی بکات کە دەبێت پاڵتۆی ژنانی لێ دروستبکرێت. مەسەلەکە ئەوەیە: دەبێ هۆی ئەم وردەکارییەی ،کە دەیەوێت یاساکان بۆ بارودۆخی جەستەی ژنان و هەڵس و کەوتیان لە شاردا دابنێت ،چی بووبێت؟ و بۆچی کردوویەتی بە بەشێک لە وەزیفەی دەوڵەت، کە راستەوخۆ خۆی سەرپەرشتی دەکات؟

پرسیارێکی تر ئەوەیە: بۆچی تەنها لەناو شارەکاندا ئەمە پەیڕەو دەکرێت؟ هەموو مەرسومەکان، شەقام و هۆکانی گواستنەوەو ناوشاریان بە شوێنی نواندنی جەستەی ژن داناوە و ئەو هەموو نیشانە جیاجیایانەیان داوە بە سەریا ،کە بە هەموو شێوەیەک لە پلەو پایەی ژن کەم دەکاتەوەو نیشانەی زوڵم و، چەوساندنەوەیەتی.

٢ـ جەستەیەکی تر بۆ نواندنی، ئەویش جەستەی کەمایەتییە ئایینی و رەگەزییەکانە:

گرۆیەکی کۆمەڵایەتی‌تر، کە نەک هەر جلەکانی بەریان بە پێی یاسای سوڵتانی بووە، بەڵکو تەنانەت خانووو شوێنی نیشتەجێ بوونیشیان بە مەرسووم دیاریکراوە. ئەوەش گرۆی کەمایەتییە ئایینی و رەگەزییەکان بوون،وەک: یۆنانی، ئەرمەن جوولەکە... کە هەمۆیان لەژێر دروشمی ((دانیشتووە ناموسوڵمانەکان)) ((زمیەکان)) داکۆدەکرانەوە.

وادیارە تەنها هەر ژنان چەوساوە نەبوون و بە پلە دوو دانەنراون. راستییەکەی بۆ "بابیعالی" گرنگ ئەوە بووە چاودێری و سەرپەرشتی پاکی کۆمەڵگای شاری بکات ،بۆ ئەو مەبەستەش هیچ جیاوازی لە نێوان ژنان و ئەو کەمایەتییە ئایینی ـ رەگەزیانە نەبووە هەمۆیان لەو خەمەدا هاوبەش بوون.

بێگومان رێکەوت نییە، کە گەشتیارە رۆژئاواییەکان هەر لە سەدەی پانزەو شانزەوە ،کە وەسفی دانیشتوانی ئەستەنبوڵیان کردووە ئاماژەیان بە جل و بەرگی دوو گرۆ کردووە ،کە ئەوانیش ژنان و کەمایەتییەکان بوون .سەرەڕای وەسفی جل و بەرگی فەرمانبەرانی سەراو پیاوانی ئایینی بە هەموو گرۆکانییانەوە. جێی سەرنجە کە لە نێو ئەو هەموو مەرسومە سوڵتانیانەی کە دەریکردون. مەرسومێک نابینی کە جل و بەرگی پیاوانی ئایینی و پیشەوەران دیاری بکات تەنها هەرچاوی لە ژنان و کەمایەتییەکان بووە. "بابیعالی" ئەوانی بە تاقە گرۆ داناوە، کە دەبێت کاروبارو رێ و شوێنی ژیانیان لە شارەکاندا لە لایەن سوڵتانەوە رێک بخرێن...

ئەوەی کە پەیوەندی بە کەمایەتییەکانەوە هەیە، ئەوەیە: فەرمانەکان بۆ هەر یەکێکیان ، تایبەتی مێزەرو پاڵتۆ و پێڵاوی دیاری کردووە.

لە فەرمانێکدا بۆ قازی ئەستەنبوڵ هاتووە: ((لێرە بە دواوە ،بە هیچ شێوەیەک نابێت جوولەکەو

کافرانی‌تر جلی ئامادەو جوان لەبەر بکەن، و لە بواری جل و بەرگدا نابێت بە پێچەوانەی باوو نەرێتی کۆن بکەن و، پێویستە عەبای تایبەتی جوولەکەو کافرەکانی‌تر لە چۆخەی رەش دروستبکرێت و نیوەی پشتێنەکەی لۆکەو و نیوەکەی تری حەریر بێت و نرخی لە نێوان ٣٠ ـ ٤٠دا بێت و، لەوە تێپەڕ نەکات و قاپقاپەکانیان دەبێت رەش بێت و نابێت ژنەکانیان پێڵاوی پاژنە بەرز لەپێ بکەن و، هەر هەمان پێڵاوی جاران لە پێ بکەن و نابێت وەك ژنە موسوڵمانەکان کراسی یەخەدار و کڵاو بکەنە سەریان،ئەگەر ویستیان شتێك بکەنە سەریان پێویستە لە لۆکەبێت. دەبێت جل و بەرگی ئەرمەنەکانیش هەروەك هی جوولەکان بێت ،بەڵام پێویستە قوماشێکی سوور بەسەریانەوە بپێچن و نابێت گەورە بێت. ((مەرسوومی ساڵی ١٥٦٨)).

هەموو شتەکان ئاماژە بەوە دەکەن وەك ئەوەی یاساکە، ئامانجی ئەوە بێت تاکو بەو رەنگانە هەر لە سەرەتاوە بزانرێت ئەو جەستەیە سەر بە چ گروپێکە لەو گروپە جیاوازانە...

بەم شێوەیە ئەبینین کە رەنگی سوور تایبەتە بە ئەرمەنەکان و، رەنگی رەشیش تایبەتە بە یۆنانییەکان و رەنگی شین تایبەتە بە جوولەکەکان...

بەڵام کە دەگەینە سەدەی نۆزدەهەم ئەبینین، رەنگی جل و بەرگی نۆربەی خەڵکەکە دەبێتە رەنگی رەش. بێجگە لەوانەی کە لە خزمەتی "بابیعالی"دا ئیش دەکەن یان سەفاراتی بیانی دەیانپارێزن ئەوان ،دەتوانن پێڵاوی زەرد لەپێ بکەن کە لە پێستی بەرخ دروستکرابێت .

راستییەکەی دەوڵەت هەر لە جل و بەرگی شانۆیی لە گۆڕەپانی شاریدا دروست نەکردووەو، هاتوچۆی تیا رێك نەخستووە، بەڵکو وەك ئەندازیارێکی بیناسازی دەیەوێت جیاوازی لە نێوان موسوڵمان و ناموسوڵمان و تەنانەت لەنێو کەمایەتییەکانیشدا بکات.

ئەو مەرسوومەی کە ساڵی ١٧٢٥ ئاراستەی ئەندازیاری یەکەمی "بابیعالی" کراوە ،دەڵێت: ((لەم شارە گەورەی قوستەنتەنییەدا رێگا بە خاوەن مولکە موسوڵمانەکان دەدرێت ،کە خانووەکانیان تا (١٢) مەتر بەرز بکەنەوە. بەڵام مەسیحی و جوولەکەکان نابێت بەرزی خانووەکانیان لە (٩) مەتر تێبپەڕێت و سەربانەکانیشیان لە خشت دروستبکرێت)).

لە فەرمانێکی تردا ژمارەی قاڵدرمەکانی خانووی تایبەت بە مەسیحییەکان دیاری دەکرێت...

چەند فەرمانێکی تر دەرچوون وەك ئەو مەرسوومەی ساڵی ١٦٣٠ کە باس لە هاتوچۆی نێو



شارەکان دەکات و دەڵێت: ((نابێت ڕێ بە کافران بدرێت سواری ئەسپ بن و جل و بەرگی فەرو و حەریر لەبەر بکەن و نابێت ژنەکانیان وەک ژنە موسوڵمانەکان بچنە سەیران و عەبای فارسی لەبەر بکەن و پێویستە بە هەموو شێوەیەک لە هەڵس و کەوت و جل و بەرگدا سووکایەتییان پێبکرێت)). مەرسوومەکە ئاماژە بەوە دەکات کە (ئەم شتانە ماوەیەکە پشتگوێ خراون بە ڕێگە پێدانێکی دادوەران، کافرەکان بە سواری ئەسپەکانیان بە ناو بازاڕەکاندا دەسووڕێنەوە و فەرو و جل و بەرگی باش لەبەر ئەکەن و کاتێک تووشی موسوڵمانان دەبن لە شۆستەکان دانابەزنە خوارەوە و هەروا ژنەکانیان لە ژنە موسوڵمانەکان زیاتر کەشخەو فەشخە دەکەن. لەبەر ئەوە فەرمان ئەدەین کە لەمەودوا دەبێت سواربوونی ئەسپ و لەبەر کردنی فەرویان لێ قەدەغە بکرێت).

"مەرسوومێکی ساڵی ١٦٣٠"

لەمەوە دەرئەکەوێت کە بوونی ژنان لە شارەکاندا لە ژێر کاریگەری دوو یاسادا بووە: یەکێکیان سێکسی و ئەوی تریان ڕەگەزی ـ ئایینی. بەم جۆرە لە گرۆیەکەوە بۆ گرۆیەکی تر دەبوو ژنان سەریان دابپۆشن و چارشێوو پەچە بە دەم و چاویاندا بگرن ،ئەو سەرپۆشەی ژنە ئەرمەنییەک دەی پۆشی، جیاوازبوو لەوەی ژنە تورکێک دەیپۆشی ،کە لووتی تیا دەرکەوت نەک دەم ئەمەش بەزۆر بوو خۆ ئەگەر ژنە ئەرمەنییەک لووتی دابپۆشیایە،و ئەوە سزادەدرا چونکە لاسایی ژنە تورکی کردۆتەوە.

لێرەدا پرسیارێک سەر هەڵئەدا؛ ئەگەر مەبەست لەم هەڵوێستە لە بارەی جل و بەرگەوە سەپاندنی دەسەلاتی فەرمانڕەوابێت بەسەر شاردا، بۆچی تەنها لە ڕێگەی جەستەی کەمایەتییەکان و ژنانەوە دەری خستووە؟ بۆچی ئەمانەی هەڵبژاردووە لەناو هەموو دانیشتواندا؟ بۆ نموونە: بۆچی جۆرە جیاوازییەکی لە دیمەنی پیشەوەراندا ڕەچاو نەکردووە؟ بەوەی ناچاریان بکات کەهەر یەکەیان لە ڕێی بەرزی مێزەرەکانیان یان ڕەنگی جلەکانیان لەوی تر جیا بکرێتەوە؟ خۆ ئەمانەش بە تەواوەتی لە لایەن سوڵتانەوە چاودێرییەکی ورد کراون ،وەک نرخی شتەکانیان و بڕی قازانج و شێوەی دروستکردنی بەرهەمەکانیان ،بەڵام هیچ مەرسوومێک دەربارەی ڕەنگی پێڵاوەکانیان یان جل و بەرگەکانیان دەرنەچووە و، داوایان لێنەکراوە کە دەبێت نیشانەی تایبەت بە پیشەکەیان هەڵبگرن. راستە ئەم نیشانانە خۆیان دەرئەکەوتن بەڵام دەوڵەت گرنگی پێ نەداون تەنها هەر گرنگی بە وێنەی دانیشتوانی شارێکی وەک ئەستەنبوولی لە ڕێگای کەمایەتییەکان و ژنانەوە داوە ،چونکە دەوڵەت و بابیعالی پێیان وابووە کە تەنها جیاوازی ئایینی و ڕەگەزی و جینسی، بنەما سەرەکییەکانی جیاوازی کۆمەڵایەتین و وێنەی دانیشتوانی شار لە دەوڵەتی عوسمانیدا دەکێشن.

لەبەر ئەمە پێویستە لێرەدا وێستەیەک بکەین تا بزانین سروشت و تایبەتمەندییەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا چۆن بووە؟

٣ـ هەندێ تایبەتمەندی ڕێکخستنی شارستانی عوسمانی:

ئەگەر ئەوە بسەلمێنین کە کۆمەڵگای عوسمانی هەموو سیفاتە دیارەکانی خودسەری ڕۆژهەڵاتی تێدابووە، هەروەک "مونتسکیو" وێنەی کێشاوە، ئەوا دەتوانین تایبەتمەندی یەکی‌تری ئەم کۆمەڵگایە دەربخەین: لە لایەکەوە فەرمانڕەواکان "باجوەرگرەکان و فەرمانبەرانی دەوڵەت" لە لاکەی تردە خەڵکە باجدەرەکان ،کە لە نێوان ئەم دووانەدا هیچ کۆمەڵێک بەدی ناکەین کە کاری ڕێ و شوێنی کۆمەڵی پیشەیی پێ سپێرابێت ،ئەوەش لە ئەنجامی ئەوەوە بووە کە سەرپەرشتانی بازاڕ نەیانتوانیوە

بگەنە سەربەخۆیی و شەرعییەتی وا کە رۆژئاوایی پێی گەیشتبوو، ئەمەش تا سەدەی بیستەم بەردەوام بوو.

بەم جۆرە هەڵس و کەوتی بازاڕ نەیتوانی بنکەی دەسەڵاتێکی بەرەنگاری جیهازی دەوڵەت پێکبهێنێت. لە چوار چێوەی ئەم جیاوازییە کۆمەڵایەتییەدا کۆمەڵگای شاری لە بنەمای تیرەگەری لە شێوەی گەڕەکەوە ڕێکبخرێت و ئەم هەیکەلە گرۆیی‌یە کۆمەڵگای مەدەنییان پێکدەهێنا.

لە شارێکی وەک ئەستەمبوڵ و تا کۆتایی سەدەی هەژدەم ،گەڕەکێك بەدی ناکەین کە لەسەر بنەمای یەک جۆر دەستکەوت دامەزرابێت، بەڵکو چەندان عەقیدەی وەک یەک و زمانی وێکچوو لە نزیك یەکەوە ئەبینی، وەک: تورك ـ ئەرمەن ـ یۆنانی ـ ئەسپانی "زمانی جوولەکە ئەسپانییەکان کە لەوێ دەرکرابوون و لە ئەستەمبوڵ و سالونیك جێگیر کرابوون" بەڵام ئەم چوار گرۆ جیاوازە بەیەکەوە لە بازاڕدا ئیشیان دەکرد و هەموو بەیەکەوە لە پیشەیەکی دیاریکراودا ئیشیان دەکرد.

لە گەڕەکەکاندا دەوڵەمەندو هەژار بەیەکەوە ئەژیان ،گەڕەکی تایبەت بە دەوڵەمەندەکان تاسەدەی نۆزدەهەم پەیدانەببوو لەو کاتەوە ئیتر دەوڵەمەندەکان گەڕەکی تازەیان بنیات نا و تیا نیشتەجێ بوون. بۆ نموونە: گەڕەکی "بیرا" کە تا ئەوکاتە شوێنی تایبەتی کونسولگەرییەکان و سەفارەتی ئەوروپییەکان بوو ، وردە وردە کەوتە پێشوازی لێکردنی ئەوانەی کەباری کۆمەڵایەتییان لە ڕۆژئاوای نزیك دەکردنەوە.

ئەگەر پێناسەی ئایینی ـــ ڕەگەزی بنەمای سەرەکی گەڕەکەکانی بووبێت، ئەوە لەبەر ئەوە نەبووە کە خۆیان ئەوەیان هەڵبژاردبێت، بەڵکو ئەوە لە ئەنجامی ئەو ڕاگواستن و دوور خستنەوەبوو ،کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پەیڕەوی کردووە هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە: کە شارێك داگیردەکرا "بابیعالی" دەکەوتە گواستنەوەو نەفی کردنی بەشێك لە دانیشتوانی و خەڵکی لە شوێنی تر‌ەوە بۆ دەهێنا.

بەم شێوە بەموسوڵمان و ناموسوڵمان وەک یەک چەوساوە و دەربەدەر بوون و سوڵتانەکانی عوسمانی ئاڵوگۆڕی دانیشتوانی شارەکانیان دەکرد ،لەبەر هۆکاری ئابووری یان سیاسی یان هەردووکیان. ئەم سیاسەتە پێش سەردەمی (محمد)ی دووەم پەیڕەو کراوە لە ئەستەمبوڵ و شارەکانیتر .دەربەدەرەکان نەیانئەتوانی شارەکە بەجێ بهێڵن و، ڕاستەوخۆ ببوونە پاشکۆی سەدری ئەعزەم.

لەگەڵ ئەم پێناسە گرۆیی‌یەدا لایەنێکیتر بۆ پاراستنی کاری سێکسی ژنان هەبوو ،ئەوەش بەوەی ئەگەر پیاوێکی نامۆ لە گەڕەکەکەدا بەدی بکرایە ،دەبووە جێی گومان و لێپرسینەوە بۆ ئەمەش بابیعالی چەندان مەرسوومی لەو بارەیەوە دەرکردبوو بۆ چاودێری ئەو نێرە نامۆیانە.

دەبێ ئەوەش بوترێت، کە کەسانی زگورتی "عزاب" نەیانئەتوانی لە گەڕەکەکاندا نیشتەجێ بن ،دەبوو لە ژووری تایبەت بە زگورتان یان لە دەرەوەی ئەو گەڕەکانە لە پارتمانی تایبەت بەوان نیشتەجێ بن.

لەمەوە دەتوانین بگەینە ئەم دەرئەنجامە:

۱. لە شارەکانی عوسمانیدا چاودێری‌یکردنی ژنان ئەرکی سەرشانی خێزان یان خەڵکی گەڕەك نەبوو، بەڵکو دەسەڵاتی فەرمانڕەوابوو ئەوەش لەگەڵ پێکهاتەی شایەتیدا دەگونجێت، کە هەموو شتێك هی شایەو کەس خاوەنی هیچ نییە و سوڵتان دەتوانێت دەست بەسەر مولکی تایبەتدابگرێت. ئەمە تا ساڵی ۱۸۲٦ بەردەوام بوو.

۲. لە شاری عوسمانیدا، شەقام و شوێنە گشتیەکان نیزامێك ئەیانبات بەڕێوە، کە نیشانە لەسەر جەستەکان دائەنێت و بابیعالی ئەم جەستانە بۆ دەرخستنی ئەوەی کە دەیەوێت بۆ دەرەوە دەری

بخات بەکار ئەهێنێت ،تادەری بخات کە چەند دەسەلاتی بەسەر کۆمەڵگادا هەیە.

٣. ئەم شتانەی ناو شارەکان درێژە پێدانی ئەوەی ناوسەرای دەوڵەت بوو ،کە هەموو شتێك بە پێی بنەماو یاسای تایبەتی بوو. ئەگەر یەکێك لە سوڵتانەکانی عوسمانی بیویستایە بەناو شاردا بگەڕێت و نەیەوێت کەس بزانێت، ئەوا دەبوو بە جل و بەرگی باخەوانەکانیان یان فەرمانبەرێکی سەراوە یان پیاوە ئایینییەکان بچێتە دەرەوە. لە ناو کۆشکی سوڵتانیشدا (حرملك) ناوچەیەکی ئازادانە بوو ،دەبوو لە نزیك کۆشکی سوڵتان خۆی دابێت و هەڵس و کەوت تیایدا بە پێی نیزام و یاسابوو.. سوڵتان خۆشی هەروا بە سەربەستی بۆی نەبوو لە (حرملك)دا کت و پڕ دەربکەوێت. ئەگەر بیویستایە کاری لەو جۆرە بکات دەبوو پێڵاوی بە بزماری زیو داکوتراو بکاتە پێی تا خەڵکەکە گوێیان لە دەنگی پێڵاوەکە بێت و رێگاکەی بۆ چۆڵ بکەن. ئەگەر سوڵتان بیویستایە ژنێك هەڵبژێرێت شەو لەگەڵیا بێت دەبوو روو بکاتە بەشی ژنان لەوێ بەرپرسی ژنەکان یەکێکی بۆ دیاری دەکرد،ئەویش دەسەسڕێکی دەهاویشتە بەردەمی یەکێکیان کە لەوانەیە بە دڵی خۆشی نەبووبێت.

نەدەبوو سوڵتان لە لایەن خەڵکانەوە ببینرێت ،کاتێك بیویستایە بچێتە سەیران لەناو باخچەکانیا یان بە ناو شاردا یان بۆ دەرەوەی شار دەبوو بە درێژایی شەقامی شارەکە، پەردە دابدرێتەوە تا کەس سوڵتان بەدی نەکات...

کاتێك کەشتیگەلی سوڵتان بەناو دەریادا بۆ سەردانی ملکەکانی لەسەر بوسفۆر بچوایە ،خۆی بۆ خەڵك دەرنەدەخست بەڵکو ئەوەی مێزەرەکەی سوڵتانی هەڵدەگرت دەچووە دەرەوە مێزەرەکەی رادەوەشاند وەڵامی خۆشحاڵی خەڵکەکەی دەدایەوە.

٤. لەم دینامیکییەوە گرنگی بەڕێوبردن و رێکخستنی نیشانەکانی بواری شاری دەردەکەوێت و بە پێی چاودێری و دەسەڵاتی بابیعالی بەسەر خەڵکانی وڵاتەکەیدا کە لەسەر بنەمای ئایین و رەگەز جیایان ئەکاتەوە.

رێکخستنی بوونی ژن لە شارەکاندا:

لەو تایبەتمەندیانەی کە دەوڵەتی عوسمانی بە چاودێری لە رادەبەدەری لەسەر بوونی ژن لە شاردا دەبەستێتەوە ئاماژە بە سروشتی تیوکڕاتی ئەو دەوڵەتە نەکراوە .بەڵام لە پەیوەندی بە هەیئەتی دەرەکی باری ژنان زۆر هەڵەیە بوترێت ئەو چاودێرییە لەسەر ئیسلام حیساب دەکرێت. چونکە ئەگەر ئەوەمان کرد ئەوە ئەبێت خۆمان لە تێگەیشتنی بۆ نموونە ئەم بڕیارە بێبەش بکەین کە لە ١٨/ی شوباتی/١٩٨٢دا لە لایەن حکومەتێکی سەربازی عیلمانییەوە دەرکراوە کە گوایا بەنیازی بەرهەڵستی ئیسلامە توندڕەوەکان کە دەیانەوێت سەر لە نوێ بنیاتی بنەماکانی تیۆکراتی دەوڵەتێکی ئیسلامی بنێنەوە. ئەم بڕیارە پەیوەندی بە روالەتی دەرەوەی فەرمانبەران و کرێکارانی کەرتی گشتیەوە هەیە:

((ژنان: جل و بەرگی خاوێن، تازەو نوێ. ئوتوکراو پێڵاوی بریسکەدارو پاژنە نزم ،وسەر ئەبێت هەمیشە رووت بێت ،قژ داهێنراو و نینۆك بە شێوەیەکی سروشتی بڕابن))

بێگومان ئەم بڕیارە زەبت و رەبتی سەربازی پێوە دیارە، بەڵام لە هەمانکاتدا گرنگیدانی بە جەستەشەوە پێوەدیارە. واتە دەیەوێت لەو شوێنەی کە فەرمانبەرە گشتییەکان کاری تیا ئەکەن ،دیمەنێکی ئەوتۆ نەبێت کە ئەوە دەربخات کە سەر بە گرۆ "محافیز"کارەکانە. بە بەراورد لەگەڵ مەرسومەکانی عوسمانی سەدەی ١٦-١٧-١٨ دژەیەکن لە کاتێکدا ئەو مەرسومانە نەیان دەهێشت ژن سەری رووت بکات ،کەچی بڕیارەکەی/ ١٩٨٢

دەڵێت نابێت سەری دابپۆشێت . بەڵام ئەوەی کە هیچ گۆڕانی بە سەردا نەهاتووە ئەوەیە، کە تاکی کۆمەڵ کە لە پەیوەندی لەگەڵ دەسەلاتدا هەر هەمان شوێنی جارانی هەیە .

بەم جۆرە ئەبینین لەوەی کە پەیوەندی بەژن و هەڵس وکەوتی لە شاردا هەیە، هێڵێکی باریك لە نێوان عوسمانی تیۆکراتی و کۆماری عیلمانی دا بەدی دەکرێت، وا دیارە جیاوازی هەڵوێستە کان لە شوێنێکی تر دابێت نەك دەربارەی جەستەی ژن.

جەستەی ژن وەك گۆڕەپانێك بۆ هەڵبژاردنێکی کۆمەڵایەتی :

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بپرسین : پێناسەی ئەم دوو تەیارە دژبە یەکە چییە ،بەرامبەر بە ڕۆژئاوایی کردن ((الغربنه))، کە وەرچەرخانێکی بنەڕەتی لە سەدەی نۆزدەهەمدا هێناوەتە کایەوە و چ شتێك دەیانبزوێنێ ؟هەموویان سەر بەدەوڵەت و دامەزراوەکانن و بە دەوڵەت دەژین. هەندێکیان بیرۆکراتی مەدەنی و سەربازی پێکدێنن و هەندێکی تریان زانایانی شەرعن واتە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بەلای هەردووکیانەوە نەماوەبەڵام هەموویان هەوڵی زانینی هۆیەکانیانە لە بواره جیا جیا کاندا .

بەلای هەندێکیانەوە واز هێنان لە بنەما موحافیزکارییەکان تاوانە . ئەوانی تر لێکهەڵوەشانی دامەزراوە دەوڵەتییەکان بە ئەنجامی لێنەهاتویی و گەندەڵی ئیداری دەزانن .

تەیارە ئوسوڵییەکان پشت بەبنەمایەکی گەل دەبەستن ،کە پشتیوانیان لێ دەکەن ،تا ئێستاش دژبە چاکسازییەکان وەستاون، هەرچەندە هیچ پەیوەندییەك لەنێوان ئایین و دەوڵەتدا نەماوە .

بەلای وردە بازرگانەکان و پیشەوەرانەوە، لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئەوانەی دانیشتووی گەڕەکەکانن ،(غربنە) بە هەڕەشەیەکی جیددی دەزانن لە سەر ڕێکخستنە ناوچەیی گرۆپی یان - تازەگەری و ئیجرائاتە یاسایی و ئابووریەکان ،هەروا لەبواری ئیداری وفێرکردندا بۆئەوان بە جۆرێك لەبەرەلایی ناو بازاڕی دەزانن وبە کۆتایی هێنانی دابەشبوونەکانی ناو کۆمەڵێك دەدەنەوە . تەنانەت بۆهەندێ لە دانیشتوانی ئەستەمبوڵ کەجاران لەوپەڕی خۆشیدا دەژیان، بەمردنی دەزانن . ئێستاش لە هەندێ بۆنەدا بەردەوام لە سەردەستبلاوی جارانیان هەر بەردەوامن و چییان لەدەست بێت پێشکەشی خزمەتکارو بەردەستە کۆنەکانیانی دەکەن ...

(خالید أدیب) لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت :نەنکم لەگەڵ ئەوەشدا کە بەرەبەرە سامانەکەی لە دەست ئەدا ،کەچی لەمانگی ڕەمەزاناندا بەو پەڕی دەستبلاوییەوە دەیەویست چی شیرینەمەنی و مرەبا هەیە دروستی بکات ،بەسەرخزمەتکاره پێشووەکانیدا دابەشی بکاتەوە .(سلاد) یەکێك لە گەشتیارانی سەدەی نۆزدەهەم باسی لەو مەنجەڵەبرنجانەی سەر شەقامەکان دەکات کە خواردنیان بەڕێبواران پێشکەش کردوە....

بەم شێوەیە (غربنە) بنەمای ئەم ڕێکخستنە گرۆییە لێك هەڵدەوەشێنێ و شارەکان پەرت و بلاودەکات ئەو دەوڵەمەندانەیکە جاران یارمەتییان بە دانیشتوانی گەڕەکەکان پێشکەش دەکرد، ئێستا چوونە گەڕەکە نوێیەکان. سەرەڕای ئەوەی کە ئازادی بازاڕ هەڕەشەیەکی پیشەیی وئابوورییە بۆسەر وردەبازرگان و پیشەوەران.....

لەبەر ئەمانە :بەرەنگاری غەربەنە بۆ ئەوان مەسەلەیەکی حەیاتییەبۆ ئەمەش پێویستە هەڵوێستێکی موحافیزکارانە بەرامبەر ژن وەربگرن .

ئەگەر تەقلید ییەکان هەموو گۆڕانکارییەك لەبواری ژندا ڕەت بکەنەوە ،وەك جۆرێك لەبەر هەڵستی بارودۆخەکە، ئەوا لایەنگرانی غەربەنە چەند چاکسازییەك لە بواری مافی ژناندا دەکەنە بیانو، بۆ

ئـەوەی ئـەوانیش وەك موحافیزکارەکـان هـەمان هەڵوێستیان دەربـارەی جـل و بـەرگی ژنـان و دەرکەوتنیان لە شارەکاندا هەبێت .

بەم جۆرە دەبینی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهـەمدا و لـە کاتێکدا کـە موّدەکـانی جـل و بـەرگی پـاریس دەهاتنە ناو جل وبەرگی ژنانەوە لە شارە گەورەکانی وەك ئەستەمبوڵ و سالۆنیك و لـە کـاتێکدا چینـی ژنانی گروپبالاکانی کۆمەڵ ئەو موّدانەیان بەکارئـەهێنا بێ ئەوەی بەتەواوی ڕێو شوێنی خۆیان بگـۆڕن، کـە چـی ڕۆژنامـەکان کەوتبوونـە بـاس لـە دووژنـە و پێکهاتەی خێزانی تورکی و بەرپەخنەیان دابوون .

دیارەتێگەیشتنی مرۆیی و چاکسازی ئەو پیاوانـەی کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا سەریان هـەڵدابوو ،کـە زۆربـەیان سـەربە هـەڵبژاردەی فـەرمانڕەوایان بوون، لەگەڵ دواکەوتوویی ژنان وبـاری ناهـەمواریاندا نەئـەگونجا و چیـتر نەدەبووبـە نـەخوێندەواری بمێننەوە ،چونکـە ژنـانی خوێنـدەوارو شارسـتانی باشـتر دەتوانـن منـاڵ بـەخێو بکـەن وتـێڕوانینی باشتریان بۆ جیهان دەبێت .

جیـاوازی نێـوان نوێخـوازان لەگـەڵ موحافیزەکـاندا لەوە دا بوو کە چـەندڕێو شـوێنێکی واقیعیانـەیان بـۆ ڕزگارکردنی ژنان دانا بوو ،بـەڵام هـەرگیز لـە قـەید و پێوەندی بۆ چوونی پاکڕاگرتنی ڕەوشتی ژنان دەرباز نەببوون .

وا دیـارە زاڵبـوون بـە سـەر ژنـان دا بەشێکبوو لـە پێناسەی عوسمانی ،هەر کـاتێکیش هەسـتیان بـەوە کردبێت کە ئەو پێناسـەیە هەڕەشـەی لێدەکرێت ،لـە هەڵوێسـتەکانیان پاشـگەز بوونـەوە بـۆ نموونـە: بۆچونەکانی لیژنـەی " الاتحادوالـترقی " دەربـارەی ژنان : هەرکە زانییـان ئیمپراتۆرییـەتی عوسمـانی لـە مەترسی دایە، ڕاگـیران و کارایـان پێنـەکرا . ئـەنوەر پاش سەرکردەی دەردەنیلی لێ خسـت، کـاتێك بـۆی دەرکـەوت کـە کچـەکانی لـە سـەر بسـفۆر حـەمامی بەرهـــەتاو دەکـــەن و ســـاڵی ۱۹۱۷ لەلایـــەن لیژنەیەکەوە لە بارەی درێژکردنەوەی جل و بـەرگی ژنان وتوویژ کرا .

دەتوانـین لەمانـەی سـەرەوە دووتێبینـی دەرە ئەنجام بکەین :یەکـەم :ئەگـەر هـەڵبژاردە مـەدەنی و سـەربازییەکان لەسـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا جیاوازییەکیزۆریان لەگەڵ بیرۆکراتـە عوسمانیـەکانی سەدەی ١٦-١٧-١٨بووبێت ،بـەڵام هەمیشـە یـەکێك لەتـەقالیدەکانی دەوڵـەتیعوسمانییان وەك خـۆی پاراستووە ئـەویش ئـەوە بووەکـە : دەوڵـەت ڕازی نـابێت بێجگەلـە خـۆی هیـچ کەسـێك شـەرعییەت و دەسەلاتی هەبێت .

چاکسازییەکانی ئـەتا تـورك لـەباری ژنـاندا جـۆرە دووفاقییـەکی تیـا بـەدی دەکرێت، لـە لایەکـەوە دان بەمافەکانی ڕاستە قینەی ژناندا دانـەنێت، کـەچی لـە لایەکی ترەوە یاسا کانی جل و بەرگ و حەمامی بـەر خۆر وەك خۆی دەهێڵرێتەوە.

دووەم : جەسـتەی ژنیـان لـە هـەمان شـوێندا هێشـتۆتەوە، بـەوەی کـە نـەیان ویسـتووە زیـاتر هەنگاوبەرەو پێشەوە بنێن .

کۆماری تورکیا/ ۱۹۲۳ :

دوای سالّی ۱۹۲۳ چاکسازییە گشتیەکانی دەوڵـەت دەسـتپێدەکات، نـەك هـەر لـە بـواری بـارودۆخی ژن بـەڵکو لـە چـوار چێـوەی تایبەتمەندییـە دوو فاقییەکەشـدا . چاکسـازییەکان لـەبواری ژنـاندا چەندبنەمایـەکی دەسـتوری یاسـایی داڕشـت بـۆ ڕزگـارکردنی لەگـەڵ بـەردەوامی لەسـەر بەکارهێنانیوەك ڕواڵەتێکی هەڵوێسـتە سیاسـیەکانی دەوڵەت .ئەو یاسایەی کە عیلمانیەت بە سەر نـیزامی فێرکردندا دەسەپێنی، لە سـاڵی ١٩٢٤دا ، بەتـەواوی یەکسانینێوان کچ و کوڕ دەسـتە بـەردەکات . سـاڵی ١٩٢٦یاسـای سوێسـری پیـادە کـرا، کـە دوو ژنـە قەدەغە دەکـات و، یەکسـانی پیـاو و ژن لـە خێزاندا

دان پیاڤەنێت، کاتێ مستەفا کەمال بەوە تاوانبارکرا کە دیکتاتۆرە، چونکە پارتە نەیارەکەی هەڵوەشاندەوە ، سوودی لە پێدانی مافی سیاس بە ژنان وەرگرت، تاوای دەربخات کە دیموکراتی و پێشکەوتنخوازە، ئەم یاسایانە ڕێیان بە ژنان دا تا لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ساڵی ١٩٣٠ بەشداری بکەن هەروەها لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ١٩٣٤ بەوەش (١٩) ژن چوونە ناو پەرلەمان/ کەڕێژەی ٤,٥٪ دەنگدەران بوون . لەو کاتەدا ژنانی بەریتانیا لە پێناو مافی دەنگداندا خەباتیان دەکرد و ژنانی فەڕەنساش لە هەموو مافێکی سیاسی بێبەش بوون، کە تا دوای جەنگی دووەم نەیاندرایە .بەلأم هەرلەسەرەتای پەنجاکانەوە هەڵویستی دەسەلأتداران بەرامبەر بە ژنان گۆڕا .

هەندێك لە مێژوو نوسان ئەو چاکسازییانەی ئەتاتورکیان بەجۆرێك لە چاو بەست لێکداوەتەوە و پێیان وایە ئەوە بە شێك بووە لەو هەوڵانەی نوێخوازان بەمەبەستی نزیکخستنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە جیهانی سەرمایەداری بووە .

کەلەپوور و هەڵس وکەوتی بازاڕ:

لە دەوڵەتی عوسمانیدا بێجگە لە دەسەلأتی دەوڵەت، هیچ دەسەلأتێکی تری کۆمەلأیەتی نەبووە تەنانەت دامەزراوە ئایینییەکانیش سەر بە دەوڵەت بوون و نەیان توانیوە بێ قسەی ئەوان هیچ کارێك ئەنجام بدەن .

بۆ نموونە: قازی و مەلاکان وا راهێنرابوون کە هەوڵی چارەسەری کێشە یاساییەکان و بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانی خەڵك بەپێی شەریعەت بدەن، بەلأم لە ژێر چاودێری ڕاستەخۆی دەوڵەتدا .

ئەمەش کاریگەری بۆ سەربارودۆخی ژنان هەبوو لە تورکیا دا، چونکە هیچ کارێك بەبێ ڕەزامەندی دەوڵەت و ڕاسپاردەکانی جێبەجێ نەدەکرا، لەگەڵ ئەمانەشدا دەتوانین بڵێین، کە چاودێری گروپە ناوخۆیی یەکان تاماوەیەکی تریش هەر ئەمێنێتەوە، بەناوی ئایینەوە مەبەستە تایبەتییەکانی خۆیان دەڕەبڕن .....

بەلأم نەمانی ڕوالەتی شاری و تێکەلأو بوونی تورکیا بە بازاڕی جیهانی بەرەو ئەوە دەچێت کە بنەما ئابووری و کۆمەلأیەتییەکانی ئەم گروپە ناوخۆیی یانە بتوێنەوە، بەلأم بەتەواوی لەناو ناچن .

مارسال موس

و: ناودار شێخ مەحمود کەرکوکی

تەکنیکەکانی جەستە

— ١ —

من دەیسەلمێنم کە من لە بارەی تەکنیکی جەستەوە دەدوێم چونکە ئێمە دەتوانین تیۆرێک دابنێین دەربارەی جەستە... ئەویش لەبۆتەی لێکۆڵینەوەیەکدا، لە پێشانگایەکدا، بۆ وەسپێکی خاوێن و ساکار دەربارەی تەکنیکی جەستە.. مەبەستم لەم وشەیە ئەو رێگایانەیە لەم کۆمەڵگایە... یا لەوی دیدا، و بە شێوەیەکی ئاسایی خەڵک دەتوانن جەستەی خۆیان بخەنە کار.

دەمەوێ دەربارەی ئەوە بۆتان بدوێم کە باوەڕم وایە بەشێکە لەو وانانەی پێشکەشی دەکەم و ئەوەشی کە لە جێیەکی دیدا بەدیی ناکەین ئەوەیە کە دووبارەی دەکەمەوە لەوانەی زانستی وەسپکاری رەچەڵەکەکاندا و کەمن پێشتر چەند جارێک ئەزموونەکەییم تەواو کرد لەکاتی خوێندنمدا لە پەیمانگەی زانستی رچەڵەکەکان لە زانکۆی پاریس.

کاتێ زانستییەکی سروشتی پێشکەوتنێک ئەنجام دەدا... هەرگیز ئەنجامی نادات بەرەو لای بەرجەستە کراو نەبێ و هەمیشەش بەرەو لای نادیار... بەڵام نادیار بەردەوام لە سنووری زانستیەکاندا بوونی هەیە، لەوێ مامۆستایان (یەکدی دەخۆن) وەکو گۆتە دەڵێ و (دەڵێم یەکدی دەخۆن ئەگەرچی گۆتەش تا ئەم رادەیە سەلار نەبوو) و زۆرجاریش تەنگژەی بە پەلە لەو بوارانەدا سەر هەڵدەدا کە باش دابەش نەکراون و ئەم زەوییە وشکە کاکی بە کاکییانە هەمیشە هێمایەک هەڵدەگرن.

لە زانستیەیە سروشتیەکاندا وەکو چۆن ئێستا بەدی دەکرێ بەردەوام گۆشەیەکی نابووت هەیە... لەوێدا هەمیشە چرکەیەک هەیە زانستی هەندێ لە رووداوەکانی تیادا کەرژ نەکراوەتەوە بۆ هەستپێکراوگەلێک و چەمکەکانی ئەم رووداوگەلە کە تەنانەت هەر بە شێوەیەکی ئەندامەکی کۆنەکراوەتەوە... بڕە رووداو گەلێکن سنگی نەزانینیان لەسەر دادەکوتین (پرش و بڵاوەکان)... لێرەدا پێویست بە ناخاچوون و قووتخواردن هەیە...، ئێمە دڵنیاین کە لێرەدا حەقیقەتگەلێک هەیە دەبێ بدۆزرێنەوە: پێش هەموو شتێکیش چونکە ئێمە دەزانین کە ئێمە نازانین و هەستی

ناسکمان نیە دەربارەی رووداوو دیاردەکان... و من بە درێژایی سالگەلێکی درێژ لە کاتی خوێندنمدا دەربارەی زانستی وەسپکاری رچەڵەکەکان، دەبوایە من بخوێنم و قورسایی باری ئەم بێ بەختیيەو شووەیی (پرش و بڵاوەکان) هەڵگرم تاکو رادەیەك کە ئەم گۆشەیە بەراستی لە زانستی رچەڵەکەکاندا بە ئامێتەیەکی نا باووشاز دەژمێردرا، من زۆر باشم دەزانی کە بە رێگاوە رۆیشتن و مەلەکردن، بۆ نموونەو هەموو شتەکانی دی لەم جۆرە تایبەتمەندن بە کۆمەڵگەگەلێکی دیاری کراوەوەو بولینیزییەکان Polynstens وەکو ئێمە مەلەوانی ناکەن، وەچەی من وەك وەچەی ئێستا مەلەوانی ناکەن، بەڵام ئەم شتگەلە لە چ دیاردەگەلێکی کۆمەڵایەتین؟ ئەمانە دیاردەگەلێکی کۆمەڵایەتی (پرت و بڵاوبوون) و لەبەر ئەوەی ئەم گۆشەیە ترسە من زۆرجار کە بیرم لەم ــ پرت و بڵاوانە ــ کردۆتەوە بەلای کەمەوە هەموو جارێك ناچاربووم دەربارەیان بدوێم. لێم ببوورن ئەگەر من بۆ ئەوەی چەمکی تەکنێکی جەستە لەبەر دەمتاندا بەرجەستە بکەم... بۆتان دەگێڕمەوە کە لە چ بۆنەگەلێکدا بەردەوام بووم و چۆن توانیم کە بە شێوەیەکی روون گێچەڵە گشتییەکە بخەمەروو، مەسەلەکە هەندێ جار لە رێکردنێکی پڕ لە بە ئاگایی‌دا بوو هەندێ جاری دیش نائاگایی.

سەرەتا سالی ١٨٩٨ پەیوەست بووم بە لێکۆڵەرێکەوە ئێستا بە تەواوەتی ناویم لەبیر چۆتەوەو تەنها دوو پیتی سەرەتای ناوەکەییم لەبیر ماوە، ئەو لێکۆڵەرە وتارێکی زۆرجوانی لە ساڵی ١٩٠٢دا لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانی‌دا دەربارەی ــ مەلەکردن ـ بڵاوکردەوەو لە کاتی دیتنی‌دا خەریکی ئامادەکردنی ئەوکارە بوو.. باسی بایەخی مێژوویی و رچەڵەککاری مەسەلەکەی بۆ کردم، و ئەوەش بووە پنتی رەهابوون و چوارچێوە بۆ تێبینی، و دواتریش وەکو خۆم هەستم پێکرد ــ هاوژینی گۆڕانکاری تەکنیکەکانی مەلەوانی بووم لە وەچەکەی خۆمدا ـ قسەیەکی نەستەق هەیە دەسبەجێ ئێمەی زانایانی بیۆلۆجیاو زانایانی دەروون و زانایانی کۆمەڵناسی دەخاتە جەرگەی شتەکانەوە، جاران دوای ئەوەی کە فێری مەلەوانی دەبووین فێری قووت خواردنیان دەکردین و کاتێ کە فێری قووت خواردنیان دەکردین هەمان کات فێری چاو نوقاندن و دوایی چاو تروکاندیان دەکردین لەناو ئاودا.

بەڵام ئەمڕۆ تەکنیکەکە بە تەواوەتی پێچەوانە بۆتەوە، مەشق و فێرکردن بەوە دەست پێدەکات کە منداڵ لەناو ئاودا بمێنێتەوەو هەردوچاوی کراوە بێ، ئابەم جۆرە ئێمە منالان رادێنین تەنانەت بەر لە قووت خواردنیش بۆ کەوی کردنی بەر پەرچدانەوە خوڕسکی‌یەکانی کار کە بۆ چاو پڕ لە مەترسین... بەر لە هەموو شتێك پەیوەندی‌یەکی خێزانکاری لە نێوانیان و نێوان ئاودا و زاڵبوون بەسەر ترسدا دروستدەکرێ بە ئەفراندنی هەستکردنێکی دیاریکراو و ئاسوودەگی. هەروەها پاڵاوتن و هەڵبژاردنی وەستان و جوولانەوەکان ئەنجام دەردێ... کەواتە لەوێدا تەکنیکی قووت خواردن و تەکنیکی مەشق کردن لەسەر قووت خواردن دوایی دۆزینەوەیان هەیە لە سەردەمەکەدا... ئێوەش دەزانن کە مەسەلەکە بەراستی پەیوەندی بە فێرکارییەکی تەکنیکی‌یەوە هەیەو لەوێدا وەکو هەموو تەکنیککاری‌یەك مەشق کردن لەسەر مەلەوانی هەیەو لە لایەکی تردەوە.. وەچەی ئێمە لێرەدا گۆڕانکاری یەکی تەکنیکی تەواوی بینیوە: لە قەرەبووی هەموو جۆرە جیاوازیەکانی مەلەوانی ئازادا لە مەلەوانی‌دا جوولاندنەوەی هەردوباڵ و سەرمان بینی لە دەرەوەی ئاودا... شانبەشانی ئەوەش ئەو مەلەوانیەمان بزرکرد کە هەڵووشینی ئاو و رۆکردنەوەی رەچاو دەکرد. چونکە مەلەوانەکان خۆیان لە زەمانی مندا بە هەندێ جۆری پاپۆڕی هەڵم دەزانی، ئەو دەمە مەسەلەکە گەوجێتی دەنواند... بەڵام من تاکو ئێستاش هەمان جوولانەوە ئەنجام

دەدەم، من ناتوانم لە تەکنیکی خۆم دەربازیم، کەواتا ئێستا تەکنیکێکی جەستەیی تایبەتمەند هەیە، هونەرێکی جەستەیی کە زەمەنەکەمان بەو پەڕی وردبینییەوە دایڕشتووە... بەڵام ئەم تایبەتمەندییە خەسڵەتی هەموو تەکنیکەکانە، نموونەیەکی دی دێنمەوە:

لەکاتی جەنگدا توانیم گەلێ سەرنج دەربارەی تایبەتمەندێتی تەکنیکەکان ئەنجام بدەم، بەم جۆرەو ئەوەی پەیوەندی هەیە بە زەوی و سەرو بن کردنیەوە ئەوتیمە ئینگلیزییەی کە من لەگەڵیدا بووم نەیدەتوانی بێڵی فەرەنسی بەکار بێنێ ئەوەش ناچاری دەکردین - ٨٠٠٠ - هەزار بێڵ بگۆڕین کاتێ کە نۆرەی کاری تیمێکی فەرەنسی دەهات و بە پێچەوانەشەوە... ئەمەش تاراددەیەکی بەدیهی ئەوە دەسەلمێنێ کە چۆن دەست وردە وردە لەسەر ئەنجامدانی کار رادەهێنرێ، و هەر تەکنیکێك بەراستی شایستەی ئەم وەسپە بێ شێوەی خۆی هەیە! هەموو کۆمەڵگایەك مەرتاڵی تایبەتی خۆی هەیە، لە هەمان کاتدا بوارگەلێکم بۆ رەخسا کە جیاوازی نێوان سوپایەك و سوپایەکی دی ببینم، و لە بارەی بەڕێوە رۆشتنەوە رووداوێکم لە یادە، هەمووتان دەزانن تیپی پیادەی بەریتانی بە هەنگاوێك دەڕوات جیارازە لە هەنگاوی ئێمە: جیاوازە لە درێژەپێدان، جۆرەدرێژییەکی دی هەیە، من حاڵی حازر باسی دارەدارەی ئینگلیزی و جمووجوڵی ئەژنۆو شتی دی ناکەم، فەیلەقی ــ وورسیستر ــ لە شەڕی ــ ئیزن ــ دا سەرەنجامی باشی وەدەس هێنا شانبەشانی پیادەی فەرەنسی، داوای مۆڵەتێکی شاهانەی کرد کە زەنگ و تەپڵی فەرەنسی هەبێ، بەڵام ئەنجامەکەی زۆر هاندەر نەبوو... من نزیکەی شەش مانگ ئامادەی پێڕەو کاریەکانی ــ بیلول ــ بووم ئەم دیمەنەم بینی کەدێ: فەیلەقی ئینگلیزی پارێزگاری رەوتە ئینگلیزیانەکەی خۆی کردبوو بەڵام بەریتمێکی فەرەنسییەوە، ئەم فەیلەقە ئینگلیزییە بەدبەختە توانای ئەنجامدانی مانۆڕێکی نەبوو... هەمووشتێك لە رەوتەکەیدا ناجۆر بوو، کاتێ کە دەیویست بە هەنگاوێك رێبکات مۆسیقا لەگەڵ ئەو جوولانەوەیەیدا نەبوو بەرادەی ئەوەی کە فیلەقی ــ وورسیستر ــ ناچاربوو کەڕەنا فەرەنسییەکان پشتگۆی بخات، بەو جۆرە بە شێوازێکی زۆر وردو دووبارەکراو ئەوەم بینی کە پەیوەندی هەیە بە رۆیشتن و رەوت و شتی تری جیاوازی بنەڕەتی تەکنیکی نێوانی ئینگلیزو فەرەنسییەکانەوە، مامۆستا کورت ساش CURT SACHS هەمان تێبینی دەربڕی و لە کۆمەڵێ لە موحازەراتەکانیدا باسی کرد، ئەو دان بە جیاوازی گەورەی نێوانی رەوتی فەرەنسی و رەوتی ئینگلیزیدا دەنێ... بەڵام مەسەلەکە بەحاڵی حازرەوە پەیوەست نیە.. بە نزیکبوونەوە نەبێ لەبابەتەکە. ژمارەیەکی دیم لەم پێزانینانە لە نەخۆشخانە بۆ دەرکەوت کاتێ کە لە نیۆرك نەخۆش بووم... پرسیم لە کوێ ئافرەتم بینیوە بە شێوەیەك بڕۆن کە سستەرەکانی من پێڕەوی دەکەن، بوارێکی فراوان لە بەردەمدا رەخسا بۆ ئەوەی بیر لە کارەکە بکەمەوە لە دوایی دا بۆم دەرکەوت کە لە سینەمادا بینیومە، کاتێ بۆ فەرەنسا گەڕامەوە بەربڵاوی ئەم جۆرە رۆشتنەم بینی، بە تایبەتی لە پاریس، کچەکان فەرەنسی بوون و بە هەمان جۆر دەرۆیشتن، هەر بە راستیش جۆرەکانی بەڕێوە رۆیشتنی ئەمەریکایی بەهۆی سینەماوە گەیشتنە ئێمە، ئەمەش بیرۆکەیەك بوو دەمتوانی بە فراوانی پەرەی پێ بدەم، بارودۆخی باڵ و بارودۆخی دەست کاتێ کە بەڕێوە دەڕۆین دەبێتە بەرپەرچدانەوەیەکی تایبەتی کۆمەڵایەتی هەموو کۆمەڵگەیەك نەك تەنها هەر سەرنجامی هەندێ ئامێرکاری تاکە کەسی و هیچیتر، ئەم جۆرە تەکنیکانە مەودایەکی دەروونی هەیە، من هەر بۆ یادخستنەوە لەوباوەڕەدام کەمن دەتوانم ئەو کچە

بناسم کـه لـه دەزگایـەکی ئـاییندا پـەروەردەبووە، ئـەو زۆرجـار کـه بـەڕێوە دەڕوات هـەرو دەسـتی نووقاوە، مـن مامۆستای سـاڵی سێیەمم لـەیادە کـه بانگی دەکردم: (ئەی ئاژەڵ تۆ بە درێژایـی کـات کـه بـەڕێوەدەڕۆی هـەردو دەسـتت کراوەیـە) کـەواتا پەروەردەکردنێکی تایبەتی هەیە بۆ بەڕێوە رۆشتن.

نموونەیەکی دی: هەندێ بـارودۆخی دەست هەیـە، لەکاتی پشوودانداشیاوە یا ناپەسـەندە، بـەو جـۆرە بەهەموو دڵنیاییەکەوە دەتوانین کاتـێ کـه منداڵێك لە تەنیشت مێزێکەوە بـۆ نـان خـواردن دادەنیشـێ و هەردو ئانیشکی بەلەشیەوە نووساندووەو کاتێ کـه نـان نـاخوات هـەردو دەسـتی دەخاتـه سـەر هـەردوو ئەژنۆی، دەتوانین بڵێـن ئـەو منداڵـه ئینگلیزە، لاوی فەرەنسی نازانێ چۆن دابنیشێ، هەردو ئانیشـکی لـه شێوەی پانکەدایە، و دەیانخاتە سەر مێزەکە... ئیتر بەو جۆرە.

لە کۆتاییدا، لە بـارەی رۆیشـتنە رێگـاوە، دیسـان بینیـم، و هـەموو شـتان بینیتـان، تـەکنیك گـۆڕاوە، سـەرنج بـدەن مامۆستای وانـەی ــ جومباز ــ کـه دەرچووی باشترین پەیمانگەکانی ـ جوانفیـل ــ بـوو لە دەوروبەری سـاڵی ١٨٦٠دا، فـێری کـردم کـه رێگا ببڕم و هەردو مشتم بـه جەستەمەوە نووسـابێ ئەمـه جوواڵانەوەیەکـه دڕی هـەموو جووڵانـەوەکانی بـەڕێوە رۆیشـتن... سـاڵی ١٨٩٠ پێویسـت بـوو لەسـەرم پێشبڕکێکارە راهاتووەکان ببینم بـۆ ئـەوەی تێبگـەم کە پێویست بوو لەسەرم بە جۆرێکی جیاواز بـەڕێوە بڕۆم.

لە ماوەی چەند سـاڵێکدا ئـەم تێگەیشتنەم هـەبوو دەربارەی سروشتی کۆمەڵایەتی بـۆ ــ راهـاتن ــ بـه شـێوەیەکی رووونـتر وشـەکە بخەمـەروو لـه ــ داب و نەریت ـ و ـ وەرگـیراو ــ خووەکـان ــ ی ئەرەستۆ (کە زانایەکی دەروونی بووە) ئەو مەبەستی لـەم داب و نەریتە میتافیزیکییانە نیە، ئەم ـ بیرگە ـ سـەیرە، بابەتگەلی دانراوو یائتروحاتی کـورت و بـەناو بـانگ، ئەم داب و نەریتانە تەنها بە گۆڕانکـاری کەسـەکان و لاسایی کردنـەوەی کارییـەکانیان ناگۆڕێن، بـەڵام لـه بنـەڕەتدا لەگـەڵ کۆمەڵگـەکاندا و لەگـەڵ جۆرەکـانی پـەروەردەو بـارودۆخ و چەشـنەکانی رۆشـنبیری و شـێوەکانی شـکۆمەندیدا جیـاوازن، پێویسـتە لـه هەموو ئەمانەدا تـەکنیك و کـاری ئـاوەزی کردەیـی و هەرەوەزی و تاکەکەس ببینین... لەوێدا لـه کـوێ لـه داب و نەریتدا هیچ نابینین جگە لە رۆح و خووکارییـه بەرفراوانەکان کە تیادا بەرجەستە بووە.

بـەم جـۆرە هـەموو شـتێك نـەختێ بـەرەو ئـەو بارودۆخە پاڵم پێوە دەنێ کە ئێستا ئێمەی تیاین، لە کۆمەڵگەکەماندا، ژمارەیـه لـه مەزەنـەکان لەسـەر شـێوەی ــ کۆنـت ــ یا ــ دیما ــ بـۆ نموونـه لـه پەیوەندییە بەردەوامـەکانی نێوانـی زانستی ژیـان و زانستی کۆمەڵناسیدا جێگایەکی گەورە جێناهێڵی بۆ پەیوەسـتکاری دەروونـی، و مـن دەگەمـه ئـەو سـەرەنجامە کـه ئێمـه نـاتوانین بۆچوونێکـی ڕوون گەڵاڵەکەین دەربارەی ئەم هـەموو رووداوانـەی وەکـو رێوەرۆیشـتن و مەلـەوانی و شـتیتر ئەگـەر بێـت و نەچینـه جەرگـەی ئیعتیبارێکـەوە کەسـێ مـەوداو ئیعتیبـاری هـەبێ ئـەوەش لـەبری ئیعتیبـارێك چ میکانیکی یا فیزیایی بێ وەکو تیۆری شیتەڵکاری یا فیزیۆلۆجی بـۆ بـەڕێوە رۆیشـتن، بۆچوونـی سـێ ئاستی، تیـۆری ــ مرۆڤـی گشـتی ــ ئەوەیـه کـه پێویستە. هەروەها زریزەیەکی دی رووداوی تر هەیـه لـه هـەموو ئـەم رەگەزانـەی هونـەری بـەکارهێنانی جەسـتەدا خـۆی دەسـەپێنێ، رووداوەکـانی پەروەردەکاری دەسەپێنێ چونکە هەندێ منداڵ هەن بـه تایبـەتی توانـاو وزەی زۆر بێپایـانی لاسـایی کردنەوەیان هەیەو هەندێکی تریان تواناکانیان سستە بـەڵام هـەموویان بـه هـەمان پـەروەردەکاریدا تێدەپـەڕن بـه جۆرێك وامـان لێ دەکـەن بتوانـین لـه پاشماوەی زریزەکـه بگـەین، ئـەوەی ئـەنجام دەدرێ لاسایی کردنەوەیەکی هێژاو شکۆدارە.

منالّی به سالّداچوو، لاسایی کارگەلێك دەکاتەوە کەسەرکەوتنی وەدەست هێناوە و بینیویەتی کە بەهۆی کەسانێکەوە سەرکەوتووە کە جێی بڕوایین و دەسەلاتیان بەسەریدا هەیە، کار لە دەرەوە خۆی دەسەپێنێ، لە سەرەوە تەنانەت ئەگەر کارێکی بێلۆجی ڕووتیش بێ کە پەیوەندی بە جەستەوە هەبێ، تاکە کەس زنجیرەیەك لەو جموجوولانە دەخوازێ کە لێی پێك دێ لەو کارەوە کە لە بەرامبەریدا ئەنجام دەدرێ... یا خۆی لە بەرامبەر کەسانی دیدا ئەنجامی دەدات. هەموو ڕەگەزێکی کۆمەلایەتی بە شێوەیەکی دیاریکراو لە چەمکی شکۆی کۆمەلایەتی ئەو کەسەدا هەیە کە کار ڕێك و پێك دەخات، ڕەوایشە بۆ تاکە کەسی لاساییکەرەوە، لە کاری لاسایی کردنەوەی دواتردا هەموو ڕەگەزەکانی دەروونی و ڕەگەزی بێلۆجی هەیە، بەلاّم سەرجەم، هەمووان پابەستن بەو سێ ڕەگەزەوە کە بە شێوەیەك لەگەلّ یەکدا پەیوەستن دابڕانیان بۆنیە.

ئەم هەموو دەرەنجام و کارانە بە ئاسانی پەیوەندییان بە ژمارەیەك ڕووداووبەسەرهاتەوە هەیە، لە ــ سدون باست ـ دا کە لە ساڵی ١٩٢٢دا گەیشتە فەرەنسا بەلگەنامەیەك هەیە شایانی ئەوەیە ئێستێکی لە لادا بکەی دەربارەی بەڕێوە ڕۆیشتن لەلای ژنی ــ ماوەری ــ لە نیوزیلاندە ــ (مەلّێن ئەوان مرۆڤگەلی سەرەتایین، من لەو باوەڕەدام ئەندێ پنتدا لە ــ سلت ــ و ــ جەرمانییەکان ــ باشترن ((ژنانی ماوەری جۆرە ڕەوتێکی کاریگەرو بەتام دەکەن، واتا لە ڕاندنەوەی ناو تەنگەیان بە جۆرێکی جیاواز لە ریتمی پێیان، ئەوەش ئەوەیە کە لەبۆچوونی ئێمەدا زەوق و ڕووژاندنی تیانیە... بەلاّم لەلای ماوەرییەکان خۆیان جێگای سەرسامیەکی زۆر زۆرە، دایکان کچانیان لەسەر ئەم جۆرە ڕەوتە ڕادێنن کە پێی دەلّێن ــ ئۆنیۆ ــ گوێم لێ بووە دایکان بەو کچانەیانیان گوتووە کە لەڕاندنەوەی ناو تەنگەیان لە بیرچووە (تۆ پێڕەوی ئۆنیۆ ناکەی) کەواتا ئەمە شێوازێکی خوازراوبووە و کارێکی خوڕسکی نەبووە لەڕێوە ڕۆشتندا، بە گشتی لەوانەیە لەلای بەسالّدا چوودا شێوازێکی خوڕسکی نەبێ، تاوەکو بەلّگەکەش بەهێزتر بێ هاتنە کایەی هۆکاری تەکنیکی کاریگەری هەیە: کاتێ پێلاّو لەپێ دەکەین ئەو کارە بارودۆخی پێمان دەگۆڕێ، کاتێکیش بەبێ پێلاّو ڕێ دەکەین هەست دەکەین بارودۆخمان باشترە. لە لایەکی ترەوە هەر هەمان پرسیاری بنەڕەتی ئەوە ئاراستەی من دەکا لە بارەی هەموو ئەو بۆچوونانەوە کە پەیوەندییان بە هێزی جادووەوە هەیە، باوەڕ هێنان نەك هەر بە کاریگەری فیزیایی بەلّکو بە زارەکی جادوویی سروتکاری هەندێ لە کردارەکان من لێرەدا لەوانەیە زیاتر سەر مەیدانی بم نەك سەرووی مەیدان کە پڕە لە موغامەرە دەربارەی فزیۆلۆجیای دەروونی بۆ شێوازەکانی بەڕێوە ڕۆیشتن کە من لە بەردەمتاندا موغامەرەی تیادا دەکەم.

ئێستا باسی کارێکی ــ سەرەتاییتر ــ دەخەینەڕوو کە ئوسترالیەیە: ئەم جارەیان چۆنیەتی سروتی ڕاوو سروتی بەڕێوە ڕۆیشتنە لە هەمان کاتدا، ئێمە دەزانین کە مرۆڤی ئوسترالی دەتوانێ لە ڕۆشتنە ڕێگادا بەسەر کەنغەرو سەگی هۆڤیدا سەرکەوێ، یەکێ لە سروتەکانی بەڕێوە ڕۆشتن کە بەر لە سەد ساڵ هەستی پێکراوە ڕاوکردنی سەگی هۆڤییە لە لایەن هۆزەکانی نزیکی ئەدیلاند، ڕاوچی بەردەوام ئەم بالۆرەیە دەلێتەوە:

بە پەڕی هەڵۆ لێی بدە
بە پشتوێن پیاکێشە
بە میزەری سەر پیادا بماڵە
بە خوێنی خەتەنە بیکوتە
بە خوێنی دەست شل کوتی کە...
بە خوێنی بێنوێژی ئافرەت لێی دە
وای لێ بکە بنوێ... هتد

***

لە سـرووتێکی تـردا کەسـەکە پارچـە بـەردێکی بلوورین لـەدەمیدا هـەڵدەگرێ، ئـەو بەردانـە بۆکـاری جـادوو دەشـێن، گۆرانیـیـەکیش لـە هـەمان جـۆر دەڵێتـەوە.. بـەم جـۆرە ئـەتوانێ راوبکـات، خـۆی بەدرەختێکدا هەڵواسێ و بە پشـتوێنێك خۆیـی پێـوە ببەستێ تاوەکو باڵندە سەرکەشەکە دەکوژێ.

پـەیوەندی نێـوان هەڵسـوکەوتە جادوویـیـەکان و تـەکنێکی راوکـردن زۆر بەدیـهی و گەردوونیـەو ئێمـە ئەمـە بـەردەوام دووپـات دەکەینـەوە. ئـەم دیـاردە دەروونیـیـەی کـە لـەم سـاتەدا تۆمـاری دەکـەین لـە گۆشە نیگای زانایەکی کۆمەڵناسی راهاتووەوە دەرك کردنـی و تێگەیشـتنی زۆر ئاسـانە، بـەڵام ئـەوەی دەمانـەوێ ئێسـتا بیخەینـەڕوو بڕوایـە، ئـەو سـاتە دەروونیـیە کە لەوانەیە پەیوەست بێ بە کارێکەوە... ئەوە بـەر لـە هـەموو شـتێك کـارێکی بـەرگریکاری بیۆلۆجیـیـە، بـەهۆی وشـەگەلێك و ئامێرگـەلێکی جادوویـیەوە هاتۆتەدی، جم و جوولّی تەکنیکی، جم و جوولّی فیزیایی، جـم و جوولّـی جـادوویی ــ ئـاینی هەموو تێکەڵاوو ئامێتەیەك دەبن بە گوێرەی بکـەر، ئەمە ئـەو رەگەزانەیـە کـە لـەلای مـن هـەن، هـەرچی باسـم کـردووەو بینیومـە قایلیـان نـەکردووم، بینیـت چۆن دەتوانم وەسپی بکەم بەڵام ناتوانم رێکی بخەم، من هیچ ناوێکم نـەدەزانی، چ ناونیشـانێك بدەم بـەم هەموو دەراوێشتانە، مەسەلەکە ئاسان بوو، هیچم بـۆ نەمایـەوە ئـەوە نـەبێ بکەومـە دابەشکردنی کـرداری تەقلیدیـیـەکان و بیـان کـەم بـە تـەکنیك و سـرووت، ئەوەش دابەش کردنێکە لەو باوەڕەدام دروسـتە وەك ئەو بنەمایانەی کە لەسـەری دامـەزراوە، هـەموو ئـەم شێوازانەی کار، تەکنیکی جەستە بوون.

بـەدرێژایی چـەندین سـاڵ هەڵـەمان کـردو هەڵـەم کـرد... هەڵەیـەکی بنـەڕەتی ئـەوەش لـەوەدا دەردەکـەوێ کـە ئیعتیبـاری بوونـی تـەکنیك نـەکرێ بەبێ بوونی ئامێر، پێویسـتە لەسـەرمان بگەڕێینـەوە بـۆ چەمکگـەلێکی دێرینـن، بـۆ دەراویشـتە ئیفلاتوونیـیەکان لـە بـارەی تـەکنیك وەکـو چـۆن ئیفلاتـوون لـەبارەی تـەکنیکی لەشـەوە دەدوێ و بـە تایبەتیش تەکنیکی سەماکردن و پـەرەپێدانی بـەکار هێنانی چەمکەکەی.

مـن نـاوی لێ دەنێـم: کـاری تـەقلیدی کاریگـەرو بـە کەڵك و (ئێوە لـێرەدا دەبینـن جیـاواز نیـە لـە کـاری جادوویی، ئاینی، جەڤەنگی) پێویستە کار تەقلیدی و کاریگەربێ.

ئەگەر تەقلیدکاریگـەلێك نـەبێ نـە تـەکنیك هەیـە و نـەکاری گوازتنـەوە، لەمەشدا مـرۆڤ تایبەتمـەندێتی هەیـە لەگـەڵ ئـاژەڵدا لـە گوازتنـەوەی تـەکنیکداو لەوانەیە تایبەتمەندیتێکەی لە گوازتنەوەی زارەکی دا بێ.

بـوارم بـدەن مـن وای دابنێـم کـە ئێـوە رەچـاوی راڤەکانم دەکەن، بەڵام جیاوازی چیە لە نێوانی کاری تەقلیدی کاریگەریی ئاین، کاری تـەقلیدی کاریگـەری جەڤەنگی یاسایی، کارەکـانی هاوبەشـی ژیـان، کـارە رەوشـتیـیەکان لـە لایەکـەوەو کـارە تەقلیدیـیـەکانی تەکنیکەکان لە لایەکی تردەوە؟ جیاوازییەکە لەوەدایە کـە بکـەر هەسـت بـەم کـارە دەکـا وەك کـارێك سسـتەمێکی میکـانیکی، فیزیـایی، یـاخود فیزیـا کیمیـایی و بـەردەوامبوونیش لـەم ئامانجەدایـە. لـەم مەرجانـەدا دەبـێ بـە ئاسـانی بڵێـین: ئێمـە بەرامبـەر تەکنیکـەکانی جەسـتەین، جەسـتە یەکـەم ئـامێری مرۆڤـەو لـە هەمووشیان زیـاتر سروشـتییە، یـا بـە شێوەیەکی دیاریتر بڵێین، بەبێ ئاخـافتن دەربـارەی ئـامێر، یەکـەم بابـەتی تـەکنیکی و لـە هـەموو بابەتـەکانی تـر سروشـتیترو لـە هـەمان کاتیشـدا پەیوەسـتەگی تـەکنیکی بـۆ مـرۆڤ جەسـتەیەتی، دەسـبەجێ هـەموو جـۆرە گەورەیـە لـە زانسـتی کۆمەڵناسی وەسپیدا لە گۆشەی ـ پرش و بڵاوەکـان ـ لەناو دەچێ و شێوەیەك وەردەگـرێ و بـەم جـۆرە روون بۆ وە بۆمان لە کوێدا دایبنیین.

بەر لە تەکنیکەکانی ئامێرو ئامرازەکان کۆمەڵێ تەکنیکی جەستە هەیە، من لەسەر دووپاتکردنەوەی گرنگی ئەم جۆرە کارە کاری پۆلاندنی دەروونی و کۆمەڵناسی، پێ دانـاگرم، بـەڵام کـارێکی گرنگـەو لـەوەدا رۆڵ دەبینێ سستمێك لـە هزرەکان دابنـێ، کاتێ کە هیچ سستەمێك لەوێدا نیـە، تەنانـەت لـەناو ئـەم کۆکاریـیـەی کـردارو دەراویشـتەکاندا مـەبدەء رێگـای پۆلاندنێکی ورد دەدات، تـا ئـەم راهێنانـدنـە بەردەوامـە لەگـەڵ ئامـانجێکی فیزیـایی، میکـانیکی، کیمیـایی‌دا (بۆنموونـە کاتـێ دەخۆینـەوە) هـەر بەردەوام دەبێ لە زنجیرەیەك کارگەلی ئامێتەدا لەلای تاکەکەس، نەك تەنها هەر بەهۆی کۆمەڵگەوە کە ئـەو بەشێکی بچووکە لێ بە گوێـرەی ئـەو جێگایـەی کـە هەیەتی.

سەرباری ئەمەش، لـەتوانادا هەیـە زۆر بـە ئاسـانی ئـەم هـەموو تەکنیکانـە بخەینـە نەسـەقێکەوە هەموومان تیادا بەشداری بکەین:

چەمکی بنـەڕەتی لـەلای زانایـانی دەروونناسـی دەربارەی ژیانی جەڤـەنگکاری رۆح چەمکێکـە بـە تایبـەتی لـەلای ـ ریفـۆس ـ و ـ هـاید ـ بـەدی دەکـەین. ئـەوەش ئـەم چەمکەیـە کـە دەربـارەی چالاکیەکانی هەست هەمانە بەو پێیـەی نەسـەقێکی تـەواوە لـە پارچـە پارچـە کـردن و ئامێتـەکردنی جەڤەنگیی.

دەشێ نەتوانم ئەمانـە تەواوکـەم کـە دەیانخەمـەپو ئەگـەر هـاتو ویستم هـەموو ئـەم رووداوانـە بخەمـە بـەردەمتان کـە دەتوانـین بیـان ژمـێرین بـۆ ئـەوەی بەشداری کردنـی جەستەو جەڤەنگە رەوشـتییەکان یاخود هزرییـەکان بخەینـە ڕوو، بـا لـەم حاڵەتـەدا سەیری خۆمـان بکـەین، هـەموومان هـەرچیمان تیـادا هەیە، جڵەوکێش دەکرێ، مـن ئێستا لـە نێوانتـاندام لەبەر ئەوەی موحازەرەم هەیە، ئـەوە لـە دانیشـتن و لە دەنگمدا دەبینن، ئێوەش بەبێ دەنگی دانیشتوون و گوێدێرمـن، یەکـەم: کۆمـەڵێ هەڵوێسـتگەلی رێ پێدراومان هەیە کە سروشتیشـە یەکـەم، بـەم جۆرە ئێمـە بەهاگـەلێکی جۆراوجـۆر دەخەینـەروو بـۆ چەسپاندنی بـاری سـەرنج لـە قسـەبێژدا: بـۆ نموونـە ئەمە لـە سـوپادا بـە دروشمێکی رەوشت بـەرزی لـە قەڵەم دەدرێ بە دروشمێکی بەد رەفتاریش لە ژیـانی ئاسایی‌دا.

٢ـ مەبدەئگەلێك بۆ پۆلاندنی جەستە

لەم چەمکی تەکنیکانەی جەستەوە دەسبەجێ دوو شت دێتە کایەو بە پێی جنس و بە پێی تەمەن دەبن بە دوو بەشەوە:

أ. دابەش کردنی تەکنیکەکانی جەستە لـە نێوان دووجنسدا (نەك تەنـها و تەنها دابەشکردنی کارەلـە نێوانی دوو جنسدا) شاراوە ئیعتیبارێکی دیاری هەیە، تێبینییـەکانی ـ یـرك ـ و ـ کلـهر ـ دەربـارەی بارودۆخی شتەکان بە گوێرەی جەستەو بەتایبەتی لە ئاستی پشتوێنەدا بە گوێـرەی تاکـە کـەس دەتوانـێ تێبینگەلێکی گشتی بوروژێنێ دەربارەی بـارودۆخی هەمـەجۆرو هەڵوێستەکانی جەستە لـەلای هـەردوو جنسـەکە بـە گوێـرەی شتگەلێك لـە حاڵـەتی جـم و جوولـدا، دەربـارەی ئـەم پنتـەش تێبینگـەلێکی کلاسـیکی هـەن سـەبارەت بـە مـرۆڤ پێویسـتە قوولبکرێنـەوەو تـەواوکرێن، مـن لافـی شـارەزابوون لەبارەی هەموویەوە لێ نادەم و تەنانەت ئەگـەر لافی بەهرەمەندیشم لـەو بارەیـەوە لێدا ئـەوا مـن کـاتی تەواوم بۆ ئەو کارە بە دەستەوە نیە، هەر بۆ نموونـە با باسی شێوەی چنگ نووقاندن بکەین.

پیـاو واراهـاتووە کـە چنگـی بنووقێنـێ پەنجـە کەڵەی دەخاتـە دەرەوە... بـەڵام ژن پەنجەکەڵـەی دەخاتە ناوچنگیەوە، لەوانەیـە واپـەروەردە کرابـێ بەڵام من دڵنیام تەنانـەت ئەگـەر واش رابـهێنرێ هـەر گـران دەکەوێتـەوە، و مشـتەکۆڵەکەی نـەرم و نـۆڵ دەبێ، و هەمووانیش دەزانن بەردەاویشـتن لـەلای ژن نەك هەر نەرمونۆڵی دەنوێنێ و بەس بەڵکو هەمیشە

جیاوازه له بەردەاویشتنی پیاو، ئەستوونیيە له بری ئەوەی ئاسۆیی بێ، لەوانەیە مەسەلەکە پەیوەست بێ بە دوو شێوازی جیاوازەوە لە پێشکەشکردنی زانیاری، چونکە کۆمەڵگەیەک بۆ پیاو هەیەو یەکێکی دی بۆ ژن، بەڵام من لە هەمان کاتدا لەو باوەڕەدام کە جگە لەوە شتگەلی بیۆلۆجی و شتگەلی دەروونی هەن کە دەبێ بدۆزرێنەوە، بەڵام لێرەداو جارێکی دی زانای دەروونناسی بە تەنها خۆی ناتوانێ ڕاڤەگەلێك بخاتەروو جێی گومان نەبێ و پێویستە لەسەری داوای یارمەتی دان لە هەردو زانستی هاوتەریب بکات: فیزیۆلۆجیاو زانستی کۆمەڵناسی.

٣ـ جۆرەکانی تەکنیکی جەستە بە گوێرەی تەمەن:

منداڵ بە شێوەیەکی سروشتی لەسەر چیچکان دادەنیشێ، بەڵام ئێمە بەڕای ببڕ ناتوانین لەسەر چیچکان دابنیشین و من لەو باوەڕەدام کە ئەمە گەوجی و کەمو کووڕییە لە ڕەگەزو شارستانی و کۆمەڵگەکانماندا، نموونەیەك دەخەمەروو: لەگەڵ ئوسترالیيە ــ سپیيەکاندا ــ لەبەرەکانی جەنگدا ژیام، بە بەراوردکردنیان لەگەڵ منداڵ دەسپێشخەری و بڵندکارییان هەبوو، کاتێ کە حاڵەتی ئامادەگیمان ڕادەگەیاند دەیانتوانی لەقوڕو لیتەدا یاخود لەناو ئاودا لەسەر پاژنەی پێیان دابنیشن، ئەو کارە دەیحەساندنەوە چونکە جەستەیان دەخستە سەر پاژنەیان، من ناچاربووم بە پێوە ڕاوەستم، دانیشتن لەسەر چیچکان بە باوەڕی من بارودۆخێکی گرنگە دەتوانین لەلای منداڵ بی پارێزین، گەورەترین هەڵە ئەوەیە کە پێی تەرك کەین، سەرجەمی مرۆڤایەتی کۆمەڵگەی ئێمەی لێ دەرچێ ئەم دانیشتنەی پاراستووە، واش دیارە کە بەهۆی یەکبەدوای یەکداهاتنی ڕەگەزی مرۆڤایەتی، بایەخی ئەم دانیشتنەش گۆڕاوە، ئێوە دێننەوە یاد کە کەوانەیی ئەندامەکانی خوارەوە لەدێرزەماندا بەهێمای نوشوستی و تێکشکان دەژمێردرا، ئەم ڕواڵەتە ڕەگەزییە ڕاڤەگەلێکی فیزیۆلۆجی بۆکرا، ڕاڤەی ــ فیرشو ــ مرۆڤی دوو پێی کەوانەیی بە مرۆڤێکی بەدبەخت و بێبەها دادەنا، ئەو کەسەی ژیانی لە بارودۆخی بە چیچکانەوە دانیشتندا بەسەر دەبرد، کەواتا شتگەلێك هیە سروشتێکی زگماکی هەیە لە کاتێکدا و لە ڕاستیدا سروشتێکی فیزیۆلۆجی هەیە، سروشتێکی دەروونی و سروشتێکی کۆمەڵایەتی، هەموو جۆرێکی تایبەتمەندی پاژنە تەنانەت یەسقانیش لە دەرەنجامی شێوازێکی تایبەتی جوواڵاندنەوەو پشوودانەوە دێتەکایە، مەسەلەکە ئێستا زۆر ڕوونە، لە نێوان ئەم خستنەڕووەوە نەك هەردەتوانرێ تەکنیکەکان ڕێکخرێ و پۆلێن کرێ و بەس، بەڵکو هەموو جۆرەکانی بە گوێرەی تەمەن و بە گوێرەی ڕەگەز ڕێکخراوە. ئەگەر ئەم ڕێکخستنەش سازکرێ کە لەسەر بنەمای ئەمە هەموو چینەکانی کۆمەڵگە دابەش دەبێ... دەتوانین بیر لە بنەمایەکی سێیەمی ڕێکخستنکاری بکەینەوە.

٤ . ڕێکخستنی تەکنیکەکانی جەستە لە پەیوەندییەکانیدا بەکار دانەوەوە.

دەکرێ تەکنیکەکانی جەستە لەسەر بنەمای کاردانەوەی و لەسەر بنەمای دەرئەنجامەکانی ڕاهێنانێوە ڕێك بخرێ، ڕاهێنان وەك ڕێکخستنی ئامێرێك، گەڕانە بە دوای دەسکەوتی کاردانەوەدا، و کاردانەوەش لێرەدا مرۆییە، کەواتا ئەم تەکنیکانە پێوەرگەلێکی مرۆڤایەتین بۆ ڕاهێنانی مرۆیی.

مرۆڤ بەویستی خۆی ئەمەڵسوکەوتانەی بەسەر خۆی و منداڵەکانی دا چەسپاندووە کە بەسەر ئاژەڵیدا دەچەسپێنین، منداڵان یەکەمین بوونەوەرن کە بەم شێوەیە ڕاهێنراون، لە دەرئەنجامی ئەمەشدا دەتوانم ئەم تەکنیکانە بەڕاورد بکەم، چە لە خودیداو چە لە کردەی گوازتنەوەیدا بە شێوەکانی ڕاهێنان و ڕێکخستنیش بە گوێرەی پلەی

سوودەکانی، ئالێرەدا چەمکێکی زۆر گرنگ، رەچاو دەکرێ لە زانستی دەروونیدا، هەروەها لە زانستی کۆمەڵناسی‌دا، ئەم چەمکە راڤەی هەموو ئەوانە دەخاتەروو کەمانای راهاتنیان هەیە لە هەموو ئەو جموجوڵانەیاندا کە لەگەڵ مەبەستەکاندا دەسازێ، ئێمە جارێکی دیش خۆمان لە بواری تەکنیکدا دەدۆزینەوە.

پەراوێز:

١. بۆ زیاتر شارەزایی لە بارەی مێژووی هزری جەستە لەناو زانیارییە کۆمەڵایەتییەکاندا بڕوانە: بارتلۆو کەسانی دی لە: زانستی‌یەکانی کۆمەڵناسی و جەستە/ ١٩٨٥ و current sociology, Vol 53 h2.

٢. جورج سمیل: هەوڵێك دەربارەی زانستی کۆمەڵناسی ماناو: زانستی کۆمەڵناسی و ئەبستمۆلۆجیا، پاریس، بلاوکراوە زانکۆییەکانی فەرەنسا ١٩٨١ ص ٢٢٥.

٣. روبرت هاتز: پێشدەستی، دەستی راست و لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی تەوەرکاری ئایینییەوە، زانستی کۆمەڵناسی ئایینی و فۆلکلۆر، پاریس، بلاوکراوە زانکۆییەکانی فەرەنسا ١٩٧٠ ص ٨٦.

٤. G.Boteston. M.mead: Blinese character. Newyork Academy of science 1942.

٥. میشال برنار لە کتێبێکدا کە گۆبەنگێکی هەڵگیرسان شێوەیەکی دی خستەروو لە شێوەکانی فرەبۆچوونی ـ بابەتی ـ جەستە: هەموو جۆرەکانی زانستی مرۆڤایەتی بە گشتی پێشنیاری بۆچوون و گۆشەنیگای جۆربەجۆر دەخەنەروو دەربارەی جەستەو هیچیشیان بۆ ئەوی دییان ناگەڕێتەوە، تەماشای میشار برنار بکە: جەستە/ پاریس دولارج ١٩٧٩.

٦. ئیغون فاردی: شێوەکانی گوتن، شێوەکانی کردار، پاریس، ڤالیمار ١٩٧٩، ص ٢٠.

٧. بۆ شارەزایی زیاتر دەربارەی ئەم لایەنە سەیری دافیج لۆبرۆتۆن بکە: ئەنترۆپۆلۆجیای جەستەو نوێگەری، سەرچاوەیەکی ناوبراوە.

٨. موریس لینهاردت: دوکومو: کەس و ئەفسانە لە جیهانی ـ میلانیزیانی ـ دا، پاریس ڤالیمار، ١٩٤٧.

٩. امیل دورکهایم: شێوە سەرەتاییەکانی ژیانی ئاینی، پاریس بلاوکراوە زانکۆییەکانی فەرەنسا ١٩٦٨ لاپەڕە ٣٨٦.

١٠. هەر بۆ نموونە: ج کلام ـ ڤریول: زانستی رچەڵەك و زمان: وشە لە لای دۆڤۆن، ڤالیمار/ ١٩٦٥. ج

١١. بڕوانە دافید تۆبرۆتۆن: ئەنترۆبۆلۆجیای جەستەو نوێگەری.

١٢. کلۆدلیڤی شتراوس: کاریگەری رەمزی، ئەنرۆبۆلۆجیای بونیادگەری/ پاریس، بلون، ١٩٨٥، دەربارەی رەخنەی دوانەکی... بڕوانە، دافید لۆبرۆتۆن، جەستەو ئەنترۆبۆلۆجیا دەربارەی کاریگەری رەمزی، دیوجین ژمارە/ ١٥٣/ ١٩٩١ لاپەڕە ٩٢/١٠٧.

١٣. ئەندری جولس: شێوەگەلێکی ئاسان/ پاریس، سوی ١٩٧٢ ل/ ٤٢.

١٤. تەماشای دافید لۆبرۆتۆن بکە: جەستەگەل و کۆمەڵگەل ، پاریس/ طلینکسایك/ ١٩٨٥.

١٥. ج.م. برژلوث: جەستە و کۆمەڵ/ ئەو کێشە پیرەوکاری یانەی کە نزیککاری سۆسیۆلۆجی جەستە دەیخاتەروو، نامیلکە نێودەوڵەتییەکانی زانستی کۆمەڵناسی/ ژمارە XXIV ١٩٨٣ لاپەڕە ١١٩ـ١٣١.

١٦. ج.م برتیلوت: سۆسیۆلۆجییەکان و جەستە، سەرچاوەیەکی ناوبراوە/ ل ١٣١.

١٧. لۆك بلتانسکی: بەکارهێنانەکۆمەڵایەتییەکانی جەستە/ سالنامەکان/ ژمارە ـ ١ـ ١٩٧٤ ل ٢٠٨.

بیرکردنەوە لە جەستە ئەمانباتەوە سەر زەمەن، زەمەنیش بۆ خۆی منداڵیی جەستە و گەنجی و پیریی دەخاتە روو، جەستە بۆ خۆی هەر وەك جەستە و بە شێوەیەکی سەربەخۆ باسنەکراوە بەڵکو لە باسکردنا تێکەڵاوی شارستانی و ئەخلاق و پزیشککاری و ئەدەب و زمان و فەلسەفەو لایەنەکانیتر بووە. کە باس لە پزیشکی دەکرێ جەستە ئامادەیی دەبێت، کە باس لە دەروون دەکرێت جەستە وەك بەرامبەرێك ئامادە دەبێت، یا لە فەلسەفەدا هەر لە کۆنەوە فەیلەسوفەکان باسیان کردوە و رای جیاجیایان دەربارەی (ئەم)و دەروون هەبووە، سەربەخۆن یا سەربەخۆ نین، جەستە لە پێشە یا دەروون و رۆح.

لە پێشەکی ئەم کتێبەدا (ما فلسفة الجسد) فەلسەفەی جەستە چییە؟ (الشاذلی الساکر) ئەو فەیلەسوفانەی کە باسی جەستەیان کردووە دەکا بە چوار بەشەوە:

بەشی یەکەم: پێکهاتووە لە ئیفلاتون و ئەرستۆ و دیکارت و سبینۆزا و برجسن و هیگل و نیتشە،نووسەر وای بۆ دەچێ کە جەستە لای ئەمانە بە قوواڵی باسنەکراوە یا زۆری لەسەر نەڕۆیشتون. عەقڵ و ژیان و رۆح مەبەست بووە.

جۆری دووەم: بریتییە لە باسکال و هیدگەر و ئینامینو و جونکلفتش و لاڤال و لوکونت دی نوی، لای ئەمان وەك شتێك وایەکە پەیوەندی بە زەمەن و مردنەوەیە.

بەشی سێیەم: بریتییە لە سارتەر و مارلۆ بونتی و رۆلان بارت و میشێل فۆکۆ.

بەشی چوارەمیش ئەوەیە کە ئەمڕۆ بەکار دەهێنرێ و هۆکانیشی زۆرن: ئەمڕۆجەستە روبەروی چەند کارێکی بێڵۆجی بۆتەوە وەك یاریکردن بە جینات و فۆتۆکۆپی مرۆ یا کوتانی چینی و یۆگاو چەندین جۆری یاریکردن، دیارە لە مانەدا ئەوەندەی

شەوبۆ عەزیز

فەلسەفەی جەستە


ئەخلاق و ئایین و شتی‌تر مەبەستە ئەوەندە جەستە خۆی مەبەست نییە. لای ئەفلاتون تەنها نەفسی مرۆ دەمێنێتەوە لایەنە شەهوانییەکەی نەبێ. جەستەیش بە هۆی پیسییەوە دەروونی پیس کردووەو لە پایەی کەمکردۆتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە جەستەو نەفس لە جەوهەردا یەکیان گرتووە و بێیەك هەڵناکەن.

دیکارت بۆ خۆی پەنادەباتەوە بەر دوانەی جەستە/ نەفس و تیۆری جەستەی ئامێر دادەمەزرێنێ. جەستە لای دیکارت ئامێرەو رۆح دەیبزوێنێ.

سبینوزا رای دەربارەی جەستە جیایە لە بیروڕای ئەو فەیلەسوفانەی کە ناومانبردن و بەم شێوەیە سەیری جەستەو نەفس دەکات ((هەر دووکیان دوو جەوهەری جیانین لە یەك بەڵکو هەردووکیان دوو سیفەتن بۆ یەك جەوهەر)).

و هەموو جیاوازییەکیش بەشتێکی دەرەکی دادەنێ لە نێوانیاندا بە مانایەکی‌تر هیچ جیاوازییەکی وا نابینێ لە نێوانیاندا، زیاتر لەمە دەڕواو بگرە نەفس بە پاشکۆی جەستە دادەنێ، و نمونەش بۆ ئەمە دێنێتەوە بەوەی کە جەستە لە خەودا کە دەکەوێتە باوەشی ئیسراحەتەوە نەفسیش لەگەڵیا ئەم حاڵەتە وەرئەگرێ.

لە ئاینە ئاسمانییەکاندا جەستە بەقەدەر رۆح گرنگی نییە، چونکە رۆح نافەوتێ بەڵکو جەستەیە قابیلی فەوتان و ئاوابوونە بەڵام جەستە لەم ئایینانەدا مولکی مرۆ نییە بەڵکو مولکی خودایە، هەر لێرەوەیە خۆکوشتن بە کارێکی ئیجگار خراپ دانراوە و حەرامکراوە چونکە کە مرۆ جەستەی خۆی بە دەستی خۆی لەناو ئەدا وەك ئەوە وایە دەسکاری مولکی خودای کردبێت و شێواندبێتی. مرۆڤی سەرەتایی لە مانای هاوچەرخی ئێستای جەستە ناگات، جەستە شتێك نییە لە مرۆڤی سەرەتایی جیابێت، بیر لەوە ناکاتەوە کە جەستەیەکی تایبەتی جیای هەبێت لە جەستەکانی‌تر، جەستە زمانی



تایبەتی خۆی هەیە، زمانێکی چڕوپڕە مرۆڤ پێش ئەوەی قسەبکات بە زمانی جەستە چەندین شت و نهێنی ژیانی خۆی دەربڕیوە. هەندێك وای بۆ دەچن کە جەستە بۆ خۆی سیستمێکی زمانەوانییە رەنگە لە هەندێك رووەوە باشتر لە سیستمی زمانەوانی مرۆ شت دەربڕی. رەنگ و شێوەو بۆن و سوورهەڵگەڕان، رەنگبزرکان، شێوەی دەنگ، ئەمانە هەموو پەیوەندییان بە جەستەوە هەیە و هەر یەکەیان لە حاڵەتی تایبەتیا شت دەرئەبڕن و دەبن بە وەسیلە بۆ گەیشتن، هەر بۆیە ئەمڕۆ لە شانۆ و سەمادا جەستە رۆڵی سەرەکی دەبینێ و رەوانبێژی جەستە لە رەوانبێژی زمانی ئاسایی مرۆڤ کاریگەرتر دەبێت.

لە تەوەری کەوتنە ناو جەستەوە سەرەتا باس لە جەستەی پیس دەکات و لەوە ئەدوێ کە زۆر شتی ناشیرین لەگەڵ بوونی مرۆڤدا هەیە وەك قڕقێنە، تفکردن، مێزکردن، هەوابەردانەوە، حەیزو رشانەوە کە بە نیشانەی کەوتنی دانراون. مرۆ هەمیشە بۆ شاردنەوەی کەوتنیجەستەی پەنایبردۆتەوە بەر خشڵ و زێر و جوانکاری و ئەمڕۆ هەوڵداوە بۆ پێکهێنانی شارستانی جەستە چەندەها چەمك و زاراوەی لێبێتەوە وەك رێکپۆشی و رەشاقەت.

سەبارەت بە پیسی جەستەی ئافرەت هەر لە کۆنەوە فەلسەفەو ئایینەکان بۆ ئەوە چوون دەروونی مرۆڤ ئەوەی تیا چەسپیوە کە جەستەی ئافرەت پڕە لە نەجاسەت، بۆ ڕێگرتن لە نەجاسەتی لەشی مرۆڤ و بۆن و سابون و دەیەها شت بەکار دەبرێ. ئەمانە لەش جواندەکەن لە هەمان کاتدا لایەنە سلبییەکەی ئەوە دەرئەخات کە لەشە جوانکراوەکە لەشە راستەقینەکە نییە بەڵکو لەشێکی ترە، مرۆڤ بۆ رزگارکردنی جەستەی لە کەوتن پەنا دەباتە بەر کەرەستەی جوانکاری کە زیانێکی مادی زۆری لێئەدات.

زۆر جار خوو رەوشتی کۆمەڵایەتی جەستە ناچاردەکات بێدەنگ بێت بە تایبەتی لە شوێنی تایبەتیدا بۆ نموونە قڕقێنە، تڕلێدان، قۆڕەی سك ئەمانە ئیشارەت و دەربڕینی جەستەن.

خاوەنی جەستەی نەخۆش هەموو کاتێك هەست بە تەنیایی دەکات چونکە ئازار کێشانەکەی هەر بۆ خۆیەتی، واتا هەر بو تاکەکەیە.

کەسی بە سالاچوو یا کەسی پیر لە رێگای خەڵکی ترو شتی ترەوە باوەڕ بە تێکچوونی جەستەی دەکات، بۆ نموونە، ئاوێنە بە ئاگای هێنێتەوە کە پیر بووە. لە بەشی پێنجەمدا نووسەر دێتەسەر خەولێخستنی موگناتیزی و یۆگا و شێوەکانیان و پەیوەندییان بە جەستەوە چۆن کاری لێ دەکەن.

جەستەی پینەکراو یا جەستەی زیندوی ئەلەکترۆنی لەم سەردەمانەدا پەرەی سەندووەو بووەبە دیاردە پەرەسەندنی پزیشککاری و ئەلەکترۆنی لە پاڵ وەگەڕخستنی جەستەی پینەکراودان.

جەستە کە بەشێکی لێ سەقەت دەبێت، وەك دەستێك، قاچێك ئەوە دەستێکی سەناعی بۆ ئامادە دەکەن و دەیخەنە شوێنەکەی واتا بە شێوەیەکی سەناعی پینەی دەکەن. گۆڕینی دەست، پەنجە، ئەژنۆ بووە بە کارێکی ئاسایی بەڵام ئەم پینەسازییە مرۆڤەکە دەخاتە حاڵەتی دڵەڕاوکێوە نامۆبوونی تیا دروستدەکات، چونکە خۆی هەست بەوە دەکات شتێکی نامۆ هاتۆتە جەستەیەوە.

بەشتکردنی جەستە هەندێك نیشانەو ئاماژەی بە سەر جەستەدا سەپاندووە .کۆمەڵ بەشێوەیەك لە شێوەکان هەوڵیداوە جەستەی ئەندامەکانی بخاتە ژێر کاریگەری چەندەها مەرجەوە بە جۆرێ یەخەدا یا کلاودا یا جل و بەرگدا پاشایەك لە کەسێکی ئاسایی جیادەکرێتەوە . جۆری چەتر نمونەیەکی ترە ، چەتری رە نگاو ورەنگ و چەتری رەش .

ئەم ئاماژانە رۆڵی خۆیان لە دیاریکردنی پایەی کۆمەڵایەتی و چینایەتیدا دەبینن بە پێی چەند رستەیەکی بۆدریار ئەو شتانەی کە بەکاریان دێنین تەنها نرخێکی ئاڵو گۆڕکارییان نابێت ، هەر بەکاریان بێنین و بەس بەڵکو نرخی رەمزی و کۆمەڵایەتییان دەبێت .جاران جەستە لە فەزایەکی سەربەست و پاندا جموجوڵی دەکرد ، هەڵسوکەوتی دروستی تیا دەکرد بەتایبەتی لەماڵ و ژێر دەواری کۆندا بەڵام ئێستا ماڵ وەك زیندانێکی لێهاتووە بۆ جەستە ، سنووری تەسکی بۆداناوە .لە کۆمەڵگای تازەدا جەستە وەك ئالەتی لێهاتووە چۆن ئامێرەکان بۆ بەرهەمهێنان بەکاردەهێنرێن ئاوەهایش ، واتا

جەستە دەبێت بەشتێك لە شتەكان ، باشترین جەستەیش ئەوەیە باشترین بەرهەم پێشكەشیدەكات.

نووسەر ئەوە شیدەكاتەوە چۆن خەسڵەتەكانی جەستەی نوێ لە پاڵ مەودا بەرهەمهێنانەكەیدا مەودای ستۆكی هەیە ، ئەمە نزیكە لەو وتەیەی فۆكۆوە كە لە دوای قسەكانی نووسەرەوە لە كتێبەكەدا چەسپاوە و دەڵێ جەستەی نوێ نەبووە بەهێزێكی سوودمەند تەنها لەو كاتەدا نەبێت كە بووە بە جەستەیەكی بەرهمهێنەر تا ئەوپەڕی سنووری هێنری .لەگەڵ پەسەندی ئامێرو خوێندنەوەی جۆراو جۆرا بۆ جەستە باس زیاتر لە سیمۆلوجیا ونیشانەی جەستە دەكرێبەمانایەكی رووتر جەستە وەك زمان ، چی لەگەڵ پەرەسەندی سەدەی نوێدا دەرئەبڕێ .

ئەمڕۆ بەرهەمهێنەران و خاوەنی كۆمپانیاوكارگە بازرگانییەكان دەستێكی باڵایان هەیە سنووردانان بۆ لەجەستە ، پڕیان دەكەن لەرەمز و هێما .لای ئەمانە جەستە تەنها بۆ ئەوە نییە وەك ئامانجێك بۆ خۆی جوانییەكەی بپارێزن و لە پێناوی جوانییا جوان بخەنە روو بەڵكو جوان دەكەن بە وەسیلە بۆ دەربڕینی شتێك ، بەرهەمی‌كارگەیەكی جلو بەرگ .لەم بارەوە رەنگە نموونە لە نموونەی رۆلان بارت جوانتر نەبێت كەدەڵێ لەشی ئافرەتێك جلوبەرگ دەنوێنێ بۆ ئەوە نییە جوانی جوانی قەدو جەستەی دەركەوێ بەڵكو بۆئەوەیە جوانی جلو بەرگە كە بخرێتە روو .

جەستە لە حاڵەتێكدا دەگۆڕێ بۆ حاڵەتێكی تر، توانای جەستە لە كاتی بە ئاگاییا جیایە لە توانای كاتی خەودا، بۆ نموونە لە كاتی خەولێخستنی موگناتیسیا جەستە شتێكە دوورە لە حاڵەتی سروشتی، لە كاتێكدا كە بە راهێنان لە هیندستان جەستە وەك تەختە رەقدەكرێ ئەو كەسەی بە كارەكە هەڵئەسێ كۆنترۆڵی لەشی خۆی ئەكات و دەتوانێ ئیش و كاری جیهازی دڵی یا هەناسەدانی دیاریبكات. نووسەر لە هەندێك لاپەڕەدا باسی مردن و زەمەن دەكات كە دەبێتە هۆی بزركردنی جەستە و كۆتایی دانان.

جەستەی شێوێندراو بەشێكی تری كتێبەكەیە. دیارە مەبەستمان لە شوێنراو ئەوەنییە كە كارێكی دەرەكی خراپ بەسەر جەستەدا هاتبێت و شێواندبێتی، وەك سووتاندن یا چەقۆلێدان، بەڵكو مەبەست لەو كردارانەیە كە مرۆ خۆی بە ئارەزووی خۆی لەگەڵ جەستەی دەكات بە مەبەستی بەربەرەكانێی زەمەن.

بەكار هێنانی بۆن و چاوپشتن و عەمەلیاتی جوانكردن بۆ ئەوەن گەنجێتی بپارێزن یا بێگەڕێننەوە بەڵام لە هەمان كاتدا ئەمانە جۆرێكن لە تەمویە یا هەوڵدان بۆ بزركردنی ئێستای جەستەو گەڕاندنەوەی بۆ پێشتری جوانتر.

ئەو هەوڵانەی ئەمرۆ لە جیهاندا دەدرێن شتێك پاڵیانپێوە دەنێ بۆ زەوتكردنی سەربەستی لە جەستە، بە واتایەكی رووتر بۆ زاڵبوون بەسەریا تا لە دواییدا بكەوێتە ژێر دەسەڵاتی شتی دەرەكی لە جەستە. هەموو هەوڵێكی بازرگانی لێرەوە سەرچاوە دەگرێت ئەو هەموو پروپاگەندەیەی كە لە لایەن دەزگا بازرگانییەكانەوە لە تەلەفزیۆن و كەناڵە بیستراو و بینراوەكانەوە دەكرێن و پەیوەندییان بە جەستەوە هەیە جۆرێكن لە بە پاشكۆكردنی جەستە و تەمویەكردنی حەقیقەتی خۆی، بۆیە هەوڵی ئەو دەزگاو كەناڵانە بۆ راكێشتنی خەڵك بەلای شتەكانیاندا خاڵییە لە بەهای مرۆڤایەتی چونكە جۆرێك لە فێڵ و زۆرە ملێی تیادایە. مێشكی ئەلكترۆنی یا دەسەڵاتی ئەلكترۆن كە زانست پێشبینی بۆ دەكات جەستە راستەقینەكە دەشێوێنێ دیسانەوە بە بەكارهێنانی ئەم هێزە جەستە دەبێت بە شتێكی وەك بەرهەمە بچووك و گەورەكانی ئامێر.

زانست ئەمرۆ ئەوەی كردووە كەشتێكی كارەبایی، ئەلكترۆنی بچێنێ، لە هەندێك شێوێنی تایبەتی مێشكدا بە تەواوەتی ئیرادە لەمرۆ دەسێنێتەوە هەڵسوكەوت و رەفتاری دەگۆڕێ، ئەگەر ئەو كەسە هێمن بێت دەبێت بە تووڕە، چەتوون بێت یەكسەر دەبێت بە دژەكەی، یا بە ئاسانی وای لێدەكرێ هەست بە ترس یا لەزەتی سێكسی بكات یا هەست بە برسێتی بكات بەبێ ئەوەی جەستە لەو حاڵەتانەدا پێویستی بەوانە بێت.

❖ خوێندنەوەی كتێبی (ما فلسفه الجسد) الشاذلي الساكر)ە، چ١/ ١٩٩٤.

لێکۆڵینەوەی/ عبدالله تاهیر بەرزنجی


فەنتازیای جەستەی دژە پاڵەوان لە چیرۆکی راکردوودا

١ـ

گەنجێکی سەرباز رۆژێک لە چایخانەیەکدا وە ئاگادێتەوە، سەیر ئەکات قاچێکی نەماوە، دەگەڕێتەوە بۆ سەربازخانە و دەپرسێ : کوا؟ عەریفەکەیان گومان لەوە دەکات کە سەربازەکە قاچەکەی لە سەربازگە لەبیر چووبێت . دەیبات بۆ جبەخانەیەک و پێی‌دەڵێ قاچێک بۆ خۆی هەڵبژێرێ . لەوێدا بۆی دەرئەکەوێ کە عەریفەکەیش سەری خۆی نییە بەڵکو سەرێکی دەسکردی بە لەشەوەیە دەتوانێ دایکەنێ و بیخاتەوە جێگای خۆی . قاچێک هەڵئەگرێ بەڵام لە حەسانەوەدا کە جانتاکەی دەکاتەوە دەبینێ قاچە بزربووەکەی نامەیەکی بۆ نووسیوە و تیایدا بەسەرهاتی گرتن و فیرارکردنی خۆی بۆ دەکات و داوایش لەم دەکات وەک ئەو فیرار بکات، تا بەیەکەوە بگەنە ئەوروپا. ئەم نامەیەکی بێئومێدانەی بۆ دەنووسێ و ئەوە رونەکاتەوە کەئەم بەتەواوی نائومێدە. ئاوات بۆ سەرکەوتنی قاچە راکردووەکەی دەخوازێ.

٢ـ

ئەم چیرۆکەی فەرهاد پیربال یارییەکی فەنتازییانەیە و لەسەر رووبەری جەستە دەکرێ و پاڵەوان تیایدا ــ بمبورن کە لەجیاتی کەسایەتی پاڵەوان بەکاردێنم ــ دەبێت بە دژەپاڵەوان و ئاوابوونی،بۆیە لەم چیرۆکەدا باسی کێشە و پەیوەندی و پەرەسەندن و پێناسەی سێ فاکتەری سەرەکی دەکەم کە بەدەقەکەوە بەئاشکرا دیارن و دەلالەتی چڕو پڕیان لەپاڵدایە، ئەوانیش پەیوەندی نێوان جەستە و پاڵەوان و فەنتازیان. لامواییە نەجەستە لە چیرۆکماندا هەڵگری دەلالەتی وەک جەستەی ناو ئەم چیرۆکەیە و نەپاڵەوانی چیرۆکەکانی ترمان وەک ئەم چیرۆکە دەربڕی ئەو گۆڕانکارییانەن کەبەسەر پاڵەوانی چیرۆک و رۆماندا هاتوون و نەفەنتازیایش وەک رەگەزێکی هونەری بەم دیقەتەی ناو چیرۆکەکە بەکارهاتووە، بەڵام پێش ئەوەی بچمە ناو ئەم کێشە ئاڵۆزانەوە دەمەوێ لە بونیادی چیرۆکەکەوە دەستپێبکەم . (کەسێتی)،



وەك برۆب دەڵێ ((جێگایەکە یا رووبەرێکە بۆ کردار)) بەواتایەکی تر، کەسایەتی لە چیرۆکدا لەچەپکێك ئەرك و کردار پێکدێت.ئەرك یا کرداری سەرەکی لە چیرۆکەکەدا بریتییە لە هەوڵی کەسایەتی یا پاڵەوان بۆ کۆکردنەوەی خودی خۆی و هەوڵدان بۆ رزگاربوون، بەڵام پاڵەوانەکە دەبێت بە دوو، واتا پاڵەوان بەبێ قاچی راست، ئەمە لەلایەك و قاچیراست هەر خۆی کە ئەندامێکە لە لەشەکە بۆتەوەو وەك کەسایەتییەك کردار دەنوێنێ لە لایەکی تر، بۆنمونە لە سەربازی رادەکات، ناسنامەی ساختە بۆ خۆی دروستدەکات تا بە سەلامەتی بگەیەتە هەولێر و لەوێوە خۆی بگەیەنێتە ئەوروپا. پاشان نامە بۆ بەشە ماوەکەی لەشی دەنووسێ وداوای لێدەکات وەك ئەم هەڵبێ.

ئەگەر کەسایەتی یان پاڵەوان بریتی بێت لە جێگایەك یا رووبەرێك لە ئەرك و کردار وەك بروب دەڵێ ئەوە ئەو قاچە راکردووە کەسێکە بۆ خۆی ، چونکە کۆمەڵێك کرداری ئەنجامداوە وەك لەو چەند دێڕەی سەرەوەدا ئاماژەمان پێدا. بەم پێیە لە دەقەکەدا لە جیاتی پاڵەوانێ دوو پاڵەوان بەدیدەکرێ، یەکەمیان جەستە بەبێ قاچە بزرەکەیە و دووەمیشیان قاچە بزرە راکردووەکەیە کە لە ناوەراستی چیرۆکەکەدا وەك کەسێك دێتەوە مەیدان ئەرك و فرمان جێبەجێدەکات.

ئەم دەقە چەندێ لە شەکلاً بە ئاسانی خۆی بنوێنێ بەڵام ئاڵۆزییەکی لە خۆیدا شاردۆتەوە ئەویش بەهۆی ئەوەوە کە بکەری سەرەکی کە سەربازەکەیە لە ناوەراستی چیرۆکەکەدا دەبێت بە

دوو بکـــەری ســـەرەکی ســـەربازەکە + قاچـــە راکردووەکـەی . یـا بکـــەری بـــەرەنگار بـــوو لـــە چیرۆکەکـەدا عەریفەکەیـە، لەیـەک کاتدا دەبێـت بـە بەرهەلستکار (المعارض)و بـە یارمـەتیدەر(المعـین) ئـەویش بـەدوو شـێوە: لەلایـەک سـەربازە کوردەکـە دەبـات بـۆ جبەخانـە تاریکەکـە تاقـاچێکی کۆنـی فرێدراوی بۆ بدۆزێتەوە لە لایـەکی تریشـەوە، گلـەیی لێدەکات. ئاشکرایە کە یارمەتیدان و گلـەییکردن دوو شـتی جیـاوازن، یەکـەمیان سـیفەتی یارمـەتیدان (الاعانـة المسـاعدة)بەبکەرەکـە دەبەخشـێ و دووەمیشـیان سـیفەتی بەرهەلّسـتی (المعارضة)دەبەخشـێ ئەگـەر بەرهەلستییەکە بـە شێوەیەکی ئیجگار کەمیش بێت.

بابەتی داواکارییەکە (ئارەزووەکە) قاچە بزرەکەیە، بەخشـندەیش، واتـا ئـەوەی قـاچ دەبەخشـێ عەریفەکەیە، داواکارییەکە هەوڵێکە بـۆ کۆکردنـەوە و پڕکردنـەوەی جەسـتە پاشـان بۆسـەرلە نـوێ تەواوکردنەوەی زات. دیسانەوە جەسـتە لەتکراوەکە دەبـێ بـە دوو ئـارەزوو، یـەکێکیان کەجەسـتە بـێ قاچەراستەکەیە و ئـارەزووی کۆکردنـەوەی خـۆی و مانـەوەی هەیـە لـە دۆزەخەکـەدا، دووەمیشـیان قاچەکەیە کە ئـارەزووی راکـردن و دەربـازبوون و جێگۆرکێـی هەیـە، بەواتایـەکی تـر دابەشـبوونی جەستەکە دوو ئارەزوو دەخولقێنێ.

-٣-

جەستە هەر لە کۆنەوە لە ئـەدەب و فەلسـەفەدا گرنگیـی زۆری هـەبووە. بـەهۆی پەرەسـەندنی بـیروبۆچوونی جیـاواز و پێشـکەوتنی زەوق و کەرەسـتەی پێشـکەوتو و دیـدی بازرگـانی و کـەناڵی راگەیاندن و جۆری بەرهەمهێنانەوە، جەسـتە ئـەرکی گـۆڕاو، لـەئامانجی خـۆی دەرکـراوە و بـارکراوە لـە چەندین ئەرک و وەسیلەی بەدەرلەخۆی.

لە دیدی سۆفیگەرییەوە جەستە لـەناو دەبرێـت لـە پێناوی وەدیهێنانی بیرێکی پیرۆز و بـاڵا، لـە پێنـاوی گەیشتن بە خودا یا کەشفکردنی چەپکێك ئیشـراقات. بەشێوەیەکی روونتر سۆفییەیەك ریازیات دەکـات، یـا دەچێتە خەڵوەوە، ئاو ونان لە خۆی دەبـڕێ. جـاری وا هەیە لەکوردستانی خۆماندا سۆفی یا دەرویشـێکی راستەقینە لەو حاڵەتانەدا قوڕی خواردووە یا گوژاڵـك ئەمە بۆ ئەوەی شەهوەت و وزەی خـۆی بتوێنێتـەوە لە پێناوی سەرخستنی لایەنـە رۆحیەکـەدا.بێگومـان لەو کاتانەدا نەمانی وزەکە دەبێتـە هـۆی لاوازکردنـی جەستە بەرادەی وشککردنی، بۆیە زۆر جـار ئەوانـەی کە لە خەڵوەت دێنە دەرەوە وەك چڵێك ئێسقان دێنە پێش چاو . ئەنجامی بردنـەوەی سـەرکەوتنی هـێزە رۆحیەکە بـە خراپـە بەسـەر جەسـتەدا دەشـکێتەوە، دەیشـێوێنێ لـە پێنـاوی وەدیهێنانی بـیرێکی بـاڵادا. دیـارە جیاوازییـەکی زۆرهەیـە لـەنێوان بۆچوونـی سـۆفییەك بەرامبـەر جەسـتە لەگـەڵ بۆچوونـی بۆرجوروازییـەك سـەبارەت بەجەسـتە، یـا لەگـەڵ کەسێکی سەربەچینێکی خوارتر.

لەگـەڵ پەرەسـەندنی کۆمـەڵ و پێشـکەوتنی شارستانیدا جەستەیش لـە تەنهابوونێکی مادییـەوە گـۆڕا بـۆ دیاردەیـەکی کۆمەڵایـەتی، واتـا ئـەرکی کۆمەڵایـەتی پێسـپێردراوە. هـەر بۆیـە کەسـانێك پـەیدابوون جەسـتەیەیان بـەپێی دابەشـکردنی کۆمەڵایەتی دابەشکردووە. یەکێك لەوانە باختینە کـە پێی وایـە جەستەی چینـی بـاڵا بـە ئـەرك و وەزیفـە جەستەیەکی میسالییەو لایەنە ئاژەڵییەکـەی جەسـتە رەتدەکاتەوە و بەلای جوانییا دایدەشکێنێ.

بـەڵام ئـەو تەقەشـوف و جەسـتە پاراسـتنەی کـە سۆفییەیەك دەیکات و جەستە لە زەبری زۆر خواردن دەپـارێزێ جیایـە لـەو تەقەشـوفو ریجیمـەی کـە بورجوازی یـا ئورستوکراتییەك دەیکات. سۆفییەکە ئـەو کـارە بەمەبەسـتی گەیشـتن بـە بـیری بـاڵاو ئیشراقات ئـەنجامدەدات،بورجوازەکـە بەمەبەسـتێکی

جیاواز تر دەیکا ئەویش پاراستنی جوانییە، یا لەشە مادییەکەی کەسێکی سەر بەچینێکی خوارو بۆ بەرگەگرتن و راهاتنە لەگەڵ ئیشوکاری قورسی رۆژانەدا.

لە سەدەی بیستەمدا،بەتایبەتی لە رۆژئاوادا،بایەخێکی ئیجگار فراوان دراوە بەجەستە و گرنگی جەستە لەهەموو بوارەکاندا، بەڵام ئامانجەکە ئەوەندەی بۆ وەگەرخستنی جەستە بووە لە پێناوی خزمەتکردنی شتی تری بەدەر لە جەستە، ئەوەندە بۆ لاکردنەوە لە سەربەستی جەستە وپاراستنی خودی جەستە نەبووە. لەگەڵ پێشکەوتنی سەرمایەداری و فرەبوونی هەڵپە بۆ سوود و قازانجی بەرهەم رێگای زۆر وهەمە چەشنە پەیدا بوون سەبارەت بە جەستە بەڵام ئەو بایەخدانە مەرجداربووە، (رێگا دراوە بە نەشونماکردن و کۆکردنەوەی جەستە، بەو مەرجەی ئەو کردنەوە و پەرەسەندنەی جەستەیە بخرێتە گەڕ بۆ خزمەتکردنی پێویستییە سیاسی و ئابوورییە تازەکان، وای لێکراوە دەستەمۆ بکرێت بۆ سوود بەخشین. واتا جەستە هەر تەنها نرخێکی پارێزراو و سەربەست نییە بۆ خودی خۆی بەڵکو بووە بە نرخێک یا ئامێرێکی ئیستیهلاکێش . لە پیشانگای جل و بەرگا جەستە دەخرێتە ژێر زەبری چەمکی قازانج و پروپاگەندەکردن بۆ رەواجدان بە بەرهەم، لە نمایشەکەدا، مەبەست جەستە خۆی و پیشاندانی جوانییەکەی نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ گەیاندنی جوانیی و چاکیی کالایەک . جێگای جەستە لە چیرۆکەکەی فەرهادا چییە؟ دەلالەتی جەستە چییە، جەستە لە سەر چ ئاستێکی هونەریی و بە چ تەکنیک و شێوازێک نمایشکراوە.

من داوا لە خوێنەری بەڕێز دەکەم بگەڕێتەوە بۆسەر چیرۆکەکە، یا ئەگەر وێنەو رووداوەکانی لە بیرماوە بیهێنێتە پێش چاو و وادابنێ کە روبەرو چوارچێوەی چیرۆکەکە جێگایەکی تایبەتە بە پێشانگای نواندنی جل و بەرگ و جەستە، ئەو پرسیارە بکات کەسێتی ناو چیرۆکەکە لەو نمایشەدا چۆن چۆنیو بە چ جەستەیەکەوە دێت و دەچێ؟ چ دەلالەتێك لە پاڵ جەستەیەکی بێ قاچدا هەیە؟ یا عەریفێکی خاوەن سەرێك کە بە هەوەستی خۆی و لە هەر وەختێکدا بیەوێ سەری دەیگۆڕێ و دانەیەکی تری لە جبەخانەکە بۆ هەڵئەبژێرێ . یا قاچێك کە نامە دەنووسێ؟لەو نمایشە چیرۆکاوییەی جەستەدا، سەربازێك بەبێ قاچ دەگەڕێ و بەدوای قاچی ونبویدا وێڵ دەبێت.یا عەریفێك سەرێکی پێوەیە بە هەوەستی خۆی دایئەکەنێ و ئەیگۆڕێ. لەنێوان ئەم جەستە شکاوانەدا رووداو دێت و چیرۆك کۆتایی دێت.

جەستە لەم چیرۆکەدا نیمچە فەنایەك دەبێت.وەك ئامێری لێدێت، بەڵام نەك بە ئاراستەی ئامانجی فەتابوونی جەستەی سۆفییەك کە تەقەشوف دەکات و هێز لە خوێدا ناهێلێت و جەستەی وشك دەکاتەوە بەمەبەستی چەسپاندنی لایەنی روحی ونزیکبوونەوە لە خودا و گەیشتن بە بیری بالاڵ، لێرەدا کارەکە ئیرادییە وسۆفی جەستەی خۆی بەرەو لاوازی و فەنابوون دەبات بۆ نزیکبوونەوە لەئیشراقات، کەسێك نییە لە دەرەوە ئەم کارەی بەسەرا بسەپێنێ. یا وەك ئەو جەستەیەیش نییەکە بنەمای دوانەی بەسەرا دەسەپێ، واتا لە لایەك رێگای بۆ خۆش دەکرێ تا بگەشێتەوە لە هەمان کاتدا کۆمەڵێك مەرجی بۆ دائەنرێت. ئەو گەشەسەندنەی دەکرێت بە خزمەتکاری بەرهەمهێنان و پڕوپاکەندە بۆ شتومەك و بەربومی ئامێر.جەستەی لەم جۆرەیش سەربەستیی لێ زەوتدەکرێت، سنوور بۆ خودی دادەنرێت بەڵام بەیەکجارەکیش لەناونابرێت .خزمەتدەکرێت بۆ پروپاگەندە ورەواجدان بە بەرهەمی ئامێر، بەڵام جەستەی ناو دەقەکەی‌فەرهاد لەناو ئەبرێت،دەکرێ بە پرۆژەی هەمیشەیی بۆ نەمان و ئاوابوون. ئەم نە خاوەنەکەی سۆفییە تا لە دیدێکی سۆفییایەوە جەستەی خۆی فەنا بکات، نە

جەستەیەکی رۆژئاواییشە بکرێ بە وەسیلەی کالا و سەرفکردن، بەڵکو جەستەیەکی زەوتکراوە(جسد مستلب). راستە سەربازەکە لە سەرەتادا وا ئەزانێ قاچەکەی ونبووە بەڵام لە ناوەراستدا بۆی دەرئەکەوێ کە قاچەکەی فیراریکردووە، واتا بەشێک بووە لەجەستەیەکی زەوتکراو و یاخی بووە، تەواو رەنگدانەوەی دەیەیەکە لە مێژووی نوێمان.

لێرەدا جەستە وەک شت یا کەرەستەو ئامێرێ بەسەر هاتووە، یا با بڵێین کەوتۆتە ئەو حاڵەتەوە ئەگینا مرۆ لە حاڵەتی سروشتی و دوور لە مەجاز، ئەندامی جەستەی لێ ونابێت ئەوە هەر تەنها شتە یا ئامێرە بچووک بێت یا گەورە لە مرۆڤ وندەبێت. چیرۆکنووس لە سەرەتادا دەنووسێ ((کەلە چایخانەکە دانیشتم وپشتم دایە کورسیەکە، دەمویست کەمێک بحەسێمەوە، یەکسەر هەستم کرد قاچی راستی خۆمم لە ئۆردووگاکەماندا لە بیر کردووە.)) یا لە شوێنێکی ترا دەڵێ ((سڵاوێکی سەربازیم بۆ ئەفسەرەکەمان کرد، وتم : ببورە گەورەم قاچی راستی خۆمم لە مەیدانی مەشقکردندا لێ لەبیرچووە یا لە برگەیەکی ترا هاتووە: نایب عەریفەکەمان بەم قسەیە تووڕەبوو. لە ناکاو سەری خۆی لێکردەوەو دایناپە سەر مێزەکەی بەردەمی؛ وتی: سەیرکە، من تەنانەت سەریشم سەری خۆم نییە، لە ناکاو سەری خۆی لێکردەوە و دایناپە سەر مێزەکەی بەردەمی، وتی: سەیرکە، من تەنانەت سەریشم سەری خۆم نیە، کەچی سبەینێ وەکو تۆ دەبێ بچمە سەنگەری شەڕ. پاشان سەری خۆی هەڵگرتەوەو خستیەوە شوێنی)فەرهاد بە پێچەوانەی بەمرۆکردنی (أنسنە) شتەکان پەنادەباتە بەر شێوازێکی دژ بە مرۆکردن، ئەویش شێوازی بەشتکردنە (تشیء)، بەشتکردنی ئەندامی مرۆیە بۆ ئەوەی ئەرکی نیشاندانی گۆڕینی زۆرە ملێی کۆمەڵ بۆ کۆمەڵێکی ئالیی بگرێتە ئەستۆ. سەیر بکە چۆن قاچی سەربازێک بزر ئەبێ، لەبیر ئەچێ. یا چۆن سەری عەریفێک لە هەموو ساتێکدا لە لەشی دەکرێتەوە و بە ئاسانی دەخرێتەوە شوێنی خۆی.

بزرکردن و لە بیرکردنی قاچ، داکەندنی سەر و لەبەرکردنەوەی، چەند کرداریکن لە چیرۆکەکەدا دەبن بە یەکەی بچووک (وحدات صغری) دەلالەت لە گۆڕینی کەسێتی دەکەن لە حاڵەتی زیندوەوەو بۆ حاڵەتی ئامێر و شتی ئاسایی، چونکە ئەگەر وردبینەوە بۆمان دەرئەکەوێ کە قاچ بزرناکرێ یا خود لەبیر ناکرێ، یاخود سەر داناکەندرێ بەڵکو شتێک وەک پارە، مووس، مقەست، دەرزی، قوتوو... هتد سیفاتی لەبیر کردنیان پێوە لکاوە. بۆ نمونە، مقەست بزر دەبێ، یەکێک لە مەدلولی ئەم داللە، ئەم وشەیە، بزربوونە، واتا شت ونئەکرێ، یا بزرئەکرێ و لە هەموو ساتێکدا چاوەڕوانی ئەوە دەکەیت خۆت یا فلاّن یا فیسار چەقۆیەک قەڵەمێک دینارێک ونبکەیت، بەڵام قاچ ونناکرێت، سەری مرۆ بە ئارەزووی خۆی لێناکرێتەوە تەنها لە پانتایی زماندا نەبێت، لە دەقەکەدا قاچەکە یاسەرەکە سیفات و مەدلولی شتیان وەرگرتووەو و بوون بە شت. یا بە شێوەیەکی هونەری (بەشتکراون) بۆیە بزردەکرێن یا لێدەکرێنەوە و دەخرێنەوە شوێنی خۆیان. لەم رووبەرە فەنتازییەدا جەستە دەکرێت بەشت، با لە بیریشمان بێت بەشتکردنەکە بە رووی دەرەوەی کەسەکەدا دەرناکەوێ بەڵکو دەلالاتی ئەو چەند یەکە بچووکانە (که کردارن) دەمانبەنە سەر ئەو ئاراستانە. واتا بە شێوە هەرکەسی ئاساییە و کار دەکات بەڵام جۆری کارکردنەکەی لەگەڵ سروشتی کەسی سەربەستدا ناگونجی بەڵکو ئەو هەڵسوکەوتانە هەڵسوکەوتی ئامێرن و هیچی تر.

قاچ کە بەشێکە لە جەستە دەبێت بە ناوکی هەموو کردارو رووداوەکان. دەبێت بە بونیادی پێکهێنەر (بنیە مولدە) و لە کۆتاییشدا دەبێت بە کەسێکی سەربەخۆ و دوور لە خاوەنەکەی. نامە بۆ خاوەنەکەی دەنووسێ. کەسەکە خۆی یا کرداریک کە

لەوەوە دەرچوونێت نابن بە بونیادی پێکهێنەری چیرۆکەکە تا رووداوەکان بجوڵێنن بیانکەن و بە یەکاو بەرەو کۆتایی بەرزیانبکەنەوە و بەیەکیانابدەن بەڵکو قاچە راستە بزربووەکەیە کە لە رستەی یەکەمدا وندەبێت و بونیادی دەقەکەیش لەوەوە و لەسەر شانی ئەو و بەهێزی ئەو و بەرەو پێشەوە دەچێت. دەتوانین ئاماژ بۆ هەندێك لەو کردارو بونیادانە بکەین کە قاچەکە پێکیاندەهێنێ تا بۆمان بسەلمێ قاچەکە بونیادێکی پێکهێنەرە:

١ـ دروستکردنی شپرزەیی و گومان و دڵەراوکێ لای کەسی چیرۆکەکە ئەمیش لە هەندێك رووەوە پێچەوانەی ئەو پۆلێنەیە کە فلادیمیر بڕۆب داینـاوەو هەموو چیرۆك و حیکایەتێکی پێدەکرێتەوە، لەسەر ئەم شێوەیەی خوارەوە:

ئارامی ـ بشێوی ـ ئارامی

حاڵەتەکەیش لە چیرۆکەکەدا بە پێچەوانەی ئەو دانانەی برۆبەوەیە. واتا حاڵەتی ئارامی لە سەرەتای دەقەکەدا نییە بەڵکو حاڵەتی دووەم جێگای دەگرێت کە بشێوی و شپرزەییەو لە دێری یەکەمی چیرۆکەدا دەرکەوتووە (بزرکردنی قاچ) کە هیچ جۆرێك ئارامی تیا نییە.

٢ـ دینامیکیەتی چیرۆکەکە واتا جوڵاندنی و دورخستنەوەی لە کپی و بێجولەیی (السکون).

٣ـ پاڵپێوەنانی کەسی سەرەکی (سەربازەکە) بۆ گەڕان بە دوای ونبوودا (البحث عن الغائب).

بە شێوەیەکی روونتر، قاچەکە وەك بونیادێکی پێکهێنەر پاڵ بە سەربازەکەوە دەنێ تا بە دوای ونبوودا بگەڕێ ونبووەکەیش قاچەکە خۆیەتی قاچە بزرەکە کە بونیادی پێکهێنەرەو بونیادی گەڕانی بە دوای بزربوودا دروستکردووە، لای فلادیمیر برۆبیش، لە ڕۆژ چیرۆکدا پڕ دەکرێتەوەو بزربووەکە دەدۆزرێتەوە. بەڵام لە چیرۆکەکەی فەرهادا شێوەی کارەکە جیاواز دەکەوێتەوە راستە سۆراغی دەزانرێت (هەڵاتووە) کەچی بە شێوەیەکی ماددییانە نادۆزرێتەوە چونکە قاچەکە ناگەڕێتەوە بۆ لای خاوەنەکەیی و سەرلەنوێ پێوەی نالکێت و نابێتەوە بە ئەندامێك لە لەشی سەربازەکە، بەڵکو خۆی رزگار کردووە لە لەشێکی داگیرکراو، دەبێ بەتەنێکی جیاواز و سەربەست بە پێچەوانەی جەستەی خاوەنەکەی کە قایلە بە مانەوە لە شێوەی ئامێردا وەك شتێکی نائومید.

٤ ـ دەبێت بە وەسیلەیەك بۆ ئاگابوونی سەربازەکە لە کردنی خۆی و هاوڵەکەیشی (عەریفەکە) بە ئامێر وەختێ دەیبا بۆ جبەخانەو سەریدادەکەنێ و سەرو قاچی تر هەڵدەبژێرن.

٥ ـ قاچەکە دەبێت بەهۆی دروستکردن و و سەرهەڵدانی کەسێکیتر لە چیرۆکەکەدا (ئەویش دۆزینەوەو سەرهەڵدانی خۆیەتی کە بووە بە کەسێك و نامە دەنووسێ.

لێرەشدا لە جیاتی حیکایەتخوانێ دوان دروستدەبن.

ڕۆمان و چیرۆکی شەپۆلی نوێ یا گێڕانەوەی دژ لە فەرەنسا لەسەر دەستی کەسانی وەك ساووت و گرییەو میشێل بۆتۆر و... هتد سەریانهەڵداو پەرەیانسەند چەختیان لەسەر شت دەکرد زۆر بایەخیان بە کەس و رووداو نەئەدا.

غرییە ڕۆح لە ناخی شتەکاندا دەبینێ بەڵام دەلالاتێك هەڵدەگرن دوور لە مرۆڤ، میشیل بۆتۆر پەیوەندییەکی جەدەلی بەیەکاچوو لە نێوان مرۆڤ وشتەکاندا دەبینێ. لای فەرهاد مرۆڤ دەکرێ بە شت ئەویش لە ڕێگای شەتوپەتکردن و لێکردنەوەو بزرکردنی ئەندامەکانی جەستەی و پەنابردنەبەر فەنتازیا ودروستکردن و چنینی کرداری نامۆ و فەزای سەرسوڕهێنەر.

لەتکردنی جەستە و هەڵوەشاندنەوەی ئەندامەکانی و کردنیان یا گۆڕینیان بۆ کەسێتی و لە چیرۆکی کوردیدا تەنها لەم چیرۆکەدا بینیومە بەڵام لای نووسەرە عەرەبە مەغریبیەکان، وەك محەمەد براده

مستەفا المسناوی و ئەحمەد بوزفور زیاتر لەمان چیرۆکنووسی میسری محەمەد حافز رەجەب بە رادەیەکە کە بووە بە بەشێك لە شێوازی ئەدەبییان. لە سالآنی شەستەکاندا بایەخدانیان بە ئەدەبی فەنتازی لە چوارچێوەی بایەخدانیانا بووە بە ئەزموونگەری و نوێکردنەوەی چیرۆکی عەرەبی. واقیعی عەرەبی لەو سەردەمەدا بە چەند رێرەوێکی دژبەیەکدا دەڕۆیشت و چەندین دەق سەریانهەڵدا رەنگدانەوەی ئەو رێڕەوە کۆمەڵایەتییە دژانەبوون. لە کۆتایی شەستەکاندا چیرۆکنووسی عێراقی (عبدالرحمن مجید الربیعی) چیرۆکێکی نووسی تیایدا کەسی دەقەکە لە جیاتی پارە چاوی ئەدا بە شۆفێری تەکسیەکە، عبدالرحمن مەجید الربیعی هەر لە شەستەکانەوە، وەختی دەرکەوتنی، چەندین هەوڵی ئەزموونگەریی تری داوە بۆ نوێکردنەوەی رەوتی گێڕانەوەی خۆی.

چیرۆکنووس ئەحمەد بوزفور لە چیرۆکی (ئەو پیاوەی کە پرتەقاڵێکی بینی)دا باسی کەسێکی برسی دەکات تەکسییەکی بچکۆلەی جوان بەدیدەکات وائەزانێ پرتەقاڵە، دەکەوێتە پاککردنی بەڵام پۆلیس دەیگرن بە تۆمەتی ئەوەی شەقامەکەی بە تویکڵە پرتەقاڵ پیسکردووە و دەیانەوێت بیکەن بە ساحیرو منداڵان فێری سیحر بکات کە لە سێرك و سیحردا دەکەوێت سەرلەنوێ دەریدەکەن و دیسانەوە دەکەوێتە سەر شەقامەکان. یان لە چیرۆکێکی تریدا چایچییەکە لە جیاتی پارەی چاییەکە سەری کابرا وەردەگرێت.

محەمەد حافز رەجەب لەو چیرۆکنووسە بێدەنگە کەمانەیە کە کەمدەنووس و رێز لە نووسین دەگرن، محەمەد لە دوو کۆمەڵە چیرۆك زیاتری نییە، بەڵام کە باس لە چیرۆکی میسری و عەرەبی دەکرێت ناکرێت باسی هەوڵەکانی ئەم چیرۆکنووسە نەکرێت، بە داخەوە خوێنەرو نووسەرانی کورد ناینناسن باوەڕناکەم کاك فەرهاد پیربالێش چیرۆکەکانی بینیبێت.

محەمەد حافز رەجەب لە چیرۆکدا خەریکی لەتوپەتکردنی جەستەیە، ئەندامەکانی جەستە بەلەتکراوی، بەجیا، دەبن بە کەسی چیرۆکەکانی، بۆ نموونە جاری وادێت لۆرییەك دەچێتە سەرێکەوە یا لە ((تۆپ و سەری پیاودا)) سەری رۆشنبیر دەبێت بە تۆپ و لە یاریگەدا یاریکەران یاریپێدەکەن.

لەم چیرۆکانەو لە دەقەکەی فەرهاد پیربالآدا، کەشوهەوای غەریب و رستەو چەندین برگەو رووداو دێنەبەرچاو هەموویان بە شێوەیەك لە شێوەکان دەقەکان دەخەنە خانەی فەنتازیاوە، دەیسەلمێنن کە تاقیکردنەوەی فەنتازین. ئەو بارودۆخە نالەبارەی کە دوو دەیەیە یەخانگیری کۆمەڵگا بووە و پڕە لە تەناقوز و شتی دژبەیەك بەم شێوازە نامۆیە نائاشنایە نەبن باش تەوزیفناکرێن. چ تەناقوزێك و حاڵەتێکی دژ بەیەك و تەماوییە کۆمەڵگایەکی وەك کۆمەڵگای ئێمە لایەکی زیندو بێت و لایەکی مردو!! بەشێکی راپەڕیبێت و بەشێکی نوستوو!! قاچێکی رابکات و یاخیبێت و ئەندامەکانی تری جەستەکە مردبێت یا رازیبێت بەو بارودۆخە بێجوولە خەماوییەی کە کەسی یەکەمی دەقەکەی تیادایە.

باشترین رەگەزو شێواز کە ئەو زەمەنە پڕ دژە لە چوارچێوەی ئەدەبدا بەند بکات فەنتازیایە، بەنامۆکردنە، چیرۆکەکە لە بەشێك لە دەلالەتەکانیا هەواڵەی کۆمەڵێکمان دەکات لایەکی بە ئاگایەو لایەکی بێئاگا، یا جەستەی کۆمەڵێك بەشێکی دەرباز بووەو بەشەکەی تری هەر لەناو مەینەتییەکەدایەو پێی رازییە. دیارە قاچە بزرەکە کە هەڵدێ وەك دالێك هەواڵەی دەلالاتی یاخیبوون و هەوڵی دەربازبوونمان دەکات بەشەکانی تری جەستەکەیش کە بەبێ قاچ و بەسەری ئالییەوە دەمێننەوە قایلن بەو بارە نانوقسانە بە دەلیلی ئەوەی لە وەلآمی نامەکەدا کە بۆ قاچە راکردووەکەی دەنووسن ئەوە دەرئەبڕن کە نائومێدن و هەر بەو شێوەیەی خۆیان دەمێننەوە. ئەو بێتوانیاییەی کە کەسی سەرەکی

خۆی دیانیپیادەنێ هەروا لە خۆوە نەهاتووە بەڵکو کارەساتی جەنگ دروستیکردووە زەبرو زەنگی جەنگ و کارەساتی جەستەی کەسی چیرۆکەکەیان لەتکردووە شێواندویانە، دوانەی راکرد و قایلبوویان لێ دروستکردووە، راکردوو لە لایەکی دوانەکەدا، کە یاخیبوون دەنوێنی، قایلبوو لە لایەکی تری دوانەکەدا کە جەستە ماوە بێرۆحە ئالییەکەی دەنوێنێ.

لە رووبەك لە رووەکانیشەوە ئەم دوانەیە، مەدلولەکەی هەواڵەی جەستەی کۆمەڵی خۆمانمان لە هەشتاکان بەرەو ژوور دەکا.

جەستەیەك لایەکی زیندوو و لایەکی تریشی ئالی، یا حاڵەتی نەوەیەك شەڕ مالوێرانی کردووە لایەکی یاخیبووە (قاچەکە) و هەوڵی دەربازبوون دەدات لایەکی تریشی تەنووری شەڕ جەستەی شێواندووەو دایماڵیوە لە جووڵە. ئەو بونیادە غەریبەی ئەم دەقە مەرجەکانی فەنتازیای تیایە و پڕیشە لە دەلالاتی غەریب و نامۆ و باوەڕپێهێنەر، واتا هەر تەنها چەند کرداریکی نامۆو سەرو واقع نین و هەروا ریزکرابێتن کە ئەمڕۆ رووبەڕێکی زۆری چیرۆکی کوردییان گرتۆتەوەو بەناو فەنتازیان بەڵام دوورن لە فەنتازیاوە. رەخنەگران و تیۆردارێژەکان ئاماژەیان بۆ چەند مەرجێك کردووە کە پێویستە لە چیرۆکی فەنتازییا هەبن تا دەقەکە ببێت بە فەنتازی. بەداخەوە لەم رۆژەدا، لای خۆمان، دەقی زۆر بەناوی فەنتازیاوە دەنووسرێن، بەڵام هەر تەنها چەند رووداوێکی سەیرو غەریبن و هیچی تر، دیارە هەر تەنها بەنامۆ کردن (تغریب) مەرج نییە بۆ ئەوەی چیرۆکێك ببێت بە ئەدەبی فەنتازی. یەکێك لەو رەخنەگرە عەرەبانەی کە بایەخێکی زۆریان بە فەنتازیا داوە ئیدریس الناقورییە کە بەلای منەوە لێکۆڵینەوەی (واقعیەتی رەمزیی لە چیرۆکی مەغریبیدا)ی ئەم رەخنەگرە یەکێکە لە رەخنە تەتبیقییە سەرکەوتووەکان و دەستنیشانی سرووتی فەنتازی چیرۆکی عەرەبی دەکات.

ئیدریس دەڵێ: فەنتازیا لەپاڵ چەمکەکانی ترا دەرئەکەوێ و اقیعە لەگەڵ بەخەیاڵ دروستکراودا (وەهم) جگە لەو نهێنیە یا شتە نامۆیە شاراوە نییە کە دەچێتە ژیانی واقعییەوە، لە لای وەرگر (خوێنەر)و ترس و گومان و دوودڵی دەوروژێنێ.

ئیدریس پشت بە بۆچوونەکانی تۆدۆرۆف دەبەستێت کە دەربارەی فەنتازیا تۆماری کردوون. لای تۆدۆرۆف ئەو مەرجەی کە دەبێت بە فەنتازیاوە بلکێت و لێی نەبێتەوە دوودڵییە (التردد) چونکە فەنتازیا بە بەردەوامیی دوودڵییەوە بەردەوامدەبێت، هەر ئەمیشە وا لە فەنتازیا دەکات بکەوێتە نێوان دوو رەگەزی ئەدەبییەوە ئەوانیش نامۆو سەرسوڕهێنەرن . ئەمانە بۆچوونی تۆدۆرۆفن و لە نووسینەکەی ئیدریس ناقوریدا هاتوون

واتا زەمەنی چیرۆکی فەنتازی زەمەنێکە وەك ئیدریس دەڵێ: دەکەوێتە نێوان گومان و یەقینەوە، دوودڵیی رۆڵی سەرەکی تیا دەبینێ هۆکەیشی نامۆیی رووداوەکانە.

ئەم چیرۆکەی فەرهادیش فەنتازییە چونکە رووداوەکانی نامۆن و سەرسوڕهێنەرن دوو دڵیشی تیایە کە تۆدرۆرۆف دایدەنێ بە مەرجی سەرەکی فەنتازیا.

ئەو رووداوە نامۆیانەی (غریب) کە لە لەم دەقەدا بەرچاو دەکەون بریتین لە :

١ـ ونبوون و بزرکردنی قاچ.

٢ـ گەڕان بە دوای قاچدا.

٣ـ دروستکردنی جبەخانەی پڕ لە قاچ و دەست و سەر.

٤ـ داکەندنی سەر و هێنانەوەی بۆ جێگای خۆی.

٥ـ راکڕدن و فیرارکردنی قاچ.

٦ـ جیابوونەوەی قاچ لە ئەندامەکانی تری جەستە.

٧ـ قاچەکە نامەدەنووسێ واتا گۆڕینی لە قاچەوە بۆ دەست، بۆ نووسەر.

ئەو رووداوانە نامۆن، دیارە نامۆبوونی رووداوەکان پەیوەندییان بە بونیادی ناوەوەی چیرۆکەکەوە هەیە، سەرسوڕهێنەرەکەیش زیاتر پەیوەندی بە خوێنەرەوە هەیە، بونیادی نامۆی چیرۆکەکە سەرسوڕهێنان بەرهەمدێنێ و هەواڵەی دەرەوەمان دەکات،یانی هەواڵەی وەرگر. یا با بڵێین ئاراستەی خوێنەردەکرێ تا تووشی سەرسوڕمان بێت. بەڕای ئێمە تۆدۆرۆف کە دەڵێ دوو دڵیی بەردەوامی بە فەنتازیا دەبەخشێ چونکە دەکەوێتە نێوان دوو رەگەزی ئەدەبییەوە، ئەوانیش نامۆ و سەرسوڕهێنەرن، زیاتر مەبەستی لە نامۆ، رووداو و کەسێتی و بونیادی غەریبی چیرۆکەکەیە، لە سەرسوڕهێنەریش مەبەستی سەرەکیی خوێنەرە کە تووشی سەرسوڕمان دەبێت.

دوودڵیی و گومان وەک مەرجێک دەبێت کەسی ناو دەقەکەیش بگرێتەوە، دیسانەوە مەرجە لە ئەدەبی فەنتازییا خوێنەرەکەیش بگرێتەوە، واتا پێویستە ئەو دوو دڵییە رەنگ لە بونیادو پەیوەندییەکانی دەقدا بداتەوە و پاشان بگاتە خوێنەریش. تۆدۆرۆف ئاماژە بە هەموو ئەمانەدات: پێویستە دەقەکە واتا دەقە فەنتازییەکە ئەوە بسەپێنێ بەسەر خوێنەرا کە وادابنێ جیهانی کەسەکان ــ مەبەستی لە کەسەکانی دەقی فەنتازییە ــ هەر وەک جیهانی کەسن لە بەشەر وبکەوێتە دوودڵیی و گومانەوە لە نێوانی تەفسیری سروشتی و ئاسایی بۆ رووداوەکان و تەفسیری نا سروشتی. هەروەها دەبێت دوودڵی و گومانەکە کەسێک لە کەسەکانی چیرۆکەکە بگرێتەوە لە پاڵ ئەمانەشدا دەبێت خوێنەر هەڵوێستی خۆی سەبارەت بەدەقەکە وەربگرێ. کەسی یەکەمی چیرۆکەکەی فەرهاد پیرباڵ تووشی گومان و دوودڵیی دەبێت بەرامبەر بەو رووداوە ناخۆشە، رووداوی بزرکردنی قاچی، دەکەوێتە دڵەڕاوکێوە، وایلێدێ نازانی باوەڕبهێنێ بەوەی کە ئایا قاچی بزربووە یا نا پاشان چی بەسەر هاتووە. لە دەقەکەدا چەندین رستەمان بەرچاودەکەوێ و ئەمەمان بۆ دەسەڵمێنن. بۆ ئەم مەبەستە دەتوانین دوو رستە لە سەرەتاکە بهێنینە دەرەوە:((یەکسەر هەستم کرد قاچی راستی خۆمم لە ئۆردووگاکەماندا لە بیرکردووە .)) یا ((من بە درێژایی ژیانم هەرگیز قاچی قاچی خۆمم لەهیچ شوێنێك لە بیرنەکردبوو، ئەمە یەکەم جار بوو شتی ئاوهام بەسەربێ.))

ئەم دوو رستەیە دژبەیەکن و ئەرکیان ئەوەیە دوودڵیی و گومانی سەربازەکە بنوێنن، یانی حاڵەتی تەردودی تیا بچەسپێنن. لە رستەی یەکەمدا سەربازەکە هەست بەوە دەکات قاچی راستی خۆی لە شوێنێکی تر لە بیرکردووە، یابڵێین خەریکە باوەڕ بەوە بهێنێ کە بە راستی قاچی و نبووە، بەڵام لە رستەی دووەمدا دەکەوێتەگومانەوە، دژێک بەپێچەوانەی حاڵەتی یەکەمەوە لەلای سەرهەڵئەدا، کە دەڵی من بەدرێژایی ژیانم قاچی خۆمم لە هیچ شوێنێك وننەکردووە.

هێزێك لە ناخیا سەرهەڵئەدا وایلێدەکات باوەڕبەوە نەهێنێ کە قاچی لە جێگایەکی تر لە بیرکردووە. ئەگەر رستەی یەکەم بەکار دابنێین کە قاچەکەی تیا وندەبێ ئەوە رستەی دووەم بەکاردانەوە دەژمێردرێت. ئەم گومان و دوودڵییە کەسێکی تری چیرۆکەکەیش دەگرێتەوە،ئەویش ئەفسەرەکەیە. وەختێ سەربازەکە دەڵێ: ببورە گەورەم قاچی راستی خۆمم لە مەیدانی مەشقکردندا لێ لە بیرچووە. تووڕە دەبێ بەسەریا دەشێرێنێ وپێی دەڵێ:((بۆ شتی ئاوها هەیە لای من؟)) ئەم رستەیە گومان و سەرسوڕمانیئەفسەرەکە دەخاتەروو، دەکەوێتە ئەو ساتە گوماناوییەوە ئایا باوەڕبهێنێ ئەمە راستە یا درۆ، قاچی ونکردووە یانا. ئەمە یەکێکە لەو مەرجانەی کە تۆدۆرۆف بە پێویستی زانیون بۆ ئەدەبی فەنتازی و لە دەقەکەی فەرهادا فەراهەمبووە. وەک لە پێشتر ئاماژەمان بۆ قسەکانی تۆدۆرۆف کرد، دوودڵیی و گومان لە

بونیادی دەقەکەوە دەگەیەتە خوێنەریش، بەم پێیە دەبێت،وەک مەرجێك خوێنەری چیرۆکی فەنتازیش وەهای بەسەربێت لە ژێر کاریگەریی رووداوە سەیر و نامۆکاندا دەروونی گومان دایبگرێت و هەڵوێستێك سەبارەت بە دەقەکە وەربگرێت وا دابنێت ئەو رووداوە نامۆیانەی کە رووەدەن، ئەو هەڵسوکەوتە سەرسوڕهێنەرانەی کەسەکانی چیرۆکی فەنتازی دەینوێنن هەڵسوکەوت و رووداوی جیهانێکی پڕن لە مرۆڤ.

خوێنەری چیرۆکی (راکردوو)دەبێت (ئاسۆی چاوەڕوانی)بگۆڕێ، لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی دەقەکەدا بگونجێ، قەناعەتی پێ بکات. هەموو خوێنەرێك پێش ئەوەی دەق بخوێنێتەوە لە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێدا کۆمەڵێك زانیاری هەیە بۆ خوێندنەوە لە لای چەسپیون و قەناعەتی پێ کردوون بۆ نموونە، خوێنەری چیرۆکی واقیعی پێوەری خۆی هەیە دەقی پێ دەخوێنێتەوە، کە بێتە سەر خوێندنەوەی دەقێکی فەنتازی وەك ئەم چیرۆکەی فەرهاد تووشی سەرسامی دەبێت، یا ئەوەیە ئومێدی بەئاسۆی چاوەڕوانی خۆی نامێنی ــ لەو کاتەشدا دەبێت بە خوێنەرێکی وریا و گۆرانکاریی بەسەرا دێت یا لە چوارچێوەی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێدا دەمێنێتەوە. ئاسۆی چاوەڕوانی ئەو دەقانەی کە قەناعەتی خوێنەر دەگۆڕێ دەلیلە بۆ هێزی ئەو دەقانە. وەرگری چیرۆکی راکردوو وەك کەسەکانی ناوەوەی تووشی دڵەڕاوکێو گومان دەبێ سەرسام دەبێت بە رووداوە نامۆکانی، دوودڵدەبێت لەوەدا تەفسیری واقیعی بۆ بکات یاخود ناواقیعی.

ـ٥ـ

دژە پاڵوان ــ **البطل الضد**: پاڵەوان بەو پێناسەیەی کە لە داستان و رۆمان و چیرۆکی کلاسیکیدا هەبووە نەماوە. بۆیە لەجیاتی پاڵەوانیش ئەمڕۆ لەلێکۆڵنەوەی رەخنەیی نوێدا چاکترە لەجیاتی پاڵەوان، کەس یاخود بکەر بەکاربهێنرێت یاخود پاڵەوانی دژبەکاربهێنرێت،ئەمڕۆ پاڵەوان، دامالڕاوە لە هەموو سیفەتێکی پاڵەوانی بۆیە بە دژ ناودەبرێت. پێش سەرهەڵدانی رۆمان و رۆمانی کلاسیکی و چیرۆکی نوێ پاڵەوان لە ئەفسانە و داستاندا بە سەدەها سیفاتی پاڵەوانی دەڕازایەوە هێزی بێپایانی پێ دەدرا تا بە ئاسانی هەموو بەرهەڵستێ لەبن بێنێ و وەك نیمچەخودایی لێ دەکرا.واتا کەسێك بوو دەبوایە هەمیشە و بەبەردەوامیی زاڵبێت نەك بکەوێ، لە هەمو رووبەکەوە تەواو و کامڵ بێت. لە رۆمانس و رۆمانی کلاسیکیشدا پاڵەوان هەر ئەو سیفاتە قارەمانیانەی تیا بووە بەڵام بەپلەی کەمتر لە پاڵەوانی داستان و ئەفسانە. سیفاتی قارەمانی و پاڵەوانیی پاشان هەر بەردەوامبووە لە جموجولیاو گوازراوەتەوە بۆ ناو رۆمانی سەدەی نۆزدە و چیرۆك. لە رۆمانیکلاسیکیدا کەسی سەرەکی هەر بە پاڵەوان و نیمچە پاڵەوان دەژمێردرێ چونکە لەمرۆڤی ئاسایی بەرزترە بە هۆشترە کاملترە و کرداری قارەمانانەدەنوێنێ.

تائێرەیش پاڵەوان جموجولی هەیە و قارەمانێتی لە هونەری گێڕانەوەدا (**فن السرد**) رەواجی دەبێت و هەست بە هێزی قارەمانێتی پاڵەوان دەکەین، بەڵام پاش ئەو گۆرانکارییە گەورانەی کە بەسەر دنیادا هات بەتایبەتی رۆژئاوا و مرۆڤ رۆژ بەرۆژ لێی کەمدەکرایەوە و پووچی زاڵ ئەبوو بەسەر دەروون و دەوروبەریا چەمکی پاڵەوان بەرەو نەمان چوو کەوتە مەترسییەوە چونکە مرۆڤ بەگشتی و ئینسانەکانی ناو چیرۆك و رۆمانەکان دامالڕان لە خەسڵەتی قارەمانێتی، پاڵەوان لە چیرۆك و رۆماندا بەرەو ئاوابوون و لە ناو چوون چوو چونکە مرۆڤ ئەمرۆ کەسی ترسێنراوە داماو سەرگەردانە ئارەزوو و ئیرادەی لێ زەوتکراوە، ئەم سیفاتانەیش دوورن لە سیماو کرداری پاڵەوان. ئالێرەوە پاڵەوان نەما و بوو بە دژە پاڵەوان یاخود گۆڕا بۆ دژە پاڵەوان.

دەمێکە کەسی چیرۆك و رۆمانی رۆژئاوا بووە بەدژە پاڵەوان زیاتر ئاوابوون و نامۆیی مرۆڤ و بێهودەیی دەنوێنێ. لە چیرۆك و رۆمانی سەدەی بیستدا لەژێر زەبری ئەدەبی دەوڵەتیدا لە شوێنێکی وەك روسیا یا دەوڵەتی نزیك لەو وڵاتە ئیشتراکیانە پاڵەوانی ئیجابی سەریهەڵئەدا تابکرێت بە خزمەتکاری ئیدیولۆجیا. لەو جۆرە ئەدەبەدا دەبوایە پاڵەوان یا کەسی ناو چیرۆکەکە کەسێکی کاملّ بێت لە رووی هۆش و بیرو فیکرو توانـاوە، بۆی دانرابوو کە دەبێت شکست نەناسی، ماندوو نەبێت بگاتە ئامانج.بکەرەکانی ناو ئەم چیرۆکەی پاڵەوان نین بەتەواوی هەڵقوڵاوی شێوازی چیرۆکی تازەن بەڵکو دژە پاڵەوانن. دژە پاڵەوانی یەکەم رووخاوە. زەلیلە بێئومێدە، رەشبین و سەرگەردانە شێواوە چونکە قاچی بزرکردووە، بە ئەندامەکانی لەشی خوێشی بێگانەیە کە لێی دوورئەکەوتەوە ئەوەندە بچوکدەبێتەوە بەڕادەیەك خەریکە بەتەواوی هەڵئەوەشێتەوە یاوەك بورغو دەترازێ.دژە پاڵەوانی چیرۆکەکە نوێیە لەبەر ئەوەی کە هیچ سیفاتێکی قارەمانیی رۆمان و چیرۆکی سەدەی نۆزدەی پێوەنییە. وەك پاڵەوانی سەدەکانی پێشوو کاملّ و هۆشدار نییە، کەسێك نییە ئەوەندە بەهێز بێت شکست و ماندووبوون نەناسێ.وتمان لە رۆمانی کلاسیکیشدا، لە چیرۆکی باو دا کەسە سەرەکییەکان هەر بە پاڵەوان دائەنرێن چونکە لە مرۆڤی ئاسایی بالاترن و کرداری قارەمانانە دەنوێنن، بەسەر پووچیا زاڵئەبن و دەیانەوێشکست نەناسن و جۆربن لەگەلّ خۆیاندا.

کەسەکانی دەقەکەی فەرهاد دژە پاڵەوانن لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١ـ دژە پاڵەوان هیچ خەسڵەتێکی قارەمانانەی تیا نییە کە لە گێڕانەوەی سەدەکانی پێشوودا هەبووە، شکست و نائومێد و بچوکە تەواو وەك سەربازی دەقەکە کە بێجگە لە کرداری بێهودەکانی، بە ئاشکرا خویشی لە کۆتایی چیرۆکەکەدا دان بەوەدا دەنێ تەواو بێئومێد و بێتوانایە وەختێك وەلامی نامەکە دەداتەوە.

لە لایەکی ترەوە قاچەکە هەڵدێ، ئێمە لە پێشدا ئامازەمان بەوە دا کە قاچە جیابووەکە بەپێی پێناسەی فلادیمیربرۆب بۆ بکەر و کەسێتی، بکەرە چونکە کۆمەڵێك ئەرك وکردار جێبەجێ دەکات، بەڵام ئەمیش دژە پاڵەوانە نەك پاڵەوان چونکە کرداری پاڵەوانانەی لێنابینرێ، تەنانەت خۆی ناگرێ و ئەندامانی جەستەی خۆی بەجێدێلێ. راکردن کردەوەی پاڵەوان نییە. پاڵەوان بەو پێناسەی کە لە هونەری گێڕانەوەدا هەیبووە رێگای بەخۆی نەداوە شکست بێنێت یا رابکات. هەر لێرەوە بە ئاشکرا دەرئەکەوێ دووەم کەسی چیرۆکەکەیش دژە پاڵەوانە. بکەری سێیەم یا کەسی سێیەمی ناو چیرۆکەکە عەریفەکەیە ئەویش هەر دژە پاڵەوانێکە بۆ خۆی . لە رستەیەکدا دەڵێ:((سەیرکە من تەنانەت سەریشم سەری خۆم نییە، کەچی سبەینێ وەکو تۆ دەبێ بچمە سەنگەری شەر.))

لەو رستەیەدا عەریفەکە لەسەر زاری خۆی دان بەبێتوانایی و بێهودەیی ژیانی خۆیدا دەنێ، رازیبوونی خۆی بە مانەوە لە چوارچێوەیەکی ئالیدا ئاشکرا دەکات، یا کرداری ((دەبی)) ی ناو ئەو رستەیە ئەوە دەرئەخات ئەم گیرودەی فرمانەو پێیشی ناخۆشە و جێبەجییشێ دەکات. ئەمەش هەڵسوکەوتی دژە پاڵەوانە نەك پاڵەوانی گێڕانەوەی باو بە هەموو جۆرەکانییەوە هەر لە ئەفسانەو داستانەوە تا رۆمانس وچیرۆك و رۆمانی کلاسیکی.

٢ـ کەسانی ئەم جۆرە چیرۆکانە واتا دژە پاڵەوان، گۆڕانکاری وایان بەسەرانایە. سەربازەکە کەکەسی یەکەمی چیرۆکەکەیە لەسەرەتادا بێئومێدەو بەدوای قاچیدا دەگەڕێ بەڵام ئەو کردارانەیش کەلە ناوەراستدا دەیاننوێنێ دەیبەنەوە بۆ نائومێدی، یانی لە سەرەتایەکی نائومێدەوە بۆ کۆتاییەکی نائومێد.

تەنانەت عەریفەکەیش گۆرانکاریی وای بەسەرانایەت، رازییە بە حاڵتی پەراوێزی .

دژە پاڵەوان لە دایکبووی سەردەمی نوێیە کە رۆژبەرۆژ بیئومێدی توندتر بە سەریا دەکشێ. کافکاو چیرۆکنووسەکانی رۆژئاوا دەمێکە لە سەرەتای سەدەی بیستەوە ئاشکرایانکردووە، ئەویش پاش دەرکەوتنی لایەنە رەقەکانی پروسەی نوێگەری و ئاوابوونی بەختیپاڵەوان و قارەمانیی لە شاخە بەرزەکانی پاڵەوانییەوە بۆواقیع.

سەیرە، دەتوانین بڵێین کەسی دووەمی چیرۆکەکە(قاچەکە) پلەیەک لە خوار دژە پاڵەوانیشەوەیە، چ نامۆیی و پەرتبوونێکە کاتێك دەستێك یان قاچێك دەبڕێت بە کەسی ناو چیرۆکێك.

ئەم چیرۆکە لە رووبەکەوە لە سەر شێوازی کافکاییە لەهەمان کاتدا دژە پاڵەوانەکانی لە دایکبووی واقیعێکی تەواوی ئەم ولاتەن (ساڵەکانی هەشتا) و بێهودەیی و رەشبینی لە لای نەوەی شەڕ دەرئەبڕن. بۆ لای ئێمە ئێستاکافکاییەت سەرهەڵئەدا ؟بۆ لە سالأنی پەنجا و شەست و حەفتا سەریهەڵنەدا، خۆ وەك خوێندنەوە کافکا لە شەستەکانا یا سالأنی حەفتا کراوە بەعەرەبی و چیرۆکنووسەکانمان کەم بێت یازۆر ــ خوێندویانەتەوە، بۆ چی ئێستاله (١٩٨٠ــ ١٩٩٠) وە روخساری لە چیرۆکی ئێمە دا دەرئەکەوێ.

ئایا ئەگەر فەرهاد پیربالّ لە چل و پەنجاکانا بژیایە دەیتوانی چیرۆکێکی لەم جۆرەی ئێستای بنووسی؟ ئەمانەو چەند پرسیارێکی تر دەیانهێلمەوە بۆ نووسینێکی تر.

*

• لەم لێکۆڵینەوەدا هەوڵمداوە لە سەر پێناسەکردنی فەنتازیا و پاڵەوان و دژە پاڵەوان و جەستە بوەستم، یا باسی تاقکردنەوەی چەند نووسەرێکی بێگانە بکەم بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکەم، بۆ ئەم مەبەستە سوودم لەم نووسینانە بینیوە کە خۆم بە تەواوی وەك وەرمگێڕاون و بە دەستنووسی لای خۆمن و ئامادەن بۆ بلاوکردنەوە.

١ــ **الجسد فی الحضارة الغربیة ــ محمد مخلوف.**

٢ــ **الواقعیة الرمزیة فی القصة المغربیة ــ ادریس الناقوري.**

٣ــ نووسینێکی محسن سلیمانی دەربارەی دژە پاڵەوان .

• ئەو پێناسانەی تۆدۆرف بۆ فەنتازیا لە نووسینەکەی (ئیدریس الناقوری)دا هاتوون، هەروەها سەعید علوش لە کتێبی **معجم المصطلحات الأدبیةالمعاصرة** ــــ دا باسیکردوون.

فەرهاد پیربالّ

راکردوو

کـه لـه چایخانەکـه دانیشـتم و پشـتم دایـه کورسیەکه، دەمویست کەمێك بحەسێمەوە؛ یەکسەر هەستم کرد قاچی راستی خۆمـم لـه ئۆردووگاکەماندا لەبیر کردووە.

من بە درێژایی ژیانم هەرگیز قاچی خۆمم لـه هیـچ شوێنێك لەبیر نەکردبوو، ئەمە یەکەم جـار بـوو شـتی ئاوهـام بەسـەر بـێ. کاتـێ هەڵسـامەوە بـڕۆم، چایچیەکـه، کـه پیـاوێکی رەشـتاڵەی عـەرەبی ئـەو باشـووره بـوو لـه بـەردەرگای چایخانەکـەدا بەسەرسوڕمایەوە لێی پرسیم، وتی: "ها، رۆیشتی!. وتم: "نابینی؟". وتی: "چی؟". وتم: "قاچی راسـتی خۆمم لە ئوردووگاکەماندا لـەبیر کـردووە". پێکـەنی، وتـی: "تـۆ چـەند سـاڵە سـەربازی؟". وتم: "تـەنیا دوومانگە". وتی: هەقی خۆتە؛ رانەهاتووی.

بەتاقـه قاچێکەوە، بـه شەڵەشـەڵ گەیشـتمەوە ئوردووگاکەمان. دوای ماوەیەك چاوەڕوانی لە بەردەم ژووری ئەفسـەرەکەماندا، رێگـەیان پێـدام بچمـه ژووره‌وه.؟ بە هەناسەبڕکێوە سڵاوێکی سـەربازیم بـۆ ئەفسەرەکەمان کـرد، وتم: "ببـووره گـەورەم، قـاچی راسـتی خۆمـم لـه مـەیدانی مەشـقکردندا لێ لـه بـیر چووە". ئەفسەرەکە تووڕە بوو، بە سەرما شیراندی: "بـۆ شـتی ئاوهـا هەیـه لای مـن، بچـۆرە لای عەریفەکەتان". چوومـه لای عەریفەکـەمان، هـەمان شتم کرد، هەمان شتم وت. ئەویش بە هەمان شـێوە، وتی: "بچۆ لای نایب عەریفەکەتان".

نـایب عەریفەکـەمان، نـاوی مـەجنوون موجریـم حەرامی بوو، بانگیان دەکرد نایب عەریف مەجنوون. پیـاوێکی هـەتابڵێی بەنەزاکـەت بـوو. لەگـەڵم هـات و بردمیه ناو جبەخانەیەکی گەورە، تـاریك: پـڕ بـوو لـه دەست و قاچ و سەر و لووت و گـوێ و ران و پشـت و پەنجەی مرۆڤ. وتی: "بگەڕێ!".

"خـوار و ژووری نـاو جبەخانەکـه گـەڕام، قاچـه بزربووەکـەی خۆمـم نەدۆزییـەوە. خـەریك بـوو لـه خەفـەتان دڵـم شـەقی دەبـرد. وتم: "چـی بکـەم؟". وتـی: "کەواتـه لـه مـەیدانی مەشـقکردندا لێـت بـزر نـەبووە". وتم: "بـا؛ ئـەم ئێوارەیـه، پێـش ئـەوەی دەسـت بـه مەشـقکردن بکـەین، هـەمبوو". بـه تونديیەوە دووپاتی کردەوە: "نەء، له ئۆردووگا لێت بزر نەبووە".

ـ با.

ـ درۆدەکەی! لە شوێنێکی دیکە لێت بزربووە.

دەرگای جبەخانەکەی کلیلدا، وتی: "ئەم شەو جارێ بگەڕێوە ماڵ، سبەینێ سۆراغێکی دەکەین".

بۆ سبەینێ و دووسبەی و سێ سبەش هیچم نەدۆزیەوە. بەم شێوەیە نۆ رۆژان بەبێ قاچی راست چوومە مەشقکردن: حەزم نەدەکرد قاچی خەڵکی دیکە لە خۆم ببەستم. بۆ دەیەمین رۆژ وتیان: "لە باشووری عێراقدا هێرشێکی تازە دەکرێتە سەر دوژمن؛ دەتنێرینە جەنگ!". وتم: "من ناتوانم، چونکە قاچی راستم نیە". وتیان: "قەیناکە! قاچێکت دەدەینێ". نایب عەریف مەجنوون لەگەڵم هات، بردمیە ناو جبەخانە تاریکەکە. قاچێکی لەناو کۆمەڵێك دەست و قاچ و سنگ و رانی مرۆڤدا راکێشا، وتی: "هانێ، تاقیی بکەوە!".

قاچەکەم تاقیکردەوە. زۆر کورت بوو. وتم: "ئەم قاچە بۆ من نابێ، زۆر کورتە". قاچێکی دیکەی دەرهێنا، قاچێکی رەشی درێژی تووکن بوو. دایە دەستم، وتی: "ئەی بزانە ئەمە چۆنە!".

تەماشایەکم کرد، وتم: "گەورەم، ئەم قاچە یەکجار درێژە، بۆ من نابێ". ئەمجارەیان قاچێکی دیکەی راکێشا: قاچێکی خوێناوی، لە سێ چوار لاوە گوللەی پێکەوتبوو، شوێنی گوللەکان ڕەشهەڵگەڕابوون. وتی: "هانێ، ئەمەیان!".

من، کە دەمویست بزربوونی قاچم بکەمە هەنجەت بۆ ئەوەی نەمنێرنە سەنگەری شەڕ، وتم: "گەورەم، ئەم قاچە گوللەی پێکەوتووە، جگە لەوەش زۆر ناشیرینە". نایب عەریفەکەمان بەم قسەیەم تووڕەبوو. لە ناکاو سەری خۆی لێکردەوەو دایناییە سەر مێزەکەی بەردەمی؛ وتی: "سەیرکە، من تەنانەت سەریشم سەری خۆم نیە، کەچی سبەینێ وەکو تۆ دەبێ بچمە سەنگەری شەڕ". پاشان سەری خۆی هەڵگرتەوەو خستیەوە شوێنی خۆی. هەر بە تووڕەییەوە وتی: "تۆ تەنیا قاچی راستت نیە، کەچی پێت سوغرەیە لەگەڵمان بێیتە شەڕ".

من کە ئەم دیمەنەم دیت، بەزەییم بە نایب عەریفەکەماندا هاتەوە. لەڕوو مام، نەمزانی چی بڵێم، ئنجا بە گازاندەیەکی هاوڕێیانەوە وتی: "ئێوەی کورد هەمووتان هەر وان، هەمیشە دەتانەوێ خۆتان لە ئێمەی عەرەب جیابکەنەوە".

ئەم قسەیە وای لێکردم تەریق ببمەوە، لە دڵی خۆمدا وتم: "عەیبە، با هەست بەوە نەکات کە من بزربوونی قاچم دەکەمە هەنجەتی نەچوونە جەنگ". وتم: "گەورەم دلگران مەبە!" بە ناچارییەوە دەستم بۆ ناو قاچەکان درێژکرد، وتم: "دەی قەیناکە، قاچێکم بدەرێ!".

ـ کامەیان! ـ هەر کامێکیان بێت.

کە گەڕامەوە ماڵ، دەمویست بچم جانتا و بارگەی خۆم بپێچمەوە، بۆ ئەوەی سبەینێ بەرەو سەنگەری شەڕ بەڕێ بکەوم. لەناکاو دیتم قاچە راستە بزربووەکەم نامەیەکی بۆم ناردبوو. بە شپرزەییەوە نامەکەم کردەوە. خەریك بوو لە کەیفخۆشییان شاگەشکە ببم. قاچە راستە بزربووەکەم لە نامەکەیدا نووسیبووی ((کە چەند رۆژێك پێش ئێستا پۆلیس لەناو بازاڕی شارەکەدا داوای ناسنامەیان لێکردووە؛ ئەویش لەبەر ئەوەی هیچ ناسنامەیەکی پێ نەبووە پۆلیسەکان وایانزانیوە فیرارە؛ وتوویانە: "مادام کوردە و فیراری کردووە، با یەکسەر بینێرینە سەنگەری شەڕ". ئەویش لە ناو بازاڕەکەدا خۆی لە دەست پۆلیسەکان راپسکاندووە و رایکردووە، هەر بە راکردن و غارەغار تاکو بەغدا رانەوەستاوە؛ لەوێش ناسنامەیەکی دەسکەڵبەستی پەیداکردووە و چۆتە گەراجی کندی؛ سواری پاسێکی هەژدە نەفەری بووەو و گەڕاوەتەوە هەولێر.

قاچەراستە بزربووەکەم، بەم نامە بە پەلەیەی، بەراستی، سەرتاپای رۆح و جەستەمی داچڵەکاند. سەیرم پێدەهات: ئەو قاچە بەستەزمانەم چۆن توانیویەتی بە تاقی تەنیا ئەو جەربەزییە بکات و

خۆی بگەیەنێتەوەو هەولێر! لە هەموویشی سەیرتر ئەوە بوو کە لەو نامەکەیدا داوای لێ کردبووم منیش وەکو ئەو فیرار بکەم و بگەڕێمەوە هەولێر. لە نامەکەیدا بە خەتێکی زۆر شپرزەو تێکەڵ و پێکەڵ نووسیبووی: "تکات لێدەکەم بگەڕێوە، من بەبێ تۆ ناتوانم بژیم، بە زووترین کات فیراربکە و وەرەوە هەولێر! ئیدی لێرە چارەسەرێك بۆ خۆمان دەدۆزینەوە ،دەچینە ئێران یان دەچینە تورکیا لەوێشەوە خۆمان دەگەیەنینە ئەورووپا. بۆ خۆمان لەمەودوا لە ئەورووپا بە خۆشی و شادی دەژین...".

ـ بە زووترین کات بگەڕێوە.. من بەبێ تۆ ناتوانم بژیم...

ئەم قسانە، دوای تەواوکردنی نامەکە، لە میشکمدا دەزرنگانەوە. عارەقەیەکی سارد سەرتاپای لەشمی داگرتبوو لە ژوورەکەمدا دانیشتبووم و هەردوو کاژەلاکم لەناو دەستەکانی خۆمدا راگرتبوون، دەیان هزری ماندووی جۆراوجۆر بە میشکمدا تێدەپەڕین.

ـ بە زووترین کات بگەڕێوە.. بۆ خۆمان دەچینە ئەورووپا..!

بیرم دەکردەوە: من رۆح و سەر و میشکم زۆر لەوە ماندووتر بوون کە بتوانم فیرار بکەم و رێگای جەربەزەیی و چوونە تورکیا، لەوێشەوە گەیشتنە ئەورووپا بگرمەبەر. بە خۆم و تەمەنی بیست و نۆ ساڵەی خۆمەوە هەستمدەکرد ژیان و داهاتووم، ئەگەرچی لەم جەنگە شووم و بێمانایەشدا بە هەدەر بچێت، بەڵام ئەوەندە ناهێنێ کە ئیدی هیچ جەربەزەییەکی نەزۆك و غەمگینی دیکەی لە پێناو بکەم. لە ژوورەکەمدا لەسەر کورسیەك دانیشتم، دەستمدایە قەڵەم و کاغەزێك، کەوتمە سەر نووسینی نامەیەك بۆ قاچە راستە خۆشەویستەکەم. بە دڵێکی پڕ لە حەژمەت و تاسە و فیگاری، چاو فرمێسکاوی، نووسییم:

لێم ببووره، ئەی قاچە خۆشەویستەکەم! من رۆحم یەکجار ماندووە. لەوانەیە خۆشت باش هەست پێ بکەی کە من لەدەست ژیان و داهاتووی خۆم رادەکەم. من هەستدەکەم توانای هیچ جەربەزەییەکم نەماوە؛ ناشتوانم چیتر چێژ لە خۆشی و جوانییەکانی ژیان ببینم: نە لەناو ولاّت و نە لە ئەورووپاش. من و نەوەی من کۆمەڵێك گەنجی بەدبەخت و رەنجەڕۆ بووین، بووینە قوربانیی سەردەمی خۆمان : بووینە قوربانیی شەڕ و جەنگە ناماقوولەکانی ئەو گەوج و کەرانەی کە فەرمانڕەوایەتیی ئێمە دەکەن. من زۆر ماندووم، زۆر زۆر ماندووم. تۆش ئیتر ئەگەر سەفەری ئەورووپات کرد، خوا ئاگادارت بێ! ئاواتەخوازم کە بەختەوەر و سەرکەوتوو بێ...

۱۹۸۹

ئا: دامون .ع

سنعاتی کتێب له کوردستاندا له کوێوه ؟ بەرەوکوێ؟

چاپکردنی کتێب ، واتا دەرکەوتن و پەیدا بوونی کتێب به چاپ نەك به دەست و قەڵەم کەله کۆندا باو بووه، دیاردەیەکی تازەیەو لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانیی و نوێخوازی و پیشەسازیدا سەریهەڵداوه. لە کوردستانی خۆماندا ئەم دیاردەیە تەمەنی ئەوەندە درێژ نیە، لە دەیەی نەوەدەوە جۆرە ئازادییەك بۆ کتێب و چاپەمەنیی و بەکارهێنانی چەندین جۆری چاپکردن بۆ خەڵك بەگشتی و رۆشنبیران بەتایبەتی رەخسا. کێشەکانی سنعاتی کتێب چین ؟پەیوەندییان به چییەوە هەیە؟ چۆن ئەم سنعاتە پێش ئەکەوێ ،ئێستاله چ ئاستێکدایە؟ ئەمانە و چەندین شتی تر ئەم راپرسە پێکدەهێنن .

١. بەڕای ئێوە چ جیاوازییەك هەیە لەنێوان کتێبو سنعاتی کتێبی نەوەدەکانی سەدەی بیستو ئێستاو دەیەکانی تری سەدەی بیست ؟

٢. چاپکردنی کتێب دوای راپەڕین بەچ گرفتو شێوازی پەرەسەندنا رۆیشتووە، ئەگەر پەرەسەندنی بەخۆیەوە بینی بێت؟

٣. ئایا بازاڕی کتێب گەرمە لەکوردستاندا، یا نا، ئەگەر نابۆچیو ئەگەر وایە بۆچی ؟

٤، هەندێك کتێب باش چاپدەکرێنو ناڕۆنو هەندێکی تریش بەڕادەی ئەوانە باش نین کەچی زوو سەرفدەبن، هۆی ئەمە بۆچ شتێك دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی کەڕەنگە خوێنەری کورد لەهەڵبژاردنا زەوق زاڵ بێت بەسەریا نەك عەقڵ، یا بۆ پڕوپاگەندەی خاوەن کتێبخانەو داموودەزگاکان کەڕەنگە بەباشی بۆ کتێبێکی بکەنو زۆر بایەخ بەکتێبێکی تر نەدەن ؟

٤. ئایا لەکوردستاندا نرخی کتێب لەچاو ولاتانی جیهانو دەوروبەرماندا چۆنە ؟ ئەگەر گران بێت چ بکەین بۆ نرخێکی گونجاو ؟

٥. پێتان وانییە کە بۆ کێشەی گرانی خوێنەری کورد لەسەر هەرزانی ساڵەکانی حەفتاو هەشتا سەیری نرخی

ئێستا دەکات، واتە لەسەر هەرزانیی ئەوسالآنە راهاتووەو رەچاوی لایەنی ئابووری‌و رادەی دەرامەتی ئێستا ناکات ؟

٦. بەلاتانەوە تەنها توانای ئابووری‌و بەرزی نرخی کتێبە لەپاڵ نزیکەبوونەوەی کورد لەکتێب یا ئەمە کێشەیەکە پەیوەندی بەئاستی هۆشیاری کۆمەڵەوە هەیە ؟

٧. بیرمانە لەحەفتاو سەرەتاکانی هەشتاکاندا کڕینی راستەوخۆ هەبوو، خوێنەرانیش بۆ کتێبی هەندێك نووسەر ناویان لای خاوەن کتێبخانەکان دەنووسی . ئەمە چەند جارێك رویداوە، ئێستا کتێبی باش دەرئەچێ بۆ ئەو دیاردەیە دووبارە نابێتەوە ؟


٨. ئەگەرچی ولاتە پێشکەوتووەکان لەگەڵ ئێمە بۆ کتێب بەراورد ناکرێن، ئێستا ئەوان کتێب بەچەندەها شێوە چاپدەکەن ،شاعیری ناسراو (سەلاح ستیتیە) دەڵێ، لەفەرەنسا چەند کەسێك داوایان لەو دەزگایە دەکرد کە دیوانەکانم چاپدەکات بە شێوەیەکی تایبەتی چەند دانەیەکیان بۆ چاپبکات . لەلای ئەوان دەمێکە کتێبی سوکەڵەی گیرفانیش هەیە، چ بکرێت بۆ هەنگاونانی خۆمان بەرەو ئەو ئاستە ؟

١٠. حکومەت لەپوی هەرزانکردنی کاغەزو مەرەکەب‌و کەرەسەی چاپەوە چ بکات بۆ یارمەتیدانی دەزگاکانی چاپەمەنی‌و بنکە رۆشنبیرییەکان ؟

١١ سانسۆر لەکوردستاندا لەسەر کتێب هەیە یاخود نا؟ چ پێشنیازێکت هەیە ؟

١٢. ئایا دامەزراندنی یەکێتی پەخشکەران (الناشرون)و خاوەن کتێبخانەکان بەپێویست دەزانی بۆ کەمکردنەوەی کێشەی کتێب‌و چاپ لەکوردستاندا ؟

١٣. چ بکرێت بۆ دامەزراندنی لیژنەی داکۆکی لەمافی نووسەر لەکوردستاندا ؟



محەمەد عبدالکریم سۆڵەیی‌بەڕێوەبەری‌گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە لە وەزارەتی رۆشنبیری

١ــ راپەڕین شۆڕشێکی نوێ بوو لەمێژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەماندا. وەك شۆڕش گۆڕانکاری زۆری لەهەموو بوارەکانی کۆمەڵی کوردەواریدا هێنایە کایەوە. یەکێك لەوگۆڕانکاریانە، ئازادی رۆژنامەگەری‌و چاپکردنی کتێب بوو. کەلەپێش راپەڕیندا سانسۆرێکی لەرادەبەدەر خرابووە سەری. بۆیە جیاوازییەکانی کتێب‌و سنعاتی چاپکردنی کتێبی نەوەدەکانی سەدەی بیست لەگەڵ پێش نەوەدەکاندا بەراورد ناکرێن.

لەدوای راپەڕین‌و دروستبوونی حکومەتی هەرێم، هەڵمەتێکی فراوان‌و بەردەوام لەهەموو بوارەکانی چاپ‌و چاپکردنی کتێبدا دەستی پێکرد. ساڵ بەساڵ زیاترو باشتر دەبێت. کەبەرادەیەکە گشت کتێبخانەکان‌و تەنانەت سەر شۆستەی شەقامی شارەکانیش پڕن لەکتێبی جۆراوجۆر و ڕۆژنامەو

گۆڤارو بڵاوکراوە ،کە بەتەمەنی رۆژنامەگەریو رووناکبیریی هەرگیز حاڵەتی وای بەخۆیەوە نەبینیوە.. لە ٢٠٠١/١/١وە تا ٢٠٠١/٨/٥ (٢٧٨) ژمارەی سپاردن لەبەڕێوبەرایەتی گشتی چاپو بڵاوکردنەوە دراوە بەکتێب بۆ چاپکردنو، بەپێی ئەو ژمارەیەی لامانە لەسالّی (٢٠٠٠)دا (٦٠) گۆڤارو (٤٠) رۆژنامە مۆڵەتی دەرچونیان هەبووە: دڵنیام لەسالّی (٢٠٠١)دا ژمارەکە زیادی کردووە.. بەبۆچوونی من رۆژانە دوو کتێب چاپ دەکرێتو دەکەوێتە بازاڕەوە. کاری چاپکردن لەپێش نەوەدەکاندا لەسەر شێوازی کۆنو بەئامێری چاپی کۆن چاپ دەکرا. لەنەوەدەکاندا شێوازی نوێ و سنعاتی نوێو ئامێری نوێو هونەری نوێ لەچاپکردنی کتێبو بڵاوکراوەکاندا پەیڕەو دەکرێن کە لەهەموو رووبەکەوە پێشکەوتووەو پەرەی سەندووە.


٢ــ بەبۆچوونی من چاپکردنی کتێب دوای راپەڕینو ئازادی کوردستان ئەوگرفتانەی هەیبوو، لەهەموو رووبەکەوە نەماوە .بەشێوەیەکی زۆر باش بەبێ گیروگرفت کاری چاپکردنی کتێب بەڕێوە دەچێتو پەرەی سەندووە ،کە لەسەردەمی هەموو رژێمە جیاجیاکاندا هەرگیز ئەو پێشکەوتنو پەرەسەندنەی بەخۆیەوە نەبینیوە.

٣ــ بە بەرچاوەوەیە بازاڕی چاپکردنی کتێب زۆر گەرمە، بەڵام بازاڕی فرۆشتنو خوێندنەوە، ئەگەر تاڕادەیەک کزو سارد بێت وەکو بازاڕی چاپکردنەکە نەبێت ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ:

ژمارەی زۆری چاپکراوەکان لەکتێبو رۆژنامەو گۆڤار، کەخوێنەری کورد فریای خوێندنەوەیان ناکەوێت.

باری گوزەرانو بێ دەرامەتی خەڵک، بەتایبەتی خوێنەواران‌و نووسەرانو رووناکبیران ،وایکردووە کەوەکو پێویست ناتوانن دەست بۆ هەموو کتێبو چاپکراوێک بەرن.. گەنجە خوێنەوارەکانمان وەکو گەنجێتی ئێمە کتێبیان نەکردۆتە هاوڕێیانو ژمارەیەکی زۆر کەمیان خولیای خوێندنەوەن. بەرای من ئەوانە چەند هۆکارێکی خۆی هەیە. وەک زۆربەی زۆری گەنجەکان خەیاڵو کەڵکەڵەی هەندەران و ڕۆیشتنیان لەسەردایە. هەموو ئاوات‌و خۆزگەیان بۆتە ڕۆیشتن بۆ دەرەوە. زۆربەی گەنجە خوێندەوارەکانمان بێکارن، ئەگەر کاریشیان هەبێت موچەو پارەکەیان ئەوەندە نییە، کێشەی رۆژانەی ژیانیان بۆ دەستەبەر بکات ،هەمیشە باخەڵیان خاڵییەو چاوەڕوانی کەس‌وکاریان دەکەن یارمەتییان بدەن. ئیتر چۆن کتێب بکڕن؟ لەسەردەمی رژێمدا هەموو خەڵکی کورد لەکوردستاندا هەڕەشەی نەمانی لێدەکراو بە دڕندانەترین شێوە دەچەوسێنرانەوە، بۆیە خوێندەواری کورد تامەزرۆی شیعرێک یان چیرۆکێک بوون ،بیخوێنەوەو گفتو گۆی دڵیانی پێ بمرێنن ،ئێستا خوێنەر ئازادە، گوشاری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری‌و سەربازییان لەسەر نییە و هەست بەچەوساندنەوە ناکەن .

٤ ــ من لەگەڵ ئەوەدانیم کتێبی باش رەواجی نەبێت، بەپێچەوانەوە کتێبە باشەکان چەند تیراژیان زۆربێت لەکتێبخانەکاندا نامێننەوە. بەپێچەوانەشەوە ناوەڕۆکی لاواز هەرچییەکی بۆ بکرێت بەدڵنیاییەوە بازاڕی نابێت‌و بێ بازاڕییەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆیانەی کە لەوەڵامی پرسیاری سێیەمدا ئاماژەم بۆ کردووە. لەو بڕوایەدانیم ئەمڕۆ هیچ دامودەزگایەکی حزبی‌و رێکخراوەیی‌و حکومی‌و ئەهلی، ئەوەندە کاریگەریان لەسەر خوێنەری کورد هەبێت کەلەبەر خاتریان بڵاوکراوەو چاپکراوەکانیان بکڕن‌و بخوێننەوە، لەگەڵ ئەمانەشدا ئەمڕۆ زانست‌و تەکنەلۆجیا ئەوەندە پێشکەوتووە، سەردەمەکە بۆتە سەردەمی (تخصص)و هەر خوێندەوارێک هەوڵدەدات ئەوچاپکراوە یان ئەوکتێبە هەڵبژێریت بۆ خوێندنەوە، کە لەگەڵ بیرکردنەوەو تایبەتمەندێتیدا دەگونجێت. ئەوەشیکە ئەمڕۆ بازاڕی خوێندنەوەو



فرۆشتنی زۆر کـزە شـیعرو ئەدەبـە. کەبـەلای منـەوە ئەمـەش سـەردەمێکەو رەنگـە چـەند سـاڵێکی‌تر بگۆڕێت، دیارە تەلەفیزیۆن‌و سەتەلایتیش کاریگـەری خۆی هەیە.

٥ــ بـە بۆچوونـی مـن ئـەمڕۆ لەکوردسـتاندا نرخـی کتێب لەچاو جیهان‌و وڵاتانی دەوروبەرماندا هەرزانـە‌و نرخەکەی گونجاوە.

ئەونرخـەی لەسـەر هـەر بڵاوکـراوەو چـاپکراوێك دادەنرێت نرخی تێچوونەکەی نییەو کتێبەکە لەونرخە زیـاتری تێچـووە. بۆیـە نـرخ چـەند دابـەزێت خاوەنەکـەی لـەڕووی ماددیـەوە هـەر زیـان دەکـات. ئەگەر سەیری نرخی کتێبەکانی (دار المدی) بکرێـت‌و بـەراورد بکرێـت لەگـەڵ نرخـی ئەوکتێبانـەی لـەدەزگاکانی چاپکردن چاپدەکرێن لەکوردسـتاندا، جیاوازی زۆر بەدی دەکرێت لەڕووی نرخەکانیانەوە.

٦ــ بەرای من خوێنـەری کـورد ئـەوەندە هۆشـیارە کەبـەراوردی ئـەم سـەردەمەو سـاڵانی شەسـتەکان‌و حەفتاکان‌و هەشتاکان وەکو یـەك سـەیر ناکـات ،لـەو ساڵانەدا ژیان‌و گوزەرانی خەڵك چۆنبـووە‌و ئێسـتاش چۆنە. سەردەمەکە سەردەمی پێشکەوتنی زانسـت‌و تەکنـەلۆجیاو ئەنتەرنێتـە، جیـهان بۆتـە گوندێکـی بچووك، جاران بەفلس مامەڵە دەکرا ،ئێستا دیناریش نرخـی نـەماوە. بۆیـە باوەڕناکـەم لـەو ڕوانگەیـەوە سەیری نرخی کتێب بکرێت.

٧ــ بـەلای منـەوە بـاری ئـابووری رۆڵـی سـەرەکی دەبینێـت ،بـەرزی نرخـی کتێـب نییـە. خوێنـەری کوردیش بەوڕادەیە لەکتێب دوور نەکەوتۆتەوە . لـەم سـەردەمەدا خوێنـدەواری کـورد لەهـەموو سـەردەمەکانی‌تر هۆشـیارترە، ئەگـەر بەوڕادەیـە کۆمەڵ ناهۆشـیار بێـت بـازاڕی کتێب‌و خوێندنـەوەی ئـەوەندە کـەم بێـت، چـۆن ئـەو هـەموو کتێبـە چـاپ دەکرێـت، ئـەو هـەموو دامودەزگایـەی چـاپکردن دروست دەکرێت؟

٨ ــ راستە لەوساڵانەدا ئەو دیاردەیە بەدی دەکرا . هەموو دەزانین ئەو سـاڵانە کتێب زۆر بەکـەمی چـاپ دەکـرا، کـەچاپیش دەکـرا بـەتیراژی کـەم بـاڵو دەکرایـەوە ،بیرمانـە لەوسـاڵانەدا چـەند رۆژنامـەو گۆڤـاری کـوردی دەردەچـوو، کـەوەکو نـاوی خۆمـان لەبەرمانبوون .بەڵام ئێستا بۆمان نازمێردرێت چ جای ئەوەی ناوەکانیان بزانین. ئێستا ئەو کتێبە باشـانەی دەردەچـن بـەتیراژی زۆردەردەچـن‌و ژمـارەی دەرچوونـی کتێـب وەکـو وتم لەرادەبـەدەرە‌و بۆتـە رووبارێکی ڕوونـی هەمیشـە هـاتووە ،مـەرجیش نییـە هەمووخوێنـەرێ کتێـب بکرێـت، ئـەمڕۆ پـەیوەندی کۆمەڵایەتی زۆرە، کتێبێك یەك کـەس دەیکرێ بـەڵام چەندکەسێك دەیخوێننەوە.

٩ ــ چەند ساڵێکە لەکوردسـتاندا جۆرەهـا ئـامێری چـاپکردن پـەیدابووە . سـەدان نووسـینگەو بنکـەو دەزگای چاپ‌و چاپکردن کراونەتەوەو هەرهەموشـیان لەکاردان بۆ چاپکردنی کتێب‌و بڵاوکراوەکان . کەئـەو ئامێرانـە بـەنرخی گـران‌و زۆر بەزەحمـەت دەگەنـە دەسـت هاوڵاتیـان‌و دەزگاکـان، دەبێـت هەرهـەموو بەڕێگای قاچاخ‌و قاچاخچی بـهێنرێن. وڵاتێکـی وەکـو ئێسـتای کوردسـتان ،کەتائێسـتا سـاخ نەبۆتـەوە حکومـەتین ، دەوڵـەتین چـۆن لەگـەڵ دەوڵـەتێکی گـەورەی پێشـکەوتوی ئـەوروپادا بـەراورد دەکرێـت؟


ئەوان لەکوێ ئێمە لەکوێ ؟هەر بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئەگەر بارودۆخی کوردستان سەقامگیربێت، نەک وەکو فەڕەنسا بین بەڵکە وەکو لوبنان یان کوێت بین ڕێگای بازاڕی بازرگانیمان بۆبکرێتەوە، زۆر بەزوویی دەگەینە ئەو ئاستەی کەزۆر ولاتانی تیادایە، هیچ نەبێت وەکو ئێستای سوریاو لبنان لەبواری چاپکردنی کتێب و سنعاتی چاپکردنەوە پێشدەکەوین.

١٠ ــ کەدەڵێین دەوڵەت ،دەبێت ئەوەمان لەبیرنەچێت کەئایا ئێستا ئێمە دەوڵەتین ؟ ئەزموونی حکومەتەکەمان لەمەترسی خەلەستووە؟ ولاتانی دەوروبەرمان مشتومڕیان لەسەر هەڵوەشاندنەوەی نییە؟ کام ولاتیان بەرەهایی سنووری بۆ کردووینەتەوەو هەر ڕۆژە بیانویەکمان پێ ناگرن؟ بۆیە کاتێك داوا لەدەوڵەت دەکەین یارمەتی و هاوکاری خەڵك بکات، کەدەوڵەت بین .کاروانی بازرگانی بەبێ گوشارو ڕێگریبە ڕێگای ئوسوڵی بازرگانی بێتو بچێت و دەوڵەت خۆی بەئاسانی بتوانێت هەموو کەلوپەڵو پۆشاکێك بهێنێتو بازاڕی لێ پڕبکات .. حکومەتی ئێمە ئێستا دەتوانێت ئەوە بکات؟ بێگومان لەهەوڵدایە بەڵام کەی هەوڵەکە سەر دەگرێت ،ئەوەش ڕوونو ئاشکرایە هەرزانیو گرانی کاغەزو پێداویستی چاپو چاپکردن وەکو هەموو کەلوپەلێکی تر پەیوەندی بە بەرزونزمی دراوەوە هەیە ،کەئەو بازاڕەش شەیتان بازاڕەو هەر سەعاتەی بەجۆرێك دراو بەرز دەبێتەوە و دادەبەزێت .گومانی نییە بازاڕی بازرگانی ئازاد بێتو ڕێگای لێنەگیرێت، ململانێ باش دەکرێت بۆ هەرزانی کەلوپەل.


بەڕای من حکومەت لەم بارودۆخەی ئێستایدا ناتوانێت یارمەتی دەزگاکانی چاپکردن بە کاغەزو مەرەکەبو کەرەستەی چاپکردن بدات ،بەڵکو دەکرێت ئەگەر باری ئابووری حکومەت لەباربێت ،بە پارە یارمەتی ئەو دەزگایانە بداتو بۆئەمەش یاسایەك دابنرێت لە یاساکەدا دیاری بکرێت مانگانە بێت یان سالانە.

١١ ــ وەکو ماددەکە دەڵێت (چاودێری (رقابە) لەهەرێمدا ناخرێتە سەر چاپەمەنیو هەر هاوڵاتییەك سەربەستە لەدەرکردنی هەر چاپەمەنییەکدا بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە).

بەڵام لەماددەی (٩) ی ئەم یاسایەو بەینی ماددەکە ڕێگری لەهەندێ بڵاوکراوە دەکرێت وەکو دەڵێت (بڵاو کردنەوە– النشر) لەو بابەتانە قەدەغەن ،کە هانی کردنی تاوان و کاری تیرۆریستی ــ الارهاب ــ دەدەن و ڕێو شوێنی بۆ خۆش دەکەن وتین وتوانای بۆدابین دەکەن ، یان جنێوو تانە لێدان و



ناوزڕاندنی کەسانیان تێدابێ ، یان دەستدرێژی بۆ سەر حورمەتی ئاین و مەزهەبەکان و داب و نەریت و سیستمی گشتی تێدابێ) .



بەرای من هەردوو ماددەکە لەیاساکەدا پێچەوانەی یەکترن و ئەگەر یەک ماددە بوایە و ماددەکەش وادابنرایە سانسۆر لەسەر هیچ بڵاوکراوەیەک نابێت، بەمەرجێ ئەوانەی لەماددەی نۆدا تۆمارکراوە تیایانە بێت .. چونکە نووسەر مافی خۆیەتی ماددەی دوو بۆ نووسین لەیاساکە بەکار بهێنێت و کەسێ نەتوانێت لێی بپرسێتەوە و سەیری ماددەی نۆ هەر نەکات .

لەبەرئەوەی بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان و کۆمەڵی کوردەواری لەباریکی نائاساییدایە ، دیاردەی ناڕێکی کۆمەڵ و زیندوبوونەوە و دروست بوونی چەند لایەنێکی جۆراو جۆر وای کردووە کەنووسەر بەزیرەکی نووسینەکەی بنووسێت، بەڵگە نەدات بەدەستەوە بۆ هەڵبەزینەوە و دادگا لێگرتن و رەوتی روناکبیری بەهێمنی و زانستانە بەڕێوە بچێ،خۆراکی باشی سەردەمانە بدەینە خوێنەرانی گەلەکەمان .

۱۲ ــ سەبارەت بەدامەزراندنی یەکێتی پەخشکەران و خاوەن کتێبخانەکان ،بەبۆچوونی من هەر کۆمەڵ و رێکخراوێك بەئامانجی خزمەتکردنی خەڵك و هاوڵاتیان بەرنامەکەی دابنرێت کارێکی باشە .

دامەزراندنی یەکێتییەکی لەوجۆرە بۆ کەمکردنەوەی کێشەکانی کتێب و چاپکردنی کتێب لەکوردستاندا کارێکی باشە .

۱۳ ــ ئەمڕۆ لەکوردستاندا یەکێتی نووسەرانی کورد و یانەی قەڵەم وەکو رێکخراو دامەزراون ، بەبۆچوونی من ئەو لیژنەی داکۆکییە لەمافی نووسەران حەقوایە لەناو ئەو رێکخراوانەدا پێکبهێنرێت، ئەگەر ئەودوو دامەزراوە بۆ کۆکردنەوەی نووسەران و داکۆکی لەمافەکانیان نەبێت، کەواتە دەبێت چیان لەخۆیان گرتبێ..؟ بۆیە من پێم باشە کەئەو لیژنەیە پێکبهێنرێت و لەو دوو رێکخراوەدا یاساو رێنمایی بۆ دابنرێت و بەهاوکاری لەگەڵ یەکێتی رۆژنامە نووساندا کارێك بکەن کەمافی نووسەری کورد پێشێل نەکرێت .


یاسین بەرزنجی:
نووسەر / بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتی

۱- دیارە جیاوازی زۆرە، سەرەتای نەوەدەکان ئازادیی لە کوردستاندا لێشاوێکی چاپی بەخۆوە دی، کتێبخانەی کوردیی لەولێشاوەدا لە کتێبی کاڵ و کرچیش بێ بەش نەبوو.

دیارە چاپکراوەکان لە دوو سەرچاوەوە دێنە کتێبخانەی کوردی، ئەوانەی لە کوردستاندا روناکی دەبینن و ئەوانەی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە چاپ دەدرێن، هەڵبەت لێرەو لە دەرەوە کتێبی باش و خراپ لە چاپدراوە و دەدرێت.کتێب بێت هەر چۆنێ بەشێکە لە سامانی فەرهەنگی و پێودانگە بۆ

ئاستی رۆشنبیریی گەلە کەمان، لەهەمان کاتدا نیشانەیەکە بۆ بەرهەمی تاکە کەس، ئیدی گەر کتێبی بەرزو سەنگین بکەوێتە بەرچاو ئەوە هی نووسەرو ئەدیب و زاناو وەرگێڕی بەتوانایە، ئەوانەی لە دنیای روناکبیری کوردیدا بە دەنگ و رەنگن، خۆگەر بەپێچەوانەشەوە بوو، کەوا بەهەمان شێوە هیی کەسانێکە کە سەد خۆزگە خۆیان ماندوو نەکردایەو پارەو پوولی خۆیان، یان هی ئەو لایەنەی بۆی چاپ کردوون بە فیڕۆنەدایە.

ئێستا وایدەبینم حاڵەتەکە راستترەو رەوشەکە سروشتی ترەو لەو حاڵەت و رەوشەدا کتێبی باشترو بەکەڵکترو تەنانەت جوانتر لەرووی دەرهێنان و چاپەوە دەگەنە کتێبخانەی کوردی.



٢- بەپێی یاسای هەرێمی کوردستان، خەڵکمان ئازادە چی چاپ دەکەن و هەرچییەک دەڵێن، وەزارەتی رۆشنبیری بە تەنیا ژمارەی سپاردن دەبەخشێ بە کتێبە چاپکراوەکان، کەسانی واهەن ئەو ژمارەیەش وەرناگرن!

ئێستا بەهۆی چاپکراوەکانی وەزارەت خۆیو (هەڵبەتە قسەکەمان چاپکراوی هەردوو وەزارەتی ئیدارەی سلێمانی و هەولێر دەگرێتەوە) چاپکراوەکانی دەزگاو لایەنە تایبەتمەندەکان بە رۆشنبیریو کوردیو دەرکردنی چاپکراوەکان ،دەیان کتێبی باش لە چاپەدرێ ، جۆرە بەرنامەیەک دانراوەبۆ چاپکردن . لێرە لە سلێمانیخەرمانی چاپەمەنیەکان (دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم) لە هەموو خەرمانەکانی تر بە بەرەکەت تر، دوای ئەویش چاپکراوەکانی (بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ)و (ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی خاك) و چاپکراوەکانی (مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکانی ی.ن.ك) حسابیان بۆ دەکرێ، بەهەمان شێوە دەزگاکانی چاپ لە هەولێر بۆ ئەو مەبەستە جێ دەستیان دیارە، مایەی خۆشحاڵیە هەندێ لەو دامو دەزگایانەی هەولێر و سلێمانی کتێبی ئەوتۆ لە چاپ دەدەن، یان کۆمەکی چاپی دەکەن کە لەچەن رۆژێکدا لە بازاڕدا نامێنێت، دیارە تیراژیان رێگاخۆشکەرە بۆ ئەو ئەنجامە.

٣- وەك لەوەڵامی پرسیاری دووەمدا، ئاماژەم بۆ کرد هەندێ کتێب بەزوویی نامێنن، دیارە ئەوانە هیچیان قازانج ناکەن و بەڵکو تێچووی چاپەکەشیان دەرناهێننەوە. بەگشتی، بەهۆی باری ئابووری و دەرامەتی خەڵکەوە بازاڕی کتێبی کوردی ساردوسڕە، هەربۆیە پێویستە بە چۆنێتی کتێبەکان ئەو بازاڕە گەرم و گوڕبکرێ.

٤- ئەمەراستە، کتێبی باشی وا لەکتێبخانەکاندا تۆزیان لێ نیشتووە کە مایەی حەسرەت بۆ خواردنە، پێم وایە خوێنەری کورد بۆتە خوێنەرێکی هۆشیاری ئەوتۆ، کە چۆنێتیو چەندێتی کتێبە چاپکراوەکان فەرزبکات، هۆیەکی تر لەوەدایە راگەیاندنەکان (بەهەموو کەناڵەکانیانەوە) تا ئەمڕۆ بانگەشە تەنیا بۆ ناوە ناسراوەکان دەکەن و ئەوانیتر لە پەراوێزدان...

پاشان، چونکە لێشاوی چاپ بەردەوامە، زۆر کتێب هەن کە لاوان و کچان حەز بەخوێندنەوەی دەکەن، بەتایبەتی سێکسی و خۆشەویستی و بەخت و ئەستێرەکان و .... تاد.

له هـەمان کـاتدا، کتێبـی باشـیش هـەن کـه زادەی قەڵەمه خاوەن ئەزموونەکانن بەباشی ساغ دەبنەوەو ئەوە بەحاڵەتێکی دروست دەبینم.

٥- بەو پێیەی که چەند جارێ بەشداریی پێشاگای نێـو دەوڵـــەتی تـــاران - م کـــردووەو دووجـــاریش لەنزیکـەوە بـە پێشـانگای (دار المـدی) لەشـــاری سلێمانی سوڕامەوە و سەرنجم داوە، بینیومە کتێبـی کـوردی هەرزانـەو هیـچ کتێبـێ نـەبووە کـــە خـەڵکی نەتوانن بیانکڕن، بگرە دەتوانم بڵێم لەچاو ئاسـتیاندا هـەرزانیش بـوون، بـۆ نموونـــە کتێبـەکانی بـەڕێزان نەوشیروان مستەفا و شێرکۆ بێکـــەس و موکـــری و لەتیف هەڵمەت و شێرزاد حەسەن و تاد.

٦- نـا، مـن پێـم وانیـیە، چونکـه خوێنـەری کـورد لـەیادێتی حـەفتاکان بـە دە دوانـزە دینـار کراسـێکی باشت لەبەردەکرد، بەڵام ئێستا دەبێ سەد دینارێکی پێبدات، خەڵکی ئاگایان لە نرخی بازاڕە.


٧- توانـای ئـابووری فاکتـــەرێکی ســـەرەکییە بـۆ سـەرف بوونـی کتێـب، بـەڵام شـتی تریـش دەوریـــان هەیە، لەوانە زمان نەزانین، جاران زۆربەی خوێندکارو لاوەکانمان زمـانی عـەرەبییان دەزانـی، بـەڵام ئێستا عـەرەبی خوێـن زۆر کەمـە، هۆیـەکی تریـــش لـــەوەدا دەبینـــم، کـــە خـــەڵکی هیـــواو ئامانجـــەکانیان کـــاڵ بووەتەو، ئەو کارەساتە یەک لە دوای یەکانەی بەسەر کوردسـتاندا هـات، بەتایبـــەتی شـــەڕی براکـــوژی و نەمانی ئاسایشی ناوخۆ، وای لەخەڵک کرد تەنانەت بە پاشـەڕۆژی ژیـانی میللەتەکەشـیان ئـاوات و بڕوایـــان نـەمێنێ، ئـێ خـۆ خوێندنـەوەو فـێربوونیش بەشـێکە لەژیانی میللەت و پرۆسەی ڕوو لە گەشەکردن.

٨- وابزانم لەوەڵامەکانی لەوەوبەر باس لەوە کرا، لەو باوەڕەدا نیـم هـەر وا زوو ئـەو رۆژە ببینینـــەوە کـــە خەڵکی ناو بۆ کڕینی کتێب تۆماربکەن.

من بیست ساڵە لەکتێبخانەی گشتی دا کاردەکـــەم، کەلای ئێمـە کتێب بـە خۆڕاییـە خـــەڵک نـــۆرەی بـــۆ ناگرێت، تەنیا چەند کتێبێ نەبێ (ئەوانەی بـەکوردین هەرهێندەی ژمارەی پەنجەکاندەبن)!

٩- کارێکی پێویستە کـە کتێبـی گیرفـان لـە چـاپ بدەین، بەڵام چ کتێبێ، باشـە بـۆ وەک ئـەوروپا، لای ئێمە گۆڕانی خوێنـەران بـە سروشـتی هاتووەتـە دی، بۆلای ئێمە ئێستا باوی چییە، ڕۆمانە، شـیعرە، یـان لێکۆڵینـەوە، ئەمـە بۆخـۆی لەسەروەسـتانی دەوێ، بەهیوام لەتەوەری تردا قسەی لەسەر بکەین.

١٠- ئەرکێکی پێویستی حکومەتـە کـــە ئـەو کـار



ئاسانییە بکات، لە هەموو حاڵەتـەکاندا مـن لـە گـەڵ ئەوەدام حکومـەت هـانی لـەچاپدانی بەرهـەمی بـاش بـدات، چ ئەوانـــەی وەزارەت، یـــان ئەوانـــەی دام و دەزگاکانی تر لـەچاپی دەدەن... پێشنیازیشم وایـە کە هەر لایەو بەپێی بەرنامەی خۆی، کە لە ئـەنجامی تایبەتمەندیو ئامانجی خۆیەوە دروست بێ کتێـب لـە چاپ بدەن، بۆنموونـە (بنکـەی گـەلاوێژ) ئـەدەبیات، سـەردەم (لێکۆڵینـــەوەو وەرگـــێڕان)، خـاک (مێـژوو سیاسەت)و لەوجۆرە...

١١- دەکـرێ لـــەبری سانســـۆر کەســانی بـــەئاگاو ڕاستگۆو بوێر بڕیار لەسەر چۆنێتـی دەستنووسـەکان بدەن، تەنانەت لەڕووی زمانەوانییەوە.


١٢- شـتێکی زۆر بـاش دەبـێ ئەگـەر دەزگایـــەک بکرێتـەوەو کتێبـی کـوردی لێـوە بچێتـە دەرەوە، تـا بازاڕەکـەمان گـــەورەتر و فراوانـتر بێـت، نـــەک(وەک ئێستا) هەر لەناو خۆماندا.

١٣- پێویسـتە کـاربۆ دەرکردنـی یاسـایەک بکـرێ کەمافـەکانی نووســـەرو دانـــەرو وەرگـــێڕی کـــورد بپارێزێ...

نازاد مەحمود مستەفا

بەڕێوەبەری نووسین

لە ڕۆژنامەی (ڕۆژانەی سلێمانی):



مەعریفی و پاراستنی کەلتوری ولّات بووە، تەنها شێوازێکیش بووە بۆ فێربون و ڕۆشنبیری و ڕۆشنگەری.


گەرلەو روانگەیەوە بڕوانینە ئەنیسکلۆپیدیای (دائیرەتو ئەلمعاریفی) بەریتانی چ سیماو ڕەنگێکی دیاری بۆ خۆی هێشتۆتەوە، ئەوەش بەهۆی چاپگەرییەوە، بەداخەوە ئەو پرسیارە وەلّامدانەوەی پێویستی بەگیرانەوەیەکی مێژوویی چاپگەرییە، کەئەویش لەم دەرفەتەدا باس لێوە کردنی زۆری دەوێت، چونکە دەبێت بگەڕێیتەوە بۆ یەکەم هەنگاوی چاپکردنی کتێب و یەکەم کتێب و ئەو گۆڕانکاریانەی بە سەریا هاتووە.

۱/ گومان لەوەدا نیە کە سیفاتی کتێب بە شێوەیەکی بەرفراوان ، لەلای ئێمە بەتایبەتی لەکوردستاندا، هەتا ئێستا نەیتوانیوە بگاتە ئاستی ئەوەی ناوی سنعاتی لێبنرێت، چونکە هەموو کات لە سەردەمەکاندا ئەو ئامێرانەی کە بۆ چاپگەری بەکارهێنراون بە شێوەیەکی راستەوخۆ بۆ سنعاتی کتێب دانەنراون، واتە بۆ مەبەستی تایبەت بووە، یان لەلایەن دەزگا میریەکانەوە بۆ مەرامی خۆیان ئەو ئامێرانەیان بەکارهێناوە ، هەروەها ئەو دەزگاو ئامێری چاپانەی گەیشتونەتە ئێرە بە تەمەنی بەکارهێنانی، بەلای کەمەوە(۱۰)سالّ لەدواوە بووە، نەبووە لە سالّی بلّێین ۱۹۷۰ دا ئامێری سالّی ۱۹۶۹ لێرە هەبووبێت، بەلّکو دەزگای چاپی ۱۹۶۰ گەیشتۆتە ئێرە، دیارە ئەم جۆرە دەزگایانەش لە چاو سالّی تەمەنیان ناتوانن ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەن لە چۆنێتی دروستکردن ولەچاپدانی کتێب، ئەگەر مەبەستی راستەوخۆی پرسیارەکەتان.. ئەو وەلّامە بێت کەمن بۆی چووم لە سنعاتگەری کتێبدا...

دیارە بە هاتنەناوەوەی ئامێرەکانی لاینو تایپ و سکانەر و شێوازەکانی تر بۆ کوردستان تا ڕادەیەك لە ناخۆشیەکانی ئەو سنعاتە، کارگەران و کرێکارانی چاپخانەکان لە ئازارەکانی تایپ و داڕشتنی پیتەکانی لێتەر رزگاریان بوو.

ئەوەی کە ئێمە بە سانایی لەیەکتریمان بۆ جیاناکرێتەوە، چاپگەری لای ئێمە بەشێوەیەکی گشتی بۆ بوارەکانی ڕۆژنامەگەری سوودی لێوەرگیراوە، بەداخەوە کتێب نەیتوانیوە هاوکێشەی هاوبەش بێت لە ژیانی گەلی کوردا، چ لەکاتی ئاشتی و چ لەشەڕدا، کە گەیندەرێکی باش و کاریگەری

۲/ دوای ڕاپەڕین چاپکردنی کتێب بەشێوەیەکی زۆر فراوان و فرە شێواز لەپەرە سەندنا بووە، هەرچەندە لە ساڵەکانی سەرەتادا چاپخانە گەورەکان بەشێوەی پێویست نەیانتوانی لەخزمەتی چاپگەری کوردیدا بن، بەهۆی لە کاروەستان و تالّانکردنی چاپخانەکانی پەروەردەو روشنبیری و زانکۆی صلاح الدین لە هەولێر، کە چاپخانەی پەروەردە لە ڕووی



کاری تەکنیکی‌یەوە بەدووەم چاپخانەی عیراق دەژمێرێت دوای دارالحریە، چونکە چ (ئامێری چاپی بەتاڵ و نیو بەتاڵ و رۆڵ)و چەند لێتەرێك کاریان پێدەکرا، بەڵام بۆ سوودی کتێبەکانی خوێندن زیاتر کارییان پێدەکرا، ئەوە بوو هەتا ناوەندی ساڵی ١٩٩٤ بەتەواوی کاریان نەدەکرد، جگە لەوەی هەموو کەرەستەیەدەگ و پێویستیە سەرەتاییەکانی کاغەزو کارتۆن و پلیت و هتد.. بەتاڵان چوو؟.

لەپاڵ ئەمانەشدا چاپخانە گەورەکانی تر کە حکومی نەبوون،نەدەچوونە ژێر باری کاری چاپگەرییەوە، هەردەمەی بە بیانوویەك، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دوای ساڵی ١٩٩٥، گەشەیەکی چاپگەری بەدەگمەن کەوتە نێوەند بواری چاپگەری کوردییەوە، بەهاتنی گەلێك چاپی بچووکی ئۆفسێت و ڕێگادان بە سەربەستی چاپکردن و دەرهێنانی بڕیاری چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣ی وەزارەتی ڕۆشنبیری و ئەو ئازادییە بەر فراوانەی دنیای چاپگەری کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامەکان بەخۆیانەوە دیووە. کەوتنە خۆی ئەدیب و ڕۆشنبیران بۆ چاپکردنی بەرهەمەکانیان، بەڵام لەسەرەتادا تەنها وەزارەتی ڕۆشنبیری دەیتوانی دەستگیرۆیی نووسەران بکات بۆ چاپکردنی کتێب، لەگەڵ هەندێ لە دەزگا حزبییەکان، بەڵام بەتیراژێکی زۆر کەم، ئێستا لەگەڵ پەرەسەندنی دەزگاکانی بڵاوکردنەوەو چاپگەری و زۆر بونیان، کتێب هەربە تیراژێکی کەم چاپ دەکرێت، دیارە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دارایی‌یەکی تەواو، هەروەها کەمی چاپخانەی سەربەخۆ، یان نەبوونی ئامێری فەرزو سکانەری فەرز، هەروەها لایەنەکانی تری هونەری چاپکردن، جگە لەوەی سەرپەرشتیارانی ئەو دام و دەزگایانە سەرباری شارەزاییان لەبواری ئەدەبیو هونەری و نووسیندا بەڵام لەبواری چاپگەریدا شارەزاییەکی ئەوتۆیان نیە، زۆربەی قەوارەی ئەو کتێبانە کە ئێستا چاپدەکرێت، قەوارەکانیان نموونەیی نیە، بەکەرەسەیەکی زۆر سادە گیربەند دەکرێن و کۆ دەکرێنەوە، هەرچەندە لەم یەك و دوو ساڵەی دواییدا ئامێری چاپگەری و ئۆفسێتی گەورەو بەتاڵ و نیو بەتاڵ، توانیویانە جێگای ئامێرەکانی لێتەرو لاینو تایپ بگرنەوە، بە ڕەنگاورەنگ چاپ دەکەن.

بۆ زیاتر پەرەسەندنی کتێب پێویستە وەك لەسەرەتادا وتم بەرهەم هێنانی گەورە بێتە ئاراوە و پەیڕەو بکرێت لەو دەزگا تایبەتانەی کە پلانی ساڵانەیان هەیە بۆ کتێب و جۆری کتێب و دەبێت هەموو بواڕێکی هونەری و ئەدەبی و زانستیو فیکری، بگرێتەوە جگە لەو کتێبانەی کە پێویستە چاپکرێن و ئەمڕۆ دەخوازرێت بوونیان هەبێت، ئەو تیراژەی بۆ هەر کتێبێ (١٠,٠٠٠)دە هەزار بەرەو ژووربێت تا بەنرخێکی کەم هەموو خوێندەوارو ڕۆشنبیرێك بتوانن سوودی لێوەربگرن و نەك تەنها بە تیراژێکی کەم. پاشان گرنگی دان بە ڕێبازی دابەشکردن و بڵاوکردنەوەو گەیاندنی بۆ هەموو کوردستان و دەرەوەی کوردستان. گرتنەبەری سیاسەتی تخرین و بڵاوکردنەوەی وەرزی هاندانی دورستکردنی کۆمپانیای چاپگەری گەورە بە هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی دروستکرنەوەی وەرقە، یان دامەزراندنی کارگەی پارچە پارچەکردن و کەرت

کردنـــی کاغـــەز، ڕێگـــا خۆشـــکردن بـــۆ هێنـــانی کەرەسەکانی چاپگـەری و بەخشینیان لـە گومـرگ و رسـوماتی گومرگـی. کردنـەوەی دەورەی تایبـەت بـە کارمەندانی دەزگا حکومیەکان بە تایبەتی ئەوانەی لە چاپخانەکاندا کاردەکـەن چ لـە ناوەوەی هـەرێم یـان لەدەرەوەی هـەرێم. کـە ئەمـەش کورتەوەلامێکـە بـۆ ئـــەو پرســـیارەتان لەمـــەڕ یارمـــەتی دەولـــەت و هـــەرزانکردنی کاغـــەز و مەرەکـــەب و کەرەســـتەی چاپەوە.


٣/ بازاڕی کتێب لـە کوردستاندا پابـەندە بـە بـارە سیاسیەکەوە، لە هەموو ڕوویەکەوە، سـەیر دەکـەیت ئـەو کتێبانـەی بەکەمیـەك مـل ملانـێی سیاسـەت و شەڕەقسـەو، بـاس لـەخودی کەســانێك دەکـات، بەشێوەی نەیار لەهەموو کتێبێـك زیاتربـازاڕی هەیـە، جـاری واش هەیـە بـازاڕ گـەرمی (المضاربـة) ی پێـوە دەکرێت .ناتوانین لەبەر نەبوونی ئیستیفتایەکی تەواو لە سەر فرۆشتنی کتێب ، ئەو بازاڕەی لە کوردستاندا هەیە بە بازاڕێکی گەرم یان پێچەوانەی دابنێـین !زۆر جـار کتێـب دەچێتـە بازنـەی بازرگانییـەوە ،بـە لـە چاپدانـەوەی بەتایبـەتی نـاردنی بـۆ ئـێران ، ئێمـە ناتوانین بلێین بـازاڕی چ جـۆرە کتێبێـك گەرمـە ؟یـان نەء. چونکە تائێستا خوێنەری ئاسایی و نائاسـایی و کڕیاری بە کۆمەڵی کتێب لای ئێمە جیانەکراوەتەوە ، ئـــەوەی دەبیـــنرێت ، بـــەو بەرهەمـــە کەمانـــەش کەمەبەستم تیراژە ، بـازاڕ جیاناکرێتـەوە ؟ بـازارپش بنەمای تایبەتی خۆی هەیە ،چ لـە ڕووی ئـابوری و چ لە ڕووی پیشەسازی کتێبەوە، تا چەند لەگـەڵ کـالاو شمەکی تـردا، جیـاوازی دەکرێت ، ئێمـە پێشـانگای کتێبمان نییـە ، تەنـها چـەند کتێبخانەیـەك و هـەندێ دەسـتگیڕو دوکـانی سەرشۆسـتەمان هەیـــە ،کـــە پێویستە لـە لایـەن دەزگـای ڕۆشـنبیریەوە فـۆرم بـۆ کڕین وفرۆشتن و هاتنەناوەو دەرچوونی کتێب پیـادە بکەن و مانگانە بگاتە دەزگـای بلاوکردنـەوەی کتێب یان چاپ ، ئەمە جگە لەوە ئەو دەزگا تایبەتانەی کە خۆیان راستەوەخۆ کتێب چاپ دەکەن وەك دەزگـای چاپ و پەخشی سەردەم ،ئـاراس ،گـولان ،گـەلاوێژی نوێ،وەزارەتەکان هتد..... هـەمان فۆڕمیـان هـەبێت بـۆ بەرهەمـەکانیان تـا لـە وەزارەتـی ڕۆشـنبیری بۆئامـارکردن و پۆلێـن کـردن و زانیـاری تـر لەسـەر فرۆشتن و کڕین لە بەردەستا بێت .

٤/ کتێبی باش و خراپ ، بەندەبەو دەزگایەوە یان ئەو لایەنـەوە کـە پلانـی بلاوکردنـەوەی لـە ئەسـتۆ گرتووە ،پێم وانیـە عـەقڵ بەسـەر ئـەو حاڵەتـەدا زاڵ بێت ، چونکە ئەو کەسانەی بۆ خـودی ڕۆشـنبیرکرنی خۆیان کتێب هەڵدەبژێرن، ئەوا پێـش بینـی ئـەوەیان کردووە چ کتێبێك باشە ؟ ئەم لایەنـەش جارێکی تـر پەیوەستە بـە خواستی خەڵکەوە، کـە دەڵێـن فـلان کتێب باسی فلان شت دەکات ، لەوانەیـە ئـەو کتێبـە نەچێتە نـاو خانـەی هیـچ پێوەرێکی کتێبـەوە ، ئـەو کاتـە ڕۆشـنبیرو ناڕۆشـنبیرعەودالێ دەبـن لەبـەر ئـەو هۆیانـەی کەپابـەندە بەتایبـەتی لـە کوردسـتان بـە بـیروڕای خەڵکیـەوە ، تـاڕای گشـتی لـە هـەندێ لـەو کتێبانـەدا بەرجەسـتەدەبێت ؟ بـۆ نموونـە ئەگـەر کتێبێك لەسـەر فەلسـەفە و بنـەماکانی دەربچێت لـە هـەمان ڕۆژدا کتێبێـك لەسەرباسـی کـەم کردنـەوەی خۆراکـی بائعیەکـەدەربچێت مـن پێمواپـە ئەمـەی دووەمیـان هـەموو کەسێك دەیکڕێت بـەڵام کتێبـی یەکەم ئەو کەسانە دەیکرن کە پێویستیان بەو جۆرە کتێبـە هەیـە ، لای ئێمـە پروپاگـەندەبۆکتێب زۆر کزوداماوە، تەنانـەت کەنالـەکانی ڕاگـەیاندن، نـازانین ئەو شێوازە چیـیـە کـە بـۆ کتێبـی تـازە ئیعلانـی بـۆ دەکـەن ، یـان بەداخـەوە خوێدنـەوەی نیـە لـە نـاو دەزگاکانی ڕاگـەیاندنداءکـە دەبێت کەسـانی تایبـەت مـەند هـەبن بۆئـەوەی ، ئەگـەر هـاتوو ئـەو کتێبـە پڕوپاگەندەی بۆکـرا بـەو زەوقـە بخرێتـە بـەردیدەی خوێنەرانی کە پێویسـتە ، خـۆ ئەگـەر خـاوەن کتێب پارەی زۆریشـی دابـوو بـۆ اعلانەکـە، بـەڵام کتێبەکـە لەگـەڵ ڕاگـەیاندنی ئـەو لایەنـە یـا تەلەفزیونـــەدا

نەگونجا، دەبێ ئیعلانی بۆنەکرێت ، بۆیە پێویستە کەرتی تایبەت یان هاوبەشی کەنالێکی اعلانی دروست بکەن و (داپۆشراو) بێت (مشفر) بە پارە بکرێتەوە ، تالەو رێگایەوە اعلان بۆ کتێبیش بکرێت .دیارە هەمەڕەنگی کتێب بۆ منداڵ و ئافرەت ومیرد منداڵ و ئەدیب و رۆشنبیرو وەرزشکارو هتد دەوری خۆی هەیە لە هەڵبژاردن و خوێندنەوەیدا.

٥/ هەروەك پێشتر ئاماژەم بۆکرد نرخی کتێب لە کوردستاندا ئەگەر بەڕێژەی بەرهەم هێنانی کتێب و کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی کتێب رەچاو بکرێت ، گرانە؟ بەڵام لەچاو گرانی کەرەستەکانی چاپ تاڕادەیەك هەرزانە ، لە ولاتاندا کتێب بە ژمارەیەکی زۆر جاری وا هەیە لە ملیۆن تێپەڕ دەکات ، یان چەند جارێك چاپ دەکرێتەوە ، ئەمانە نرخی لە بازاڕدا کەم دەکاتەوە ، ئەوەش پەیوەندە بە پەیرەوکردنی یاساو رێسای ئابووریەوە ، کە بەرنامەی داڕێژراوی خۆی هەیە ، رەنگە لای ئێمە تەنها کتێبی ئەدەبی وسیاسی و هونەری پێی بڵێن کتێب؟ دەنا کتێبی فێربوونی میکانوی منداڵیش، یان وەنیە لەبەر کردنەوە، یان بایەخدانی هونەری ـــ ئەوانەش لە خانەی کتێبدان و پەیوەندییان بەگرانی و هەرزانی بازاڕەوە هەیە.

٦/ دەتوانم بڵێم ناء، دەکرێت بڵێین خوێنەری کورد لە ساڵەکانی حەفتاو هەشتا دەگمەن بوون ، یان گیرفان بەتاڵ بوون ،ئێستاش هەر ئەو خوێنەرانە کە زۆر بەیان ئەبینین گیرفانیان هەر بەتاڵە،چونکە تا ئێستا وەچەیەك لە لاوان و گەنجان بەو شێوەی ئەو کاتە نەهاتونەتە مەیدانی خوێندنەوەوە ، یان هەبن زۆر کەمن خوێیان نەخستوێتە ڕوو،ئەگەرنا کتێب



وەك هەموو شتێکی تر ئێستا لە بازاڕدا نرخی پەیوەندی هەیە بەلایەنی گشتی بازاڕەوە، خوێنەری کوردیش نابێ بەوچاوە تەماشای بکات ، ئەویش هەروەك هەموو پێداویستەکانی تر ، کە پابەندە بە داواکردن و دەرخستن ، تەنانەت بازاڕی دەرو دراوسێکانیشمان لەبەرزبونەوەو دابەزینی دراودا.؟

٧/ کێشەکە خۆی لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە ئاستی هوشیاری کۆمەڵەوە هەیە ئەوەتا لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا ، رەنگە زۆربەی قوتابخانەکان کتێبی باشیان هەبێت ، زۆرینەشیان نیانە ، یان شتی زۆر کۆنیان هەیە ، ماموستای تایبەت نیە بۆ ئەو کتێبخانانە ، تاسەر پەرشتی منداڵان بکات و هانیان بدات بۆ خوێندنەوەو تەماشاکردن و لاپەڕە هەڵدانەوە کە ئەمە لەگەڵ هەموو هاوچەرخەکانماندا وابووە ، ئەمە ئاستێکی هوشیاریيە تا ئەو منداڵە بتوانێت لەسەر خوێندنەوە ڕابێت و لە گەورە بوونیا بە ویستی خۆی یان ئارەزووی کتێب و جۆری پێویست بخوێنیتەوە،لە بەرئەوە من وای بۆ دەچم کتێب خوێندنەوە تەنها لای کۆمەڵێکە و بەس ئەوانیش لە پەنجەی دەست تێپەڕناکەن ، وەك بووبێتە باو تەنها لەناو ئەدیب و نووسەروڕۆشنبیرو هونەرمەندانداو بەدی دەکرێت ، ئەوانیش زۆریان بەس ناونیشانەکە دەخوێننەوە؟ بۆ ئەوەی گەر پرسیان فلان رۆمان یان کتێبت خوێندۆتەوە خێرا ناوی نووسەر و دانەرو وەرگێڕەکەی و ژمارەی لاپەرەکان بڵێ؟ئەمە هەڵەیەکی باوە ئێستا دەبینرێت ، بەڵێ خوێنەری تریش هەن ، بەڵام دەگمەنن خوێندنەوەش پێویستە پۆلینی خۆی هەبێت ، مەرج نیە ئەدیبێ هەرچی

کتێب دەردەچێت بیخوێنێتەوە یان ئەندازیارێك ، گەر کتێبی ئەدەبی نەخوێنیتەوە خویندەوار نەبێت مەبەستم لە خوێندنەوەی کتێبە.

٨/ راستەئەوەش جوڕێك بوو لە شێوازی فرۆشتنی کتێب ، ئەوسا کتێب بەم شێوەیەی ئێستا چاپ نەدەکرا ، چەندین قۆناغی دەبڕی تا دەبوە کتێب لە بەرئەوە ، خوێنەرانیش بەپەرۆشی کتێبەکەوە پێشتر ناویان دەنووسی ، بەڕاستی پێخوری ئازادیش بوو ئەو سەردەمەئێستا ئازادی لەناوماندا بەرکەماڵە ، بەڵام گیرفانمان بە تاڵە ، لەبەرئەوە نەڕاستەوخۆ نەسەرەیشی بۆ دەگرین ، پەیوەندی نیە بە کتێبی باش و خراپەوە ، هەروەها ئێستا شوێنی خوێندنەوەو کتێبخانەکان و هەندێ شوێنی تر زۆرن ، کە خوێنەر بەئاسانی دەتوانێت لە کاتی پێویستدا بچێت داوای ئەو کتێبانە بکات و بیخوێنێتەوە؟

٩/ باسم لە تەقنیاتی چاپ کردن ، لە زۆر ڕوەوە ، لێرەش دەتوانرێت بەو شێوەو شێوازەی دەشێ و یان نووسەر دەیەوێت ، بۆگیرفان بێت بە هێندەی پاکەتێك بێت کتێب بە چاپ بگەیەنێت ؟ لە چ جۆرێکدا ئەوە ئەمڕۆ لە بازاڕی چاپگەریدا زۆر ئاسانە ، بەڵام رەنگەبەو تەکنیکە یان بەو جۆرەی لای ئەوان جوان نەبێت : ئێستا لە دنیای کتێبدا، خوێندنەوەی کتێب هەیەبە cd و جۆرەها گۆڕانکاری کە بەسەر دنیا و هونەرو زانست دا هاتووە . تەنانەت قەڵەمی ئەلکترۆنیش هەیە ، تیایدا دەنووسێت و نووسینیش پێش کەش دەکات لەبەر ئەوە لە بواری چاپگەریشدا شتی نوێ زۆرە، بەڵام نەگەیشتۆتە ئێمە؟

١٠/ پێویستە حکومەتی هەرێم کار ئاسانی بکات .. بە:

١)یارمەتی دانی دامەزراندنی دەزگای چاپ و پەخشی کەرتی تایبەت و بۆماوەی (١٠) سالّ باج و گومرگ نەخاتەسەر ، کەرەسەو دەستکەوت و مەکینەکانیان... لە ڕێگای دانانی نرخ لەلایەن لیژنەی تایبەتمەند،کە نەگونجاو بێت بۆ هەموو کەسێك تا ئەو دامەزراوانەبەو ئاراستەیە کاربکەن . بەو مەرجەی بەرژەوەندی گشتی تیادا پارێزراو بێت.

٢) بوژاندنەوەی کارگەکانی دروستکردنەوەی کاغەز یان هێنانی.

٣)سوودوەگرتن لە دەزگاکانی چاپی ولاّتە دراوسێکان لە پرۆتۆکۆڵی بازرگانی کتێب .

٤) دامەزراندنی کادری شارەزا لە بواری چاپگەریدا.

٥)سوود وەرگرتن لەتوانای نەخشەسازی لەرێگای تۆڕەکانیئەنتەرنێتەوە، بەتایبەتیکارگەکانی پیشەسازی کتێب.

٦)هەوڵدانیبۆ سوودوەگرتن لە پاشماوەی ئەو وەرەق و کارتون و ئارتانەی دەمێنێتەوە لە چاپگەریدا،بۆ بەکارهێنان لە دروستکردنی کتێبی ناوجانتاو گیرفان . یان سنعاتی تری لێدروست بکرێت تا نرخی تێچونیکتێب کەم بێتەوە.

٧)هاندانی یەککرتنی ئۆفسێتەبچکۆڵەکان، بۆپیادەکردنی کاری چاپگەری و دەزگای چاپ . و هێنانی مەکینەی بەتاڵ. و سکانەری مفەرزو ئەو پێویستیە سەرەکیانەی چاپگەری دەیەوێت.

٨)کەمکردنەوەی باج و ڕەسم لەسەر هێنانەوەی کتێب ، هەروەها چونە دەرەوەی بۆدەرگا والاکردن لەسەر بازاڕی کتێب.

١١/ سانسۆربەپێی یاسای ژمارە (١٠) سالّی ١٩٩٣ ، حکومەتی هەرێمی کوردستان تایبەت بە چاپەمەنی، سانسۆرلەسەر کتێب نیە؟ بەڵام بەناوی ژمارەی سپاردنەوە،سووکە سانسۆرێك هەیە بۆ دواخستنی کاری چاپکردن، یان ڕەزامەندی نەبوون لەسەر جۆری ئیملاو بەهانەگرتن ئەمە جارجارێك هەیە ، یان سانسۆری دوای بلاّوکردنەوە هەیە، کە کاتێ دەزانێت کتێبەکە لە بازاڕدا کۆدەکردێتەوە.

بە هەرحاڵ پێویستە ئەو ژمارەی سپاردنە، بدرێتە کتێبخانەی گشتی لەڕێگای ئەوانەوە بسپێردرێت ؟


ڕێگاش نەدرێت بەو کتێبانەی کە تەشهیر دەکەن بە خەڵك ، یان لە سوودو بەرژەوەندی گشتیدا نین، یان خوێندنەوەیان زیان دەبەخشێت بە کۆمەڵگای مەدەنی،چونکە ئەو سەربەستیو ئازادییەی لەیاسای چاپەمەنیدا باس لێکراوە،بە هیچ شێوەیەك باسی لە بەرەڵلایی و سوکایەتی پێکردنی مرۆڤ ناکات .

١٢/ ئەگەر ڕێگا ئاسانی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە فەراهەم کراو یاسای چاپەمەنی ئەهلی دامەزراو یان دەرهێنرا ، ئەوکاتە پێویست بەدامەزراندنی یەکێتی یان سەندیکای پەخشکاران ناکات ، چونکە ئەوسا سەندیکای ڕۆژنامە نووسان ، بەرگری لە مافی خاوەن دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە دەکات .... بە گوێرەی یاسای بازرگانیش ئەوپەخشکارانەی کە یان لە دەزگاکەوە دروست دەبن ، یان دەبنە وەکیل و دابەشکەری دەزگاکە ، دەبێت ناویان لە ژووری بازرگانیتۆمار بێت ، ئەو کاتە یاسای ژووری بازرگانی ، کارئاسانیان بۆدەکات،من بە پێچەوانەوە تەماشای ئەو حاڵەتە دەکەم .ئەگەر ئەو دەزگایانە زۆر و بڵاوبن ، ئەوا گیانی(منافسە) دێتە ئاراوە، ڕەنگە بە تاقیکردنەوە لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا هەر دەزگایەك لایەنێك لە شێوازو جۆری کتێب بگرێتە ئەستۆی خۆی چ وەرگێڕاو چ دانراو چ ئامادەکراو ، لەبوارێکی تایبەتدا کاری خۆیان بکەن ، بەم جۆرە گیانی کارکردن بەرەو باشترو جوانترکردن چاپی کتێب و جۆرو چەندێتی لەناو ئەو کەسانەدا بەزیندویی دەبینرێتەوە .

١٣/ هەوڵدان بۆ بەیەك گەیشتن لە دەستنیشان کردنی ئەو مافانەی کە پێویستە نووسەر هەیبێت ، لەڕێگای یەکێتی نووسەران و هەروەها هەموو سەندیکاو یەکێتیەکانی تر لە کاروپیشەو هونەر، بەتایبەتی یەکێتی ڕۆژنامەنووسان ، لەسەرەتاداوەك چۆن لەپەیڕەو وپرۆگرامیاندا هەیە ئاوا جێگیر بکرێت، هەریەکە بڕگەیەك زیادبکەن بۆ ئەو مەبەستە تا لە هەموو یەکێتی و سەندیکایەدا ئەگەر نووسەری تیابوو، بزانرێت مافی چییە و چۆن هاوبەشانە لەگەڵ نووسەرێکی تری بواری ئەدەب یان هونەر یان پزیشك یان مێژوویی ... بڕگە و خاڵی بەرگری یاسای بۆ تەرخان بکرێت و سندوقی بەرگری لەبەردەم دادگادالەنووسەران بۆ ئەو مەبەستە دابمەزرێت، تا لە ئەنجامی کێشەدا پارێزەری پێگیرێت و بەتەنگ مەسەلەکانەوە بچێت .

ویٚنەیەک بەپیٚنووس

(محەمەد موکری)



بەپیٚنووسی لەتیف هەڵمەت

لە سەرەتای حەفتاکاندا کە لقی یەکێتی نوسەرانی کورد لە کەرکوك کرایەوە کاك محمد موکری ببـوو بـە ئەندامێکی لقەکەو لەوێ یەکتریمان ناسی یـەکێك بـوو لـەو ئەندامانـەی کـە بـەردەوام بەشداری دانیشـتن و گفتوگۆکـانی نـاو بارەگـای نووسـەرانی دەکـرد .... بەڵام کەم دەدوا.... جارجار شیعرو هـەندێ جـاریش چیرۆکی دەنووسی و لەلایەکەوە بـۆ چـەند کەسێکی دەخوێنـدەوە.... لـە بیرمـە جارێکیـان باسـی دابینکردنی‌کـات و مسـۆگەر کردنی‌پێویستی یـەکانی ژیانی نووسەری دەکرد و دەیگوت نووسەری کورد بۆ ئەوەی بژێ ناچارە کاتی خۆی بەئیشکردنەوە بەسەر بەرێت ولە بەرئەوەی نووسەری کورد کاتی کەمە بۆی نالوێ رۆمان بنووسێ....چونکە رۆمان کاتێکی زۆری دەوێ...و ئەگەر هەریەکێك لـە نووسـەرانمان کـات و ژیانی بۆ دابین بکرێ لەو باوەڕەدام دەتوانێ رۆمـانی زۆر سەرکەوتوو بنووسێ.....

بەدڵنیایەوە دەڵێم کاك موکری جاران وەکو ئێستا زوو زوو هەڵنەدەچوو .... بەڵکو زوو زوو پێدەکـەنی ... جارێکیان یەکێ لە ئەندامانی نووسەرانی کەرکوك (کـە ئێسـتا وازی لـە نووسـین هێنـاوە) لێکولینەوەیەکی نووسی بوو بەناو نیشانی ــ شانۆی کوردی لە سەردەمی ئیفلاتوونەوە تـاوەکو ئـەمڕۆ ــ هێنابووی ئێوارە کۆڕێکی بۆ سازکەین کاك موکری کە ناونیشانی بابەتەکەی بینی ئەوەندە پێکـەنی ترسـام لە پێکەنیندا هەناوی بپسێ..... هەر چۆنێ بێ ئێمە ئێوارە کۆڕەکەمان بۆ ساز کرد بـەڵام بـە خـوا هـەقی وایـەو جـێی خۆیـەتی بڵێـم زۆربـەی ئـەو بابەتەنووسینانەی کـە لەگـەڵ گۆڤاری‌کوردسـتانی ئـازاد و تاراوگـە کوردی‌یەکاندا بـە تـەپڵ و کـەڕەنا لێدانەوە بلاوەکرێنەوە شایانی ئەو جۆرەپێکەنینەی کاك موکری یە.. چونکە هەر لە ئاستی ئـەو بابەتـەی برادەرەکـەی ئێمـەدان کـە باسـی دەکـەم بـەڵام (چەبکەم)ئەمانە بەختیان هەیەو هـێزی (دۆلار) یـان لە پشتەو ئەو داماوە بەدبەخت بوو.....

لە کاتێکیشدا کەمن و شاعیری کەرکوك کاك سەلام محمدبـە هاوکـاری رۆمانووسـی گـەورە کـاك عبداللـە سەڕاج لە داخی کەم چـالاکێتی نووسـەرانی کـەرکوك

تایتلّی بارەگاکەمان داگرتە خوارەوەو من گوریسێکم لێ بەست و بەسەر پردی ـــ تەبەقچەلی ـــ دا بەرەو بارەگای کۆمەڵەی هونەرو وێژی کوردی رامکێشا و لەوێ لە سووچی ژوورێکدا لە لای هونەرمەندی میللی کەرکوک کاك جەمیل جێماو کە ئەو دەمە سەرۆك یا سکرتێری کۆمەڵە کەبوو شاردمەوە. زۆربەی ئەندامانی نووسەرانی کەرکوك گلەییان لێ کردین بەتایبەتی لە من کەتایتڵەکەم بە کۆڵان و شەقامەکاندا ڕاکێشاوەو گوایە میزیشم پیادا کردووە و ئەمەش ڕووشاندنی شکۆمەندی بارەگای نووسەرانی کوردەو منیش دەمگوت یەکێتی نووسەرانی کورد بۆ ئەوە لە کەرکوك نەکراوەتەوە تەنها رووکەشێك بێ بەڵکو بۆ ئەوە کراوەتەوە بەردەوام چالاکی وێژیی بنوێنێ و بوونی لە کەرکوك بسەڵمێنێ..... خۆ ئەگەر ئەوەی پێ نەکرێ نەبوونی باشترە..... بەهەرحاڵ ئەو مەسەلەیە گەیشتە ئەوەی یەکێتی نووسەرانی کەرکوك پۆلیس ئاگاداربکاتەوەو لە مەسەلەی تایتڵەکە بکۆڵێتەوە .... دەتوانم بڵێ لەناو نووسەرە دیارەکانی ئەو دەمەدا تەنها کاك موکری و یەك دووبرادەری دی گلەییان لێ نەکردین و موکری کارەکەمانی بەکارێکی شاعیرانە لە قەڵەم داو هەردەم بە پێکەنینەوە باسی لێدەکرد .....

یەکەم بابەتی بلاوکراوەی هاوڕێم محمد موکری چیرۆکێك بوو وابزانم بەناونیشانی مردو عەسکەری نەکرد ـــ بوو لە ڕۆژنامەی برایەتی ئەو دەمەدا بلاوبۆوەو دوابەدوای ئەوەش چەند چیرۆکێکی دی بلاوکردەوە .... بەڵام چیرۆکگەلێکی سەرەتایی بوون و هیچ کاریگەرییەکیان لە جوگرافیای چیرۆکی کوردیدا بەجێنەهێشت .

کاك موکریئەوسا هەندێجار حەزی لە تەوس و گاڵتە بوو جارێکیان بۆی گێڕامەوە گوتی ڕۆژنامەیەکی (هاوکاری)م پێبوو شیعرێکی تۆی تیادا بلاوکرابۆوەو تووشیەکێ لەو خوێنەرانەبووم کەزۆرئاشق و سەوداسەرو دەرویشیشیعری تۆبوو ... تۆش ئەودەمە لە هەموو کۆڕو دانیشتنێکدا کەباسی شیعری نوێ بکرایەبەباش و بەخراپ هەر باسدەکرای..... و بەبرادەرەکەتم گوت شیعرێکی نوێی لەتیف هەڵمەت لەم ژمارەیەی هاوکاری دا بلاوبۆتەوەکە بەدەستمەوەیە بابچینەچاخانەیەك بیخوێنینەوە ..... وتی برادەرەکەمرازیبوو .... منیش کەوتمە خوێندنەوەی شیعرەکەت ئیتر ئەو کەوتە ـ ئەلا ئەلا لەم وێنە جوانانەو لەم خەیاڵە ناسك وفراوانە ـ بەڵام من تەنها کۆپلەیەکم لە شیعرەکەت خوێندەوەو ئیتر کەوتمە خوێندنەوەی شیعری شاعیرێکی نەناسراو کە لە پاڵ شیعرەکەی تۆدا بلاوکرابۆوەو شیعرێکی زۆر زۆر ئاسایی بوو بەڵام برادەرەکەت هەر لەستایش و ئەلا ئەکەوت و چارەکێ ستایشی شیعرەکەتی کرد .....

ساڵ هاتوو چوو چوار ساڵی ڕێکەوتننامەی ئازاری ١٩٧٠ کۆتایی هات و نووسەرانی کەرکوك تەر تەو وەرتەبوون و من و موکرێوشاکەلی و کەنعان مەدحەت و سەلام محمد و عبدالرحمن مەلا سەعید زەنگنە ویوسف سدیق زەنگنەو ئەحمەدبێکەس و فوئاد تاهرصادق ورەئووف هەمەوەندیو مەولود پەرۆشو چەندین نووسەری دی کەرکوك و کفری لەناوپردان یەکدیمان گرتەوە و ڕۆژێگیان من و موکری لە پاینی چیاکەی ناوپرداندا شیعر و چیرۆکمان بۆ یەکدی دەخوێندەوە لەپر دژە ئاسمانییەکانی ناوپردان کەوتەکار و تەقەو نالە وگرمە ناوچەکەی شلەژاندو وتم کاك موکری چی ڕووی داوە وتی نابینی فڕۆکە ئاسمانی تەنیوە ..... کە سەرم بەرز کردەوە ئاسمان ببو بە هێلانەی فڕۆکە .... ئیتر ناچار بەناو قەدی چیاکەدا سەرکەوتین و لە پاڵ تاشە بەردەکاندا خۆمان مات دا ..... ئەوە یەکەم بوردمان بوو بینیم وکاك موکریم لەگەلدا بوو ..... دوای ماوەیەك من لە سروشی ئەو بوردومانەوە چیرۆکی ـ کورەهات ـــ م نووسیئیتر نازانم کاك موکری هیچی نووسی یا نا....

دوای ئەو بوردومانە من و موکری لە رایات وئازادی وگەلّی شوێنی دی شیعر و چیرۆکمان بۆ یەکدی دەخوێندەوەو فرۆکەش بۆردومانی دەکرد ... لە بیرمە شەوانی زستانی ۱۹۷۵ لە سەر گردەکەی چۆمان من و موکری و شاکەلی و بۆماوەیەکیش نەوزاد ڕەفعەت و مارف عمر گول لە ژوورێکدا بووین و تادرەنگانێ شیعر و چیرۆك و تەنانەت هەندێ شەو ڕۆمانیشمان دەخوێندەوەو مشت و مڕمان لەسەر بابەتەکان دەکردو ڕەخنەمان لێدەگرتن و هەڵماندەسەنگاندن .

کەپیلانی ــ الجزائر ــ بۆهەڵوەشاندنی شۆڕشی ئەیلوول سازکراو شۆڕش هەڵوەشایەوە جارێکی دی من و موکری و شاکەلی وئەحمەدبێکەس و عبدالرحمن زەنگەنە و ڕەووف هەمەوەندی و هەروەها مەهدی ئومید و دەیان نووسەری دی کەرکوکی وگەرمیانی لەبینایەی ئیزگەدا کۆبوینەوەو تاکو چەند ڕۆژێك دوای هەرەسەکەش ئیزگەکەمان بەڕێوە دەبرد ولە بیرمە ئەحمەد بێکەس خەریك بوو خۆی بکوژێ من وموکری و عبدالرحمن مەلا سەعید زەنگەنە فریاکەوتین وکلاّشینکۆفەکەمان لەدەست سەندو دڵخۆشیمان دایەوە وبە خۆی ومالّ و منداڵەوە ڕەوانەی ئەودیومان کرد .

دوای چەند ڕۆژێك هەموو بلاّوەمان لێ کرد ودوای ماوەیەك من وموکری لە دەزگای ڕۆشنبیری و بلاّوکردنەوەی کوردی ,لە بەغدایەکمان گرتەوە .... تائەو دەمانەش موکری زۆر هێمن و لەسەرخۆ بوو بە پێچەوانەی ئێستا کە زوو زوو هەڵدە چێ زوو زوو پێدەکەنی یا بواریکی بۆپێکەنین دەرەخساند .لەو ماوەیەدا موکری بەتوانایەکی نوێی چیرۆك نووسینەوە هاتە پێشەوە و بەنووسین و بلاّوکردنەوەی هەندێ چیرۆك ... لەوانە : (ئەمەتەنها ناوی چیرۆکە بەلاّم ....) و(چەرخ و فەلەك) و (گوڵێکی سوور) و (مۆتەکە)و (تابلّۆیەك) و (سیانەی مەرگی پیرۆز) و (ئامێردەکان)و (شەوێك) و (موچڕکە) و(جۆلانەو من و هەر چواریان) توانی لە بواری چیرۆکی نوێی کوردیدا بوونی خۆی وەکو یەکێك لە نوێنەرەکانی نێخوازی بسەلمێنێ بێ گومان نوێخوازیو نویگەریلە شیعر و چیرۆك و لێکۆڵینەوەو شێوەکاری و شانۆی کوردی دا لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستدا دەستی پێکرد .... بەلاّم ڕۆمان لە هەشتاکانی سەدەی ناوبراوەوە کەوتەخۆی و بوونی خۆی سەلماند و لەم ڕوانگەیەوە دەڵێم موکری بەیەکێك لە پێشەنگەکانیوەچەی دووی نوێگەری دادەنرێ لە بواری کورتە چیرۆکراو بەیەکێکیش لە پێشەنگەکانی ڕۆمانی نوێی کوردی لە قەڵەم دەدرێ و ڕۆمانی ــ سەرگوەر ــ یەکەم دەنگە کەدژی بەرجەستەکردنی بیروکراتییەت لە شۆڕشدا بەرز بۆوەو پەیامی خۆی گەیاند... هەروەها ڕۆمانی ــ هەرەس ــ و ــ ئەژدیها ــ پێشەنگەکایەتی یان هەیە لە بواری ڕۆمانی نوێیکوردیدا و لە شارو لە شاخ گەلێمشتومڕی سیاسی و وێژەییان نایەوەو خەڵك بە هەڵپەوە بۆ یان دەگەڕان و ڕۆمانگەلێکی لەبێگانەخوازراو نین و پاڵەوان و کەسەکانیان ناموّنین و لە جەرگەی کۆمەڵگەی کوردەواری و شۆڕشەکانی نەتەوەی کوردەوە هەڵقوڵاون و موکری لەو ڕۆمانانەدا لە ژێر کاری گەری ئەو زمانانەدا کەدەیانزانێ (عەرەبی.... فارسی.. ئازەری .. کوردی) کە بێگومان گەلێ ڕۆمانی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەلاّتی وئەمەریکای لاتینی بەو زمانانە خوێندوّتەوە توانیویەتینوێکاری تایبەتی خۆێ لە ڕۆمانەکانی خۆی دابەر جەستە بکات و واقیع بکات بە ئەفسانە و هەروەها ئەفسانەش بکات بە واقیع .

نا بەجێ ترین دیاردە بەلای منەوە لە ــ موکری ــ دا ئەوەیە کاتێکی زۆری بە وەلاّمدانەوەی هەندێ نووسینی پڕوچووچی داخ لە دلاّن و گرووپیازان و ئاوەزخێڵەکی یەکانەوە بە فیڕۆ دەدات بیری دەخەمەوە ئاگرەکەی باوە گوڕ گوڕ بە هەڕەشەکانی دوژمن هەرپێدەکەنێ... با ئەمیش وەکو جاران هەر پێبکەنێ . ماوەتەوە ئەوە بڵێم کاك موکری لە کاتی تووڕەیی و هێمنیدا رستەی ــ برای عەزیزم ــ زۆر بەکاردێنێ .

ئا: شكاك عەبدوڵلاڤ

زاراوەی گەلاوێژ

کتێبی پڕفڕۆش

زاراوەی کتێبی پڕفڕۆش ، بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٢٠ بەکارهات ،لەمانای تایبەتی خۆیدا مەبەست لەو کتێبانەیە کەلە ماوەیەکی تایبەتیدا زیاتر لە کتێبەکانی تر دەفرۆشرێن بازاڕیان لە هەموو کتێبێکی تر زیاترە.

بەم مانایە کتێبی پڕفڕۆش،ئەو کتێبەیە کە سەرنجی گشتی رادەکێشێ. بۆنموونە ((دون جوان)) کە بەرهەمی نووسەر یایرۆنە(١٨١٩)کتێبی پڕفڕۆشە ،شانامە کتێبی پڕفڕۆشە، رۆمانی (لە بەرەی رۆژئاوادا هەموو شتێك خاموشە) کە بەرهەمی ریمارکە ١٩٢٩ لەم جۆرەیە یا کتێبی سەدسالێ تەنهایی (گابریل گارسیا مارکیز) یاکتێبی (پێغەمبەر)ی جوبران خەلیل جوبران ئەمانە هەموویان کتێبی پڕفڕۆشن.

بەڵام ئەبێت ئەوەمان لە یاد نەچێت، چەندەها کتێب هەن و زۆریشیان لێ دەفرۆشرێ و لە پاڵ کتێبی پڕفڕۆشا دادەبەزێن بەڵام لە لایەنی هونەریی و نرخی فیکرییەوە بایەخێکی وایان نییە.

بڵاوکردنەوەی پێش فرۆشتن:

بڵاوکردنەوەی پێش فرۆشتن شێوەیەکی تایبەتە لە بڵاوکردنەوە ،ئەویش ئەوەیە نووسەران ،پەخشکاران(الناشرون)پێش ئەوەی کتێبەکە چاپبکەن لیستێك ئامادە دەکەن، ناوی ئەوانەی تیادەنووسن کە کتێبەکە دەکڕن و پێشەکی پارەی، نرخەکەی لە کڕیارەکە وەردەگرن .ئەم جۆرە بڵاوکرنەوەیە لە سەدەی هەژدەیەمدا لە ئەورپا زۆر ڕەواجی هەبوو .

ئەمڕۆ ئەو کتێبانەی کە زۆر تایبەتن و خوێنەری کەمیان هەیە بەم شێوەیە دەفرۆشرێن.

سامیز زات

سامیززات زاراوەیەکی روسییە، لە ساڵی ١٩٦٦ وە بەو جۆرە کتێب و وتارانە دەوترا کە لە روسیا بە شێوەیەکی نهێنی بە تایپ (طابعة) چاپدەکران بە بێ ئاگادارکردنەوەو ڕەزامەندی دەوڵەت . سامیززات ئەدەبیاتێك بوو کە بیروبۆچوونی دژ بە دەوڵەتی ڕوونەدەکردەوە. ساڵی ١٩٦٦ دادگایکردنی ئەندریە سینیاوسکی بووە هۆی لە ناو چوونی بەشێکی زۆری ئەم جۆرە ئەدەبیاتە.هەندێك لە ڕۆمانەکانی سولژنیتسین وئاندریە ساخاروڤ بەم جۆرە و بەشێوەیەکی زۆر بلاوەدەکرانەوە.

خوار نەدەب:

میشونیك وادەبینێ کە خوارئەدەب ئەوەیە کە لە ئیدیۆلۆجیادا هەیە ، بەڵام کارەکە دژی ئیدیۆلۆجیایە.

هەروەها بەهەموو ئەدەبێك دەوترێ کە ناگاتە ئاستی ئەدەبییەت ، بەڵام خوێنەریشی هەیە لەبەر هۆی بارودۆخی بەرهەمهێنانی ئابووری و ڕەمزی .

لە ئەدەبی کوردیدا ،واتا لای خۆمان چەندەها دەق هەن و لە خوارەوەی ئەدەبەوەن و نەگەیشتوونەتە ئاستی ئەدەبیت ، واتا نەبوون بەئەدەب بەڵام خوێنەریشیان هەیە.

دابڕانی ئیبستمۆلۆجی

بەساتی گۆڕینی چەمکێکی سەرەکی دادەنرێت لەناو کایەی مەعریفیدا ،دابڕان تێکشکان ، گۆڕین ، گواستنەوە ، هەڵوەشاندنەوە ، تێپەڕاندن ، دەگەیەنێ . دیاردەکانی (دابڕانی ئیبستمۆلۆجی) ئەو زانست و زانیارییە دەستنیشانکراوانە تێکدەشکێنێ تا بەڕەو زەمەنێکی نوێ بیانبات ، واتا لە ڕەچەڵەکە گشتییەکە دایاندەبڕێت.

وەرگێڕانی: سولماز

گفتوگۆیەک لەگەڵ کچە یاخی بووەکەی فیدل کاسترۆدا

ئالینا کچی فیدل کاسترۆیە، بەڵام سەرۆکی وولاتی کوبا خۆشی ناوی فردریش کاسەبرە. ئالینا فرناندز، ساڵی ١٩٥٦ لە دایك بووە و لە مێژە ئەیەوێ وڵاتەکەی باوکی بەجێ بهێڵێ بەڵام داواکاریەکانی ئەو بۆ بەجێهێشتنی کوبا بەیاسا، بەردەوام لە لایەن باوکیەوە ڕەد دەکرایەوە. سەرەنجام ئەو لەسەری ساڵی (١٩٩٣)دا توانی دەربچێت و بچێت بۆ ئیسپانیا. حاڵی حازر لە نیۆیۆرك و مادرید ئەژی. ئێستا دەستی کردووە بە نووسینی کتێبێك کە وەسفی رابەرانی دیکتاتۆری کمۆنیستی (لەکوبا) دەکات. لە ژێرەوە پرسیارەکانی زوددویچە سایتونگ لە ئالینا فرناندزو وەڵامەکانی دەخوێنیتەوە:

❖ **ئایا ئەتوانین بڵێین کە ئەم کتێبەی تۆ جۆرێکە لە بڕانەوەو کۆتایهێنان بە مامەڵە کردن نەگەڵ باوکتدا؟**

ئالینا: بڕانەوە نەخێر، ئینسانەکان ئازادن کە فیدل کاسترۆ ڕەت یا قبوڵ بکەن. دەربارەی پەیوەندیم لەگەڵ فیدل ئەبێ بڵێم کە ئەم پەیوەندییە زۆرتر دووچاری هاتنە خوارەوەو دابەزین بووە. مەبەستی ئەم کتێبە ڕوون کردنەوەی ئەم خاڵەیە کە لە ماوەی ئەم ٤٠ ساڵە لە کوبا چی بەسەر خەڵکەکەیدا هاتووە.

❖ **ئەم خاڵە سەرنجراکێشە، کە لە منداڵیتاندا زۆر ئالودەی کاسترۆ بوویت و "ناتالیا رولتای ــ دایکتان ـ مەجبور کردووە کە پەیوەندی لەگەڵ باوکتدا دروست بکات. چۆن دوایی لەگەڵ ئەودا کەوتیتە دژایەتی کردن؟**

ئالینا: لە ڕاستیدا پەیوەندیەکە دروست نەبوو، کاتێك کە زانیم ئەو باوکی منە، من و دایکم لە بارودۆخێکدا بووین کە بە باشمان دەزانی پیاوێکمان لەماڵدا هەبێت. تائیتر مەجبور نەبین کار بکەین. بەڵام زۆر زوو زانیم کە من لەو بەهەڵە تێگەیشتووم و چاوەڕوانیەکەم ڕاست نەبوو. هەرچەند کە شەڕێك لە نێوان من و ئەودا نەبوو و ئەو حاڵەتەی کە دروست بوو زۆرتر نارەحەتی و بێ ئومێدی بوو.

❖ **ئایا کاسترۆ دیکاتۆرێکە کە ژیانی خێزانی نیە؟ ئایا تاکو ئێستا نارەحەت نەبووە بۆ حاڵی منداڵەکانی و یا بیری لە تۆ نەکردۆتەوە کە تەنیا کچی ئەوی؟**

ئالینا: لەگەڵ مندا ژیانی خێزانی نەبووە. لەوانەیە وەزعەکە دەربارەی پێنج کوڕەکەی بەجۆرێکی تربیت.

❖ **ئایا لەگەل دایکت لە هاوانا پەیوەندیت هەیە؟**

ئالینا: بەڵێ لەگەڵ یەکتری بە تەلەفون قسەدەکەین و نامەیش بۆ یەکتر دەنێرین.

❖ **هەست دەکەیت دایکت (کە هێشتا لایەنگری کاسترۆیە) خۆی وەکو ژنێکی شۆڕشگێڕ دابنێ؟**

ئالینا: نازانم ئینسان ئەتوانێ لەو تەمەنەیشدا هەر شۆڕشگێڕ بێت یانە. بەڕای من شۆڕش زۆرکۆن بووە. ڕاپەڕینێکی ٤٠ ساڵە ڕووداوێکە جێگەی باوەڕ نیە. بەڵام هێشتا نەوەیەك لە کوبا هەن کە ئەم شۆڕشەیان ئەنجام داوە وا بیردەکەنەوە کە جارێکیتر بگەشێتەوە. ئەگەر لە دەرەوە سەیری

ئەوە بکەین جێگای پێکەنینە و لە هەمان کاتدا جێگای خەم ئەوەی کە کوبا ئەنجامی داوە یان ئەیویست ئەنجامی بدات، گەیاندنی ئیدۆلۆژی ئەو شۆڕشە بوو بە نیوەی جیهان. کوبا لە ئەمریکای لاتین، ئافریقا و وڵاتە عەرەبیەکاندا دەستی کرد بە شەڕ کردن ــ کە مەبەست و ئەنجامەکانیان تا رادەیەک دەرک ناکرێت. بەڵام هیچ کەس نایەوێت بەدوای ڕەگ و ریشەی ئەم کێشانەدا بکەوێت و هەمووخەتاکان ئەخاتە پای ئابلۆوقەی ئەمریکا، بەهۆی تێك چوونی ئابووری کە لە کوبا بەرپا بوو، لە کاتێکدا، کە کوبا خۆی کاری بۆ گۆڕانی بارودۆخەکە ئەنجام نەداوە.

❖ ئێوە حاڵی حازر لە ئیسپانیا و ئەمریکا ئەژین. پێش هەموو شتێك هەڵسوکەوتی خەڵکی ئیسپانیا کە هێشتا مەیلی زۆریان بەرامبەر بە کوبا هەیە و زۆرێك لە چینییەکانی ئەوێ کە هێشتا لایەنگری کاسترۆن لەگەڵ تۆ چۆنە؟

ئالینا: لەوێ زۆرێك لە خەڵکەکە لەسەر ئەو باوەڕەن کە من دەلیلی زۆرم بۆ تۆڵە کردنەوە هەیە. ئەوان بە کەس مۆڵەتی ئاراستە کردن و بەڕێوەبردنی کارەکانی نادەن. ئیسپانیا لە گروپی ئەو وڵاتانایە کە لەوێ دەزگای ڕاگەیاندنی کوبا بە باشی کار ئەکات. کاتێك کە کەسێك لە تاراوگە دەنووسێت یان قسەدەکات باڵێوزخانەی کوبا ناڕەزایی پیشان ئەدات. مەبەستم ئەوەیە کە لەم بارەیەوە لە هەر شوێنێکەوە هەڵسوکەوتێکی ئاشتیخوازانە جێبگرێ جێگای گومان نابێت. بەرامبەر ئەمە نازانم بۆچی کەسانیتر هێشتا هەر داکۆکی لە دیکتاتۆر دەکەن.

❖ بە پێی هەڵسەنگاندنی ئێوە ئایندەی ئەم دیکتاتۆرییە چۆن دەبێت؟

والینا: وابزانم لەگەڵ فیدل تەواو دەبێت. لەبەر ئەوەی تووندو تیژن تەمەنی دیکتاتۆری ئەتوانێ تۆزێك درێژتر بێت، بەڵام زۆریش نا چونکە وابزانم لەحاڵی حازردا هەموو وڵاتەکان بەرەو دیموکراسی ئەڕۆن. لە کوبا دەستەیەك دەسەڵاتدار هەن کە تەمەنیان درێژبێت یا نزیك کۆتایی دێت. لەوانەیە لەوێ ڕووداوێك وەکو ئەوروپای ڕۆژهەڵات ڕووبدات، یان بۆ نموونە بارودۆخێکی وەك ڕوسیا، واتا شوێنێك کە مافیا لەناو ڕابەرانی ئەوێدا دروست بوو.

❖ ئێوە "ڕائول کاسترۆ" ئەناسن، ئەو مامی ئێوەیە ڕۆڵی ئەمڕۆ و ئایندەی ئەو چییە؟

ئالینا: هەمیشە ڕائولیان بە پیاوێکی توندوتیژو خوێن مژ داناوەو ئەمە سەرسوڕهێنەرە هەندێ کەس وەکو ڕائول لە کوبا لە بەرامبەر ڕقی خەڵکدان. لەسەرەتای شۆڕشدا لەگەڵ "چەگوارا" پێکەوە کاری کوشتن و لە سێدارەدانیان لە ئەستۆ گرتبوو. هەندێ کەس هەن ئەمڕۆ ڕایان وایە کە ڕائول لە فیدل خرابترە. نازانم ئەم قسە ڕاستە یان نە من بەس ڕای زۆرێك لە کوباییەکان ڕەد دەکەمەوە بەهەرحاڵ ڕائول کاسترۆ پیاوێك نیە کە بەقەدەر براکەی سەرنجڕاکێش بێت ئەو کەسێکی خۆشەویست نیە.

❖ کەواتە کەسایەتیەکی‌تر کە بۆ جێنشینی فیدل کاسترۆ شایانی باسکردن بێت نییە، لەوانەیە بتوانین کارلوس لاگە کە وەزیری ئابووری کاسترۆیە لەم گروپە دابنێین؟

ئالینا: ئەو زۆر لە خۆڕازییە و وەکو "ڕوباینا"ی وەزیری کاروباری دەرەوە وایە.

❖ هەوڵەکانی ئیسپانیا بۆ باشتر کردنی پەیوەندی لەگەڵ کوبا و هەروەها دیداری ڕەسمی خوان کارلۆس پاشای ئەو وڵاتە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

ئالینا: لە ڕاستیدا، هەر ئەو کارە بێ مانایەیە کە ئەمریکاییەکان لە چین کردیان. هەندێ کەس ڕایان وایە کە گۆڕانکاری ئابووری گۆڕانی سیاسیشی لەگەڵدایە. بەڵام وەزعەکە نەلە چین و نەلە کوبا بەم جۆرە نیە. من ڕام وایە کە لەپشت هەوڵگەلی واوە لە کوبا پێش هەموو شتێك سوودی خاوەن هوتێلەکان دەرئەکەوێ و ئەمە کارێکی زۆر خراپە، لەبەر ئەوەی کە کارمەندە کوباییەکان لەوان حەقدەستێکی زۆرکەم وەردەگرن. ئەگەر بڕیار بوایە و حەقدەستەکان وەکو ئەوروپا دانرایە هیچ کەس لە کوبا هەوڵی دروست کردنی هوتێلی نەئەدا. کرێکارە کوباییەکان بە بەراوردکردن لەگەڵ گەشت و گوزارەڕەکاندا کەسانێکن کە لە دەوروبەرێکدا کە یاساکانی ئاپارتاید تیایدا بااڵدەستە ئەژین. لەگەڵ هاووڵاتیەکانما وەکو ژێر دەستەکان و کۆیلە ڕەفتار دەکەن. تەواوی ئەمانە لەئاستی بێویژدانیەکدان وێنا ناکرێت.

لە گۆڤاری بخارا وەرگیراوە.

فەرەیدونی موشیری

ئەو کەسەی جگەلە خۆشەویستی هیچی تری نەوت..

فەرەیدونی موشیری سالّی ١٩٢٦ لەتاران لە دایك بووە. لەتەمەنی دە سالّیدا پوی لە شیعر ناو بە دوانزە سالّی دەستی بە شیعر نوسین کرد.

یەکەمین کۆمەڵە شیعری (تینوی زریان)ە، کە لە سالّی ١٩٥٥دا بڵاوی‌کردەوە. دوای ئەم کتێبەی کە خولیای عاشقانەی بەرلە تەمەنی بیست سالّیی لەخۆگرتبوو، کتێبەکانی تری کە لەلایەن خوێنەرانەوە پێشوازیەکی گەرمی لێکرا، یەك لەدوای یەك کەوتنە بازاڕەوە:

(ناپەیدا، گوناهی دەریا، هەور، هەورو کۆڵان، یەکسان ڕوانین، باوەڕبە بەهاربکە، هەڵبژاردەی شیعرەکانی فڕین لەگەڵ خۆردا، لەبێ دەنگییەوە، مرواریی میهرەبانی، ئاهی باران، لەسەرزەمینی ئاشتییەوە، ساتەکان و هەست، لەوەوە ئەو بااڵندە خەمبارەو تا گزنگی درەوشاوەی ئاهورایی) جگە لە هەڵبژاردەی شیعرەکانی کەلەلایەن ناوەندە جیاوازەکانی بلاوکردنەوەوە چاپکراون.

موشیری دوای چەندین سالّ نەخۆشی، نیوە شەوی (دووی ئابان)ی ئەمسالّ (١٣٧٩) بە کاریگەریی نەخۆشی شەکرەو خوێن چاوی لێك نا.

موشیری لە پێشەکی یەکەمین کتێبی شیعری خۆیدا نوسیویەتی: (چاو خشاندنەوە بە کلّێشەکان و داهێنانی کلّێشەی نوێ هەرچەندە زۆر پێویستە بەلاّم بەپلەی دووەم دێ لەگرنگیدا.

ئەوەی کە پێویستە ببێتە مایەی سەرنجی هونەرمەندان و شاعیران ڕۆحی شیعرو ناوەڕۆکێکی نوێیە.

شیعری باش وەك شەراب وایە، لەهەر کلّێشەو قاڵبێکدا بەیان بکرێ کار دەکاتەسەر ڕۆح. بەلاّم ئەگەر ئاو بکەینە ناو پێکێکی یاقووت یان هەر پێکێکی تڕەوە و بەناوی شەراب و بە هیوای مەستبوون بینۆشین، خۆمان فریو دەدەین) لەو کاتەوە، موشیری هیچ هەنگاوێکی بەرەو پێشی نەناو لەهەمان وێستگەی شیعری کۆندا مایەوە. هەرچەندە چاوپۆشی لە ڕەوشی بەردەمی خۆی کردو ڕوی لێ

وەرگێڕا، بەڵام لەو وێستگەیەوە کە بەلایەوە گرنگ بوو، هەڵکشاو تا دەهات بەرز تر دەبۆوە. لەکاتی ئەفراندنی چامەیەکدا دەربارەی فروغی فروغزاد بە ناوی (ساردی سەوز)، کاتێك چوینە سۆراغی، لەبەردەمی کامێرادا دووپاتی کردەوە کەتا دوایین پۆژی ژیانی هەمان دیدی دەبێ....:(هیچ کات دەمارگیرنەبووم لە بەرامبە غەزەل، شیعری نوێ یاخود چوارینەدا، بەڵام شیعری کۆنیش تاوان نییە. جارهەیە دەبینم کە شاعیرێك پێدادەگرێ لەسەر ئەوەی شیعرەکەی لەقاڵبی چوارینەدا ـ کە زۆر ناسك و جوانیشە ـ دانەپێژێ، لەبەر ئەوەی چوارینە کلاسیکە. وا دەزانێ کە هەردەبێ تێك و پێکی بداو پارچە پارچەی بکاو پاشان لە ژێر یەکتریداو بەشێوەی (عەمودی) بینوسێ، تاوەکو ببێتە شیعری نوێ.) لەگەڵ ئەوەشدا موشیری کەسێك نەبوو دەرگالەسەر خۆی دابخاو دیوارێك بە دەوری خۆیدا بکێشێ و هەمیشە دەیویست ئاگای لەهەموو شتێك بێ. پۆژێکیان شریتی گۆرانییێژێکی لاوی(پۆپ)م لەسەر میزەکەی بەدی کرد.

کاتێك سەرنجی دا کەمن سەرسام بووم پێکەنی و وتی:(دەزانی منیش گۆرانیم وتووە، ئێستاش دەمەوێ بزانم لاوانی ئەمرۆ چی دەکەن و چی لەئارادایە.).

ڕەنگە موشیری پڕ ئیحساسترین شاعیری هاوچەرخی ئێرانی ـ لەدوای فروغ ـ بێ. ئەو شاعیرەی کە دڵی نەهات بەسەر ئیحساسدا تێپەڕی و دەتوانین بە لوتکەی ڕۆمانسیەتی لە ئەدەبیاتی ئێراندا لەقەڵەمی بدەین.

لە شیعرەکانیدا هێندە ئومێدو ئارەزوو هەیە کە خوێنەر سەرسام دەکا. بێگومان ڕەنج و ئازارەکانیش لەیاد ناکاو پێ دادەگرێ لەسەر ئەوەی کە پێویستە لەناو دڵی ئەو ئازارانەوە بگەینە ئومێد:

بەم چاوانەوە کە بە فرمێسك قەتیسماوە
لەم کلاو ڕۆژنەیەوە کە بە دوکەڵ تەنراوە
لەپەڕەسێلکە و گوڵ و سەوزی سلاو
تەنانەت کاتێك دەچێتە سۆراغی ڕوداوێك و
شیعریبۆ دەڵێ (بۆمباران، بومەلەرزە، رنوی بەفر،



فەردیدونی موشیری لەگەڵ د. عەتا اللە مهاجرانیدا

جەنگ، مەرگی لاوێکی فەلەستینی و.....) دیدێکی تاڵ و ڕەشبینانەی نیە؛ بەڵام هەندێك جار کە شیعری پەند ئامێزی وتووەو بە سیفەتە چاکەکانی هەندێك لە کەسایەتیە زانستی و فەرهەنگیەکاندا هەڵی داوە، شیعری ئەو ڕوحە دەوڵەمەندەی جارانی نامێنێ.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە موشیری لەسەرەتاوە ئەهلی ئومێدو کرانەوەو ڕوناکی نەبووەو پلە پلە بەو خاڵە گەیشتووە، سەرەتا(ژیان، دوژمنی دێرینی من)ی چڕیوە و تەنانەت عەشقیشی بە تۆپەڵێك لە ڕەشی دیوە:

بۆ چاوە خامۆشەکانت بمرم
لە کەناری کانیی نۆشینتا بمرم
نامەوێ بتگرمە ئامێز

ئەمەوێ لە ئامێزتا بمرم...
بەڵام موشیری کە لەسەرەتادا دەربارەی مەرگ دەدوا:
لەمردن ناترسم کە ژیان
جگەلە ژەهری خەم شەرابێکی نەکردە ناو پێکم
ئەگەر من لەم ژیانە بەرتەسك و بێزارکەرەدا
هەناسەیەکی ئاسودەیی هەڵمژم حەرامە
عەشقیش کە گرنگترین دەرون مایەی شیعری موشیریە - هەمان ڕێڕەوی گرتۆتەبەر.
سەرەتا شیعری بۆ تەنیایی لە ئاکامی بێ عەشقیدا وتووە:
لەسینەما دڵ چون گەلای خەزان
بێ عەشق ماوەتەوەو
بەماچی شەماڵ نایەتەلەرزە
ئەم گەلا وشکە تینوی زریانە
بەڵام دواتر دەربارەی دەردی عەشق دەنوسێ:
چیم گرتۆتەبەر؟
ڕێگایەکی بێ کۆتایی
بەدوای چیدا ئەگەڕێم؟
بەهەشتی ئارەزوو
لەدەست چی ئەنالم؟
دەردێکی بێ دەرمان
چی ئەچڕم؟
بەسەرهاتی عەشقی ئەو
پاشان هەموو ئەمانە دەبێتە عەشقێکی ئاوێتەی حەسرەت کە لە شیعری (کۆلان)دا زۆر بەچاکی بەرجەستەبووە؛ هەمان ئەو شیعرەی کە (موحسین مەخملباف) کردویەتی بە سیناریۆی فیلمی (ماچم کە)،
بێ تۆ شەوێکی مانگەشەو
بەو کۆلانەدا گوزەرم کردەوە
هەمو جەستەم بوو بەچاو
بەسەرسامی بە دوای تۆدا گەڕام
تینی دیداری تۆ لێواولێو بوو لە پێکی بوونم
بووم بەو عاشقە شێتەی کە بووم
هەرچەندە موشیری لە بواری سینەمادا ناوێکی ئاشنا نەبوو، بەڵام دیدی سینەمایی و شیعرە پڕ لە وێنەکانی بەڵگەی ئەوەن کە بەو دەستەواژەیە ئاشنا بووە.
لەیەکێك لە شیعرەکانیدا دەڵێ/ سینەی من سینەمای منە.. لەکاتی وێنەگرتنی فیلمی(ساردی سەوز)دا، دەربارەی فیلمی(مەنزڵ ڕەش ئەکاتەوە) وتی/ ((ئەم فیلمە زۆر بە هەست و سۆزە، یەك پارچە شیعرە. لەو دیمەنەدا کە گەڕێك بە ڕێدا دەڕواو دەڵێ (شەممە، یەك شەممە،...)خۆی لە خۆیدا شیعرە؛ شیعرێك کە زەمەنی بێزارکەرو دژواری نەخۆشخانەی گەڕان نیشان ئەدا)) بەڵام بەم دواییە گوڕو تینی بۆ تەلەفزیۆن نەبوو. کاتێك بۆ وێنەگرتن لە زەنگمان دا، بەرلە هەموو شتێك پرسی:(خۆ بۆ تەلەفزیۆن نییە؟!) پێکەنیم و وتم(تەلەفزیۆن و فروغ؟!)
کاتێك مانۆاوایی کرد، تۆڕە بچوکو گەورەکانی تەلەفزیۆن هیچیان ڕوویەکی خۆشیان نیشان نەداو تەنیا بەچەند وشەیەك هەواڵی کۆچی دواییان ڕاگەیاند.
خۆ ئەگەر هاوسۆز نەبونی بەر پرسانی رادیۆو تەلەفزیۆن بەرامبەر بە ئەحمەدی شاملۆو هۆشەنگی گولشیری و هۆکاری سیاسی لە پشتەوە بووبێ ئەوا موشیری ئەم کێشەیەی لەگەڵیاندا نەبووە. لێگەڕێین، وەك چۆن سیمین بەهبەهانی دەڵێ: بەرز ترین دەنگ لە گەروی خەڵکییەوە دێتەدەر نەك لە پەنجەرەی بڵندگۆکانەوە.
لەگەڵ ئەوەشدا کە موشیری لەگەرمترین قۆناغی سیاسی ئێراندا ژیاوە، بەڵام سیاسەتی ئاوێتەی هونەرەکەی نەکردووە؛ هەرچەندە کە دەتوانین جێ پێی سیاسی / کۆمەڵایەتی لە شیعرەکانیدا پەیدا بکەین:
لە کوێی ئەم بێزار ئاوایە دا

هاواری شیعرم بکەم؟
لە کوێی ئەم بۆشاییە تەنگ و بێ ئاوازە دا
کۆترەکانی شیعرم هەڵفڕێنم
یاخود کە دەڵێ:
ئەگەر شمشێر لەسەر سەر
دەست بە زنجیر، لەتاراوگەدا
سەر دەربێنیو هونەر بنوێنی
ئەگەر لەگەڵ هەموو ئەم نامەردیەدا
هەر بەدوای هونەردا بگەڕێی
هونەریت کردووە
موشیری زیاتر وەک شاعیرێک ناسراوە، بەڵام لە راستیدا رۆژنامەنوسیش بووەو بواری بۆ ژمارەیەک لاوانی بەهرەمەندیش رەخساندووە کە دواتر شاعیری گەورەیان لێ دەرچووە. فروغی فەروغزاد نمونەیەکی بەرجەستەی ئەو لاوانەیە.
موشیری لەو بارەیەوە وتی:
(لە گۆڤاری ڕوناکبیردا، سەرنوسەری شیعربووم). ڕۆژێکیان خانمی فەروخزاد کە تازە لە (ئابادان)ەوە هاتبوو بۆ تاران، بە سەرو سیمایەکی شێواوو دەست مەرەکەباویەوە، بە چەند پارچە کاغەزێکەوە هاتە ژورەوە بۆلام.سلاوی کردو دانیشت، چام بۆ بانگ کرد. سێ شیعری بۆ هێنابووم(یەکەمین شیعرەکانی کە لەژێر چاپدا بوو). بەهەرحاڵ یەکێکیان بەلای منەوە جێی سەرسامی بوو. نوسیبووی:(گوناهم کرد..) ئەوسا، ئەم جۆرە قسانە ناشیرین نەبوو و بە بۆچونی منیش کێشەنەبوو. بەڵام پێشتر هیچ ژنێک شتێکی ئاوای نە نوسیبوو. لەگەڵ دۆستەکانمدا قسەم کرد کە چی بکەین؟ وتیان چاپی دەکەین با بڕوا! لێرەدا قاقایەکی لێداو وتی (بەڵام ئێمە چاپمان کردو نەشڕۆی!) مەبەستی لە گیروگرفتی دوای چاپ بوو.
دەربارەی کەش و هەوای ئەو سەردەمە ئەیوت:
(ڕۆژنامە نوسی لەو سەردەمەدا، جگە لە چەندحاڵەتێکی وەک ئەوەی باسمان کرد، سنوری بۆ دانەنرابوو. یەکێک لە دۆستەکانمان کەلە دەزگایەکی ئاسایشدا کاری دەکرد، هەندێک جار دەیوت: (فەرەیدون، ئەمجارەیان لاپەڕەی شیعرکە دووشیعری بۆنداری تێدا بوو. ئاگادارببە شتێک چاپ نەکەیت کە ببێتە هۆی داخستنی گۆڤارەکەت. لەسەر بەرپرسانی بالاّ هیچ مەنوسە؛ چیت ئەوێ بینووسە..) و لە کارەکەماندا لە بواری نوسین و ڕەخنەدا ئاسودە بووین) موشیری، شاعیری چەندین نەوە، تا چاوەکانیشی لێک نا هەر دەم بەخەندەبوو و باسی ئازاری نەدەکرد؛ موشیری ڕۆیی، بەڵام حەسرەتی ناو شیعرەکانی هێندە دڵنشینە کە دەمێنێتەوە؛ حەسرەتێک کە لە شیعری عاشقانەی هیچ شاعیرێکی تردا نییە. حەسرەتی شاراوەی ناودڵی شیعر ـ شاعیر ـ کاتێک دەڵێ:(ئاواتەمە جارێکی تر ئەوم لەلای‌خۆم بدیایە) یاخود لە کۆتایی شیعرە بەناو بانگەکەیدا شیعری (کۆڵان) کە دەڵێ:(بێ تۆ من بە چ حاڵێک بەو کۆڵانەدا تێ پەڕیم)، ئایا ئەم شیعرەیت خوێندۆتەوە؟.
خۆزگە سەرێکم ئەخستە سەرشانەکانت..

چالاکییەکان

کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە بۆ ئەحمەدی مەلا

سەعات (٦)ی ئێوارەی رۆژی ٢٠٠١/٦/٢٠ بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ ، لە درێژی چالاکیەکانیدا ،بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیب و ئەدەبدۆستان ، کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەی بۆ شاعیری دووڕە ولاّت (ئەحمەدی مەلا) سازکرد.

سەرەتا دکتۆر فەرهاد پیربالّ (بەڕێوەبەری کۆڕەکە) ، ئەحمەدی مەلا پێشکەشکردو بە کورتی باسی لە ژیان و بەرهەم و ئەزموونی شیعری ئەحمەدی مەلای کرد . پاشان (دکتۆر ئەحمەدی مەلا) بە خوێندنەوەی چەند قەسیدەیەکی کۆن و نوێیکۆڕەکەی رازاندەوەو، کۆڕەکە زیاتر لە سەعاتێکی خایاند.

(ئەحمەدی مەلا) ساڵی ١٩٥٧ لەگوندی تۆماری ناوچەی کەرکوك لە دایکبووە و لە ساڵی (١٩٨١)ەوە لە دەرەوەی ولاّت دەژی، تائێستاش کۆمەڵە شیعرانەی بە چاپ گەیاندووە.

١)باران ١٩٨٣

٢)زەردك ١٩٨٨

٣)کتێبی شیعر ١٩٩٦

کەمال نوری مەعروف و د. عادل گەرمیانی لە دوو ئێوارە کۆڕدا

سەعات (٦) ی ئێوارەی رۆژانی ٢٤ ـ ٢٥ /٦/٢٠٠١ لە هۆڵی دیالۆگی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکانی (ی.ن.ك)بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ ، دووئێوارە کۆڕی بۆ ئەم نوسەرە بەڕێزانە سازکرد:

١) کەمال نوری مەعروف لە ژێر ناونیشانی (نوسینەوەی مێژووی دێرینی کورد لەسەر پاشماوە شوێنەواییەکان). لەم کۆڕەدا بەڕێزی باسی لە گرنگی شوێنەوارەکان کرد، بۆ خوێندنەوەو نوسینەوەی مێژووی دێرین و شارستانیەتی کوردو ، هیوای خواست لە رێی سودوەرگرتن لە پاشماوەی شوێنەوارەکانەوە بتوانرێ مێژووی دێرینی کورد بنوسرێتەوەو ئەولایەنە شاراوەیەی مێژووی کورد ئاشکرا بکرێ. کۆڕەکە لەلایەن کاك (سالار فەتاح)ەوە بەڕێوەبرا.

٢)د. عادل گەرمیانی لەژێر ناونیشانی(پرۆژیەك بۆ رەخنەی بەراوردکاری کوردی). سەرەتا د. عادل باسی لە قوتابخانەی (فەرەنسی ـــ سوسیالستی ـئەمەریکی) کرد ، کە بەسێ قوتابخانەی گرنگی ئەدەبی بەراوردکاری ناسراون لە جیهاندا.

پاشـــان گرنگـــی ئـــەدەبی بـــەراوردکاریی بـــۆ ئامـــادەبووان شـــیکردەوەو ، هیـــوای خواســـت رۆشنبیرانیکوردیش پەلـە بکـەن بـۆ پێکهێنانی ئـەم جۆرە رەخنەیە لە نێو ئەدەبی کوردیـدا . پاشـان بـە چـەند خـاڵێك بۆچونـەکانی خـۆی دەربـڕی بـۆ ئەنجامدان وسەرکەوتنی ئەو پڕۆژەیە.

ئەم کۆڕەش لەلایەن کاك عەبدوڵلاّ ئەحمـەد) ەوە بـەڕێوە بـرا . جێگـای باسـە ژمارەیـەکی زۆر لـە نوسـەران و رۆشـنبیران ئامـادەی کۆڕەکـان بـوون و هـەردوو کۆڕەکـەش گفتوگۆیـەکی بـە پـێزی لێکەوتەوەو ئازادانە بیرو بۆچوونەکان ئاڵوگۆڕکران .

مهاباد قەرەداخی و کەژاڵ ئەحمەد

لە ئێوارە کوڕێکدا

لـە کەشـێکی شـاعیرانەداو بـە ئامـادەبوونی ژمارەیـەکی زۆر لـە ئـەدیبان و رۆشـنبیران و شـیعر دۆستان،بنکەی ئەدەبی و رووناکبـیریی گـەلاوێژ، لـە درێـژەی چالاکیەئەدەبیـەکانیدا. سـەعات (٦,٣٠)ی ئێـوارەی رۆژی ٢٠٠١/٧/٤ لـە هۆڵـی ژووری بازرگـانی سلێمانی ، ئێـوارە کۆڕێکـی شـیعر خوێندنـەوەی بـۆ بـەڕێزان (مـهاباد قـەرەداخی و کـەژاڵ ئەحمـەد) سازکرد.

سەرەتا خاتوو کەژاڵ بەناوی خۆیو خـاتوو مـهاباد و بنکـەی ئـەدەبی گـەلاوێژەوە، بـەخێرهاتنی میوانـە بـەڕێزەکانی کـرد. پاشـان بـە خوێندنـەوەی پارچـە شیعرێك کە لـە سـاڵی ١٩٩٠ دا بۆمـهاباد قـەرەداخیی نووسیوە، مهابادی پێشکەشکرد. دوابـەدوای ئـەویش خاتوو مـهاباد بەخوێندنـەوەی پارچـە شـیعرێك کەلـە هەمان سـاڵدا بۆکـەژاڵ ئەحمـەدی نوسـیوە ، کـەژاڵی پێشکەشـکرد.ئینجالـەماوەی سـەعاتێکداو بەخوێندنـەوەی چـەند قەسـیدەیەکی کـۆن ونـوێ ، کۆڕەکەیان رازاندەوەو شـیعربارانی ئامـادە بووانیـان کرد .

لەیادی (١٢)هەمین سالڕۆژی

کۆچی دوایی رۆشنگەری گەورە

(شێخ محەمەدی خاڵ).

لەیادی (١٢)هەمین سـاڵڕۆژی کۆچـی دوایـی زانـای گـەورەی کـورد، مامۆسـتا(شـێخ محەمـەدی خـاڵ). سەعات(٦,٣٠)ی ئێوارەی رۆژی١٥/٧/٢٠٠١ ، بنکـەی ئـەدەبی و رووناکبـیریی گـەلاوێژ، لـەهۆڵـی دیـالۆگی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکانی (ی.ن.ك). ئێوارە کۆڕێکی سازکرد بەم شێوەیە: -

سـەرەتا مامۆسـتا رەئـوف عوسمـان بابـەتێکی پێشکەشکرد، لە ژێـر ناونیشـانی (ئـاوڕێکی خـێرا لـە شـاکارەکانی شـێخ محەمـەدی خـاڵ). لـەو بابەتـەدا مامۆسـتا رەئـوف باسـی لـە قەڵەمـە بەبڕشـتەکەی شێخی خاڵ کرد، کەلـەبوارەکانی فەرهـەنگ و وێـژەو ئـایین و فۆلکلـۆرو... دا خزمـەتێکی مـەزنی بـە کتێبخانەی کوردی کردووەو گوتی: -





(ئەگەر لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا جۆرە رێسانسێکی رووناکبیری کوردی فرەلایەن هەبووبێت ، دەشێ پیرەمێردو تۆفیق وەهبی و شێخی خاڵ و ئەمین زەکی و عەلادین سەجادی کاری گەورەیان بۆ کردبێو کۆڵەگەیەکی قەف ئەستوری ئەو رێسانسە بووبن...) پاشان باسی لە ولاتپارێزی و نیشتمانپەروەری شێخی خاڵی کرد ،کە لەپاڵ خزمەتکردن بە ئایین ، دەوری بەرچاویشی هەبووە لەخزمەتکردنی گەل و نەتەوەکەیدا وهەرگیز لەبەرەی میللەت جیانەبۆتەوە.

ئینجا باسی لە پێشکەوتنخوازیو بیری کراوەی ماموستا خاڵی کرد لە مەسەلەی ژناندا ، کە چۆن خەڵکی هانداوە کچەکانیان بنێرن بۆ خوێندن و قوتابخانە و لەبنەماڵەکەی خۆشیدا پراکتیکی کردووە، لە کاتێکدازۆربەی خەڵکی پێیان حەرام بووە کوڕیش بنێرن بۆ خوێندنگە. لەم بارەیەوە وتەیەکی ماموستا خاڵی هێنایەوە، کەدەڵێ(خوێندەواری دایکان ، واتە کچانی ئەمڕۆ و دایکانیپاشەڕۆژ، لە هەمووگەلێکدا مایەی پێشکەوتنی گەلەو ، نەخوێندەواریش مایەی بە قوڕدا چوونە خوارەوەی هەموویانە ...).

لەکۆتاییدا ماموستا رەئوف چەند گلەییەکی رووبەرووی دەزگا بەرپرسەکان کردەوە ، کەوەکو پێویست لایان لەم زانا گەورەیە نەکردۆتەوەو، تائێستا خوێندنگەیەك بەناوی ئەم ماموستا مەزنەوە ناونەنراوە، هەروەها هەوڵنەدراوە کتێبخانەو دەستنووسەکانی ماموستا لەفەوتان ڕزگار بکرێ.....

پاشان دکتۆر فاروق عومەر سدیق لەژێر ناونیشانی (چەپکێك تیشك بۆ فەرهەنگی خاڵ و پەندی پێشینان) بابەتێکی پێشکەشکرد. بابەتەکەی د. فاروق لە دوو بەش پێکهاتبوو، بەشی یەکەم تایبەتبووبە (فەرهەنگی خاڵ). سەرەتا باسی گرنگی فەرهەنگی کرد لە مێژووی زماندا و پاشان باسی لە مێژووی فەرهەنگ کرد لە جیهانداو گوتی(هیندییەکان یەکەمین گەلن لەجیهاندا کە فەرهەنگیان داناوە لە سەدەی (٤)ی پێش زایینداا ، پاشان چینییەکان لەسەدەی (٢)ی زاینیدا فەرهەنگیان داناوە ....)



ئینجا باسی لە یەکەمین فەرهەنگی کوردیکرد و گوتی (لە سالآنی١٦٨٢ ــ ١٦٨٣ یەکەم فەرهەنگی کوردی کە فەرهەنگی (نەوبەهار)ە ، لەسەر دەستی ئەحمەدی خانی نوسراوە . پاشان چەندین فەرهەنگی دیکەی کوردی لە سەر دەستی نووسەرانی کورد و بیانی دانراون ، بەلآم (فەرهەنگی خالّ) جیاوازە لە هەموو فەرهەنگە کوردیەکانی پێش خۆی، چونکە فەرهەنگەکانی پێشوو فەرهەنگی کوردی و زمانێکی بێگانەن، بەلآم فەرهەنگی خالّ(کوردی ــ کوردی) یە. هەروەها گوتی فەرهەنگی خالّ یەکەم فەرهەنگە تێکڕای دیالەکتیکە کوردییەکانیلە خۆی گرتووە .

لەبەشی دووەمی باسەکەیدا دکتۆر فاروق باسی لە کتێبی (پەندی پێشینان) کرد.

سەرەتا چەند وتەیەکی شێخی خالّی هێنایەوە، کە لە پێشەکی کتێبەکەیدا باس لە گرنگی (پەندی پێشینان)دەکات ، هەروەها باس لە مێژوو و سەرهەلّدانی (پەندی پێشینان) دەکات .

پاشان باسی لە گرنگی ئەو کارە مەزنەی ماموّستا خالّ کردو گوتی (ئەم کارەی ماموّستا خالّ ماندووبونێکی زۆری پێوە دیارە ، چونکە ماموّستا خالّ بۆکۆکردنەوەی ئەو پەندانە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان گەڕاوەو هەوڵیداوە زۆرترین پەند کۆبکاتەوە) .

دوا بە دوای ئەویش ماموّستا (خالید خالّ) کۆڕی شێخ محەمەدی خالّ لەژێر ناونیشانی (شێخ محەمەدی خالّ ... ژیان و بیرەوەری) باسێکی پێشکەشکرد.سەرەتا باسی لە هەلّسوکەوت و ژیانی پۆژانەی ماموّستا خالّ کرد و گوتی(شێخی خالّ سالّی ١٩٠٤ لەدایکبووە ، سالّی ١٩١٤ باوکی مردووە، شێخی خالّ و چوابراکەی لەلای باپیری گەورەبوون .... سالّی ١٩٣٨ کراوە بەقازی هەلّەبجە و سالّی ١٩٥٣ بووە بە ئەندامی کۆڕی زانیاری کوردولە سالّی ١٩٧٢دا کراوە بەجێگری سەرۆکی کۆڕی زانیاری . لەکانوونی دووەمی سالّی (١٩٤٠) دا یەکەمین بەرهەمی بەناوی (خۆشەویستی نیشتمان)ەوە لە گۆڤاری گەلاوێژدا بلاّو بۆتەوە.) پاشان گوتی (هەرچەندە شێخی خالّ چاوێکی لە دەستدا بوو ، بەلآم زۆربەی کاتی بە خوێندنەوەو نوسین بەسەربردووە و پۆژانەزیاتر لە (١٠) سەعات دەیخوێندەوە و دەینوسی . تا سالّی ١٩٨٧ بەتەواوی چاوەکانی لەدەستدا .)

پاشان چەند بیرەوەرییەکی خۆیلەگەلّ شێخی خالّدا گێڕایەوە و باسی لە ئازایەتی و هەلّوێستی جوامێرانەی ماموّستا خالّ کرد .

لە کۆتاییدا وتاریبنەمالّەی ماموّستا خالّ لەلایەن ماموّستا عەلی خالّ برازای ماموّستا شێخ محەمەدی خالّەوە خوێندرایەوە. .جێگای باسە مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بەبروسکەیەك بەشداری ئەم یادەیان کرد ، کە جگە لەدەستخۆشییان بۆ بنکەی ئەدەبی و روناکبیریی گەلاوێژ بە بۆنەی یادکرنەوەی ئەم ماموّستا مەزنەوە، تێیدا هاتووە (بێگومان ماموّستا خالّ یەکێك بوو لەو قازییە پایە بەرزانەی کەلە بواری خزمەتکردنی زمان و ئەدەب و کەلەپووری نەتەوایەتیمان درێخی نەکردووە ، سەرو ترۆپکی کارەکانیشی تەفسیری خالّە کەکەلێنێکی گەورەی لەکتێبخانەی کوردیدا پرکردۆتەوە و بیرو هۆشی خوێندەواری موسلّمانی گەلەکەمانی بە بیرە فراوانەکەی خۆی زاخاو داوە و رێی موسلّمانێتی پاکی بۆ گەل ئاوەلاکردووە ...) .

ماوەتەوە بلّێین کۆڕەکە نزیکەی دووسەعاتی خایاندو لەلایەن کاك (کاوە حاجی عەزیز) ەوە بەڕێوەبرا .

سەردانی هونەرمەندان (ناسرو مەرزە) بۆ بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ



سەعات (٦)ی ئێوارەی پۆژی سێشەممە ٢٠٠١/٧/٢٤ ، هەردوو هونەرمەندی بەتوانا (ناسری رەزازی و مەرزە فەریقی) سەردانی بنکەی ئەدەبی رووناکبیریی گەلاوێژیان کرد و، لەلایەن سەرۆك و جێگری سەرۆك و ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر و ستافی گۆڤاری گەلاوێژی نوێو سەرجەم کارمەندانی بنکەی گەلاوێژەوە بەگەرمی پێشوازییان لێکرا .

پاشان بەڕێز (مامۆستا رەئوف عوسمان) باسی لە ئامانجەکانی دروستبوونی بنکەی گەلاوێژکرد و کاروچالاکیەکانی بنکە خستەروو . هونەرمەند ناسری رەزازی خۆشحالّی خۆی دەربڕی سەبارەت بەو سەردانەی بۆ بنکەی گەلاوێژ و گوتی(من لە ڕێی گۆڤاری گەلاوێژی نوێ و چاپکراوەکانی بنکەوە ، لە مێژە دەتانناسم . بەلاّم خۆشحالّم کە ئەمجارە لە نزیکەوە بەدیدارتان شادبووم ...) ئینجا باسی باری ئێستای ئەدەب و هونەر لەناوەوە و دەرەوەی کوردستان کراو ، تیشك خرایە سەر ئەو ئاستەنگانەی کەڕێگرن لە بەردەم بەرەو پێش چوونی باری ڕۆشنبیری بەگشتیو ئەدەب و هونەر بەتایبەتی، کە شەڕی ناوخۆ بەسەرەکیترین ئەو ئاستەنگانە دانرا .

هونەرمەند (ناسری رەزازی) خۆشحالّی خۆی دەربڕی سەبارەت بەو ئاشتییەی ، ئێستا بالّی بەسەر هەرێمی کوردستاندا کێشاوەو، هیوای خواست کەلەمەودوا هونەرمەندان و نووسەران زیاتر دەوری خۆیان ببینن بۆ بەرەو پێشتر بردنی ئاستی ڕۆشنبیری لەکوردستانداو، گوتی (داوا لە سەرجەم ئەدیبان و هونەرمەندان و ڕۆشنبیران و هەموو دلّسۆزانی کورد لە هەرچوار پارچەکەی کوردستان دەکەم، کە بە هەموومان کۆمیتەیەك یان ڕێکخراوێك دروست بکەین و هەوڵی بنبڕکردنی هەتاهەتایی شەڕی کوردو کورد بدەین...).

هـەروەها گوتـی (خۆشـحاڵ دەبم کـە سـەرجەم گۆرانیبێژانی کوردستان لـە نـاوەوەو دەرەوە، بـە هـەموومان گۆرانییـەك بڵێـین بـۆ ئاشـتی و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان.)

پاشان لەسەر داوای هونەرمەندان (ناسرو مەرزە) هەریەك لـە شـاعیران (لـەتیف هەڵمـەت و سـەلاح محەمـەد) چەند کۆپلەیەك لە شـیعرەکانی خۆیـان خوێندەوە.

دوو ئێوارە کۆڕ بۆ بەڕێزان

(ڕێبوار سیوەیلی و نیهاد جامی)

لیژنـەی رۆشـنبیری ڕێکخسـتنی سـلێمانی حـیزبی شیوعی کوردستان، لـەهۆڵی سـلێمانی - سـەنتەری چالاکی گـەنجان، دوو ئێوارە کـۆڕی بۆئـەم بەڕێزانە سازکرد بەم شێوەیە:-

کۆڕی یەکەم: سـەعات (٦)ی پاشـنیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٠١/٧/٥ لـەژێر ناونیشـانی (سیسـتمی چـاودێری خود) بۆ بەڕێز (ڕێبوار سیوەیلی). سـەرەتا بـەڕێزی بەکورتی باسی لە چەمکی چاودێریکردنی کۆمەڵایەتی کردو بەچڕی چاودێریکردنی کۆمەڵایـەتی (ڕەسمی و نارەسمی) ڕوونکردەوە. پاشـان باسـی لەفەلسـەفەی خودگەرایی کـردو تیشکی خسـتە سـەر گرنگیـەکانی ئەو فەلسەفەیە. پاشان هـەردوو بابەتەکـەی پێکـەوە گرێدایەوەو کاریگەریەکانی بە هێزبوون و لاواز بوونـی هەریەك لـەو دوو جۆر چاودێریکردنـەی لەسـەر خـود باسکردو، لەچەند خاڵێکی گرنگدا کورتیکردنـەوە، لەوانە:

١- ئەگـەر چاودێریکردنی ڕەسمـی لاوازبـێ، خـود دەکەوێتە مەترسییەوە چونکە یاسا لاواز دەبێ.

٢- ئەگەر چاودێریکردنی ڕەسمی بـەهێزبێ، دەبێتـە هۆی مانەوەو بە هێزبوونی خود.

٣- ئەگـەر چـاودێریکردنی نـارەسمی بـەهێزبێ، دەسەڵات دەکەوێتە مەترسییەوەو بچوکدەبێتەوە.

٤- ئەگەر چاودێریکردنی ڕەسمی لاوازبـێ، ژیـانی هاوبـەش دەکەوێتـە مەترسـییەوە. چونکـە ژیـانی هاوبـەش لـەژیانی هاوبەشـی یـەك گروپـدا بچوکدەبێتەوەو خود دەکەوێتە مەترسییەوە.

٥- ئەگەر چاودێریکردنی نارەسمی بەهێزبێ، دەبێتە هـۆی زیندوو بوونـەوەی شـەڕە تەقلیدییـەکان، ئەوشەڕانەی کەدەبی لەکاتی بەهێز بوونـی چاودێری ڕەسمیدا بچووکببنەوە.....

کـۆڕی دووەم: سـەعات (٦)ی پاشـنیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٠١/٧/٧ لـەژێر ناونیشـانی (مارکسـی حزبـی.. مارکسی فەلسەفی) بۆ بەڕێز (نیهاد جامی). سـەرەتا کاك نیهاد گوتی ئەم کـۆڕەی مـن چـەند تێڕوانینێکـە لەسەر دواکتێبی جاك دریـدا ·تارماییـەکانی مـارکس) کە دەپرسێ: ئایا مارکس مردووە؟! بۆ وەڵامـی ئـەم پرسیارەش هەر قسەیەکی جاك دریدای هێنایەوە کـە دەڵێ (ئایندەیەك نییە بێ مـارکس. پاشـان بـەدرێژی باسـی لـەجیاوازی (حـزب - فەلسـەفە) کـرد و گوتـی (لەفەلسەفەدا کۆتایی نییە، بەڵکو تـەواوبوون هەیـە، کە ئەمە جیـاوازی ئایدۆلۆژیـاو فەلسـەفەیە...) بـیری مارکس وەکو فەلسەفە ماوەو لەشوێنێك وەسـتاوەکە دەکرێ فەیلەسوفەکانی دوای ئەو درێژەی پێبـدەن و بەشەکانی تری تەواو بکەن پاشان باسی لەو دژایەتیە بێ بنەمایانە کرد کە گەلێك جـار ڕووبـەڕووی مـارکس دەبێتـەوە و لـە خـۆڕا مـارکس ڕەتدەکرێتـەوە. لەبەرامبەریشدا زۆر جار لەلایەن چـەند خۆبەمارکسـی زانێکەوە مارکس پیرۆزدەکرێ و لەسـەرووڕەخنـەوە

سەیری دەقەکانی دەکرێ. لەم بارەیەوە گوتی (کاتێك رەهایی دەدرێ بە دەقی مارکس ، ئەوە مارکس پیرۆز ناکرێ، بەڵکو مارکس دەکوژرێ...) لەکۆتایی هەردوو کۆڕەکاندا، دەرگای گفتوگۆ ئاوالاکرا بۆ ئامادەبووان و، ئازادانە بیرو بۆچوونەکان ئاڵوگۆڕ کران. کە هەریەکی نزیکەی دووسەعاتی خایاند. جێگای باسە کۆڕەکان لەلایەن کاك (شۆڕش محەمەد)ەوە بەڕێوە بران.

لقی سلێمانی

یەکێتی نووسەرانی کورد

کۆڕێک بۆ

عەبدولقادر سەعید سەرچناری

دەگێڕێت

دەمم بۆنی نوقڵی پێکەنینەکەت دەگرێ
کەژەهری شەڕ لەسەر لێوانت تاڵی کرد
ئەو رۆژانە چەند تەماوی بوون کە بالاّت
لەنیوەڕۆی هاوینێکا ئەشاردەوە
نەوەك پیاوێکی دیکتاتۆر
لەبرژانگی چاوەکانتا پەتی قەنارەیەك بچنێ.
ئەو ساتانەی نامانەوێ بڵێین... بەڵێ
سەعات (٦:٣٠) ئێوارەی رۆژی ٢٠٠١/٧/١١ دەستەی
کاتیبی یەکێتی نوسەرانی کورد/ لقی سلێمانی ئێوارە
کۆڕێکی بۆ بەڕێز (عەبدولقادر سەعید سەرچناری)
سازکرد کۆڕەکە لە دووبەش پێکهاتبوو،

بەشی یەکەم/ لێکۆڵینەوەیەکی کەلتوری بوو بەناونیشانی (قوربانی لە نێوان کەلتوری خۆرئاواو خۆر هەلاّتدا). کەتیایدا باسی جیاوازی نێوان ئەم دوو کەلتورەی کرد، لەرووی ئابووری و کۆمەلاّیەتی و دەروونییەوە. لەو روانگەیەوە باسی لەو مەرگەساتانەکرد کە روو بەرووی پەناهەندەکان دەبێتەوە.

لە بەشی دووەمی کۆڕەکەدا، نوێترین ئەزموونی شیعری خۆی قەشیدەی (ئەو ساتانەی نامانەوێ بڵێین.. بەڵێ) خوێندەوە. پاشان دەرگای گفتوگۆ ئاوالاکراو چەند بەڕێزێك بەپرسیاری جۆراو جۆر بەشداریان کرد.

کۆڕەکە نزیکەی دوو سەعاتی خایاند.

چاپکراوی نوێ

مردنی ئەندازەیی پەنجە شێتەکانی شەیتان



فەریدزامدار یەکێکە لە دەنگە دیارەکانی شیعری حەفتاکان و، بەردەوام بەدوای شێوازی نوێ و خولقاندنی وێنەی نەگوتراوو نەبینراودا دەگەڕێ ، هەردەم هەوڵی دوورکەوتنەوە دەدات لە خۆدووبارە کردنەوەو خۆجوینەوە.

مردنی ئەندازەیی پەنجە شێتەکانی شەیتان دوای هەوڵی شیعرو شێوەی ئەم شاعیرە نوێخوازەیە ، کە بەقەبارەی ڕۆژنامەو لە دوو توێی(٢٨) لاپەڕەداو، بەشێوەیەکی هونەریی قەشەنگ بە چاپی گەیاندووە.

لە ستونێکی ئەم بلاوکراوەیەدا فەرید زامدار دەڵێ: ((لەشیعرو شێوەو نووسیندا بەدوای رازیکردنیکەس ناگەڕێم ، هەمیشە لە بەرهەمەکانی خۆم نازارزیم و بەردەوام لەگەڕاندام بەدوای شتەکان.....) .

جێگای باسە ئەم بەرهەمەی کاك فەرید زامدار لەبلاوکراوەکانی ڕۆژنامەی (هەرێمی کوردستان)ە.

دوو بەرهەمی نوێی کاك (سەلاح جەلال)

١- نەفخ و وێنەکانی (با)



ڕۆمانێکی نوێی برای نووسەر و ڕۆمانووس (سەلاح جەلال) ە، کەلە دوو توێی (١٠٥) لاپەڕەداو لە سەرئەرکی خۆی بەچاپی گەیاندووە.

کاك سەلاح زیاتر کاربەتەکنیکی نوێ دەکاوبەردەوام ڕەگەزە سەرەکیەکان لە ڕۆمانەکانیدا ئاڵوگۆڕیان بەسەر دا دێ، کەلە (نەفخ و وێنەکانی ـــ با ـــ) دا زیاتر هەستی پێدەکرێ . لەم ڕۆمانەدا جگە لەوەی بەشێوەیەکی هونەری یاری بەکەسێتییەکان کراوە ، شوێن و

کاتیش بەردەوام گۆڕانکارییان بەسەردادێت ، کە ئەمە تاڕادەیەك خوێنەر ماندوو دەکاو ناچاریان دەکات کە پشوویەکی درێژتریان هەبێت لەکاتی خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەدا .

٢- ئۆقیانووسی مەرگەسات ـ چیای ئاو



دوو دەقەی شانۆیی کاك (سەلاح جەلال) ە ، کەلەم ماوەیەدا بەچاپی گەیاندووە . مێژووی نووسینی ئەم دوودەقەە ،دەگەڕێتەوە بۆسالانی (١٩٩١ ـ ١٩٩٢) .


نووسەر لە سەرەتادا دەربارەی ئەم دوودەقە دەڵێ (ئەم دوو دەقە ،دوو هەوڵی زۆر جیدی منن و مشتومڕێکی زۆریان ناوەتەوە...)جێگای باسەئەم دوو دەقە لە سەر ئەرکی نووسەر چاپکراوەو کاك (سامی هادی) هاوکاری کردووە بۆ کۆمپیوتەرکردنی .(ئۆقیانووسی مەرگەسات) لەلایەن (عوسمان محەمەد فەیزوڵڵا) و (چیای ئاو) لەلایەن(هوشیار شێخ ئەنوەر)ەوە کراوە بە عەرەبی .

ماوەتەوەبڵێین ،کاك (سەلاح جەلال) جگە لەم دوو بەرهەمە ، خاوەنی ئەم بەرهەمە چاپکراوانەشە:

١)کفن پۆش و کەون ـــ شیعر ١٩٩٠
٢) جەنگی جیهانی سفر ـــ شیعر١٩٩٢
٣)مۆسیقای مەرگی ناوەختە ـــ ڕۆمان ١٩٩٢
٤) ئاوێنەی بوورکانی ژەنەرال ـــ ڕۆمان ١٩٩٢
٥)بەرەو دامەزراندنی شانۆی کوردی ـــ لێکۆڵینەوە ١٩٩٢
هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆ دەخوازین

هیچ نهێنییەك لە ئاراداییە

سێ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگری بەناوبانگی شانۆیی (پیتەربروك)ە،(کاسترۆ مەجید) سەرکەووتوانە لەعەرەبییەوە وەریگێڕاوەولە دوو توێی (١١٥) لاپەڕەداو بەچاپێکی جوان ، لەسەرئەرکی خۆی لە چاپی داوە. دەستخۆشی لەبرای وەرگێڕەکەین و هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیی بۆ دەخوازین .



جاران نیشتمانێکم هەبوو

کۆمەڵە شیعرێکی شاعیری عەرەب (کازم ئەلسەماوی)یەو ، (ئاوات حەسەن ئەمین)ی شاعیر کردوویەتی بەکوردی . لە پێشەکیدا وەرگێڕ چاوپێکەوتنێکی درێژ و چڕی لەگەڵ (کازم ئەلسەماوی)دا ئەنجامداوەو ، لە وەڵامی پرسیارێکدا دەڵی (شیعرەکانم هەربۆچەوساوەکانی گەلی عەرەب و




فەلەستین نەنووسیوە ، بەڵکو من خـۆم بـە دۆستی هەموو گەلێکی چەوساوەو تێکۆشـەر دەزانم ...هـەر لە گەلی کوردەوە تا دەگاتە گەلانی چین و ڤێتنـام و کۆریا....). جێگای باسە (کـازم ئەلسـەماوی)چـەند شـیعرێکی بۆکوردسـتان نوسـیوە ، لەوانـە قەسیدەیەکی درێژ بەناونیشـانی (کردستان وردة الحلم ... وردةالنار).هەروەها شیعرەکانی بۆ چـەند زمانێك وەرگـێڕدراون لەوانـە :(ئینگلیزی ــ چینـی ــ بولگاری ـ روسی....)

ماوەتـەوە بڵێـین (جـاران نیشـتمانێکم هـەبوو) پێنجەمین بەرهەمی چاپکراوی وەرگێڕە .

هیوای بەردەوامی بۆ دەخوازین .

نیتۆس لە دورگەکانی شیعر

دوای فرمێسـکەکانی Eros تـازەترین ئـەزموونی شیعری شاعیریو رووناکبیری دووره وڵات(ئازاد حەمە)یـە ،کەقەسـیدەیەکی (٨٠)لاپەڕەییـەو، بـەهاری



١٩٩٦ ــ زستانی ٢٠٠٠ ماوەی نوسینیەتی. چـاپی یەکەمی لە وڵاتی سویدو چاپی دووەمی لە چاپخانەی رەنج لە سلێمانی و لەسـەر ئـەرکی خـۆی بـە چـاپی گەیاندووە.


جیهانی شیعریی ئازاد حەمە جیهانێکە تایبەتییـە و لـە زۆربـەی شـاعیرەکانی دیکـە جیـاوازە ، ئـەو هـەوڵدەدات بـە قوڵـی و لـە روانگەیـەکی فیکـری و فەلسـەفییەوە بـەناخی وشـەدا شـۆڕبێتەوە و پرسـیارەکان بوروژێنـێ. ئازادحەمـە جگـە لـەم دوودیوانە شیعرییە ، خاوەنی ئەم بەرهەمانەشە:

١ ــ رەهەندەکانی تێڕامـان و جەسـتەی وتـاری رۆشنبیری هاوچەرخ ـ سوید ١٩٩٥ .

٢ ــ بیری پۆست مۆدێرنیزم ــ بەشی یەکـەم ــ سوید ٢٠٠١ .

رووەو چیا ... رووەو خۆر

دووەمـی شـانۆیی کـاك (رەمـەزان ئیـبراهیم / شەماڵ)ە ، کە لە دووتوێی (١٤٤) لاپەڕەداو لـە سـەر



ئەرکی خۆی و بەهاوکاری چەند بەڕێزێك بە چاپی گەیاندووە . نووسەر لە پێشەکی ئەم بەرهەمەیدا دەڵێ: (تەمەنی نوسینی ئەم دووەقە خۆمالییەی من خۆیئەدا لە پانزە ساڵێك و لە دوو سەردەمی جیاواز ئەدوێن ، بەڵام لە ژێر بالّی یەك سیاستی جینۆسایدی کوردا ، ئەویش بەکارهێنانی زەبروزەنگ و پاکتاوکردنی ئەو کوردەی کە تەنها ئەیەوێت وەکو نەتەوەیەك و مرۆڤێك بژی ....) ئەم بەرهەمە ژمارە سپاردنی (١٢٥)ی سالّی (٢٠٠١)ی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێدراوە.

هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین .

گەمەی پیاوێك



یەکەمین رۆمان و بەرهەمی چاپکراوی کاك (نەجات نوری)یە ، کە لە دوو توێی (٩٧) لاپەڕەداو ، لەبەرگ و چاپێکی قەشەنگدا، لەسەر ئەرکی خۆی بە چاپی گەیاندووە. ئەم رۆمانە ژمارەی سپاردنی (٢٤٥)ی سالّی (٢٠٠١)ی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێدراوە .

هیوای سەرکەوتن بۆکاك نەجات نوری دەخوازین.


رحلة فی کتاب الأساطیر



کۆمەڵە شیعرێکی ئەیوب رەزایە و بەزمانی عەرەبی‌نووسیویەتی . ئەیوب شاعیرێکی گەنجە لەم چەند ساڵەداکۆمەڵێك شیعرێکی لە ملاو لەولا بلاوکردۆتەوە . لە شیعری (دوو روخسار) دا دەڵێ :

دوو روخسارم هەیە
روخسارێکی گوناهکار و روخسارێکی بێگوناه
کە هەڵدەچم ..
روخسارە پاکەکەم لە شەرما دەمرێ؟!

که شەیدایش دەبم
روخساری گوناهکارم لەقینا خۆی دەکوژێ؟!
بۆیە لە هەردوو حاڵەتەکەدا
من کوژراوم!!
ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠١ لە سلێمانی چاپکراوە
تابلۆی بەرگەکەیشی هونەرمەند گۆران ئەحمەد
ئامادەی کردووە .



سازش لەگەڵ بادا

من لە گریانی یەکەمین بەیانی بەهارەوە
بارانم ناسی.....
لە زەردەخەنەی یەکەمین سپێدەی گوندەکەمانەوە
ئەوەڵین راچڵەکینم دەستی پێکرد
من لە جەنگی پەپوولەکانی سەرتەوێڵی دایکمەوە
زانیم
گوڵ چەندبە شکۆیە لە خەونی باخچەدا
من لە وەرزی تاعوونەوە... لە ئافاتە سارەدەکانی
زەمەنەوە
دڵنیابووم..... ژیان تەریق بوونەوەیەکی
بەردەوامە!!
کۆمەڵە شیعرێکی شاعیری لاو (ئیدریس عەلی)یە،
کەلە (٣٨)لاپەڕەدا بە چاپی گەیاندووەو،
(دە)قەسیدەی لە خۆگرتووە. (ئیدریس
عەلی)پێشتریش کۆمەڵە شیعرێکی لەژێر ناوی (یاسای
باخچەکەی ئێمە)دا بە چاپی گەیاندووە.
هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.

لەبڵاوکراوەکانی بنکەی نەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ







